# ناڵەی دەروون

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ناڵەی دەروون

کۆمەڵە وتارێکی وێژەیی و مێژوویی و ئاینی و کۆمەڵایەتین

نووووسراون بەقەڵەمی:

**شێخ محەمەدی خاڵ**

ناوی کتێب: ناڵەی دەروون – کۆمەڵە وتارێکی وێژەیی و مێژوویی و ئاینی و کۆمەڵایەتین
نووسینی: شێخ محەمەدی خاڵ
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٠١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم + سەنگەر عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازمووده
پیت لێدان: عەلی محەمەدەمین + هۆشەنگ حەمەدەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ



کاتێك کە لێم ورد بیتەوە، دەزانی چی لە دڵمایە
وەکو ئەوەی لە دڵما بێ، بەجوانی وا لە روومایە

شێخ محەمەدی خاڵ

## پێشکەشکردن

پێشکەش بێ بەگیانی پاکی باپیرم حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کە بە منداڵیی باوکم مردووە و پێی خوێندووم، وە دەرسی پێ وتووم، ئامۆگاریی کردووم بە گوفتاری ڕەنگین و کرداری شیرینی خۆی.
پێشکەش بێ بەگیانی ڕەوانی ئەو زانایانەی کە دەرسێکم لە لا خوێندوون و بەهرەیەکم لێ وەرگرتوون.
پێشکەش بێ بەگیانی هەموو نووسەرێکی خاوەن بەهرە و بیر کە لە خوێندنەوەی بەرهەم و نووسینیان بەهرەمەند بووم، وە لە باخچەی شیعرو وێژەیانا گوڵەوە چنیم کردووە.

محەمەدی خاڵ

# جزمی یەکەم

# سەرەتا

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لەپاش سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورەو میهرەبان، وە درودی بێ پایان بۆ هەموو پێغەمبەران، نەخوازەلا پێغەمبەری خۆمان.

ئەمە چەند وتارێکی وێژەیی و مێژوویی و ئایینی و کۆمەلایەتین، کە هەریەکەی بە بۆنەیەك، وە لە کاتێکی تایبەتیدا هەلقولاون لە مێشك و دلمەوە بۆ سەر نووکی قەلەمەکەم، وە منیش خێرا نووسیومن، هێندێکیان لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (هیوا) و (نەورۆز) و (بلێسە) و (ڕۆژی نوێ) و (سلێمانی) و (دەفتەری کوردەواری) و (گۆڤاری زانکۆ)و «مجمعی علمی» عیراقی دا بلاو کراونەتەوە، هێندێکێشیان هێشتا بلاو نەکراونەتەوە.

نالێم ئەمانە هەموو پارچەی بەرز و بەنرخن، وە شایستەی کۆکردنەوەو لە چاپدانن، بەلام چونکە بەشی زۆر زادەی بیرو باوەڕی خۆمن، وە هەریەکەی بە بیرێك، وە بەبۆنەیەك و ئاواتێك نووسراوە –خۆشم ئەوێن، وە ئارەزووی مانەوەیان ئەکەم وەك مانەوەی خۆم، وە هەول ئەدەم بۆ هێشتنەوەیان وەك هێشتنەوەی خۆم، هەروەك حاجی قادری کۆیی بەشیعرەکانی خۆی ئەلێ:

ئەمانە زادەیی ئەفکارو خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما
مثالی فەرخەیی ژییشك کە پێی دەلێ دایکی
الهی (قاقمە) یاخۆ (سەموور)ە یا (دیبا)

لەبەر ئەمە وا لە چاپم دان، وە پێشکەشی هاوزبانە بەرزە بەنرخەکانم کردن، هیوام وایە کە ڕێکی بیروباوەڕی گەلێکیان بێ، ئەوی کە ڕێکی بیروباوەڕیشی نەبێ، من وا ڕائەپەرمووم بەمەردایەتی و کوردایەتییانا کە بمبەخشن و لێم ببوورن. من هەرگیز وەك حاجی قادری کۆیی نالێم:

ئەوی حەسوودو جەهولن، لەئیيم و رەخنەگرن
لە عەیب و رەخنەی عالیم بەریی دەبن ئودەبا

سلێمانی ٦/١٠/١٤٠٤ – ٧/٧/١٩٨٤

شێخ محەمەدی خال

# بەهار(١)

شەوی ٢١-٣ هەموو ساڵێك لە سەعات دوانزەی نیوە شەوا ڕۆژ لە کەلووی نەهەنگ "برجی حوت"ەوە ئەچێتە کەلووی بەرخ، لە "برجی حمل" شەوو ڕۆژ وەك یەك ئەوێستنەوە، واتە شەو دوانزە سەعات و ڕۆژ دوانزە سەعاتە، نەئەو زۆر و ستەم لەم، وە نەئەم زۆر و ستەم لەو ئەکات، وەهیچیان بەسەر هیچیانا ناچن، وە دەستدرێژیی بۆ یەکتریی یا بەشێك لە قەڵەمڕەوی یەکتریی داگیر ناکەن، بەڵکو ڕۆژ وەك پاشایەکی داد پرسی لە خوا ترس بە ژوور سەری زەوییەوە ئەوێستێ، وە ترازووی دادپرسیی هەڵئەواسێ، بەڕەنگێکی وا کە بەموو سەر نەکات، وە لاسەنگ نەبێ، وە هیچ لایەکی لە هیچ لایەکی زۆر و ستەم نەکات.

ئەم دادپرسییەی وە نەبێ هەر بۆ ناوچەیەك بێ نەك ناوچەیەکی تر، بەڵکو وەك پشتێن بە ناوەڕاستی زەویدا دێتەوە، لە ڕۆژ هەڵاتییەوە، تا ڕۆژ ئاوای، وە ڕۆژ ئاوایەوە، تا ڕۆژ هەڵاتی، ئەم دادپرسییەشی هەر وەك لە ناوەندی شەو و ڕۆژدا هەیە، لە ناوەندی سەرماو گەرماشا هەر هەیە، بەم ڕەنگە جیهانی نەساردە، نەگەرمە، نەلرفەیە، نەقرچەیە، نەسەهۆڵ بەندان و چلوورەیە، نەگڕەو هالاو و شەرارەیە، ڕۆژ بەئاسمانەوە نەتوندو تیژو گرژ و مۆن و بەخەشم و قینە وەك هاوین، نەسارد و سڕ و لالووتە وەك زستان، بەڵکو وەك پاشایەکی گەل پەروەری میهرەبان، یا وەك دادپرسێکی ڕووخۆشی دڵفراوان، ڕووناکی و تینی خۆی دابەش ئەکات بەسەر ڕۆڵە و جگەر گۆشەکەیا -کە زەوی یە-، وە تیشکی زێڕین و تارای ڕەنگاو ڕەنگی خۆی ئەدا بەسەریا، تا کەم کەم گەرمی ئەکاتەوە، وە سڕیی لە ئەندام و پەل و پۆی دەر ئەکات، وە تەزووی لەش و مووچرکی ناهێڵێ، وە سامی زستانی لە بیر ئەباتەوە، لە پاشا وەك دایکێکی دڵسۆزی دڵ نەرم، زەوی ئەگرێتە باوەش، هەر وەك مەلۆتکەیەکی تاقانە ئەینووسێنێ بە سنگییەوە، وە بەرە بەرە بەشیری باران گۆشی ئەکات، وە بە با و شەماڵی خۆشی خۆی لای لایەی بۆ ئەکات. لەپاشا هەموو بەیانییەك لە پێش گزنگی هەتاوا بەئاوی شەونم دەموچاوی ئەشوات، وە کاڵاو بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی بۆن خۆشی نەرم و شلی پاك و تەمیزی فراوانی لەبەر ئەکات لە پەڕەی گوڵی گوڵاڵە و نەسرین، لە پاشا خۆشیی و کەیف و ئاهەنگ و سەربەستێتی بڵاو

(١) ئەم وتارە لە ژمارەی نوێی ساڵی یەك لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەکاتەوە لە ناویانا، بەجۆرێکی وا کە هەر گوڵەی ئالایەکی سەربەخۆیی هەڵئەکات. وە چی لە بارابێ لە ڕەنگ و بۆن و وێنە و تەحر و سروشتی خۆی بێ پەردە دەری ئەبڕێ، وە بەبێ ترس ئەیخاتە ڕوو، وە هەموو مەل و باڵندەو گیانلەبەرێك پڕ بەدەم ئەچریکێنێ و گۆرانی گەلیی "قەومی" خۆی بە دەنگی بەرز و ئاوازی زولاڵ ئەڵێ و ئەڵێتەوە، وە هیچ لایەکیان لە کەس ناترسن، چونکە بەهار ڕۆژی ئاشتی و سەربەستییە، ڕۆژی خۆشی و خۆشەویستییە، ڕۆژی پێکەنین و ئازادییە، ڕۆژی نمایش و خۆ دەرخستنە.

# کوێرێکی شاعیری بەهرەمەند(١)

بەچاوە پووچە کوێرەکانیا کە بەمادەر زادیی کوێر بوو بوو، ئەت وت هەرچی شتە لە جیهانا نایزانێ، وە هەڕ لە بڕ ناکاتەوە.

بەنەخوێندەواریی و بێ ئاگادارییەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەت وت هەرچی بەهرە بێ نییەتی.

کوێرێکی مادەرزادی، ڕەشتاڵەی، کونجی، بالا بەرزی، ڕەقەڵە لە ساڵی١٢٧٦هـ لە سلێمانی، لە ماڵێکی، هەژاری، بێ نەوا، لە دایك بووبێ، هەموو خوێندن و خوێندەوارییەکەی، سیی جزمەی قورئان بووبێ کە بەڕەشخوێنی لەبەری کردبێ، وە دەستمایەی ژیانی بووبێ، دەنگی ئەوەندە خۆش نەبووبێ، کە مەردوم خەتمی قورئانی پێ بکەن، یا لە پرسەدا پێی بخوێنن، خۆیشی لەبەر هەژاریی و هاتوچۆی ئێران و بەردەڵبەردی کوردستان و سواڵکردن لە دێهاتانا، زۆر دەرفەتی دەور کردنەوەی قورئانی نەبووبێ، کەچی لەگەڵ ئەمانەشا ئەمەندە زیرەك و بەزەین بووبێ، توانییێبتی بەپێچەوانە دەوری قورئان بکاتەوە تاسەر، وە پاشەو پاش لە ژێڵدا ئایەت بەئایەت پیابڕوا تا لەسەرەوە دەرئەچێ کە ئەمە لە ناو قورئانا بەچاو ساغی قورئان ڕەوان ناکرێ چجای کوێری مادەر زاد.

ئەم کوێرە بێ ناو نیشانە پیاوێکی بەهرەمەندی هەڵکەوتووی خودا داد بووە، دەروونی سیخناخ بووە لە زانین و زانیاریی، وە کاکڵباز بووە، نەك توێکڵ پەرست، هەموو ساڵێك هاوینان لەگەڵ چەند کوێرێکی تردا چووە بۆ کوردستانی ئێران، لەڕێی ژیان و نان پەیدا کردنا، پایزێکی درەنگ هاتۆتەوە، ئینجا بەبۆنەی ئەم هاتوچوونەوە، ناوبانگی زیرەکی و وریایی و بلیمەتی وا بلاو بوو بۆوە، هەموو جارێ لە بانە و سەقز و سنە و سەردەشت و سابلاخەوە (پەردەك) «لەغەز و معەمما» و شیعری فارسی زۆر قورس و گران و پێچراوەیان، ئەنارده لای، بۆ لێکۆڵینەوە و مەبەس لێدانەوەی، ئەمیش بەڕاستی شەن و کەوی تیا ئەکرد، وە کاکڵ و توێکڵ و کاودانی بۆ جیا ئەکردنەوە، وە بەپوختە کراوی وەك هێلکەی پاککراو، بۆی ئەناردنەوە.

ئەم کوێرە چاو پووچە ئەمەندە پڕ هۆش و گۆش بووە. وە چاوی دڵ و دەروونی ڕوون

(١) ئەم وتارە لە ژمارەی ٧و ٨ی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"ی ساڵی یەکەم بلاوکراوەتەوە.

و تیژو بەهێز بووە، ئەوی ئەو کردوویەتی بە هەزار چاو ساغ نەکراوە. جاریّ پێشەکی هەر چەند سەعاتەکەی چڵکن بوو‌بیّ خۆی لەسەر دەسەسڕەکەی ڕووتی کردووە و هەڵی وەشاندووە و پاکی کردۆتەوە و تێکی خستۆتەوە. تەنانەت جارێکیان دەقیقە ژمێرەکەی ون ئەبێت، خۆی لە تویکڵی ڕەقی قامیش، بۆی دروست ئەکاتەوە. وە ماوەیەکی زۆر بەو ڕەنگە ئیشی پیّ ئەکات.

بارەها بێچووی زیوی نیشانە کراویان بۆ تێکەڵ کیسەیەك بێچووی تر کردووە دۆزیویەتەوە.

هەروا پەڕە کاغەزێکی بەرماغە جگەرەی بەنیشانە کراویی دراوەتە دەست، ئەمیش دەستێکی لیّ کوتاوە لە پاشا لەناو تۆپێك پەڕە کاغەزی جگەرەی ترا دۆزیوێتییەوە. تەنانەت ئەڵێن: کاغەزە جگەرەیەکی ئەغزە تێخراوی ئەدەنە دەست لە پاشا ئەغزەکەی ئەخەنە کاغەزێکی ترەوە. وە ئەغزەی ئەویش ئەخەنە ئەمەوە وە تێکەڵی تۆپێك کاغەزی ئەغزە تێخراوی ئەکەن و ئەیدەنە دەستی. ئەمیش تێی ئەکەوێت و هەردوو پەڕە کاغەزەکە جیا ئەکاتەوە. لە پاشا ئەڵیّ ببیّ و نەبیّ، یەکێك لەم دوو کاغەزەیەو ئەغزەکەیان گۆڕیوە.

لەمانە سەیر تر ئەمەیە هەر چەند کتێبێکیان دابێتە دەست، ڕووەکەی دۆزیوەتەوە، واتە ڕووی کتێبەکەی کردۆتە خۆی وەك یەکێك کە بیەویّ بیخوێنێتەوە.

لەمەش سەیرتر ئەمەیە قورئانیان داوەتە دەست هەر سوورەتێکیان داوا لیّ کردبیّ بەقەبارەی ئەم لاو ئەو لاوە دۆزیوێتییەوە.

زۆر جار ئەم کوێر وشیارە، چۆتە کوڕی زۆر گەورە وە لەگەڵیان دانیشتووە و لێیان پرسیوە مامۆستا چەند کەسین؟ ئەمیش وتوویەتی وسبن. کەمێك گوێی گرتووە، لە پاشا وتوویەتی ئەوەندە کەسن. کە تەماشایان کردووە دەق دەرچووە.

یا لێیان پرسیوە، ئەم ژوورە چەند داری دارەڕای تیایە، لەپاش چەند هەناسەیەك وتوویەتی ئەمەندە. کە تەماشایان کردووە تەواو دەرچووە!!

یاخود سیّ چوار کەسی نەناسیاو وێستاون و قسەیان کردووە، ئەم کوێری بەبیرە وتوویەتی ئەوەیان درێژو بالا بەرزەو، ئەوەیان کورتە بالایە. یا ئەوەیان پیرەو ئەوەیان گەنجە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەمە بووە کە گوایا جوان و ناشیرنیشی بە دەنگا جیا کردۆتەوە. هەرچەندە من بەمە هەرگیز باوەڕ ناکەم.

جووجەڵە کەڵەشێر – کە تازە دەستی کردبێ بە خوێندن– لە ماڵیان دزراوە لە پاش ساڵێك لە گەڕەکێکی تر بە دەنگی خوێندنیا ناسیویەتەوەو سەندوویەتەوە.

سەیر لەمەدایە تابڵێیت دەست ڕاست و نیشان شکێن بووە. تەنانەت ئەگێڕنەوە، کە جارێك لەلادێ بزنێکی دەست ئەکەوێت ئەو ماڵەی کە ئەم تیا ئەبێت، حەوشی نابێ. شەوێ خۆی و خانەخوێکەی لەسەر کەپر ئەنوون، بزنەکە لە خوارەوە ئەبەستێتەوە بە گوریسێکەوە، سەری گوریسەکە لە سەربان ئەبەستێ بەدەستی خۆیەوە. نیوە شەو گورگێك دێتە سەر بزنەکە. کوێرە خەبەری ئەبێتەوە. بەجووڵانەوەی گوریسەکەدا عاستی گورگەکە ئەدۆزێتەوە تفەنگێکی تێ ئەگرێ ئەیکوژێ!.

ئەم کوێرە بلیمەتە، تا بڵێیت قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بووە، چووبێتە هەر کۆڕێکەوە، بەپێی ئارەزووی دانیشتووانی ئەو کۆڕە قسەی خۆش و یاری خۆشی کردووە. کەس نەبووە لە یاری (شەترنج) و (دامە) لێی بەرێتەوە. زۆرتر چۆتە ناو فەقێیانەوە، وە هەرجارەی یارییەکی وای لێ داهێناون هەموو تیا سەرسام بوون.

جارێکیان چمکی هەردوو فەقیانەی فەقێیەك گرێ ئەدات. لەپاشا فەقێیەکی تر دێنی فەقیانەکەی ئەکات بە فەقیانەی ئەم فەقێیەدا، وە چمکی هەردوو فەقیانەکەی ئەمیش گرێ ئەدات. ئینجا بەرەڵلایان ئەکات و پێیان ئەڵێ: بەبێ کردنەوەی یەکێك لەم دوو فەقیانەیە ئەتوانن خۆتان رزگار بکەن؟ ئەوانیش هەر چەند ئەکەن نازانن چی بکەن، لە دواییدا بڕیار ئەدەن کە ئەمە هەر ناگونجێ، ئینجا کوێرە دێ ئەمیان ئەکات بە کونی فەقیانەی ئەویاناو، ئەویان ئەکات، بە کونی فەقیانەی ئەمیانا، بەجۆرێك کە هەر خۆی ئەیزانێ وە هەر دووکیان لەیەك بەر ئەدات، بەبێ کردنەوەی فەقیانەکان.

لەمانە لە هەمووی سەیر تر ئەمەیە لە ساڵی١٩١٢ لە سلێمانی کابرایەکی ئێرانی کوژرا کە پێیان ئەوت –عەجەم ئۆغڵی– ئەم خوێنەیان هێنا بەسەر مەلا محمودی حاجی مەلا عبدالرحمانی دەرمان کوت و مەلا رەشیدی برایا، کە هەردووکیان برازای شاعیرە کوێرەکەمانن، لەبەر ئەوە ئەم دووانە فیراریان کرد بۆ دێی (دووڕووە) لە ئێران، لە پاش چەند ساڵێك مەلا رەشیدیان ئەیەوێ بەدزییەوە بێتەوە، بەڕەنگێکی وا کە نەناسرێتەوە، وە سەرێکی سولەیمانی بداتەوە، بۆ بینینی باوك و دایك و کەس وکاری شەو لە ناو، ڕووەو قەرەداغ ئەڕوات، وە لە نیوە شەوێکا، خۆی ئەکا بەدێی (دوکان)دا، وە ئەچێتە ماڵی موختار عبدالقادر مهدی. وە بێ هەست دەست ئەنێ بە دەرگای دیواخانەکەوە، کە ئەچێتە ژوورەوە تەماشا ئەکات لە ژێر لێفەدا نوستوون. لە چوونە

ژوورەوەکەی ئەم یەکێکیان –کە ئەم کوێرە هۆشیارە بووە– خەبەری ئەبێتەوە سەری لێفەکەی لائەداو ئەڵێ: ڕەشید ئەوە کەی هاتییت؟ ئەمیش لەبەر ئەوەی کە بەقاچاغی هاتووە قسە ناکات. ئینجا تێی ئەخوڕێ ئەڵێ: ڕەشید ئەوە بۆ قسە ناکەیت؟ ئەمیش ئەڵێ: بەخوا مامە ئێستا گەیشتوومەتە جێ. مەلا ڕەشید تا مرد هەر ئەی وت ئێستاش نازانم ئەم کوێرە چۆنی ناسیمەوە بەو نیوە شەوە، وە بەدەم خەوەوە چۆنی زانی لە ئێرانەوە گەیشتوومەتە ئەوێ، بەبێ ئەمەی کە مشەیەك یا تەقەیەك یاڕەقەیەکم لێوە بێ،

ئەم کوێرە خوادادە گەلێ کردەوەی ئەچێتەوە سەر زیرەکی و وریایی. بەڵام گەلێکیشی ژیریی و بیر لێی کولە، وەك ئەگێڕنەوە ئەڵێن: لە ژووری خۆی دانیشتووە لەگەڵ خێزانیا، چرکەی سەربانەکە هاتووە، لە پاش نیو سەعات دووبارە چرکەی سەربانەکە هاتۆتەوە، ئەم کوێرە بە ژنەکەی خۆی وتووە: ئەم دوو چرکەیە یەك کچ بوو لەو سەرەوە کە هات کچ بوو. لەم سەرەوە کە گەڕایەوە بووە بە ژن. کە ئەچنە بنج و بناوانی و باش پۆست کەندەی ئەکەن، لە پاش ماوەیەك دەرئەکەوێ کە قسەکە ڕاست بووە.

ئەم کوێرە بەهرەمەندە تا بڵێیت شاعیر بووە، شیعرەکانی ئەڵێیت ئاوی ڕەوانە، هەرچی کەم و کووڕیی و قۆرت و گرێ بێ تیا نییە، کە ئەیانخوێنیتەوە، وەك تینوو بیت و پەرداخێ ئاوی ساردی سافی بێ خەوش بخۆیتەوە وایە، وتاری لە مەبەست جوانتر و، مەبەست لە وتار جوانتر، لە هەر گۆشەیەکەوە لە شیعرەکانی ورد ئەبیتەوە، نەنگی تیا نابینیت.

لە ساڵی ١٣٣١هـ شێخ حسێنی چرچەقەڵا کوێرەی لەمەڕ خۆمان ئەکات بەمەلای دێی (دێوانە) بۆ مانگی ڕەمەزان تا سەرفیترەی ئەو دێیەی دەست کەوێ، هاوین ئەبێ کەپرێکی بۆ دروست ئەکەن، لە نزیك کەپرەکەی ئەمەوە، کەپری چەند جوولەکەیەکی چەرچی و خومکەر و زەڕەنگەر و خوردە فرۆشیش ئەبێ، لەبەر چەقە چەق و قلی و بلییان کوێرە ئەو ڕەمەزانە نەخەوی ئەبێ و نەدەوری قورئانیشی بۆ ئەکرێتەوە، جگە لەوەی کە ئەهلی دێیەکەش هەموو نەخوێندەوارو زبر و قەبە و تورت بوون، باش خزمەتی ناکەن، وە بەتایبەتیش عەزەی برای کوێخا قادری حەمەی بارامیش پیاوێکی قسە ڕەق ئەبێ، زۆر جار دڵی مەلا کوێرە ئەشکێنێ، ئینجا ئەمیش بەم بۆنەیەوە، چەکامە (قصیدە)یەکیان بۆ دائەڕێژێ، هەم کەساسی و چۆنیەتی خۆیت بۆ باس ئەکا و، وە نەخشەیەکی وات بۆ ئەکێشێ کە هەرگیز لە بیرت نەچێتەوە، وە هەم پلارێکی سەختت بۆ ئەگرێتە عەزەی حەمەی بارام کە تاجیهانی جیهان بێ شوێنی ئەو پلارە سارێژ نەبێ،

لە پاشا ئینجا تۆزێ شێخ حسێنی چرچەقەڵاشت بۆ هەڵ ئەدات، سا بەڵکو ساڵێکی تر بیکات بەمەلای دێیەکی باشتر. ئەڵێ:

فەلەك، دەمێکە لەگەڵ من بەجەنگی، توبی خودا
لە حەق بترسە، بەسم پێ بنۆشە، زەهری جەفا
جەسەد تووایەوە، سەر بوو بەگەردو شیشەی دڵ
شکا بە سەنگی فراق و شەرابی عەیش رژا
نە ئەرمەنیم و، نەگاور، نەداسنییم و نەجوو
نەشیعەم و نەمەجووسی نە مللەتی تەرسا
لەبەر چی بەم ڕەمەزانی شەریفە کردوومت
بە هەمنشینی سەگ و گورگ و وەحشی سەحرا
ڕەفیقم ئێستە لە دێی قادری حەمەی بارام
عەزەی برایەتی خالق مەگەر لە خولقی بگا
کەسێکە باغزو مونکر بە ئەهلی فەزڵ و هونەر
غەریقی بەحری جەهالەت ئەسیری نەفس و هەوا
ڕەفیقی غەیری ئەویشم جەماعەتێکە لە جوو
هەموو منافق و بەد شکڵ و ڕوو ڕەش و رسوا
(خلیل)و (بابل)و (حسقێل)و (داود)و (اسحاق)
حسابی (خەمشە)و و (پلگێ) دەکەن لەباتی دوعا
(حەیووم)و (یەودە)و و (ناتان)و (زوکە) مدبەقچی
(قودوری) قاوە دەگێڕێت و (وینە) چایی ئەدا
عەمەل بە سێ شتە لەم دێیە ئێستە، یەك بەیەکی
موخالفن بە ئوموری شەریعەتی غەرا
بەحوکمی باتڵی بێ مەغزو پووچی (مووشەرەبین)
بە (سیفەتۆرە)و و (تەوراة)ی حەزرەتی موسا
منێ کە حافزی قورئانی ذاتی لەم یەزەلم
خەڵاتی حەزرەتی مەسنەد نشینی ڕۆژی جەزا
کە یەعنی سەیدی مورسەل محمدی عەرەبی
شەفیعی ئومەتی عاصی. ئەمینی وەحی خودا

من و ئەمانە لەیەك جێ ببینە هەمدمی یەك
چ مەزهەبێ بە چە دینێ دروستە حاڵەتی وا؟
فەلەك لە زوڵمی لەمەوبەر هەچی گوزەشتە
وەلێ بترسە لەمەولا قەسەم بە زاتی خودا
ئەگەر ئیطاعەی ئەمرم نەکەی حەواڵەت ئەکەم
بەبەرقی سۆزی دڵی شێخ حسێنی چرچەقەڵا
کە ئەو کەسێکە شەهەنشاو و شەمعی جەمعی تروق
دڵی نەهەنگ بەشمشێری (لا) دوونیمە ئەکا[1]

لە هەمووی سەیرتر دارشتنی ئەم جۆرە چەکامە دوورو درێژانەیە بەبێ نووسین و گەلاڵە کردن. شاعیری چاو ساغ کە شیعر بڵێ نیو شیعر نیو شعر بۆی دێ، تا ئەم نیو شیعرە نەنووسێ نیو شیعرەکەی تری بۆ نایەت. کە بوو بە هەشت نۆ شیعر ئیتر ئاگای لە شیعری یەکەم و دووهەم نامێنێ، وە ئەگەر تەماشای نەکات بیری ناکەوێتەوە کە چی وتووە، بەڵام ئەم کوێرە، خوا نەکا، وتەیەکی لە بیر بچێتەوە. چجای شیعرێك. خۆی وەك وێنەگر و مێشکی وەك مەکینەی فوتوغراف وایە. وێنەی هەرشتێکی گرتبێ جارێکی تر، نەشۆراوەتەوە لەسەر ڕووپەڕەی دڵی.

لەمەش سەیرتر ئەو تەشبیهانەیەتی کە پێویستن بەچاو، وە بەبێ بینین و چاوپێکەوتن نازانرێن، وە بەباس و تەعریف کوێر تێی ناگات. کەچی ئەم کوێرە بلیمەتە، تەشبیهاتی وات بۆ ئەکات، کە چاوساغ هەر بۆی ناچێ. وردبەرەوە لەم دوو شیعرەی کە لە چەکامەی سەفەربەرەکەیا وتوویەتی کە ئەڵێ:

شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلیج و رم و سونی
لەمعەی قەسەتورەش بەمەسەل بەرقی هەتاوە
جەندرمە ئەسوورێتەوە وەك واشەی برسی
بۆ لاشەیی میللەت بەفرۆفێڵی غەزاوە

ئەی بلیمەت تۆ چووزانی شەو و ڕۆژ چییەو چۆنە؟ یا تاریکی و ڕووناکی چییە و چۆنە؟ یابریقەی هەتاو چییە؟ ئەمانە وەك برسێتی و تێنوێتی و ترس و خەفەت وانە، مەردوم تاخۆی نەیان بینێ نایان زانێ. تۆ چۆن لەمانە گەیشتیت، بەڕەنگێکی وا، کە لە

(١) مەبەست لە لا (لا الە الا اللە)یە.

شوێنی خۆیان بەکاریان بێنیت، وە لە چاو ساغ جوانتر هەڵیان سووڕێنیت، بەڕاستی ڕاست ئەکات ئەم کوێرە بەهرەمەندە کە خۆی بەخۆی ئەڵێ:

هەرچەندە کە کوێرم بەبصر وصفی قمرکەم

لکن بە ذەکا ممکنە سمعم بە بصر کەم

ئەم کوێرە ئەوەندەی لە زمانی کوردیدا شاعیر بووە، ئەوەندەش لە فارسیدا شاعیر بووە، وە چامەو چەکامەو تاك و جووت و پێنج خشتەکی ئێجگار زۆر بووە. بەڵام داخی بەجەرگم هەمووی لەناو چووە، یەکێك لە پێنج خشتەکییەکانی (تخمیسی) دوو شیعری شێخ رضایە کە لە تەعریفی حەزرەتی غەوسا وتوویەتی ئەڵێ:

این منبع نورست جلای همه عین است

این جلوەی اولاد شەهی بدرو حنین است

این قصری ولی عهدی نبی الحرمین است

این بارگه حضرت غوث الثقلین است

نقد کمر حیدر و نسل حسنین است

بغداد مزین ز شعاع قمر او

فوج ملك ایستاده بهربام و دەری أو

کافی ست بصد مطلب دل یك نظر او

مادرش حسینی نسب است پدراو

ز اولاد حسن یعنی کریم الابوین است

یەکێکی تر لە پێنج خشتەکییەکانی تخمیسی غەزەلێکی فارسی (مانی)یە کە زۆر بەرزە، وە شیعرێکی تیایە قافیەکەی زۆر تەنگە، وە تخمیس کردنی زۆر گرانە، مەگەر بۆ بلیمەتێکی وانەبێ، کە محال لە فەرهەنگیا نییە، ئینجا تەماشا کە بزانە ئەم کوێرە ئەڵێ چی:

ز لب لعل تو حمدی خورد از آب بقا

باشد از سلك (لهم) تا(حسنت مرتفقا)[1]

(١) ئیشارەیە بۆ ئایەتی(٣٢) لە سوورەتی (کهف) ئەفەرمووێ (اولئك لهم جنات عدن تجري من تحتهم الانهار يحلون فيها من أسارو من ذهب ويلبسون ثيابا خضرا من سندس واستبرق متكئين فيها على الارائك نعم الثواب وحسنت مرتفقا).

رخ بر افروز توو آیـەی (موسـی صــــعقـا)(٢)
مـانـی از هـجـر رخـت أی مـه فـرخـنـده لـقـا
میــــرسانــــد بفلك نعرەی یـــارب همەشب

یەكێك ئەتوانێ ئەم تخمیسە بكات، كە سیـی جزمەی قورئـانـی وەك تەختەی (دامە) و (شەترنج) لەبەر دەما بێت، وە مانای هەمووی بزانێت.

ئەم كوێرە –وەك لە پێشەوە وتمان– هەموو ساڵێك لە هاوینانا چووە بۆ كوردستانی ئێران، وە تا پایزێكی درەنگ دێ بەدێ سووڕاوەتەوە بۆ سواڵ، لە كاتی خەرمانانا بۆ سەرخەرمان، دوای خەرمان هەڵگرتن بۆ دیواخان و پیاوانی گەورەی ناودار، وادیارە هەموو ساڵێك بە نارەزایی گەڕاوەتەوە لە دیواخانی كەیخسرو خانی سەرۆكی مەریوان، بەڵام ئەوەندەی لە كەیخسروخان ناڕازیی بووە، ئەوەندە لە محمد ئەمین بەگی كوڕی ڕازیی بووە، بۆیە بە تاقە شیعرێك محمد ئەمین بەگ هەڵ ئەداو پەڵێكیش ئەگرێتە باوكی، ئەڵێ:

نەو نیهاڵێ وا لە باخی ئەو شیاتین خصلـەتا
گوڵ ئەگەر بێت و بلێ من وەك ئەوم بێجا ئەكا

كوێری تری بە بەهرە هەڵكەوتوون وەك ئەم كوێری ئێمەیە لە ناو گەلانی ترا، بەڵام پاش چی؟ پاش خوێندنێكی تەواو، لە زانستگای هەرەبەرزی ڕۆژانەدا، وە لە پاش خوێندنەوەی هەزاران كتێب بە زبانی خۆی و بە زبانی بێگانان، لەگەڵ ئەمیشە هێشتا ناتوانن شتێكی وا بپێكن كە چاوی پێویست بێ لەبەر ئەوە زۆر درێژ دادڕن، ئەیانەوێ باسی ڕەنگێك بكەن لە ڕەنگەكان، وەك ڕەنگی سوور، بەڵام چونكە دەرەقەتی نایەن، دەمێ لەلای ڕاستەوە بۆی ئەچن و دەمێ لەلای چەپەوە، دەمێ ڕوو بەڕوو بۆی ئەچن دەمێ لە پشتەوە، وە هیچ جارێ مەبەستەكە بە تەواویی نائەنگێون، بەڵام ئەم كوێری ئێمەیە لەگەڵ دەمی هەڵهێنایەوە، خێرا مەبەستەكە ئەپێكی و ئەیدا بە ناوەڕاستیا، بەڕەنگێكی وا كە بەسەد چاو ساغ ئەو تەشبیهەیان بۆ نەیەت.

لەگەڵ ئەمیشە كە كوێری خەڵق بە ئاسمانی نازو نیازو ناو نیشان و پایەو دارایی و

(٢) ئیشارەیە بۆ ئایەتی (١٤٣) لە سوورەتی اعراف كە ئەفەرمووێ (ولما جاء موسی لمیقاتنا وكلمه ربه. قال رب ارنی انظر الیك. قال لن ترانی ولكن انظر الی الجبل فان استقر مكانه فسوف ترانی. فلما تجلی ربه للجبل وجعله دكاً وخر موسی صعقا)

گەورەییـیـەوەیـە، بـەڵام ئەم کوێری ئێمـەیـە، بـە پێچەوانەی ئەوەوەیـە، نـە خوێندنـە، نـە خوێندنەوەیە، نە زانینە، نە زانیارییە، نە ئاوەدانییەکی بەرزە، نە بوونە، نە حورمەتە، نە ناو و شۆرەتە. بەڵکو وەك ئەستێرەیەکی بێ ناوونیشان لە نیوە شەوێکی پڕ لە هەور و هەڵادا هەڵاتووە، وە لە پاش ماوەیەکی کەم کشاوە و چۆتەوە پەردەی نەبوون.

ئەم کوێری ئێمەیە ئەگەر هەزار یەکێکی کوێری خەڵقی دەستمایەو نا و نیشانی ببووایە ئەبوو بە خواوەندی هەموو کوێرانی سەر زەویی.

ئەم کوێرە بەدبەختە، بە کەساسیی و، بێ نەوایی، هاتە جیهانەوە وە بە هەژاریی و، گەدایی و، کولەمەرگی ژیا، وە بەبێ ناوونیشان دەرچوو لە جیهان وە لە ساڵی ١٣٣٥هـ (١٩١٧م) لە هەڵەبجە مرد. وە لە ژێر دارەکەی (پیر محمد)دا شاررایەوە و کرا بەژێر خاکەوە، بەبێ ئەوەی یەکێك لە کێلی گۆڕەکەی بنووسێ: ئەمە گۆڕی شاعیری بەهرەمەند (مەلا حەمدوونە).

***

## شیعر و شاعیر[١]

شیعر قسەیەکی ڕێکوپێکی جوانە، کە لە دڵ و دەروونی هێندێ خاوەن بیری هەڵکەوتووەوە هەڵئەقوڵێ بۆ سەر زمانی، لە پەردە و کالایەکی موسیقیدا، کە بە بیستنی مەردووم ئەکەوێتە جونبوش و جووڵە جووڵ و شنەشن و پێکەنین.

شیعر سروش "وحی"ێکی دەروونییە لە ئاسمانی مێشکەوە بە هۆی فریشتەی بیرەوە دێتە خوارێ بۆ سەر زمان و قەڵەمی شاعیر.

شاعیر هێندێ جار مەبەستی تازەی نەو دیمەن دائەڕێژێ، وە بیری زۆر جوان ئەهۆنێتەوە بەڕەنگێکی وا هەموو ژیرێکی خاوەن بیر تیا سەرسام بێ، لەم حەلەدا شاعیر وەك دەریایی (غواص)یەك وایە کە لە بنکی دەریادا گەوهەرو بەردی بەنرخی وا دەربێنێ، کە شایستەی نقێمی ئەموستیلەی پەنجەو گوارەی گوێ و، ملوانکەی گەردن و سەرسنگی جوانان بێ.

یا وەك کیمیاگەرێك وایە، کە خاکێکی تایبەتیی لە بۆتەدا بنوێنێتەوە و دای بڕێژێ بە شووشە زێڕێکی وا، کە وەك چرا بدرەوشێتەوە،

گاهێ شاعیر مەبەستی هەرجایی "مبتذل" ئەهێنێ، وە لە پەردە و کالایەکی وا جوانی ڕەنگاو ڕەنگی قەشەنگا نیشانی ئەدات، ئەڵێیت هێشتا نەوتراوە و نەبیستراوە، لەم دەمەدا شاعیر وەك سەنگ تەراشێك وایە کە لە پارچە بەردێکی نارێك، ئادەمییەکی ڕێکوپێك داتاشێ لەوێنەی ئافرەتێکی جوانی شەنگ و شۆخی ناوقەد باریکی بالا لاولاو، یا لە وێنەی پاشایەکی دادپەرستی نیشتمان پەروەر، یا زانایەکی دانای پیشەوەر، کە هەموو کەسێك بەشانازییەوە بەرامبەر بەخۆی دای بنێ بۆ جوانی، یا بۆ یادگارو پەند لێ وەرگرتن. بەڕاستی قەریحەی شیعر شتێکی زۆر سەیرە، کە لە دڵ و دەروون و مێشك و سەری هێندێ کەسا هەڵئەقوڵێ، وە لەگەڵ سوروشتیا تێکەڵە.

شاعیر ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ بە شیعری ئاگریینی خۆی ئاگر بەربداتە دڵی هەزاران کەس، وە لەخەوی بێ هۆشی بێداریان بکاتەوە، وە کالای تەمەڵیی و ترسنۆکییان لەبەر داکەنێ، وە بەچەك و قەڵغان و زرێی مەردیی و نەبەردیی پڕ چەکیان بکات و بیان ڕازێنێتەوە.

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٥)ی ساڵی (٧) لە گۆڤاری گەلاوێژا بلاو کراوەتەوە.

شاعیر ئەتوانێ بە پەندو ئامۆژگاریی خۆی ڕەوشت و خووی ناشیرین لە دڵان دەربێنێ و ڕیشە کێشیان بکات، وە لە جێگای ئەو، ڕەوشت و خووی جوان بڕوێنێ و ئاوی بدا تا ڕیشە دابکوتێ.

شاعیر ئەتوانێ بە وتاری دڵفڕێنی خۆی دڵی دڵڕەقان نەرم بکات و دەستی دەست قووچاوان بکاتەوە بۆ هەموو جۆرە پیاوەتی و یارمەتیدانێکی کۆمەڵایەتی.

شاعیر ئەتوانێ بە جادووی زوڵاڵ "سحری حلال"ی خۆی مەردوومی خەفەتبار بێنێتە پێکەنین، وە ئادەمیی کەیف خۆش، بێنێتە گریان و چاوسڕین.

شاعیر ئەتوانێ لە هەموو دەمێکا بە هەموو ڕەنگێك، وە لە هەموو ڕوویەکەوە کار بکاتە سەر دڵ و دەروونی مەردووم، وە بە ئارەزووی خۆی هەڵیان سووڕێنێ، جا ئەگەر خواستی خوا وابوو بە گەلێك کە چاکیان بۆ بێنێتەوە پێشەوە، ئەوا چەن شاعیرێکی خوێندەواری وریای دوور ئەندێشی، ژیری خاوەن بیری بەرزی، بەڕەوشت و خووی جوانیان ئەخاتە ناو، وە بەشیعری پڕ لە پەند و ئامۆژگاریی بەرزەوە پێشیان ئەکەون، وە لە هەموو تەنگانەیەکا، ڕێگایان بۆ ڕووناك ئەکەنەوە، وە چرای زانینیان بۆ دائەگیرسێنن.

قەریحەی شیعر یەکەم جار لە کۆمەڵی ئادەمیدا سەرەتاو پێشڕەوی حیکمەو فەلسەفەو مایەی سەرکەوتنیان بووە بۆ سەر پلەی شارستانی و خۆشبەختی، کە وابوو هەر گەلێك تا شاعیری تێگەیشتووی زۆرتر بێ بەختیارترە.

بەڵێ مەبەست لە شیعرو شاعیر ئەمانەن کە وتمان، نەك ئەو شاعیرە کۆنە پەرستانەی، هەرزە گۆیانەی، بێ گیان و دەمارانەی، کە لە شێوەیەکی کۆنی هەزار ساڵ لەمەپێشدا فێری شیعر وتن بوون، وە چەن تشبیە و استعارەیەکی ناقۆڵایان لە شاعیرە کۆنەکانەوە بە کەلەپوور "میرات" بۆ بەجێ ماوە، هەموو ڕۆژێك لە کاڵایەکی کۆنی ڕزیوی، ناشیرینی، بێ کەڵکا دەری ئەخەن، وە بەمەدح یا ذم، یا مێژووی لەدایکبوون، یامردنی ئەم و ئەو بەسەری ئەبەن، کۆمەڵگە ئەبێ لە سرووشی بێ فەڕی ئەم جۆرە شاعیرانە چ بەهرەیەك وەرگرێ!! وە لە گوفتارو وتاری پێچراوەی نادیاری ئەم هەرزە گۆیانە چ قازانجێك بکات؟!!

شیعر لە هەموو شتێ زیاتر نزیکترە بە گیاندار لە دەستووری پێگەیشتن و خەملیین "نشوء وارتقاء"دا، هەمیشە ئەبێ لە گۆڕان و تازە بوونەوەدا بێ، وە بەپێی ڕۆژ کاڵا لەبەر کات.

شاعیر ئەوەیە کە بیری خۆی بخاتە شیعرەوە، نەك بیری باو و باپیری، شاعیر ئەوەیە کە بیری ئەمڕۆ بنووسێ نەك بیری دوێنێ یا سبەینێ! چونکە بیری دوێنێ کەڕووی لێ نیشتووە، بیری سبەینێش کاڵ و کرچ و پێنەگەیشتووە.

شاعیری ئەمڕۆ ئازاو سەربەستن، لە کەس ناترسن، شیعری ئەمڕۆ دیلی وەزنی خلیل و عەرووزی ئەو نییە.

زۆرترینی شاعیرە کۆنەکانمان تاچەن ساڵێك لەمەوپێش شیعرەکانیان هەر باسی زوڵف و خاڵ و، چاو و برۆ و، گەردن و، بالاو، ناوقەد بووە، تەنانەت پیاوە دینییەکانیشمان هەر لەو بابەتەوە شیعریان وتووە، وەك هیچ مەعنایەکی تر نەبووبێ وابووە. زۆر سەیرە!! غەزەلی هەر کامێکیان ئەخوێنیتەوە لە دڵداریدا، ئەبینی دڵدارەکەی لە شیعرێکا نێرو لە شیعرێکا مێیە، ئەمە لەبەر چییە؟ لەبەر ئەوەیە کە هیچیان بەڕاستی عاشق نەبوون و دڵداریان نەبووە، هەمووی هەر لە ڕووی چاو لێکەرییەوە بووە، هەر دیوانی شاعیرێ تەماشای ئەکەیت، لەم پەڕی هەمووی باسی زوڵف و، خاڵە، وەك حاجی قادری کۆیی ئەڵێ:

باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو     نەبڕاوە، بووە ترپی خەسرەو

تاقانە شاعیرێك لە کوردستانا کە بەڕاستی شاعیرو تێگەیشتوو بووبێ، وە پێویستی خۆی بەرامبەر بەخوا و، بەنیشتمان و، بە کۆمەڵەی بەجێ هێنابێ لە پاش احمدی خانێ و مەلای جزیری حاجی قادری کۆیییە کە سەد ساڵ لەمەوپێش بووە. زۆر سەیرە شیعرەکانی لە ستایش و دڵداریشا هەر دێتەوە سەر ئەو بیرە بەرزەی کە بوویەتی، چەن جوانە ئەم شیعرەی کە لە ستایشی خوادا ئەڵێ:

مەعلومە بۆچی حاجی مەدحت ئەکا بە کوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مدحی باری

ئەگەر ڕاستت ئەوێ حاجی قادر شاعیری ئەو ڕۆژە نەبووە بەڵکو شاعیری سەد ساڵ پاش خۆی بووە، ئەو ڕۆژە کەس نەی ناسیوە، ئەمڕۆ ئەناسرێ و شیعرەکانی پەسەند ئەکرێ، وە چەپڵەی بۆ لێ ئەدرێ، وەك فردەوسی کە لە پاش هەزار ساڵ ناسراو پەسەند کراو کۆڕی بۆ گیرا، بەڵام حاجی قادر لە پاش مردن و ڕزیین لەم چەپڵە ڕێزانە چ بەهرەیەك وەرئەگرێ؟! ساخوا بە میهرەبانیی خۆی گیانی بە بەهەشت خۆشنود، وە دڵی هاونیشتمانەکانیشی بە پەندو ئامۆژگارییەکانی ئەو بەهرەمەند بکات.

## هیوا[1]

هیوا چرای نا ئومێدییە، تاریکیی بێ هیوایی لا ئەبات.

هیوا ڕووناکیی ڕێگایە، مەردوومی سەر لێشێواو ئەباتەوە سەر ڕێ و ئەیگەیەنێتە قۆناغ.

هیوا کڵاو ڕۆژنەی دڵ و دەروونە، خەم و خەفەت بەبا ئەدات و شەنوکەوی تیا ئەکات.

هیوا پەنجەرەی ڕووناکییە، لەهەر شوێنێکا کە بوو، ئەو شوێنە ڕووناك ئەکاتەوە.

هیوا ئاوی زیندەگانییە، لە ناو هەر دڵ و دەروونێکا بوو هەزاران ئاواتی تیا سەوز ئەکات و ئەیهێنێتە بەر.

هیوا وەك گۆچانی دەستی شوان وایە، گەل و مەردوومی تەمەڵی تەوەزەل ئەبات بەڕێوە، بۆ سەرچاوەی خۆشی و کامەرانیی.

هیوا وەك دادپرسێکی دڵسۆزی میهرەبان، مەردووم و گەلی تەمەڵ و ترسنۆکی ئیش نەکەر، ئەخاتە گەڕ.

هیوا هەموو دەرگایەك لە مەردووم ئەکاتەوە، هەر وەك بێ هیوایی، هەموو دەرگایەکی لێ دائەخات.

هیوا هەزاران گەل و مەردوومی گەمژی نەخوێندەواری هیچ و پووچی کردووە بەپیاو، وە بە پلەی شادمانیدا سەری خستوون، تا گەیاندوونیە سەر لووتکەو چڵە پۆپەی ژیان، بێ هیواییش هەزاران مەردوم و گەلی گەورەو بەرزی هێناوەتە خوارەوە لە ئاسمانی خۆشبەختییەوە، بۆ ناو زیندانی تەنگ و تاریك.

هەر کەسێك یا هەر گەلێك کە هیوا و ئومێدی بوو، وەك ئۆتۆمبیلێك وایە کە بەنزینی تەواوی پێ بێت، وە بە پەلە بۆ پێشی پێشەوە بڕواو پێشکەوێت، هەر کەسێك یا هەر گەلێکیش کە پەتی هیوای پچڕا، وەك  ئۆتۆمبیلی بێ بەنزین لە کار ئەکەوێت، وە لە هاوڕێ بەجێ دەمێنێ. کە وابوو هیوا گەوهەری گیان و مایەی ژیانە، بێ هیواییش ژەهری مارو مردنی ئێجگارییە.

هەر منالێکی زیت و زرنگ کە ڕۆژی چەند جارێك درا بە گوێچکەیا کە تۆ کەودەن و

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (١٠)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاو کراوەتەوە.

تەمەڵیت، ئیتر نائومێدیی ڕووی تێ ئەکات، وە پەتی هیوای ئەپچڕێ، وە هەموو زیرەکیی و وریاییەکەی ئەمرێ وە ئەکوژێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە کە هەموو ڕۆژێك درا بە گوێچکەی منداڵێکی کەودەنی تەمەڵا، کە تۆ زیت و زرنگ و، ئازا و زیرەکیت، ئەو حەلە ئەو منداڵە هیواو ئومێد پەیدا ئەکات. وە هەرچێکی تیا بێت لە زیرەکیی و وریایی و تێگەیشتن –با کەمیش بێت– دەری ئەخات وە ڕۆژ بە ڕۆژ پەروەردەو پەروەرشی ئەو تۆزە تێگەیشتنەی ئەکات، تا لە لایەکەوە سەر هەڵ ئەدات و خۆی دەر ئەخات.

هەر کچێکی ناشیرین کە هەمیشە پێت وت تۆ زۆر جوانیت، خۆشی بیرو باوەڕی ئەچێتە سەر ئەوە، وە هیواو ئومێدێکی زۆر پەیدا ئەکات، کە لە ماوەی ژیانیا، وەك چرا ڕێگای تاریك و بەدبەختی بۆ ڕووناك بکاتەوە، وە ببێ بە خۆراك و پێ بژیوی لە ژیاندا.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە هەر کچێکی جوان کە ناو و نەتۆرەت لێ نا، وە ڕۆژی چەند جارێك دات بە گوێچکەیا کە تۆ ناشیرینیت، ئەو دەمە بیروباوەڕی خۆشی ئەچێتە سەر ئەوە، وە وا ئەزانێ کە زۆر ناشیرینە، ئینجا ئەو حەلە چرای ئومێدی ئەکوژێتەوە، وە هیواو هەوەسی لە ژیانا نامێنێ و جیهانی گەورەو ڕووناکی لێ تەنگ و تاریك ئەبێ تا بە جارێك بەسەریا دائەتەپێ، وە هەر بە زیندوویەتی ئەمرێ و زیندە بەچاڵ ئەبێ.

خۆڕایی نییە کە خوا لە قورئانا شرینقەی هیواو ئومێدو بەرزیی و گەورەیی ئەدات لە موسڵمانان. وە پێیان ئەفەرمووێ: (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجتْ لِلنّاس) واتە: ئێوە چاکترین گەلن کە نێرراون بۆ سەر مەردوم.

***

زۆرتر دوژمن نائومێدی بڵاو ئەکاتەوە، وە ئەیخاتە دڵی دوژمنەکەیەوە، وە بە شتی چاو بەست، ئەی ترسێنێت و جادووی لێ ئەکات، وە لە هەموو لایەکەوە ڕێگای لێ ئەبەستێت وە بە هەموو ڕەنگێك پەردەی ڕەش ئەهێنێت بەسەر هیواو ئومێدیا، تا دەستەوسان دای ئەنێت و ئەیکوژێت، ئینجا دەم ئەژەنێتە لاکەکەی.

ئەمە باوێکی تێکڕاییە لە جیهانا لە ناوەندی کۆمەڵی ئادەمی و هەموو گیانلەبەرێکی ترا.

جا هەر لەبەر ئەوەیە کە قورئان بە هەموو هێزو تەوانای خۆیەوە بەرهەڵستی ئەم نەخۆشییە کاریگەرە ئەکات، وە ڕێ نادات کە هەرگیز ڕوو بکاتە دڵی موسڵمان، بەم

ڕەنگە لەلایەکەوە ئەفەرموویێت: (وَلا تیْأسوُا مِنْ روْحِ اللّه، اِنَّهٗ لا یَیْأسُ مِن رَوْحِ اللّهِ اِلاّ الْقَوْم الكافرون) واتە لە یارمەتـی و دەست گیرۆیـی خوا نائومێد مەبن، بەڕاستـی لە میهرەبانـی خوا نائومێد نابێت گەلێك نەبێت كە باوەڕی نەبێت بەخواو بەو دەستوورو باوانەی كە لە جیهانا دای ناون، كە یەكێكیان ئەمەیە كە هیواو ئومێدی دوورو درێژ مایەی كامەرانـی و سەربەرزییە.

لە لایەكـی ترەوە ئەفەرموویێت (وَمَنْ یَقْنَطُ مِنْ رَحْمَةِ رَبه اِلاّ الضالُّونَ) واتە كەس لە میهرەبانـی خوا نائومێد نابێت مەگەر گومڕایەكـی سەر لێشێواو نەبێت، كە ئاگای لە دەستوورو باوی خوا نەبێت لە جیهانا، واتە مەردوم بە تەنهاو بەكۆمەڵی ئەبێت باوەڕی ببێت بەو دەستورو باوانەی كە خوا داینـاوە لە جیهانا، وە بۆ هەموو كارێك ئەبێت لە ڕێـی خۆیەوە بۆی بچێت، ئەگەر خۆشـی زەبوون و دوژمنەكەشـی بەهێز بوو، ئەبێت بێ هیوا نەبێت، وە خوا بە پشتیوانـی خۆی بزانێت، وە لە هەموو كارێكـی گەورە یا بچووكیا بڵێت (دەست لە دەست و هێز لە خوا) ئینجا ئەگەر گرێ كوێرەیەكـی هاتە ڕێ، یا چورتمێكـی هاتە پێش، خێرا بەسەر پەنجەی بیرو هیوا بیكاتەوە، یا ئەگەر ڕێیەكـی لێ گیرا وە دەرگایەكـی لەسەر داخرا، بە كلیلـی ئومێد و پشت بەستن بەخوا، دەرگاكە بكاتەوە، وە بێ باك بڕوا تا ڕێگاكە ئەبڕێت و ئەگاتە قۆناغ.

ئەگەر بە چاوێكـی وردبوونەوە، تەماشای داستانـی پێشینان بكەین كە قورئان بۆمان ئەگێڕێتەوە، ئەبینین كە هەمووی هیواو ئومێدە بۆ مەردووم و گەلـی زەبوونـی بێ دەسەڵات، لە كاتێكا كە دەستیان لە هەموو شت بڕابێت، وە لە گیانەڵادا بووبن.

مەبەس لە هیوا هیوای وشك و برنگ نییە، كە دەستمایەی پیاوی لات و دەستەوسانە، بەڵكو مەبەست هیوایەكـی وایە كە كردەوەی لە گەڵا بێت، وە مەردوم بخاتەوە گەڕ، وە بیهێنێتە جووڵە جووڵ و هەوڵدان، وە پاڵـی پێوە بنێت، بۆ هەڵسووڕان و ئیشكردن و ڕەنجدان و عەرەق ڕشتن.

مەبەس لە هیوا، هەر دەست پانكردنەوە و پاڕانەوە نییە لە خوا! چونكە ئەگەر بە نزا بووایە سواڵكەری سەر ڕێگاكان ئەبوو ببوونایە بە لۆرد، بەڵكو مەبەست لە هیوا ئەمەیە كە هەرچیت لە دەست بێت لە ئیشكردن و هەوڵدان و ڕەنگ ڕشتن و بناغە دانان بیكەیت، وە هەرچیشت پێ نەكراو بە دەست تۆ نەبوو، ئەوە بیدەیتە دەست خوا، وەك كشتیار ″فلاح″ كە زەوی ئەكێڵێ و شێفـی ئەبڕێ و وەردی ئەداتەوەو تۆوی پێوە ئەكات، ئینجا ئەیداتە دەست

خوا، کە بۆی بپارێزێت لە هەموو ئاشووبێکی ڕۆژگارو گەردشێکی چەرخی کەچ ڕەفتار، وەك تەرزەو بێ بارانی و گەلێ شتی تر.

هەرگیز خوا نەیکردووە بە باو لە جیهانا کە یەکێك شتێکی دەست کەوێت بەبێ هەوڵدان. قورئان ئەفەرمووێت: ﴿وَأنْ لَیْس لْلأَنسان اِلاّ ما سَعی، وَاَنَّ سَعْیَهُ سَوْفَ یُری. ثُمَّ اَلْجَزاءَ اْلأَوّفی) واتە ئادەمی هەر ئەوەی دەست ئەکەوێت کە هەوڵی بۆ ئەدات، وە بەری هەوڵەکەی بەرە بەرە دەست ئەکەوێت تا لە پاشا بە تەواویی هەمووی وەرئەگرێت.

ئەگەر تەماشای مێژووی پێغەمبەر بکەین ئەبین کە هەرگیز داوای هیچ شتێکی لە خوا نەکردووە بە نزاو پاڕانەوە، وە ئەویش هیچی بۆ ئەم نەکردووە بەبێ هەوڵ و تەقەلای خۆی، بەڵکو هەرچێکی بۆ کردبێت هەمووی هەر بەری کۆشش و کردەوەی خۆی بووە، لەگەڵ ئەمیشە کە هەرگیز کۆڵی نەداوە، وە هەر چەند لە کارێکی گرنگ بووبێتەوە، خێرا دەستی داوەتە کارێکی تر، وەك قورئان ئەفەرمووێت (فَاِ ذا فَرَغْتَ فَانْصَبْ) واتە هەر دەمێك لە کارێك بوویتەوە، خێرا دەست بدەرە کارێکی گەورەتر و گرنگتر! چونکە دانیشتن و پاڕانەوە بۆ پیاو نەهاتووە.

# دایك

ئەی کوڕی ژیرو کچی بە بیر! لە دوای خوا دایکت دروستی کردوویت و ئەندامەکانی داڕشتوویت، وە لە سکیا پێی گەیاندوویت، ئینجا خواش گیانی کردوویت بە بەرا، لە پاشا بەخوێناوی خۆی گەورەی کردوویت، تا بە ئێش و ئازار هێناویتییە جیهانەوە، ئینجا بە شیری مەمکەکانی گۆشی کردوویت، شەوگارەهای ڕۆژ کردۆتەوە بە دیار بێشکەکەتەوە ئێشکی گرتوویت، بە نچە تایەکت تای لێ هاتووەو سییس و کز بووە، بە پێکەنینێکت زیندوو بۆتەوەو گەشاوەتەوە، هەرچەند ویستبێتی پێ بکەنیت دەمی ناوەتە ناو دەمتەوە تا هاتوویتە پێکەنین، لە پاشا دەستی گرتوویت و دارە دارەی پێ کردوویت، ئینجا هەنگاو بە هەنگاو بردووتی بەڕێدا تا فێری ڕۆینی کردوویت، وتە بە وتەی ناوەتە سەر دەمت تا زبانی باو باپیری فێر کردوویت.

ئـەڵـێن کـە دایـکـت تـۆی بـوو، مـەمـــــکـی  
نـــــایـە نـــــاو دەمت تا گرتن فێر بوویت  
بــــــە شـــــەوان لــــەلای بێشکەکەتەوە  
بێ خەو دائەنیشت تا نووستن فێر بوویت  
لـێو بـــــە پـێکـەنین نـــایـــە ســـەر لـێوت  
تـا وەك غـونـچـە گـوڵ پـێکـەنین فێر بـوویت  
ئـەوەنــــــدە قســـــەی لــــەســـــەر زبــانت  
دائەنـاو ئـــــەی وت تـــا وتن فێر بوویت  
دەستـــــــی گـرتـیت و بـــــردی بـــە ڕێوە  
تـاوەکـو شێوەی ڕۆیـشتن فـێربــــــوویـت  
ئیـــتر بوونـــــی تۆ بــــە بــــوونی ئەوە  
تـامـاویت دوای خــــوا ئـەو ئـەپـەرستـیت

***

# بووك و خەسوو

ئەوەتەی جیهان جیهانە، ئەم دووانە وەك ئاگرو پوشوو وانە، بە دەگمەنیش نەبووە بیٚ قرە دانیشن، ئاخریٚکەی هەر بووە بە ئاژاوە و ماڵیان لیٚ بووە بە کونە مشك، ئینجا سا یا بووك تۆراوە، یا دایك تۆراوە، یا هەردووکیان تۆراون، وە کوڕی بەدبەخت، سەر گەردان و ماڵ ویٚران، وە بیٚ چارەو بیٚ دەرەتان ماوەتەوە، نەیزانیوە چی بکات و چۆنیان ڕیٚك بخات، دەمیٚك شاڵاو ئەبات بۆ ژن و کەس و کاری، دەمیٚك هانە ئەباتە بەر دایك، دەمیٚك دەست ئەکات بە پشتیٚنی ناسیاو و دراوسیٚدا، دەمیٚك لە خوا ئەپاڕیٚتەوەو هەڵ ئەنووزیٚت کە دەروویەکی لیٚ بکاتەوە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ بیٚ هیواتر و نائومیٚدتر ئەبیٚت، ئینجا ناچار یا ژن بەکۆشیٚ مناڵەوە بەرەڵلا ئەکریٚت و ماڵ ویٚران ئەبیٚت و مناڵ پەرەوازە ئەبیٚ و ئەکەونە کۆڵانان، وە یا دایك دەرئەکریٚ و دەست ئەکات بە سنگ کوتان و هەڵنووزان، ئەمە بۆچی؟! وە ئەمە تا کەی؟!!!

هەموو لایەکمان ئەزانین خەسوو – کە دایکی کوڕە– کوڕەکەی خۆی لەسکیا بەرهەم هیٚناوە، وە لە خویٚنی خۆی بناغەی لەشی داڕشتووە، لە پاشا هەر لەسکیا بەخویٚناوی خۆی پەروەردەی کردووە تا بوویەتی، ئینجا بە شیر –کە هەر لە خویٚنەکەی پەیدا ئەبیٚت– گۆشی کردووە و پیٚی گەیاندووە، وە هەمیشە بە دیار بیٚشکەکەیەوە بووە، نەوەك بیٚدار بیٚتەوە، یا ئەگەر برسیی بوو خیٚرا شیری بداتیٚ، شەوها بەدیاریەوە شەو نخوونیی کردووە تا بەیانی، کە پیٚشی گرتووە چۆن چۆنی پیٚی گرتووە؟ ئەم دایکە هەنگاو بەهەنگاو بردوویەتی بەریٚدا، وە دارە دارەی پیٚ کردووە، تا سامی شکاندووە فیٚری ڕۆینی کردووە، ئینحا وەرە فیٚری قسەو گوفت و گۆشی بکە، وتە بە وتە بیخەرە سەر دەمی! تا وای لیٚ دیٚت فیٚری قسەکردنیش ئەبیٚت.

لە پاشا هەر چەند ئەم مناڵە چووبیٚتە ناو مناڵان دایکی دڵیٚکی لەلای بووە، چۆن دڵیٚك؟ دڵیٚکی وا ناو بەناو هەر لە خۆیەوە ڕاچڵەکیوەو، وای زانیوە کە کوڕەکەی گریاو دەنگی هات، خیٚرا وەك شیٚت هەڕای کردۆتە دەرەوە بەشویٚنیا، کە تەماشای کردووە کوڕ یاریی ئەکات ناگری، وە ئەم گویٚچکەی زرنگاوەتەوە، هەر چەند پەنجەیەکی گەرم بوو بیٚت، ئەم ئاگری تیٚ بەربووە یا شویٚنیٚکی هاتبیٚتە گل، ئەم خیٚرا دڵی هاتۆتە کوڵ کوڕە گەورە بووەو پیٚگەیشتووە، ئینجا دایك کەوتۆتە خولیای ژن بۆ دۆزینەوەی بیٚ ئەوەی کوڕ

ئاگای لێ بێت، هەرچەند کچێکی جوانی دیبێت، لێی ورد بۆتەوەو چەوتەو چیلەی گرتۆتەوە، سا بەڵکو دڵی بیگرێ و شایستەی کوڕەکەی بێت، کام کوڕ؟ ئەو کوڕەی کە لەبەر دڵی خۆی لە هەموو کوڕێك ژیرترو بە بیرترو زاناترو داناترو جوانترو لاو چاکترو خۆشەویستتر و، بە ڕەنگێکی وا کە زۆر جار وا ئەزانێت کە هەرچی کچی ئەو ناوچەو مەڵبەندە هەیە هەموو بەتەمای کوڕەکەی ئەون، وە هەر کچێك کە قسە لەگەڵ ئەم بکات بۆ ئەوەیە کە بەڵکو خوا بکات بەر دڵی بکەوێت و هەڵی بژێرێت بۆ هاوسەریی کوڕەکەی، لە پاشا هەر کچێکی هەڵبژارد ئەوە بەگەورەترین خزمەت ئەزانێت بۆ ئەو کچە، لە پاش ئەوەی کە کچەکە گوێزرایەوە، ئیتر دایکە هەناسە ساردەکە چاوەڕوانیی ئەوە ئەکات کە بحەسێتەوە، وە بەری هەوڵ و تەقەلای خۆی ببینێت، وە پاداشی ئەم هەموو ئازارو سزاو دەردی سەریی و شەو نخوونی و چنگڵە چزێیەی کە کردوویەتی و چەشتوویەتی لەپێناوی پێگەیاندنی کوڕا ببینێت، وە کوڕو کچ بەجووتە لە دوای خوا تەماشای ئەم دایکە بکەن، کە ئەوەندەی ماف هەیە بەسەر کوڕەکەوە، ئەوەندەش مافی هەیە بەسەر کچەکەوە، کەوا بەری ڕەنجی چەند ساڵەی خۆی داوەتە دەستی، وە ئیتر هیچیان بەبێ ئەم پەنجە نەکەن بە ئاوا.

ئینجا با بێینە سەر باسی بووك، ئەمیش تا دوێنێ بووە، کچێکی خۆشەویستی باوك و دایکی خۆی بووە، وە هەمیشە دڵیان وەك پەروانە بەدەوریا سووڕاوەتەوە، باوك و دایکی ئەگەر لە براکەیان دابێ لەسەر شتێك، هەرگیز دڵیان نەهاتووە جارێك لەم کچە بدەن، یا دڵی بشکێنن، لە پاشا بەرە بەرە ئەم کچەش بە هەزاران نازو نیاز گەورە بووە، وە ئارەزووی ژیانێکی پڕ لە ئازادیی و سەربەستی کردووە، نەخوازەلا کە لە ماڵی باوکیشی تۆزێ دەست بەسەر بووە، وە بارها حەزی کردووە کە ماڵ و حاڵێکی ڕێکوپێکی ببێت، وە خۆی گەورەو کەیبانووی ماڵی خۆی بێت، وە هەر خۆی فەرماندار و فەرمانڕەوا بێت، وە هەر چەند ئاشناو ئاوەڵەکانی جارانی هەیە، کە هاتن بۆ لای بەمیوانیی بچێت بەپیریانەوە، وە تێرو پڕ خزمەتیان بکات، وەك دایکی کە هەر خۆی حساب بووە لە ماڵی باوکیا.

ئینجا بەم هەموو ئاوات و ئارەزووەوە کە لە دڵیایەتی کچە ئەگوێزرێتەوە بۆ ماڵی مێردی، لەم حەلەدا کە ورد ئەبیتەوە، ئەبینێت لەلایەکەوە خەسوو خۆی هەڵگرتووە بۆ گەورەیی و فەرمانداریی، کە بەبێ ئەو کەس پەنجە نەکات بەئاوا، وە بۆ هەموو شتێك پرسێکی پێ بکرێت، لەلایەکی تریشەوە بووك وەك مەلێك کە لە قەفەس بەربووبێت، وە

وەڕس لە هەموو دیلی و دەست بەسەرییەك، ئەیەوێت با بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت، بە ئازادیی و سەربەستی بژی، كەچی لە پاش چەند ڕۆژێك كە چاو ئەكاتەوە، تەماشا ئەكات دنیا بەجۆرێكی ترە، وە ئەو هەموو ئاوات و هیواو ئارەزووانەی كە ساڵەهای ساڵە خۆی بۆ هەڵگرتووە، هیچی نەهاتە دیی، وە هەمووی وەك بڵقی سەر ئاو با بردیی، ئەگەر جاران لەماڵی باوكی سەربەستییەكەی لەناو چوار چێوەیەكا بووبێت، ئێستا لە ناو دووسێ چوار چێوەدایە، وە هەمیشە خەسووی وەك سێبەر بەدوایەوەیەو لێی جیا نابێتەوە، چاوێكی لێ ئەكات بەچوار چاو، وە گوێی هەڵئەخات بۆ هەموو چركەو سرپەو ورتەو خرتەیەكی، لەهەموو هەستان و دانیشتنێكا قسەیەكی تیا ئەكات، تا ماڵی لێ ئەكات بە چەرمی چۆڵەكە، خولاسە لە لایەكەوە بووك بە جوانی و گەنجی خۆی ئەنازێت، لەلایەكیشەوە خەسوو بەپیری و سەرسپێتی خۆی ئەنازێت، ئینجا لێرەوە ساردو سڕی دەست پێ ئەكات، نەخوازەڵا كە بووك و خەسووش زۆر لەیەكەوە دوورن، چ لە ژیریی و بیرا، چ لە تەمەن و ئامانج و خەباتا، ئینجا ئەگەر یەكێكیان زۆر زۆر ژیرو بەبیرو هێمن و خوێن ساردو لەسەر خۆ نەبێت پەنا بەخوا لە پاش دوو سێ مانگ ئەبێ بە چ جەنگ و ئاژاوەیەك، دیارە هەموو كەسێك وا چاوەڕوان ئەكات كە ئەو یەكە خەسوو بێت، چونكە هەم بەتەمەن گەورەیە، وە هەم ڕۆژێكیش بووە كە خۆی بووك بووە لەبەر دەستی خەسوویا، هەروەك چاوەڕوان ئەكرێ لە بووكە كەش كە بەچاوی دایك تەماشای خەسووەكەی بكات، وە دان بنێت بەو هەموو مافانەی كە هەیەتی بەسەر كوڕەكەیەوە.

خولاسە ئەگەر خەسوو تەماشای بووكەكەی وەك كچی خۆی بكات، وە چەند پلەیەك لە ئارەزووی ژنانەی هیچ و پووچی خۆی بێتە خوارەوە، وە بووكیش بەچاوی دایك تەماشای خەسوەكەی بكات، وە چەند پلەیەك بێتە خوارەوە لەو ئاواتانەی كە هەیەتی، هەردوو لا لە نیوەی ڕێگا ئەگەن بەیەك، وە دەست ئەخەنە ناو دەستییەكەوە، وەك دایك و كچ. وە هەرچی ناخۆشی و دووبەرەكی و ئاژاوەیەك هەیە، وەك مردوو ئەی نێژن و ئەیكەن بەژێر خاكەوە، بەڕەنگێكی وا ئەگەر مردوو بەتەمای ڕۆژێكی زیندوو بوونەوە بێت، لە ڕۆژی دواییدا كە سەر دەربێنێت لە خاك، دوژمنایەتی ئەم دووانە ئەو ڕۆژەشی لە دواوە نەبێت، وە جارێكی تر سەر بەرز نەكاتەوە، بەڵام ئەم بووك و خەسووە لە كوێ بێنین؟

***

# درۆی نیسان

مەردوم ستەم لە نیسان ئەکەن کە ئەڵێن: (درۆی نیسان)، وەك لە مانگەکانی ترا نەکرێت وایە، لەگەڵ ئەمیشە کە لە هەموو کاتێکا وە لە هەموو شوێنێکا درۆ ئەکرێت چ بەگوفتار، چ بەکردار، چ بە ئاشکرا چ بە پەنهان، لە ماڵا ژن لەگەڵ مێرداو مێرد لەگەڵ ژنا درۆ ئەکەن، هەردووکیان لەگەڵ مناڵەکانیانا درۆ ئەکەن، مناڵەکان لەگەڵ یەکتریدا درۆ ئەکەن، هەموو لایەکیان لەگەڵ نۆکەرو کارەکەرا درۆ ئەکەن، ئەمانیش لەگەڵ ئەوانا درۆ ئەکەن.

لە کارگەدا کرێکار لەگەڵ خاوەن کارگەدا درۆ ئەکات، خاوەن کارگەش لەگەڵ کرێکارەکانیا درۆ ئەکات. بازرگان لەگەڵ هەموو گەزێکا کە ئەیفرۆشێ درۆیەك ئەکات، خاوەن تەرازوو لەگەڵ هەموو کێشێکا درۆ ئەکات. هەروا هەموو دەستەو هاوپیشەیەك لە ئاسنگەرو دارتاش و بەرگدروو و سەوزە فرۆش درۆ ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە هاتوچۆیان ئەکەن و ئیشیان پێ ئەکەن هەر لە بەیانییەوە تا خەو ئەیانبات بەلادا.

دائرەکان پڕن لە درۆ، سەرۆك لەگەڵ خوار دەستی خۆی درۆ ئەکات، خوار دەست لەگەڵ سەرۆکا درۆ ئەکات، هەردوولا لەگەڵ خاوەن ئیشا درۆ ئەکەن، سەر بەهەر دائرەیەکا ئەکەیت وا ئەزانیت کارگەی درۆیە، وە لە ڕۆژێکا سەد هەزار فەردە درۆت بۆ هەڵئەڕێژن.

خۆ ئەگەر گوێ لە پیاوی سیاسی بگریت، ئەوە هەر پەنا بەخوای ئەوێت! چونکە یەك هەناسە لەسەریەك قسە نامێنێتەوە، هەر دەمە بە پێی سیاسەتی ئەو ڕۆژە قسە ئەکات، خوا نەکات دڵ و زمانی ئاگایان لە یەکتریی بێت.

داگیر کردن ″احتلال″ ناو ئەبات بە ئاوا کردنەوە. ″استعمار″و، نادانی بەدانایی و، هەژاریی بە دەوڵەمەندیی و، نەخۆشیی بە ساغی و، دوژمنیی بە دۆستایەتی و، تاڵان کردن بە یارمەتی و دەست گرتن و، وێرانی بە ئاوەدانی و، ئاژاوە بەئاسایش و، نائەمینی بە ئەمینی و دڵنیایی و بێ ڕەوشت و خوویی بەشارستانێتی و، خراپی بەچاکی و، چاکی بەخراپی و، جەنگ بە ئاشتی و، ئاشتی بە جەنگ و، دواکەوتن بە پێشکەوتن و، مردن بە ژیان.

بیرمان نەچێتەوە درۆ و دەلەسەی ئەحزاب لەگەڵ یەکتریدا کە هەریەکێکیان بۆ گەیشتن بەپایە و کورسیی هەزاران درۆ ئەکەن لەگەڵ کۆمەڵەدا، وە هەزاران بەڵێنی

درۆی پێ ئەدەن، تا سەر ئەکەون، وە لەسەر کورسییەکە دائەنیشن، ئەو حەلە ئیتر گەزی چی و جاوی چی؟ هەریەکە ناڕەوایی خۆی بەڕەواو، ڕەوای ئەویکەی تر بە ناڕەوا ئەداتە قەڵەم، بەڵکو تاقە یەك شت ئەگەر ئەمیان بیکات ڕەوایەو ئەگەر ئەویان بیکات ناڕەوایە.

خۆ پرسیار هەر مەکە لە درۆی مێژوو، مەگەر بە هەڵە ڕاستێکی تیا بێت، مێژوونووسی ئەمیان هۆی جەنگ ئەداتە پاڵ دوژمنەکانی، دوژمنەکانیشیان پاڵی ئەدەنە پاڵ ئەمانە، لە پاشا هەردوولا هەموو جۆرە درۆیەکی زل ئەکەن لە پێناوی چاو و ڕاوێکا، وە هەرچی بۆ خۆیان بە باشی بزانن بەجوانیی و قەشەنگیی ئەی هۆننەوە، وە هەرچیش بۆ خۆیان بە خراپی بزانن هەزار کالای ڕەشی ئاودامانی ئەکەن بەبەرا بۆ دوژمنەکانیان.

تەنانەت مەردوم خۆی درۆ لەگەڵ خۆی ئەکات، بەم ڕەنگە پیرەو کەچی سەرو سمێڵ، برۆی ڕەش ئەکاتەوە، وە تەمەنی خۆی بچووك ئەکاتەوە.

یاخۆ ستەم لە مەردوم ئەکات و کەچی خۆی بە موسڵمان و دادپرس ئەداتە قەڵەم، یا کارێکی خراپ ئەکات کەچی وا نیشان ئەدات کە کارێکی چاکی کردووە، یا ئیشێك ئەکات هەر بۆ قازانجی خۆی، کەچی وانیشان ئەدات کە بۆ قازانجی گەل و نیشتمانی کردووە، یا ئیشێکی زۆر خراپ و ناشیرین ئەکات کەچی خۆی ئیخفال ئەکات کە ئەم ئیشە ناشرینە لە فلان ڕووەوە چاکە، وەك کابرا کە گەورەترین زانای ئایینی و چاکترین پێشەوای دینی دەرکرد لەسەر مزگەوتەکەی، وە یەکێکی نەخوێندەواری پیسی بۆگەنی دانا لە جێگاکەی، کە لێیان پرسی لە هۆکەی، وتی ئەویان زۆر زاناو داناو بەحورمەتە لە هەموو شوێنێك دائەمەزرێ و جێگای ئەبێتەوە، بەڵام ئەمیان خوێڕییە ئەگەر لەسەر مزگەوتێك نەبێت خوێڕیی تر ئەبێت.

تەنانەت بەرتیلخۆر خۆی ئیخفال ئەکات بەم ڕەنگە ناوی بەرتیلەکە ئەبات بەدیاری، وە فێڵباز ناوی فرِوفێڵەکەی خۆی ئەبات بەزیرەکی و وریایی.

کەوابوو ئەم جیهانە بناغەی لەسەر درۆ و دەلەسەیە، هەر چێکی تیایە درۆزنە، درۆ ئەکەن لەگەڵ خۆشیان و لەگەڵ گەلیشیانا. ئەگەر مرۆڤێك بتوانێ درۆ نەکات، وە ڕاستگۆ بێ لە هەموو گوفتارو کردارێکیا، ئەو حەلە بێ کەس و بێ هاوڕێ ئەمێنێتەوە، بەڵکو هەموو کەس بە شێتی دائەنێت، کە وابوو ئەمەشیان هەر درۆیە کە ئەڵێن: درۆی نیسان! چونکە هەموو ڕۆژێك لای ئێمە هەر یەکی نیسانە بۆ درۆ کردن.

***

# چلەی کۆچی ئەمین زەکی(١)

ئەمرۆ زمانم لاڵ و قەڵەمم کوڵە لە هەموو باسێکدا، تەنیا لە باسی مەرگی ئەمین زەکی دا نەبێ! چونکە نووسین سرووشێکە لە سەر و مێشکی نووسەرەوە بۆ سەر نووکی قەڵەمەکەی، ئینجا ئەگەر نووسەر کەیفخۆش بوو، ئەوا قەڵەمەکەی ئەکەوێتە سەما و گۆرانی وتن، وە ئەگەر دڵتەنگ بوو ئەوا دەست ئەکا بە شیوەن و گریان و فرمێسک هەڵڕشتن. زۆر خەفەتبارم کە تا دوێنێ بوو، گوێمان لە قسە بەرزە بە نرخەکانی ئەمین زەکی ئەگرت، کەچی ئەمرۆ شینی بۆ ئەکەین و بۆی ئەلاوێنینەوە.

بەڵام جیهان هەروا سپڵەو کەم ماوە "بێ وەفاو بێ بەقا"یە، وەك نەقشێکە لەسەر ئاو یا کێڕێکە لەسەر با، بەڵکو وەك بڵقی سەر ئاو وایە، تا هەیە پووچە کە نەما ئەبێ بە هیچ، کەوابوو جیهان هیچ و پووچە.

ژیانی جیهان وەك پەردەیەکی سینەما وایە کە بە پێش چاوا دێت و ئەڕواو تێ ئەپەڕێ، یا وەك شانووی لاسایی کردنەوە "تمثیل"و بەسەرهاتەکەی وەك لاسایی کردنەوە وایە، جا ئەم شانووە هەر ڕۆژەی جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی لەسەر ئەکرێ، دەمێ سوورو دەمێ شین، یا دەمێ پێکەنین و دەمێ گریان، ئینجا لەسەر ئەو شانووە دەمێ مەردوم هەڵ ئەسووڕێن و ئێمە سەیریان ئەکەین، دەمێکیش خۆمان هەڵ ئەسووڕێین مەردوم سەیرمان ئەکەن.

ژیان زنجیرەیەکە لە خەم و تەم و خەفەت و دەردی سەری، بە دیمەن جیان بەڵام بەڕاستی هەموو هەر یەکن.

ژیان چییە؟ ڕۆژە لە دوای ڕۆژو شەوە لەدوای شەو، بەڵکو هەناسەیە لە دوای هەناسە، هەر هەناسەیەك کە مەردوم ئەیدات هەنگاوێك نزیکی ئەخاتەوە بەمردن، یا خشتێك لە کۆشکی تەمەنی خۆی دەردێنێ لە بن. ئەمەتە جیهانی سپڵەو پێ نەزان:

ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە خەلائقیش کۆچە
تەماعی سووری نەبێ کەس لەژێری چادری شین

---

(١) ئەم وتارە لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی ترا بڵاو کراوەتەوە کە بە بۆنەی چلەی کۆچی ئەمین زەکییەوە لە چاپدراوە لە ساڵی ١٣٦٨هـ = ١٩٤٨م.

دوو گەز زەمین و سێ گەز جاو و مستە خۆڵێکە
لباسی پێخەف و راحەت هەتا ئەگاتە سەرین

مردن گەورەترین پەندو عیبرەتە بۆ ئادەمی، مردن بە چاوێك تەماشای هەموو کەسێك ئەکات، گەورەو بچووك و دەوڵەمەندو هەژارو خوێندەوارو نەخوێندەوارو گەنج و پیرو جوان و ناشیرین و باوك و کوڕو دایك و کچ و پیاو و ژن و دیندار و بێ دین و چاك و خراپی لەلا وەك یەکە، أرستقراطی ئەگەر بەچاوێکی ورد بوونەوە تەماشای مردن بکات ئەبێ بە دیمقراطی.

مردوو تا گەورەتر بێ پەندو عیبرەتی زۆرترە، مەردوم ئەگەر بیر بکاتەوە لە مردنی ئەسکەندەر و دارا و تەیمووری لەنگ و، ناپلیۆن سامی لێ ئەنیشێ! چونکە گەورەیی ئەمانە –هەروەك هەژارێکی بێ نەوا– لەبەر هەڵمەتی مردنا ڕووخاوە، کەوابوو گەورەیی و، دەوڵەمەندیی و، پایە بەرزیی شتێکی هیچ و پووچن لەبەر دەمی گێژەڵووکەو وەیشوومەی مردنا، بەهەناسەیەك ئەڕووخێن و ئەچنەوە پەردەی نەبوون.

بەڵام ئەوەی کە هەرگیز نەڕووخێ، وە بە درێژایی شەو و ڕۆژ و ساڵ و مانگ هەر بمێنێ و پایەدار بێ، ناوە.

مەرگ و ژین مثلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

زۆر دەمێکە ئادەمی تێگەیشتووە کە تەمەن لە جیهانا بەپێی تەمەنی گەلێ شتی تر زۆر کەمە، فیلێك سەد ساڵ ئەژی، سوورە چنارێك هەزار ساڵ ئەژی، کەچی ئادەمی –کە لە هەموویان گەورەترو بەدەسەڵاتترە، وەیاری بە هەموو جیهان ئەکات– چل پەنجا ساڵ ئەژیی، جا لەبەر ئەمە ئادەمی لە زۆر دەمێکەوە خەریکە بەچاکەو خزمەتکردن، ناوی خۆی هەتا هەتایی، وەتەمەنی خۆی درێژ بکات، وە لەدوای مردنی هەڵگرێ بیخاتە سەر ژیانی.

جا لەم ڕووەوە زۆر کەس لە گەورەو هەڵکەوتووەکانی جیهان، وە لە بلیمەت و تێگەیشتووانی دەوران، هەریەکە بەڕەنگێك ناوی خۆی هەتا هەتایی کردووە، یەکێك بەداد و عەداڵەت و یەکێك بە زانین و زانیاریی و یەکێك بە شتی بە کەڵك دروستکردن و یەکێك بەچاکەو دەستگرتن و یەکێك بەخزمەتکردن، یەکێك بەشیعری جوان و کتێب دانان ″تألیف کردن″.

کێ ئەڵێ حەزرەتی عمر و صلاح الدين أيوبی مردووە؟ کێ ئەڵێ أديسۆن و مارکۆنی مردووە؟ کێ ئەڵێ روکفلری أميرکانی مردووە؟ کە لە ژيانی خۆيا (١٤٠) مليۆن ديناری لە چاکەو دەستگرتنی هەژاران و دروستکردنی خەستەخانەو قوتابخانەو پەرستگە "معبد"دا خەرج کردووە، کێ ئەڵێ حاجی قادری کۆيی و ئەمين زەکی مردووە؟

ئەمين زەکی ئەستێرەيەکی گەش بوو لە ئاسۆی سلێمانی هەڵات، شەست و هەشت ساڵ بە ئاسمانی ژيانەوە مايەوە، هەر دەمەی شوێنێکی ڕووناك ئەکردەوە، وە زۆر کەس بە ڕووناکی ئەو ڕێگای ئەدۆزييەوە.

ئەمين زەکی لە گەلێ ڕووەوە شايستەيە کە دوورو درێژی لێی بدوێين، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کاتەکەمان تەنگە تەنها لە باسی نووسينييەوە ئەدوێين.

ئەمين زەکی يەکەمين کەسە لە دوای خاوەنی (شرفنامە) کە مێژووی کورد و کوردستانی لە پێش پێنج هەزار ساڵ لەمەپێشەوە نووسی، وە گەلەکەی خۆی ناسيی بەهەموو نەتەوەکانی سەر زەوی.

ئەمين زەکی يەکەمين کەسە کە ناوی هەزارو پەنجاو حەوت کەسی کۆکردۆتەوە لە پياو و لە ژنی گەورە و بەناوبانگی کورد، وە لە کون و قوژبنی کتێبی بێگانانا دەری هێناون، وە بە دوو جڵد ترجمەی ژيانی نووسيون وە ناوی ناوە (مشاهير کورد).

ئەمين زەکی يەکەمين کەسە کە مێژووی وڵاتی سلێمانی نووسی، وە نيشانی جيهانی دا کە ئەم وڵاتە لەناو جيهانی زانين و وێژەدا هەميشە وەك ئەستێرەی گەلاوێژ درەوشاوەتەوە، وە لە ورشە و پرشە و بريسکە و تريسکەدا بووە.

ئەمين زەکی يەکەمين کەسە کە بەنووسينەکانی نەك هەر خزمەتی کورد بەڵکو خزمەتی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە.

ئەمين زەکی يەکەمين کەسە کە خۆی وەك مۆم دائەگيرساند و ئەسووتا تا گەلەکەی لەبەر ڕووناکييەکەيا دانيشن و بەهرەمەن ببن.

بەڵێ ئەمين زەکی بەديمەن شەربەتی مەرگی چەشت، وە هەروەك لە دەم کەلی سلێمانی هەڵاتبوو، هەروەها هاتەوە سلێمانی و لە ئاسۆی سلێمانی ئاوا بوو، وە بە ئێجگاريی چووەوە باوەشی نيشتمان.

ئەی خاکی پاکی نيشتمان! ئاگاداريی تاقانە و جگەر گۆشەکەت بکە، ئازاری خۆی و پەنجەکانی مەدە! چونکە شەهيدی ڕێگای تۆيە.

بـۆ مـللـەتەکەی هێند تێکـۆشـا بوو
قەڵەمـی دەست و پەنجەی شکا بوو
لەو سـاوە کە ئەو ئەسـپەردەی گڵە
فـرمـێسکم تێکەڵ بەخـوێنـی دڵــە

بەڵێ ئەمین زەکی گیانی پاکی هەڵفڕی و پەروازی لەم جیهانە پەستەوە بۆ بە هەشتی بەرز، وە لەم زەویی خاکەوە بۆ ئاسمانی پاك، وە لە دراوسێتیی ئەم ئادەمییەوە بۆ دراوسێتیی خوا.

ئەمین زەکی جاران ئەگەر لە ڕەنجا بوو، ئێستا لە گەنجایە، جاران ئەگەر لە ئیش و نێشا بوو، ئێستا لە نۆشایە، جاران ئەگەر لە زیندانی ژیانا بوو ئێستا لە کۆشکی بەهەشتایە، جاران ئەگەر هەر لە پێش چاو بوو، ئێستا لەناو دڵ و دەروونایە.

زۆر کەسی وابوون هەزار ئەوەندەی ئەمین زەکی دەوڵەمەندو دەستدار بوون، بەڵام چونکە خزمەتیان نەبووە لەگەڵ چرای تەمەنیان کوژاوەتەوەو لاشەیان شارراوەتەوە، ناویشیان لەسەر ڕووپەڕەی جیهان شۆراوەتەوە، وە لە یادو بیری کەسا نەماونەتەوە، بەڵام ئەمین زەکی تا دنیا دنیا بێ و گەلەکەی لە ڕووی کاربێ، ناوی پایەدارە، وە تا ئەو زیندوو بێ ئەمیش زیندووە.

کە وابوو ئەی ئەمین زەکی! خۆت بەمردوو دامەنێ، تۆ نەمردوویت، هەموو کوردێك وێنەیەکی تۆی لەسەر دڵی خۆی هەڵکەندووە، هەمیشە یادی خۆت و کردەوە جوانەکانت ئەکەن.

لە خوا ئەپاڕێمەوە بەمیهرەبانی خۆی لێت خۆش بێ، وە شوێنەکەت کوێر نەکاتەوە، و بتکا بە سەرمەشق و پێشەوا بۆ هەموو کوردەواری لە کردارو ڕەفتارە جوانەکانتا.

***

## خۆشیی بەڕاستیی[١]

چەن خۆش ئەبوو مەردوم لەم چەن ڕۆژی ژیانەیا خۆشیی خۆی بزانیایە لە چیدایە، تا هەوڵی بۆ بدایەو چنگی خۆی بخستایە!!، بەڵام داخەکەم هەوا و هەوەس و ئارەزووی هیچ و پووچ پەردەی ڕەشی هێناوە بەسەر چاو و گوێ و دڵ و دەروونیا، وە کەڕ و کوێری کردووە لە دۆزینەوەی خۆشیی بەڕاستی خۆیدا.

ئەم ئادەمیزادە هەرچەن ئارەزووی خۆشی و خۆش بەختیی خۆی لەگەڵ سوروشتیا تێکەڵە، وە بە سوروشت حەزی لێ ئەکات، بەڵام نازانێ کە ئەو خۆشییە لەچیدایە، لەبەر ئەمە هەر یەکێك بە ڕەنگێك دەستی بۆ درێژ ئەکات، وە لە ڕێگایەکەوە بۆی ئەچێ.

یەکێك خۆشیی خۆی لە کۆ کردنەوەی پارەی زۆرو دارایی‌دا ئەبینێ.

یەکێکی تر لە دروستکردنی دووکان و خانووی جوان و کۆشکی بەرزو فراوان و کڕینی دێ و زەوی و زارو ئەرز ئەبینێ.

یەکێکی تر کوشتەی پیشەو پایەی بەرزو مانگانەی زۆر و ناو و نیشانە.

هەر یەکێك لەم سێ دەستەیە بۆ گەیشتنی بە ئاوات و ئارەزووی خۆی هەزاران دەستدرێژی و پەل بزێویی ئەکات، وە مەردوم دائەشێلێ و ئەیکا بەژێر پێوە، وە ماڵی هەزاران بە ناڕەوا داگیر ئەکا تا خۆی چوار پارە زیاتر پێکەوە بنێ.

یا خانەو لانەی هەزاران بێ نەوا داگیر ئەکات بۆ ئەوەی کە کۆشکێك بۆ خۆی دروست بکات، یا چەند دووکانێك پێکەوە بنێ.

یا هەزاران بێ گوناح سەرەنگرێ و سەرنگوون ئەکات بۆ گەیشتنی خۆی بە پایەو ناو و نیشانێك، یا بۆ مانەوەی لەو شوێنە بەرزەی کە پێی گەیشتووە، ئیتر بەبێ ئەمەی کە بەزەیی بەیەکێکی بێتەوە یا دڵی بۆ یەکێك داچڵەکێ.

سەیر لەمەدایە ئەم جانەوەرە دوو پێیە کە گەیشتیشە ئاواتەکەی خۆی، مەبەستەکەی -کە خۆشیی و خۆش ڕابواردنی خۆیەتی- دەستی ناکەوێ، بەڵکو بە پێچەوانەی ئاواتەکەی خۆی خەم و خەفەت و ئازارو دەردی سەریی و ترس و بیم و ناخۆشیی

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٧)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری (بلێسە)دا بڵاو کراوەتەوە.

بەڕەنگێکی وەها دای ئەگرێ و ئەی گرێتە ناو خۆی، هەموو شیرینییەکی لێ ئەکا بە تاڵی، وە هەموو ڕووناکییەکی لێ ئەکا بە تاریکی، وە هەموو خۆشییەکی لێ ئەکا بە ناخۆش، بەڕەنگێکی وەها کە هەمیشە یادی جارانی ڕابوردووی خۆی ئەکاتەوە، وە ئاهـ و هەناسەی ساردی پێ هەڵئەکێشێ، وە پڕ بە دڵ ئاوات ئەخوازێ بە هەژارێکی بێ نەوای نەدارا، وە دڵی لێ ئەدا بۆ ڕابواردنی ئەو هەژارە، وە هەمیشە خۆی وا ئەبینێ کە لەناو ئاگرێکی بەتینا ئەبرژێ و ئەسووتێ و هەڵئەقرچێ.

ئەمانە هەموو لەبەر چییە؟ لەبەر ئەوەی کە ئادەمی باش نازانێ کە خۆشیی خۆی لە چیدایە، وە هەواو هەوەس و تەمەع کەڕو کوێری ئەکات، وە پەردەی ڕەش بەسەرچاو و گوێ و دڵ و دەروونیا ئەکێشێ.

مەردوم ئەگەر زۆر جوان ورد ببێتەوە تێ ئەگاو ئەزانێ کە خۆشیی خۆی بە خۆشیی کەسانی ترەوەیە، چ خۆشییەك هەیە بۆ دەوڵەمەندێکی پارەدار، یا بۆ پایە بەرزێکی بەناو و نیشان کە لەناو چەن هەژارێکی ڕەش و ڕووتی داوەشاوی برسیتیدا بێ؟!! وە چۆن پارووی چەورو نەرمی بۆ قووت ئەچێ و لە بینی ناگیرێ، کە بەیانی و ئێوارە بەگوێی خۆی گوێی لە دەنگی گریان و فوغان و ناڵە و هاواریان بێ؟!!

یا چ خۆشی و جوانییەك هەیە لە کۆشکێکی گەورەی بەرزی ڕەنگاو ڕەنگا کە لە گەڕەکێکی وێران، یا لەناو شارێکی وێرانا بێ؟!!

یا چە جوانییەك هەیە بۆ شارێکی پیسی وێرانی بۆگەن کە یەك دوو کۆشکی بەرزی جوانی تیابێ، وە خاوەنی ئەو کۆشکە ئەبێ: چ خۆشییەك ببینێ لەو کۆشکەدا، کۆشکێکی جوان لەناو چەن خانوویەکی پیسی وێرانی ناشیرینا وەك کالایەکی چاوی چڵکنی دڕاو وایە کە بەپارچەیەك شیرداخ یا ئەتڵەسی تازە پینە کرابێ؟!!

ئەمە ئاشکراو نمایانە لە هەموو کەسێکەوە کە هەموو جۆرە خەم و خەفەت و ناخۆشییەك کە بۆ مەردوم پەیدا، وە یەخەگیری ئەبێ، هەمووی لە کەسانی ترەوەیە، واتە لەو کەسانەوەیە کە لەمەوە تووشی زیان بوون، وە ئەو کەسانە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە فەلاکەتێك تووشی ئەم بکەن، یا گۆبەندێکی بۆ بنێنەوە، یا گەرداوێکی بۆ پێك بێنن، یا چاڵێکی بۆ هەڵکەنن بۆ ئەوەی کە تێی کەوێ جارێکی تر نەیەتە دەرەوە، ئەمانە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسە ئەیەوێ هەر خۆی دەوڵەمەند ببێ و بەخۆشیی بژی، وە خۆشیی کەسی تری ناوێ، بەڵکو پێشیان پیا ئەنێ، وە زیانیان پێ

ئەگەیەنێ، وە خۆشی ئەوان ئەکا بەبالا گەردانی خۆشیی خۆی، دیارە کەسێ وابێ لەگەڵ مەردومانا، ئەمانیش وا ئەبن لەگەڵ ئەوا.

بەلام یەکێك ئەگەر پاڵ نەنێ بە قازانج و سوودی مەردومەوەو زیانیان پێ نەگەیەنێ، وە قازانجی خۆی بوێ لەگەڵ قازانجی ئەوانا، وە خۆشیی خۆی لەناو خۆشیی ئەوانا ببینێ، دیارە هیچ کەسێکیش بەوا هەڵ ناتەقێ، وە ئازارو سزای نادا، بەڵکو یارمەتیشی ئەدەن وە سوپاس و ستایشیشی ئەکەن.

بێگومان هەر کەسێ کە هەمیشە خەریکی خوێن مژینی ئەم و ئەو بێ، وەماڵی مەردوم بخوا بەدزیی و بە ئاشکرا، وە دارایییان داگیر بکات بەزۆرو بەخواهیش، وە مەردوم بخاتە تەنگانەو ناخۆشییەوە، مەردومیش دیارە درێغ و کۆتایی لەو ناکات، وە چی لە دەست بێ لە دوژمنایەتی دەربارەی ئەکات، وە هەر ڕۆژەی خەم و خەفەتێکی تازەی بەدیاری بۆ ئەنێرێ، وە هەر ساتەی داخ و زووخاو و تالاوێکی نوێی ئەکا بە دلا.

هەروا ئەگەر یەکێك خانووی هەژاران داگیر بکات بۆ ئەوە کە کۆشکێکی گەورەی بەرز بۆ خۆی دروست بکات، بێگومان خاوەنی ئەم خانووانەش پشتێنی دوژمنایەتی بۆ ئەو ئەبەستێ، وە هەر چێکیان لە دەست بێ دەربارەی درێغ و کۆتاهی لێ ناکەن، تا ژیانی لێ تاڵ ئەکەن.

هەروا ئەگەر یەکێك هەزاران مەردومی بێگوناح سەرنگوون بکات بۆ ئەوەی کە خۆی لەسەر کورسی و پایەیەکی بەرز بمێنێتەوە چۆن ئەتوانێ هەروا بەبێ زیان لەناو ئەم هەموو دوژمن و ناحەزانەدا دەرچێ و ڕزگاری ببێ.

کەوابوو دەرکەوت کە هەموو کەسێ لەو ڕێگایەی کە ئەی گرێ بۆ خۆشیی و خۆش ڕابواردنی خۆی بەهەڵەدا ئەچێ، وە نازانێ کە خۆشیی بەڕاستیی لەچیدایە.

ئەگەر –گیرەم– یەکێك لە پاش ئەم هەموو زۆرو ستەمەی کە لە مەردومی کرد ڕزگار بوو، وە هیچ دوژمنێکی نەیتوانی دەستێکی لێ بوەشێنی و زیانێکی پێ بگەیەنێ، خۆ ئەگەر واش بێ، ناو بەناو ئەم ستەمکارە ئەو ستەم لێکراوانەی دڵ شکاوانەی ماڵوێرانانە ئەبینێ کە بەدەستی ئەم ستەمیان لێ کراوە، وە دەنگی ناڵەو زارییان بە گوێچکەیا ئەچێتەوە ژوورەوە و پەردەی دڵی ئەسمێ، یاخۆ چاوی ئەکەوێ بە چاوی پڕ فرمێسك و گریانیان، وە هەناسەی سارد و چەرە دووکەڵی دڵ و دەروونیان ئەچێ بەسەریا، دیارە بەمانە دڵ تەنگ ئەبێ، وە خۆشیی و شادمانێکی ئەگەر ببێ لێی تێك ئەچێ.

یاخۆ هەمیشە چاوی ئەکەوێ بەرەش و ڕووتی و زەردو زەبوونیی و ماتی و داماویی ئەم ستەم لێکراوانە، وە بە چاوی خۆی خانووی وێران و دڵی بریانیان بەیانی و ئێوارە ئەبینێ، وە هەموو جارێك ئاگری خەم و خەفەت لەناو دڵ و جەرگیا هەڵ ئەگیرسێ.

کەوابوو ئەم جۆرە کەسانە هەرچەند بەدیمەن دەوڵەمەند ببن، یا بەپایەو ناوونیشانی خۆیان بگەن، بەڵام لە دڵا بە ئاوات و ئارەزووەکەی خۆیان –کە خۆشیی بەڕاستییە– هەر ناگەن.

خۆشیی بەڕاستی لە وڵاتێکا کە چینەکان "طبقات"ی لەیەکەوە نزیك بن، نەك یەکێك لە ئاسمان و یەکێك لە زەویدا بێ، یا یەکێك تێرو یەکێك برسیی بێ.

نیوەی فەرموودەی خواو پێغەمبەر، بۆ نزیك خستنەوەی ئەم چینانەیە لە یەکتری، بەم ڕەنگە دەوڵەمەند چەند پلەیەك بێتە خوارەوە ڕووەو هەژار و وە هەژاریش چەن پلەیەك سەرکەوێ ڕووەو دەوڵەمەند تا لەیەك نزیك ئەکەونەوە.

## پێغەمبەر

هەموو پیاوێکی گەورەی هەڵکەوتوو لە جیهاندا، کە لێی ورد ئەبینەوەو مێژووی ژیانی ئەخوێنینەوە، تێ ئەگەیت کە گەورەیی و بلیمەتییەکەی هەر لەیەك ڕووەوە بووە، وەك (سقراط)و (فیثاغورث)ی یۆنانی و (کنفیسوس)ی چیینی و (شاملیون)ی ئەمیرکانی و (میرابۆ)ی فەرەنسی و (کاریبالد)ی ئیتالیایی و (کوتم)ی هیندی کە هەریەکێك لەمانە لە تاقە شتێکا پسپۆڕ "متخصص" بووە.

بەڵام گەورەیی پێغەمبەر "دروودی خوای لێ بێ" وەك گەورەیی جیهانی بێ پایان وایە، ئەم پەڕو ئەو پەڕی نابینرێ، وە بیری مەردوم ناتوانێ دەوری بدات، هەر ڕۆژەی گۆشەیەکی بۆ زانایان دەرئەکەوێ، وە هەر دەمەی لایەکی بۆ دانایان ئاشکراو نمایان ئەبێ، کە وابوو مەردوم نازانێ لە چ ڕوویەکەوە لێی بدوێ.

ئەگەر تەماشای میهرەبانی و، لێبوردن و، ڕاستی و چاو پۆشی و هێمنی و، پیاوەتی و، سەنگینی و بێ دەماری و، دڵ نەرمی و زمان شیرینی و لەسەر خۆیی و، دەست و دەم و دڵ پاکی و، ئازایی و، نەبەزی و، بەرچاو تێری و، مەردوم نەوازی و، دادپرسی و هەژار پەروەری ئەکەیت ئەڵێیت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین کەسێکە لە جیهانا کە سەرچاوەی ڕەوشت و خووی شیرین، وە سەرمەشقی ڕەفتار و، گوفتار و، کرداری ڕەنگین بووە.

ئەگەر تەماشای ژیری و بیری بەرزو، ڕامیاری "سیاسە"و ڕێکخستنی ئەم هەموو ئیش و کارە گەورە گەورانەی ئەکەیت، کە لە ماوەی بیست و سێ ساڵا کردوونی، وە هەموو عێل و، تیرە و هۆز و، خێڵ و نەتەوە و بنەچە و، خێزانی عەرەبی پێکەوە نووسان، وەکردنی بە کۆمەڵێکی یەك دڵ و یەك بیرو یەك ئامانج، وە هەرچی ناکۆکی و دووبەرەکیی و، ناپاکی و نامەردی هەبوو لە ناویان هەڵی گرت، وە گەلێك و دینێك و دەوڵەتێکی دروست کرد، وە یاسا و ڕێبازێکی بۆ دانان کە مایەی مانەوەیان بێت تا ڕۆژی دوایی وە سەرەڕای ئەمانەش بەشی زۆری ئادەمی کرد بە برای یەك بە ڕەنگێکی وا ئەگەر لە مەراکیش زۆرو ستەم لە موسڵمانێك بکرایە لە ئەندەنووسیا بۆی خەفەتبار ئەبوون، ئەگەر تەماشای ئەمەی ئەکەیت ئەڵێیت:

ئەم پێغەمبەرە یەکەمین سیاسییەك بووە لە جیهانا کە هەموو ژیانی خۆی بەخت

کردووە هەر لە ڕێی ناسینی ڕەوشت و خووی ئادەمیدا، تابزانێ کە بەپێی سروشتیان قسەیان لەگەڵ بکات، وە بچێتە ناو دڵ و دەروونیانەوە.

ئەگەر تەماشای خوا پەرست ئەکەیت کە بە ڕۆژ بەڕۆژوو بووەو بەشەو شەو نوێژی کردووە، وە ئەمەندە لە نوێژا بەپێوە وەستاوە تا پێی هەموو ئاوساوە وە لە سەعات زیاتر لە سجدەدا ماوەتەوە سەری بەرز نەکردۆتەوە، ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین خوا پەرست بووە لە جیهانا، وە هیچی تری نەزانیوە تەنیا خوا پەرستی نەبێ.

ئەگەر تەماشای ئامادەیی، شارەزایی ئەکەیت لە دانانی پلانی جەنگا کە چۆن هاوڕێکانی ڕێك خستووەو دای مەزراندوون، وە کۆمەڵ کۆمەڵ بە پێی شوێن دابەشی کردوون وە لە کاتی گەرم بوونی جەنگا خۆی چۆن وەك سەرکردەیەکی جەنگی چۆتە بەرەوەو سنگی داوەتە پێشەوە ئەڵێیت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین جەنگاوەرێکی لەشکر شکێن بووە، وە هەموو ژیانی خۆی هەر لە جەنگدا بەخت کردووە، وە هەر لەم ڕووەوە بەهرەمەند بووە.

ئەگەر تەماشای دەستوورو فەرمایشاتی ئەکەیت کە لە بابەت پاشەکەوتییەوە فەرموویەتی بە گوفتارێکی ڕێکوپێك و دڵ چەسپی وا، کە بچێتە دڵ و دەروونی هەموو کەسێکی دەست بڵاوی بەرچاو فراوانەوە، ئەڵێیت: ئەم پێغەمبەرە یەکەمین زانایەکی ئابووری و پاشەکەوتی بووە کە هەموو ژیانی خۆی هەر لەم ڕووەوە بەخت کردووە.

ئەگەر تەماشای جومعەو دوانگەی دواندەریی "منبری خطابە"ی ئەکەیت کە هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوپێش دای ناوە، وە ورد ئەبینەوە لە وتاری ڕەنگاو ڕەنگ و گوفتاری گەرم و گوڕی لەسەر ئەو دوانگەیە، وە چووەتە ناو دڵ و دەروونیانەوە و کاری تێ کردوون، بە ڕەنگێکی وا کە زۆر لە گەورە سەر کۆمارەکانی عەرەب نەیان وێراوە بچنە کۆڕی پەندو ئامۆژگارییەوە، نەوەك دڵیان نەرم ببێ و موسڵمان ببن، ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین دواندە "خطیب" بووە لە جیهانا، وە هەر لەو ڕووەوە پسپۆڕ بووە.

ئەگەر تەماشای پزیشکی و حەکیمی ئەکەیت لەو کاتی نادانی و نەخوێندەوارییەدا، وە لەو چۆڵی گەرمی عەرەبستانەدا کە هەرچی خوێندن و خوێندەواری بێ تیا نەبووە، وە سەرنج ئەدەیت لەو دەستوورە جوان جوانانەی کە لە تەندروستیدا دایناوە، وە تازە دۆزراونەتەوە، ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین حەکیمێك بووە لە جیهانا کە هەموو ژیانی خۆی بەخت کردووە لە دۆزینەوەی نەخۆشی و دەرمان بۆ دانانی، وە هەر لەم ڕووەوە زانایەکی هەڵکەوتوو بووە.

ئەگەر تەماشای ریازیات و فەلەکیاتی ئەکەیت کە چۆن قسە ئەکات لە ئاسمان و زەوی و ڕۆژو مانگ و ئەستێرەو بوونیان و ڕووناکییان و هاتوچۆو چەرخەو خول خواردنیان ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین فەلەکییەك بووە لە جیهانا، وە هەر لەم ڕووەوە زاناو شارەزا بووە. ئەگەر تەماشای زانینی چۆنێتی گۆڕانی هەوای ناو ئاسمان "علمی طقس و طبقاتی جو"ی ئەکەیت کە چۆن قسە ئەکات لە هەور و سایەقە و بەفر و، باران و تەزرە و، هەورە تریشقە، ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین زانایە کە لەم عیلمەدا، وە چەند جار خۆی بەفرۆکە سەرکەوتووە و بەراوردی لای ژوورووی کردووە وە هەر لەم ڕووەوە ئاگادارو پسپۆڕ بووە.

ئەگەر تەماشای دانانی ئەو دەستوورو یاسا جوانانەی ئەکەیت کە دایناوە، وە سەراسەر مایەی بەختیاری و کامەرانی ئادەمین ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین قانونییەك بووە لە جیهانا، وە هەرچی ژیانی خۆی هەیە بەشەو و بەڕۆژ بەختی کردووە لە دۆزینەوەو دانانی ئەو یاسایانەدا، وە هەر لەم ڕووەوە هەڵکەوتوو بووە.

ئەگەر تەماشای محاکماتی ئەکەیت کە هەمیشە موسڵمانان پرسیاریان لێ کردووە لە بابەت نوێژو ڕۆژوو، حەج و زەکات و کڕین و فرۆتن و بارمتە "رهن"و اجارە و نكاح و طلاق و عدە و نفقە و رضاع و بەشکردنی کەلەپوور و میرات و دەعوا و بینات و قصاص و جنایاتەوە و وەرامی داونەتەوە ئەڵێیت ئەم پێغەمبەرە یەکەمین حقوقییەك بووە لە جیهانا وە هەموو ژیانی خۆی بەخت کردووە لە زانستگا، وە لە "كلیە"ی حقوقا وە هەر لەم ڕووەوە هەڵکەوتوویەکی بێ هەمتا بووە.

ئەگەر تەماشای جوانیی پەروەرش و بەرهەم هێنان "تربیة و تعلیم"ی ئەکەیت کە ژنی وەك حەزرەتی عائشەی پێگەیاندووە کە لەدوای کۆچی خۆی لە تەمەنی هەژدەساڵیدا بووە کەچی نیوەی ئایینی ئیسلام لە دەمی ئەو وەرگیراوە وە هەر شتێك کە هاوڕێ گەورەکان نەیان زانیایە ئەچوون و پرسیاریان لێ ئەکرد وە پیاوی وەك حەزرەتی ابوبکر و عمر و عوسمان و علی و عباس و معاویە و عمروی کوڕی عاصی پێگەیاندووە کە هەموو ڕووپەڕی مێژووی جیهان بە زانایی و دانایی و زرنگی و هۆشیاری و ژیری و کارزانی و دادو کارامەیی ئەوان پڕ کراوەتەوە ئەڵێی ئەم پێغەمبەرە یەکەمین کەسێکە لە علمی پەروەرش و بەرهەم هێنانا کەوا ئەو عەرەبە نادانانەی پێگەیاند و پەروەردەی کردن، وە بە ڕووناکیی ئایینی ئیسلام، شرینقەی لە مێشکیان دا تا سەرو ماڵی خۆیان بەخت کرد لەڕێی ئیسلاما، وە لە ژیانی پێغەمبەرا عەرەبستانیان پاك کردەوە لە

بێگانان، وە لە دوای کۆچ کردنیشی بەحەفتا هەشتا ساڵ بەیداخی ئیسلامیان هەڵدا لە چینەوە تا ئسپانیاو قەراغی دەریای أطلسی، وە لە قازانەوە تادەریای هیند، کە هەموو مێژوو شناسی جیهان وە هەموو فلاسفەو زانایانی کۆمەڵایەتی "علمای اجتماعی" کاس و سەراسیمەن لەمایەی بڵاو بوونەوەی ئەم ئایینە لەو چەن ساڵە کەمەدا، ئەمانە هەمووی بەهۆی ئەو پەروەرش و بەرهەم هێنانەوە بووە کە ئەو پێغەمبەرە گەورەیە کردوویەتی، هەر بەم ڕەنگە لە هەر گۆشەیەکەوە کە ورد ئەبیتەوە لە گەورەیی پێغەمبەر ژیریی و بیر پەی پێ نابات وە ناتوانێ بەدەوریا بسوورێتەوە.

کەوابوو پێغەمبەر "دروودی خوای لێ بێ" لەیەك کاتا خوا پەرست و گۆشەگیر و سیاسی و سەربازو فەرماندەر "قائد" و دواندەر "خطیب" و پزیشك "طبیب" و زانایەکی ئابووریی کۆمەڵایەتی و یاسایی و فلکی و ریاضی و مرشدو مربی و دادوەر "قاضی"و پێشەوا "امام"و پاشایەکی گەورە بووە هەروەك پێغەمبەرێکی خاوەن قرآن و پایە بەرزیش بووە کە وابوو دەریای گەورەیی و زانایی پێغەمبەر ئەمەندە فراوان و بێ پایانە ئەگەر هەزاران زانا و فیلسوف و هەڵکەوتووی جیهان هەیە داوێنی لێ هەڵکەن ئەم پەڕو ئەو پەڕی ناکەن.

چ بەڵگەیەك لەم بەڵگەیە گەورەترو بەهێزتر هەیە؟ لەسەر پێغەمبەرێتی ئەم پێغەمبەرە، نەخوێندەوارێکی جیهان نەدیدەی هەژاری، بێ پشتیوانی پێگەیشتوو لە دەشتی چۆڵی گەرمی عەرەبستانا لەناو هۆزێکی جانەوەری کێویی بت پەرستی بێ وێڵی بێ ڕەوشت و خووی خاوەن پڕوپووچا انقلابێکی وا بەسەر ئادەمی دا بێنی لە ماوەیەکی زۆر کەما، هەرچی باو "عادة"ی ئایینی و کۆمەڵایەتیی بەشی زۆری گەلانی سەر زەوی هەیە هەڵی گرێ، وە باوی ئایینی و کۆمەڵایەتی خۆی لە ناو دڵ و دەروونیانا بڕوێنێ و جێگیر بکات، وە بگات بەپایەی هەزار ملیۆن ئادەمی لە هەموو گۆشەو کەنارێکی سەر زەوییەوە شەو و ڕۆژی پێنج جار لە نوێژا ناوی بەرامبەر بەناوی خوا ببەن، وە شاهیدی لەسەر پێغەمبەرێتی بدەن، وە هەرچی زاناو فیلسوفی تێگەیشتووی بە انصاف هەیە لە کاتی ناوبردنیا سەری شەرم و حەیای بۆ دابنەوێنێ.

ان انکرت فئة ما فيك من شيم
فما بذی شيمة من ينكر الشيما

والسلام عليكم.

# شەوێکی بە ئێش و ئازار(١)

دەمەو ئێوارەیەك کوتوپڕ کورتە کەلەکەم دایە زریکەو چریکە، وام لێ هات کە زەوی بەچنگ هەڵکۆڵم، لەلایەکەوە شەوگار بەخۆی و لەشکرو بارەگایەوە، وەك لەشکری شەوەو مۆتەکە هات و خستی، خێوەتی ڕەش و تاریك و نووتەکی خۆی لێ هەڵدا، پەردەی ڕەشی ئاودامانی بەسەر هەموو شتێکا دادایەوە، دەرگای بەهەموو ماڵێك خاکرێز کرد، دەنگی سرپە و سرکە و چرپە و چرکە و تەقە و ڕەقەی لەجیهانا بڕی، ورتەی ئاوەدانی لەگوێدا نەهێشت، یاساوڵی سام و ئێشکچی ترس و بیمی لەسەر هەموو کوڵانێك دانا.

لەلایەکی تریشەوە مردن بەخۆی و گەڵ و گیپاڵیەوە بەرامبەرم وێستا، وە بەکەڵبەیەکی گڕو چنگێکی قژو چاوێکی خوارو خێچی بزو دڵ و دەروونێکی ڕەق و، وێنەو سەروگوێ لاکێکی ناشرینی تاڵی نالەباری بێ ئامانیەوە لەبەر دەمما هەر دوولنگی شۆڕ کردەوە، لە تاوانا ڕووناکی لەدڵما نەما، خۆشی بەجارێك باری کرد، ئەستوونی ئاوات تێکشکا، وە دامو دەزگای هیوا لەم پەڕ تا ئەو پەڕ پێچرایەوە، پەردەی ڕەش دادرایەوە، جوانی و خۆشی لە هیچ لایەکا نەما، هەر چیم ئەدی گرژو مۆن و تاڵ و ترش بوو، هەموو شت لەبەر چاوم ئاهو هەناسەی ساردو فرمێسك و ناڵەو فوغان و گریان بوو، لە ئاسمانەوە تا زەوی هەموو شتێك لە پێش چاوم ئێسکی قورس و ڕەزای گران و زەرەی تاڵ و دەنگی ناخۆش بوو، لە هەموو شتێك بێزار بووم، لە بینین لە قسەکردن لە قسەنەکردن، لە تاریکی لە ڕووناکی، تەنانەت خۆم لەخۆم وەڕس بووم، وە خۆم بە خۆم ئەوت: توخوا جیهان چییە؟ وەك لاکێکی تۆپیو وایە کە لە هەموو لایەکەوە سەگ پێی بوەڕێ، یا وەك مردارەوە بوویەك وایە کە لە هەموو لایەکەوە مێش و مەگەس تێی بورووکێ.

ژیان چییە؟ تاقە دڵۆپێکی شرینە لەناو دەریایەکی بێ پایانی تاڵ و تفتا. یا تۆزقاڵێك خۆشییەکی هیچ و پووچە لەناو هەزاران شەپۆڵ و گێژاوی داخ و زووخاو و خەم و خەفەت و دەردی سەریدا، بەڵکو بریقەیەکی ریبگی ڕەوان ″سراب″ە لەناو دەریایەکی خاك و خۆڵ و تەپوتۆزا. مەردومی چاو برسی نرخی داوە بە جیهان، بەڵام مردن بێ نرخی کردووە، وە پلەو پایەی داناوە بۆ دارایی و ناو و نیشان، بەڵام گۆڕی

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە ″٩″ی ساڵی (١) لە گۆڤاری ″ڕۆژی نوێ″دا بڵاو کراوەتەوە.

تەنگ و تاریك هەمووی یەكسان كردۆتەوە. ڕۆژگاری ناهەموار و گەردشی چەرخی كەچ ڕەفتارو چەرخی نالەبار لە زۆرو ستەم و دەستدرێژیی خۆی واز ناهێنێ تا گیان ئەگاتە سەری لووت، وە لە هەموو لایەكەوە نائومێد و بێ هیوات ئەكات ئینجا لە كونی دەرزییەوە ڕووناكییەكت بەدرۆ نیشان ئەدات، بەڵام نایەڵێ لەبەری دانیشیت تاخێرا لێت ئەكوژێنێتەوە جیهانت لێ ئەكات بە شەوە زەنگ.

ئازارەكەم بەرە بەرە زۆرتر بوو، منیش جیهانم لێ تاریكتر بوو، تەماشای ئەستێرەكانم ئەكرد وەك بە گوڵمێخ داكوترابن یا بە مێخ زنجیر بەسترابنەوە لەشوێنی خۆیان نە ئەجووڵان، دەستێكم لەسەر ئازارەكەم و دەستەكەی ترم بەئاسمانەوە بووە بۆ لای قاپی یەزدانی پاك، بەم ڕەنگە شەوگار كردی و من كردم تا بێ پەروا، وە بەدەم هاوارەوە ئەم نیو شیعرە فارسییەم خوێندەوە و وتم:

ای مرگ بیا كە زیندگی مارا كشت

واتە مردن وەرە زیندوویێتی كوشتمی.

بەڵام كاسە، كە پڕبوو ئەبێ بڕژێ، هەوری تاریك ئەبێ برەوێتەوە، بەفری بەسەریەكا كەوتوو ئەبێ بتوێتەوە، ڕۆژ كە ئاوابوو ئەبێ مانگ هەبێ، شەو كە هات ئەبێ شەبەقی بەری بەیانی بەدوادابێ، دەستووری باوی خوایە لە جیهانا لە دوای هەموو تەنگانەیەك نۆرەی خۆشییە وەك قورئان ئەفەرمووێ (فان مع العسر یسرا ان مع العسر یسرا) خێرا خوا دوو فریشتەی سەر زەوی بۆ ناردم (دكتور كامل حبوبی و دكتور كمال عبدالله ناجی) نەخۆشییەكەیان دۆزییەوەو چارەیان بۆ دانا، بەیانی ڕۆژم لێ بووەوە بەهەموو خۆشی و ڕووناكییەكەوە و بە هەموو ورشە و پرشە و بریسكە و تریسكەیەكەوە، بەهەموو جوانی و پڕتەوێكییەوە، كە تەماشام ئەكرد جیهان پێ ئەكەنێ، ژیان پێ ئەكەنێ، بەڵكو هەموو شت بەدەممەوە ئەخنێتەوە، وە بزەو زەردەخەنە ئەیگرێ، جیهان وەك باخچەی ڕازاوە وایە هەرچی كەم و كوڕیی و ناشیرینی بێ تیا نییە.

بەڵێ ژیان هەمووی خۆشییە بەڵام ناو بەناو وەك بەهارات ناخۆشیشی پێویستە، تا خۆشییەكەی دەركەوێ و قەدری بزانرێ.

جیهان وەك خوانێكی ڕەنگاو ڕەنگ وایە هەموو جۆرە خواردەمەنییەكی لەسەرە، یا وەك پێنج تارەی عود وایە هەر یەكەی جۆرە دەنگێكی هەیە، یەكێك ناسك، یەكێك گڕ، كە وابوو ئەگەر لە ژیان و جیهانا ناخۆشی ببێ مەردوم ئەبێ وەك فەیلەسووفێكی دەم بە پێكەنین وابێ، نەك فەیلەسووفی دەم بە هاوار و گریان.

## خۆشەویستی نیشتمان(١)

بەو جێگایە ئەڵێن کە ئادەمی تیا پەیدا ئەبێ، وە بە خواردن و خواردنەوەی گۆش ئەکرێ و گەورە ئەبێ، وە بە با و شەماڵی خۆشی ئەژی و ئەبووژێتەوە، وە بەزبانی ئەو شوێنە مەبەس و ئارەزووی خۆی بەجێ دێنێ، بەرەوشت و خووی بەهرەمەند ئەبێ و وێڵ ئەگرێ، وە لەوێدا فێری خوێندن و نووسین و زانین و خوێندەواری ئەبێ، وە بەسەیرانی گوڵ و گوڵزارو لالەزارو چەم و چیمەن و چڵ و چنوور و چیا و چنار و کانی و کارێز و تاڤگە و ڕەز و سەوزیی و باخ و دەشت و شاخییەوە کەیفخۆش و دڵ گوشاد ئەبێ، کەوابوو نیشتمان مایەی بوون و ژینە، لەدوای خوا هەر ئەوە خاوەن و ڕۆزیدەر و لەلە و مامۆستا و باوك و دایك و خزم و خوێش و کەس و برا.

ئەو نیشتمانە ئەو ئاو و گڵە
پشت ئەژنۆیە هەم جەرگ و دڵە
باوك و باپیرو براو کەس و خاڵ
لەو ڕێدا ڕۆیین گشت بوون بە زووخاڵ
مردن و ڕزیین گەڕان بەو خاکە
وطن باوك و دایك وطن هەم کاکە

کە وابوو هەرکەسێك کوڕی باوکی خۆی بێ، بە دڵ و بەگیان نیشتمانی خۆی خۆش ئەوێ وە هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ زیندوو بوونەوە و سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرز بوونەوە، وە نایەڵێ دوژمن دەستی بۆ درێژ کاو زیانی پێ بگەیەنێ.

ڕۆژو شەو بۆ پاسی نامووسی وطن ڕۆڵەی وطن
سنگ بە قەڵغان و سوپەر بۆ نووکی تیرو شیر ئەکا

مەل بەمەلیی خۆیەوە بەدەنووك جەنگ ئەکا لەسەر هێلانەکەی، وە تا بتوانێ نایەڵێ کەس دەستی بۆ درێژ کات و زیانی پێ بگەیەنێ، هەنگ بەچزووەکەی پاسی نیشتمانی خۆی ئەکات، وە هەر کەسێك دەست ببات بۆ کەلووی شانێکی پێوەی ئەدات، لەگەڵ

(١) ئەم پارچەیە لە کتێبی "فەلسەفەی ئایینی ئیسلام"ی شێخ محمدی خاڵ وەرگیراوە کە بە ڕەسمیی مساعدی کتێبی دینە بۆ پۆلی شەشەمی ئیبتدائی، وە لە ساڵی ١٩٣٧م دا نووسراوە، وە لە ساڵی ١٩٤٨دا لە چاپخانەی ژیان لە سلێمانی لە چاپدراوە.

ئەمیشە کە بەو پێوەدانە هەنگەکە خۆی ئەمرێ، کەوابوو هەنگەکان، بۆ پاسی نیشتمانی خۆیان، هۆردوویەکی جەنگاوەر، وە یەك بەیەك سەربازو پێشمەرگەن بۆ نیشتمانیان، لان کە بێشە و نیشتمانی شێرە، ئەگەر کەسێك نزیکی بکەوێتەوە، شێرەکە ئەی شکێنێتەوە، هەر بەم ڕەنگە هەموو گیانلەبەرێك وایە! چونکە هەموو نیشتمان پەرستن، کە وابوو ئادەمیی ئەبێ زۆرتر خۆشەویستیی نیشتمانی ببێ، چونکە لە هەموو گیانلەبەرێك ژیرترو بەبیرترو زاناترو داناترە.

بەسە بۆ خۆشەویستیی نیشتمان، گێڕانەوەی ئەم فەرمایشە لە دەم (پێغەمبەر)ە وە (حب الوطن من الایمان).

نیشتمانێك کە سوروشتی ئادەمیی و باو و باپیریان لە ئاو و گڵی ئەو بێ، وە گوزەران و ڕابواردن و خۆشییان بەسەر ئەوەوە بێ، وە گەورەیی و سەربەرزییان لەسایەی ئەوەوە بێ، لە پاشا هەر لەوێدا بمرن و ببنەوە بە خاکی نیشتمان، چۆن ئەبێ خۆیان نەکەن بە باڵا گەردانی، سینەیان بە قەڵغانی، سەریان بە قوربانی؟

هەر کەسێ بێ بیری گۆڕی باو و باپیری بێ
چۆن ئەبێ بێ پایە داریی نام و نەنگ هەولّی نەبێ؟

هەر وابووە هەر گەلێ لەڕێی نیشتمانیا درێغ و کۆتایی کردبێ، ڕیسواو ڕەزیل، زەبوون و دیل بووە، وە هەر گەلێکیش نیشتمان پەرست بووبێ، وە سەرو ماڵی خۆی بەخت کردبێ لە ڕێی پاسی ژیان و بەرزیی نیشتمانیا هەمیشە سەرخۆش و دڵ خۆش، وە ئازادو سەربەرز بووە! کەوا بوو پێویستە بۆ هێشتنەوەی ژیان و گیان، وە بۆ پاسی نام و نیشان، خۆشەویستی نیشتمان، وە بەسەرو ماڵ درێغ و کۆتاهی نەکردن لە ڕێی نیشتمانا.

# زانستگا

زانستگا "جامعه"-وەك من بزانم- دوو پیشەی زۆر گرنگی هەیە: یەكێكیان پیشەی زانین و ئەویتریان پیشەی ڕەوشت و خووی بەرز، ئەم دوو پیشەیە بەیەكەوە بەستراون، هەر كامێكیان كز بوو ئەویتریان كز، وە هەر كامێكیان بەهێز بوو ئەویتریان بەهێز ئەبێ.

مامۆستای زانستگا بەلای منەوە وەك خواپەرست "عابد" وایە، چۆن خواپەرست بۆ خوا لێ ئەبڕێ، وە لە خەڵوەتخانەكەیا هەر بە خواپەرستییەوە خەریك ئەبێ وە دەخڵی بەسەر هیچی ترەوە نابێ، مامۆستای زانستگاش ئەبێ وا لێ ببڕێ، وە هەر بەزانینەوە خەریك بێ.

یاخۆ بڵێین: خوا پەرست هەر نوێژو ڕۆژوو خوا پەرستی ئەكات، بەڵام مامۆستای زانستگا بەزانین و خزمەتی زانیاریشەوە خواپەرسی ئەكات.

خوا پەرست ئەگەر لە خشتە برا، وە كەوتە خولیای ناو و شۆرەت و دارایی كۆ كردنەوە، چۆن ئەبێ بەخوا پەرستێكی قەڵب، مامۆستای زانستگاش كە چاوی لە ناو و شۆرەت و دەوڵەمەندی و سەركەوتنی مانگانەكەی بوو، ئەبێ بە مامۆستایەكی قەڵب، ئینجا بۆ ئەوەی مامۆستای زانستگا نەكەوێتە ئەم خولیایانەوە، پێویستە لەسەر كۆمەڵەو دەوڵەت كە مایەی خۆشی و خۆشبەختییان بۆ جێبەجێ بكەن، تا هەرچی كاتیان هەیە بەختی بكەن لە ڕێی زانین و زانیاریدا.

مامۆستای زانستگا كە ئاوا بوو ئەو حەلە خۆی تەرخان ئەكات بۆ خزمەتی زانین و خزمەتی گەل لە ڕێی زانینەوە، وە هیچ ئاواتێكی لە ژیانا نابێ خزمەتی زانین نەبێ، زانین سەر مەشقی ژیان و خۆراكی جەستەو گیان و ئامانجی هەردوو جیهانی ئەبێ، بەڵكو زۆر جار لە خەویشا هەر بەمەسەلەیەكی زانینی "علمی"یەوە خەریك ئەبێ كە بیدۆزێتەوە، یا بە دەرس بیڵێتەوە.

جا لەبەر ئەمانە مامۆستای زانستگا لە هەموو كەس زیاتر پێویستە بەژیانێكی سەربەخۆی سەربەست، بەڵكو سەربەخۆیی مامۆستای زانستگا لە سەربەخۆیی سیاسیی بۆ ئەو پێویستترە، چونكە زانیین بەر نادات تا سەر بەخۆیی و سەربەستیی لەگەڵ نەبێ، وە زانا بە زانا ناژمێررێ تا ڕاست پەرست نەبێ، ئینجا كەیفی خۆیەتی

ئەوی ئەم بە ڕاستی ئەزانێ مەردوم پەسەندی بکەن یا نەیکەن.

دووان و دووان لە ژمارەدا ئەکاتە چوار، مامۆستای زانستگا نابێ لەبەر خاتری ئەم و ئەو بڵێ: ئەکاتە سێ، ئەمە ئەگەر لە هەر شتێکی ترا دروست بێ لە زانینا دروست نییە.

مامۆستای زانستگا ئەبێ وەك ئەستێرەی ئاسمان ڕێگا نیشان بدات بەهەموو کەسێك، بەبێ جیاوازی لە ناوەندی دۆست و دوژمن و بڕوادارو بێ بڕواو چاك و خراپا.

مامۆستای زانستگا بیرو باوەڕی زانینی خۆی نابێ بفرۆشێ بەپارەو دارایی، یا بەپیشەو پایە، یا بە هەموو جیهان، بەڵکو بە ژیانی خۆشی، زۆر لە زانایان ژیانی خۆیان داناوە، لەڕێی زانینا، وە لە پێناوی ئەو بیرو باوەڕەی کە بوویانە.

مامۆستای زانستگا ئەبێ خۆی سەرمەشقی زانین و زانیاری و ڕاستی و ڕاست پەرستی بێ، ئینجا ئەو حەلە هەموو لایەك بەچاوی ڕێز تەماشای ئەکەن، وە هەموو گێژەڵووکەیەکی ڕۆژگار لەو دوور ئەبێ.

مامۆستای زانستگا کە وا بوو، ئەو حەلە ڕۆژ بەڕۆژ زانستگاکەشی گەورە ئەبێ و بالا ئەکات لەبەر چاوی هەموو لایەك، وەك منالێك کە بەهۆی خواردنی پاك و هەوای پاکەوە گەورە ببێ، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەو حەلە وەك منالێك وائەبێ کە زل بنوێنێ بەهۆی کالای زۆرەوە کە تێوەی بپێچرێ.

ئەمە ڕێی مامۆستای زانستگایە، ئەگەر لەم ڕێیە لایدا ئەو حەلە مامۆستای زانستگا نییە، بەڵکو مامۆستایەکی بازرگان "تاجر"ە، ئەیەوێ بە زانینەکەی بازرگانی "تجارەت" بکات، بەڵام ئەوەندە هەیە هەر چێکو مامۆستاکەیە بازرگانی ئەکات بە زانینەکەی، وە هەرچێکو بازرگانەکەیە بازرگانی ئەکات بە کووتاڵەکەی.

ئینجا ئەگەر مامۆستای وابوو لە زانستگادا ئەوا ئەو زانستگایە سەر ئەکەوێ و پێش ئەکەوێ، چونکە ئەو مامۆستایە ئەبێ بە سەرمەشقی هەموو مامۆستاو قوتابییەکان، وە ئەبێ بە نموونەی خۆ بەختکردن و ڕەوشت و خووی بەرز.

مامۆستای زانستگا نابێ سەر بەهیچ لایەك بێ، بەڵکو ئەبێ هەر سەر بە زانین و ڕاستگۆیی و ڕاست پەرستی بێ.

مامۆستای زانستگا ئەبێ لە هەموو شت کلابێ، ئەو حەلە قوتابییەکانیش کلا ئەبن، وە ئەگەر شتێك ڕووی دا هەموو لەگەڵ مامۆستاکانیان ئەبن، چونکە گوێیان لە دەنگی دڵی مامۆستاکانیانە، وەك گوێیان لە دەنگی سەعاتەکەی دەستیانە، ڕەوشت و خووی خۆیان

ڕاست ئەکەنەوە لەبەر ڕەوشت و خووی مامۆستاکانیان، هەر وەك سەعاتەکانیان ڕاست ئەکەنەوە لەسەر سەعاتی زانستگاکەیان، بەڵام ئەگەر وانەبوو، وە بە پەنجەی ئەم و ئەو هەڵسووڕان ئەو حەلە ئەو زانستگایە وەك مرۆڤێك ئەبێ کە سەری لە زەوی و قاچی لە ئاسمان بێ، یا وەك ئەوە وا ئەبێ کە سەعاتەکەی زانستگا لەسەر سەعاتی کابرایەکی لاکۆڵان بەراورد بکرێ.

زانستگا بەرزترین خوێندنگایە لە جیهانا، لەبەر ئەوە لە هەر شارێکا بوو ئەبێ بە مایەی شانازیی دانیشتووەکانی، وە ئەبێ پڕ بە دڵ شەرمی لێ بکەن، من بەش بە حاڵی خۆم زانستگام ئەوەندە بەلاوە بەرز و بەڕێزە بەپێویستی ئەزانم کە دانیشتووی شارەکەمان لەمەولا گەلێ لە جاران مەردتر و پیاوتر و نازکتر و نەرم و شلتر بن، وە ڕەوشت و خوومان گەلێ لە جاران جوانتر و بەرزتر و شیرینتر بێ، وە هەرچی زبری و درشتی و قەبەیی بێ لەناومانا نەمێنی، ئیتر لەسەرخوا.

# مانگ گیران

خوای گەورە لە جیهانی ئێمەدا ڕۆژو مانگ و زەوی دروست کردووە، هەروەك نۆ ئەستێرەی گەڕۆکیشی لە گەڵا دروست کردوون وەك (عەتارد) و (زهرە) و (مەریخ) و (مشتەری) و (زوحەل) و (ئەورانووس) و (نیبتۆن) و (پلۆتۆ) و (ئێکس) کە ئەم نۆهەمە لە ساڵی ١٩٥٣ دا دۆزراوەتەوە، ئەم نۆ ئەستێرەیە لەگەڵ زەویدا بەگردی ڕۆژدا ئەسووڕێنەوە! چونکە زەویی دایکی مانگە و کچی ڕۆژە، واتە هەروەك مانگ چوار هەزارو پێنج سەد ملیۆن ساڵ لەمەوپێش لە زەوی پچڕاوەو جیا بۆتەوە، ڕۆژیش دە هەزار میلۆن ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ زەوی و نۆ ئەستێرەکانی تر یەك کۆمەڵە بوون و لەیەك پچڕاون، وەك قورئان ئەفەرمووێ: "أولم یر الذین کفروا ان السماوات والارض کانتا رتقا ففتقناهما" واتە ئەوانەی کە بێ بڕوان بۆ ورد نابنەوە کە زەوی و ئاسمانەکان هەموو یەك شت بوون و لەیەکمان پچڕاندوون.

ئەم ئەستێرە گەڕۆکانە هەموو ڕووناکی لە ڕۆژەوە وەرئەگرن، واتە تیشکی ڕۆژ کە لێی دان و هەتاوەکەی کەوتە سەریان، ئەو ئەستێرانە بە ڕووناك دەرئەکەون، وەك مانگ کە هەر ساتەی لایەکی ڕووی لە ڕۆژە، ئینجا ئەگەر ڕۆژو زەوی و مانگ کەوتنە سەر یەك تەوەرە "محور" ئەو حەلە زەوی ئەکەوێتە ناوەندی ڕۆژ و مانگەوە، وە سێبەر ئەکات لە مانگ، واتە مانگ ئەکەوێتە بەر سێبەری زەوی و ئەگیرێ، ئینجا سا یا ئەکەوێتە بەر سێبەری کەناری زەویی کە لەگەڵ تیشکی ڕۆژا تێکەڵە، ئەو حەلە بەسوور ئەگیرێت، وە یا ئەکەوێتە بەر سێبەری ناوەڕاستی زەوی، ئەو حەلە بەڕەش ئەگیرێت.

لەو حەلەدا کە مانگ بەسوور ئەگیرێ، زۆر جار سێبەری شاخە بەرزەکانی زەوی لەسەر ڕووی مانگ ئەبینرێ، وەك پەڵە هەورێکی بچووك کە بەسەر ڕووی مانگا بڕواو تێپەڕێت، واتە سێبەری شاخە بەرزەکانی سەرمانگ چۆن ئێمە لێرەوە ئەی بینین، لەو کاتانەشا سێبەری شاخە گەورەکانی سەر زەوی لەسەر ڕووی مانگ ئەبینین کە قورئان ئیشارە بۆ ئەم چەشمەندازە تایبەتییە ئەکات، ئەفەرمووێ: "وتری الجبال تحسبها جامدة وهي تمر مر السحاب، صنع اللـه الذی أتقن کل شیء" کەچی تۆ وا ئەزانیت کە شاخەکانی سەر زەوی وشك وێستاون، کەچی تۆ ئەیان بینیت کە وەك هەور ئەڕۆن، ئەمە دەستکردی ئەو خوایەیە کە هەموو شتێکی ڕێکوپێك دروست کردووە، وە دەستوورو

ڕژێمێکی زۆر جوانی بۆ داناوە.

ڕۆژ گیرانیش بەم جۆرە ئەبێ کە ڕۆژو مانگ و زەوی بکەونە سەر یەك کێڕ، وە مانگ لە محاقابێ، واتە ڕووی لای زەوی هەمووی تاریك، وە ڕووی لای ڕۆژی هەمووی ڕووناك بێت، ئەو حەلە قەبارەی مانگ بەری ڕۆژ ئەگرێت لە زەوی، وە ڕۆژ ئەگیرێ، بەڵام لەو حەلەدا ئەگەر ئادەمی لەسەر مانگ بێ، بۆ ئەوان زەوی ئەگیرێ، واتە مانگ سێبەر لە زەوی ئەکات، وە ڕووناکی زەوی ئەگیرێ لە مانگ، وە زەوی بەبێ ڕووناکی ئەمێنێتەوە.

کەواتە گیرانی ڕۆژو مانگ ڕێکەوتێکی تایبەتین، سا یازەوی بەری تیشکی ڕۆژ ئەگرێ لە مانگ، وە یا مانگ بەری تیشکی ڕۆژ ئەگرێ لە زەوی، ئیتر ئەمانە نە بەهۆی جنۆکەوە ئەگیرێن، وە نە ئەکەونە ناو چاڵ و دۆڵ و دەرەی ئاسمانەوە وەك بڵاوە لەناو ژنان و پیاوانی نەخوێندەوارانی دوور لە ئاوەدانی و خوێندەواران. وە زۆر نەنگ و شوورەییە لەم سەدەی بیستەمەدا بۆ گەلێکی وەك کورد کە بەهەزاران خوێندەواری بەرزی هەیە، وا بزانن کە مانگ و ڕۆژ بە هۆی جنۆکەوە ئەگیرێن، وە بە تەق و هووڕ بیان ترسێنن، تا دەوری مانگ و ڕۆژ بەر بدەن، ئەمڕۆ خوا ڕەوای بێنێ شارەکەمان شارێکی زانستگایی ″جامعی″وە شارێکی هاوینە هەوارییە، نزیك دە پانزە هەزار مامۆستای بەرزو قوتابی خوێندەواری بەرزی تیایە، هەروەك هاوینان پڕە لە میوانی دەرەوە، ئەوانەی ئەم تەق و هووڕە ئەکەن، چۆن شەرم ناکەن لەم خوێندەوارانە، وە لەم میوانە بەڕێزانە، ئەوانەی غەریبەن ئاخۆ چیمان پێ بڵێن، وە چەندمان پێ پێبکەنن.

ئەی شارە زیرەکە تێگەیشتووەکە، ئەی کەڵە وریا پێگەیشتووەکە زۆر نەنگ و بەدناوییە گەلانی تر دەستووری بوونەوەر ″کون″ بدۆزنەوە، وە بەپێی ئەو دەستوورە بچن بۆ سەر پشتی مانگ، کەچی ئێمەش تازە لەسەر زەوی لە بنکی تەشت و مەنجەڵ بدەین بۆ بەربوونی مانگ، ئەو نەنگەی کە شەوی شەممەی ڕابوردوو چەند تێنەگەیشتوویەك هێنایان بەسەر شارەکەمانا، تا ڕۆژی دوایی لاناچێ! چونکە ئەگونجێ یەکێك لەو مامۆستا غەریبانەی کە لە شارەکەمانا بوون کتێبێك بنووسێ، وە باسی ئەم تەق و هووڕە بکات ئەو حەلە تا جیهان بێ ئەو کتێبە ئەخوێنرێتەوە، وە بە هەزاران مەردوم پێمان پێ ئەکەنن.

***

ئەگێڕنەوە ئەڵێن ئەو ڕۆژەی کە ابراهیمی کوڕی پێغەمبەر مرد، بەڕێکەوت ڕۆژ گیرا، وە

بوو بە مقۆ مقۆ لە ناو موسڵمانەکانا، ئەیان وت: لەبەر مردنی ابراهیم ڕۆژ گیراوە، وە بەلایانەوە وابوو کە ئەوە معجزەیەکی خواییە، وە ئاسمان تەعزیەی گرتووە بۆ مردنی ابراهیم، پێغەمبەر "درووی خوای لێ بێ" کە ئەمەی بیست خێرا بە بلالی فەرموو کە بانگ بدات، دوای بانگ کە موسڵمانەکان هەموو کۆبوونەوە پێغەمبەر چووە سەر دوانگە "منبر"، لە دوای سوپاس و ستایشی خوا فەرمووی: ئەی مسڵمانینە "الشمس والقمر آيتان من آيات اللّه، لا تخسفان لموت احد ولا لحياته، فاذا رأيتم ذلك فافزعوا الى ذكر اللّه بالصلاة" واتە ئەی مسڵمانینە ڕۆژو مانگ دوو نیشانەن لەسەر تاك و تەنیایی خوا، نە بە مردنی کەس ئەگیرێن و نە بەژیانی، هەر حەلێ ئەمەتان دی ناوی خوا بەرن بە نوێژ کردن".

ئەم نوێژو پاڕانەوەیە بۆ ئەوەیە ئەگەر ترس و بیمێك ببێ لە دڵا نەمێنێ چونکە زۆر کەس پێی وایە کە ڕۆژ گیران و مانگ گیران ڕووی کردۆتە ئادەمی، جا بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێ نوێژێکی بۆ داناوە، تا تۆ لەو نوێژە ئەبیتەوە ئەویش بەر ئەبێت.

بەڕاستی هەرچی فەلاسفەو زانایانی جیهان هەیە بە خوێندنەوەی ئەم ڕووداوە سەری شەرم، شکۆە دائەنەوێنن لەبەر بارەگای گەورەیی و بڵندی پێغەمبەرا، وە هەموو دان ئەنێن بەڕاستی و ڕاستگۆیی پێغەمبەر! چونکە ئەگەر پیاوێکی ڕاستگۆی حەق پەرست نەبوایە ئەم ڕووداوەی بەملیۆن ئەکرێ، وە بۆ ئەو ڕۆژە بەهرەیەکی زۆر گەورەی لێ وەرئەگرت، بەڵام لەمەوە دەرئەکەوێ کە ئەم پێغەمبەرە، پیاوێکی زۆر ڕاستگۆی ڕاست پەرست، وە خێر خواهی کۆمەڵی ئادەمی بووە، وە هەرچی ئارەزووی خۆیی بێ نەی بووە، کەوا لەو کاتە تەنگ و چەڵەمەیەدا، لەگەڵ بیستی کە موسڵمانەکان باش تێنەگەیشتوون، خێرا هێنانییەوە سەر ڕێی ڕاست، وە چەند وتارێکی تیا فەرموو کە تا جیهان بێ، چلۆسك "مشعل"ی سەر ڕێگا بێ بۆ ڕاستگۆیان و خێر خواهانی ئادەمی.

***

ئەم تەقە کردن و لەبنکی مەنجەڵ دانە بۆ گرتنی مانگ لە زۆر کۆنەوە هەیە، ئەگێڕنەوە کە زانایەکی ئەستێرە شناس بووە لە زۆر کۆنا، یەکەم جار بڵاوی ئەکاتەوە کە لە فلان شەوا مانگ ئەگیرێ، ئەو دەنگوباسە بە پاشای وەخت ئەگاتەوە، ئەویش عەقڵی نای برێ کە شتی وا پێشەکی بزانرێ، ئەنێرێ بەشوێن زاناکەدا و پێی ئەڵێت ئەگەر ئەم مانگە لەو شەوەدا نەگیرا من تۆ ئەکوژم، وە ئەگەر گیراش ئەوا خەڵاتێکی باشت ئەکەم، ئەو شەوەی کە زاناکە دەستنیشانی کردبوو، مانگەکەی تیا ئەگیرێ، بەڵام لەو حەلەدا پاشا لەخەوا

ئەبێ، وە کەسیش ناوێرێ خەبەری بکاتەوە، ناچار زاناکە خەڵقێکی زۆر ئەهێنێ لە نزیک ماڵی پاشاوە دەست ئەکەن بە تەق و هوورو لە بنکی تەشت و مەنجەڵ دان تا پاشا خەبەری بێتەوە، وە بە چاوی خۆی بیبینێ، ئیتر لەو ساتەوە ئەم تەق و هوورە بووە بە باو لەم ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستەدا تەنانەت لە شیعری شاعیرەکانی ئێرانا زۆر جار ناو براوە، وە هەریەکەی بەجۆرێك، وە هەر کەسەی بۆ شتێك ناوی بردووە.

ئەگێڕنەوە کە کابرایەکی ئێرانی هەتیو باز، ڕێی ئەکەوێتە گوزەرێکی گەورەی مزگەرەوە، کە لەسەد لاوە چەکوشکاریی تیا ئەکرێ، وە تەشت و مەنجەڵ و سینی و لەگەن ئەڕەقێننەوە، کابرای شاعیر لە دوکانێك لەو گوزەرەدا چاوی بە شاگردێکی سادەی جوان ئەکەوێ، کە خەڵووز لە دەموچاوی نیشتووە، خێرا شیعرێکی فارسی بەسەرا هەڵ ئەدا، وە تەشبیهی دەموچاوی ئەو کوڕە ئەکات بە مانگی چواردە کە بە تۆزی خەڵووز گیراوە، وە ئەم هەموو تەقو هووڕی تەشت و مەنجەڵەش کە بە چەکوش لێی ئەدەن گۆیا لەبەر گرتنی مانگی ڕوخساری ئەو کوڕەیە ئەڵێ:

بەروی بەچەی مزگەر نشستە گەردی زخال
صدای مس بە فلك میرسد کە ماە گرفت

واتە تۆزی خەڵووز کەوتۆتە سەر ڕوخساری شاگردی مزگەر، دەنگی مسیش ئەگاتە ئاسمان کەوا مانگ گیراوە.

بەڵام ئەمڕۆ بە هەمە حاڵ ڕۆژی ئەم بیرو باوەڕە هیچ و پووچانە نەماوە، هەروەك ڕۆژی ئەم جۆرە شیعرانەش نەماوە، ئەگەر ڕاستتان ئەوێ ئەمڕۆ ڕۆژی زانین و زانستی و خوێندن و خوێندەوارییە و بەس.

# چلەی پیرەمێرد

داخی گرانم تا دوێنێ بوو، هەر کەسێك بمردایەو کۆچی دوایی بکردایە، پیرە مێرد بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی، وە بە شیعرە شیرینەکەی، لە ڕۆژنامە جوانەکەی "ژین" یا بۆی ئەلاوانەوە، وە بەپەخشان و هۆنراوە "نثرو نظم" شینی بۆ ئەنووسیی، کەچی ئەمڕۆ ئێمە –داخی بە جەرگم– ئەو ئەلاوێنینەوەو شینی بۆ ئەکەین، فرمێسکی بۆ هەڵئەڕێژین.

بەڵێ: ئەمە دەستوورو باوی جیهانە، هەر گوڵێك دەم بداتەوەو بگەشێتەوە، ئەبێ لە پاشا سیس ببێ و هەڵبوەرێ، وە هەر ئەستێرەو مانگ و ڕۆژێك بەجوانی هەڵبێ، ئەبێ لە پاشا بەڕەنگ زەردی ئاوابێ، ئەمە ڕێگایەکی ناچارییە لە جیهانا بۆ هەموو شتێك، واتە هەرچی لە دەرگای بوونەوە هاتە ژوورەوە، ئەبێ لە دەرگای نەبوونینەوە بچێتە دەرەوە، هەروەك مەولەوی ئەڵێ:

خەم بیم یانی های پێم مەدۆ خەبەر
جە دەرگای هەستیی تشریف بەر وە بەر

بەڵێ هەموو کەسێك ئەمرێ و ئەکرێ بەژێر خاکەوە، وە ئەچێتەوە پەردەی نەبوون، بەڵام خۆشی و خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە بەکردارو گوفتارو ڕەفتاری چاك ناوێکی پاك و کردەوەیەکی چاك بە یادگار بۆ خۆی بەجێ دێڵێ، هەزار ڕەحمەت لە شاعیری بە ناوبانگ حاجی قادری کۆیی کە ئەڵێ:

مەرگ و ژین مثلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

بەڵێ پیرەمێرد سییس بوو، وە هەڵوەری، بەڵام ناوی شاعیری بەئاسمانی شیعرو وێژەوە. وەك ڕۆژ ئەدرەوشێتەوە، پیرە مێرد مردو کۆچی دوایی کرد، بەڵام شیعرەکانی بووە بە وردی زبانان و هەمیشە ئەخوێنرێتەوە.

شیعرەکانی پیرەمێرد وەك دەرمان، دڵی بریندار چاك ئەکاتەوە، یا وەك ئاوی ژیان مردوو زیندوو ئەکاتەوە، ئەگەر ڕاستت ئەوێ پیرەمێرد وەك مەکینەی وێنە گرتن بە شیعری ڕەنگینی خۆی وێنەی گەلێ چەشمەندازی ڕەنگاو ڕەنگی کوردستانی بۆ گرتووین، هەروەك داستانی گەلێ بەسەرهاتی گەلەکەمانیشی بۆ نووسیوین، وە لە دوای خۆی بە یادگاری بۆی بەجێ هێشتووین.

پیرەمێرد تاقانە شاعیرێکی کوردە کە بیری بەرز و مەبەستی وردی قووڵی ئێجگار زۆرە، پیرەمێرد مەبەستی بەرز لە ئاسمانی ڕەوانبێژییەوە، وەك عنقا ڕاو ئەکات و ئەی هێنێتەوە خوارەوە بۆ ناو قەفەزی وتاری ڕەنگینی خۆی.

پیرەمێرد تاقانە شاعیرێکی کوردەوارییە کە هەوڵی داوە، کە هەر بە کوردی پەتی بنووسێ، وە تا بتوانێ وتەی بێگانە بەکار نەهێنێ، یەکێك ئەگەر بە چاوێکی ورد بوونەوە تەماشای ئەو شیعرانەی بکات کە لە ژێر عنوانی: (مــن و ئەستێرەکان)دا وتوویەتی بە کوردییەکی پەتی وا کە ئەڵێی ئاوی ڕەوانە، سەری سووڕ ئەمێنێ لەو قسە شیرینانە کە لەو بەرگ و کاڵا جوانە ڕەنگینانەدا نیشانی داوە.

لە دوای حاجی قادری کۆیی یەکەم شاعیرێك کە بە شیعری نیشتمانی بانگی دابێ بە گوێچکەی کوردەواریدا پیرەمێرد بەڕاستی شیعرە نیشتمانییەکانی لەوانەن ئەگەر بەسەر مردووی قەبرستانا بخوێنرێتەوە زیندووی بکاتەوە.

کوڕم ئەوێ کە بتوانێ (شینی شەهیدەکان)ی بخوێنێتەوە، بەڕاستی شینی یەکەم و دووهەمی پارچە ئاگرێکە بۆ خۆی کە لە کوورەی دڵێکی ئاگرینەوە هاتووەتە دەرەوە، بۆیە کوتوپڕی ئەچزێ بە پەڕەی دڵی هەموو کوردێکا کە بیخوێنێتەوە.

پیرەمێرد لە پاش ئەوەی کە لە ئەستەمبووڵ گەڕایەوە، تێگەیشت کە وێژەی کوردی داستانی لاساییکردنەوە "تمثیل"ی وای نییە کە بەکاری شانووی لاسایی کردنەوە بێ، وە لەم ڕووەوە زمانی کوردی ناتەواو، وە لە دوای زبانە زیندووەکانی ترەوەیە، وە بەڵکو لەم ڕووەوە لە دوای زمانی کوردی زازاشەوەیە ئینجا بۆ لابردنی ئەم کەم و کووڕییە، هات داستانی (مەم و زین)ی (أحمدی خانی)– کە بەکوردیی زازا نووسراوە– کردی بە کوردیی سلێمانی، وە بە پەخشان و هۆنراوە نووسی، وە بە شەش پەردە تەواوی کرد.

هەروەها داستانی (دوانزە سوارەی مەریوان) و (محمود ئاغا شیوە کەڵ)یشی نووسی، کە هەردووکیان دوو داستانی ئازایی و قارەمانی کورد نیشان ئەدەن، وە پیرەمێرد لە ژیانی خۆیا ئەمانەی لەسەر شانۆ بۆ کرا بەلاساییکردنەوە، وە بەچاو پێکەوتنی چاوی ڕوون بووەوە.

پیرەمێرد کەلەپوورێکی شیعرو وێژەی کوردی وای بۆ بەجێ هێشتووین کە لە هەموو کاتێکا، وە لە هەموو شوێنێکا شانازی پێوە بکەین.

پەندی پێشینانی پیرەمێرد– کە چوار پێنج هەزار شیعرە، دەفتەر "سجل"ێکی پەندو

ئامۆژگاریی زۆر بەرزە، هەروەك ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین) دەفتەرێکی زۆر جوانی بەسەرهاتی بیست و پێنج ساڵی لیوای سلێمانی و کوردستانی عیراقە.

پیرەمێرد ئەوەندەی کە لە کوردیدا شاعیرو خاوەن قەڵەمە، ئەمەندەش لە فارسی و تورکیدا شاعیر و نووسەر و بەهرەمەند و خاوەن بیری بەرزە، خوا ئەیزانیٚ پارچە هۆنراوە و پەخشانی وای هەیە لە فارسی و تورکیدا کە مایەی شانازی گەلی تورك و فارسە.

هیوادارین بە هیمەتی مەردانەی کەس و کارە خۆشەویستەکانی کە زۆر زوو دەست بکەن بەکۆکردنەوەی شیعرەکانی و لەچاپدانی دیوانەکەی، تا هەموو کەس تێکڕا لێی بەهرەمەند ببیٚ.

لەخوام ئەویٚ پاداشی پیرەمێرد بداتەوە بەپێی ئەو خزمەتەی کە دەربارەی زبانی کوردی کردوویەتی، وە یارمەتی کەس و کارەکانیشی بدا کە هەموو نووسراوەکانی کۆ بکەنەوە، وە بەجوانی و قەشەنگی پێشکەشی گەلە هەژارەکەی بکەن.

# زانین[1]

زانین سنوور و پایانێك، وە ئەندازەو بڕانەوەیەكی نییە، وە بیری ئادەمی هەرگیز ناتوانێ بەگردی زانینا بگەڕێت، وە ئەم پەڕو ئەو پەڕی بكات، ئەوەتی جیهان جیهانە هەر قرآن زانیویەتی باسی گەورەیی و بێ پایانیی زانین بكات، كە ئەفەرموویێت: (ولو أن ما في الأرض من شجرة اقلام والبحر يمده من بعده سبعة أبحر ما نفدت كلمات اللّه) واتە ئەگەر هەرچی دارو درەختی سەرزەوی هەیە هەمووی قەڵەم بێت، وە هەرچی دەریای جیهان هەیە بە حەوت ئەوەندەی ترەوە مەرەكەب بێت، (وە بەو هەموو قەڵەم و مەرەكەبە زانین و زانستی و نهێنی جیهانی پێ بنووسرێت) نابڕێتەوەو دوایی نایەت.

یەكێك ئەگەر زۆر باش ورد ببێتەوە تێ ئەگات كە پاشای بەڕاستی لە جیهانا هەر زانینە وە بەبێ زانین نە پاشایەك لە جیهانا بووەو نە هەیە و نە ئەبێت.

مەردوم ئەگەر باش ورد ببێتەوە لە فاتحینی كلدانی وەك (سمیرامیس)و ئەوانیكەی تر كە بەدوایا دێن– كە تا سنووری "تاتار"و "هیندستان"یان گرت– تێئەگەن كە ئەو هەڵكەوتووی سەركەوتووانە كلدانی نەبوون، بەڵكو علم و زانین بووە، كە بە پێی ئەو ڕۆژە لە دەوڵەتانی تر زاناتر و داناتر بوون.

مصرییەكان كە خاكی خۆیان پان و پۆڕ و گەورە و فراوان كرد، وە (رام سیس)ی دووهەم تا هیندستانی گرت، ئەوانە مصری نەبوون، بەڵكو علم و زانین بووە، كە لەو ڕۆژەدا ئەوان لە هەموو گەلێك زیاتر خۆیانیان پێی ئارایش داوە.

فینیقییەكان كە بەرەبەرە بە كەشتی پچكۆلە پچكۆلە هەموو خاكی یۆنان و اسپانیاو پرتەگالیان گرت، وە پیت و بەرەكەتیان لێ ئەهێنانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەوان فینیقی نەبوون، بەڵكو علم و زانین بووە، كە بەم ڕەنگە دەسەڵات و تەوانایی خۆی نیشان داوە.

أسكندر هەرگیز لە یۆنانەوە بۆ هیندستان نەهاتووەو هیندی نەگرتووە، بەڵكو ئەوی هیندستانی گرت علم و زانین بوو.

---

(١) ئەم وتارە بڵاو كراوەتەوە لە ژمارە (١)ی ساڵی (٩) لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا وە بەشی زۆری لە وتارێكی سەید جەمال الدینی ئەفغانی وەرگیراوە كە بەفارسی نووسیویەتی.

هۆڵندەیەکی شەش ملیۆنی هەرگیز بە هێزی بازووی خۆی درگەکانی هیندی ڕۆژ هەڵاتی ″جزائری هیندی شرقی″ –کە حەفتا ملیۆنە– نەیگرتووە، بەڵکو علم و زانین گرتوویەتی و دیلی ژێر دەستی خۆی کردووە.

جوولەکەی پەراگەندەی جیهان، بەجوولەکەیی خۆیانەوە ئەمڕۆ کە لەناو جەرگەی عەرەب و موسڵمانانا (فلسطین) داگیر ئەکەن، وە بەیداخی خۆیانی لەسەر هەڵ ئەدەن، بەئازایی و جەنگاوەریی خۆیانەوە نییە، بەڵکو بەعلم و زانینە، کەوا هەموو دەوڵەتە گەورەکانی جیهانیان وا لێ کردووە کە دان بنێن بەبوون و سەربەخۆییان لە فلسطینا.

ئینگلیز کە بە هەموو جیهانا دەستی درێژ کردووەو پەل و پۆی هاوێشتووە وە هەرگیز ڕۆژ لەسەر بەیداخی ئاوا نابێت، بە ئازایی و جەنگاوەریی و زۆری بازووی خۆی نییە، بەڵکو بەعلم و زانینە، کە هەموو کاتێك، وە لە هەموو شوێنێك گەورەیی و دەستدرێژیی خۆی نیشان ئەدات، وە نادانی هیچ چارەیەکی نەدۆزیوەتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە سەری خۆی کز کات لەبەر دەمی پاشایەکی دەستداری بە دەسەڵاتی وەك علم و زانینا، وە هەمیشە بەندەیی و نۆکەریی خۆی بکات.

هەر لە سایەی علم و زانین بوو کە دەستەی أوروپا
ئەم فضایەی بینی ارض و ئاسمانی شینی گرت

کە وابوو لە سەرەتای جیهانەوە تا ئەمڕۆ هیچ پاشایەك لە سنووری علم و زانین دەرنەچووە، بەڵام ئەم پاشای بەڕاستییە، وە ئەم خواوەندی سەرزەوییە –کە زانینە– هەر دەمێ پایەختەکەی خۆی لەلایەك دائەکوتێت، دەمێ لە ڕۆژ هەڵاتەوە ئەیبات بۆ ڕۆژ ئاوا، دەمێ لە ڕۆژ ئاواوە ئەیبات بۆ ڕۆژ هەڵات.

هەر علم و زانینە کە وا ئادەمیی گەیاندە مانگ، وە بە دەوریا سووڕایەوە ڕەسمی لە هەموو لایەکەوە گرت، وە بەیداخی لەسەر هەڵدا.

هەر زانینە کە سەد تەن ئاسن و زەلام ئەفڕێنێ بەئاسمانا، وە هەزار میل لە سەعاتێکا ئەبڕێ.

هەر زانینە کە کەشتی سێ سەد هەزار تەنیی وەك فڕفڕۆکە ئەسووڕێنێتەوە بەسەر دەریادا، وە لە چەن ڕۆژێکی کەما چەرخەیەکی زەوی ئەکات.

هەر زانینە کە ڕێگای ئاسنی وەك تانوپۆ ڕاکێشاوە لەم پەڕی جیهانەوە بۆ ئەو پەڕی جیهان، وە شارێکی بەسەرا ڕائەکێشێت.

هەر زانینە کە شەوی تاریکی سەر زەویی بە کارەبا ڕووناك کردۆتەوە، وە کردوویەتی بەچرا خان.

هەر زانینە کە بەهۆی کارەباوە گەرمیان ئەکات بە کوێستان و کوێستان ئەکات بە گەرمیان.

هەر زانینە کە بەرهەڵستی (ماجینۆ)و (سیغفرید)ی بڕیی و تواندییەوە.

هەر زانینە کە بەهۆی رادیۆوە هەموو جیهانی کردووە بەیەك قوتابخانە، وە هەموو ئادەمیشی کردووە، بە قوتابی ئەو قوتابخانەیە، بەڕەنگێکی وا ئەگەر لەو پەڕی جیهانەوە قسەیەك بکرێت لەم پەڕی جیهانەوە ئەی بیسیت.

هەر زانینە کە لەگەڵیٚ لاوە دەریای کردووە بە زەوی و زەوی کردووە بەدەریا.

هەر زانینە کە وەك مەمکی دایك، نەوت و خوێنی ڕەشی زەوی ئەمژیٚ، وە زێڕو زیوو هەموو جۆرەکانی تری لیٚ دەردەهێنێت.

هەر زانینە کەوا یەکسەر هەموو جیهانی کرد بە بازاڕی خۆی، وە هەرچییەکی ببێت وەك مەزاتخانە تیا هەڕاج ئەکات و ئەی فرۆشێت.

هەر زانینە کەوا گەلێکی کردووە بەخاوەن ئاغاو گەلێکی کردووە بەنۆکەرو خزمەتکار، هەزار ڕەحمەت لەو شاعیرەمان کە دەڵێت:

علمە اسبابی ترقی قوم و سەربەرزیی بشر
علمە ڕووناکیی ژیان و لابەری جهل و کدر
علمە حەربەی انتقام و آیتی فتح و ظفر
علمە مایەی زیندەگانی بەرزو خۆش بەختی و هونەر

ئەگەر زۆر باش ورد ببینەوە تیٚ ئەگەین کە هەرچی دەوڵەت و دارایی هەیە لە جیهانا هەمووی بەری زانینە، چونکە هەمووی دەستکەوتی پیشەو بازرگانی و کشتوکاڵە، ئەمانەش دەست ناکەون بەبیٚ زانینی علمی زراعەت و ملاحەت و ژمارە "حساب"و ئەندازە "هندسە"و ڕاکێشانی قورسایی "جر الاثقال".

کە وابوو ئاشکراو نمایان بوو کە هەرچی دارایی و دەستکەوتێك هەیە هەمووی بەری زانین و علمە، وە دەوڵەت نییە بەبیٚ زانین، وە دەوڵەمەندیی نەبووە و نابێت بەبیٚ زانین، خولاسە ئەم جیهانە جیهانی پیشەو صنعەتە، وە جیهانی علم و زانینە، ئەگەر زانین نەمێنیٚ لە ئارادا ئادەمی نامێنیٚ لە جیهانا.

که وابوو زانینی تاقە کەسێك بەرانبەری هێزو تەوانایی دە کەس سەد کەس و، هەزار کەس و، دە هەزار کەس و، سەد هەزار کەسە، هەر لەبەر ئەمانەی پێشووە کەوا خوا لە قورئانا لە سەد شوێن ناوی علم و زانین ئەبات، وە لەهەر شوێنەی بەجۆرێك هانە هانەی مەردومی لەسەر ئەدات:

دەمێ سوێند ئەخوات بە قەڵەم و مەرەکەب نووسین و ئەفەرمووێت (ن. والقلم وما یسطرون) واتە سوێند بەمەرەکەب و قەڵەم و نووسین.

دەمێ ئەفەرمووێت "هل یستوی الذین یعلمون والذین لایعلمون" واتە ئایا خوێندەوارو نەخوێندەوار وەك یەکن؟! واتە نەخێر.

دەمێ پایەی خوێندەوار بەرز ئەکاتەوەو ئەیکات بە سێهەمی خواو فریشتە، وە ئەفەرموێت (شهد اللّه أنه لا اله الا هو والملائکة والو العلم قائما بالقسط) واتە خواو فریشتەو خوێندەوارانی بەرز شاهیدیی ئەدەن لەسەر تاك و تەنهایی خوا.

دەمێ بە پێغەمبەر ئەفەرمووێت: (وقل رب زدنی علما) واتە بڵێ: خوایە علم و زانینم زۆر کەیت.

لە شوێنانی ئاوەدانی خوا پێداو، بە قەد ئەستێرەی ئاسمان خوێندەوارو پێشەواو بزانی تیایە، وە هەر کۆمەڵەی لە جۆرە زانینێکا پسپۆڕو هەڵکەوتووە، وە هەریەکە وەك پێغەمبەرێك ناوچەیەك ڕووناك ئەکاتەوە، وە کۆمەڵێك پەروەردەو پەروەرش ئەکات، بە پەروەردە کردنێکی ڕاست و دروست، وە بەڕەنگێکی وا کە ببن بە پیاوی پاشە ڕۆژو ئەندامێکی بەهێزو بە کەلك بۆ کۆمەڵەو گەل، خوا نەکات مامۆستایەك لە چوارچێوەی دەرسەکەی خۆی بچێتە دەرەوە، یا دەست بەرێ بۆ بیرو باوەڕی قوتابییەك، یا ناوی یەکێك یا لایەك بەرێت، یا دەخلی بەسەر شتێکی ترەوە ببێت.

پێویستە بزانین کە مەبەست لە پێشەواو خوێندەوارو ئەو زانا بەزرانەن کە زانین و خوێندەوارییان وەك ڕۆژ درەخشان و، وەك مانگ پەخشان بێت، وە لەگەڵ هەڵات لە ئاسۆی ژیریی و بیری بەرزی ئەو زانایانەوە، بەجارێك مێشك و دڵ و دەروونی گەلەکەمان ڕووناك بکاتەوە بە ڕەنگێکی وا کە هەموو لایەکیان چاکی و، سوودو زیانی دین یا دنیای بۆ ڕووناك بکاتەوە، وە مەبەست لە مامۆستاو خوێندەوار ئەوانەن کە بەکرداری ڕەنگینی خۆیان، ئەندامی پەراگەندەی کۆمەڵە بنووسێنن بەیەکەوە، وە بە گوفتاری شیرینی دڵی دڵ مردووان زیندوو، وە برینی دڵ برینداران چاك بکەنەوە، وە

بەڕەوشت و خووی بەرزیان ڕێگای خۆشی و خۆشبەختیی کۆمەڵە ڕووناك، وە بە پەندو ئامۆژگاریی جوانیان دەروونی چڵکنی پیسیان پاك بکەنەوە.

مەبەست لە خوێندەواریی کۆمەڵە ئەمانەن، نەك ئەو پێشەوایانەن کە لە ژێر خێوەتی خرافات و پڕو پووچا چوار مەشقی لێی دانیشتوون، وە بە شتی پڕوپووچەوە خەریکن، یا وەك کوندە بەبوو لە گۆشەیەکی تاریك و نووتەکی وێرانا بووسە ئەخۆن، وە ناو بەناو های و هووی و گرمەو نرکەیەك لە سنگیانەوە دێت، وە بەنەرمانی جیهان و، وێران بوونی ئاسمان و زەوی موژدە ئەدەن، خۆیان کوێرن کەچی ئەیانەوێ ببن بە چاوساغی کۆمەڵە، خۆیان گومڕان کەچی بەڕەهبەر، خۆیان ئەدەنە قەڵەم.

مەبەست لە مامۆستا ئەوانەی پێشوون کە باسمان کردن، نەك ئەو خوێندەوارانەن کە هەمیشە بەڕەفتاری ناشیرینی ناپەسەند لاسایی هەرزەو سەرسەرییەکانی ڕۆژ ئاوا ئەکەنەوە، وە هەر ڕۆژەی بە بیرو باوەڕێکەوە دێنە پێشەوە، وەك گوڵە بەڕۆژە دەمێ ڕوویان لە ڕۆژهەڵات و دەمێ ڕوویان لە ڕۆژئاوایە، یا وەك مام گورگ دەمێ قوڕە سوور لە خۆیان هەڵ ئەسوون و دەمێ قوڕە ڕەش، ئەمانەش هەمووی هەر بۆ خواردنی تیتلەو بیبلەکانە، خولاسە هەر ڕۆژێك چی باوبێ ئەوان ئەوەن، وە هەمیشە جەنگ و بەربەرەکانێ ئەکەن لەگەڵ گیانی پاك و ڕەوشت و خووی بەرز و جوانی باو باپیرو پێشینانیان، وە بەبێ ئاگاداریی ڕیشەی درەختی هیوای خۆیان و گەلیان دەردێنن لەبن، وە گەورەترین خزمەت ئەکەن بە بێگانەی زۆرداری ستەمکار، هەی خاکمان بەسەر بۆ خۆمان و پێشەواو خوێندەوارو مامۆستاو تێگەیشتووانمان!!!، ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەمانە زاناو خوێندەواریان پێ ناڵێن، بەڵکو نیشانەی بەندی و دیلین، وە پێشڕەوی مردن و وێرانین.

# مەشکەڕەش(١)

دەردێکی زۆر کوشندەو خراپمان تووش بووە، کە ئەویش دەردی مەشکە ڕەشە، جاران لەم ڕووەوە هەر تەمەڵ و تەوەزەل و ئیش نەکەرو تەکیە نشینەکان بەدناو بوون، کە لەبەر هەژاری و بێ کاری چاویان بڕیبووە خواردن، وە شێخ ڕەزای تاڵەبانیش پێی ئەوتن:

ئەم تەکیە نشینانە چ سۆفی و چ دەروێش

بۆ مەشکە ڕەشە هەرچی ئەکەن تالبی قووتن

بەڵام ئێستا هەرچی تۆ ملی ئەگریت، سکی ئەڵێی دەفی تەکیەیە، بە هیچ پڕ نابێتەوە. هیچ مەبەستێکی نییە لە ژیاندا، تەنیا مەشکە ڕەش نەبێت، ئەتوانم بڵێم زۆر کەس وا دەزانێت کە ئەبێ بژی بۆ ئەوەی بخوات، نەك بخوات بۆ ئەوەی بژی، هەروەك ئامانجمان لە ژیانا هەر خواردن بێت وایە، ساڵ دوانزە مانگە هەموو بیرو هۆشمان هەر بەلای خواردنەوەیە، لە ماڵا هەر قسە لە خواردنە، لە دەرەوە هەر قسە لە خواردنە، ئەگەر باسێکی وێژە یا مێژوو یا هەر زانیارییەك بێتە پێشەوە، دانیشتووان هەموو لووت ئەکەن بەولاوە، وە بەئاشکرا ئەڵێن دوو قسەی قوڕ لەمە خۆشترە، دیارە قسە قوڕەکەش هەر باسی مەشکە ڕەشە.

هەر چێکمان دەست ئەکەوێت هەمووی ئەدەین بە خواردن بۆ مەشکە ڕەش، بەڕاستی مەشکە ڕەش پارەو پووڵی بەدەستەوە نەهێشتین، ماڵێکی دوو سێ سەر خێزانی کیلۆیەك گۆشت و دوو کیلۆ برنج ئەخۆن بە مەنجەڵێك شلەوە، بەڵام ئەبێ قوبووڵیەکەش ئەمەندە چەور بێ، بەشی چێشتێك ڕون لەبنکی مەنجەڵەکەدا بمێنێتەوە، وە شلەکەش پەنجەیەك ڕوونی بەسەرەوە بێت، بەشی زۆر خواردنی شاری سولەیمانی قوبووڵیی نێرگسیی گوێسوانە دارە بە بامێ وە، یا قوبووڵیی بەترشە بە گۆشتی سوێر خوێ و چێشتی باینجانەوە، یا قوبووڵی بە تەماتەیە بە پەتاتەوە، یا پەردە پڵاوە بە فاسۆلیاوە. یا قوبووڵی ساوەر و قەرە خەرمانێکە کە لەناو ڕۆنا چەکەرەی هەڵ هێنابێ، بە کشمیش و پیازاوەوە، یا کفتەی ناودارو یاپراخی ڕەنگاو ڕەنگە، گیپە کەشکەك و دۆکەشك و ڕۆنی مەڕ پەزێری پایزانت بیرنەچێتەوە، کە حەفتەیەك لەسەریەك کەرەسەی بۆ ئەخەن و لەگەڵیا خەریك ئەبن.

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"ی ساڵی یەکەم بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆژێك ئەگەر بمانەوێ شتێکی سووك بخۆین، ئەو ڕۆژە هێلکەو قاورمە، یا خورماو ڕۆنی نێرگسی، یا هێلکەو کەرە، یا شلکێنەو کەلانە، یا سیپال بە ڕۆن، یا کوببەی ساوەر، یا حەڵوای گوڵە زەرد کە بخۆین ئەوە هەر دەروون ساف کردنە، باشە ئەوا ئەم شتە خۆشانە ئەخۆین بە نۆشی گیانمان بی. بەڵام هەر چەند ئەکەین تێر ناخۆین، وە سێ ژەمە، تا بینە قاقامانی تێ ئەکەین.

داخی ئەمانە هەمووی لەلایەك داخی سەر زیافەتیشمان لەلایەك، لە پاش تیکە گلاندن نان خواردنێکی تێرو پڕ، ئینجا خاوەن ماڵ دەست ئەکات بە سوێندانت: تو خوا ئەگەر ئەم ڕانە مریشکە، یا ئەم سنگە ناسکە، یا ئەم سمتە جوڵە چەورە نەخۆیت.

خۆ ئەگەر زیافەتی گیپە بێ ئەوە هەر مەپرسە، لە پاش ئەو شەن و کەوەی کە ئەیکەین، وە ئەو تێر خواردنەی کە هەموومان ئەیزانین، ئینجا بەسوێندەوە ئەبێ ئەم پێچکە ناسکە بخۆیت، لە پاشا ئینجا ئەڵێ: ئەم لمۆزە بووە بەکەرە، ئەوەت تەواو نەکردووە ئینجا ئەڵێ: تکا ئەکەم ئەو شیلاوگە بخۆ هێشتا لەوە نەبوویتەوە ئینجا ئەبێ لەبەر خاتری من ئەم زمانە کوڵاوەم بۆ بخۆیت، لە دوای هەموویان ئینجا بەلەمێك مێشکت ئەخەنە بەردەم، هەربەم ڕەنگە تا ئەگاتە کرکراگەو ئێسقانی پەنا گوێچکە، لە پاشا بە هەناسکە برێ کە ئەگاتە ماڵەوە، خێرا لێی ئەکەوێ، ئینجا سا یاخۆی رزگاری ئەبێت، وە یا پەلە پەل بگەن بە پزیشك دەرمانی ڕەوانی بداتێ، یا دەستووری بکات، ئەمانە هەمووی لە کاتێکایە کە هەزاران مەردومی برسی هەن کە بەبێ شێو سەر ئەنێنەوە، توخوا ئەگەر دەسەڵات ببێ ڕەوانییە ئەو خواردنە زۆرە نیوەی بدرێت بەو هەژارانە ئەوانیش ئینتەلا نەکەن و ئەمانیش نەمرن لە برسانا؟!

بەشی زۆر نەخۆشیمان نەخوازەڵا لە مانگی ڕەمەزانانا لە زۆر خواردنەوەیە، کە لە دوایـیدا سەر ئەکێشێ بۆ مردن، سەرت نەیەشێنم هەر چێکمان دەست ئەکەوێت، یا ئەیدەین بە خواردن، وەیا ئەیدەین بە دەرمان بۆ نەخۆشی سکمان.

خۆشی بۆ ئەو گەلانەی کە فێری خواردنی خۆش نین، وە خواردنیان هەر بۆ ئەوەیە کە پێی بژین، بەدبەختیش بۆ ئەو گەلانەی کە فێری خواردنی خۆشن، وە نەوسن و چڵێسن، وە ئەیانەوێ بژین هەر بۆ ئەوەی کە بخۆن.

من ناڵێم خواردنی خۆش خراپە، بەڵام ئەڵێم زۆر خواردن و دەست بڵاویی کردنی خراپە، وە سەرکردنە سەر خواردن بە ڕەنگێکی وا کە هەرچێکت دەست کەوێت بیدەیت

بەخواردن بۆ مەشکە ڕەش خراپە، قەت بووە شاری سولەیمانی ساڵی سەد هەزار دینار بدات بە شووتی مووسڵ و بامێ و تەماتەو پاقلەو گەڵا مێو و میوەی بەغدا تا هی خۆی پێ ئەگات.

بێگومانم ئەوەی هەموو ماڵێك لە سولەیمانی ساڵەو ساڵ ئەیدا بە زەخیرەی ساڵەکەی و دای ئەنێ لە کووپە و گۆزە و دیزە و بەرمیل و گونیە و کەندوودا. لە شوێنانی تر شەریکەیەکی پێ دائەنرێ، وە هەزاران دینار بۆ ناوخۆی ڕائەکێشێ.

توخوا نەنگ و شوورەیی نییە بۆ ئەو پیاوانەی کە بیست سی ساڵ مووچە خۆری دەوڵەتن، وە هەموو مانگێك دەستە وارەیەك دینار وەر ئەگرن، کەچی لەبەر مەشکە ڕەش، کولانەیەکیان نییە کە دوای مردنی خۆیان، مناڵەکانیان تیا ستار بگرن.

یا نەنگ و بەدناوی نییە بۆ ئەو پیاوانەی کە دەستمایەی باش و، دەستکەوتی چاکیان هەیە، کەچی بەشی مەشکە ڕەشیان ناکات، وە هەمیشە لە پێناوی مەشکە ڕەشا، قەرزارن.

خۆڕایی نییە کە قورئان ئەفەرمووێ: ( کلوا واشربوا ولا تسرفوا) واتە بخۆن و بخۆنەوەو زیادە خۆریی مەکەن.

بەڵام داخی بەجەرگم، ئەمەندە چاو چنۆکین، ئایەتەکەشمان وەك نەعنا هەڵ گێڕاوەتەوە وەك شاعیری ئێرانی ئەڵێ:

کلوا واشربوا را تو درگوش کن
ولا تسرفوا را فراموش کن

واتە:

"کلوا واشربوا" تۆ بگرەرە گوێ
"ولا تسرفوا" لە بیرت بچێ

***

## وەفای سەگ و بێ وەفایی ئادەمی

سەگ گیاندارێکی بێ زبانی، بێ زیانی، پێ بزانی، بەسزمانە، لە ماڵێك کە پارچە نانێکی خوارد ئیتر ئەو بەردەرگایە بەر نادات، یا لە یەکێکەوە کە پارچە کولێرەیەکی دەست کەوت ئیتر بەجێی ناهێڵێ، وە کلکە لەقێی بۆ ئەکات، بەڵکو لەوانەیە کە خۆی بکات بە باڵا گەردانی و سەری بەقوربانی.

سەگ لە دەوری بەردەوە لەگەڵ ئادەمی وا هاتۆتە خوارەوە و خزمەتی ئەکات و بەدەوریا دێ و پاسی خۆی و ماڵ و مناڵی ئەکات تا ئەمڕۆ، بەڵکو تا جیهان بێت.

ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر "دروودی خوای لێ بێ" جارێکیان پیاوێك ئەبینێ بە کوژراوی لە دەشتێکا، ئەپرسێ: ئەمە بۆ کوژراوە: ئەڵێن مەڕێکی دزی لە ڕانی "أبو زهرة" سەگی ڕانەکەش هەڵمەتی بردە سەری و کوشتی. پێغەمبەر دەربارەی ئەو دزە ئەفەرمووێ: "قتل نفسه، وأضاع دينه، وعصى ربه، وخان أخاه، وكان الكلب خيرا من هذا الغادر" واتە خۆی بە کوشت دا و، دینی خۆی لە دەست دا و، بێ فەرمانی خوای خۆی و ناپاکی لەگەڵ برای خۆیا کرد، وە ئەو سەگە گەلێ لەم ستەمکارە باشترە.

لە پاشا پێغەمبەر فەرمووی بەوانەی کە لەوێ بوون: ئایا ناتوانن ئێوەش ئاگاداری سەر و ماڵ و nامووسی برای خۆتان بکەن، وەك ئاگاداری کردنی ئەم سەگە بۆ ئاژەڵی خاوەنەکەی خۆی؟!!.

سەگ خاوەنەکەی خۆی زۆر خۆش ئەوێ، وە هەر چەند بچێتە لای لێی نزیك ئەکەوێتەوە، وە کلکە لەقێی بۆ ئەکات و یاری لەگەڵ خۆی و مناڵەکانی و دەست و پێوەندیا ئەکات، وە بە گاڵتەوە گازیان لێ ئەگرێ بەجۆرێك کە ئازاریان پێ نەگەیەنێ، لەگەڵ ئەمیشە کە کەڵبەی سەگ لەوانەیە کە بەرد بشکێنێ، تەنانەت ئەگەر خاوەنەکەی لێی بدات یا دەری بکات سەبر ئەکات، کە بانگی کردەوە خێرا ئەچێتەوە لای، وە ئەگەر فرۆتی یا دای بە یەکێکی تر، دان بە خۆیا ئەگرێ.

سەگ بە تێکڕایی مەردایەتییەکی تری هەیە کە لە کەم کەسا هەیە، ئەویش ئەوەیە تا دوژمنەکەی بە پێوەبێت و بجووڵێت پێی ئەوەڕێت، کە لەگەڵ دانیشت لەسەر زەوی، ئیتر دەستی لێ هەڵ ئەگرێت! چونکە بەزەبوونی ئەزانێت، بەڵام بەشی زۆری ئادەمی بە

پێچەوانەی ئەمەوەن، وەتا دوژمنەکەیان زەبوونتر بێت ئەمان باشتر ئازاری دەدەن!
چونکە بەزەبوونی دەزانن و لێی ناترسن، شێخی سەعدی ئەفەرمووێت:

میشود أیمن ز سگ هرکس که بنشیند بخاك
هرکه برافتاده گیرد سخت، أز سگ کمتر ست

واتە ئادەمی کە لەسەر زەوی دانیشت ئیتر سەگ دەستی لێ هەڵ ئەگرێت. هەر کەسێك بچێت بەگژ پیاوی کەوتووی بێ دەسەڵاتا لە سەگ کەمترە.

سەگ زۆر زیرەکە، جێی خۆی و ناوی خۆی ئەزانێ، هەروەك زۆر بە شەرمە، وە هەرگیز بە مەردومی بەسەرو سیماو پاك و تەمیزو پۆشتەو پەرداخ ناوەڕێ، بەڵکو زۆرتر بەمەردومی ڕەش و ڕووت و نابووت و گەمژ ئەوەڕێ.

سەگ بێدارترین گیانداره لە شەوا، وە هەمیشە هەر لە ڕۆژا ئەنوێ تا بەشەو هەر پاسی خاوەنەکەی بکات.

حەزرەتی عەباسی مامی پێغەمبەر(د.خ) ئەفەرمووێ: سەگێکی خوێڕیی گەلێ گەلێ چاکترە لە هاوڕێیەکی خراپی ناپاکی دەست پیسی دڵ پیس! چونکە ئەو زیانی بۆت نییە، بەڵام ئەم هەرگیز لێی دڵنیا نابیت.

ئەگێڕنەوە کە حارثی کوڕی صەعصەعە چەند هاودەمێکی گیانی بووە هەرگیز لێی دوور نەکەوتوونەتەوە، ڕۆژێك هەموو لای حارث ئەبن، وە بڕیار ئەدەن کە بە کۆمەڵی بچن بۆ سەیران، هەموو لەگەڵیا دێنە دەرەوە تا بچن بۆ دەشت، یەکێکیان بە ناپاکی دوا ئەکەوێ، وە خۆی ئەکات بە ژووری ژنەکەی حارثا، لەپڕ سەگەکەی عامبازی هەردووکیان ئەبێ تا ئەیانکوژێ، حارث ئێوارێ کە ئەگەڕێتەوە ئەبینێ کە ژنەکەی و برادەرەکەی هەردووکیان لە ژوورەکەی ئەوا کوژراون خێرا تێ ئەگات و ئەڵێ:

ما زال یرعی ذمتي ویحوطني
ویحفظ عرسي والخلیل یخون
فیا عجبا للخل یهتك حرمتي
ویا عجبا للکلب کیف یصون

واتە ئەوەتی ئەم سەگە لەگەڵمایە ئەو پەیمانەی کە بەستوویەتی لەگەڵما بەجێی هێناوە نەی شکاندووە، ئاگاداری خۆم و ژن و ماڵ و مناڵی کردووم، لە کاتێکا کە دۆست و برادەر ناپاکیم لەگەڵ ئەکەن. جێی سەر سوڕمانە کە دۆست و برادەر ڕێزم بشکێنن، وە

سەگ پاسی خۆم و ڕێزم بکات، بەڕاستی جوانترین سیفەتی سەگ وەفا، وە ناشرینترین سیفەتی ئادەمیش ناپاکی و بێ وەفاییە.

سەید قطبی خاوەنی تەفسیری "في ظلال القرآن" کە گیرا و لە بەندیخانە توند کرا، شەوێك لە نیوە شەوا سەگێکی شرتەی دڕی هاری زەبەللاحی تێ بەر ئەدەن بۆ ئەوەی کە بەسزا بیکوژێت، سید قطب بۆ خزمەکانی خۆی گێڕاوەتەوە لە کاتێك کە لە پێش کوشتنیا بە ڕۆژێك ڕێیان داون کە بچنە لای و بیبینن، فەرموویەتی: کە لەگەڵ چاوم بە سەگەکە کەوت تێگەیشتم کە مەسەلە چییە، بێ پەروا بە دڵ لە خوا پاڕامەوە کە هەرچێکم لێ ئەکرێ لە ڕێی تۆدا پێم خۆشە، بەڵام بەم پیری و نەخۆشییە بەرگەی ئەم سەگە پیسە ناگرم کە لە نوێژم ببات و نوێژەکانم بۆ نەکرێ خوایە بە میهرەبانیی خۆت لەم بەڵایە ڕزگارم بکە، ئەفەرمووێت: کە ئەمەم بە دڵا هات بینیم سەگەکە بە پەلە بەدەورما ئەسووڕێتەوە وەك بەرداش، وە بە دڵما هات کە ئەم سەگە تەنگەتاوە، وە بۆ شوێنێك ئەگەڕێت کە میز یا شتێکی تری تێ بکات، ئەفەرمووێت خێرا هەستام چووم ئەو تەنەکەیەی کە بۆیان دانابووم، وە لە سووچێکەوە دامپۆشیبوو، بۆ هێنا، وە سەگەکە ئیشی خۆی لەسەر جێبەجێ کرد، وە بەمە سەگەکە ڕامم بوو، وە هات لەبەر دەممدا چەپۆڵەی دادا و سەری دانا لەسەر زەوی، بەیانی ئەو پۆلیسەی کە سەگەکەی بۆ ناردبوومە ژوورەوە دەرگاکەی کە کردەوە، چاوی کەوت بە سەگەکەی بەو ڕەنگە، زۆری بەلاوە سەیر بوو، وەهات دەستی ماچ کردم ، داوای بوردنی لێ کردم، وە پێی وتم: ئێمە هیچمان بە دەست نییە، وە ئەمانە هەمووی فەرمانمان پێ دەدرێت، پەیمان بێ جارێکی تر هیچ جۆرە خراپەیەکت لەگەڵ نەکەم.

ئەمەیە وەفا، ئەمەیە نمەك. هەزار ڕەحمەت لە امامی شافعی کە ئەفەرمووێت:

لیت الكلاب لنا كانت مجاورة
وليتنا لا نرى ممن نرى أحدا
ان الكلاب لتهدأ من مرابضها
والناس ليس بهاد شرهم أبدا

واتە خۆزگە سەگ هاوڕێمان ئەبوو، وە کەسمان نەئەدی لە ئادەمی بێ وەفا. سەگ لە جێی خۆیا ئاهیستەو هێواش ئەبێتەوە، بەڵام ئادەمی هەرگیز زەرەرو زیانی هیواش نابێتەوە.

هەزارو دوو سەد ساڵ لەمەوپێش ئەم دوو شیعرە وتراوە، ئاخۆ ئەگەر امامی شافعی یەکێکی لە سپڵە پێ نەزانەکانی ئەمڕۆی بدیایە –کە هەر وەك قازانجییان نییە، زیان و بوختانیشیان وەك سەگ ئەوەڕێ– چی بفەرمووایە؟

هەر لەبەر ئەمەیە کە زانای بە ناوبانگ أبوبکری کوڕی مەرزبان لە باسی سەگا کتێبێکی دوور و درێژی نووسیوە لە ساڵی ٣٨١هـ، واتە ١٠١٥ساڵ لەمەوپێش، وە ناوی کتێبەکەی ناوە "فضل الکلاب، علی کثیر ممن لبس الثیاب" بچۆ بیخوێنەرەوە، ئەوسا تێ ئەگەیت لە وەفای سەگ و بێ وەفایی زۆر کەس لە ئادەمی، وە بۆت دەرئەکەوێ کە سەگ چەند مەردە، وە بەشی زۆری ئادەمیش چەند نامەردە.

نا حەقی نەپووە شێخی سەعدی کە ئەڵێ:

سەگ بود بە زمەردی حەق نەشناس
خوش مثل زد سبگتکین بە ئەیاز

# پاشایەتی و کۆماریتی

لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)ەوە، مەردوم زۆر قسە ئەکەن لە پاشایەتی و کۆماریتی کە ئایا کامیان باشە؟ لە پێش ئێمەدا گەلانی تر ئەم باسەیان زۆر جوان هەڵگێڕو وەرگێڕ کردووە، وە ئەم وەرامەیان داوەتەوە، جارێ فەرەنسییەکان، لە دوای شۆڕشەکەی خۆیان، ئەم باسەیان زۆر باش ڕووناك کردۆتەوە، وە بڕیاری کۆمارێتییان دا، لە پاشا زۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپاش لە دوای ورد بوونەوەیەکی دوورو درێژ، وەك فەرەنسییەکان پاشایەتییان هەڵگرت لە ناوا، وە کۆمارێتییان هێنایە پێشەوە، هەروا تورکەکان و لوبنانییەکان و میسرییەکان و توونسییەکان و لیبییەکانیش لە پاش کۆڵینەوەو پۆستکەندە کردنێکی باش، هەموو بڕیاری کۆمارێتییان دا، لەمەوە دەرکەوت کە کۆمارێتی زۆر باشترە لە پاشایەتی، بۆچی؟

چونکە بینییان کە پاشایەتی دەستوورێکی بۆگەنە لە گەلێ لاوە:

١- هەموو پاشایەك دەست و پێوەندێکی زۆر دڕو پیس و بۆگەن و زۆرزانی بە دەورایە، بۆ ئەوەی کە هەمیشە بە هەموو ڕەنگێك، وە بە هەموو زبانێك، وە لە هەموو شوێنێك، وە لە لای هەموو کەسێك چاوو ڕاوی بۆ بکەن، وە هەر کەسێکیش جووڵایەوە خێرا سەری پان بکەنەوە.

سوڵتان عبدالحمید داوای کرد لە سید جمال الدینی أفغانی کە بیکا بە شێخ الاسلام ئەمیش وتی: وەختێ ئەیکەم کە ئەم دەست و پێوەندە پیس و بۆگەنەی خۆت بگۆڕیت.

٢- لەبەر ئەوەی کە هەرچی دارایی و دەسەڵات هەیە هەمووی بەدەست پاشایە، هەموو کەس سەریان بۆ دائەنەوێنێت، وە ئەوانیش بە هەموو ڕەنگێك هەوڵ ئەدەن بۆ لە خشتە بردنی یەکە یەکەی گەل، وە لادانیان لە ڕێی ڕاست، هەر کەسەی بە جۆرێك، وە هەریەکەی بە فێڵێك، وە ئەیانکەن بە پشتیوانی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەگەر شۆڕشێك کرا دەربارەیان، دەرەقەتیان نەیەن، وە نەتوانن لایان بەرن، وە هەر بمێننەوە بۆ یاریکردن بە سەر و ماڵ و نامووسی گەل.

٣- ئیستعمار (ئیمپریالیزم) ڕوو بەڕوو دەرەقەتی کۆمەڵەو گەل نایەت، بەڵام کە هات پاشایەکی دانا خۆی سواری ئەبێت و تاوی ئەدا، پاشاکەش وەك مۆتەکە سواری

گەلەکە ئەبێت  نایەڵێ جم بدات، وە سەربەستی هەڵ ئەگرێ لە ناوا، بەڵام ئەمە لەسەر کۆمار ناکرێ! چونکە ماوەی سەر کۆماریێتی چوار ساڵە، ئەگەر بە دڵی گەل نەجووڵێتەوە جارێکی تر هەڵی نابژێرنەوە، وەلێ پاشا وانییە وە کۆمەڵەو گەل بە هیچ ڕەنگێك ڕزگاریان نابێت لە دەستی، مەگەر شۆڕشێکی مەردانە هەڵی کەنێ لە بن.

## ماف و سنوور(١)

هەموو شتێك لە دارو بەردەوە، تا گیاندارو ئادەم، تا بە تەنیایەو لە ناو ئاوەدانیدا نییە، ئازاد و سەربەستە، وە ئازادی و سەربەستییەکی بێ سنوورو بێ پایانی هەیە، کەس دەخڵی بەسەریەوە نییە، وە هەرچی ئەکات ئەتوانێ بیکات، بەڵام کە لەگەڵ کەوتە ناو ئاوەدانییەوە، خێرا ئەو ئازادی و سەربەستییەی بچووك ئەبێتەوە، تا بە ئازادی یەکێکی ترا هەڵ نەتەقێت، وە ئازادیی کەسی تر زەدەدار نەکات، لەبەر ئەوە هەرچی کەوتە ناو ئاوەدانییەوە خێرا ئازادییەکەی ئەچێتەوە ناو چوارچێوەیەکی تەسك و تروسك، وە شوورەیەك لە دەستوور و باو و ماف و سنوور دەوری ئەدات.

بەردێك تا بە کەژو کێوەوەیە، وە لە ئاوەدانییەوە دوورە، هیچ ماف و سنوورێك ڕووی تێ ناکات، هەر چۆنێك بێ، وە بە هەر شوێنێکەوە بێ، وە لەسەر هەر بارێك بێ قەی ناکات! چونکە بە تەنیایە، وە کەس دەخڵی بەسەریەوە نییە، وە ئازادیی ئەو بە ئازادیی کەسا هەڵ ناتەقێ، بەڵام کە لەگەڵ کەوتە ناو ئاوەدانییەوە، ئیتر نە ئەتوانێ لەسەر شەقام و چەقی ڕێگا بمێنێتەوە، وە نە ئەتوانێ لەسەر بارێکی خراپ بکەوێ، ئەگەر هاتوو کەوتە سەر چەقی ڕێگا خێرا فڕێ ئەدرێ، کە هەڵیش گیراو لە چینی دیوارێکا دانرا لەسەر باری خۆی دائەنرێ، وە ئەگەر ناڕێکییەکی بوو خێرا بەچەکوش و پیك سەرو گوێلاکی ڕاست ئەکرێتەوە ئینجا دائەنرێ.

هەروەها درەختێك تا لە چۆڵ و بیابانایە، وە لە مەردومەوە دوورە، ئازادو سەربەستە، وە هیچ ماف و سنوورێك ڕووی تێ ناکات، چۆن ئەڕوێ، وە لە کوێ دەرئەچێ؟ وە چۆن پەل و پۆ ئەهاوێ، بە ئارەزووی خۆیەتی، بۆچی؟ چونکە بە تەنیا ئەژیی، وە ئازادیی ئەو بە ئازادیی کەسا هەڵ ناتەقێ، بەڵام کە لەگەڵ کەوتە ناو ئاوەدانییەوە، ئیتر کوتوپڕ ئازادییەکەی نامێنێ، وە ماف و سنوورێکی ئێجگار زۆری کۆمەڵە ڕووی تێ ئەکات، بەم ڕەنگە ئەگەر بەریشی نەبێ ئەبێ سێبەری ببێ، وە لقەکانی ڕاست و ڕەوان بن، هەر دەمێ لقێکی خوار بووەوە، یا پێچەوانەی ئارەزووی کۆمەڵە دەرچوو، بەم ڕەنگە ڕێگای گرت لە ڕێبواران، کوتوپڕ تۆڵەی لێ ئەسێنرێ، وە بە تەور و تەورداس هەڵ ئەپاچرێ، یا بە مشار گردە بڕ لقە خوارو خێچەکانی ئەبڕرێتەوە.

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٦)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری (سلێمانی) بڵاو کراوەتەوە.

هەر بەم ڕەنگە مرۆڤێك تا بەتەنیایە، وە لەگەڵ کەسا نییە، بە ئەندازەیەك ئازادو سەربەستە، بەڵام کە لەگەڵ هاتە ناو کۆمەڵەوە، کوتوپڕ ئەو ئازادییەی ئەچێتە ناو چوار چێوەیەکی تەسك و تروسکەوە، لە دەستوورو باو و ماف و سنوور، بە ڕەنگێکی وا ئەگەر بەقەد سەری موویەك لێی لا بدات، تووشی تۆڵەو تەشەر و توانج و سەرکۆنە ئەبێت.

لەبەر ئەوە مەردوم لە زۆر لاوە دیل و پابەند "مقید"ە ئەبێ زۆر ئاگای لە خۆی بێت لە هەستان و دانیشتن و هاتن و چوون و قسەکردن و هەزاران شتی ترا، وە ئاگای لەمەردوم بێت، تا کەس ڕەنجیدە، وە ئازادیی کەس زەدەدار نەکات، ئەگەر ڕاستت ئەوێ نابێ کەس بەبێ وێڵی بچێتە ناو هیچ کۆمەڵێکەوە، یا لەناویانا بە ناشرینی دانیشێ، یا زۆر بە دەنگی بەرز قسە بکات، یا قسەیەکی وا بکات کە دڵی دانیشتوویەك بڕووشێنێ، یا بە شڕ و وڕیی، یا بەچڵکنی و کوڵکنی بچێتە ناو کۆمەڵێکەوە، جا لەبەر ئەمە قورئان فەرمان ئەدات بە موسڵمانان کە هەر چەند چوونە مزگەوت بۆ نوێژ کردن بەکۆمەڵی "جماعت" بە پاك و تەمیزیی بچن، وە بەرگ و کاڵای جوان لەبەر بکەن، ئەفەرمووێ: "یا بني آدم خذوا زینتکم عند کل مسجد" واتە ئەی ئادەمی هەرچەند چوونە مزگەوت بەرگ و کاڵای جوانتان لەبەر بکەن! بۆ ئەوەی کەس قێزو بێز لە کەس نەکاتەوە، وە هەموو بەچاوپێکەوتنی یەکتریی کەیفخۆش ببن، وە دڵتان بکرێتەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە مادەی (٣٢٧) لە "قانونی عقوباتی بغدادی" ئەڵێ: هەر کەسێك بەڕووت و قووتی بچێتە شوێنێکی تێکڕایی، سزا ئەدرێت بە جەریمەکردن، یا بە بەند کردن لە بەندیخانە.

هەروا نابێ کەس لە ماڵی خۆیا دەنگی ڕادیۆ ئەوەندە بەرز بکاتەوە کە بگاتە ماڵی دراوسێیەکەی تا هەراسان نەبێت.

خولاسە باوك و ڕۆڵە، ژن و مێرد، مامۆستا و قوتابی، مەلا و مزگەوت، وەستا و شاگرد، دەوڵەمەند و هەژار، ئاغا و خزمەتکار، کشتیار و جووتیار، دراوسێ و دراوسێ، بەڵکو هەموو کەسێك لەگەڵ هەموو کەسێکا بەپێی باو و ژیانی ئەم جیهانە ماف و سنوور "حقوق و حدود"ێکی ئێجگار زۆریان لەناوا هەیە، ئەبێ هەموو لایەکیان ئاگاداری بکەن، وە هیچ کەس لە ئەندازەی خۆی لانەدا، وە لە زنجیر و شیرازەی خۆی نەچێتە دەرەوە، ئەگینا دووچاری تۆڵە و تەشەر، توانج و سەرکۆنە ئەبن.

کەوابوو بەپێی ئەم دەستوورە ئەم بڵند گۆیانەی کە لە مزگەوتەکان دانراون، وە لەپێش

مەلا بانگانا بەنیو سەعات لە هەموو مزگەوتەکانەوە دەست ئەکەن بەخوێندنەوەی شیعر بەنقامی دەشتی و قەزان، وە هەزاران نەخۆش و دەردەدار و منالی شیر خۆرەو ئافرەتی زەیستان و حەیزدار– کە نوێژیان لەسەر نییە، وە هەزاران ڕەوتەنی کە بەو نیوە شەوە پێویست نین بەهەستان– لەخەو خەبەر ئەکرێنەوە– گوناهیان ئەگات، وەخوا تۆڵەیان لێ ئەکاتەوە، ئەمڕۆ یا سبەینێ.

لە "تحفەی شێخی ابن حجر" لە باسی نوێژا ئەفەرمووێ: "ولا یجهز مصل ولا غیره ان شوش علی نحو نائم ومصل أو غیرهما" واتە نە نوێژکەر بەدەنگی بەرز نوێژ بکات وە نەغەیری نوێژکەر دەنگ بەرز بکاتەوە لەکاتێکدا کە نوستوویەك خەبەر بکاتەوە یا سەر لە نوێژکەرێك تێك بدا، یا سەر لە غەیری نوێژکەر و نوستوو بشێوێنێ وەك یەکێك کە لە ماڵی خۆی خەریکی دەوری قورئان بێ یا نووسینی باسێك بێ، جگە لەوە کە ئەم بدعەتە ناپەسندە، هەزاران گەنجی ئەمڕۆی بێ بڕوا کردووە، ئەو گەنجانەی کە لە زانستگان، یا لە  پۆلی پێنج و شەشی ئامادەیین، وە هەتا نیوەی شەو دەرسەکانیان ئەخوێننەوە و خۆیان ئامادەی تاقیکردنەوە ئەکەن، ئەمانە تا بەشی دوایی شەو خەریکی شت لەبەرکردن و شت نووسینن، دوای ئەوە هەریەکە لاڵ و پاڵ لێی ئەکەوێ، لەپڕ لەهەموو لایەکەوە دەنگی بڵندگۆ دەست پێ ئەکات، وە ئاسمانی سلێمانی لە کەلی گۆیژەوە تا گڵەزەردە و تاسڵووجە و پیرەمەگروون ئەبێ بەیەك گرمە و نەعرەتە، یەکێك بەفارسی و یەکێك بەکوردی و یەکێك بەعەرەبی تێك هەڵ ئەکەن، وە ئەبێ بەگەڕە لاوژێ، ئەمە جگە لەوە کە هەزاران خەڵك بە ناڕەوا خەبەر ئەکرێنەوە، بۆ دینی ئیسلامیش جوان نییە ئەم گەڕە لاوژێیە لە کاتێکا کە بانگ سوننەتە و پێویست نییە، وە شەرع ئەفەرمووێ لە شارێکی زۆر گەورەدا تاقە یەك بانگ بەسە.

لەبەر ئەمانە کە وتمان من وای بەباش ئەزانم کە بەیانیان بڵندگۆ لە هیچ مزگەوتێکدا بەکار نەهێنرێ، سلێمانی کە پێنج شەش کیلۆ مەترە، وە سەد و دوانزە مزگەوتی تیایە لەسەد و دوانزە لاوە بانگ بدرێ بەبێ بڵندگۆ، هەموو شارەکە گوێی لێ ئەبێ.

***

## ده ئامۆژگارییەكە(١)

كابرایەكی ئەمریكی لەوانەی بەرەنجی شان، و عەرەقی ناوچەوان ژیاوە، وە ساردی و گەرمی رۆژگاری دیوە، وە تاڵی و سوێری چێشتووە، لەدوای تەمەنێكی زۆر و تاقیكردنەوەی هەموو جۆرە رووپەرەیەكی رۆژگار، دە ئامۆژگاری خۆی كردووە، وەناوی ناوە (پەیمانی بەهێز) وە لەسەر كاغەز نووسیویەتی و لە چوارچێوەی گرتووە، وە بڕیاری داوە هەموو بەیانییەك لەپێش چوونە دەرەوەیا دەوریان بكاتەوە، وە هەموو هێز و توانای خۆی بەخت بكات لە ئاگاداریی ئەو ئامۆژگارییانە و بەراوردكردنیان، وە بەقەد موویەك لەهیچ كامێكیان لانەدا تامردن، ئەمانە ئامۆژگارییەكانن:

١- حورمەتی خۆم ئەگرم؛ چونكە ئەتوانم دەست لە هەموو كەسێك هەڵگرم لە خۆم نەبێ، هەمیشە لەگەڵ خۆمام، نانی لەگەڵا ئەخۆم، لەگەڵیا ئەنووم، لەگەڵیا هەڵ ئەستم، لەگەڵیا دائەنیشم، لەگەڵیا ئەڕۆم؛ كەوابوو بڕیاربێ كارێكی وا نەكەم كە شەرمەزاری بكەم.

٢- ئەبێ چاو برسی بم، وە هەر بەوە دانەكەوم كە هەمە، بەڵكو لە دڵی خۆمی ئەنووسم كە ئەبێ رۆژ بەرۆژ چاكتر و باشتر بم لەوەی كە تیام، لەبەر ئەوە پێم ناخۆش نابێ ئەگەر نەنگێكم دەركەوێ؛ چونكە ئەو حەلە زوو بەزوو دەرمانی ئەكەم، وەباشتر خۆمی لێ ئەپارێزم، وە چاكتر نایەڵم یاخی ببم وەخۆم لەخۆم بگۆڕێم، وە خێراتر ئیش ئەكەم لە دروستكردن و رێكخستنی خۆما.

٣- چاودێری ئەو بیر و باوەڕانە ئەكەم كە بە بەبیرما دێن، چونكە كارم تێ ئەكەن، بەم رەنگە دروستم ئەكەن، وەیا ئەمڕووخێنن، لەبەرئەوە دەرگای بیر و باوەڕی خۆم دائەخەم لەهەموو بیرێكی ترس و بیم و ناهومێدیی و سەر نەكەوتنێك، وە هەرگیز نایەڵم ئەم بیرانە بچنە مێشكمەوە، هەر وەك نایەڵم زەهر بچێتە ناو سكمەوە.

٤- دەست پاك ئەبم لەگەڵ خۆم و لەگەڵ مەردوما، دەست پاك ئەبم بەدزی و بەئاشكرا، ئەگەر نزیك بكەومەوە لە ناپاكییەك وا ئەزانم لەگڕی ئاگر نزیك ئەكەومەوە.

٥- زۆر چاودێری لەشم ئەكەم؛ چونكە هێز و توانایی لەسەر ئیش و كار هەر لەوەوە

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٥)ی ساڵی (٢) لە گۆڤاری (رۆژی نوێ)دا بڵاوكراوەتەوە.

وەرئەگرم، جگە لەوەی کە لەش ساغی یەکێکە لەمایەی ڕەوشت و خووی جوان؛ کەوابوو ئیشی قورسی پێ ناکەم، نەبەئیشی زۆر ماندووی ئەکەم، نە بە بێ ئیشیش، تەمەڵ و تەوەزەلی ئەکەم، ئەخۆم و ئەخۆمەوە بەپێی ژیری، خواردن و خواردنەوەی زۆری دەرخوارد نادەم وەك ئاژەڵ، بەجۆرێك لەگەڵیا ئەجووڵێمەوە کە بۆی باش بێ.

٦- هەوڵ ئەدەم بۆ بەرزکردنەوەی ژیری و بیر "عقل و فکر" م بەم ڕەنگە هەموو ڕۆژێ خۆراکی خۆیان دەرخوارد ئەدەم، هەروەك خۆراکی جەستەم ئامادە ئەکەم، وە یەك جۆر زانستی ئەگرم بە دەستمەوەو ئەیکەم بەدڵداری خۆم، وە هەمیشە لەگەڵیا خەریك ئەبم، وەبە قووڵی لێی ورد ئەبمەوە تا ئەبم بەخاوەن بەهرە تیایا.

٧- چاودێریی سەر گەرمی و دڵگەرمی خۆم ئەکەم بەخۆشی و مام ناوەندێتی، گلەو خوتەو بۆڵە ناکەم، بۆ خۆم ناقرێنم، بەو کەسانە باوەڕ ناکەم کە لە ژیانا ناهومێدن، وە هەمیشە ئەقرێنن بۆ خۆیان، هەمیشە سەر گەرم و دڵگەرم ئەبم لەسەر چاکەو هەوڵ و تەقەلادان بەخۆشی و دڵخۆشی و کەیف خۆشی.

٨- لەمەولا ئارەزووی ناوبردنی مەردومم بە چاکە، ئەبێ زۆر تر بێ لە ناو بردنیان بەخراپە، ئەبێ هەر قسەی چاك وە باسی مەردوم هەر بەچاکە بکەم، چ لە ڕووی خۆیان، چ لە پاشملەیان، ئەگەر کردەوەی ناشیرینی ناپەسەندی وایان لێ ڕوودا کە نەنگیان لێ بگرم باسیان ناکەم تا ئەگەڕێمەوە ماڵی خۆم.

٩- ئاگاداریی تاقەت و تەوانایی خۆم ئەکەم، تەوانایی خۆم لە شتی هیچ و پووچا بەخت ناکەم، دەمقاڵی ناکەم لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کەڵك لە دەمقاڵێیانا نییە، تووڕە نابم! چونکە کەڵك لە تووڕە بوونا نییە، قین و کینە لەگەڵ کەسا هەڵ ناگرم! چونکە ژیان کورتترە لەوەی کە بەقینەسەریی و ڕقەبەریی کینەوە لە دەست بدرێ.

١٠- سەر ئەکەوم لە ژیانا، وە سەر ئەکەوم هەر چەند گرێم بێتە بەر، ئەگەر دڕك و داڵ و کۆسپ و قۆرتێك هاتە سەر ڕێگام لای ئەدەم، بە هەموو دڵمەوە ڕوو ئەکەمە ئیش و کارم، وە بەرانبەریی هەموو گیروگرفتێك ئەکەم، بەبێ ترس و بیم، وەبیرو باوەڕم وایە کە بەختی باش هەمیشە لەگەڵ ئازایی و هەوڵ و تەقەلا دایە.

ئیمزا- خۆم

خۆزگە هەموو کەسێك ئەم دە ئامۆژگارییەی ئەنووسی، وە بەرانبەر بەخۆی هەڵی ئەواسی، ئەگەر نەخوێندەواریش بووایە هەموو بەیانیانێك لە پێش چوونە دەرەوەیا یەکێك بۆی

ئەخوێندەوە تا لە چوار چێوەی ئەم ئامۆژگارییانە نە ئەچووە دەرێ، بەڕاستی سەرچاوەی زانایی و داناییین، سەرچاوەی لەش ساغی و تەندروستین، سەرچاوەی دەوڵەمەندیی و دەستدارییین، سەرچاوەی خۆشیی و خۆشبەختین، سەرچاوەی حورمەتو خۆشەویستین، سەرچاوەی زاڵبوون و سەرکەوتنن، سەرچاوەی ئیسراحەت و حەسانەوەن، سەرچاوەی تەمەن درێژیی و کامەرانیین.

# خۆ ئیخفال کردن(١)

جیهانێکی زۆر زۆر سەیرە، هەرچی ئەبینیت ئەیەوێ خۆی ئیخفال بکات چە جای ئەم و ئەو.

زۆر جار مەردووم خۆی بە سیاسییەکی گەورە نیشان ئەدات کەچی نە سیاسییەو نە گەورەیە، یا خۆی بە زاناو خوێندەوارێکی بەرز نیشان ئەدات کەچی نەزانایەو نە بەرزە، یا خۆی بە بوێژ «شاعیر» و وێژەر نیشان ئەدات کەچی نەبوێژەو نەوێژەر، هەر بەم ڕەنگە زۆر کەسی تری وا. نابینیت هەر دەوڵەمەندەو خۆی بە هەژار، یا هەژارە خۆی بە دەوڵەمەند، یا جلفڕەو خۆی بەسەنگین و گران، یا بێ دینە و خۆی بە دیندار یا بەدینە و خۆی بەبێ دین یا ناپاکە و خۆی بەنیشتمان پەروەر، یا قسە نەزان و بێ دەم و پلە و خۆی بەگۆیا و قسەزان نیشان ئەدات؟!

لەمانە لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە مەردوم لەگەڵ خۆی فێڵ بکات، وە خۆی خۆی ئیخفال بکات، تەماشا ئەکەیت ئەوا هەموو کەسێك لە منالییەوە لەگەڵ خۆیایەتی، وە ئەزانێ کەی لە دایك بووە، وە تەمەنی چەندەیە، کەچی دان بەپیریی خۆیا نانێ، وە خۆی هەر بە گەنج ئەزانێ، با مووشی سپی و دەم و چاویشی چرچ بووبێ، وە چاوی کزو دانی کەل و کۆم و هێزی نەمابێ، نەخوازەڵا ژن کە هەمیشە خۆی خۆی ئیخفال ئەکات بەجوانی و بە منالی هەرچەند تەمەنی خۆی لێك بداتەوەو کوڕەکانی ژن بێنن و کچەکانی شوو بکەن ئەو هەر خۆی بەمناڵ، وە تەمەنی خۆی هەر بە دوو دە ئەزانێ، یا خۆ هەرچەند تەماشای ئاوێنە بکات و خۆی بە دەعەجانێ بێتە پێش چاو، ئەو هەر خۆی بە جوان ئەداتە قەڵەم، ئەگەر هەر زۆر زۆر ناشیرینیش بوو، وە جوانی لە هیچ ئەندامێکا نەبوو، ئینجا خۆی بەوە ئیخفال ئەکات کە گۆیا خوێنی گەرمەو ئێسکەکەی سووکە، وە ئەیەوێ فێڵ لەگەڵ خۆیا بکات نەك هەر لەگەڵ مەردوما.

ئەمە وە نەبێ هەر لەناو ژنە نەخوێندەوارەکانی لای ئێمەدا وابێ، بەڵکو لەناو ژنە خوێندەوارە تێگەیشتووەکانی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاواشا هەر وایە، نەت بیستووە کە جارێك لە ئەمەریکا یەکێك ئەپرسێ ئەڵێ: ئەوە بۆچی تا ئێستا ژنێك نەبووە بە

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (١٢)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.

سەرکۆمار ″رئیس جمهور″ کە بەپێی دەستووری ئەمەریکا هیچ بەرهەڵست ″مانع″ێك نییە لەمەدا؟

یەکێکیش ئەڵێ ئەوە لەبەر ئەمەیە کە بەپێی دەستوور، سەرکۆمار نابێ تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر بێ، ژنە ئەمریکانییەکیش نییە کە تەمەنی گەیشتبێتە چل ساڵە، بەڵکو هەموو لە چل کەمترن، لەبەر ئەوە هیچ ژنێك ناتوانێ خۆی بنوێنێ بۆ سەرکۆماریی.

هەروا هەموو بوێژێك بەلایەوە وایە کە شیعرەکانی خۆی لە شیعری هەموو بوێژێك جوانترو ڕەوانترو، وە هەموو وێژەرێك بەلایەوە وایە کە وتارەکەی خۆی لە وتاری هەموو وێژەرێك بەرزتر و بە کەڵکترە، وە هەموو زانایەك بەلایەوە وایە کە نووسراوەکەی لە هەموو نووسراوێك باشترو بەنرخترە، وە هەموو وێنەگرێك بەلایەوە وایە ئەو وێنەیەی کە خۆی گرتوویەتی لە هەموو وێنەیەك دڵگیرترو دڵ چەسپترە، وە هەموو وەستایەك بەلایەوە وایە کە دەستکردەکەی خۆی لە دەستکردی وەستاکەی تر باشترو قایمترە، ئەگەر لە لایەکیشەوە کەم و کووڕیەکی ببێ لەگەڵێ لای ترەوە قەرەبوو کراوەتەوە، وە ئەگەر شیعرەکەی یا وتارەکەی لە دیمەنا زۆر جوان نەبێ لە مەبەستا زۆر بەرز و جوانە، ئەگەر مەردوم ڕەخنەی لێ بگرن ئەوە لە تێنەگەیشتن یا لە دڵ پیسی خۆیانەوەیە.

لە هەمووی سەیرتر ئەمەیە ئەوانەی کە لە بازاڕیش شتێك ئەکڕن هەر کەسە شتەکەی خۆی بەلاوە لە هی هەمووان باشترە، فاسۆنەکەی ئەم کە چاکەت و پانتۆڵی لێ دروست کردووە –با هەرزانتریش بێ– لە فاسۆنی هاوڕێکەی باشترە! چونکە ڕەنگەکەی دڵگیر ترە یا کراسەکەی– با زۆریش جوان نەبێ لە کراسی ژنانی تر باشترە چونکە قایمتر و هەرزانتر و، یا چڵك هەڵگرترە.

سەرت نەیەشێنم هەموو کەسێك ئەیەوێ خۆی خۆی ئیخفال بکات، ئینجا لەم وەختەدا زۆر جار زۆرو ستەم ئەکات بەم ڕەنگە نەنگی خۆی نابینێ و نەنگی یەکێکی تر ئەبینێ، یا وەك پێشینان وتوویانە (گاسن لە چاوی خۆیا نابینێ و دەرزی لە چاوی خەڵقا ئەبینێ) یاخۆ ئەو تەرازووەی کە بە دەستێوەیەتی بۆ خۆی هەرگیز سەر ناکات، کەچی بۆ مەردوم بە موویەك یا بە فوویەك سەر ئەکات.

ئینجا پیاوی ژیرو بێ ژیر لەم کاتانەدا دەرئەکەوێ، وە مەردومی بێ دەروون و خاوەن دەروون لەم حەلانەدا ئاشکرا ئەبێ! کە وابوو تا ئەتوانیت ئاگات لە تەرازۆکەی دەستت بێ، هەوا و هەوەس و ئارەزوو لاسەنگی نەکات، وە تا ئەتوانیت هەوڵ بدە بۆ ئەوەی کە خۆت بناسیت وە خۆت ئیخفال نەکەیت.

## قسەی بەرز لە وێژەی خۆ و بێگانەدا(١)

قسەی بەرز، بە قسەیەك ئەڵێن کە لە کاڵایەکی شیرین و مەبەستێکی ڕەنگین دابێ، وە لە دوای ڕووداو و تاقیکردنەوەیەکەوە هەڵقوڵابێ، وە لە دڵ و دەروونێکی ئاوەدانەوە هاتبێتە دەرەوە، وە لەوانەبێ کە ببێ بەچرای دڵ و دەروون و خۆراکی گیان و دار دەستی ژیان.

هەموو گەلێك لەم جۆرە قسانەی هەیە، ئینجا هەریەکەی بەپێی تێگەیشتن و زانیاری و بەسەرهات و بیروباوەڕی خۆی، هەر قسەیەك لەم قسانە دەرمانی نەخۆشییەکە، یا مەڵحەمی برینێکە، یا چرای تاریکییەکە، یا پلەی ڕێگایەکی سەختە، یا سەرمەشقی ژیانێکە، ئینجا لە چەند زمانێکی بێگانە چەند قسەیەکی بەرز و وتارێکی نەستەقم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی تا هەموو لایەك بەهرەی لێ وەرگرین، وە کەمێك لە بیرو باوەڕی گەلانی تر بگەین.

**لە وێژەی ئینگلیزی و ئەمریکانییەوە:**

١– هەرچی ژیریی جیهان هەیە هەموو لەسەر یەك ئایینن.

٢– پیاو کوشتن ڕێگای مێژووی جیهان ناگۆڕێ.

٣– یا سەربەستیم، یا مردنم.

٤– شتی گەورە لە نزیکەوە نابینرێ(٢)

٥– مەردوم ژیانی سادە پەسەند ناکەن، لە کاتێکا کە کلیلی دەرگای دڵە.

٦– هەر کەسێك نرخی خۆی هەیە.

٧– شۆڕشی بیر هەمیشە لە پێش شۆڕشی لەشکرەوەیە.

٨– نادانیی هیچ کێشەیەك نابڕێنێتەوە.

٩– ئاشتبوونەوەی پڕ لە زۆر و ستەم، باشترە لە جەنگی پڕ لە داد.

١٠– ئەگەر هەموو ئارەزوویەکمان بێتە دی، گەلێ خۆشیمان لە دەست دەرئەچێ.

(١) ئەم وتارە لە ژمارەی (١٠، ١١)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری «ڕۆژی نوێ»دا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) وەك زەوی کە چاومان لە سووڕانەوەی نییە مەگەر لەسەر پشتی مانگەوە تەماشای بکەین.

١١– پرسیار کرا لە [ملتن]: بۆچ زمانێکی تر فێری کچەکەت ناکەیت، وتی ژن زبانێکی بەسە.

١٢– شیعر وتن پیشەی تەمەڵە.

١٣– ئاگاداریی فلس بکە، دینار ئاگاداریی خۆی ئەکات.

١٤–هیچ شتێك کار ناکاتە منالْ بەقەد مەدح و هەڵدانی.

١٥– هیچ کەسێك لە خراپیدا نەگەیشتۆتە پایەیەك کە نەتوانێ چاکە بکات.

١٦– ئەگونجێ ژنێك لە پیاوێك زیرەکتر بێ، بەڵام پایەی بەرزی وا هەیە کە هەرگیز ژن نای گاتێ.

١٧– چاکترین دکتۆر، دکتۆر [پارێز] و دکتۆر [دڵخۆشی] و دکتۆر (بێ خەیاڵی)یە.

١٨– ئەوەندەی لە قسە و گفتوگۆی مەردومەوە فێربووم ئەوەندە لە خوێندنەوە فێرنەبووم.

١٩– جیهان زیندانێکی گەورەیە، هەموو ڕۆژێك هەندێك لە بەندێکانی لەسێدارە ئەدرێن.

٢٠– بناغەی سەرکەوتن لە هەموو کارێکا، دەست هەڵ نەگرتنە تا ئەگەیتە مەبەست.

٢١– کتێب لە ماڵا لە هەموو شت جوانترە با نەشی کەیتەوە، وە وتەیەکیشی لێ نەخوێنیتەوە.

٢٢– ئەوەی سروشت ئەیکات، پزیشك و دەرمان نایکات.

٢٣– لەبیرت نەچێتەوە ئەوەی یەکێك پێت ئەڵێ لەکاتی تووڕە بوونیا.

٢٤– دواترین قسەی (نلسون) ئەمە بوو: ″سوپاس بۆ خوا پێویستی خۆمم بەجێ هێنا″.

٢٥– سەرپێچی کردن لە ستەمکار، خواپەرستییە.

٢٦– خۆشەویستی ″محبت″ وەك نەخۆشی ئاوڵە وایە، ئەگەر لە وەختی خۆی درەنگتر بێ کوشندەیە.

٢٧– هێندێ کەس کتێبێك لە سینگیایەتی و هێندێکیش کتێبخانەیەك.

٢٨– ژیان ببێ، هیوا هەیە.

٢٩– مەردوم ناو بەناو پێویستە بە ڕابواردن لەگەڵ چەند کەسێکا کە پێ بکەنن.

٣٠– ژیان مەتەڵێکی زۆر سەیرە کاتێك کە تێ ئەگەیت تەمەن تەواو بووە.

**لە وێژەی فەڕەنسییەوە:**

١– ناوەندی هیچ و یەك زۆرترە لە ناوەندی یەك و هەزار.

٢– پاشای داد پرس بەندەی كۆمەڵە و گەلی ئازادی خۆیەتی.

٣– هەموو ژنێك هەمیشە شتێكی وای هەیە كە بیترسێنێ.

٤– شتی تازە نییە مەگەر لەبیر چووبێتەوە.

٥– دۆست و برادەر وەك شتی ناوماڵ وایە، كە ڕزیی ئەگۆڕڕێ.

٦– وڵاتی بەبێ داد، لێرەواری پڕ لە دزە.

٧– ئەوەندەی بەكەوچكێك هەنگوین ڕاوی مێش ئەكرێ، بە بیست كووپە سركە ناكرێ.

٨– كەسێك لە هاژەی درەخت بترسێ، ناچێتە ناو لێرەوارەوە.

٩– ڕوو بەڕووی هەموو شتێك بوەستە بەڕاستی و وریایی نەك بە دڵتەنگی.

١٠– (لویسی پانزەهەم) وتوویەتی: "ئەگەر شەپقەكەم نهێنیم بزانێ ئەیسووتێنم.

١١– (فۆڵتێر) ئەڵێ: ئەگەر خوا نەبێ، پێویستە ئێمە دروستی بكەین.

١٢– دین نەخۆشە و دكتۆرەكانی پشت گوێیان خستووە.

١٣– ئەو سەربازەی زۆر نەنوێ لە جێی دوو سەربازە.

**لە وێژەی یۆنانییەوە:**

١– یەكەم دەرسی فەلسەفە ئەوەیە: كە وەختی باش بدۆزیتەوە بۆ هەموو شتێك.

٢– خێرا بمریت چاكترە لەوەی كە چاوەڕوانی مردن بكەیت.

٣– مانای ئەمە كە دوو گوێ و زبانێكمان هەیە ئەوەیە كە گوێ گرتنمان لە قسە كردنمان زیاتر بێ.

٤– (دێوجینیس) لە نیوەڕۆدا چراكەی هەڵگیرساند، لێیان پرسی: ئەوە چی ئەكەیت؟ وتی: بەشوێن مرۆڤا ئەسووڕێمەوە.

٥– كەسێ بزانێ قسە بكات، ئەبێ بشزانێ كەی قسە بكات.

٦– پیاوێك لە (سوقراط)ی پرسی: ژن بێنم یا نەیهێنم؟ وتی: هەر كامێكیان بكەیت هەر پەشیمانیت.

٧– ئەگەر پێستی شێر و پڵنگ نەبوو، با پێستی ڕێوی بێ.

٨- [کاتۆ] ئەڵێ: ئەگەر بپرسن بڵێن: ئەوە بۆ فیسار کەس پەیکەری بۆ نەکرا؟ چاکترە لەوەی بڵێن : بۆچی بۆی کرا؟

٩- (ئەسکەندەر) چووە بەردەمی (دیوچینیس) پێی وت: چی داوا ئەکەیت بۆت بکەم؟ وتی: تۆزێ دوورکەرەوە و بەری هەتاوەکەم لێ مەگرە!.

١٠- ئەسکەندەر کە(دیوچینیس)ی خوا پەرستی دی وتی: ئەگەر من ئەسکەندەر نەبوومایە، ئاواتم ئەخواست کە دیوچینیس بوومایە.

١١- (یولیوس قەیسەر) مێژووی ئەسکەندەری ئەخوێندەوە، دەستی کرد بەگریان، لێیان پرسی بۆچ ئەگریت؟ وتی ئایا جێی گریان نییە؟ ئەسکەندەر لەگەنجیدا ئەم هەموو وڵاتە بگرێ و کەچی من تائێستا ئیشێکی گەورەم نەکردووە؟!

١٢- تۆ ناتوانیت ملەملە بکەیت لەگەڵ خواستی خوادا.

١٣- (سوقراط) وتوویەتی: من نەکوڕی (ئەسینا)م نەکوڕی (یۆنان)م بەڵکو کوڕی (عالەم)م.

١٤- ئەسکەندەر وتوویەتی: هەروەك زەوی دوو ڕۆژ هەڵناگرێ ئاسیاش دوو پاشا هەڵناگرێ.

١٥- پیشەی شوانی چاك و پاشای چاك یەکن.

١٦- لەشکرێك لە بزنە کێویی کە شێرێکی بەسەرەوە بێ، بەسامترە لە لەشکرێك لە شێر کە بزنە کێوییەکی بەسەرەوە بێ.

١٧- خۆشەویستی ماڵی دنیا سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە.

١٨- وەجاخزادەیەك نەنگی لەیەکێك ئەگرت کە گوایە وەجاخزادە نییە، ئەمیش وتی خێزانی من لەمنەوە دەست پێ ئەکات، بەڵام خێزانی تۆ لەتۆوە ئەکوژێتەوە.

١٩- (سوقراط) وتوویەتی: خەڵقی ئەژین بۆ ئەوەی بخۆن، من ئەخۆم بۆ ئەوەی بژییم.

**لە وێژەی ئەڵمانییەوە:**

١- ئەسپی ئازا لە خەندەقا ئەمرێ.

٢- فێربە کە لەگەڵ ناڕەحەت بوویت، بە زبان نەی درکێنیت.

٣- بڕانەوە لەگەڵ ترسا، چاکترە لە ترسی بێ بڕانەوە.

٤- دەردی گەورە ئەوەیە کە پاشاکانمان قسەی ڕەوا (حق) نابیستن.

٥– ئێمە– کە ئەڵمانین– لە خوا ئەترسین و، لە کەسی تر ناترسین.

٦– لای ئێمە هەر حکومەتێ بەبێ حزب سەر ئەکەوێ.

٧– باسکردنی ئەڵمانیا بەهەموو جۆرێك مافی هەموو ئەڵمانییەکە.

٨– یەکێك نرخی ژیان ئەزانێ کە لە کاتی لەدایکبوونیا سەری کەوتبێتە سەر بەردێکی ڕەق، نەك دەستێکی نەرم.

**لەوێژەی لاتینییەوە:**

١– لەبەرئەوەی کە مردن هەیە هیچ کەس بەختیار نییە.

٢– کتێبی بێ کەڵك لە جیهانا نییە با زۆر هیچ و پووچیش بێ.

٣– سەرۆکێك کە تۆڵە لە خراپ نەسێنێ، ئەوە هانە هانەیە لەسەر خراپە کردن.

٤– ئەگەر بەپێی دەستوور و باوی خوا بژییت لە جیهانا هەرگیز هەژار نابیت، وە ئەگەر بەپێی ئارەزووی هیچ و پووچی خۆشت بژییت هەرگیز دەوڵەمەند نابیت.

**لە وێژەی ئیتالییەوە:**

١– بەئازادیی بووم و بەئازادیی ئەژییم و بەئازادی ئەمرم[١].

**لە وێژەی عەرەبییەوە:**

١– گەرم بە لەسەر مردن ژیانت پێ ئەبەخشرێ.

٢– لەسەرخۆییەك دواییەکەی لەدەستچوونی شتێك بێ، چاکترە لە پەلەیەك، کە دواییەکەی دەستکەوتن بێ.

٣– جەنگ سەرەتای بۆڵەیە و ناوەڕاستی سرکەیەو دواییەکەی بەڵایە.

٤– چاکترین بەخشین ئەوەیە کە لە هەژارێکەوە بۆ هەژارێك بێ.

٥– ئەگەر هەموو کەسێك ژیر بێ، جیهان وێران ئەبێ.

٦– بەزەییتان بەگەورەیەکا بێتەوە، کە بێ نەوا کەوتبێ، وە بەدەوڵەمەندێکا کە هەژار بووبێ، وە بەزانایەکا کە کەوتبێتە ناو چەن نادانێکەوە.

٧– کەسێك بەمناڵی، دانەنیشێ لە شوێنێك کە پێی ناخۆش بێ، لە گەورەییدا، دانانیشێ لە شوێنێك کە پێی خۆش بێ.

---

(١) ئەمە لە نیشانێك نووسراوە، کە لە (ڕۆما)دا لێ دراوە.

٨- گەورەترین بەڵا ئەوەیە کە هیوات نەمێنێ.

٩- نە لە گۆڕ ئاموۆژگارتر هەیە، نە لە کتێبیش خۆشتر.

١٠- وتە کە لە دڵ هاتە دەرێ ئەچێتە دڵەوە، کە لە دەم هاتە دەرێ لە گوێ تێ ناپەڕێ.

١١- جەنگ سەرەتای شیرینە و دواییەکەی تاڵە (چونکە ئەگەر بیشی بەیتەوە هەر دۆڕاندووتە).

١٢- جاران مەردوم کرداریان بوو گوفتاریان نەبوو، لەپاشا وایان لێ هات ئەیان وت و ئەیان کرد، لە پاشترا وایان لێ هات ئەیان وت و نەیان ئەکرد، ئینجا وایان لێ هات نەئەیان وت و نەئەیان کرد.

١٣- هەموو جیهان جێی دوو کەسی تیا نابێتەوە کە ڕقیان لەیەك بێ، بەڵام لە دوو بست زەویدا جێی دوو دڵداری تیا ئەبێتەوە.

**لە وێژەی کوردییەوە:**

١- ئەگەر زمان بیەڵێ سەر ڕەحەتە.

٢- ئەگەر سەگ نەبێ گورگ ئەتخوا.

٣- ئەوی بترسێ، ناخەڵەسێ.

٤- ئەوەی بچێتە شاری کوێران، ئەبێ دەست بەچاوەوە بگرێ.

٥- ئەوەی لەنزیك کوورەوە بێ، پڕیشکی بەر ئەکەوێ.

٦- برامان برایی و کیسەمان جیایی.

٧- بۆز بەلەڕیی.

٨- بەدرێژایی خۆتا ئەڕوانیت بەپانایی خەڵقیشا بڕوانە.

٩- بەرخی نێر بۆ سەربڕینە.

١٠- پیاوی سەر ڕاست شەریکی دەوڵەمەندە.

١١- بەقەد بەرەی خۆت پێ ڕاکێشە.

١٢- تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە.

١٣- تۆبەی گورگ مەرگە.

١٤- تێر ئاگای لە برسی نییە.

١٥- خليسكان تۆڵەی پەلەکەرە.

١٦- خێر بە خوێش، نەك بەدەروێش.

١٧- دار کرمی لەخۆی نەبێ هەزار ساڵ ئەژی.

١٨- درۆزن هەر جارێك ناشتا ئەکات.

١٩- دوو شووتی بەدەستێك هەڵناگیرێ.

٢٠- دووگی چەور بێ بەڵا نییە.

٢١- دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێ.

٢٢- دەستێك نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم.

٢٣- دەستی کەس پشتی کەس ناخورێنی.

٢٤- دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.

٢٥- ڕازت لای یەکێك دانێ و پرست لای هەزار.

٢٦- سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار.

٢٧- سووك بڕۆ و سەلامەت وەرەوە.

٢٨- سەد بەرتیل قەرزێك نابژێرێ.

٢٩- سەرچۆپی بدەیتە دەست سەگ، بۆلای سەبەتەی نانی ڕائەکێشێ.

٣٠- سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە زەرەرە.

٣١- شوان تا دانیشێ گەلەی دوور ئەکەوێتەوە.

٣٢- شەڕ بە چەك مامەڵە بە پارە.

٣٣- شەڕ لە بەتاڵی چاکترە.

٣٤- شەڕ لە نیوەی بگەڕێتەوە چاکترە.

٣٥- کاسە پڕ بوو لێی ئەڕژێ.

٣٦- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە.

٣٧- کردن هەتا مردن.

٣٨- کردە پەشیمان بە، نەکردە پەشیمان مەبە.

٣٩– كە پیاو لەدوای كەرەوە ڕۆیی ئەبێ بۆنی تەرسی بكات.

٤٠– كەر بارەكەی لە تفەنگ بێ گورگ هەر ئەیخوات.

٤١– كەڵەشێریش نەبێ ڕۆژ هەر ئەبێتەوە.

٤٢– كە شیرت وەشاند ئەبێ قەڵغانت پێ بێ.

٤٣– كەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ سەری خۆی ئەخوات.

٤٤– كەم بخۆ و، مەچۆرە سەر حەكیم.

٤٥– گا لە گاگەل بەجێ بمێنێ، شاخی خۆی ئەشكێنێ.

٤٦– گرێی دەست مەخەرە دان.

٤٧– گۆشتی ڕانی خۆم ئەخۆم منەتی قەساب هەڵناگرم.

٤٨– گورگ كە پیر بوو ئەبێ بەمەخسەرەی سەگەل.

٤٩– ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش.

٥٠– مەردی هوشیار، دەست بەكونێكا ناكات دووجار.

٥١– هەر ئەقڵە لە خەساریێ.

٥٢– هەموو شتێك لە باریكی ئەپچڕێ مێرد لە قایمی.

***

## یەکێتی ویژەران(١)

بەناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "ڕۆژی نویٚ" وە پرسیارم لیٚ کرا لە بابەت پێکهێنانی یەکێتی ویژەرانی کورد، منیش لە وەراما ئەڵێم:

یەکێتی ویژەرانی کورد پێویستێکی ناچارییە، نەخوازەلا لەم ڕۆژەشا کە هەموو دەستەیەك نەقابە و پەیوەستییەکیان هەیە، بەکرێکار و کشتیار و جوتیار و بازرگان و سەرتاش و گۆشت فرۆش و کۆڵ هەڵگر و بەرگ دروووەوە.

داخی گرانم، ویژەرەکانی ئێمە وەك تاقتاقکەرە، هەر یەکێکیان خزاوەتە تاقێکەوە، وە لە پەنایەکا خۆی بووسە داوە، ئەگەر تاقتاقکەرە، ناو بەناو دەنگێکی لێوە دیٚ، ئەمان ئەو دەنگەشیان لێوە نایەت.

من بەش بەحاڵی خۆم، ویژەرانی کەرکووك و هەولێر و دهۆك و خانەقین و کۆیە ناناسم، وە نازانم کێن، وەناویان چییە، وەخوێندەوارییان لەچیدایە؟

ئەگەر یەکێتی و پەیوەستی ویژەرانی کورد ببیٚ، ئەو حەلە هەموو لایەکیان یەکتری ئەناسن، وە ساڵی چەند جارێك کۆ ئەبنەوە بەیەکەوە، وە لە بیروباوەڕی یەکتری ئەگەن، وە لە دەردی گەل و کۆمەڵە، وە لەکەم و کوڕیی وڵاتیان تیٚ ئەگەن، وە بەکۆمەڵ دەرمانی بۆ ئەدۆزنەوە، وە هەموو لایەکیان دەست ئەکەن بەنووسین و کۆمەڵە تێگەیاندن و دەوڵەت بێدار کردنەوە، جگە لەوە کە ئەتوانن بەهەموو لایەکیان گۆڤارێکی حەفتەیی یا مانگی زۆر بەرز و جوان و ڕەوان دەربێنن، کە وەك نامەخانە "مکتبە"یەکی گەڕۆك یا ئێزگەیەکی بیٚ دەنگ وابیٚ، بەو گۆڤارە دەرمانی هەموو دەردێك، وە چارەی هەموو کەمو کوڕییەك بکەن.

ویژەرەی گەلانی خوا پێداو، مانگی نییە دوو سیٚ جار کۆنەبنەوە، هەر جارەی بەبۆنەیەك، وەهەر نۆرەی بە بەهانەیەکەوە، دەمیٚ بەبۆنەی ئەوەوە کە فیسار ویژەر دە ساڵ بەسەر مردنیا تێپەڕ بووە، دەمیٚ بەبۆنەی ویژەرێکی ترەوە، کە بیست ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، جارێکی تر بەبۆنەی ویژەرێکی ترەوە کە سی ساڵ، یا چڵ ساڵ، یا پەنجا ساڵ، یاسەد ساڵی بەسەر ڕۆییوە، ئینجا لە هەموو کۆبوونەوەیەکا چەند باسێکی جوانی

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەم لە گۆڤاری «ڕۆژی نویٚ»دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕەنگاوڕەنگی شیرین، یا سوێر خوێ و بەتامی وێژەریی ئەنووسن و بڵاوی ئەکەنەوە، بەم جۆرە گەل فێری خوێندنەوەی شتی جوان و بەکەڵك ئەکەن، وە ئەیان پچڕنەوە لە خەریك بوون لە شتی هیچ و پووچەوە.

وابزانم مایەی ئەم گۆشەگیریی و لەیەك هەڵوەشانەش ئەوەیە کەهەر وێژەرێك سەر بەلایەکە، وە سیاسەتی ئەو لایەی بەهێزترە لە بیری وێژەریی و سیاسەتی کۆمەڵایەتییەکەی، لەبەرئەوە وێژەرەکانیش وەك سیاسییەکان لەیەك پچڕاون؛ چونکە هەر یەکەی پشتیوانیی لایەك ئەکات، وە لەگەڵ سیاسەتی ئەو لایەدا پێ بەپێ ئەڕوا، من پێم وایە سیاسەت وێژە پیس ئەکات، وە نایەڵێ هەتایی "مخلد" بێ؛ چونکە وێژەی سیاسی وێژەی هەر ئەو ڕۆژەیە کە ئەو سیاسەتەی تیا باوە، کە سیاسەتەکە نەما وێژەکەش بێ نرخ ئەمێنێتەوە، وێژەرێك کە وێژەرێکی بەڕاستی بێ، ئەبێ خۆی لە سیاسی گەلێ بەرزتر بزانێ؛ چونکە پێشەوای گەل، هەڵگری مەشخەڵی وێژەیە، نابێ داینێ و لەدەستی بدات تا ئەیداتە دەست جێنشینێکی خۆی، ئەگەر بە "برناردشۆ"یان بوتایە: وەرە ببە بە سەرۆك وەزیر، سەری خۆی ئەشکان، وێژەر ئەگەر وێژەری بەڕاستی بێ گەلێ گەلێ پایەی لە وەزیر بەرزتر و گەورە ترە، بەڵکو وەزیر بەوێژەکەی ئەو ئەڕوا بەڕێگادا، بەهۆی ئەوەوە ڕێگای ڕاست ئەدۆزێتەوە، تەنانەت وێژەر نامرێ، بەڵام وەزیر ئەمرێ، ئەویان ناوی ناکوژێتەوە بەڵام ئەمیان ناوی ئەکوژێتەوە، تەماشاکەن هەرچی زانایانی ئیسلام هەیە، بەڵکو بەشی زۆری زانایانی جیهان هەموو "ابن حزمی أندلس"- کە زاناو وێژەرێکی بەرز بووە- ئەیناسن کەچی باوکی- کە وەزیر بووە- کەس نایناسێ، وە نازانێ ناوی چی بووە.

ئەگێڕنەوە کە کۆزمان "مجمعی لغوی"ی فەرەنسی جارێکیان ئەنووسێ بۆ وەزیرێکی فەرەنسە لە ئەمریکا کە بنووسێ بۆ کۆزمان داوای لێ بکات کە بکرێ بەئەندامی کۆزمانی فەرەنسی، ئەویش لەسەر کاغەزێك ئەینووسێ، کە ناوی باڵیۆزخانە "سفارە"ی فەرەنسەی لە ئەمەریکا لەسەر نووسرابێ، لەبەرئەوە کۆزمان پەشیمان ئەبێتەوەو نایکات بەئەندام؛ چونکە بۆی دەرئەکەوێ کە کابرا ئەیەوێ بەشوێنە سیاسییەکەی بنازێ، وەبەو پێیە شوێن بگرێ لە کۆزمانا. کۆزمانیش بەلایەوە وایە، کە شوێنی لە کۆزمانەکەدا گەلێ بەرزترە لە شوێنە سیاسییەکەی، وە ئەبوو بەم زیاتر بنازیایە. چەند خۆش و جوان و بەکەڵك ئەبوو کە یەکێتییەکی وێژەرانمان ببووایە، وە وەژێرەرانمان لە چوارچێوەی وێژەیی دەرنەچوونایە، وە هەر خزمەتی وێژەی کوردییان بکردایە و هیچی تر.

## کۆشی دایك(١)

### ١

کۆشی دایك یەکەمین قوتابخانەیەکە بۆ منداڵ کە چاوی تیا ئەکاتەوە، وە لەوێدا فێری گڕوگاڵ و دارە دارە ئەبێ و ئەکەوێتە سەر پێ، وە لەوێوە ئەبرێ بۆ قوتابخانەی دووهەم، وە لەوێشەوە ئەچی بۆ مەیدانی کرد و کۆشیی و هەوڵ و تەقەلا و خزمەتی گەل و نیشتمان.

ئینجا ئەگەر یەکەمین قوتابخانە– کە باوەشی دایکە– پڕ بوو لە ڕەوشت و خووی بەرز و جوان، ئەوا ڕۆڵەو جگەرگۆشەکانیش باش، وە خاوەنی ڕەوشت و خووی جوان ئەبن، وە ئەو کۆمەڵەی کە لەم لاوانە پەیدا ئەبن، کۆمەڵێکی ڕێك و پێك و بەرز و سەربەست و سەرفراز، وە هەمیشە بەسەر چڵە پۆپەی ژیانەوە وەك بلبلی هەزاران داستان گۆیا ئەبن، وە بە ناو بردنیان هەزاران دڵی نەبەرد دا ئەچڵەکێ و ڕائەچەنێ.

وە ئەگەر خوانەخواستە یەکەمین قوتابخانەکە خراپ، وە بێ ڕەوشت و خوو بوو، ئەوا ڕۆڵەو جگەرگۆشەکانیش خراپ ئەبن، وە ئەو کۆمەڵەش کە لەوان پەیدا ئەبێ پەست و پەست پەرست و بێ وێڵ و بێ ڕەوشت و خوو ئەبێ، وە لەناو ئەو گەلانەی کە بۆ کوێستانی ژیان و سەرفرازی ئەچن، ئەبن بە بەردەباز و پێشێل.

کە وابوو کۆشی دایك یەکەمین قوتابخانەیەکی بەرهەم هێنان و فێر کردنە، لەوێدا ئەبێ منداڵ فێری یەکێتی و برایەتی و ڕاستی و، چاوپۆشی و، ئازادی و، نەبەردی و، خۆشەویستیی نیشتمان و هاونیشتمان ببێ.

دایکی خوێندەواری ژیری تێگەیشتوو، چەند ڕۆڵەیەکی چاکی پاکی دڵ ڕووناکی ڕاستی دڵسۆزی وریایی دوور ئەندێشەیی چاپوکی ئازادی نەبەرد پێ ئەگەینێ بۆ نیشتمان؛ بۆ ئەوەی کە لەپاشە ڕۆژا خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن، وە بەدڵ و بەگیان هەوڵ بدەن بۆ بەرز کردنەوەی بۆ سەر چڵەپۆپەی ژیان، وە بەشەو و ڕۆژ خەریك بن بۆ پاراستنی لە چەپۆکی دەوران.

دایکی نەخوێندەواری تێنەگەیشتووش، چەند ڕۆڵەیەکی خراپی نەگریسی لاساری بەد خووی بێ ڕەوشت و خوو پێ ئەگەیەنێ، بۆ نیشتمان بەدبەخت و گەلی خاك بەسەر، کە

(١) ئەم وتارە لە ژمارەی ١٠ و١١ و١٢ی ساڵی شەشی گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە.

ئەبن بە پاچ و پێمەڕە بۆ تێکدانی پایەی کۆمەڵەکەیان، وە بەشمشێرێکی زەهراویی کاریگەر، بۆ ناوچاوانی گەلەکەیان. کەوابوو خوێندەواریی دایکەکان، واتە کچانی ئەمڕۆ و دایکی پاشە ڕۆژ، لە هەموو گەلێکا- مایەی پێشکەوتنی گەلە، وە نەخوێندەواریشیان ، مایەی بەقوڕا چوونە خوارەوەی هەموویانە.

لەساڵی (١٩١٣)دا "سعد زغلول" لەناو کۆمەڵێکی زۆر گەورە لە "جامعەی مصر"دا ئەوەستێ و ئەڵێت: با گەلەکەتان بخوێنن، دەنگێ لە دوورەوە دێ ئەڵێ: نەء دایکەکان بخوێنن، ئەو حەلە گەلیش داناو خوێندەوار ئەبێ، وە لەخەوی بێ هۆشی بێدار ئەبێتەوە.

ئەی دایکە خۆشەویستەکان: ئەو هەڵکەوتووانەی کە بناغەی گەلێك دائەمەزرێنن، وە لە زانین و، تێکۆشین و، شارستانێتیدا پێشی ئەخەن، وە لە کشتوکاڵا برەوی پێ ئەدەن، وە لە بازرگانیی و پیشە و پیشەکەریدا سەری ئەخەن، وە بناغە و پایەیەکی وای بۆ دائەمەزرێنن کە شایستە بێ لەسەر ڕووپەڕەی مێژوو بە ئاوی تەلا بنووسرێتەوە، ئەوانەش ڕۆڵەیەکن وەك ڕۆڵەکانی ئێوە، وە دایکیشیان دایکێك بووە وەك ئێوە.

بەڵکو ئەو هەڵکەوتووە نەبەردانەی کە خۆیان وەك بەردی ژێرووی بەرداش لەژێر باری ڕۆژگارا ڕائەگرن، وە بەماڵ و بە گیان باسی نیشتمان و هاونیشتمانیان ئەکەن، وە هەوڵ ئەدەن بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی کۆمەڵە و گەل، وە تەقەلا ئەدەن بۆ ڕزگار کردنیان لە چەنگی زۆر و ستەمی ئەو زۆردارانەی کە وەك هەڵۆ بەسەر لاشەیانەوە نیشتوونەتەوە و چنگیان گیر کردووە لە جەرگ و دڵیان، وە ئەیانەوێ خوێنیان بمژن و ناو و نیشانیان ون بکەن، وە پایە و نرخیان ژێر پێ بخەن، ئەوانیش ڕۆڵەیەکن وەك ڕۆڵەکانی ئێوە، وە دایکیشیان دایك بووە وەك ئێوە.

بەڵێ ئەو دایکانە دایکێکن لە تەحرو وێنەدا وەك ئێوە، بەڵام لە ژیریی و وێڵ و ڕەوشت و خوودا جۆرێکی ترن؛ چونکە ئەوان ئەزانن چۆن ڕۆڵەو جگەرگۆشەی خۆیان بەخێو، وەفێری ڕەوشت و خووی جوانیان ئەکەن، وە هەمیشە ئەیان پارێزن لە پیسی و پۆخڵی و چڵکنی و کوڵکنی و نەخۆشی و ئەسپێونی، وە بە پەندو ئامۆژگاریی جوان ئارایشیان ئەدەن، وە چاودێرییان ئەکەن، وە نایەڵن لە خەت دەرچن، تا لەخەم ئەیان ڕەخسێنن، ئینجا ئەو حەلە ناچار ڕۆڵەکانیش ڕۆژ بەڕۆژ لە ژیری و بیر و وێڵ و هونەرمەندیدا پێش ئەکەون، وە هەر لە گەنجیدا ئەبن بە پیرێکی خاوەن بیری بەرزی جیهان دییدەی قاڵی دەرهاتوو، وە ئەبن بە خاوەنی لەشی ساغ و بیری باش و دڵی پاك و گیانی ڕووناك و کردەوەی چاك.

بەڵێ ئەو دایکانە ئەزانن چۆن گوێچکە و مێشکی منالّی خۆیان هەر لە شیرە خۆرییەوە پڕ ئەکەن لە خۆشەویستی نیشتمان و هاونیشتمانیان، وە چۆن ڕۆڵەی بەر مەمکانەیان بە گۆرانی نیشتمانییەوە هەڵئەپەرێنن، وە ئەیان هێننە سەما، وە ئەزانن چۆن پێویستانی نیشتمانی خۆشەویستیان تێ ئەگەیەنن، وە نەقشەی نیشتمانیان بۆ ئەکێشن لەسەر دەسرازەو سەر بێشکەیان، وەك شاعیر ئەڵێ:

خەریتەی هەموو خاکی نیشتمان
دایك بەدەرزی و دەزوو دروومان
بنووسێ لەسەر سەر بێشکەی منالّ
هەر بە نیشتمان بێتە گڕوگاڵ
لە بێشکەی وادا چاو هەڵ نەهێنێ
درۆیە هەڵسێ تۆڵە بسێنێ

بەڵێ ئەو دایکانە هەر لە منالّییەوە ڕۆڵەی جگەر گۆشەی خۆیان پەروەردە ئەکەن لەسەر یەکێتی و برایەتی و ئازایی و نەبەردی و خۆشەویستی و دادپەرستی و دارایی بەخت کردن، وە هەوڵدان و کۆڵ نەدان و سەردانان.

جا هەر لەبەر ئەمانەیە کە وتمان ″ناپلیۆن″ وتوویەتی: دایکێکی وا کە بەدەستی ڕاستی بێشکەی منالّەکەی ڕائەژەنێ، بەدەستی چەپی جیهانێ ئەلەرزێنێ.

## ٢

ئەی کچە تێگەیشتووەکان و دایکە پێگەیشتووەکان! بزانن کە هەر دایکە بنیاتی ژیانی ئادەمیی، وەهەر دایکە بناغەی ڕێکخستنی خێزان، لەبەرئەوە هەموو ئایینێك نەخوازەڵا ئایینی ئیسلام لە پێش هەموو شتێکا گەورەیی و بە نرخی دایك نیشان ئەدات، وە چاکە کردن لەگەڵیا پێویست ئەکات، بە ڕەنگێکی وا کە دروست نییە بۆ هیچ منالّێك ئۆف بکات لە دەست دایکی، لەم ڕووەوە شاعیر زۆر جوانی وتووە کە ئەڵێ:

ئەوی ڕزگار ئەبین پێی ڕۆژی دوایی
یەکەمیان دڵ بەجێ هێنانی دایکە
خودا فەرمووی بە دەربانی بەهەشتی
ئەوی زانیت عەزیزی دایکە، دایکە

ئایا ئیتر پێویست نییە بۆ دایکە ژیرە خۆشەویستەکان کە نرخی خۆیان بزانن؟ وە لە

پێویستانی خۆیان بگەن بەرامبەر بە منداڵ و جگەرگۆشەکانیان؟ وە درێغی و کۆتاییبان لەگەڵ نەکەن، تا لە پێش چاوی ئەوانیش و هەموو ڕۆڵەی نیشتمانیش زۆر زۆر سەنگین و گران بن؟

نۆ مانگ لەسەر یەك، واتە (٢٧٠) ڕۆژ، دایك منداڵەکەی بەپێستی سك هەڵئەگرێ، وە گەلێ جۆرە ئێش و ئازار و ژان و دەردەسەریی پێوە ئەکێشێ، کە هەر هەناسەیەکی مردنێکە، ئینجا ژان ئەیگرێ، وە بە هاوار و نزاو بووردنەوە منداڵەکەی لێ جیا ئەبێتەوە، وە لە میوانداریی مردن ڕزگاری ئەبێ، ئەم هەموو تاڵاو و دەردەسەرییە بۆ ئەوەیە کە منداڵ ببێ، وە سبەی ڕۆژێ کەڵکی خۆشیی و کۆمەڵەشی بگرێ، وە ببێ بە قوڵێکی بەهێز بۆ نیشتمانی.

بەڵام داخی بەجەرگم، لە وڵاتە نەخوێندەوارە پاشکەوتووەکەی ئێمەدا، یا ئەوەتا منداڵەکە ئەوەندەی پێ ناچێ چاو بکاتەوەو دەم بداتەوە گورج مردن ئەیفڕێنێ و ئەیکا بەژێر خاکەوە، وە ئەگەر نەش مرێ یا بە نەخوێندەواریی ئەمێنێتەوە، وە یا بێ ڕەوشت و خوو ئەکەوێتە کوڵانان، ئایا ئەمانە هەمووی لەبەر نەخوێندەواریی و نەزانی دایکەکانیان نییە بە دەستووری چاودێریی و پارێزگاریی منداڵەکانیان، وە بە لەلەیی و بەرهەم هێنانیان، وە گەورەکردن و پێگەیاندنیان؟!!.

منداڵەکانی لای ئێمە– لەسایەی دایکە نەخوێندەوارەکانیانەوە– هەمیشە لەشیان چڵکن سەریان کوڵکن و، ئەندامیان ئەسپێون و ڕشکن و، دەست و قاچیان کرێشاویی و، چاویان پڕوپووشاوی و کاڵایان دڕاو، خواردنیان پۆخڵ و ناتەواو، ڕۆژ لە ڕۆژ لاواز و زەرد و زەبوون و تێ قوپاو ئەبن، وە هەمیشە ئەدەنە باریکی و بنێسی، تا وایان لێ دێ کە بەرگەی سەرما و گەرمایەك نەگرن، وە بە بایەك نەخۆش، وە بەهەڵاوێك بمرن.

دایکەکانی لای ئێمە منداڵەکانیان کە زمان ئەگرن، لەجیاتی هەموو وێڵ و هونەرمەندییەك کە فێریان بکەن پێیان ئەڵێن: ئا تفێك بکە لە بابە، شەقێك هەڵدە لە دایە، چەمۆڵەیەك بنێ لە کاکە.

دایکەکانی لای ئێمە هەمیشە منداڵەکانیان بە چیرۆکی جنۆکە و خێو و شەولەبان ئەترسێنن، وە ڕەگی پیاوەتی و ئازایەتی لە دڵیان ئەمرێنن.

دایکەکانی لای ئێمە هەمیشە پێی منداڵەکانیان لە زستانا پەتی ئەکەن، بەڵام سەریان وەك کووپەی ترخێنە ئەپێچنەوە و شەتەکی ئەدەن کە ئەمە ئەبێ پێچەوانەبێ.

دایکەکانی لای ئێمە هەر بەبۆنی پیسی و ناخۆشی منداڵەکانیان ڕائەهێنن، وە لە

ژیانی خۆیان بۆنێکی خۆشیان نادەن بەلووتا، بەڕەنگێکی وا ئەگەر بەرێکەوت بۆنێکی خۆشیان بەسەرا بچێ کوتوپڕ بە بۆن ئەکەون و ملیان ئەشکێ.

دایکەکانی لای ئێمە کە لەگەڵ منداڵەکانیان گریا، خێرا مەمکیان ئەخەنە دەم، یا گرتکێك گۆشت ئەدەنە دەستیان، زۆرجار لەمەوە منداڵەکە تووشی نەخۆشی و سەروبن ئەبێ.

هەر بەم ڕەنگە هەزاران کەم و کووڕیی تر و هەڵەیی لە بەرهەمهێنانی دایکەکانی لای ئێمەدا هەیە، جا بەم بۆنانەوە ئەتوانم بڵێم ئەو منداڵە بەسەزمانانەی، کە لە ساڵێکا دایکە نەخوێندەوارەکانیان بەدەستی خۆیان ئەیانکوژن، گەلێ گەلێ زیاترن لەو نەوجەوانانەی کە لە پێنج ساڵەی جەنگی تێکڕایی یەکەمدا لێمان کوژراوە.

سەرباز "عسکر" ئەگەر بکوژرێ و شەهید بکرێ لەسەر ئامانجێکی گەورەی بەفەڕ– وەك ئاگاداریی نیشتمان بێ– منداڵی ساوای بەسەزمانی بێ گوناح بۆچ ئەبێ دایکی نەخۆشی بخات و بیمرێنێ؟!

سەرباز ئەگەر بەدەستی دوژمن بکوژرێ، منداڵی هەژاری بێدەسەلاتی بێ تاوان بۆچ ئەبێ بەدەستی دایکی بکوژرێ؟!! لە پاش ئەو هەموو ئازار و سزایەی کە بەدەستییەوەی دیوە، وە ئەو هەموو شەونخونیەی کە بەسەریەوە کێشاوە.

دایکە خۆشەویستەکان! ئەو هەموو پیاوە گەورە ناودارانە، وە ئەم هەموو زانا و بلیمەتانە، وە ئەم هەموو دانا و بەناوبانگە کەوا خەریکن کەشتی نیشتمانی خۆیان لە گێژاوی دەریای ئەم جەنگە تێکڕاییەدا ڕزگار ئەکەن، وە ئەیگەێننە کەنار، ئەوانیش وەختی خۆی منداڵێك بوون وەك منداڵەکانی ئێوە، وە دایکیشیان دایکێك بووە وەك ئێوە، بەڵام دایکی ئەوان زانیویانە کە چۆنیان پێئەگەیەنن وەلێ دایکەکانی لای ئێمە منداڵەکانیان وا پێ ئەگەیەنن کە وتمان لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە ئەگەر شەو و ڕۆژ لەم ڕووەوە ئامۆژگاری دایکەکانیش بکەیت و تێیان بگەینیت تێ ناگەن.

دایکە خۆشەویستەکان! هەر منداڵە ئامانجی ژیان، وە هەر منداڵە گوڵی هیوای پاشەڕۆژی گەلان، وە هەر منداڵی ئەمڕۆیە، لە دوا ڕۆژا نیشتمانێك بەرز ئەکاتەوە بۆ سەر چڵەپۆپەی ژیان.

جا لەبەر ئەمانە، هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، وە گشت حکوومەتە تێگەیشتووەکان (کۆمەڵەی پاراستنی ساوایان) یان ڕێك خستووە، وە هەمیشە بەڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیو ئامۆژگاریی دایکەکان ئەکەن بۆ ئاگاداری و چاودێریی منداڵەکانیان، وە لە پێویستانی خۆیان بەرامبەر بەوان وریایان ئەکەنەوە.

## ٣

دایكە خۆشەویستەكان! مەبەس لە شوو كردنی ژن و ژن هێنانی پیاو بوونی ئەویانە بە دایك و ئەمیانە بە باوك بۆ پێگەیاندنی چەن ڕۆڵە و جگەر گۆشەیەكی بەكەڵك بۆ پاشە ڕۆژی خۆشیان و كەس و كارو زێدو نیشتمانیان.

چەند خۆشە بۆ باوك و دایك!! بەیانیان و ئێواران كە بۆ نان خواردن منداڵەكانیان بە پاك و تەمیزی و ڕێك و پێكی لەگەڵیانا دائەنیشن، وە هەموو پێكەوە بە خۆشی و پێكەنین نانەكەیان ئەخۆن.

لەمە خۆشتر ئەوەیە كە دایك ببینێ منداڵەكەی ڕۆژ بەڕۆژ گەورە ئەبێ و، وێڵ ئەگرێ، وە لەبابەت تێگەیشتن و پێگەیشتن و هونەرمەندییەوە سەر ئەكەوێ، نەخوازەڵا كە وای لێ بێ هەموو بەیانیان بچێتە قوتابخانە و ئێواران بێتەوە، وە ئەوەی خوێندوویەتی لە چیرۆكی جوان و گۆرانی نیشتمان و پەند و ئامۆژگاری و مێژووی پێشینان بۆ دایكی بگێڕێتەوە، وە ئەویش بەپێی خۆی بەهرەی لێ وەربگرێ. لەمەش خۆشتر ئەوەیە ئەو دایكە و باوكە چاویان بەمنداڵەكەیان بكەوێ كە لە قوتابخانە بەرزەكانا بێنە دەرەوە، ببن بە قوڵێكی بەهێز بۆ كۆمەڵەو نیشتمانیان.

ئەی دایكە نازدارەكان! ئەگەر حەز ئەكەن منداڵەكانتان وەكو لەمەوپێش وتمان وابن، وەسبەی ڕۆژ كەڵكی ئێوەش و خۆشیان و گەلیشیان و نیشتمانیشیان بگرن، وە هەموو بەجارێ بەهرەمەند ببن لێیان، ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بگرنە گوێ.

١– پێویستە منداڵ كە لەدایك بوو، خێرا لەناو دەفرێكی گەورەدا بەئاوێكی شرتێن و خاوێن پاك بشۆرێ و وشك بكرێتەوە.

٢– پێویستە دەستێك بەرگی نەرم و شلی فراوانی لەبەر بكرێ، چونكە كاڵای منداڵ تا نەرم و شل و فراوان بێ ئەو منداڵە زووتر بەخۆیا دێ و باشتر گەشە ئەكات، وە تا قۆچكە و بەروانكە و بەرگی تەسك و تروسكی لە بەرابێ، وە لە قۆناغەدا شەتەك بدرێ ئەو منداڵە درەنگ بەخۆیا دێ.

٣– وا چاكە منداڵ لە دوای لەدایكبوونی تا یەك سەعات شیری نەدرێتێ تا خۆشی و دایكیشی تۆزێك ئەحەسێنەوە.

٤- پێویستە منداڵ بە سەعات، وە بەدەستوورێکی ڕێکوپێك شیری بدرێتێ، نەك هەرکاتێك کە گریا خێرا شیری بدرێتێ، زۆرترینی منداڵی لای ئێمە لەبەرئەمەیە کە هەموو مانگێك نەخۆش ئەکەوێ و تووشی سەرو بن ئەبێ.

٥- وا چاکە منداڵ هەر بەشیری دایکی خۆی گۆش بکرێ؛ چونکە ئەو منداڵە پارچەیەکە لە دایکەکەی، تا لە سکیا بووە بەخوێنی ئەو ژیاوە، ئێستا کە هاتووەتە دەرێ خوێنەکەی لێ بووە بە شیر.

ئەمەش ئاشکراو نمایانە کە شیری دایك بەپێی تەمەنی منداڵەکەی ئەگۆڕێ، لە پێشەوە تا منداڵەکە زۆر ساواو بێ هێزە، دایکەکەی تەڕەزەن، شیرەکەی زۆر ڕوون و کەم چەورییە، ئینجا ڕۆژ بەڕۆژ بەپێی هەراش بوونی منداڵەکە، شیرەکەی دایکی خەست ئەبێتەوە و چەور ئەبێ، تا منداڵەکە تێری پێ بخواو پێی داکەوێ.

٦- پێویستە منداڵ زۆر پاك و تەمیز ڕابگیرێ، وە هەر ڕۆژێ نا ڕۆژێ بە سابوون و ئاوی گەرم بشۆرێ، وە بەرگ و کاڵای بگۆڕرێ.

٧- منداڵ بە ئازایی لەدایك ئەبێ، نابێ بترسێنرێ بە جنۆکە و خێو و شەولەبان، بەڵام دایکی نەفام، منداڵەکەی تا لەسەر پشتی بێشکەیە هەر لەگەڵ گریا خێرا بۆی ئەتوورێنێ یا گورگانە شەوی بۆ ئەکات تا بترسێ و خەوی لێ بکەوێ، کە تۆزێکیش هەراش بوو بە سەر گوزوشتەی دێو و جنۆکە و خێو مێشکی پڕ ئەکات.

٨- پێویستە منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بنێررێت بۆ قوتابخانە. وە بەپێی ڕۆژ پێی بخوێنرێ: تا لە پێویستانی نیشتمان و هاونیشتمانی بگات، وە بەچاوێکی سەنگین و گران تەماشایان بکات، وە لە ڕێی بەرز کردنەوەیانا خوێنی خۆی بڕێژێ و سەری خۆی دابنێ.

ئەگێڕنەوە: کە پیاوێکی لادێیی کوڕێکی ئەبێ هەمیشە جووتی پێ ئەکات و شێفی پێ ئەبڕێ و وەردی پێ ئەداتەوە، ڕۆژێك کوڕەکە لەسەر شتێك تێر و پڕ لە باوکی ئەدات، ئەمیش ئەچێ بۆ لای مەلاکەیان سکاڵای خۆی بۆ ئەکات، مەلا ئەڵێ: بە کوڕەکەت خوێندووە؟ ئەڵێ: نەء، ئەڵێ ئەی چی پێ ئەکەیت؟ جووتی پێ ئەکەم، مەلاکەش ئەڵێ: کەوا بوو خەتای خۆتە، ئەگەر لەپێشەوە پێت بخوێندایە، ئەمڕۆ پێویستی خۆی ئەزانی بەرامبەر بەئێوە، وە بچووکیی ئەکردن، بەڵام تۆ لە بەیانی تا ئێواری لە دوای گاجووتەوە جووتی پێ ئەکەیت، ئەویش تۆی بە گاجووتەکە زانیوە بۆیە لێی داویت.

٩- پێویستە ئەوی منداڵ بەرۆژ لە قوتابخانە ئەیخوێنێ، وەبەقسە لە ماموستای وەرئەگرێ، لەماڵەوە لە باوك و دایكی بە چاو ببینێ و بە گوێ ببیستێ، واتە كە لە قوتابخانەدا خوێندی كە درۆ خراپە، ئەبێ لە ماڵەوە هەرگیز درۆ لە باوك و دایكی نەبینێت، یا كە خوێندی قومار و عەرەق خواردنەوە وە جگەرە كێشان خراپن ئەبێ ئەمانە لە ماڵەوە نەبینێ، یا كە خوێندی زۆرو ستەم و دزیو زیان بەمەردوم گەیاندن خراپن، ئەبێ ئەمانە لە باوك و دایكی نەبینێ، یا كە خوێندی یارمەتی و دەست گرتن و یەكێتی و دڵ و داوێن پاكی زۆر باشن، ئەبێ ئەمانە بەباوك و دایكییەوە ببینێ، ئەگینا خوێندنەكەی بێ كەڵك وە ئامۆژگاریی ماموستاكانی بێ هوودە دەرئەچێ.

بەڵێ ئەبێ ناو ماڵ و كۆشی دایك جێگای بەراورد و سەنگێكی مەحەك بێ بۆ منداڵ، وە هەرچی بەگوفتار لە قوتابخانە وەری ئەگرێ ئەبێ بەكردار لە ماڵەوە ببینێ، وە بۆی تاقی بكرێتەوە ئەگینا منداڵەكە كە فامی كردەوە، لێكی ئەداتەوە ئەڵێ: ئەگەر ئەمانەی پێشوو خراپ بوونایە باوكم و دایكم نەیان ئەكرد، كە وا بوو ئەمانەی كە ماموستا ئەیانڵێت هەموو قسەن، ئینجا ئەو حەلە هەرچی بناغەیەكی ڕەوشت و خوو جوانی منداڵەكە هەیە كە قوتابخانە بە دەستی ماموستاكانی دائەڕێژرێ، لەماڵەوە بە پاچ و پێمەرەی بەد خوویی هەڵ ئەوەشێنرێتەوە، وە لە مێشكی ئەكرێتە دەرەوە.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: جارێك قوتابییەك لە قوتابخانە شتێك ئەدزێ، كە دەچێتە ماڵەوە دایكی لەسەر ئەو دزییە زۆر ئافەرینی لێ ئەكات، كوڕی سادەی بەسەزمان لەسەر ئافەرینەكەی دایكییەوە وا ئەزانێ كە هونەرێكی زلی كردووە، ئیتر بەرە بەرە دەست ئەكات بەدزین تا بەتەواوی خووی پێوە ئەگرێ، وە ئەبێ بەدزێكی وا كە كل لەچاو بفڕێنێ، جارێ بەرێكەوت لە كەلەبەرێكا ئەگیرێ و لە بەندیخانە توند ئەكرێ، لە كاتی محاكەمەدا دەرئەكەوێ كە هەرچی دزییەك لەو شارەدا كراوە هەمووی ئەو بووە، لەبەرئەوە حاكم حوكمی هەڵواسینی ئەدات، لەو حەلەدا كە ئەیبەنە بەر قەنارە كوڕەكە داوای دایكی ئەكات، كە دایكی بۆ ئەهێنن دەم ئەكاتە دەمییەوە و قەپ ئەكات لە زبانیا تا لەبنا ئەیقرتێنێ، لە پاشا ئەڵێ: ئەی خەڵقینە! ئەمرۆ كەوا ئەم خنكێنن لە سایەی ئەم دایكەمەوەیە؛ چونكە ئەگەر یەكەم جار هانەهانەی نەدامایە لەسەر دزی كردن، ئەمرۆ تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە نەئەبووم.

١٠- نابێ لای منداڵ باسی ژن و كچ و دڵداری بكرێ، تا لەم ڕووانەوە ئاگادار نەبنەوە، تەنانەت نابێ ڕێ بدرێن بۆ بینینی ئەو پەردەی سینەمایانە كە باسی دڵداریی

پیشان ئەدەن تا بێدار نەبنەوە، وە ئارەزووی نەجوولێ بۆ شتی خراپ.

زۆر کوڕی چاکی دڵ پاکی بێ فڕوفێڵی داوێن پاك لە سینەمادا چاوی کەوتووە بەچەن کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی کە خەریکی دڵداریی و فێڵ و تەڵەکە ڕێکخستن بوون بۆ ڕاوی دڵدارێك تا پێی گەیشتوون، ئەمانیش دەماری نوستوویان بێدار بۆتەوە، وە دەستیان کردووە بە فڕوفێڵ و تەڵەکە تا ئەمانیش بەبەری کردەوەی پیسی خۆیان گەیشتوون.

زۆر کچی داوێن پاکی خانەدانی بەسەزمانی بێ ئاگا بەچاوپێکەوتنی چەن کچێکی بێ ڕەوشت و خووی هاوتەمەنی خۆی کە لە پەردەی سینەمادا خەریکی دڵداریی بوون ئارەزوویان بزووتووە، وە کەوتوونەتە خولیایەکی پیسەوە تا تووشی ڕۆژێکی ڕەش بوون، وە خۆیان بەدناو کردووە.

١١- نابێ مناڵ نەزۆر ڕووت و ڕەجاڵ و بێ پارەو پوول ڕابگیرێ، وە نەزۆر تێر و پڕ و بەربەرەڵلا فێر بکرێ، بەڕەنگێکی وا کە هەرچی ئارەزوو بکات بیکات؛ چونکە ئەگەر زۆر نامانگووریی بە خۆیانەوە ببینن، نەخوازەڵا کە هاوڕێکانیشی تێروتەسەل و پۆشتە و پەرداخ بن، ناچار ئەبێ بە پارە پەیداکردن، وەلەم ڕێیەدا فێری هەزار زی و ئیشی ناشیرین ئەبێ، وە ئەگەر زۆریش دەستداریی و پارەداریی و لێ نەپرسینەوە بە خۆیانەوە ببینن ئەم جارە بە بارێکی ترا بەدخوو ئەبن، کەوابوو مناڵ پێویستە چ لە پارە پێدانی و چ لە خۆشەویستی و بەدەمەوەدانییەوە ئەندازەیەکی ناونجی و مام ناوەندیی لەگەڵا بەکاربێنرێ.

خولاسە منال بە مناڵیی مێشك و دڵی وەك جامی تازەی فوتوغراف وایە، یەکەم جار چی دی و چی بیست هەر ئەوە وەرئەگرێ، ئینجا ئەگەر مامۆستاکەی باش بوو، وە سەرمەشقی جوانی بۆ دادا، ئەوا بێ گومان مناڵەکەش باش ئەبێ و شتی جوان وەرئەگرێ، وە ئەگەر ناو ماڵ و کۆشی دایکی خراپ بوو، وەسەرمەشقی خراپی بۆ دادرا، ئەوا مناڵەکەش خراپ، وە بێ ڕەوشت و خوو ئەبێ.

داخی گرانم بەشی زۆری منال، وەك گوڵی دەشتی بێ پەروەردە و بێ سەرپەرشتی پێ ئەگات و گەورە ئەبێ، نەء نەء وانییە، حەدی چییە ببێ بەگوڵی دەشتیی، ئەم بەس نییە لەسەر سروشتی خۆی ماوەتەوە و لانەدراوە، وەلێ بەشی زۆری منالی ئەمڕۆ لەسەر سروشتیی خۆی نامێنێ، وەبەلای خراپەدا ئەبرێ.

# نرخی دۆست

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: ڕۆژێك إمامی علی (ڕەزای خوای لێ بێ) لە ناوچەند یارو یاوەرێکی پێغەمبەر دائەنیشێ، وە لێیان ئەپرسێ ئەڵێ: زەبوونی بێ دەسەڵات کێیە لە جیهانا؟ ئەوانیش ئەڵێن نازانین. إمام ئەفەرمووێ: زەبوونی بێ دەسەڵات کەسێکە کە نەتوانێ دۆست بۆ خۆی پەیدا بکات، وە دڵی مەردوم بەخۆیەوە بنووسێنێ.

دووبارە لێیان ئەپرسێت ئەڵێ: ئەی لەم زەبوونە زەبوونتر کێیە؟ دیسان ئەڵێن نازانین، إمام ئەفەرمووێ: لەمە زەبوونتر کەسێکە کە دۆست و برادەری کۆنی ببێ و لە دەستی بدات و دڵی برەنجێنێ.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەم فەرمایشی إمامی علی یەم زۆر پێ جوانە، وە لەوانە زەبوونتر نابینم کە ناتوانن دۆست بۆ خۆیان پەیدا بکەن، لەوانە پەستتر نابینم کە نرخی دۆست و برادەر نازانن، وە دڵیان ڕاناگرن، لەوانە نزمتر نابینم کە دڵی دۆست و برادەریان مەبەست نییە، وە ئاگاداری دڵ و دەروونیان ناکەن، لەوانە بێ ژیرتر نابینم کە دڵی ئاشناو ڕۆشنا بەخۆیانەوە ناهێڵن، وە لەسەر شتێکی هیچ و پووچ دڵیان ئەشکێنن لە خۆیانی ئەتەکێننەوە.

دۆستی بەڕاستی هەمیشە وەك پەروانە بەدەور و پشتی دڵی برادەر و ئاشنای خۆیا ئەسووڕێتەوە، وە هەرگیز نایەڵێ گەرد بگرێ و تۆزی لێ بنیشێ، دۆستی ناڕاستیش هەمیشە بە بەردی ناپاکی شووشەی دڵی دۆستی خۆی ئەشکێنێ.

دۆستی بەڕاستی سەری خۆی دائەنێ لەژێر پێی برادەرێکیا، دۆستی ناڕاستیش سەری دۆستێك دائەنێ بۆ گەیشتنی خۆی بە ئارەزوویەکی هیچ و پووچ.

دۆستی بەڕاستی ماڵی خۆی بەخت ئەکا لەپێناو دۆستایەتییەکا، دۆستی ناڕاستیش هەزار برادەری گیانی بەگیانی ئەگۆڕێتەوە بۆ شتێکی نابووتی بێ مایە.

ئەگێڕنەوە: کە یەکێ لەسەر هەزار دینار پەکی ئەکەوێ، وە ئەچێ بۆ لای برادەرێکی بۆ ئەوەی کە ئەو پارەیەی بەوام "قرض" لێی وەربگرێ، کەچی خۆی لەوێ نابێ، بەڵام بەندەیەکی زەرخریدەی کە کلیلداری ئەبێ– لەوێ ئەبێ، کە پێی ئەڵێ، خێرا پارەکەی بۆ دەرئەهێنێ و ئەیداتێ، لە پاشا کە گەورەکەی دێتەوەو پێی ئەڵێ زۆر کەیفخۆش ئەبێ و

سوپاسی بەندەکەی ئەکات، کە دەستی نەناوە بە ڕوویەوە، وە لەسەر ئەمە ئازادی ئەکات و دەستمایەیەکی باشیشی ئەداتێ کە کاسبی پێ بکات.

دۆستی ڕاستەقینە ئەبێ لە ڕوودا حورمەتی دۆستی خۆی بگرێ، وە لەپاش ملەش ئاگاداریی بکات بە هەموو ڕەنگێ، وە لە هەموو شوێنێ، وە سەرو ماڵی خۆی لێ دریغ نەکات، خولاسە دۆست بۆ دۆست ئەبێ وەك دەستی ڕاست وابێ بۆ دەستی چەپ.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ دۆستی بەڕاستی وەك مەلێکی نەرم و شلی ڕەنگا و ڕەنگی زۆر جوان وایە، مەردوم ئەبێ بە هەزاران ژیریی و بیر و قسەی خۆش و زمانی شیرین و ناو چەوانی ڕوون خەریك بێ تا ڕاوی ئەکات، لە پاشا ئینجا لە قەفەسێکی زێڕینی زۆر جوانا داینێ، وە زۆر بە باشی و خۆشەویستی لەگەڵیا هەستێ و دانیشێ تا بەتەواوی ڕامی ئەکات.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: سوقراط خانوویەکی بچکۆلانەی دروست کرد، لەناو ئەو خانووەیشا هۆدەیەکی زۆر بچکۆڵەی بۆ خۆی دروست کرد، دراوسێیەکی هاتە لای وتی: تۆ پیاوێکی گەورەی بەناوبانگی، چۆن لەم خانووە بچکۆڵەدا جێگات ئەبێتەوە، ئەویش وتی ڕاست ئەکەیت، بەڵام من خۆم زۆر بە بەختیار ئەزانم ئەگەر بتوانم ئەم ژوورە بچکۆڵەیە پڕ بکەم لە دۆست و برادەری بەڕاستی. واتە دۆستی بەڕاستی زۆر کەمن، وە من هەرگیز ئەم ژوورەم بۆ پڕ نابێت لە دۆست.

دۆست بەوە ناڵێن کە هەر کاتێکا دۆستت بێ کە ئیشێکت بە دەست بێ، کە لەگەڵ لێ کەوتیت ئەویش لە دۆستی بکەوێ، یا دۆست بەوە ناڵێن کە هەر لە کاتی خۆشیدا لە گەڵتا بێ، یا بەوە ناڵێن کە تا ئیشی بۆ بکەیت و خزمەتی بکەیت دۆستت بێ، کە لەگەڵ پەکت کەوت و خزمەتت نەکرد ئیتر پشتت لێ هەڵکات.

ڕەحمەت لە شاعیر کە ئەڵێ:

ئەو کەسەی لەسەر سفرەی نان خواردن<br>
بە لافی یاریی ئەڵێ: دۆستم من<br>
دۆست نییە، ئەوە بە دۆست ئەژمێررێ<br>
لە داماویی دا دەستی دۆست ئەگرێ

زۆر جار ئەبینم یەکێکی وەجاخزادە بە زمانی شیرین و ڕەفتاری ڕەنگینی خۆی، یەکێکی نەدیدەی نەناسیاوی ئەکات بە دۆستێکی گیانی بەگیانی، وە بەبرایەکی باوك

و دایکیی، بەرەنگێکی وا کە سەری خۆی لەپێناوی ئەوا دابنێ، وە گیانی شیرینی لە ژێر پێیا بەخت بکات.

زۆر جاریش ئەبینم یەکێکی ناوەجاخ بە ناوەجاخیی خۆی دۆستێکی ڕاست و دروستی دێرێنی خۆی بەقسەیەکی ناخۆش، یا کردەوەیەکی ناپەسند لە دەست ئەدات، وە شووشەی دڵی بەبەردی ناوەجاخیی ئەشکێنێ، بەرەنگێکی وا ئیتر چاك نەبێتەوە.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ دڵ شکاندن و دۆست لە خۆ ڕەنجاندن زۆر ئاسانە، هەموو کەسێك ئەتوانێ بەهەناسەیەك دڵی دۆستێك بڕەنجێنێ، بەڵام ئەوەی کە زۆر گران بێ دڵی دۆست ڕاگرتنە، شاعیری بەناوبانگ بێدڵ ئەڵێ:

لە دڵ پرسیم وتم: شێوەی گران کامە لە عالەم دا؟
نەفەس گەوزیی لە خوێناو، پێی وتم پاسی دڵی دۆستە

***

## چلەی بێخود

مەردوم لە دوو شوێنا خەمی لێ دێ و نازانێ بڵێ چی، یەکەم لە شوێنێکا کە قسەی نەبێ بیکات، دووهەم لە شوێنێکا کە قسە ئەمەندە زۆر بێ نەزانێ کامیان بکات.

لە سەرەتای ئەم چەرخی چواردەهەمی کۆچییەدا، واتە لەم حەفتا و پێنج ساڵی دواییەدا، چەند شاعیرێکی، بەهرەمەندی، خودا دادی، هەڵکەوتووی، وەك بێخود و پیرەمێرد و زێوەر و فائق و حمدی و احمد بەگی وەسمان پاشا و بێکەس و گەلێکی تر هەڵکەوتن، لە مناڵییەوە دەستیان کرد بە خوێندن لە مزگەوت و قوتابخانەکانا، لە هەر باخچەی گوڵێك، وە لەهەر گوڵەی ڕەنگ و بۆنێکی خۆشیان وەرگرت و کۆیان کردەوە؛ تا دەستمایەیەکیان لە خوێندەواریی پێکەوەنا.

لەپاشا ئینجا هەروەك چۆن لە ناو باغچەی گوڵاندا دێت و دەچێ، وە هەر دەمەی بە گوڵێکەوە ئەنیشێتەوە، وە هەرساتەی دەم ئەنێتە ناو دەمی خونچەیەکی تازە پشکووتوو بۆ ئەوەی کە تێر و پڕ بۆن و بەرامە و عەرەق و گوڵاوەکەی هەڵمژێ، وە لەپاشا شانەی هەنگوینی لێ هەڵبەستێت، ئەم شاعیرانەش هەر ساتەی لە کۆڕی زانایەکی تێگەیشتوو، یا شاعیرێکی پێگەیشتوودا دائەنیشتن، لە دەریای زانایی و خوێندەوارییان لەوێچیان لێ ئەگرت و قومیان لێ ئەدا، وە لە خەرمانی شاعیریی و بەهرەمەندییان گوڵەوەچنییان ئەکرد، تا هەریەکێك لەم شاعیرانە بەشێکی باشیان لە زانایی و شاعیریی دەست کەوت.

شیعری ئەم شاعیرانە وەك گوڵ هەریەکەی جۆرە ڕەنگێك و بۆیەکی هەیە، یا وەك ئەستێرەی ئاسمان هەریەکەی جۆرە بریسکە و ڕووناکییەکی هەیە، بەڵام داخی گرانم لەم چەند ساڵی دواییەدا ئەم شاعیرانە هەموو بەرودوا کۆچی دوایان کرد، چرایان کوژایەوە ودەفتەر و قەڵەمیان پێچرایەوە، کە دواهەمینیان شاعیری بەناوبانگ "بێخود" بوو.

بێخود کوڕەزای زانای بەناوبانگ مەلا ئەحمەدی چاومارە، کە ئەم بنەماڵە سەد ساڵ لەسەر یەك لەم وڵاتەدا خزمەتی خوێندن و خوێندەواری و دین و ڕەوشت و خووی جوانیان کرد. بە مردنی بێخود، داخەکەم هەروەك شاعیرێکی بەهرەمەندمان لە کیس چوو، شوێنەکەی (مفتی چاوماریش)مان لە دەست چوو.

بێخود تا ئەم چەند ساڵانی ڕابردووە ژیانی وەك ژیانی بلبلێکی شەیدا وابووە، هەر دەمەی بەسەرچڵێکەوە، وە هەر ساتەی لە باخچەی گوڵێکا، وە هەر کاتەی لە سەرچاوەی ئاو و کانییەك، وەهەر حەلەی لە مەڵبەند و وڵاتێك، وە لەگەڵ چەند دۆست و هاودەمێکا بوو، ئامانجی لە جیهانا هەر ئەو ڕۆژە بوو کە تیابوو، وە مەبەست لە ژیانا هەر ئەو دەمە بوو کە بەسەر دەمیەوە بوو، وەك بلبل لە کویَ گوڵێکی شك ببردایە، یا دانە و دیمەنێکی جوانی بەدیی بکردایە بەدیاریەوە دائەنیشت، لەبەرئەوە بێخود نەخۆی دیل و پابەندی دنیا کرد، وە نەژنێکی هێناو خێزانێکی پێکەوەنا.

بێخود زۆرتر لە ئەدەبی فارسی و کوردیدا بەرز و باڵا بوو، وە لە دیوانی (بیدل) و (کلیم) و (شوکتا) ئەمەندە بەهرەمەند و شارەزا بوو شیعرە فارسییەکانی لەگەڵ شیعرەکانی "کلیم" و "شوکتا" جیا ناکرێتەوە.

بێخود شاعیرێکی دڵتەڕ بوو، هەر حەزی لە شتی جوان بوو، ئەیویست بە چاو هەر شتی جوان ببینیَ، وە بەگویَ هەر شتی جوان ببیەت، هەر چەند شیعری دڵداری بووتایە لە هەموو کانگای دڵیەوە هەڵ ئەقوڵا و ئەهاتە دەرەوە، لەبەر ئەوە شیعرەکانی زۆر بەتین و تەوژم، وە کاریگەر بوو لە دڵاندا، ئەگەر ڕاستتان ئەوێت پیری جوان و دڵی مردووی زیندوو ئەکردەوە، وە ئەی هێنایە سەما.

بێخود ئەوەندەی لە شیعری دڵداریدا بەرز و باڵا و بە بەهرە بوو، ئەگەر ئەوەندە بەبەهرە بوایە لە فەلسەفە یەکێك ئەبوو وەك "دیکارت" و "نیتشە" یا لە سیاسەتا یەکێك ئەبوو وەك "شاملیون"ی ئەمریکانی.

بێخود هەر وەك لە شیعری دڵداریدا بەرز و باڵا بوو، ئەوەندەش لەباسی پێغەمبەرا بەشدار و ئامادە بوو، بەڵام لە شێوە و ئاهەنگێکی کۆنا.

بێخود و پیرەمێرد و زێوەر و حەمدی و بێکەس وەك پێنج داوی کەمانجە وابوون، هەریەکەی جۆرە دەنگێك و هەریەکەی تەحرە ئاوازێکی هەبوو.

شاعیری هەموو گەلێك کە مردن شایستەن کە بەئاوی فرمێسك بشۆرێن، وە لەگەڵ لەشکری ئاه و هەناسەی ساردا بەڕێ بکرێن بۆ سەر گۆڕستان، نەخوازەڵا بۆ گەلێکی هەناسە ساردی وەك ئێمەی هەژار لە شاعیر و خوێندەوارا.

ئێستا نەمویست لەم وەختە تەنگەدا بەراوردێکی شیعر و شاعیرێتی بێخود بکەم؛ چونکە ئەمە هەشت نۆ زنجیرە قسەی زۆر دوور و درێژی ئەوێت، بەڵکو ویستم چەند

فرمێسکێکی گەرم و گوڕی خوێناوی هەڵڕێژم بەسەر گڵکۆکەیا، وەچەند گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ لە باخچەی وێژەدا هەڵوەرێنم بەسەر گۆڕەکەیا، سا خواش بەبارانی چاو پۆشی و میهرەبانی خۆی لێی خۆش بێت، بە بەهەشتی خۆی شاد و دڵخۆشی بکات.

***

# ژن هێنان و تەڵاقدان

خوا ئەم جیهانەی وا دروست کردووە کە هەموو جۆرێك لە گیانلەبەر و شینایی بە هەموو هێز و توانایی خۆیانەوە هەوڵ بدەن بۆ مانەوەو پەرەسەندن، تا چاودێریی تەحرەکەی "نوع" خۆیان بکەن لە نەمان، وە درێژە بدەن بە ژیانیان لە جیهانا، یەکێك لەم هەوڵدانە ، ئارەزووی جووتگرتنی نێرومێ و هەوڵدانی ئادەمییە بۆ ژن هێنان، وە بۆ ناشتنی تۆوی ژیان و سەوز کردنی باخچەی ئادەمییان.

ئەم ژن هێنانە جۆرە پەیمانێکە لەناوەندی پیاو و ژنا کە ئەی بەستن بۆ ژیانێکی هاوبەشیی هاوکاریی "مشترك" کە هەردوولا یارمەتی یەکتر بدەن، وە بەهەردوولاش یارمەتی کۆمەڵە بدەن بۆ بەرهەم هێنانی گۆپکەی تازەی ژیان و خونچەی تازە پێگەیشتووی ئادەمییان.

ئەم ڕێککەوتنی ژن و پیاوە، جۆرە سوێند خواردنێکە لە ناویانا بۆ یەکتریی کە هەردوولا دڵی یەکتری ڕابگرن، وە یارمەتی یەك بدەن بۆ پەیدا کردنی لەشکری ئادەمی و زیاد کردنی چەند سەربازێکی تر بۆ سوپای خۆیان.

دەستوور و یاسای ئەرز و ئاسمان بەچاوێکی گەورە و پیرۆز تەماشای ئەم جووتگرتن و ژن هێنانە ئەکات، زانایانی کۆمەڵایەتیی و هەڵکەوتووانی ئادەمی هانەهانەی مەردومی لەسەر ئەدەن، هەرکەسێك کە ژن هێنانێك ببیستێ ئیتر ژن و پیاوەکە بناسێ یا نەیناسێ- بەدڵ پێی خۆشە کە خێزانێکی تازە پوورەی دا، وە ئادەمییەکی تازە بەم زووانە دێتە ناو لەشکرو سوپای ئادەمییەوە.

ئەو دەفتەری دادگە "سجلی محکمە"یەی کە ژن و پیاو مۆری ئەکەن لە دوای ڕێککەوتن و مارە کردن، گەورەترین و بەنرخترین چەکە بەدەستیانەوە، نابێ هەروا بەئاسانی ئەم پەیمانە هەڵوەشێننەوە، وە ئەم سوێندە بخەن، وە ئەم چەکە بدڕێنن، وە ئەم کۆشکە بڕووخێنن، بەڵکو ئەبێ بەچاو نیگای بێرن.

وا دەرئەکەوێ کە سروشت نەیویستووە نە لەپیاو بەتەنیا مرۆڤێکی تەواو دروست بکات و نە لەژن، بەڵکو بەهەردووکیان مرۆڤێکی تەواویان تیا ئەبێ، بەم ڕەنگە ئەوی لەپیاوا نییە، یا هەیە و کەمە، لە ژنا زۆرە، وە ئەوەی لەژنا نییە، لەپیاوا زۆرە، یاخۆ بڵێین ئەوی

لە ژنا کەمە سروشت لە پیاوا بەهێزی کردووە، وە لە پیاوا کەمە، سروشت لەژنا بەهێزی کردووە.

لە هەر شتێکا ناتەواوییەکت دی لە پیاوا، بگەڕێ بە شوێن ئەو شتەی کە تەواوی ئەکات لەژنا، وە لەهەر شتێکا ناتەواوییەکت دی لە ژنا، بگەڕێ بەشوێن ئەو شتەی کە تەواوی ئەکات لە پیاوا.

ژن و پیاو وەك دوو پارچەی کالاّ وانە کە لە دوورمانا لەیەك ئەدرێن، ئەگەر لەسەری یەکێکیانا تەسکییەك ببێ، لەسەری ئەویەکەی تریانا بەقەد ئەو تەسکییە ئەبێ پانی و فراوانییەك ببێ، یا ئەگەر لە یەکێکیانا خوارییەك ببێ، بۆ ئەوەی کە جێ بۆ پارچەکەی تر بکاتەوە، یا وەك دەسکە گوڵ وانە، نابێ هەموو یەك ڕەنگ بن، بەڵکو ئەبێ هەر گوڵەی ڕەنگێك بێ. یا وەك دەستەی مۆسیقا وانە، بەرزیی دەنگی تەپڵە کە ئەبێ بە نزمیی دەنگی نای قەرەبوو بکرێتەوە، وە نزمیی دەنگی نایە کە ئەبێ بەبەرزی دەنگی تەپڵ پڕبکرێتەوە.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ ژن و پیاو بۆ یەکتریی وەك هەردوو دەستی ئادەمی وان، هیچ دەستێ بەتەنیا ئیشی پێ ناکرێ، بەلاّم بەهەردووکیان هەموو کارێکیان پێ جێبەجێ ئەکرێ. یا وەك دوو باڵی باڵندە وان بۆ یەك، بەهەردوولا نەبێ ناتوانن سەرکەون لە ژیانا، ئینجا کە وابوو ژن بەڕەلاّ کردن وەك پەل و باڵ بڕین وایە لە بنا بۆ هەردوولا، وەختێك دروستە ببڕێن، کە ئەو باڵە تووشی سەرەتان، یا خۆرە ببێ، بە ڕەنگێك ئەگەر نەی بڕیت بتکوژێ.

ئینجا هەروەك بڕینی باڵ بەسەرەتان بەجێ ناهێنرێ تا دکتۆرێکی تایبەتی بڕیاری لەسەر نەدات، ژن بەڕەڵلاّ کردنیش وایە، بەم ڕەنگە ئەبێ نوێنەرێك لە لایەن پیاوەکەوە و یەکێك لەلای ژنەکەوە بکەونە ناوەندیانەوە، وە گوێ لە هەردوولا بگرن، وە گلەو بۆڵەو خوتەیەکیان کەببێ زۆر چاك وەری گرن و ئەم دیو و ئەو دیوی بکەن، گوناهی کامیان بوو بەسەریا بێن و ئامۆژگاریی بکەن، وە ئاشتیان بکەنەوە، وەك قورئان ئەفەرمووێ: **(وان خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكما من اهله وحكما من اهلها، ان يريدا اصلاحا يوفق الله بينهما)** واتە ئەی کەس و کاری ژن و پیاو ئەگەر ترسان لە ناڕێکی ناوەندی ژن و پیاوێك، نوێنەرێك لە کەسانی مێرد و نوێنەرێك لە کەسانی ژن بنێرن، ئەگەر بیانەوێ ڕێکیان بخەنەوە خواش یارمەتییان ئەدات.

ئینجا ئەگەر ئەم دوو نوێنەرە بە هیچ کۆلۆجیك نەیانتوانی ڕێکیان بخەنەوە و ئاشتیان بکەنەوە، وە جیا بوونەوەیان بە شتێکی ناچاری زانی، ئەو حەلە جیابوونەوە قەی ناکات، بەڵکو ئەبێ بە شتێکی پێویست.

که وابوو نابێ هەرکەسێك لە ژنەکەی تووڕە بوو خێرا بچێ تەڵاقی بدات، هەر وەك یەکێك باڵێکی هاتە ژان نابێ خێرا بچێ لە بنا بیبڕێ.

***

# بەهار

ئەی بەهار ئەمسالیش هاتیتەوە، یاخوا بەخێر بێیتەوە، هاتیت ژیانێکی تازەت لەگەڵ خۆتا هێنا، بەهاتنی تۆ گیا ئەڕوێ، دار و درەخت ئەبووژێتەوە، گۆپکە و چرۆ ئەکا، هەور ئەگریی و ئەبارێنێ، گوڵ دەم ئەداتەوە و پێ ئەکەنێ، بلبل ئەگریی و ئەناڵێنێ، ئەسپ ئەحیلێنێ، مەڕ و بزن ئەباڕێنێ، کەو ئەقاسپێنێ، قاز و قولنگ ئەچریکێنێ، تەنانەت لقی دار و درەخت ئەکەونە لەنجەو لارو دەست کردنە ملان، یاخۆ ئەکەونە دانس و هەڵپەڕکێ، ڕۆژ بەئاسمانەوە دەست ئەکا بە سەرەتاتکێ، دەمێ لەبەینی لق و پۆپی درەخت و دەمێ لە بەینی پەل و پۆی گوڵا تەماشا ئەکات، سێبەریش لەژێر دار و درەخت و گوڵ و گوڵزارا دەمێ خۆی مات ئەدا، دەمێکیش کەم کەم پێ دزکێ ئەکات.

ئەی بەهار! هەموو شتێك بەهۆی تۆوە زیندوو ئەبێتەوە، دار و بەرد گەرم ئەبێتەوە، داری پیر خووز ئەهێنێتەوە، هەرچی کە ئەیبینیت لە گەنج و پیرەوە ئەبێ بە گۆیندەیەك بۆ خۆی، وە هەموو باڵندەیەك ئەبێ بە دواندەر "خطیب"ێکی گۆیا بەسەر لقی درەختێکەوە، یاچڵی گوڵێکەوە ئەگەر درێژایی جیهانی جەستە بوایە تۆ گیانی ئەبوویت! وە ئەگەر تەمەن بووایە تۆ گەنجی و جوانی ئەبوویت.

ئەی بەهار! باڵای درەختەکانت قەد و باڵای جوانان و لاوچاکانمان بیر ئەخاتەوە، دەست کردنە ملی لقەکانت دەست کردنە ملی خۆشەویستانمان ئەهێنێتەوە یاد، گوڵاڵە سوورەکەت ڕوومەت و سەر کوڵمی سوورمان بیر ئەخاتەوە، نێرگسەکەت چاوی کاڵی مەست و خەواڵوومان ئەهێنێتەوە پێش چاو، وەنەوشەکەت زوڵفی خاومان ئەهێنێتەوە یاد.

لە هەر لایەکەوە تەماشا ئەکەیت ئەوا دەستی سروشت ئارایش ئەدا، لەلایەکەوە چاوی گوڵاڵە ئەڕێژێ، لەلایەکەوە سووراوی سەر گۆنای گوڵاڵە سوورە ئەکات، لەلایەکی ترەوە پرچی بنەوشە شانە ئەکات، لەلایەکەوە پیاڵەی زێڕینی نێرگس پڕ ئەکات لە شەونم و ئاوی ژیان "حیاة" لەلایەکی ترەوە قاڵیی گوڵ و نەسرین لەژێر پێدا ڕائەخات، وە بۆنی خۆشی بەسەرا ئەکات.

ئەی بەهار! هەوات خۆش و ناوەنجییە، نەزۆر ساردە وەك زستان نەزۆر گەرمە وەك هاوین.

خۆزگە کات هەمووی بەهار ئەبوو، ئەو حەلە مەردوم بەناچاریی چاویان پڕ ئەبوو لە جوانی، وە بەتەواوی لەجوانی ئەگەیشتن، وە ئەبوون بە عاشقی جوانی ئەو حەلە فێری گوفتار و کرداری جوان ئەبوون، ئیتر قسەی جوان نەبوایە نەیان ئەوت، وە کاری جوان نەبوایە نەیان ئەکرد، چونکە گوفتار و کرداری پیسی خراپ شتێکی ناشیرینە وەك زستان و هاوین، بەڵام قسەو ڕەوشت و خووی بەرز شتێکی جوانە وەك بەهار.



شێخ محەمەدی خاڵ(٨)

# پێویستی وێژەر(١)

جاران هۆنراوەو پەخشانمان، هەمووی هەر لە خزمەتی یەکە یەکەی کۆمەڵەدا بووە، وە بەدەوری ئەم و ئەوا هاتبوو، چونکە ئەوەی کە نووسرابوو یامەدح و پیاهەڵدان، وەیا زەم و پیاهەڵخوێندن بوو، یا غەزەل و دڵداری، یا شین و واوەیلا، یا گلە و خوتە، یا جنێو و پلار، یا مەتەڵۆکە و شتی پێچراوە، یا گەلێ شتی تری هیچ و پووچی وابوو، یەکێك ئەگەر تەماشای زۆر لە دیوانەکانی کوردی بکات، ئەمانە هەمووی تیا ئەبینی، هەروا ئەوی ئیمڕۆش ئەینووسین یا باسی ژیانی وێژەر و شاعیرێك، یا شیکردنەوەی وێژەی نووسەرێك، یا وێژەرێك ئەکا، یا داستانێکی دڵداری ئەنووسێ بەڵام لەمەولا پێویستە لەسەر وێژەر و شاعیر، ئاوڕێك بدەنەوە بەلای کۆمەڵە و گەلا، وە بەگیانێکی بەرزی کۆمەڵایەتییەوە شت بنووسن، بەم ڕەنگە وێژەر کە هات چیرۆکێك بنووسێ، ئەبێ لە چۆنیەتی کۆمەڵ و بەسەرهاتی گەل دەری بێنێ، وە ئەبێ باسی خەم و خەفەت و کەموکوڕیی و داخ و زووخاو و دەردی نەخۆشی و هەژاری و نەخوێندەواری و فرۆفێڵ و چاوبەست و ئیخفالات و شتی پڕ و پووچی ناو کۆمەڵەکەی تیا بکات، وە هەر یەکەی بەجۆرێك نیشان بدا و چارەی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە کۆمەڵەکەمان یا کشتیارێکی ڕەق هەڵاتووی ڕەش داگیرساوی چڵکنی کوڵکنی لە برسانا مردووە، یا پیشەسازێکی هەژاری زەردو زەبوونی بێ کاری بێ دەرامەتە، لەبەر بێ ئیشی هەر باوێشك ئەدا، یا ژنێکی بەسەزمانی هەناسە ساردی تەڵاق دراوە، یا هەتیوێکی بێ کەسی باوك کوژراوە، یا ستەم لێکراوێکی ماڵ داگیر کراوە، یا نەخوێندەوارێکی سادەی بێ ئاگای تێنەگەیشتووە، کە هەر ساتەی لەسەر بیروباوەڕێکە، وەهەر دەمەی وەك مێو بەلایەکا ئەچەمێتەوە و وێنەیەکی لێ دروست ئەکرێ، وە لەسەر بارێك ئەوەستێ، وە ڕەنگ و بۆیەك وەرئەگرێ، یا هەزاران هەژار و نەخۆش کە بەدەست هەژاری و نەخۆشییەوە ئەناڵێنن، یا هەزاران مناڵی بێکەسن کە لە ڕووتی و ڕەجاڵیدا ئەسووڕێنەوە بەکۆڵانانا، بۆ ئەوەی لەماڵێك یا لەمزگەوتێك شتێك بدزن، ئینجا بەم بۆنانەوە هەزاران زیرەکی و بلیمەتیمان ئەکوژێتەوە، وە هەزاران بەهرە و ودممان زیندەبەچاڵ ئەکرێ، وە ئەبێ بەژێر خاکەوە، لەگەڵ هەزاران هەزار داخ و دەرد و خەفەتی ترا، ئینجا ئەبێ وێژەران و

(١) ئەم وتارە لە ژمارەی (٢)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری "بڵێسە"دا بڵاو کراوەتەوە.

شاعیران بچنە بنج و بناوانی ئەم دەردانەوە، وەمایەکەی بدۆزنەوە و ڕاڤە "شرح"ی بکەن بۆ کۆمەڵە و گەل، وەدەرمانی بۆ دابنێن بەو شیعرانەی کە ئەیانڵێن، وەبەو وتارانەی کە ئەیان نووسن، وەبەو داستانانەی کە دایان ئەنێن، وەبەو سەرگوزشتانەی کە ئەیانگێڕنەوە، وەبەو چیرۆکانەی کە هەڵیان ئەبەستن، ئەمەش کاتێ ئەچێتە سەر، کە وێژەرو شاعیرەکانمان:

١- لە گۆشەگیریی دەست هەڵگرن، وەتێکەڵی کۆمەڵەو گەل ببن، بەهەموو چینەکانیەوە، وە لەگەڵیانە هەستن و دانیشن، تا زۆر چاك لە دەردیان ئەگەن، وە بەئاگری دەروونیان هەڵ ئەقرچێن.

٢- ئەبێ زۆر خوێندەوار و ئاگاداربن، وە زانیارییەکی زۆر بەرز و تێکڕاییان ببێ، بەجۆرێك کە پێش وەخت لە هەموو شت بگەن، وە نووسینەکەیان جوان و ڕەوان و ڕێکوپێك بێ، چە لە بابەت وتە و وتارو بێز و کالاوە، چە لە بابەت شێوەو ئاهەنگەوە، چە لە بابەت مەبەست و ماناوە، چە لەبابەت سەرباس "موضوع"و داڕشتنەوە، نەك هەر منالێك یا نەخوێندەوارێك دەست بداتە قەڵەم و چەند وەزنێکی هیچ و پووچی بێ گیانی بێ مەبەستت بۆ بنووسێ، یاچەند شتێکی شڕم برمت بۆبدا بەسەر یەکا، نە وەزنی بێ و نە مانا، ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەم جۆرە نووسینانە زیانیان لە قازانجیان زیاترە.

٣- شیعرو وێژەیان چونکە بۆ تێگەیاندنی گەل، وە پێشڕەوی دەنگی گشتییە، ئەبێ بەزمانی گشتی بێ، واتە وەك ئاوی ڕەوان وابێ، وە هەموو یەکە یەکەی گەل بەئاسانی تێی بگەن، وە لە شێوەو ئاهەنگی قسەو گفتوگۆی ئەوان دەرنەچێ.

ئیمڕۆ وێژەری گەلانی خوا پێداو، بەژیانی ڕۆژانەی گەلەکەیانەوە خەریکن، ئەوەی کە ئەینووسن و هەڵی ئەبەستن، هەمووی لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کردنەوەی گرێ کوێرەی گەلەکەیانایە، ئەو بیرە کە ئەیخەنە سەر کاغەز، لەناو جەرگەی کۆمەڵەی وەرئەگرن، نە لە پڕو پووچی یۆنان و ڕۆمان شت دەرئەهێنن، نە خۆشیان بە شتی هیچ و پووچەوە خەریك ئەکەن.

دەمێکە ئاواتە خوازم کە ئێمەش لە وێژەی کوردیدا، نموونەی "بەرنادشۆ" لە وێژەی ئینگلیزی و "تولستۆی" لـــــە وێژەی ڕووسی و "ئەناتول فونس"مان ببێ لەوێژەی فەڕەنسیدا، کە وێژەی خۆیان تەرخان کردووە هەر بۆ خزمەتی کۆمەڵە و گەلی خۆیان.

ئێمە ئەبێ خۆمان ئیخفال نەکەین، وە ئەبێ بزانین کە جوتیارو کرێکارو سەپان و

گاوانەکان لە کوردستانا کە بەشی زۆرن وە لەسەدا هەشتاو نەوەدن تەمسیلی کورد ئەکەن، نەك خوێندەوارو خاوەن شەهادەکان، هەروا قوّخ و زنجی کشتیار و گوّخڵ و ڕەنجبەرەکان، تەمسیلی خانووی کوردستان ئەکەن، نەك کوّشکە تازەکانی سلێمانی و کەرکووك و هەولێر، وە کوّلانە پیسە چەوتەکانی لادێ تەمسیلی شەقامەکانی کوردستان ئەکەن، نەك لەتە شەقامەکانی سلێمانی و کەرکووك و هەولێر، ئەگەر بمانەوێ بزووتنەوەیەك بخەینە کوردستانەوە، ئەبێ لەبەشە زوّرەکەوە دەست پێ بکەین کە لادێیە، نەك لە بەشە کەمەکەوە– کە خوێندەوارەکانە– وە ئەگەر بمانەوێ مەردوم ئاگادار بکەینەوە، ئەبێ لە کشتیار و جوتیارەوە دەست پێ بکەین، نەك لە قوتابی قوتابخانەوە، هەروا لە ئابووریشا ئەگەر ویستت میزانیەیەکی باش ڕێك بخەیت بوّ بووژانەوەی گەل ئەبێ وای بکەیت بەشی زوّری بچێتە گیرفانی وە باخەڵی گەلەوە، ئەگینا میزانیەیەکی ئەرەستقراطی پڕ لە زوّرو ستەم دەرئەچێ.

وێژەش هەر وایە ئەوی کە ئەنووسرێ ئەبێ کوّمەڵەو گەل بەتێکڕایی تێی بگەن، نەك هەرچەند کەسێك تێی بگات.

گوّڤار و ڕوّژنامەو سیپارەو ناملکەو هەرچی ئەنووسرێ، ئەبێ وەك ئاوی ڕووناك وابێ بوّ هەمووان بێ، نەك بوّ دەستەیەك ئیتر پەنا بەخوا.

# عارف صائب

عارف صائب كوڕی مەلا ئەحمەدی كوڕی مەلا قادره، لە هاوینی ساڵی ١٣٠٢ هـ- ١٨٩٢ز دا لە سلێمانی لە دایك بووە، ئەمیش وەك هەزاران خوێندەوارانی ئەو ڕۆژە لە حوجرەی یەكێك لە مامۆستا بەهرەمەندەكانی كاتی خۆی پێگەیشتووە كە هەموو فارسی و عەرەبی و كوردی و توركی زان، وە خەت خۆش و موسڵمان بوون، بەڵكو هەموو شاعیرو نووسەر و وێژەر بوون، بۆیە قوتابییەكانیان لەپاش چەند ساڵێكی كەم بەشی زۆریان بوون بەشاعیرێكی ڕەوان و نووسەرێكی بەناوبانگی دەوری خۆیان.

مامۆستای عارف صائب، خوا لێخۆشبوو مەلا عەزیزی زلزلەیی بووە، وەقورئان و فارسی لە لا خوێندووە، وە مەشقی نووسینی لە لا كردووە، لە پاشا لە مزگەوتی هەمزاغا لەلای مەلا حەسەنی زەردەلیكاویی چەند كتێبێكی نحو و صرفی عەرەبی خوێندووە.

لە سەرەتای جەنگی یەكەمی جیهانیدا گیرا بەعەسكەر، بەڵام لەبەر ئەوەی كە لە مزگەوتی هەمزاغادا بوو وەكو فەقێ لەگەڵ چەند فەقێیەكی ترا نێرران بۆ مووسڵ بۆ تاقیكردنەوە "امتحان" وا دیارە دەرنەچووە، بۆیە كە گەڕاوەتەوە لەگەڵ لەشكری عوسمانیدا نێرراوە بۆ ئێران بۆ لای ورمێ و مەراغا و خۆو سەڵماس. لەو سەفەرە دوورو درێژەدا وا دەرئەكەوێ كە زۆر تووشی ئێش و ئازار و برسێتی و دەردی سەری و چڵكنی و كوڵكنی بووە، وە دڵی هاتۆتە كوڵ و چاوی هاتۆتە گڵ، وەخەم و تەم و خەفەت و دەردی سەری لە هەموو لایەكەوە دەورەی داوە، وە ئەم چەند شیعرە لەگەڵ كەف و كوڵی دڵ و دەروونی سەركەوتووە بۆ سەر نووكی قەڵەمەكەی كە نووسیویەتی و ناردوویەتی بۆ سلێمانی لەبابەت غەریبی و ژیانی عەسكەری و ناكۆكی چەرخی كەچ ڕەفتار و گەردشی خوار و خێچی ڕۆژگاری ناهەموار، ئەڵێ:

ئاوارەی خاكی وەتەن و سەیر و سەفا خۆم
پاماڵی خەم و غوربەت و سەد دەردو بەڵا خۆم
بێ یارو دیار، وەحشی و مەجنونی بیابان
مەهجوری سەفای مەجلسی ئەربابی وەفا خۆم
سەرگەشتەی سەحرای "خوی" و ساحەی "سەڵماس"
ڕیسوای عەجەم و مەسخەرەیی شاه و گەدا خۆم

ئەم طالعە نەحسە منی خستۆتە فەلاکەت
ئاشفتەیی دەستی ستەمی بەختی سیا خۆم
دوو چاری هەزار دەردی سەرو قەهر و سزا خۆم
سوورڕدانە، عەرەق خواردنە، کارێکە مەپرسە
سەرسامی هەزار هەلهەلەو ڕەقص و سەما خۆم
ڕۆژێ کە سەفەربێ وەکو سەگ غەرقی قوڕاوم
ڕۆژی حەزەریش، تووشی هەزار دەردی وەها خۆم
ڕۆژێ خەبەری حەرب و، دەمێ موژدەیی صولحە
ئیفتادە لەناو دەغدەغەیی خەوف و ڕجا خۆم
بێ مەسکەن و، بێ چادرو یاغموورلغ و یاتاغ
عوریان و پەرێشان، بەمەسەل گورگی چیا خۆم
باران و قوڕ و دەهشەتی سەرماش بەهەرجا
پامالّی دەسی شددەتی بەفرو ڕەشەبا خۆم
خۆ بەکسەمە دو خەپلەیی جۆ، ساوەر و گۆشت و گا
ئاوساندی سکم عەینی وەکو ڕەشکەیی کا خۆم
دوو مانگ دەبێ، نەمدیوە صەفای بەزمی پلاّولغ
دەرناچێ لەدڵ هەر بە ئومێدو بە تەما خۆم
برسیی و ڕەش و ڕووت، چڵکن و بێ پارەو و تووتن
حەسرەتکەشی دوو قوم جگەرە و پیاڵەیە چا خۆم
وادام درووە پینە لەسەر چاکەت و شەرواڵ
گۆڕاوە سەرو صوورەتی من وەك جلە گا خۆم
نابینی طەراوەت لە ڕەگی عومرو حەیاتم
ئەلحەق وەکو تووی قۆجە بەبێ بەرگ و نەوا خۆم(١)
تووکی سەر و ڕیشم لە غەما بۆزو درێژ بوو
بەم وەضعیەتی ڕیشەوە، وەك خواجە حەنا خۆم

(١) تووی قۆجە: دوو تووی ئەستووری کرۆزی کەم بەرگ و گەلاّبوون، لەم پەڕو لەو پەڕی جادەی سابوونکەرانەوە لە عاستی جادەی ئیبراهیم پاشای ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی، پێنج شەش گەز لەیەکەوە دووربوون، من کە دیومە گەلاّی پێوە نەبوو، بەڵکو هەرچەند لق و پۆپێکی بێ گەلاّی مابوو، ئینگلیزەکان کە هاتنە سلێمانی هەردوو دارەکەیان بڕی.

کـــافــر بـەزەیـی دێـتـەوە بــەم حـــاڵە پــەشـێـوە
وا دەربەدەر و قــوڕ بەسـەرو تــووشی بـەڵا خــۆم
بـۆ شـــاری سـلـێـمـانـیـیـە فـــەریـادو فـوغـانــم
دایـم لـە خـــەیاڵ و غـــەمـی تــەبـدیلـی هەوا خۆم
بێ شـــوبهە لەبەر دەردو غەم و قەهـر و مـەرارەت
مەحروومـی سەواب و شەرەف و خێرو دوعا خۆم
بێتاقەت و بـێ ویسـعەت و حـــەیران و پەرێشان
هـەر مونتەظیری لوتفی نبی و فەیضی خودا خۆم
شـــیعـرم وەکــو طـبعم کـە پەرێشان و خـــراپە
مەحجوب و سەر ئەفکەندەیی جەمعی شعرا خۆم
(عـارف) ئەسـری مەرحـەمـەت و لوتفی خـودایە
بۆ مـەنفـەعەتـی دین و وەتـەن جـــان بەفدا خـــۆم

لە ئاخر و ئۆخری جەنگدا چووە بۆ سەقز، ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە لەگەڵ (عەونی حاجی گوروون) کە ئەفسەر بووە، پێش تەواو بوونی جەنگ بەچەند مانگێك گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، وە دەوڵەتی عوسمانی شکستی هێنا و ئینگلیز گەیشتە کەرکووك؛ وە ئەو عەسکەرەی کە مابوو لە سلێمانی بەتورك و بەئەڵمانەوە لە ڕێگای سورداشەوە کشانەوە، بەڵام عارف صائب و چەند کەسێکی تر مانەوە لە سلێمانی، وە لەگەڵ عەسکەرەکەدا نەڕۆیشتن، وە ئیش و کاری میری درایە دەست خوا لێخۆشبوو شێخ محمود، وە عارف صائب لەو ساوە چووە لای شێخ محمود کە ئەمە بۆ ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩١٨م ئەگەڕێتەوە، ئینجا ئینگلیز هاتە سلێمانی ئەمیش بوو بەنووسەر لە مالیە، لەپاشا بوو بەمەئمووری مالی ناوچەی قەرەداغ کە ئەو دەمە عەونی حاجی گوروون کارگێڕ "مدیر"ی ئەو ناوچەیە بوو تا سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە چۆڵ کرا، لەکۆتایی ئەیلولی ١٩٢٢ دا، شێخ محمود هاتەوە، وەبوو بەحکمداری کوردستان وە عارف صائب بوو بە نووسەری تایبەتی شێخ محمود، لەم وەختانەدا هەر وەك سکرتێری شێخ محمودی ئەکرد لە ڕۆژنامەکانیشا نووسینی جوانی بڵاو ئەکردەوە بەهۆنراوەو پەخشان، بەڵام بەداخەوە شیعرەکانی کۆ نەکراونەتەوە.

لەساڵی ١٩٢٣م لە مانگی مایسدا شێخ محمود شوێنی حکومەتەکەی گواستەوە لە سلێمانییەوە بۆ ئەشکەوتەکانی جاسەنە لە سورداش وە عارف صائبیشی لەگەڵا بوو، یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەیان ئێوارە لە "قەرەچەتان" ئەبن، وەشەو لەوێ ئەمێننەوە، بۆ

ڕۆژی دوایی کە بڕیار وابوو بچن بۆ جاسەنە عارف صائب ولاخی دەست ناکەوێ تا بچێ لەگەڵیانا، وەپێی ڕاگەیاندن کە ئەم ئیمشەو ئەمێنێتەوە لە قەرەچەتان، وە بەیانی ولاخی بۆ دێنن و ئەچێ بۆ جاسەنە، بەلام سید محمد ناوێك وا تێ ئەگا کە عارف صائب نایەوێ بچێ لەگەڵیانا هەر ئەو ئێوارێیە ئەیداتە بەر گوللە و ئەیکوژێ، وە ڕۆژی ١٦-٥-٩٢٣ لە گۆڕستانی دێیەکە ئەنێژرێ.

عارف صائب هەر وەکو شاعیرێکی کۆمەلایەتی بوو بەخۆی و هەموو سەرباس "مواضیع"ێکییەوە، هەروا شاعیرێکی گاڵتە و ڕابواردن بوو لەناو فەقێکانی مزگەوتا، هەمیشە بەپێکەنین وەختیان ئەبردە سەر.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێکیان لە پایزا مەڕێکی ڕەش ئەکڕێ بۆ دابەستن کە لەزستانا بیکا بەقاورمە، مەڕ لەکۆتایی پایزا قەڵەو ئەبێ، لەوانە ئەبێ کە ئەمڕۆ و سبەی سەری ببڕێ و بکرێ بە قاورمە، شەوێك مەڕە ڕەش ئەدزرێ، مەلا عارف زۆر خەفەتی بۆ ئەخوات، بەیانی هەڵئەستێ کە ئەبینێ وا مەڕە ڕەش دزراوەو نەماوە ئەمیش ناکاتە نامەردی شینێکی بۆ ئەکات، وە زۆری بەسەرا هەڵ ئەدا، بەقصیدەیەکی دوورو درێژ، بەلام بەداخەوە لەو قەصیدەیە تاقە سێ شیعریم دەست کەوت کە ئەڵێ:

حەسرەتم هەر ئەوەیە سینەی پەراسووی چەورت
بوو بە اطعام طعامی جهلا ئەی مەڕە ڕەش
من لەبەر چاوی حەسود بوو کە مەڕم پێ ئەوتیت
وەرنی فەرقت چ بوو تۆو حاجی مەلا ئەی مەڕە ڕەش(١)
هەر وەکو بزنەکەی ئەخفش لە حضوری تۆدا
ڕائەوەستان بەئەدەب قۆڵ لە عەبا ئەی مەڕە ڕەش

هەر لەشیعری گەڵتەو مەزاحێتی ئەو قصیدەیەی کە لە شینی ماینە کوێتا کردوویەتی بەبۆنەی مردنییەوە، کە شەوێك لەنیوە شەوا لێی دێ و کوتوپڕ ئەمرێ، بەداخەوە ئەمیش هەر ئەم سێ شیعرەیم لێ دەست کەوتووە، کە ئەڵێ:

ماینە کوێتی جنسی خۆش ڕۆم ڕو، بەجێی هێشت تازە زین
حەسرەتی خۆی بردە گڵ، نەیخوارد بەهاری سەوز و شین

(١) مەبەس لەم حاجی مەلایە ئەو حاجی مەلایەیە کە وەختی خۆی وتوویەتی:
بەیانی تا ئێوارێ وەعظ ئەخوێنم
کەچی خۆی ناخورێنێ قەحپە بابێ

ماینە کوێت ماین نەبوو، تەیارەیەك بوو توند ڕەو
لایقی ابن الرشید و پادشاهانی زەمین
هەر بەڕۆژێ لێرەوە بردم هەتا بانی مقان
ئارەقی هیچ پێ نەکرد، پڕمەی ئەچوو بۆ خانەقین

***

# من و چەمچەماڵ(١)

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: "صاحب"ی کوڕی "عباد"ی وەزیر، ڕۆژێ لە دیوانی خۆی ئەبێ بەتەنها، لەبەر بێ کاری نازانێ چی بکات، وە چۆن خۆی بخلافێنێ، ناچار دەست ئەداتە قەڵەم هەر بۆ ئەوەی کە هەرزە نووسیی پێ بکات، بێ ئەوەی بیەوێ شتێکی تایبەتی بنووسێ، یا مەبەستێك بخاتە سەر کاغەز، وەزیر هەر لەخۆیەوە، وە بەڕێکەوت ئەنووسێ ئەڵێ: "أيها القاضي بقم، قد عزلناك فقم" واتە ئەی قازیی شاری قوم(٢) دەرمان کردیت، ئیتر هەستە بڕۆ، وەزیر کە تەماشای نووسراوەکەی خۆی ئەکات، ئەبینی وا دوو قافیەی زۆر جوانی بۆ هاتووە، هەرچەند ئەکات دڵی نایەت بیدڕێنێ و فڕێی بدات، وەبڕیار ئەدات کە بینێرێ بۆ قازیی شاری قوم، وە ئەوی پێ دەرکات، خێرا فەرمان ئەدا بەنووسینی و مۆر کردنی و ناردنی بۆ قازیی قوم، بەڵام قازی پیاوێکی زیرەك و تێگەیشتوو ئەبێ، کە لەگەڵ ئەیخوێنێتەوە، خێرا ئەڵێ: "والله ما عزلتني غير هذه السجعة" واتە بەخوا هیچ شتێك منی بەدەرکردن نەدا ئەم قافیەیە نەبێ.

منیش کە بەقازێتی لە هەڵەبجەوە نێررام بۆ چەمچەماڵ، وەقافیەی (محمدی خاڵ و چەمچەماڵ)م خوێندەوە، وتم یافەریاد ڕەس قافیەی پێشوو بوو بە بەهانە بۆ دەرکردنی قازییەك، تۆ نەکەیت ئەم قافیەیەش ببێ بە پابەندی من لە چەمچەماڵ. بەڵێ ئەم قافیەیەش منی پابەندی چەمچەماڵ کرد، وە چوار ساڵ و چەند مانگێك منی هێشتەوە لەوێ، هەر وەك پیرەمێرد لەژینی ژمارە (٧٤٨)دا ئەڵێ:

دوو قافیەمان لێ بوو بەدوو باڵ
خاڵ و چەمچەماڵ بەدرێژایی ساڵ

بەڵێ لەو ماوەیەدا چەند جار ویستم کە خۆم ڕزگار بکەم، وە کشتەکی هیوام دوو لانە بابدەم و کرژی بکەمەوە، بەڵام هەرچەندە من بەدەست و بازوویەکی بەهێز خەریکی بادانی ئەبووم بەلای ڕاستا، قافیەکەی پێشوو، بەدەست و بازوویەکی بەهێزترو شان و ملێکی ئەستوور تر، بەلای چەپا خاوی ئەکردەوە، وە هەموو جارێ چاوی ڕەشمی کاڵ، وەڕیسەکەمی ئەکردەوە بەخوریی، تا لەدواییدا خوا ڕزگاری کردم لە چەمچەماڵ و

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٦)ی ساڵی (٦) لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاو کراوەتەوە.

(٢) قوم: شارێکی زۆر خۆشە لە ئێران، (٨٧) میل کەوتۆتە خوار تارانەوە.

قافیەکەی، بەڵام لەپاش چی؟ لەپاش ئەوەی کە کەتنی خۆی کرد، وە دەستی خۆی وەشاند، یاخوا هیچ کەسێك تووشی قافیەی وا نەبێ.

بەڵام ژینی چەمچەماڵم هەرچەند درێژ و ناخۆش بوو، بەڵام ژینێکی پانیش بوو، گەلێ شتی جوانم تیا نووسی، وە گەلێ شتی نیوە و نیوە چڵم تیا تەواو کرد، کەوابوو من لە قافیەکەی خۆم بێ بەهرە نەبووم، بەڵام قوڕ بەسەر قازیی قوم بۆ خۆی و قافیەی.

## بابا تاهیری هەمەدانی "مەشهور بە عوریان"

دەربارەی زیندەگانی ئەم شاعیرە نەمرە- بەداخەوە- تائێستا شتێکی وا نەنووسراوە کە کەمێك لەژیانی ئەم شاعیرە بەهرەمەندەمان نیشان بدات، یا گۆشەیەك لە گەورەیی ئەم خواناسە دڵپاکەمان بۆ ڕووناك بکاتەوە، شەڵڵا بەشاڵڵایی خوا ئەوی هەشە هەر نەنووسرایە نە لە کۆن و نە لە تازە، چونکە هیچیان بەپارێزیا نەڕۆیشتوون و لەجیاتی ئەوەی باسی بەهرەو گەورەیی بکەن، کەچی بچووکیان کردۆتەوە.

بێگومانم ئەگەر چەند چامەیەکی بووتایە، بەڕیایی و ڕووپامایی لە تەعریفی چەند پاشایەکی زۆرداری ستەمکارا، یا چەند چەکامەیەکی بنووسیایە لە شین و واوەیلای چەند مردوویەکی دەوڵەمەندی ناودارا، ئێستا وا بێ ناوونیشان نەدەمایەوەو بەسەدەها هۆنراوەو پەخشان دەنووسرا لە ستایشیا، وەپایەی شیعر و خوێندەواریی برابووە ئاسمان، بەڵام چونکە لە ژیانا کوردێکی مەردی خواپەرستی ڕاست پەرست بووە- بەبێ نەوایی هاتە جیهان و، بەبێ نەوایی ژیا و بەبێ نەوایی مرد و لە جیهان دەرچوو، هەر وەك خۆی دەڵێ:

مـن بـێ سەرو سامـان دروست کـراوم
پـەرێشانـانـە مـن دروست کـراوم
پەرێشانان هەموو بۆ ژێری خاك چوون
ئەمن لە خاکی ئەوان دروست کراوم(١)

کەواتە ڕاستترین قسەیەك کە وترابێ دەربارەی ئەو شاعیرە خوا پێداوەو ئەم سۆفییە دڵ بێدارەی پایە بەرزە، ئەوەیە کە بەڕاستی شتێکی وای دەربارە نەنووسراوە، نە لەبابەت بوونی و، نە لەبابەت دیوانی و، نە لەبابەت شتی نووسراوی تریەوە، بەبێ ئەم چوارینانەی کە هەزار ساڵە بە یادگار بەجێی هێشتوون و ئێستاش هەر بەتین و تەوژمن

---

(١) ئەم چوارینانەی بابا تاهیرە لەلایەن شاعیری تازەی بەهرەمەند کاك دڵزاری کۆییەوە هەوڵ دراوە کە بکرێن بەکوردیی سۆرانی، بەڵام بەداخەوە هەر حەفتا و حەوت چوارینەی تا ئێستا بۆ کراوە و بەتایبەتی لە چاپی داوەو ناوی ناوە "گەنجینە"و بەشی زۆری هەروەك خۆی ماوەتەوەو ئەم چوارینەیە، یەکێکە لەو چوارینانەی کە لەلایەن ئەوەوە وەرنەگێڕراوە، ساخوا بە میهرەبانیی خۆی یارمەتی بدات بۆ تەواو کردنی ئەم پرۆژە پیرۆزە.

وەك ئەو کاتەی کە تیا وتراون و هەمیشە لە گوێچکەی دڵی بێ نەوایانی دڵ سووتاوانا دەزرێنەوە.

بابا تاهیر ئەو شاعیرە دڵ سووتاوەیە، کە بەشیعر و شۆڕشی خۆی لە داوێنی کێوی "ئەڵوەند"ەوە گوێی هەموو جیهانی پڕ کردووە لە ئاوازی چوارینەکانی خۆی.

بابا تاهیر ئەو خاوەن سۆز و گودازەیە کە هەزار ساڵە شیعرەکانی لەناو دڵ و دەروونی خوێندەوارانا چون یەك جێیان بۆتەوە، ئەم دڵ سووتاوە هەر دڵی سووتاوو دەروونی پڕ شۆرو شۆڕشی ویستووە، ئیتر لەبیری وردەکاری و مەبەستی باریك و پەنهان و مەعنای پێچراوە و نادیار و قافییە سەنجیدا نەبووە، شیعرەکانی لەگەڵ کەمێك سادەییدا کە هەیەتی، وا بەتین و تەوژم و پڕ سۆز و گودازن، لە هەموو دڵێکا وەك یەك کاریگەرن.

بەڕاستی ئەو چەرە دووکەڵەی کە وەختی خۆی لە دڵی بابا تاهیرەوە دەرچووە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چوارینانەدا، ئێستاش هێشتا هەر تەمی نەڕەویوەتەوەو ئەو قرچ و هووڕەی کە دڵی ئەوی بەرداوە و سۆز و گودازەی کە لە دڵی ئەوی هەستاندووە، پیاوم دەوێ نزیکی بکەوێتەوە و دڵ بێدارم دەوێ دوو چوارینەی لێ بخوێنێتەوە، تا بزانێ چۆن دڵی دەکەوێتە پەلە پەل و جونبوش و جۆش و خرۆش، خوایە ئەم دڵی بابا تاهیرە ئەبێ چ مەکینەیەکی کارەبای بەتین و تەوژم بووبێ، کەوا ئێستاش هەر کەسێك تۆزێ نزیکی بکەوێتەوە، دەیگرێ و ڕای دەکێشێ، وە هەر کەسێك چوارینەیەکی لێ بخوێنێتەوە دەیسووتێنێت و ئاگری تێ بەر دەدات.

ئەم چوارینانەی بابا تاهیرە، وەك خاوەنەکەی ئارایش نەدراون، بەڵکو وەك ئەو، بەسادەیی و ڕووکراوەیی و، بێ پەردە و ڕووپۆش هاتوونەتە ناوەوە و زۆر ڕێکی دڵ و دەروون و بیر و باوەڕی هەموو تیرەیەکە، نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، بەڵکو لە هەموو ئەوروپا و ڕووسیاشا، کەس نییە چەند چوارینەیەکی لێ خوێندبێتەوە، بێخود نەبووبێ و سەرمەستی بادەی ڕاستیی و ڕاست پەرستیی بابا تاهیر نەبووبێ.

بابا تاهیر لەو عاشقانەیە کە بەدەردی دڵی خۆیەوە دەناڵێنێ و بەشوێن دەرمانا ناگەڕێ و بەسۆزی سینەی خۆیەوە لە دڵا دەسووتێ و دەردی دەروونی خۆی ئاشکرا ناکات.

لەبەر ئەوەی کە ئەم چوارینانە لە زۆر کۆنەوە لە دڵی خوێندەوارانا جێگایان بۆتەوە و

پەسند کراوی هەموو لایەکن، زۆر لە هاوزبانانی بابا تاهیر، چاویان لەو کردووە لە دانانی چوارینەدا بەزبانی لوڕیی ئەمڕۆ– وەك زانای بەناوبانگ رەشید یاسمی لە پێشەکیی دیوانەکەی بابەدا دەڵێ: چوارینەی لوڕی لە زۆر ماڵی برا لوڕیەکانمانا هەن، بەڵکو دەگونجێ زۆر چوارینەی ئەم و ئەو لەم دیوانی بابا تاهیرەشا ببی[1].

بەڵێ قسەی پیاوانی گەورە و شیعری شاعیرانی بەرز و ناودار، وەك موقناتیس وانە، زۆر شت بەلای خۆیانا ڕادەکێشن، بەم ڕەنگە زۆر قسەی جوان و شیعری جوان دەدرێنە پاڵ ئەوان وە تا ڕۆژگار دوور بکەوێتەوە و درێژ ببێتەوە، قسەی جوانی ئەوان و شیعری ڕەوانیان زۆرتر دەبێ، مەلای مەزبوورە لەکاتی خۆیا ڕەنگبێ چەند قسەیەکی جوانی بووبێ، کەچی ئێستاش بەسەدەها قسەی بەدەمەوە دەکەن، یا عومەر خەیام و بابا تاهیر دەگونجێ لە کاتی خۆیاندا یەکی چەند چوارینەیەکیان وتبێ، کەچی ئێستا بەسەدەها چوارینیان هەیە، بەڵێ ئەم شتە هەڵبەستراوانە هەر چەند دەبن بەپەردە بۆ ئەو پیاوە گەورانەو بەڕووپۆش بۆ ڕوخساریان، بەڵام لەلایەکی ترەوە گەورەیی ئەم بەهرەمەندانە نیشان دەدات، کەوا زۆر کەس بەناوی ئەوانەوە شیعر و قسەی جوان دەڵێن و ناوی خۆیان ون دەکەن، هەر بۆ ئەوەی شیعرەکانیان بڵاو ببێتەوە، با بەناوی یەکێکی تریشەوە بێ.

ئێمە ئەگەر لەژیانی بابا تاهیر بێ ئاگا بین و لە خانەوادەیی و بوونی خوێندنی و نووسراوانی بەسەرهاتی و مردنی بێ خەبەر بین، باکمان نییە، چونکە یەك هاواری ئەو و سۆزی دڵ و دەروونی کە بەهۆی شیعرەکانییەوە بەگوێچکەی ئێمە دەگات، لە سەد تەرجەمەی حاڵ باشتر و خۆشتر و گرنگترە.

شیعری بابا تاهیر وەك ئاوێنەیەکی باڵانما وایە، چۆن ئەویان هەر کەسێك لەبەر دەمیا وێستا، بەتەواوی نیشانی دەدات، لە تەپڵی سەرەوە تا کەڵەمووستی پێ و موو بەموو ئاشکراو نمایانی دەکات بۆ خۆی، ئەمیشیان هەر کەسێك بەوردی بیخوێنێتەوە، هەرچی هەست و خواستێکی دڵی خۆی هەیە، هەمووی تیادەخوێنێتەوە، واتە ئەو هەستانەی کە بەدڵی زۆر لە دڵ سووتاوانا دێن و ناتوانن خۆیان تەعبیری لێ بدەنەوە، ئەم بەجوانترین شێوە تەعبیریان بۆ لێ دەداتەوە.

لە هەموو کاتێکا شیعرەکانی بابا بەر دڵ کەوتوون و، زۆر دڵگیر بوون و مەردوم

(١) وەك گۆڤاری "ئەرمغان"ی ژمارە (١)ی ساڵی (١٠) دەڵێ: هێندێ چوارینە بە هی بابا تاهیر زانراون، لەدیوانی مەلا محمدی مازەندەرانی و شاتری بەگی محمدی هەمەدانیدا بینراون.

بەهۆی ڕێکی شیعرەکانیەوە لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆیانا- بابایان بەنزیك زانیوە لە خۆیان، بۆیە هێندێك بەشاعیری ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمیان داناوە.

***

ڕەزا قولیخان هیدایەتی ئەمیری شوعەرای ئێران- کە لە ساڵی ١٢٨٨هـ ڕۆژیی، کۆچی دوایی کردووە- لە کتێبی "مجمع الفصحاء"دا دەڵێ: بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بە "عوریان" لەو پیاوە خوداییانەیە کە لە وەختی خۆیدا زۆر بەناوبانگ بووە، هەر چەند زۆر لەزانایان وا گومان دەبەن کە بابا هاوچەرخی سەلجووقییەکان بووە، بەڵام وانییە وە لەڕاستیدا لەکاتی دەیلەمییەکاندا ژیاوە، وە لە ساڵی "٤١٠هـ"، کۆچی دوایی کردووە، مردنی ئەم زۆر پێش فیردەوسی و عونصوری و هاوچەرخەکانیان کەوتووە، وە ئەم بابا تاهیرە دانەری ئەو چوارینانەیە کە هەمیشە دەخوێنرێنەوە، وە بەسەر دەم و زبانەوەن، هەروەك زۆر تألیفاتی تریشی هەن کەوا زانایان دەرسی دەکەن.

میرزا مەهدیی خانی کەوکەب، لە ژیانی بابا تاهیردا کە لە گۆڤاری ئاسیایی بەنگالە "الجمعیة الآسیویة في بنغال" لەساڵی ١٩٠٤م دا بڵاوی کردۆتەوە، مێژووی لەدایکبوونی بابای بەحیسابی ئەبجەد، دەرهێناوە لەم چوارینەیەی کە دەڵێ:

مو آن بحرم که در ظرف آمدستم
مو آن نقطه که در حرف آمدستم
بهر الفی الف قدی برا یو
الف قدم که در الف آمدستم

بەم ڕەنگە دەڵێ: "الف قد" و "طاهر" و "دریا" هەر یەکێکیان بەحیسابی ئەبجەد "٢١٥"یە، ئینجا ئەگەر ژمارەی "الف قد" کە ٢١٥یە لەگەڵ ژمارەی "ألف" کە (١١١)یە لەیەك بدرێن ژمارەی "٣٢٦" پەیدا دەبێ، کە ڕێك بەقەد ئەنجامی کۆکردنەوەی ژمارەی پیتەکانی وتەی "هزار"ە، لە کاتێکا کەوا بنووسرێ (ها- زا- الف- را) واتە ناو "اسم"ی پیتەکانی "هزار" بنووسرێ، نەك هەر ناونراو "مسمی"ەکان، ئەو حەلە مەعنای شیعرەکە ئاوا دەبێت: من ئەو "الف قد"[1] واتە "طاهر"م، کە لەم "الف"دا هاتوومەتە جیهانەوە، یەعنی "الف قد- الف" کە ساڵی (٣٢٦)ە ڕێکی وتەی هەزارە کە بەو ڕەنگە بنووسرێ کە وتمان.

---

(١) واتە قەدو باڵا ڕاست وەك ئەلف.

دائرة المعارفی ئیسلامی لە باسی بابا تاهیردا دەڵێ: ئەم مێژوو دەرهێنانە بەم جۆرەی کە میرزا مەهدیی دەری هێناوە شتێکی زۆر هیچ و پووچە و جێی باوەڕ نییە.

لەم دوو شیعرەوە دەردەکەوێ کە بابا تاهیر خۆی وەك دەریایەکی بێ پایانی وا هاتۆتە پێش چاو، کە لە چوارچێوەیەکی بچووکا دەرکەوتبێت دنیای مایە "مادە" و جیهانی فراوان، بۆ هاتوچۆی هەستی بڵندو، پەروازی بیری چوست و چالاکی، شوێنێکی تەسك و تروسکە و شاباڵی ئەو- کە دەبوو لەجەولانگایەکی بێ پایانا هەڵفڕییایە- ئێستا لە قەفەسێکی تەنگا دیل و پابەندە.

ئەم پیری دەست گیرەو ئەم ڕەندی بەهەست و بیرە، ئەم سۆفییە دڵ ڕووناکە و ئەم خواناسی دەروون پاکە، لەگەڵ ئەم هەموو هونەر و ئازادییەدا و لەگەڵ ئەم گشت وریایی و ئامادەییەدا، دەڵێی خاڵە و لەسەر پیت دانراوە، چۆن ئەو پیتە لە هەر شکڵێکا بێ بەو خاڵە ئەحواڵی دەردەکەوێ و مانای ئاشکرا دەبێ، ئەمیش وایە، کەوا جارجار بەچوارینەیەکی خۆی، دەم دەبات بۆ گرێ کوێرەی دڵی یەکێك و دەیکاتەوە و قسە دەکات لە نهێنی دڵێك و ئاشکرای دەکات.

مستەر براون لەباسی بابا تاهیر لە مێژووی ئەدەبی ئێراندا دەڵێ: کۆنترین نووسراوێك کە بەر چاوم کەوتبێت و قسە لەم شاعیرە گەورەیە بکات، کتێبی "راحة الصدور، وآیة السرور"ە، کە دەسنووسێکی کۆنە لەنامەخانە "مکتبە"ی پاریس دا و لەلاپەڕەی ٤٣دا دەڵێ: کاتێك کە یەکەمین پاشای سەلجووقی توغرول بەگ(١) چوو بۆ هەمەدان سێ پیری تەریقە لە هەمەدانا بوون: بابا تاهیر و بابا جعفر و شێخ حەمشا(٢)،

(١) توغرول: محمدی کوڕی میکائیلی کوڕی سەلجووقی کوڕی تقلقە، کە لە ساڵی ٤٣١هـ دا بووە بەپاشاو زاڵ بووە بەسەر مەسعودی کوڕی سوڵتان مەحموودی غەزنەویدا و دەستی گرت بەسەر خوراسانا و لە ساڵی ٤٣٣هـ دا، طبرستان و گورگان و، لەساڵی ٤٤٦هـ دا، ئازربیجان و، لەساڵی ٤٤٧هـ دا بەغدای گرت و دوان "خطبە"ی جومعان بەناوی ئەوەوە خوێندرایەوە، هەر لەو ساڵەدا مووسڵ و دیاربەکری گرت و لەساڵی ٤٥٤هـ دا، کچی خەلیفەی القائم بامر اللّەی مارەکردو لە ساڵی ٤٥٥هـ دا مرد.

(٢) حەمشا، یا حەمشاد، یا مەمشاد، هەرسێکیان کورتەی "محمد شاد"ن و ئەمانە هیچیان بەپێی ئەو کتێبانەی کە لەبەر دەستان لە پیرانی ناودار نەبوون لەکاتی بابا تاهیردا، بەڵێ مەمشادی دینەوەری بووە لە زانایان و پیرانی گەورەی کورد، بەڵام بەپێی نووسینی شێخ عبدالوهاب شعرانی لە کتێبی "طبقاتی کبری" جلدی (١) لاپەڕە (٧٨) چاپی میسر، لە ساڵی ٢٩٧هـ دا =

لەودەمەدا ئەم سێ پیرە لەسەر کێوێك وێستاون لە بەردەمی هەمەدانا، کە بەو کێوەیان وتووە "خضر"، سوڵتان توغرول کە لە دوورەوە بەدییان دەکات، پێی دەڵێن: ئەمانە سێ پیری زۆر گەورەن، سوڵتان دادەبەزێ و لەگەڵ وەزیرێکی خۆی (أبو نصر الکندری) دەچێ بۆ لایان وە دەستیان ماچ دەکات و داوای نزای چاکیان لێ دەکات، بابا تاهیر پێی دەڵێ: ئەی تورکیی نیازت چییە کە بیکەیت لەگەڵ بەندەکانی خوادا؟ سوڵتانیش دەڵێ: هەرچی تۆ بفەرموویت من ئەوە دەکەم، بابا تاهیریش دەڵێ: ئەوە بکە کە خوا فەرمانی پێ دەدا بە ئایەتی "ان اللّه یأمر بالعدل والاحسان"(٣) سوڵتان بەقسەکەی بابا دەست دەکات بەگریان و دەڵێ: بەڵێ خوا یار بێ وادەکەم، ئینجا بابا تاهیر ئەو ئەموستیلەیەی کە لە پەنجەیا دەبێ دەری دەهێنێت و دەیکاتە پەنجەی سوڵتان و پێی دەڵێت: وەك ئەم ئەموستیلەیە وا موڵکی جیهانم کردە پەنجەت، تۆش خاوەنی دادو عەداڵەت بە لەگەڵ بەندەکانی خوادا، سوڵتان دوای ئەوە هەمیشە بۆ پیرۆزیی ئەو ئەموستیلەیەی هەڵگرتووە و هەرچەند چووبێتە جەنگێکەوە، کردوویەتە پەنجەی.

بەڕاستی ئەم مژدەیەی کە بابا تاهیر دای بە توغرول پاشا، خوا هێنایە دیی و بەو ڕەنگە مایەوە تا مردن.

میستەر براون بۆی دەرکەوتووە، کە ئەم شاعیرە بەهرەمەندە، لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمی زاینیدا ژیاوە، وەك پیاوێکی خوایی مەجزووبی، سەر گەرمی، دڵ بێدار.

ئەم کتێبی (راحة الصدور)ە، وەك زانای بەناوبانگ رشید یاسمی لە پێشەکیی دیوانی بابا تاهیر، چاپی دووهەم، چاپخانەی ئەرمغان، ساڵی١٣١١هـ ڕۆژیدا، دەڵێ- لە ناوەندی ساڵی ٥٩٩ و ٦٠٠هـ دا تألیف کراوە. لە پێشەکییەکی دیوانی بابا تاهیردا کە بەئینگلیزیی نووسراوە و لەلایەن خوالێخۆشبوو محمد علی عەونییەوە وەرگێڕراوەتە سەر عەرەبی، دەڵێ: ئەم کتێبی (راحة الصدور)ە، تألیفی نجم الدین أبی بکر محمدی کوڕی سلێمانی ڕاوەندییە، کە یەکێکە لە سەلجووقییەکان و دایناوە بۆ ابو الفتح کەیخوسرەوی کوڕی علاء الدولە، کە حاکمێکی سەلجووقی بووە.

=کۆچی دوایی کردووە و بەپێی نووسینی ریسالەی "قوشەیریی"، لاپەڕە (٢٥)چاپی میسر، لە ساڵی ٢٩٩هـ دا مردووە، کەواتە بە هەمە حاڵ ئەم پیرە زۆر لەپێش بابا تاهیرا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا هیچ دوور نییە ئەگەر لەکاتی بابا تاهیردا پیرێك بووبێ لە هەمەدان بەناوی حەمشا، یا حەمشادەوە و ناوی نەنووسرابێ لە مێژوودا وەك هەزارانی تر.

(٣) سوورەی نحل ئایەتی ٩٢.

لە پەراوێزی مێژووی ئەدەبی ئێران کە لەلایەن "ئەدوارد جرانڤیل براون"ەوە نووسراوە، دەڵێ: ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٣١م دا چاپ کراوە و شاعیری گەورە و بزان، خوا لێخۆشبوو سیر محمد اقبال خانی لاهووریی، ڕاست کەرەوە "مصحح"ی بووە و ئەم ڕاست کەرەوەیە، عەینی عیبارەتەکەی کاتبی نوسخە دەسنووسەکەی وەرگرتووە کە دەڵێ: "تمت فی غرة رمضان سنة خمس و ثلاثين و ستمائة في يدي الضعيف المحتاج الى عفو رب الناس الياس بن عبدالله الحافظ القونوى حامدا على نعمه، ومصليا على نبيه، محمد وآله واصحابه أجمعين" کەواتە ئەم کتێبە لە ساڵی ٥٩٩ و ٦٠٠هـ دا دانراوەو لەساڵی ٦٣٥هـ دا ئەم نوسخەی پارسەی لەبەر نووسراوەتەوەو ئەو نوسخە دەسنووسە ئەمڕۆ، تاقانە نوسخەیەکە لە هەموو جیهانا کە ئێستا وا بە چاپکراوەیی بڵاو بۆتەوە.

لێرەدا زانای بەناوبانگ ڕەشید یاسمی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر جوانی هەیە بۆ دۆزینەوەی ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر، دەڵێ: ئەم چوونی توغرول پاشایە بۆ هەمەدان دەبێ لەساڵی ٤٤٧ تا ٤٥٠هـ دا بووبێ، چونکە وتەی "پیر" لە عیبارەتەکەی "راحة الصدور"دا با بەمانا پیری بەساڵاچووشا نەبێ، بەڵکو بەمانا پیری دەست گیربێ، بەڵام لەشێوەی قسەو گوفتوگۆکەی بابا تاهیر لەگەڵ پاشایەکی وەك توغرول بەگاو پێشکەوتنی لەهەردوو هاوڕێکانی خۆی لە قسەکردنا، دەردەکەوێ کە تەمەنی بابا تاهیر لەو ڕۆژەدا لە پەنجا ساڵ کەمتر نەبووە، ئەگەر زیاتر نەبووبێ، ئینجا بەم پێیە دەبێ بابا تاهیر لە ئاخرو ئۆخری سەدەی چوارەما لەدایك بووبێ.

بابا تاهیر لە چوارینەکەی پێشوودا کە وتی: "الف قدم که در الف آمدستم" خۆی بەیەکێك لەو پیاوە گەورانە داناوە کە لەسەری هەموو هەزار ساڵێکا خوا یەکێکیان دەنێرێ، دیارە کە سەرەتای ئەم حیسابی هەزار ساڵە نابێ بەمێژووی کۆچی بێ، بەڵکو دەبێ بە مێژووی زایینی بێ، بەحیسابێکی کورت دەردەکەوێ کە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٠٠٠ی زایینی لەگەڵ سەرەتای مانگی موحەرەمی ٣٩١ی کۆچی یەك دەگرنەوە، بەم پێیە لەدایکبوونی بابا تاهیر لە ساڵی هەزاری زایینی و لە ساڵی ٣٩٠ یا ٣٩١ی کۆچیدا بووە و لەم مێژووەوە تا چوونی توغرول بەگ بۆ هەمەدان (١٠٥٥–١٠٥٨) پەنجا و پێنج یا پەنجا و هەشت ساڵ دەبێ، کە ئەم قسەیە لەگەڵ قسەکەی میستەر براون یەك دەگرێتەوە.

بەم لێکۆڵینەوەیە دەرکەوت کە قسەکەی ڕەزا قولیخان کە لە (مجمع الفصحاء)دا کردی و وتی بابا تاهیر هاوچەرخی سەلجووقییەکان نەبووە و لە کاتی دەیلەمییەکاندا ژیاوە

و لەساڵی ٤١٠ھ ڕۆژیدا کۆچی دوایی کردووە، ڕاست نییە و بە هەوەس کردوویەتی و قسەکەی بەرامبەر بەسەرچاوەیەکی مێژووی گرینگ وەك (راحة الصدور) دەڕووخێ و خۆی ناگرێ.

مسیۆ (کلیمانت هوار) لە سەرەتای نامیلکەیەکیا دەڵێ: لە دەسنووسێکا کە ناوی "نزهة القلوب"ە و تألیفی حمداللهی مستەوفی قەزوێنییە کە لەساڵی ٧٥٤ھ– ١٣٤٩م کۆچی کردووە– لەو دەسنووسەدا چەند دێڕێکم خوێندەوە دەربارەی بابا تاهیر دەڵێ: باباو (بیبی) فاطمەی خوشکی لەهەموو ئێرانا بەدوو مرۆڤی بەهرەمەندی، خواشناسی، دڵ دانی، ئاوەدانی خاوەن دڵ و دەروون دەناسرێن.

هەروا لطف علی بەگی بێکدەلی مەشهوور بە ئازەر– کە هاوچەرخی نادر شا بووە– لە کتێبی ئاتەشکەدەیا– کە لە ساڵی ١١٧٤ھ ڕۆژیدا نووسیویەتی دەڵێ: بابا تاهیر دێوانەیەکی هەمەدانی و عاشقێکی شێت و شەیداو، خاوەن سۆزێکی بێ پایان بووە، چوارینەی زۆری وتووە کە بەشی زۆری بڵند و بالاًن.

لە لێکۆڵینەوەیەك کە زانای ئینگلیزی "ادوارد هرن" کردوویەتی لە شاری بووشەهر دەرکەوتووە کە بابا تاهیر لە پێشەوە دارفرۆش بووە، بەم ڕەنگە بارەداری هێناوە لە شاخەکانی هەمەدان بۆ فرۆتن، لەپاشا چووە بۆ یەکێك لە مەدرەسە دینییەکان و دانیشتووە لە بازنە "حلقە"ی دەرسا گوێی گرتووە لەو دەرسانەی کە وتراونەتەوەو لەو پرسیارانەی کە کراون و وەلاًم دراونەتەوە، وا دەردەکەوێ کە بابا لەپێشەوە تێنەگەیشتووە لە دەرسەکان، ڕۆژێ لە فەقێکانی پرسیوە: ئێوە چۆن لەم دەرسانە دەگەن؟ ئەوانیش لەڕووی تیتاڵی و گاڵتە پێکردنەوە وتوویانە: ئێمە هەموو شەو دەچینە ناو حەوزەکەی مەدرەسەوە و چل جار خۆمان تێ هەڵ دەکێشین، بۆیە وا خوا زەینی ڕوون کردووین و لە هەموو شتێك دەگەین، باباش بەدڵێکی پاکەوە ئەم قسەیە وەردەگرێ و باوەڕی پێ دەکات و شەوی ئایندە دەچێتە ناوێوەو چل جار خۆی تێ هەڵدەکێشێت، دوای ئەوە وادەزانێ کە تیشکێك لە ئاسمانەوە دێ و لە دەمیەوە دەچێتە ژوورەوە و بەوە ڕووناکییەك و فراوانییەك لە سنگی خۆیا بەدی دەکات، بەیانی کە دەچێتە مەدرەسەوە زۆر باش لە دەرسەکان دەگات و لە فەقێکان چاکتر حاڵی دەبێ بەڕەنگێك کە دەکەوێتە کۆلەکەدان "مجادلة" لەگەڵ مامۆستا و فەقێکانا، لەمە هەموو سەرسام دەبن و لێی دەپرسن: ئەم زەین ڕوونی و زانینەت چۆن دەست کەوت؟ ئەویش دەڵێ: ئێوە چۆن بەشەو چوونەتە ناو حەوزی مەدرەسەوەو چل جار خۆتان تێ هەڵکێشاوە، منیش وام کرد، ئینجا بەم بۆنەیەوە

دەڵێ: "أمسيت كرديا واصبحت عربيا" واتە لە ئێوارێدا کورد بووم و لە بەیانیدا بووم بە دانا لە علومی عەرەبیدا، ئیتر دوای ئەوە، گەرمییەك لە لەشیا پەیدا دەبێ، بەجۆرێك لەهەر لایەك دابنیشتایە کەس نەیدەتوانی لەلایەوە دابنیشێ و هەمیشە بەسەر تەپڵەسەری شاخی ئەڵوەندەوە بووە، کە شوێنێکی زۆر سارده و هەمیشە بەفری پێوەیە و کاڵایەکی زۆر تەنکی دڕاوی لەبەرا بووە و هەر لەبەر ئەوەیە کە ناوی دەرکردووە بە "عوریان" واتە ڕەش و ڕووت.

## بابا تاهیری شاعیر

بابا تاهیر شاعیرێکی بەرز و باڵایە بەسروشت و عاشقێکی دڵ سووتاوی دەروون بریندارە بەجۆرێکی وا کە کاڵایەکی عاشقانەی بە باڵای خۆی بڕیوە، کە پۆی لە مەینەت و ڕایەڵی لە محەببەتە، وەك خۆی دەڵێ:

دڵێکم هەس کڕیداری محەببەت
لەلای ئەو گەرمە بازاڕی محەببەت
کراسێکم بەباڵای ئەو بڕیوە
لە پۆیی مەینەت و تانی محەببەت

بابا شاعیرێکی سروشتییە، هەزاران ساڵە ڕەونەق و نازاویی "طراوة" شیعرەکانی خۆی پاراستووە و ئاگاداریی کردووە و لەم ماوە دوور و درێژەدا، دڵی داناو نادانی وەك یەك ڕاکێشاوە بۆ لای خۆی.

بەڵێ بابا هەر چەند مەردومێکی بێ خانە و لانە بێ ڕیشتە"علاقة" و پەیوەندیی بووە لەگەڵ جیهان و جیهانیانا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تین و تەوژمێکی وای خستۆتە ناو چوارینەکانیەوە، شیعرەکانی ئێستاش هەر نەقشن لەسەر ڕووپەڕەی دڵان، تەنانەت ئەوانەی کە هاوزبان و هاونیشتمانیشی نین، هەر حەزیان لە شیعرەکانێتی و خۆشی و سۆزی لێ وەردەگرن و زۆر لەشیعرەکانیان وەرگێڕاوەتەوە سەر زبانی خۆیان بەهۆنراوە یا بەپەخشان. زۆری وا هەن کە سۆزی دڵی ئەم شاعیرە دڵ سووتاوە بەجۆرێکی وا کاری کردۆتە سەر دڵیان و سەرمەستی گوفتاری ئەوی کردوون، کە خومارەکەیان بەخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو نەبێ لاناچێ، وەك ئەم دوو چوارینەکەی کە دەڵێ:

بەسەر ڕووتا زوڵف قەف قەف کشاوە
کەوا سونبول بەگوڵ تێکەڵ کراوە
پەرێشان چۆن ئەکەی تۆ تاڵی زوڵفان
بەهەر تاڵێ دڵێ هەڵواسراوە

***

لەدەس چاو و لەدەس دڵ هەردوو فەریاد
کە چاو هەرچیی ببینێ دڵ ئەکا یاد

ئـەكـەم مـن خـەنجەرێ، نـووكـی لـە پـۆلا
ئـیـتـر ئـەیـدەم لـە چـاو، تـا دڵ بـێ ئـازاد

بـەڕاستـی ئـەم دوو چـوارینـەیـە بـەسـەر هـەر دڵ مـردوویـەکـا بـخـوێنرێتـەوە، زینـدووی دەکاتـەوە و تـەپوتۆزی مردنـی لـێ دوور دەخاتـەوە، چ جای خومـارێك کە بدا لە سەر.

زۆر کـەسـی وا هـەن کە عـەشق و شۆرێك لـەدڵیانا هـەیە و بـەدرێژایـی تـەمـەنیان نـاتوانن بـەزوبـان بـاسێکـی ئـەو هـەستـی خۆیانە بکـەن، بـەڵکو لـەم ڕووەوە زمـانیان لاڵ و قـەڵـەمیان کۆڵە لە دەربڕینیدا، بـەڵام بـابـا تـاهیر بـەزمـانێکـی کوردیـی ڕەوان، بـاسـی سـۆز و شـۆری ئـەوان دەکات و ساری بـابـا لـەگـەڵ تاری دڵـی ئـەوانا ساز دەبـێ و ڕێك دەکـەوێ، هـەر دەمـێ بـابـا لـۆرەیەك بکات بە چوارینـەیەك، خێرا تـاری دڵـی ئـەوان دەکـەوێتە پـەلە پـەل و بـاڵە تـەپـێ، یاخود هـەر کاتێك بـابا ناڵـەیەك بکات و چوارینـەیەکـی خـۆی بخوێنێتەوە، ئـەوانیش لە خۆشییانا دەست دەکـەن بـەناڵە ناڵ... بـەم ڕەنگە ئـەگـەر بـابا بڵـێ:

وەرن ئـــەی دڵ سووتـــاوان بـــنـــاڵین
لـــەدەس یـــاری بـــەبـــێ پـــەروا بـــناڵین
لـــەبـــۆلای بولبولـی شـەیدا لـە گوڵشـەن
بـــچین، بـــولـــبـــول نـــەنـــاڵـــێ تـــا بـــنـــاڵین

وەیا بڵـێ:

لـــەگـــەڵ سووتـــە دلانم چـــۆن نـــەنـــاڵـــم
لـــەگـــەڵ بـــێ حـــاصلانم چـــۆن نـــەنـــاڵم
ئـــەنـــاڵـن بـــولـــبـــولانـــی نـــاو چـڵ و گـوڵ
کـــە مـــن دووری گـــولانم چـــۆن نـــەنـــاڵم

ئـەوان کـەیف خۆش دەبن، چونکە هـاودەمێك و هـاودەردێك بۆ خۆیان دەدۆزنـەوە.

وە ئـەگـەر بڵـێ:

دڵـــێکـــم هـــەس لـــە عـــەشقت گـێژ و وێژە
بـــــــرژانگ لـــــــێك دەم سێلاوە ڕێژە
دڵـی دڵـــــــداران وەك داری تـــــــەڕە
سـەرێ گـــر، سـەرێ خـــوونـــاوە ڕێژە

ئـەوان وەك شتێکـی نایابـی ونبووی خۆیان بدۆزنـەوە، یا وەك مانندی بـێ نـەوایەك کە گـەنجێك بدۆزێتـەوە، یا تینوویەك کە سـەرچاوەی ئـاوێکـی ساردی سازگاری ڕووناك

ببینێتەوە، لەخۆشییانا گەشکە دەیانگرێ.

بەڕاستی ئاگرێك کە لە دڵی بابادا هەڵگیرساوە و زبانەکەی کێشاوە، ئاگرێکی هەتا هەتایە، تا جیهان جیهان بێ، ئەو ئاگرە دەبریسکێتەوە و، ئاگری تر بەر دەداتەوە، وەك خۆی دەڵێ:

بەئاهی گونبەدی خەضرا بسۆچەم
فەلەکرا جوملە سەرتابا بسۆچەم
بسۆچەم ئەز نەکارمرا بساچی
چ فەرمایی بساچی یا بسۆچەم

واتە بەئاهێك ئاسمان و زەوی ئەسووتێنم، ئەی کەریمی کار ساز، ئەگەر کارم نەسازێنیت، هەموو جیهان دەسووتێنم. ئینجا دەفەرمووێ، کارم دەسازێنیت، یا من ئاگر لە جیهان بەربدەم؟

وە دەڵێ:

منم ئەو ئاگرین تەیرەی کە دەرحاڵ
ئەسووتێنم زەمین لێك دەم پەڕوباڵ
مصور گەر بکا نەقشم لە دیوار
ئەسووتێ خەڵق لەبەر تەئسیری تیمسال

لەم دوو چوارینەیەوە دەردەکەوێ کە بابا هێندێ جار مەستی بادەی خوایی و لە دەریای گەورەیی ئەودا نقوم بووە و ئاگای لەخۆی نەماوە و لەو کاتانەدا قسەی زلی بزرکاندووە، وەك "حەللاج" و "سوهرەوەردیی" و "ابن العربي".

***

بابا– وەك دەردەکەوێ لە شیعرەکانیەوە– نە ماڵی بووە و نە حاڵ و هەمیشە بەکێوی ئەڵوەندەوە بووە، بەڕۆژ سووڕاوەتەوە و گژوگیای خواردووە، بەشەویش سەری کردۆتە سەر بەردێکی ڕەق، وەك خۆی دەڵێ:

من ئەو ڕەندەم کەوا ناومە قەلەندەر
نەخوانم هەس، نەنانم هەس، نەلەنگەر
کە ڕۆژ داهات، لەدنیادا ئەخۆم خول
کە شەو داهات، لەسەر بەردێ ئەکەم سەر

وه دەڵێ:

چو موویەك سووتە دڵ پەروانەیی نێ
بەعالەم هەمچو موو دێوانەیێ نێ
هەمە ماروون و موورون لانە دێرن
منی دێوانەرا وێرانەیێ نێ

واتە لە جیهانا پەروانەیەك نییە وەك من دڵ سووتاو، لە عالەما دێوانەیەكی وەك من نییە، هەموو مارو مووریك هێلانەیەكی هەیە كە تیا بحەسێتەوە، منی دێوانە نەبێ كە هیچ وێرانەیەك شك نابەم.

وه دەڵێ:

منم ئەو بازە سپییەی هەمەدانیی
كە هێلانەم لە كێوە بە نیهانیی
بە باڵی خۆم ئەڕۆم لەم كەژ بۆ ئەو كەژ
بەدەستی خۆم ئەكەم نێچیرەوانی

***

بابا تاهیر- وەك دەردەكەوێ لە هێندێ چوارینەیەوە- سۆفییەكی پایە بەرزی بالاو بڵندە، نابینیت لە سەرەتای تەمەنییەوە تا كۆچی دوایی، جارێك ئاوڕی نەداوەتەوە بەلای هیچ جۆرە خۆشییەكی دنیاوە، نە لەبابەت خانووبەرە و، نە لەبابەت خواردن و خواردنەوە و، نە لەبابەت كالاو پۆشاك و، نە لە بابەت پەیوەندی ناو مەردومەوە، زۆر لەچوارینەكانی لەگەڵ خوادایە كە دەڵێ:

كوێیە جێگای تۆ ئەی یاری دڵخوا
هەتا ئەو جێیە بكەم بەرێگا
هەموو جێ جێتە، كوێریی دەروونم
خەتام وت خەتا استغفراللە

لەشیعری یەكەمدا پرسیار لە جێی خوا دەكات، لەپاشا پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ: خوایە تۆ بێ جێگایت و جێگات نییە، بەڵكو لە هەموو جێیەك هەیت و هەموو بوونەوەر عەرشی تۆیە، بەڵكو عەرشی تۆ لە بوونەوەر فراوانترە وەك قورئان دەفەرمووێ "وسع كرسیه السماوات والارض" واتە عەرشی پاشایەتیی خوا لە ئاسمانەكان و زەویی

فراوانتره، بەڵام  من چاوی دەروونم کوێرە، لەبەرئەوە خەتام وت کە پرسیارم لە جێگا و ڕێگای تۆ کرد و پەشیمان بوومەوە و داوای لێخۆشبوون دەکەم.

بە لێ خوا لە هەموو شوێنێك هەیە و قەڵەمڕەوی زانینی هەموو بوونەوەرە، وەك لە ئایەتێکی ترا ئەفەرمووێ "وهو الله في السموات وفي الارض يعلم سركم وجهركم ويعلم ماتكسبون" واتە لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا هەر ئەوە خوا، کە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەکتان ئاگادارە و ئاگای لە هەموو کردەوەیەکتان هەیە، ئەم خوا گەورەیە نە قەبارە "حجم"ی هەیە، نە ڕەنگی هەیە، نە دەنگی هەیە، نە لەکەس دەچێ، نە وێنەی هەیە، وەك خۆی دەفەرمووێ " ليس كمثله شئ" واتە هیچ وێنە و ماننديکی نییە، لەبەرئەوە دڵخواز "معشوقە"کەی بابا لە هیچ دڵخوازێك ناچێ، بۆیە دەڵێ:

نازانم دڵم دێوانەی کێیە؟
لەکوێ ئەگەڕێ لە خانەی کێیە
نازانم دڵەی ئاوارەی من
دیلی نێرگسی مەستانەی کێیە؟

وە دەڵێ:

بێ تۆ نابینم لە دنیادا کام
بێ تۆ ناگرم هەرگیز بەدەست جام
ئەلەرزم ڕۆژ و شەو وەك شۆڕەبی
بەبێ تۆ نیمە نەفەس و ئارام

تەماشای ئەم پایە بەرزە بکە کە بابا گەیشتوویەتی لە خوا ناسیدا کە دەڵێ:

کە من وەك حوشترم قانیع بەخارم
خۆراکم دڕك و، خەروارێکە بارم
لەبەر ئەم خەرجە سووکە و بارە قورسە
لەڕووی خاوەن، هەموو دەم شەرمەزارم

شیعری دووهەم لەم چوارینەیە بەهەڵە تەرجەمە کراوە، چونکە کە خەرج سووك و بار قورس بوو، ئیتر جێی شەرمەزاری نامێنێ، شەرمەزاریی کاتێك دەبێ کە خەرج زۆر و بار سووك بێ، کەواتە شیعری دووهەم لەجیاتی وتەی "لەبەر" دەبێ "لەگەڵ" بێ، بەم ڕەنگە:

لەگەڵ ئەم خەرجە سووکە و بارە قورسە
لەڕووی خاوەن، هەموو دەم شەرمەزارم

ئەم چوارینەیەی لەگەڵ خوایە، واتە ئەی خوای گەورە من وەك حوشتر خواردنم دڕکی موغەیلانە– کە لەبەر زبریی و دڕیی کەر نایخوات– باریشم خەروارێکە– کە بەقەد دووبار قورس و گرانە– لەگەڵ ئەم خەرجە سووکە و بار قورسەدا هێشتا شەرمەزاری پەروەردگار و خاوەنی خۆمم، چونکە نازانم لێم ڕازییە یا نا و خواپەرستیی و چاکەم لێ گیرایە یا نا.

ئەم شیعرە ئاماژە "ئیشارە"یە بۆ ئایەتی ژمارە شەست لە سوورەی "مؤمنون"کە دەفەرمووێ: "والذين يؤتون ما آتوا وقلوبهم وجلة انهم الى ربهم راجعون" واتە ئەوانەی کە دارایی خۆیان بەخت دەکەن لەڕێی خوادا و لەگەڵ ئەویشە بەدڵ هەر دەترسن لە خوا کە سبەی دەچنەوە بەر دەمی، ئایا خێر و بەخشینەکەی لێ گیرا کردوون یانا، چونکە موسوڵمان نابێ لەکردەوەی باشی خۆی دڵنیابێ کە گیرا کراوە و هەمیشە دەبێ لەناوەندی ترس و هیوا "خوف و رجا"دا بێ، تا نەنازێ و یاخی نەبێ.

***

موسڵمان هەروەك بەچاکەی خۆی نابێ بنازێ و یاخی ببێ، وەك بەچوارینەی پێشوو گەیاندی، بە گوناهێکیش کە لەدەستی دەرچێ نابێ بێ هیوا ببێ، وەك بەم چوارینەیە دەیگەیەنێ کە دەڵێت:

من ئەو ڕەندەمە گوناهە پیشەم
بەدەستێ جام و بەدەستێ شیشەم
گەر تۆ بێ خەتای ببە فریشتە
من لە حەواوە و ئادەمە ریشەم

وەك لە شوێنی خۆی باس کراوە، فریشتە دروستکراوێکی خوان هەرچی هەوا و هەوەس و ئارەزوو بێ، تێیانا دروست نەکراوە، بەم ڕەنگە هیچ جۆرە ئارەزوویەکیان نییە، تا لەپێناو ئەوەدا تووشی گوناهـ ببن، کەوابوو گوناهـ نەکردنیان هیچ هونەرێکی تیا نییە، بۆیە لەڕۆژی دواییدا هیچ جۆرە پاداشێك نادرێنەوە لەسەر گوناهـ نەکردنیان، بەڵام ئادەمیی زۆر جۆرە ئارەزووی تیا دروست کراوە، کە زۆرجار ڕای دەکێشێ بۆ سەر گوناهـ، هەر وەك ژیریی و بیریشی پێ دراوە تا بیگێڕێتەوە لە خراپە، ئەوا تۆڵەی دەدرێتەوە بەچاکە و ئەگەر ئارەزوو ڕایکێشا بۆ سەر خراپە، ئەوا تۆڵە دەرێتەوە بە خراپە

و دەشگونجێ کەوا خوا بە میهرەبانیی خۆی بیبەخشێ، وەك ئادەم و حەووا کە یەکەم کەس بوون گوناهیان کرد و خوا لێیان خۆش بوو.

واتە من ئادەمییەکم کە بۆ گوناهـ دروست کراوم، ئەگینا ئەم هەموو ئارەزووەم تیا دروست نەدەکرا، هەر کەسێك دەیەوێ بێ گوناهـ بێ، بابچێ ببێ بەفریشتە و لە ئادەمیی خۆی بشۆرێتەوە، من گوناهم بەکەلەپوور "ترکە" بۆ بەجێ ماوە لە ئادەم و حەوواوە.

لە مانای ئەم چوارینەیە دایە، دوو شیعری مفتی زەهاویی کە یەکێکیان بەفارسی دەڵێ:

خطا برماست لازم تاشود غفاریش ظاهر
جزا اعدام می باشد گناه بی گناهیرا

واتە پێویستە لەسەر ئێمە- کە ئادەمیین- گوناهـ کردن، تا خوا لێمان خۆش ببێ و لێخۆشبوونی ئەو، دەرکەوێ بۆ هەموو کەسێك، ئەوانەی کە گوناهـ ناکەن- وەك فریشتە- گوناهبارن، بۆیە لە ڕۆژی دواییدا حوکمی اعدام دەدرێن، بەم ڕەنگە زیندوو ناکرێنەوە و دەچنەوە پەردەی نەبوون.

دووهەمیان کە بە عەرەبی دەڵێ:

لقد حرم الاملاك نيل خلافة
فما لهم ذنب سوى عدم الذنب

واتە فریشتە نەکران بەجێنشینی خوا لەسەر زەوی وەك ئادەمی، چونکە گوناهبارن، گوناهەکەشیان ئەوەیە کە بێ گوناهن.

***

بابا لەو دڵ بریندارانەیە کە هەمیشە دڵی ئاوەدان بووە بەیادی خوا، وەیەك هەناسە خوای فەرامۆش نەکردووە، هەروەك هەمیشە لە سەرا پەردەی حوزوورا بووبێ وابووە، بۆیە لای بابا فەرقی کەعبە و کەنشتە و کڵێسە و دێر و بتخانە نەبووە، چونکە هەموویان بۆ ئەو چون یەك جیلوە گاهی خوا بوون وەك دەڵێ:

خوشا ئانونکە ئەز سەر پا نەزوونەند
میانێ شوعلە خوشك و تەڕ نەزوونەند
کەنشت و کەعبە و بت خانە و دێر
سەراپا خاڵی ئەز دلبەر نەزوونەند

وەك لەپێشەوە وتمان بابا تاهیر سۆفییەكی پایە بەرز بووە و هەمیشە لەبیری خوا و مردنا بووە و سۆز و گوداز و نیاز و خەفەتی هەر یادی خوا و باسی مردنە، ئەوە كە هەژار و دەوڵەمەند و گەورە و بچووك و، دانا و نادانی لەلا چون یەكە و ئامۆژگاریی هەردوولایان دەكات و دەڵێ:

ئەگەر جێگەت لە چەرخی چوارەمینە
كە هەرگا گورگی مەرگت لە كەمینە
ئـەگـەر سەد ساڵ لـە دنـیـادا بمێنی
كـە ئـاخـر مـنـزڵت ژێری زەمـیـنـە

وە دەڵێ:

وای بۆ ئەو دەمەی ئەچمە گۆڕی تەنگ
ئەكەن بەسەرما خاك و خۆڵ و سەنگ
نـەپـێـیـەكـم هـەس لـە مـاران ڕاكـەم
نـەدەستیش لـەگەڵ موورا بكـەم جـەنگ(١)

وە دەڵێ:

بەگۆڕستان گوزەركردم كەم و بێش
بدیدم گۆڕی دەوڵەتمەند و دەروێش
نەدەروێش بێ كفن دەرخاك رەفتە
نەدەوڵەتمەند بردە یەك كفن بێش

واتە زۆر هاتوچۆی گۆڕستانم كردو زۆر گۆڕی هەژار و دەوڵەمەندم چاو پێكەوت، تائێستا نەهەژارێكم دی بێ كفن بنێژرێ و نە دەوڵەمەندێكم دی لە كفنێك زیاتر لەگەڵ خۆی بەرێ.

***

چوارینەكانی بابا تاهیر زۆریان لەیەك دەچن لە عیبارەت و لە مەبەستا و ئەوانەی زۆر نین، هەر لەبەر ئەوەیە كە خۆشی دان دەنێ بەپەستیی هێندێكیاناو دەڵێ:

هەر ئەو دلبەرەی چاوی مەستی هەس
هـەزارانی وەك، مـن پـابـەستی هـەس

(١) ئەم چوارینەیە لە (گەنجینە)ی دلزارا نییە.

لـەنـاو عـاشقـانـا ئـەو مـانگ روخسارە
وەکو شیعری من بـەرز و پـەستـی هـەس

بـەڵام گرنگیـی و قورسیـی ئـەم دوو چوارینـەیەی کەوا ئێستاکە بـەرەو دوا دێن لـەوانـەیە کە ببێ بـەپارسـەنگی ئـەو شیعرانـەی کەوا لە ترازووی کێشانا سووکن، بـەجۆرێك کە هـەموویان قورس بکات و کەم و کووڕییان داپۆشێ، چوارینـەی یـەکەم دەڵێ:

گـوڵـێ بـەدەس خـۆم پـەروەردە بکرێ
لە چاوگەی چاوی خۆم ئـاوی بدرێ
کـەی ڕەوای دەرگـای پـەروەردگـارە
یـەکیـتـر بـۆ خـۆی گـولاوی بـگـرێ[١]

چوارینـەی دووهـەم دەڵێ:

درەخـتـی غـەم لـە دڵ کـردوویـە ڕیشە
لـە دەرگـای خـوا ئـەنـاڵـێنـم هـەمـیشە
عـەزیـزان بـابـزانین قـەدری یـەکـتـر
ئەجەل وەك بەردە، مەردوم چەشنی شیشە

وەزنـی چوارینـەکانـی بابا تاهیر لەگەڵ چوارینـەکانـی عومـەر خـەیام کـەمێك جیاوازن، بـەم ڕەنگە هینـەکانـی بـابـا لـەسـەر وەزنـی ″هـەزەجـی شـەش پارچـەیـی محذوف″ە، واتـە هـەموو شیعرێکـی شـەش (مفاعیل)ن، بـەڵام تفعیلـەی سێهـەم و شـەشـەم کورت دەکرێنـەوە بۆ (مفاعل) یافعولن.

مـەردووم ئـەگـەر ورد بێتـەوە لە شیعرەکانـی بـابـا تـاهیر و بـەراوردی بکات لـەگـەڵ زۆر لە شیعرەکانـی عومـەر خـەیام لـەڕووی عیلمی نـەفسـەوە، دەبینـی کە ئـەم دووانـە زۆر لـەیـەکـەوە دوورن، چـونکـە تـائـێستـا بـابـا هـیـچ ئـاوڕێکـی نـەداوەتـەوە بـەلای خـۆشیـی و خـۆش ڕابواردنـی جیهانـەوە، بـەپێچـەوانـەی خـەیام، کـە بـەلایـەوە هـەر خـۆشیـی و خـۆش ڕابواردنـی جیهانە ئامانجـی هـاتنە جیهان، جگە لـەوەی کە شیعرەکانـی خـەیام بـەهیچ کـۆلۆجێك تـرووسکـەیـەکـی تـەصـەوفـی لێوە نایـەت، هـەروەك لە شیعرەکانـی بـابـاوە دێت بـەزۆری[٢].

***

(١) ئـەم چوارینـەیە لـەلایـەن مـەلا محمدی غـەزایییـەوە، وەرگێڕاوەتە سـەر سۆرانـی.

(٢) تـەماشای دائرة المعارفی ئیسلامیـی، جلدی سێ، لاپـەڕە– (٢٣٦) بکە.

## زبانی بابا تاهیر

بابا تاهیر کوردێکی لوڕە، کە لوڕ ناوی تیرەیەکی گەورەیە لە کورد[(١)] ئەم چوارینانەشی بە زبانی لوڕییە.

مستەر براون لە ئێران پرسیاری کردووە لە زانایەکی گەورەی کرمانی: کە زمانی بابا تاهیر چییە؟ ئەویش وتوویەتی لوڕییە، کە ئەم زمانە بڵاوە لە شیرازو ئیسفەهانا، هەر وەك زانای بەناوبانگ "جونییو"یش لای وایە.

ئەگەر ئێمە ورد ببینەوە لە چوارینەکانی بابا، دەبینین کە پڕە لە وتەی لوڕی، وەك "ئیموون" لە جیاتی "ایمان" و "باروون" لە جیاتی "باران" و "بیابوون" لە جیاتی "بیابان" و "تە" لە جیاتی "تۆ" و "دەرموون" لە جیاتی "دەرمان" و "دەستوم" لە جیاتی "دەستم" و "دێر" لە جیاتی "دوور" و "نووم" لە جیاتی "نام" بە مانا ناو و "نوومە" لە جیاتی "نامە" کە ئەمان هەمووی هەر لە زبانی لوڕیدا بەکاردێنرێن.

***

(١) تیرەی لوڕ لە لوڕستان دائەنیشن کە دەکەوێتە جنوبی ڕۆژئاوای ئێران، بەم ڕەنگە ڕۆژئاوای لوڕستان لە خاکی ئێراندا لە بەرامبەری سنووری "مەندەلی"یەوە، دەست پێ دەکات، تا بەرامبەری سنووری "عمارە" هەر لەخاکی ئێران، سنووری ڕۆژهەلاتیشی لە خوارووی شاری "کرند"ەوە، دەست پێ دەکات لە شیمال هەتا نزیك شاری "دیزفول" لەجنوب، چیای کەبیر کۆهـ- کە لە شیمالی ڕۆژئاوای ئێرانە و بۆ جەنووبی ڕۆژهەلات درێژ دەبێتەوە- ئەم قەڵەمڕەوە دەکات بەدوو بەشەوە:
١- بەشی ڕۆژهەلاتی "پشتکۆهـ"ە کە لوڕی ئەسڵیی تێیدا دەژین.
٢- بەشی ڕۆژئاوای "پشتکۆهـ"ە کە فەیلییەکانی تیا دادەنیشن. بەقسەی مینوڕسکیی ڕووسی و ئۆسکارمانی ئەڵمانی شێوەی فەیلی لەکوردییەوە نزیکترە لەشێوەی لوڕیی.
مینوڕسکی لە دائرة المعارفی ئیسلامی، بەرگی سێهەم، لاپەڕە (٤١)دا دەڵێ: لوڕ نەتەوەیەکن لە ڕۆژئاوای جەنوبی ئێران و دەبن بەچوار بەشەوە: مامەسەینی. کۆهگێلۆیی. بەختیاری. لوڕی ئەسڵی.

# دیوانی بابا تاهیر

وا دەردەکەوێ کە لەکاتی بابا تاهیردا نە خۆی و نە کەسی تر شیعرەکانی کۆنەکردۆتەوە، بەڵکو هەر چوارینەیەکی کەوتۆتە لای یەکێك، ئینجا سا یا لە پشتی کتێبێك، وەیا دەفتەرێك وە یا بەیازێك نووسراوە، تا ساڵی ١٨٨٥م کە زانای خۆرهەڵات ناس "مستشرق" "هیوار" ٥٩ چوارینەی لە چوارینەکانی بابا بڵاوکردەوە، لە پاشا ٥٩ چوارینەی تریشی لەگەڵ چامەیەکیا بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٠٨م.

لەپاشا خۆرهەڵات ناس "هرون ألن" ٨٠ چوارینە و چامەیەکی، بێجگە لەوانەی کە "هیوار" بڵاوی کردبوونەوە- تەرجەمەی کردن بە پشتیوانی دەسنووسێکی نامەخانەی بەرلین.لە ساڵی ١٣٠٦هـ ڕۆژی - ١٩٢٧م حسین وحید دستجردی ئیسفەهانی، نووسەری گۆڤاری ئەروخانی فارسی- دیوانی بابا تاهیری لە چاپ دا و بڵاوی کردەوە، کە "٢٩٦" چوارینە و چوار چامە و (٦٢) چوارینەی تریشی کردووە بە پاشکۆی ئەم دیوانە کە دەری هێناون لە کەشکۆڵ و بەیازی دەسنووس. لە ساڵی ١٣١١هـ ڕۆژیی- ١٩٣٢م دووبارە دیوانەکەی بابای چاپ کردەوە بە پێشەکییەکی مامۆستا ڕەشید یاسمیەوە و (١٠) چوارینەی تری لێ زیاد کرد کە لەچاپی یەکەما نەبوون.

ئەم شیعرانە بەپێی پیتی دوایی ڕیز کراون، بەم ڕەنگە ئەوی دوا پیتەکەی (ئەلف) بێ پێش ئەوانە خراون کە دواییەکەیان (بێ) بێ و هەربەم ڕەنگە تا پیتی (یێ).

ئەم دیوانی بابا تاهیرە، لەماوەی ئەم هەزار ساڵەدا، چەند جار شیعرەکانی نووسرابێتەوە لەلایەن ئێرانییەکانەوە، هەر جارەی چەند وتەیەکی کوردی لێ کراوە بەفارسی، بەجۆرێك کە ئێستا کاڵایەکی فارسی بەسەردا هاتووە، بەم ڕەنگە "ئامێتە" کراوە بە "ئامێختە" و "تاو" کراوە بە "تاب" و "تە" کراوە بە "تو" و "ڕێژە" کراوە بە "ریزد" و "شەو" کراوە بە "شەب" و "کرن" کراوە بە "کنند" و "موو" کراوە بە "من" و "مەکە" کراوە بە "مکن" و "وتم" کراوە بە "گۆیەم" و "وینەم" کراوە بە "بینەم".

بەڕاستی زۆر جێی داخ و خەفەتە کە تا ئێستا دەسنووسێکی کۆنی ئەم دیوانە نەدۆزراوەتەوە، نە لە ڕۆژهەڵات و نە لە ڕۆژئاوا، تا بکرێ بە سەرمەشق و ئەم دیوانەی لەبەر ڕاست بکرێتەوە.

## بابا تاهیری سۆفیی

بابا تاهیر سۆفییەکی خوا پەرستی، بێ ناو و نیشانی، گۆشەگیری، بێ نیازی، خاوەن دڵ بووە، ٢٢ تألیفی هەیە لە عیلمی ما بعد الطبیعة "میتافیزیقیا"دا[١] هێندێکی بە زبانی فارسی و هێندێکی بەعەرەبی، ئەوی لەم کتێبانە کە تا ئێستا لەچاپ درابێ، تەنیا یەکێکیانە کە ناوی "کلماتی قصار"ە و بەعەرەبی نووسراوە لە بیروباوەڕ "عقائد"ی ئەهلی تەصەوفدا و چاپ کراوە لە داوێنی دیوانەکەیەوە لە چاپی دووهەم بەچاپی ئەرمغان، کە دانەیەکی لە نامەخانەکەی منا هەیە و تا ئێستا ئەم نامیلکەیە زۆر ڕاڤە "شرح"ی لێ کراوە، یەکێکیان ڕاڤەی "عین القضاة"ی هەمەدانییە کە لە ساڵی ٥٣٣هـ کۆچی دوایی کردووە و بەعەرەبی کردوویەتی، هەروەك لە کۆنەوە راڤەیەکی تریشی لێ کراوە بە عەرەبی، بەڵام خاوەنەکەی تا ئێستا نەزانراوە کێیە، لەم سەردەمی دواییەدا زانای گەورە مەلا سوڵتان عەلیی گونابادی دوو ڕاڤەی لێ کردووە، یەکێکیان بەفارسی و ئەوی تریان بەعەرەبی و ڕاڤە فارسییەکەی لە دەوروبەری ساڵی ١٣٢٦هـ ڕۆژیدا لە چاپ دراوە، ئەم نامیلکەیەی بابایە ٣٦٨ پەند و حیکمەتە بە عەرەبی کە بابا تاهیر خۆی دایناوە و ڕێکی خستوون لە ٢٣بابا، قسە دەکەن لە علیم و، تەصەوف و، وەجد و ذکر و، عقل و، غفڵەت و، نفس... هتد، ئەمە چەند نموونەیەکە بۆت دەهێنمەوە:

١- العلم موكل بالكلام، والوجد موكل بالخرس، ژمارة (١١).

٢- التصوف لا يسعه شيء وهو يسع الاشياء كلها، والصوفي يكون له كل شيء ولا يكون هو لشيء، ژماره (٣٣٠).

٣- الوجد فقدان الموجودات، ووجود المفقودات، ژماره (٩٦).

٤- الذكر الخفي الذى يخفي عن القلب، ژماره (١٣٢).

٥- انتهاء العقل الى التحير، وانتهاء التحير الى السكر، ژماره (٦٥).

٦- الغفلة عن الله كفر، والغفلة عن حقيقة ذات الله توحيد، ژماره (٣٢١).

٧- النفس سجن الروح، والدنيا سجن النفس، ژماره (٦٦) دەسنووسی ئەم "کلماتی قصار"ە لە ساڵی ٨٥٣هـ ڕۆژیی، دەست پیرێك کەوتووە کە ناوی (أبو البقا) بووە و ویستوویەتی ڕاڤەی لێ بکات و شەرحی لەسەر بنووسێ و کتێبەکەی لە لا زۆر

(١) تەماشای دائرة المعارفی ئیسلامی- جلدی سێ- لاپەڕە (٢٣٦) بکە.

خۆشەویست و بەنرخ بووە، تەنانەت لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ مەککە و لەوێ لە باخەڵی دەکەوێتە ناو بیری زەمزەمەوە، بەڵام بەهەوڵ و تەقەلایەکی ئێجگار زۆر گران دەری دەهێنێ، زانایان و خوێندەوارانی بەرز زۆر هەوڵ دەدەن لەگەڵ **أبوالبقادا** کە راڤە لەو دەسنووسە نەکات؛ چونکە ئەو فەرمووودانەی بابایە زۆر قووڵ و پێچراوەن، بەرەنگێك کە کەم کەس ئەیانزانێ.

ئینجا (أبوالبقا) دەسنووسەکەی دەدا بەگەورەترین زانا کە جانی بەگی عزیزیی بووە و تکای لێ دەکات کە راڤەی لێ بکات، جانی بەگیش لە مانگی شەوالی **٨٩٠هـ** رۆژی دەست دەکات بەراڤە لێ کردنی و لە بیستی شەعبانی **٨٩٩هـ** تەواوی دەکات[١].

***

(١) تەماشای دائرة المعارفی ئیسلامی- جلدی سێ- لاپەرە (٢٣٧) بکە.

## خوابگاهی بابا تاهیر

خوابگاهی بابا تاهیر لە ژوورێکدایە بەسەر تەپەیەکی نە زۆر بەرزی نە زۆر نزم، لە ڕۆژئاوای باکووری شاری هەمەدانەوە و لەو گەڕەکەی کە پێی دەڵێن "بن بازاڕ"لەو ژوورەی کە باباى تیا نێژراوە، دووکەسی تریشی تیا نێژراوە، یەکێکیان دایەنی خۆیەتی  کە شیری داوەتێ و ناوی فاطمەیە، ئەوی تریان حاجی میرزا عەلی نەقی کەوثەرییە و گۆڕی هەرسێکیان قەفەزەیەکی سادەی دارینی بەسەرەوەیە. خوابگاهی بابا هەمیشە زیارەتگاهی موسوڵمانانی دڵ بێدارانە، کۆنترین کتێبێك کە باسی ئەم خوابگاهە بکات "نزهة القلوب"ی حمد اللەی مستوفیە، کە لە ساڵی ٧٥٠هـ، کۆچی دوایی کردووە، بە دەوروبەری خوابگاهەکەی بابا تاهیر دا چەند ژوورێك هەن هەمیشە چەند کەسێکی تیان لە موریدینی بابا کە خواپەرستی تیا دەکەن و چڵەی تیا دەکێشن، نەخوازەڵا شەوی جومعان، وێنەی ئەو خوابگاهە لە چاپی دووهەمی دیوانەکەیا کێشراوە. دروودی خوا بڕژێ بەسەر گۆڕەکەیا وەك بارانی بەهار.

***

# ژیری شێتان و شێتی ژیران

مەردوم ئەگەر بەچاوێکی ورد بوونەوە تەماشا بکات، ئەبینی کە زۆر لە شێتەکان ژیر و زۆر لە ژیرەکان شێتن.

شێتێك بوو لە سلێمانی شەپقەی لەسەر ئەکرد. ڕۆژێك ژیرێك پێی وت: تۆ– کە موسڵمانیت– چۆن شەپقەی گاوریی لەسەر ئەکەیت؟ نازانیت بەم شەپقەیە بێ بڕوا "کافر" ئەبیت، شێتەکەش وتی: منێکی خوێندەواری جیهان دیدەی موسڵمانی خاوەن بیر و باوەڕ، بۆچ نەتوانم بەنوێژێك شەپقەکەم موسڵمان بکەم، ئەو پارچە پەڕۆیە بۆچ بتوانێ من بێ بڕوا بکات؟!!!

ژیرێکی تر هەر لە شاری سلێمانی لە شێتێکی چاوخێل ئەپرسێ ئەڵێ: توخوا فیسار کەس ئەوە ڕاستە ئەڵێن: خێل یەك بە دوو ئەبینی؟! شێتەکەش کتوپڕ ئەڵێ: بەڵێ ڕاستە؛ چونکە من هەرچەند تۆ ئەبینم، بە چوار پێ ئەتبینم.

شێتێکی تر بوو هەر لە سلێمانی خاوەنی کۆشێك خێزان و ماڵ و مناڵ بوو، ئینجا ئەگەر ڕۆژێك نەبوونیی زۆری بۆ بێنایە، داوای شتێکی لە دەوڵەمەند بکردایە، وە ئەویش هیچی نەدایەتێ، هەر لەبەردەمی دوکانی دەوڵەمەندەکە دائەنیشت تا هەژارێك تێئیپەڕیی بەبەردەمیا، ئینجا بۆ ئەوەی پەلارێك بگرێتە دەوڵەمەندەکە، وە جنێوێکی پێ بگەیەنێ، خۆی چی پێ بووایە لەپارە ئەیدا بەو سواڵکەرەی کە لەو ساتەدا تێئەپەڕیی لەوێوە.

هەر ئەم شێتە جارێك پێی ئەڵێن: تۆ بۆ ناچیتە لای فیسار بەگ تا هەندێ گەنم و جۆت بداتێ، ئەمیش ئەڵێ: من بۆلای کێ بچم؟ ئەو تانجییەکانی خۆی کە ڕاویان پێ ئەکات و گۆشتیان پێ پەیدا ئەکات لەبرسانا سەر بەتەندووری گەرمی نانەواکانا ئەکەن و کولێرە ئەفرێنن، ئێستا بەگ هیچ ناکات گەنم و جۆ بە من ئەدات، ئەم بەگە کە ئێوە ئەڵێن، ئەگەر وەختی خۆی کوێخای بەهەشت بووایە، بۆچ ئادەمی باپیری سی و دوو دانەی دەربهاتایە، ئەیهێشت مێلاکی ئەو دەنکە گەنمەی بکردایە کە خواردی و لەسەری دەرکرا؟!

مێژوو بۆمان ئەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێ هاروونە رەشید لە قەراخ شاری بەغدا بە دوو شێت ئەگات، یەکێکیان باڵووڵ و ئەوی تریان شێتێکی هاوڕێی باڵووڵ ئەبێ، هاروونە رەشید بە باڵووڵ ئەڵێ: تۆ بۆچی ناونراویت بە باڵووڵ؟ ئەمیش ئەڵێ: ئەی تۆ بۆ ناونراویت بە

هـاروون؟ لەمە هـاروونە رەشید تووڕە ئەبێ، دەست ئەکات بەجنێودان بەبالّوولّ، بالّوولّ ڕووئەکاتە هـاوڕێکەی خۆی ئەلّێ: ئێمە کە لە بەغدا دەرچووین دووان بووین، کەچی وا بووین بە سێ(١).

جارێکیان پیاوێکی گەورەی دەمڕاستی بەدەسەلأت ئەچێتە تیمارخانەیەك بۆ سەیری ئەو شێتانەی کە لەوێدان، لەناو هەموویانا کە ئەیان دوێنێ یەکێکیانی زۆر بەژیر و لەسەر خۆو قسە خۆش دێتە بەرچاو، ئەمیش ئەو یەکە دەرئەهێنێ لە تیمارخانەکە، وە لەگەلّ خۆی ئەیباتەوە بۆ مالّی خۆیان، ئێواریّ مێز و مەزە و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دائەنێن، کابرا لەگەلّ شێتەکەدا دێنە سەرمێز، وە خاوەن مالّ دەست ئەکات بەخواردنەوە، تەماشا ئەکات شێتە ناخواتەوە، پێی ئەلّێ: بۆ ناخۆیتەوە؟ ئەلّێ: تۆ ئەخۆیتەوە بۆ ئەوەی وەك منت لێ بێ، ئەی من بخۆمەوە بۆئەوەی وەك کێم لێ بێ؟ کابرای ژیر لەسەر ئەم قسەیە دەست لە خواردنەوە هەلّ ئەگرێ.

***

ژیریی شێتان هەموو ئێسکیان سووك و گیانیان پاك و دلّیان ڕووناك و زمانیان شیرین و قسەیان خۆشە؛ لەبەرئەوەی کە کەس هیوای ئەم جۆرە قسانەیان لێ ناکەن، بۆیە وائێجگار قسەکانیان خۆشە لە گوێچکەدا، بەلأم ژیرەکان چونکە هەمیشە چاوەڕوانی قسەی ژیرانەیان لێ ئەکرێ، ئەگەر قسەکەیان زۆر بەرز و بەنرخ نەبێ، بە شتێکی هیچ و پووچ وەرئەگیرێ.

***

(١) واتە دوو شێت بووین کەچی وا بووین بە سێ شێت چونکە هاروونە رەشیدیش وەك ئێمە شێتە.

# بانگ

ئەی موسڵمانینە:

بانگ سرووودێکی دینییە شەو و ڕۆژ پێنج جار بەدەنگێکی بەرز ئەدرێ بەگوێچکەی موسڵمانانا، وە بەبێ ئاگاداریی خۆیان ئیمان و باوەڕیان تازە ئەکاتەوە.

بانگ دەعوەتی خوایە بۆ خڕبوونەوە لە خەوی بێهۆشی و بێ ئاگاداریی.

بانگ دەعوەتە بۆ دەست نوێژ شتن و خۆ پاك كردنەوە لە پیسی ئاشكراو پەنهان، وە لە چڵكی دەروون و ئەندام.

بانگ دەعوەتە بۆ نوێژ كردن و خواپەرستن.

بانگ دەعوەتە بۆ ڕووكردنە خواو پشت كردنە هەموو شتێكی تر.

بانگ دەعوەتە بۆ سوپاس و ستایشی ئەو خوایەی كە دروستی كردووین، وە ڕزق و ڕۆزیی و صحە و تەندروستی پێ داوین.

بانگ دەعوەتە بۆ سجدە بردن لەگەڵ لەشكری ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و دار و درەخت و شاخ و داخ و هەموو گیانلەبەرانا بۆ بەر بارەگای تاك و تەنیایی خوای گەورە.

بانگ دەرگای دڵی داخراو ئەكاتەوە، وە بەچرای ئیمان و باوەڕ ڕووناكی ئەكاتەوە.

بانگ پەردەی دڵ و دەروون كون ئەكا، وە بەبێ پرس ئەچێتە ژوورەوە.

بانگ گوێچكەی دڵ و دەروون ئەزرنگێنێتەوە و بێداری ئەكاتەوە.

بانگ هیوا بە مەردوم پەیدا ئەكات، وە كڵاو ڕۆژنەیەك لە دڵی دڵتەنگان ئەكاتەوە.

بانگ خەم و خەفەت بە با ئەدا، وە خۆشی و لەش سووكی ئەدا بەئادەمی وەك ئەگێڕنەوە هەرچەند پێغەمبەر(د.خ) خەمبار و خەفەتبار بووایە بە بلالی حەبەشی ئەفەرموو "أرحنا یا بلال" واتە بە بانگەكەی خۆت دڵمان فەرەح بكە و كەیف خۆشمان بكە.

هەموو گەلێك سرووودێكی هەیە كە شانازیی پێوە ئەكا، وە لە منداڵییەوە لەبەری ئەكاو ئەی خوێنێتەوە، تا لەگەڵ سروشتیا تێكەڵ ببێ، وە لە وەخت و لە ناوەختا بەپێی ئەو سرووودە بڕوا، وە لە پەند و ئامۆژگارییەكەی بەهرەمەند ببێ.

هەموو گەلێك سرووودێكی هەیە، بەڵام سرووودێكی پڕ لە ڕەگەزپەرستی كە هەر بۆ

خۆی دەست بدا وە بەکاری گەلێکی تر نەیەت، بەڵام سرووودی ئیسلام سروودێکی ئینسانی عالەمییە بانگی هەموو کەسێك ئەکا بۆ برایەتی و ئاشتی و خۆشەویستی و خوا پەرستی، وە بەدەنگێکی زوڵاڵ شەو و ڕۆژی پێنج جار پێمان ئەڵێ: (الله اکبر) واتە خوا لە هەموو کەسێك گەورە ترە، وە نابێ هاوار لە کەسی تر بکرێ.

دینی ئیسلام بەم وشەی (الله اکبر)ە ئامۆژگاری هەموو کەسێك ئەکات لە پاشا و وەزیرەوە تا کوێخا و گزیر، هەرکەسە بەپێی خۆی، بەم ڕەنگە:

یەکەم:

ئامۆژگاری گەورە و کاربەدەستان ئەکاو پێیان ئەڵێ: ئەی گەورە کاربەدەستەکان، ئەی پیرە پایە بەرزەکان خوا لەئێوە گەورەترە بۆ دوو سێ ڕۆژ وەظیفە لە خۆتان بایی مەبن، خوا ئەو خوایەیە کە ئێوەی دروست کردووە، وە ئەم پایە و دەسەڵاتەی داونێ، کە وابوو شەرم لە خوا بکەن، زۆر و ستەم مەکەن دادپرس و گەل پەروەربن، ئاگاتان لە هەژار و ستەم لێکراوبێ.

دووهەم:

ئامۆژگاریی دەوڵەمەندان و دەستداران ئەکا وە پێیان ئەڵێ: ئەی دەوڵەمەندەکان، ئەی ئەو کەسانەی کە بە دارایی خۆتان ئەنازن، لەخوا بترسن، چاوتان لە سەرو ماڵ و ناموسی کەسەوە نەبێ، خوێنیان مەمژن، زیانیان پێ مەگەیەنن، خوا لە ئێوە دەوڵەمەندترە، ماڵی دنیا وەك چڵکی دەست وایە، ئەو خوایەی کە داوینێ ئەشتوانێ لێتان بسێنێتەوە؛ کەوابوو ئەم هەڵە لەدەست خۆتان مەدەن، بە پارەکەتان چاکە بکەن، دەستی هەژاران و لێقەوماوان بگرن، وە خوا و بەندەکانی خوای پێ ڕازی بکەن.

سێهەم:

بە وشەی (الله اکبر) ئامۆژگاری خوێندەواران و زانایان ئەکا، وە پێیان ئەڵێ: ئەی خوێندەوارەکان بە زانینەکەتان یاخی مەبن، وە بەچاوی سووك تەماشای نەخوێندەواران مەکەن؛ چونکە خوا لەئێوە زیاترە، ئەو زانینەی کە ئێوە هەتانە شتێکی زۆر کەم و کووڕ و کورت و کوێر و هیچ و پووچە لە چاو عیلمی خوادا، عیلم و زانینەکەتان ئەبێ وەك ڕۆژ تابان، وەك مانگ درەخشان بێ بۆ موسڵمانان، وەهەموو کەسێك بەهرەی لێ وەرگرێ.

چوارەم:

بانگی خێرەمەندان و خاوەن چاکان ئەکا بە خێرەکەیان یاخی نەبن، وە بە چاکەکەیان دەعیە و دەمار نەکەن بەسەر هەژاران و لێقەوماوانا؛ چونکە خوا لەئێوە خێرەومەندترە، هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە هەمووی بەخێر و چاکەی خوا ئەژی، لەگەڵ ئەویشە هیچ شتێك ناداتەوە بەچاوی هیچ کەسێکا، وەچاکەی خۆی لەکەس ناگرێتەوە.

پێنجەم:

بانگی هەژاران و لێقەوماوان ئەکا و دڵخۆشییان ئەداتەوە کە بەهەژاری و نەبوونی دڵتەنگ نەبن، وە بەچاوی سووك تەماشای خۆیان نەکەن، خوا لە ئێوەش و لە دەوڵەمەندەکانیش گەورەترە، هەر ئەو خوایەی کە دەوڵەت و دارایی داوە بە دەوڵەمەندەکان، ئەتوانێ ئێوەش دەوڵەمەند بکا، وە بێ نیازتان بکا لە هەموو کەسێك، هەروەك بەچاوی خۆمان هەموو ڕۆژێ نموونەی ئەمە ئەبینین.

شەشەم:

بە وشەی (الله الکبر) ئامۆژگاریی شێخەکان و پیر و پێشەواکانی دین ئەکا کە خوا لەئێوە گەورەترە، لەناو مریدەکانتانا خۆتان مەکەن بە شەریك و هاوبەشی خوا، موسڵمان گومڕا مەکەن، گەورەی بەڕاستی هەر خوایە، وە گەورەیی هەر بۆ خوایە، هیچ کەسێك هیچی بەدەست نییە تەنیا خوا نەبێ، وەك قورئان ئەفەرمووێ "یوم لاتملك نفس لنفس شیئا والامر یومئذ لله" واتە لە ڕۆژی قیامەتا هیچ کەسێك بۆ هیچ کەسێك هیچی بەدەستەوە نییە.

ئەگەر ڕاستتان ئەوێ هەر وتەیەك لە وتەکانی بانگ ئەگەر بە ترازووی ژیریی و بیر بیکێشین، تێ ئەگەین کە هەزار جار لە کێوی (پیرەمەگروون) قورسترو گەورەتر و گرانترە، وە هەر وشەیەکی جۆرە ئاوازێکی تایبەتی هەیە لە گوێچکەو دڵانا، وە بەهەموو وشەکانی دەستەیەکی تەواو پێك دێنن لە مۆسیقە و سروودێکی گیانی، کە تا جیهان جیهان بێ شەو و ڕۆژی پێنج جار لە هەزاران هەزار لاوە بەرز ئەبێتەوە وە لەم ئاسمانەدا دەنگ ئەداتەوە و ئەزرنگێتەوە، وە ئیمان و باوەڕی موسڵمان تازە ئەکاتەوە.

لە خوا داوا ئەکەم هەموو ڕۆژێك بەدەنگی بانگ، ئیمانمان تازە بکاتەوە، وە هەر چەند بانگ درا بچین بەدەنگییەوە بەبێ دواکەوتن.

***

## مەرد و نامەرد

جوانترین وتەیەك كە بەكاردێنرێ بۆ مەردوم لەم جیهانەدا وتەی "مەرد"، وە ناشیرینترین وتەش وتەی "نامەرد"ە. ئەتوانم بڵێم: ئەگەر مەرد لە جیهانا نەبوایە جیهان ئەبوو بە دۆزەخ، وە ئەگەر نامەردیش نەبوایە، جیهان ئەبوو بە بەهەشت.

مەرد وەك هەنگ و نامەرد وەك مێش وایە، لە كاتێكا كە هەنگ ئەنیشێتەوە بەسەر گوڵ و گوڵزارەوە، وە لەهەر گوڵێك بۆنێك، وە لە هەر گوڵووكەی خواردنێك وەرئەگرێ، مێشیش ئەنیشێتەوە بەسەر هەموو پیسی و شتێكی بۆگەنەوە.

لە حەلێكا كە هەنگ شانی هەنگوین هەڵ ئەبەستێ- كە مایەی خۆشی و تەن دروستییە- مێشیش بە ملیۆن میكرۆبی نەخۆشی بڵاو ئەكاتەوە، كە مایەی دەرد و دەردەدارییە.

جوانترین ڕەوشتێك كە مەرد و نامەدر لەیەك جیا ئەكاتەوە شەرافەت و نەجابەتە، شەرافەت و نەجابەت بە باو و باپیر نییە، بە پایە و ناونیشان نییە، بەپارە و دارایی نییە، بە زانین و زانستی نییە، بە دین و خواپەرستی نییە، زۆر كەسی وا هەیە ئەمانەشی هەیە، كەچی هەرچی شەرافەت و نەجابەت بێ تیا نییە، وە زۆر كەسی واش هەیە، ئەمانەی نییە، كەچی زۆر بڵند و نەجیبە.

كەسێك مەرد بێ بێزی نایەت درۆ بكات، یا ناوی یەكێك بەخراپە ببات، یا اخباریە لە یەكێك بدا، یا دوو ڕوویی و دووزمانی بكات، یادڵی یەكێك بەخۆڕایی بشكێنێ؛ چونكە ئەم شتانە پیسن، مەردومێ نامەرد نەبێ نزیكیان ناكەوێتەوە.

كەسێك مەرد بێ خۆی بەهیچ شتێكەوە هەڵ ناكێشێ، كەسێك خۆی هەڵ ئەكێشێ بە باو و باپیر، یا بەدەوڵەت و دارایی، یا بە پایەو ناوونیشان، یا بەزانین و زانیاری یا بەفەرمانبەریی و ناو و شۆرەت كە خۆی لەخۆیا بێ نرخ و پووچ بێ.

كەسێك مەرد بێ دەعیە و دەمار بەسەر كەسا ناكات، هەروەك كلكە لەقێش بۆ كەس ناكات؛ چونكە گەورەیییەك كە بناغەكەی لەسەر ئەم جۆرە شتانە بێ، بەندەگی و بچووكییەو لە پەردەی گەورەیی دایە.

ئەوانەی شانازی ئەكەن بەهۆی ناسینی پیاوێكی گەورەی پایە بەرزەوە، وە بە جێ و

بەبێ جێ لە هەموو شوێنێك ناویان ئەبەن، وەخۆیانی پێوە با ئەدەن، ئەوانە لەولای نامەردەوەن بەگەلێ پلە. هی وا هەیە دوو جار نامەردە؛ چونکە هەم دەعیە و دەمار بەسەر بچووك و خواردەستی خۆیا ئەکات، وەهەم کلکە لەقێ و ماکەر مەلە بۆ بەرەوژووررتر لە خۆی ئەکات.

کەسێك مەرد بێ بەقسەی ناشیرینی نامەردێك، یا بەکردەوەی ناپەسەندی لێڵ نابێ؛ چونکە دڵ و دەروونی وەك دەریا وایە، بەلموزی سەگ پیس نابێ، لەبەرئەوە پیاوی مەرد بەرانبەریی جنێو بەجنێو ناکات، وە بەرامبەریی کردەوەی ناشیرین بە کردەوەی ناشیرین ناکات، بەڵکو دوشمنایەتی لەگەڵ دوشمنیا ناکات؛ چونکە نەفسی گەورە و بەرزە، بە مونا بچووك نابێتەوە، هەروەك نامەرد بەمە گەورە نابێ کە خۆی بەگەورە بداتە قەڵەم. مەرد ئەگەر ببێ بەخاوەنی هەموو جیهان خۆی لەخۆی ناگۆڕێ، بەڵام نامەرد بەدەنکە جۆیەك ئەزەڕێ.

مەرد لە بوون و لە نەبوونیا وەك یەك وایە، بەڵام نامەرد تانییەتی وەك سەگ ئەوەڕێ، کە بووش وەك کەر ئەزەڕێ.

مەرد لە کاتی تەنگانەدا بەزەیی بەدوژمنی خۆیا دێتەوە و یارمەتی ئەدات، بەڵام نامەرد لەوکاتانەدا بەسەر برای خۆیەوە ناڕوا.

مەرد حورمەتی هەموو کەسێکی لەلایە، وە بەچاوی سەنگین و گران تەماشای هەموو کەسێك ئەکات، بەڵام نامەرد حورمەتی کەسی لە لا نییە، وە هەر ئەبێ تۆ حورمەتی ئەو بگریت. مەرد هەرگیز بەدزییەوە کارێکی وا ناکات کە بەئاشکرا ڕووی نەیەت بیکات، بەڵام نامەرد هەموو کارێکی وایە. مەرد بیری بەرز، وە هەمیشە بۆلای ژوورو و ئەڕوانی، بەڵام نامەرد پەست، وە هەمیشە بۆلای خواروو ئەڕوانی.

مەرد سەری بەرزە وەك شاخەکانی کوردستان، نامەرد هەمیشە سەری شۆڕە وەك دزێك کە لە کەلەبەرێکا گیرابێ بەکۆڵەوە، هەزار ڕەحمەت لەو شاعیرە کوردە کە ئەڵێ:

فەرقی کۆهساران لە پاساران، لەگەڵ پاساری یا
وەك عەزیزیی باز و، وەك بێ حورمەتی پاساری یە

مەرد ئەگەر کەیف خۆشیی هەموو جیهانی بەسەرا برژێ کەس پێی نازانێ، بەڵکو خەم و خەفەتی زۆریشی پێوە دەرناکەوێ، بەڵام نامەرد بەهەردووکیان دەکەوێتە لەقە لەق و هەلەکە سەما.

مەرد ئەگەر بەدەستی ڕاستی شتێك بدات بە هەژارێك، یا یارمەتی لێقەوماوێك بدا، نایەڵێ دەستی چەپی پێی بزانێ، بەڵکو نایەڵێ هەژارەکەش پێی بزانێ، بەم ڕەنگە پارەکەی بەناوی قەرزەوە ئەداتێ، یا وا بەدزییەوە بۆی ئەنێرێ کە نەزانێ هی کێیە، بەڵام خوا نەکات نامەرد پیاوەتییەکی لەدەست دەرچێ، ئیتر ئەوە هەر نابڕێتەوە.

هەزار ڕەحمەت لە پیرەمێرد کە ئەڵێ:

لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە

جەردە ڕووتت کا با لەم بەرەوە

مەرد گەل و هاوزبانی خۆی لە هەموو گەلێك خۆشتر ئەوێ، لەناو ئەوانیشا بەتایبەتی دۆست و ئاشنا و برادەری، لەناو ئەوانیشا بەتایبەتی تر خزم و خۆشی، خزمیش تا نزیکتر بێ ئەبێ لەلای بەنرختر بێ، بەڵام نامەرد پێچەوانەی مەردە، بەم ڕەنگە بێگانەی لە گەلی خۆی خۆشتر ئەوێ، وە تامەردوم دوورتر بێ لێی ئەو خۆشتری ئەوێ، یاخۆ بڵێین تا مەردوم بەخزمایەتی لێی نزیکتر بێ لای ئەم بێ نرخترە، ئینجا نامەردیی لەمە زیاتر ئەبێ چی بێ یەکێك بەهەموو هێز و توانایی خۆیەوە دڵی بێگانە ڕابگرێ، کەچی ئاگاداری، دڵی کەسی خۆی نەکات، وە بەهەموو توانایی خۆی چاوڕاو بکات بۆ گەلی بێگانە، کەچی جنێو بدا بە گەلی خۆی.

مەردوم ئەگەر ورد ببێتەوە لە هەموو زویریی و ئاژاوەیەك تێ ئەگات کە هۆیەکەی ئەچێتەوە سەر نامەردی، ئەگەر هەردوولا مەردبن هەرگیز زویریی و ئاژاوە نابێ، وە دوو کەس لەیەك دڵ گیر نابن، بەڵام یەکێك نامەرد بوو، ئیتر چاوپۆشی ناکات لە هیچ هەڵتە و ساتمەی برادەرێکی، وە لەسەر هەموو شتێکی پڕ و پووچ کێشەیەکی دوور و درێژی لەگەڵ ئەکات، وە لەسەر هیچە جووتەی خۆی ئەوەشێنێ و ڕیشەی دۆستایەتی ئەپچڕێنێ، وەك لەسەر بەهانە و بیانوو بێ لێی وایە، بەڵام مەرد هەر بە مەردی بەرامبەریی نامەرد ئەکات.

ئینجا کەوابوو هەر نامەردە مایەی زویریی و ئاژاوە لە جیهانا، وە هەر مەردە مایەی ئاشتی و خۆشی، وە ڕاستمان کرد کە لەپێشەوە وتمان ئەگەر مەرد نەبوایە ژیان ئەبوو بە دۆزەخ، وە ئەگەر نامەردیش نەبوایە ژیان ئەبوو بە بەهەشت، کەوابوو هەر بژی مەرد، وە هەر بمرێ نامەرد.

***

# ویژەی دوێنێ و ئیمڕۆ

وێژە وەك پانتۆڵی سەعات وایە، دەمێ بەلای ڕاستا ڕوو ئەكا و دەمێ بەلای چەپا، بۆچی؟! چونكە وێژە سێبەری كۆمەڵە و گەلە، وە سێبەریش ساتێك وەك خۆی نامێنێتەوە.

ئەمە ئاشكرا و نمایانە كە هەر ڕۆژەی جۆرە شتێك باوە، وە ئەم شتانە كار ئەكەنە سەر وێژە و وێژەر، لەبەرئەوە ئیمڕۆ دیوانێكی وەك دیوانی (نالی) و (مەحوی) ناوترێ، هەر وەك پێنج سەد ساڵ لەمەو پێش نەگونجاوە دیوانێكی وەك دیوانی حاجی قادری كۆیی بوترێ، چونكە ئەمیان نیشتمانییەكی زۆر بەرزە لەهەموو ڕوویەكی ژیانا، كە پێنج سەد ساڵ لەمەو پێش ئەم بیروباوەڕە نەبووە لەناوا، وە ئەویان لەسەر بناغەی ڕەوانبێژیی "بلاغت" و تصوفە كە جاران باوی بووە و ئیمڕۆ باوی نەماوە.

ئەمەیە مەبەست لە وێژەی زیندوو، كە ئەبێ بەپێی ڕۆژ بگۆڕێ، وە لەسەر بارێك نەمێنێتەوە، ئەگینا وەك گۆمێكی لێ دێ، كە لە شوێنی خۆی وەستابێ و ئاوی نەچێتە سەرو بۆگەن بێ، ئینجا بەم پێیە ئەڵێم:

جاران وێژەر "ادیب" و بوێژ "شاعر"مان هەر بۆ خۆیان ئەژیان، وە هەر بیری خۆیان ئەكرد بە هۆنراوە، لەمەولا ئەبێ بۆ كۆمەڵە و گەل بژین، وەبیری ئەوان بنووسن.

جاران وێژەرو بوێژمان هەر گۆرانییان بۆ خۆیان ئەوت، لەمەولا ئەبێ گۆرانی بۆ كۆمەڵە و گەل بڵێن. جاران وێژەرو بوێژمان خۆی بە بەرپرسیار "مسؤل" نەئەزانی، لەمەولا ئەبێ خۆی بە بەرپرسیار بزانێ لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا، وە هەمیشە هاوار بكات بۆ ستەم لێكراو و هێرش بباتە سەر ستەمكار، وە جەنگ بكات لەگەڵ ئەوانەی كە باوەڕیان بە خواو بە نیشتمان نییە.

جاران وێژەرو هۆنراوەمان هەمووی هەر بۆ ڕابواردن بوو، لەمەولا ئەبێ قوتابخانەی تێكڕایی بێ بۆ گەل، دەرسی تیا بخوێنن، وە پەندی لێ وەربگرن.

جاران وێژەرو هۆنراوەمان لە تاریكیدا بوو، لەمەولا ئەبێ لە ڕووناكیدا بێ.

جاران وێژەرو هۆنراوەمان هەر زادەی بیری خۆمان بوو، لەمەولا– لەبەرئەوەی جیهان بووە بەیەك قوتابخانە– ئەبێ بیری خۆمان لەگەڵ بیری بێگانانا ئاوێتە و متروبە بكەین، وە شتێكی سێهەمی زۆر خۆش و جوان و بەكەڵكی لێ پەیدا بكەین.

جاران وێژەرو بوێژمان هەر بەجوانیی وتەو ڕێکخستنی وتار و سنعەتکارییەوە خەریك ئەبوون، وە مانایان مەبەس نەبوو، لەمەولا ئەبێ هەر بەمانەوە خەریك بن، وە دەست لە سنعەتکاری هەڵگرن.

جاران هۆنراوەیەك پەسند بوو کە پێچراوە بووایە و مانای نەزانرایە، لەمەولا هۆنراوەیەك پەسندە کە وەك ئاوی ڕەوان ئاسان، وەبێ قۆرت و گرێ بێ، بەجۆرێك کە خوێندەوار و نەخوێندەوار وەك یەك تێیبگەن.

جاران وێژەرو بوێژمان ڕوویان هەر لە پیاوی گەورە بوو، وە هەر بە سەر و گوێلاکی پاشا و وەزیر و پیاوی دەوڵەمەندا هۆنراوەیان هەڵ ئەدا، لەمەولا ئەبێ ڕوویان هەر لە کۆمەڵەو گەل بێ، وە هەر بەسەر ئەوانەوە شیعر بڵێن.

جاران وێژەرو هۆنراوەمان وەك بەردێکی بەنرخ یا دیارییەکی پەسند وابوو هەر پێشکەش ئەکرا بەکۆشکی پاشایان و پیاوانی گەورە، لەمەولا ئەبێ سەر بکات بەماڵی هەموو کەسێکا لەکۆمەڵەو گەل، بەجووتیار و گاوانییەوە بە چەقاڵ و بەقاڵ.

جاران وێژەرو بوێژمان هیچ جۆرە بەرپرسیارییەکیان نەبوو، بەڵام ئێستا بەرپرسیاری ئەوان لە بەرپرسیاری داد خواو "حاکم" و فەرمانبەر "موظف" و سەرباز "جندی" گەلێ گەلێ زیاتر و گەورەترە، چونکە ئێستا بەڕاستی نرخی گەلێ شت سەربەرەو خواروو بووە، تا جاران بوو کومەڵە وەك گۆمەزێکی گەورەی قووچ وابوو، باغەکەی گەل بوو، تەوقە سەرەکەی پاشا بوو، وێژەرو بوێژیان وەك گوڵە بەڕۆژە وابوون بەسەر ئەو گومەزەوە، ڕوویان هەر لە تەوقە سەرەکەی بوو- کە پاشا بوو- ڕۆژێ نەبوو تەماشایەکی خوارەکەی بکەن- کە کۆمەڵە و گەلە- بەڵام ئیمڕۆ بە پێچەوانەی ئەمەیە، بەم ڕەنگە کۆمەڵە و گەل بە تەپڵە سەری گومەزەکەوەن لەمەولا وێژەرو بوێژ ئەبێ هەر چاویان لە کۆمەڵە بێ، نەك بەم ڕەنگە هەرچی کۆمەڵە بیکا ئەو پەسندی بکات و پیا هەڵخوێنێ، بەڵکو هەر چێەکی کرد ئەگەر باش بوو، هانە هانەی بدا لەسەرکردن و درێژە پێدان، وەئەگەر خراپ بوو تێی بگەیەنێ کە خراپە، وە بەهەموو هێز و توانایی خۆیەوە جڵەو گیرییان بکات.

مێژووی لەمەولا وێژەرو بوێژ بەجۆرێکی تر پەسەند ئەکات، جاران ئەگەر پەسندی کردبێ لەسەر جوانیی وتە و وتار و شێوەو ئاهەنگ، لەمەولا پەسەندی ئەکات لەسەر جوانیی مەبەست و ڕووناککردنەوەی ڕێی کۆمەڵایەتی.

جاران ئەگەر پرسیار لە وێژەر نەکرابێ لەمەولا پرسیاری لێ ئەکرێ، ئایا ئەم وێژەرە چی کردووە بۆ گەلەکەی، وە چۆن ڕێگای بۆ ڕووناک کردوونەتەوە و باسی ستەمکاری بۆ کردوون و پێی ناسیون، وە ڕێی ڕاستی بۆ ڕووناک کردوونەتەوە.

***

# نوێژ

لەوەتی ئادەمیی پەیدا بووە لەسەر زەوی هێشتا خوا پەرستییەکی بۆ دانەنراوە وەك نوێژ کە گەورەیی خواو زەبوونی بەندە نیشان بدات، بەڕاستی هەرچێکی تیایە لە گوفتار و لە کردار یەك لەیەك جوانتر و بەنرخترە، لە هەمووی جوانتر دابەستنەکەیەتی بە وتەی ″الله اکبر″ و چوونە دەرەوەیە لێی بە وتەی ″السلام علیکم″.

وتەی دابەستنەکەی ئەگەیەنێ کە خوا لە هەموو کەسێك گەورەترە، وە بەندە ئەبێ هەر بەندەی خوا بێ، وە هەر لەو بترسێ، وە لەترسی ئەو لەچوارچێوەی ئادەمیی دەرنەچێ.

وتەی چوونە دەرەوەکەشی ئەگەیەنێ کە نوێژی بەڕاستی ئەبێ ببێ بەمایەی برایەتی و ئاشتی لەناو موسڵمانانا، وە هەر قازانجێکی ببێ هەر بۆ خۆیانە، وە هەر خۆیان بەهرە لە نوێژەکانیان وەرئەگرن، وە خوا هیچ قازانجێکی پێ ناگات لە نوێژی ئەم و ئەو.

نوێژ دانراوە بۆ ئەوەی کە خوای گەورە و مەزن بیری مەردوم بخاتەوە، چەند دەمێك لە دەریای گەورەیی و دەسەڵاتی ئەوا مەلە بکات و خۆی پاك بکاتەوە لەچڵکی گوناه، وە ترسی خوا لەدڵ و دەروونیا بڕوێنێ، تا بەگیان بەهرە وەربگرێ لە نوێژەکەی، وەتا نوێژی ئاینده، بیپچڕێتەوە لە گوفتار و کرداری خراپ، وەکو قورئان ئەفەرمووێ: ″ان الصلاة تنهی عن الفحشاء والمنکر″ واتە نوێژ بەڕاستی مەردوم ئەگێڕێتەوە لە کاری خراپ و ناپەسند. واتە نوێژێك وا نەبێ نوێژی پێ ناڵێن، بەڵکو کردەوەیەکی تایبەتییە کە لە مناڵییەوە فێری بووە و خووی پێوە گرتووە.

جا لەبەرئەوەی نوێژ لە هەموو خواپەرستییەك گەورەترە، قورئان لە ٨٦ شوێن ناوی ئەبات، وە فەرمانی پێ ئەدات، چونکە بەڕاستی نوێژ کۆڵەکەی ئایین و مایەی پەیوەندیی بەندەگانە بەخواوە، لەبەرئەوە لە هەموو پەڕەیەکی قورئانا ناو ئەبرێ، وە لەهەر شوێنەی بەجۆرێك فەرمانی پێ ئەدرێ.

دەمێ فەرمان ئەدات بەکردنی، ئەفەرمووێ ″واقیموا الصلاه″ واتە نوێژی بەڕاستی بکەن.

دەمێ فەرمان ئەدات بەدەست لێ هەڵ نەگرتنی، ئەفەرمووێ ″الذین علی صلاتهم دائمون″ واتە ئەوانەی کە درێژەیان هەیە لەسەر نوێژەکانیان.

دەمیّ فەرمان ئەدات بەکردنی لەکاتی خۆیا بیّ پاش و پیّش خستنی، ئەفەرمووێ "ان الصلاه کان علی المؤمنین کتابا موقوتا" واتە نوێژ لەسەر بڕواداران پێویست کراوە لەکاتی تایبەتی خۆیا.

دەمیّ فەرمان ئەدات بەکردنی بەهۆش و گۆش و ترس و بیمەوە، ئەفەرمووێ "الذین هم فی صلاتهم خاشعون" واتە ئەوانەی کە لە نوێژەکانیان خاوەن ترسن.

دەمیّ فەرمان ئەدات بەکردنی بە جەماعەت، ئەفەرمووێ "وارکعوا مع الراکعین" واتە لەگەڵ نوێژکەرانا نوێژ بکەن بەکۆمەڵی.

دەمیّ فەرمان ئەدات بەچاودێری کردنی، ئەفەرمووێ "حافظوا علی الصلوات والصلاه الوسطی" واتە ئاگاداریی نوێژەکانتان بکەن، بەتایبەتی نوێژی ناوەڕاست کە بەلای هێندێکەوە نوێژی بەیانیان و بەلای هێندێکی ترەوە نوێژی عەسرانە.

بەڕاستی نوێژ بەردی بناغە و پایە و کۆڵەکەی ئایینە.

نوێژ هەڵوێستان و پاڕانەوەیە لەبەر بارەگای خوای گەورەدا.

نوێژ پەیمان بەستنە لەسەر گوفتار و کرداری باش لەسەر دەستی خوادا.

نوێژ دەمەزەرد کردنەوەی بیروباوەڕە لە بەردەمی خوادا.

نوێژ جیاکەرەوەی موسڵمان و ناموسڵمانە لەیەك.

کەسێك ئاگاداریی نوێژ بکات بەو جۆرەی کە قورئان فەرمانی پیّ ئەدات، پیّ نانیّ بە مافی کەسا، درۆ ناکات، زیان بەکەس ناگەیەنیّ، ناوی کەس بەخراپە نابات، رژدی و چرووکی ناکات، خزمەتی هاودین و هاوزبان و هاوتەحری خۆی ئەکات.

کەسێك نوێژ بکات، سووکی ناویّ، نەبۆ خۆیی و نەبۆ گەلی، وە شانازی ناکات نە بەزۆر و زۆردارەوە، وە نە بەستەم و ستەمکارەوە.

کەسێك نوێژ بکات نە بەخەم و خەفەتی ڕۆژگار خەفەتبار، وە نە بەخۆشی جیهان لەخۆی بایی ئەبیّ.

کەسێك نوێژ بەڕاستی بکات لە خوا نەبیّ لە کەسی تر ناترسیّ، بڕوای بە شتی پڕ و پووچ نابیّ.

نوێژ خۆراکی گیانە، هەروەك خواردن و خواردنەوە خۆراکی جەستەیە، چونکە ئادەمیی دروست کراوە لە مایە "مادة" و لە گیان، جەستە و مایەکەی بەبیّ خواردن و

خـواردنـەوە نـاژی و نـاوێستـیٚ، گـیـانـەکـەشی بـەبـیٚ خـۆراکـی گـیـان- کـە نـوێژو خـواپـەرستـیـیـە- نـاوێستـیٚ، خۆراکی هـەر کـامێکـیـان کـەمـتر بـوو لـە ئـەندازەی خـۆی ئـەولایـەیـان کزترو زەبوونتر ئـەبیٚ.

داخەکەم لەم ڕۆژانەدا نە پیاوەگەورەکان نوێژ ئەکەن، نە سەرۆك و کاربەدەستەکان، نە گەنج و مـامۆستـاکان، نـە مووچـەخـۆر و دەوڵـەمـەندەکـان، ئـەمـانـە لـە خـوا بـیٚ نیـاز بوون، بۆیە خواش بە ئەندازەیەك لەوان بیٚ نیاز بووە، نـازانم بـەچیمـانـەوە بـەتـەمـای میهرەبـانـیـی خواین، وە بـەتـەمـای چاکەو یـارمـەتی و دەست گیرۆیـی ئـەوین.

ئێمە ئەگەر بەشەو و ڕۆژ خەریك بین، وە لە هـەوڵ و تەقەلادا بین، کە یـارمـەتـی خوامـان لـەگەڵ نـەبوو، هـەموو ڕەنجێکمـان بە بـایـە، وە هـەمیشە ڕەنجەڕۆین.

هـەر گەلێك کە نوێژو خواپەرستی تیا نـەما ئـەوە سەرەتـای ڕووخـان و لـەناو چوونیانە.

داخەکەم بەهـەر شەقام و کۆلانێکا ئەڕۆیت لەبەر ڕێبوار شان ئەسویٚ، لە چـایـخـانـەو گـازینۆو سینـەمـاکـانـا جیٚ بەر نـاکـەویٚ، بـەلام مزگـەوتـەکـان چۆڵ و هـۆڵ، سـا یـا هـەژارێکـی بیٚ نـەوا، یـا پیرێکـی کـەفتـەکـار، یـا کـوێرێکـی سـواڵکـەر ڕووی تـیٚ ئـەکـات.

ئـەوانـەی لـەمزگـەوت لـەپشت إمـامـەوە نوێژ ئـەکـەن یـا خزمـەتکـارێکـە بـەبیٚ ئـاغـاکـەی، یـا ئوتومبێلچییەکە بەبیٚ خـاوەنـی ئوتومبیلەکە، یـا دەرگـەوانێکە بیٚ گـەورەکـەی، یـا نووسـەر "کاتب"ێکی بچووکە بیٚ سەرۆکەکەی، یا بـاوکە بـەبیٚ منـاڵـەکـەی.

ئـەی گـەلـی خـۆم دار و بـەرد و ئـاسمـان و زەوی سجدە ئـەبـەن بـۆ خـوا، وە فـەرمـانبـەری ئەکەن، وە چییـان پیٚ سپێرراوە بـەجێی دێنن وەك قـورئـان ئـەفـەرمووێ "الم تر ان يسجد له من فـي السموات ومن فـي الارض والشمس والقمر والنجوم والجبـال والشجر والدواب وكثير من النـاس".

واتـە ئـایـا نـەتدی کە سجدە ئـەبـەن بۆ خوا ئـەوانەی کە لە ئـاسمـانـەکـانـان و لـەزەویدان لـەگـەڵ ڕۆژ و مـانگ و ئـەستێرەکـان و کێوەکـان و درەختـەکـان و چوارپێکـان و زۆر لـە مـەردومـان.

کەواتە ئێوەش لەگەڵ ئەمـانەدا سجدە بـەرن، وەفـەرمـانبـەریـی خوا بکـەن، وەك قـورئـان ئـەفـەرمووێ "يا قومنا اجيبوا داعي اللّه".

واتـە ئـەی گـەلـی خـۆمـان بـەدەنگ بـانگ کـاری خـواوە بچن (کـە پێغـەمبـەرە).

***

# سەید جەمالەددینی ئەفغانی[١]

زۆر جار مەردوم کە ژیانی هێندێ پیاوی گەورەی هەڵکەوتووی بلیمەت ئەخوێنێتەوە سامی لێ ئەنیشێ و سەرسام ئەبێ؛ چونکە ئەبینێ ئەو هەڵکەوتووانە دەمێ وەك شێری نەڕ وانە کە لە بێشە بێتە دەر، لە هیچ ناترسێ و کۆ ناکات، وە بەچاوێکی سووك تەماشای جیهان ئەکات، هێندێ جار وەك چرایەکی ڕووناك وانە کە لە تاریکی شەوە زەنگا هەڵکرابێ، وە تا چاو هەنا بکا ڕووناکی بکاتەوە، بەجۆرێکی وا کە زەنگانەی لەبەر بهۆنرێتەوە، هێندێ جار وەك کەڵە شێرێکی ئاگادار وانە کە لە شەوی بەد بەختیدا بخوێنێ، وە بە ئاوازی زوڵاڵ و بەرزی خۆشی خۆی کۆمەڵە و گەل لە خەوی بێ هۆشی بێدار بکاتەوە، وە بەموژدەی ڕووناکی بەری بەیان خۆشنوود، وە چاوەڕوانییان بکات.

تائێستا زۆر ژینی (سەید جەمالەددین) نووسراوە، ئەتوانم بڵێم زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەی جیهان ڕووپەڕە و ستوونی خۆی بەباسی ئەو زانای پێشەوایە ڕەنگین کردووە، وە هەرچی خۆی بەخاوەن قەڵەم زانی قەڵەمی تیا ڕاداوە، وە هەریەکە بەجۆرێك، وە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارەی بەڕەنگێك نووسیویەتی، هەروەك ژینی سید جەمالەددین دەریایەکی بێ پایان بێ، وەهەر کەسە لەلایەکەوە لەوێچی لێ بگرێ یا گوڵزار و باخچەیەکی ڕەنگین بێ و هەریەکە گوڵێکی لێ بکاتەوە وایە.

لەم ڕۆژانە (خاطرات)ی سەید جەمالەددینم خوێندەوە کە بەقەڵەمی (محمد پاشای مخزومی) نووسراوە، زۆر شتی جوانم تیا دی:

١- ڕۆژێ محمد پاشا بە سەید ئەڵێ: زۆر لە دۆست و برادەران ئارەزووی نووسینی ژیانی ئێوەیان هەیە، ئەمیش ئەڵێ پێیان بڵێ: شتی ئاشکرای نمایان، پێویست نییە بەترجمان، وە ئەبێ چ کەڵك و قازانجێك ببێ بۆ ئەو کەسانەی کە بزانن من لە ساڵی (١٢٥٤هـ) دا لەدایك بووم، وە لە پەنجا ساڵ زیاتر ژیاوم، وە ناچار کراوم بە بەجێهێشتنی وڵاتی خۆم، وە لە تاران و، هیندستان و، مصر و، ئەستەمبوول و، مۆسکۆ و، گەلێ شوێنی تر ڕەهندە و دەربەدەر کراوم؟!!.

٢- سەید کە چۆتە مصر دەستوور و سەرمەشقی کۆمەڵی (ماسۆنی)- کە بانگکردنی

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٧)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاو کراوەتەوە.

مەردوم بووە بۆ ئازادیی و برایەتی و یەکسانی- پێی جوان ئەبێ، وە ئەچێتە ناویانەوە، ڕۆژێك لە کاتی کۆبوونەوەیانا یەکیك لە ئەندامەکان داوای یارمەتییەك ئەکات بۆ یەکێك لەخۆیان، سەید ئەپرسێ ئایا ئەو برایەمان نەخۆشە؟ ئەڵێن: نەء، ئەڵێ ئەی ساغە؟ ئەڵێن: بەڵێ، ئینجا سەید ئەڵێ: لەش ساغی و سواڵکردن نابێ لە یەکێکا کۆبێتەوە.

جارێکی تر لە کۆبوونەوەیەکی تریانا یەکێك لە خەطیبەکان ئەڵێ: ئەم کۆمەڵی (ماسۆنی)یە دەخلی بەسەر سیاسەتەوە نییە، سەید زۆر سەرسام ئەبێ و هەڵ ئەستێ، وە ئەڵێ چاوەڕوانیی هەموو شتێکم ئەکرد لەم کۆمەڵە بەڵام چاوەڕوانیی ئەم قسەیەم نەئەکرد، چۆن ئەبێ کۆمەڵێك دەستوور و سەرمەشقی ئازادی و، برایەتی و، یەکسانی بێ، کەچی دەنگ بەرز نەکاتەوە بۆ سەندنەوەی ئازادیی داگیرکراوی خۆی؟!! وە لەو دەمەوە بەجێیان دێڵێ، وە خۆی کۆمەڵێك ڕێك ئەخات.

٣- سەید هەمیشە گاڵتەی کردووە بە بەربەرەکانێی مان "تنازعی بقا"- کە ڕێبازی (داریۆن)ە- وە هەمیشە بەتەوسەوە وتوویەتی: بەربەرەکانی نەمان "تنازعی فناء"، وە فەرموویەتی: ئەوی کە پێویستە داوا بکرێت، وە هەوڵی بۆ بدرێت و بەربەرەکانێی لەسەر بکرێت، هیچ جەنگ و کێشەیەکی لەسەر نییە، جەنگ و کێشە کە هەمیشە هەر هەیە لەسەر شتی وایە کە نامێنێت و لەناو ئەچێت، داگیرکەر و، داگیرکراو و، داگیر لێکراو، هەموو لایەکیان یەکسان ئەچنەوە پەردەی نەبوون، کەوابوو چاك وابوو بووترایە بەربەرەکای نەمان لێرەدا چەند کەسێك پێی ئەڵێن: چۆن ئەبێت هەموو شارستانی جیهان بەهەڵەدا چووبن، وەهەموو یەك کەوتبن لەسەر ئەم هەڵەیە؟!! ئەمیش ئەڵێت: شارستانی چی؟!! ئایا دیوتانە لەم شارستانییانەی کە ئێوە ئەیڵێن؟ شاری گەورە و، خانووی قووچ و، کۆشکی زل و، کارخانەی گەورە نەبێت کە لۆکە و ئاوریشمی تیا ڕەنگ ئەکرێت و ئەتەنرێت، وەکان و کارخانە و دەستگرتن نەبێت بەسەر بازرگانیدا بۆ قازانج و سوودی خۆیان، وە دروستکردنی تۆپی گەورە و بۆمبا و دەبابەو فڕۆکە و پاپۆڕی جەنگیی و گەلێ شتی تر نەبێت بۆ کوشتنی ئادەمی، کە ئەو دەوڵەتە شارستانییانە تێکڕا دەست پێشکەریی ئەکەن تێیانا؟!

ئەگەر هەرچی ئەم دروستکراوانی زانینی "علمی"یە هەیە لەگەڵ هەموو جۆرە چاکەیەك لە شارستانێتی ئەو دەوڵەتە بەرزانە هەیە، وە لەگەڵ سەد چەندانەی خۆیا بیخەینە تای ترازوویەکەوە، وە ئەم هەموو جەنگە تێکڕایانەی کە هەڵی ئەگیرسێنن لەناو

خۆیانا، لەگەڵ ئەو هەموو خوێنەی کە ئەیڕێژن، وە ئەو منالاّنەی کە ئەیکەن بە هەتیو، وە ئەو ژنانەی کە بێ مێردیان ئەکەن، وە ئەو شارانەی کە وێرانیان ئەکەن، بیخەنە تاکەی تریەوە، تای زانین و شارستانێتی ئەچێتە ئاسمان، وە تایەکەی تری ئەنیشێتە سەر زەوی، کەوابوو هەرچی شارستانێتی و زانین و بەرز بوونەوەیان هەیە هەمووی نادانی و، جانەوەری و، بێ ژیرییە، وە لەم ڕووەوە ئادەمی گەلێ لە گیانلەبەری تر نزمتر و پەستترە.

کەس دیویەتی و بیستوویەتی؟ ملیۆنێك ئەژدەها بەرامبەر بەیەك بووەستن، وە یەکتری شەق و پەق بکەن، وەیا ملیۆنێك شێر تێك بەربن و خوێنی یەکتری هەڵلووشن؟ کەوابوو لەناو شارستانییەکانا نەزانین هەیە و نە شارستانێتی، بەڵکو ئەوی بەبالاّیان براِبێ درِندەیی و جانەوەرییە، هەر وەخت جەنگ و ئاژاوە نەما، ئەو حەلە ئەوانین بڵێین: ئادەمی ژیر بووە، وەپێی ناوەتە سەر پلەی یەکەمی زانین و زانیاری.

***

## تەمەنی پان نەك تەمەنی درێژ(١)

ئەگێڕنەوە ئەڵێن هەمیشە "ابن سینا" لە خوا پاڕاوەتەوە کە ژینێکی پانی بداتێ با درێژیش نەبێ، وا ئەزانم مەبەس لە ژینی پان ژینێکە کە قازانج و سوودێك وە بەرێکی خۆشی ببێ بۆ مەردوم، لای ابن سینا ئەمە ئەندازەیەکی زۆر ڕێکوپێك و ڕاست و دروستە بۆ هەموو کەسێك کە بیەوێ ژینی خۆی بپێوێ.

زۆر کەسی واهەیە هەشتا نەوەد ساڵ ئەژی بەڵام ئەگەر بەچاوی ابن سینا لێی ورد ببیتەوە ژینەکەی هەمووی هەر تاقە شەو و ڕۆژێکە کە بیست و چوار سەعاتە؛ چونکە بەدرێژایی ساڵ وەك دەقیقە ژمێری سەعات لەسەر یەك گێڕ ئەسووڕێنەوە، وە هەموو تەمەنی بەخواردن و خواردنەوە و نووستن بەسەر ئەچێ، ئەمڕۆ و سبەینێ و دوێنێ و پێرێ و ئەمساڵ و پاری هەر وەك یەك وایە، ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر هەزار ساڵیش بژین بەلای ابن سیناوە هەر شەو و ڕۆژێکە.

ژینی بەڕاستی بەلای ابن سیناوە ژینێکە کە مەردوم کردەوەیەکی باشی بەکەڵکی وای تیا بکات کە قازانج بگەیەنێ یا بەهەموو کۆمەڵی ئادەمیی وەك «مارکۆنی» کە ڕادیۆی دروست کرد، وە هەموو ئادەمیی نزیك خستەوە لەیەك، وە کردنی بەیەك خێزان کە بەرانبەری یەك دانیشن و گفتوگۆ بکەن وە گوێ لە قسە و دەنگ و باسی یەکتری بگرن.

یا وەك ئەدیسۆن کە کارەبای دۆزییەوە، وە تاریکی جیهانی ڕووناك کردەوە، وە شەوی تاریکی ڕووناك کردەوە، وە سەر زەوی کرد بە چراخان.

هەر بەم ڕەنگە هەزاران هەڵکەوتووی تر کە قازانجیان گەیاندووە بەهەموو کۆمەڵی ئادەمی.

وە یا قازانج بگەیەنێ بە گەلی خۆی بەم ڕەنگە بەدەنگی گۆرانی نیشتمانی لە خەوی نادانی بێداریان بکاتەوە، وە بەچەك و قەڵغانی مەردی و نەبەردی ئارایشیان بدات، وە بەئاگری پەند و ئامۆژگاری هەڵیان گیرسێنێ و گڕیان تێ بەربدات، تاپێوەندی دیلی ئەشکێنن، وە نیشتمانی مردوویان زیندوو ئەکەنەوە، وە بە شان بەرزی ئەکەنەوە بۆ ئاسمانی شادمانی و ناوونیشان، وە ئالای سەربەستی و سەربەخۆیی هەڵ ئەدەن.

---

(١) ئەم وتارە لەژمارەی دەی ساڵی پێنج لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە.

وەیا بەگوفتاری شیرین و کرداری ڕەنگین پێشیان ئەکەوێ وە دەرگای بێ ڕەوشت و خوورییان لێ داخات، وە دەروازەی ڕەوشت و خووی جوانیان لێ بکاتەوە تا ئەیانگەیەنێ بە کوێستانی ژیان.

یا چرای زانین و زانیارییان بۆ هەڵ ئەگیرسێنێ، وە لەپێش گەلی خۆیەوە بڕوا، وە ڕێگای تاریك و شەوی ئەموستە چاویان بۆ ڕووناك بکاتەوە.

یا دەرگای سەربەستی ژیریی و بیریان لێ بکاتەوە، وە دەستوور و باوی کۆنی ناشرینی خراپیان لەناو هەڵگرێ، وە دەستوور و باوی جوانی بەکەڵکیان بۆ دامەزرێنێ، وەخۆی ڕچەیان بۆ بشکێنێ، وە ببێ بە پێشڕەو و پێشەوا بۆیان بێ ئەوەی کە لە توانج و تەشەری کەس بترسێ.

گــەورە ئــەوەیــە شێوەی شەمــعــی بــێ
بۆ خۆی بسووتێ و نەفعی جەمعی بێ

یا بەیداخی کرد و کۆشیی لەناویانا هەڵدا، وە هاوزمانەکانی لە زیندانی تەمەڵی و بێکاری دەربێنێ، وە لەمەیدانی کاروبارا هەڵیان سووڕێنێ، تا پێ بژیوی خۆیانی تیا پەیدا بکەن، وە کەڵکی هەژارانی تریش بگرن، ئەم جۆرە کەسانە تەمەنیان زۆر پانە، تاقە ڕۆژێکی تەمەنیان سەدەها ساڵ ئەهێنێ.

بەڕاستی هەر ئەم جۆرە کەسانەن خوری زیندە کە هەرگیز نامرن وەهەر ئەمێنن، بەڵێ ئەم هەڵکەوتووانە بەدیمەن ئەمرن وە لاشەکەیان ئەکرێ بەژێر خاکەوە بەڵام گیانیان لە بــەهــەشتــا ئــەسووڕێتــەوە، وە نــاوی شیــریــنــیــان لــەسەر لاپــەڕەی مــێژوو بــەئــاوی تــەلا ئەنووسرێتەوە، وە باسی ڕەنگینیان لەسەر دەم و لێوان وەك شەکر ئەتوێتەوە، دیمەنی جوانیان لەسەر ڕووی لاپەڕەی دڵان هەڵ ئەکەندرێ، وە وێنەی بەنرخیان لەناو دوو توێی دەروونا هەڵ ئەگیرێ، ئەستێرەی ناونیشانیان ئاوا نابێ، وە هەمیشە وێنەیان لەدڵی کۆمەڵەدا ئەمێنێ.

خۆزگە لە فرسەتێکی ترا بەختیار ئەبین
ئێمەش وەك ئەوان لە دڵی میللەتا بژین

***

# ژیرترینی مەردوم کەسێکە
# کە ماف بدا بە مەردوم

ئاشکرا و نمایانە هەر کەسێك هەرچی بکات، لە دڵی خۆیا ڕێگایەکی بۆ ئەدۆزێتەوە، وە فتوایەکی بۆ ئەبینێتەوە، ئینجا ئەگەر شتێکمان بیست جاریٚ بەخێرا باوەڕ نەکەین، وە تووڕە نەبین یا بڕیاری تیا نەدەین، بەڵکو وردبینەوە و بیکۆڵینەوە، تا ئەگەینە کومانەو بنج و بناوانەکەی، ئینجا ئەو حەلە بە سنگێکی پان و دڵێکی فراوان ، وە مێشکێکی گەورە، و ژیرییەکی بەرزەوە لێی وردبینەوە، وە ئەمدیو و ئەو دیوی بکەین تا لە بیرەکەی ئەگەین، وە بیانووەکەی ئەدۆزینەوە.

زۆر ئاژاوەی وا هەڵگیرساوە لە ناوەندی دوو کەس، یا دوو خێزان یا دوو تیرەدا لەسەر قسەیەکی درۆ، ئەگەر ورد بکرایەتەوە و ئەمدیو ئەو دیو بکرایە، ئەو ئاژاوەی لەسەر هەڵنەئەگیرسا.

ئینجا لەم جۆرە کاتانەدا ژیری و بیٚ ژیری لێك جیا ئەبێتەوە. بەم ڕەنگە هەر کەسێك کە زۆر ورد بووەوە لەم جۆرە شتانە، وە لغاوی ژیری و بیری خۆی لەدەست نەدا، ئەوا ماف بە مەردوم ئەدات، وە هەر کەسێك لە کارێکا بیانوویەك، یا بەهانایەکی ببیٚ ئەیدۆزێتەوە، وە بەسنگێکی پانەوە لێی ورد ئەبێتەوە.

تۆ کە خۆت نەتوانیت باتمانێك شت هەڵگریت ئیتر بۆ زویرئەبیت لە یەکێکی تر کە نەتوانیٚ هەڵی گریٚ؟! یا ئەگەر توانیت هەڵی گریت لەبەر ئەوە کە بەهێزیت، بەهانەی زەبوونێك بۆ وەرناگریت کە لەبەر زەبوونی نەتوانی هەڵی گریٚ؟!

جنێو بە هاودەمێکت ئەدەیت، یا بەگوفتار یا بەکردار شتێکی ناشرینی لەگەڵا ئەکەیت، کەچی کە ئەو زویر ببیٚ سەرسام ئەبیت و واقت وڕ ئەمێنیٚ، بۆچی ئەگەر ئەو جنێو بە تۆ بدات، یا خراپەیەکت لەگەڵ بکات، تۆ زویر نابیت!؟

زۆرترینی زویری یا دەماقاڵیی لەمەوەیە کە زۆر زوو بڕیار ئەدەین بەسەر مەردوما، وە سەرکۆنەی ئەکەین لەسەر قسەیەکی هیچ و پووچ، یا هەڵەیەکی بچووکی وا کە ئەگەر خۆت لەجێی ئەو بیت گەلیٚ گەلیٚ لەو خراپتر ئەکەیت.

تەماشا ئەکەیت ئەوا یەکێك وتارێك یا نامیلکەیەك ئەنووسیٚ، یاچەند شیعرێك ئەڵیٚ،

وە شوێنێك یا چەند شوێنێك بەلای یەكێكەوە باش نییە، ئینجا ئەگەر ئەو یەكە ژیر و بەمروەت بێ، ئەوا چاوی لێ ئەقووچێنێ، وە ئەو شوێنە خراپانەی ئەبەخشێ بەقسە جوانەكانی تری، كە ڕێكوپێك و بەرز و ڕەوانن، وە ئەگەر بێ ژیر و بێ مروەتیش بێ، ئەوا چاوی هیچی تر نابینێ ئەو شوێنانە نەبێ، كە بەلای خۆیەوە خراپن، بەڵكو ئەتوانین بڵێین هەر بۆ ئەوە ئەو شتە ئەخوێنێتەوە كە بەبیری خۆی شتێكی لێ بدۆزێتەوە، ئەگەر هیچیشی تیا نەبوو، ئینجا بەئارەزووی خۆی شتی پیا هەڵ ئەواسێ، لەكاتێكا ئەگەر زۆر لەخۆی بكەیت شتێكی وا بنووسێ، پەكی ئەكەوێ و دائەمێنێ، وەنازانێ چی بنووسێ.

خولاسە شت نووسین گرانە، وە خراپە گرتن ئاسانە، یاخۆ بڵێین دروستكردن گرانە و ڕووخاندن ئاسانە، هەموو كەسێك ئەتوانێ شتێك بڕووخێنێ، بەڵام ناتوانێ دروستی بكات، كەواتە تا ئەتوانیت هەر دروستكەر بە، نەك بڕمێن.

***

## یادی دە ساڵانەی پیرەمێرد

ئەمڕۆ دە ساڵی تەواوە (پیرەمێرد) کۆچی دوایی کردووە، وە چۆتە ڕیزی پیاوان و شاعیرانەوە، چونکە لەناو ئێمەدا، بەڵکو لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، پیاو هەرچەند زانا و دانا و شاعیر و بەهرەمەندبێ، تا زیندووە و ئەیەوێ خزمەت بکا ناو و نرخی نییە، بەڵکو ئەگەر بیشی بێ ئەکوژێنرێتەوە، تا بەداخەوە ئەمرێ، ئینجا کە مردو کرا بەژێر گڵەوە، وە دڵی دڵ نەخۆشان تەسەلای هات، وە ئاگری دەروونیان کوژایەوە، ئینجا کۆڕی نەك هەر چلە بەڵکو کۆڕی دە ساڵانەشی بۆ ئەگرن، نەء... نەء ئەم کۆڕەش ڕەفیقەکانی بۆی ناگرن، بەڵکو کەس و کار و خزم و خۆشەویستەکانی بۆی ئەگرن، بەڵام لەپاش چی؟ لەپاش ئەوەی کە ئەو مرد و ڕزی لەژێر خاکا، بەو چی ئەم کۆڕ گرتن و کۆبوونەوەیە، بەو چی چەپڵە ڕێزانی دوای خۆی، ئەگەر ئەڵێن ئەمە هانە هانەیە بۆ شاعیران و وێژەرانی تر، ڕاستە، بەڵام هانە هانەیە لەسەر مردن، نەك لەسەر ژیان و خزمەتکردن، واتە ئەی شاعیران و وێژەران تا زووە بەداخەوە بمرن تا کۆڕتان بۆ بگرین.

دە ساڵ لەمەوپێش ڕووناکترین چرای شیعر لە کوردستانا کوژایەوە، وە جیهانی شیعر و وێژەی تاریك کرد.

دە ساڵ لەمەو پێش بەهێزترین تاڤگەی ڕێژە– کە هەمیشە هەزاران گڵۆپی دائەگیرسان لە دڵ و دەروونی خوێندەواران و نەخوێندەوارانا– کتوپڕ وشکایی هات.

دە ساڵ لەمەوپێش دوا چۆڕی گەورەترین ڕووباری شیعر و وێژە هات– کە نەك هەر ساڵی جارێك بەڵکو هەموو حەفتەیەك لافاو و سێڵاوی پڕ لە پیت و بەرەکەتی سەر ڕێژی ئەکرد، وە هەزاران باخ و باخات و دار و درەخت و نەمام و شینایی ئاو ئەدا، وە هەزاران تینوویێتی ئەشکاند.

دە ساڵ لەمەوپێش خوداوەندی شاعیرانی کورد بەئاسمانی کوردستانەوە ئاوابوو، وە بەئێجگاریی چووەوە باوەشی دایکی نیشمان، وە بووەوە خاکی نیشتمان، بۆ ئەوەی بەخاکی لەشی خۆی قەڵەشێکی نیشتمانەکەی پڕ بکاتەوە، یا ببێ بە تۆپەڵێك قوڕ بۆ هەژارێکی کورد، تا بیدا بە درزی دیوارێکی خۆیا.

دە ساڵ لەمەوپێش دامردەوە ئەو ئاگرەی کە ساڵەهای ساڵ بوو ئەگڕا، وە ڕووناکی و گەرمی دابەش ئەکرد بەسەر لاوان و خوێندەوارانی کوردەواریدا.

ده ساڵ لەمەوپێش کپ بوو ئەو دەنگە زوڵاڵەی کە هەموو ساڵێك لەسەر گردی مامە یارەوە ئەی چریکاند و ئەیوت:

ئـەم خـوێنی کـوردە هـەر وەکـو خـوێنـی سیـاوەشە
خـوێنی نـەسێنی هـەڵ ئـەقـوڵـێ دائـمـا گـەشە

ده ساڵ لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد پیرەمێردی نەمر بەدەم ئەم ئایەتە پیرۆزەوە کە ئەفەرمووێ: (یا ایتها النفس المطمئنة ارجعي الی ربك راضیة مرضیة، فادخلي في عبادي، وادخلي جنتي).

پیرەمێرد شاعیرێکی ڕاستەقینە بوو، شاعیرێك بوو بە سروشت، واتە قوڕی لەشی بەئاوی شاعیری شێلرابوو، وە تێغی مێشکی بەئاوی وێژەیی ئاو درابوو، نە ناوچەو نە قوتابخانە، دەخڵی نەبوو لە شاعیرێتی ئەوا؛ چونکە ئەگەر ناوچەیە، شاعیرەکانی تریش هەر لەو ناوچەیەدا ژیاون و پێگەیشتوون، وە ئەگەر قوتابخانەیە زۆر لە شاعیرەکانی تر لە پیرەمێرد کەمتر نەبوون لە خوێندەواریدا.

مەسەلی پیرمێرد لە شیعردا، وەك مەسەلی پێغەمبەران وایە لە دینا، ناو بەناو خوا هەڵیان ئەبژێرێ لە ئادەمیی هەژاری زەبوونی نەخوێندەوار، تا باشتر معجزەیان دەرکەوێ.

هەر شاعیرێك لە باسێکی تایبەتیدا دەستی هەیە، یەکێك لە دڵداری و یەکێك لە نیشتمانی و یەکێك لەمەدح و یەکێك لە زەم یەکێك لەلاوانەوە و یەکێك لەسواڵکردن یەکێك لە مێژوودانانی لەدایکبوون یا مردن یا هەرشتێکی تر و یەکێك لەغەزەل و یەکێك لە وەصفا، بەڵام پیرەمێرد لە هەموویانا خوداوەندە، نەخوازەلا لە شیعری نیشتمانیدا، کە بەڕاستی دڵی مردوو زیندوو ئەکاتەوە، لە پاشا وێژەرەکانی تر هی وا هەیە هەر لە شیعرا دەستی هەیە و نثر نازانێ، یا هەر لە نثرا دەستی هەیە و شیعر نازانێ، بەڵام پیرەمێرد لە هەردووکیانا بەرز و باڵایە، (کەمانچەژەن)و (دوانزە سوارەی مەریوان)ی جادووی زوڵاڵ "سحری حلال"ن لە نثری کوردییدا.

پیرەمێرد زمانی کوردستان بوو، گۆرانی بۆ ئەوت، هاواری بۆ ئەکرد، دەردی باس ئەکرد، زۆرجار دەنگەوەرەی نالەی هەژاران و لێقەوماوان و ستەم لێکراوان و دڵ بریندارا‌ن بوو، هەروەك زۆرجار دەنگی گەلی ئەدا بەگوێچکەی دادپرسان و کار بەدەستانا.

مردنی ئەو جۆرە شاعیرانە، کەلەبەرێکی زۆر گەورە ئەخەنە ناو گەلانی گەورەی

بەرزی خوا پێداوەوە، چەجای گەلێکی هەژاری ڕەش و ڕووتی وەك ئێمە، لەبەرئەمە مردنی ئەم جۆرە کەسانە خەسارەتێکی ئێجگار گەورەن، وە جێگایان هەروا بەئاسانی پڕ نابێتەوە. بەڵام داخەکەم شاعیر لە هەموو ڕۆژهەڵاتا، ئەو ماوەیەی کە ئەژیی هەروەك لەدایك نەبووبێ وایە، لەپاشا کە ئەمرێ هەر وەك نەژیابێ و نەهاتبێتە دنیاوە وایە؛ کەس ئاگای لێ نییە، وە پەسندی ناکا، وەك گوڵێکی جوانیبۆن خۆش وایە کە بڕوێ لە دەشتێکی چۆڵی بیابانی کاکی بە کاکیدا، چی بکا ئەم گوڵە جوانە بۆنخۆشە لەم غەریبییە، بەختەکەی ئەمیش وای هێناوە کە ئەبێ چەند ڕۆژێك بروێ لەم دەشتە چۆڵ و هۆڵەدا، بەبێ ئەمەی یەکێك بیبینێ، تا پەسندی بکا، بەڵکو وەك ئەستێرەیەکی بێ ناوونیشان وایە، لە تاریکی نیوە شەودا دێت و ئەکشێ و ئەچێتەوە پەردەی نەبوون، ئینجا ئەگەر شیعری بەکەڵکی بوو ئەوا ناو بەناو دوای خۆی ئەخوێنرێتەوە.

من وا ئەزانم پیرەمێرد هەتاییە تا کوردستان هەتایی بێ، وە گۆرانی لاوان و تازە پێگەیشتووانە تا کورد و کوردەواری پایە دار بێ.

# جزمر دووەم

# وەجاخزادە و ناوەجاخ(١)

ئەگێڕنەوە ئەڵێن:

یەحیای کوڕی خالدی بەرمەکی وتوویە: هەر کەسێك ئەگەر بە پیشە و پایەیەك لە خۆی گۆڕرا، دەعیە و دەماری پەیداکرد، ئەوە بزانە کە پیشەکەی یا پایەکەی گەلێ گەلێ لە خۆی بەرزترە، وە ئەو کەسە زۆر ناوەجاخە، وە ئەگەر نەگۆڕا، ئەوە بزانە کە خۆی لە پیشە و پایەکەی بەرزترە، وە ئەو کەسە زۆر وەجاخزادەیە.

زۆر کەسی وا هەیە بەپێی ئەم دەستوورە زۆر ناوەجاخە، چونکە بە دەنکەجۆیەك ئەزەڕێ، وە زۆر زوو لە خۆی ئەگۆڕێ، تا پیشە و پایەی نییە، یا پیشە و پایەیەکی بچووکی هەیە، ئەوا پیاوێکی زۆر باشی، قسە خۆشی، دۆست پەرستی، نیشتمان پەروەری، ئیش کەرە، بەڵام کە لەگەڵ ڕۆژگاری پەست پەرست ئاوڕێکی لێ دایەوە، ئیتر گەزی چی و جاوی چی؟، ئەگەر جاران ناسیتی، ئێستا ناتناسێ، وە ئەگەر جاران رووی تێ کردبیت ئێستا پشتت تێ ئەکات، ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەم جۆرە ناوەجاخانە، وەك هێندێ سەگی خوێڕیی کوڵانان وان، کە لەگەڵ لغاویان کرد بەسەرا، خۆیان بە ئەسپ ئەزانن ئەحیلێنن، نازانن ئەگەر سەریان بگاتە پاشایی ئەوان لەبەر چاوی پیاوی تێگەیشتوو هەروەك خۆیان وان، بەو ڕەنگ و بۆیەی کە لێیان دراوە، وە بەو ڕەشمەو شەقەبەندەی کە بەسەریانا کراوە، وە بەولغاو و زینەی کە لێیان کراوە ناگۆڕێن. وەجاخزادە تا گەورەتر بێ زبانی شیرینتر و، ناوچەوانی روونتر و، دەروونی فراوانتر و، دڵی پاکتر ئەبێ، وە لێ، ناوەجاخ بەپێچەوانەی ئەمەیە. وەجاخزادە دەستمایەو داراییەکی ئەگەر ببێ، هەمیشە بڵاوی ئەکاتەوە لە ڕێی یارمەتی و دەستگرتنی داماوان و لێقەوماوانا، بەڵام ناوەجاخ وەك زەروو هەر خوێنیان ئەمژێ. وەجاخزادە وەك مۆم ئاگر لە خۆی بەرئەدا، بۆ ئەوەی مەردوم لەبەر ڕووناکییەکەی دابنیشێ و بەهرەمەند ببێ، بەڵام ناوەجاخ ئاگر لە خەرمانی هەژارێك بەرئەدا بۆئەوەی خۆی جگەرەیەکی پێ داگیرسێنێ، یا کۆشکێك ئەڕووخێنێ بۆئەوەی چوارچێوەی دەرگایەکی دەست کەوێ. وەجاخزادە بە چرای زانینەوە پێش گەلەکەی خۆی ئەکەوێ، وە ڕێگای تاریك و شەوی ئەموستەچاویان بۆ ڕووناك ئەکاتەوە، بەڵام ناوەجاخ ئەگەرترووسکەیەك ببینێ فووی

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٤)ی ساڵی (٧)ی گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە.

لێ ئەکا تا ئەیکوژێنێتەوە. وەجاخزادە ئەگەر بێگانە بە لەك و کولوور زێڕو زیوی بەسەرا بڕێژێ هەڵ ناخەڵەتێ، وە کارێکی وای لێ ناوەشێتەوە کە زیان بە یەکێك بگەیەنێ، بەڵام ناوەجاخ بە ئافەرینێك گەلەکەی خۆی ئەفرۆشێ، وە بۆ پایەو ناوونیشانێك، ئەیکوژێ و ژێر پێی ئەخات. وەجاخزادە لەپێناوی سوودی قازانجی هەمووانا ئەگەر خۆیشی تووشی زیان و دەردی سەری ببێ پێی خۆشە، بەڵام ناوەجاخ وەك کەری دێز وایە، حەز بە تۆپینی خۆی ئەکات بۆئەوەی کە خاوەنەکەی زیانی پێ بگات. وەجاخزادە لەسەر پێستی خۆی کەوڵی کەیت، لەبیرو ئامانجی خۆی لانادات، وە لێ ناوەجاخ وەك ڕیشۆڵەو گوڵەبەڕۆژە وایە، هەر دەمەی جۆرێك ئەڵێ وە هەر کاتەی ڕوو لە لایەك ئەکات. وەجاخزادە تا لەپێشتر بێ کەس و کارو خزم و خوێش ودۆست و برادەری لەلا لەپێشترو بەنرخترە، بەڵام ناوەجاخ هەزار خزم و دۆستی گیانی ئەگۆڕێتەوە بۆ پوولێك. وەجاخزادە تا لە ژوورتر بێ، خۆی نزمتر ئەبینێ، وەتا دەوڵەمەندتر بێ، بێ دەمارتر ئەبێ، ئەگەر جیهانی بدەیتێ لە خۆی ناگۆڕێ، بەڵام ناوەجاخ بە دەنکەجۆیەك ئەزەڕێ!!

وەجاخزادە، نامەردی و ناپاکی پێ نەنگە، بەڵام ناوەجاخ شانازی پێوە ئەکات.

وەجاخزادە، بێ دینییش بکات لە پەردەیەکی شەرما ئەیکات بەڵام ناوەجاخ وای ئەکا کە ناموسی بێ حەیایی ببات، وە پەڕۆی نەنگ و بەدناوی دابدرێ بەسەر بێ باوەڕی و بێ ئایینیدا. وەجاخزادە، تا زاناتر و ئاگادارتر بێ، خۆی بە نادان ئەزانێ، وەلێ ناوەجاخ کە لەگەڵ دوو پیت و لەتێکی خوێند، ئیتر خۆی بە پێشەوایەکی فەیلەسوف ئەبینێ، وە وائەزانێ کە لە خۆی زاناتر نییە. وەجاخزادە حورمەتی خۆی و ناوەجاخ بێ حورمەتیی خۆی پیویست ئەکات لەسەر مەردوم.

ئەگەر تائێستا لەبەر سادەیی مەردوم ئەم ناوەجاخانە نەناسرابن، وە ئەم پیشە پیسانە بینرابن و چووبنە سەر، لەمەولا ئیتر ناچنە سەر؟ چونکە مەردوم هەموو چاویان کراوەتەوە، ئەگەر مەردوم زۆر چاك لە هێڵەك نەدەن، لە بێژنگ و قەڵبیری هەر ئەدەن، وە پیاوی دووڕووی ناپاکی ناوەجاخی پیشە پەرستیان ناوێ، یەکێکیان ئەوێ کە وەجاخزادە، وە دەربارەی کۆمەڵە دڵی وەك ئاوێنە پاك، وەگیان و دەروونی وەك چرا ڕووناك، وە دەست و زبانی زۆر چاك، وە لە بێدەمارییی دا وەك خاك وابێ، وە هەمیشە بە گوفتار و کردار خزمەت بکا، وە هەوڵ و تەقەلا بدا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری باش، وە بە سەرو ماڵ دریغ و کۆتاهی نەکا لە ڕێی یارمەتی و دەستگرتن و بەرزکردنەوە و سەرخستنی کۆمەڵەدا.

## کەڵکی گۆڤار و ڕۆژنامە(١)

گوڤار و ڕۆژنامە چاکترین شتێکن بۆ بێدار کردنەوەی کۆمەڵە، لە خەوی بێ هۆشی، وە بۆ هۆشیار کردنەوەی گەل بە دەردی نەخۆشی، وە باشترین مامۆستایەکن بۆ پێگەیاندنیان و سەرخستنیان بۆ سەر چڵەپۆپەی ژیان، وە نزیکترین ڕێگایەکن بۆ گەیشتنیان بە چاکەو خراپ، نەخوازەڵا کە ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەش لەلایەن چەن کەسێکی دڵسۆزی نیشتمان پەروەری، ژیری، خاوەن بیری بەرزی، بە ڕەوشت و خووی، جیهان دیدەی، پوختەی، قاڵی، دەرهاتووەوە چاودێریی بکرێن و ڕێك بخرێن، وە بەپاری ئەم وئەو هەڵ نەخەڵەتێن و پێویستانی ئایینی و نیشتمانی خۆیان نەفرۆشن، ئەگەر ڕاستت ئەوێ لە باسی کەڵك و قازانجی گۆڤار و ڕۆژنامەدا زمان لاڵ و قەڵەم کولە، نازانن چی بڵێن و چی بنووسن، بەڵام ئەوانەی ئێستا بەبیرا بێن ئەمانەن:

١- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە لە رووپەڕە و ستوونی خۆیا باسی ڕەوشت و خووی جوان ئەکات، وە یەك بەیەك ئەیان ڕازێنێتەوە، وە هانە هانەی مەردومی لەسەرئەدا، وە باسی بەدخوویی و ڕەوشت و خووی ناشیرین ئەکات، وە یەك بەیەك زیانیت بۆ هەڵ ئەژمێرێ، وە جڵەو گیری مەردومی لێ ئەکات.

٢- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە باسی خوێندن و خوێندەواریی ئەکات، وە لە کەڵك و قازانجیان ئەدوێ و نیشانی هەموو کەسێکی ئەدات، کە خۆشی و خۆشبەختی و بەرزی و، سەرفرازی هەموو گەلێك بە خوێندن و خوێندەوارییەوەیەتی، وە بە بێ خوێندن هیچ گەلێك بە مەرام ناگات، هەروەك باسی زیانی نادانی و نەخوێندەواری ئەکات بە ڕەنگێکی وا کە هەموو نادانێکی نەزان تێی بگات.

٣- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە هەموو جۆرە زانین «علم» یك لە ترازوودا ئەکێشێ، وە بەراوردی ئەکات و، سووکی و گرانی ئەو زانینە نیشان ئەدات، تا هیچ کەسێك ژیانی گران مایەی خۆی لە زانینێکی هیچ وپووچا بەخت نەکات، وە بە زانینێکی واوە خەریك بێ بەهرەیەکی زۆری لێ وەربگرێ.

٤- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە بتوانێ مەردوم تێبگەیەنێ کە خەریك بوون لەگەڵ هەموو

---

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (١)ساڵی (٧) لە گۆڤاری گەلاویژا بڵاوکراوەتەوە.

جۆرە پیشە «صنعتیەکا» پێویستە، وەهیچ گەلێك بەبێ برەودان بە پیشەو پیشەگەر گوزەرانی خۆش نابێ، وە هەمیشە لەژێر باری هەژاریدا نقەی دێ.

٥- هەر گۆڤارو رۆژنامەیە کە بە وتاری شیرین و گوفتاری ڕەنگینی خۆی دڵی دڵڕەقان نەرم بکات و، دەستی قووچاوان بکاتەوە، وە هانەهانەی دەوڵەمەند و پارەدار بدات بۆ کردنەوەی خەستەخانە و قوتابخانە و، دروستکردنی مزگەوت و پرد و، دەستگرتنی هەژاران و، لێقەوماوان و، هەزاران شتی چاکتر.

٦- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە، کە بە نووسین و گێڕانەوەی مێژووی ئازادیی باو و باپیران بۆ نەوە و وەچەکانیان شرینقەی مەردی و نەبەردی بدات لە شاڕەگ و دەمارەیان، کالاّی تەمەڵی و ترسنۆکی وەتەن پەروەریی داکەنێ لەبەریان، وە ئاگری دلێری و پیاوەتی هەڵگیرسێنێ لە دڵ و دەروونیاندا، وە چەك و قەڵغان و زرێی ئازایی بپۆشێ پێیان.

٧- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە یەك بەیەك باسی کەڵکی هەموو جۆرە زانینێك بکات، وە هانەهانەی مەردومی لەسەر بدات چە لە جغرافیە و نەقشەی زەویدا، وە چە لە چەرخە و خوڵ خواردنی ئەستێرەکانی و هاتوچۆیانا، وە چە لە کشتوکاڵ و بازرگان و خاوەنیدا و وە چە لە پیشە و ڕێکخستنی ولاّتا، وە چە لە پەزیشکی و ڕێکحستنی ناومالاّ، وەچە لە پەروەرش و پێگەیاندنی ڕۆڵە و جگەر گۆشەدا.

٨- هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە مێژووی جوان و ڕەنگاوڕەنگی گەلانی ڕابوردوو بگێڕێتەوە، تا خاوەن سیاسەت بەشی خۆی لێ وەرگرێ، وە زاناو دانایان بەقەد خۆیان بەهرەمەند، وە بازرگان و خاوەن کشتوکاڵ لێی پەندپەزێر ببن، وە یەکەیەکەی کۆمەڵەش بەقاوێکی تایبەتی لێی وردببنەوەو تێی بگەن، ئەگەر ئەو گەلەی خاوەن مێژووە لە گەلانی زیندووی بەرزی خۆش بەختی خۆش گوزەرانن، ئەوا مایە و هۆیەکەی بدۆزنەوە ئەمانیش ڕێی ئەوان بگرن، وە بەڵکو بەرەوبڕیان بدەنەوە بۆ لێ پێشکەوتنیان، و ئەگەر لە گەلانی مردووی پاش کەوتووشن ئەوا دوورکەونەوە لە پەیڕەوییان، وەپارێزگاری بکەن لە مایەی ئەو مردنەیان.

٩- هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیە کە بانگی حاکمان و دادرەسان بکات بۆ دادپرسی، وە لە زمان کۆمەڵەوە سکالاّ لە کاربەدەستانی خراپی بکات، وە پەردە لەسەر فڕوفێڵ و بەرتیل خواردنیان هەڵگرێ، وە دەردی ناهەمواری کۆمەڵە بخاتە پێش چاو، وەبیدا بە گوێچکەی گەورە کاربەدەستەکان و سەرۆکە مەزنەکانا، تا زووبەزوو بێن بەدەم هاواریانەوە، وە بگەن بە فریایان، وە لە دەم سەگ و گورگی هاریان سێننەوە.

١٠– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە هەمیشە زبانی مردوو زیندوو، وە وتار و گوفتاری جوان و، وتە و وشەی ڕەوان و، نووسینی بەرز و، شێوەی نەوتەرز بڵاو بکاتەوە، وە بەرەبەرە وتەی ناقۆڵاش ون بکات و بیچرێنێ، چونکە هەر زمانێك وەك گیاندار هەمیشە لە زاووزێ لێ مردنا نەبێ بە مردوو ئەژمێررێ .

١١– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە ببێ بە جامی جیهان نما لەپێش چاوی بێگانان بۆ گەلەکەی، وە بەجوانی و بەرزی خۆی چاوڕاوی باش بکات بۆیان لەناو دەوڵەتانی ترا.

١٢– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە بە جوانی و بەرزی و ڕێکوپێکی خۆی ئارەزووی خوێندنەوە پەیدا ئەکات بە قوتابیان و تازە خوێندەوارانی کۆمەڵە، وە هۆگری خوێندنەوە و تەماشاکردنی نووسراویان ئەکات لەگەڵ وردبوونەوە لێی.

١٣– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە بەرامبەر بە توانج و تەشەری بێگانان بوێستێ، وەئەگەر بێگانەیەك پلارێکی گرتە گەلەکەی، یا نەنگێکی بەسەرا سەپان، زۆر جوان بەبەڵگە و نیشانە بەدرۆی بخاتەوە، وە بەقنگەوە بیخاتە کەندەڵانەوە.

١٤– هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیە کە ئەندامی پەراگەندە و ئاوەکیی کۆمەڵە کۆبکاتەوە و بەیەکیانەوە بنووسێنێتەوە، وە گیانێکی تازەیان پێ ببەخشێ و زیندوویان بکاتەوە.

١٥– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە خوێندەواران و خاوەن بیرانی بەرز لە هەموو کون و قوژنبی جیهانا بە یەکتریان بناسێ، وە ژیریی و بیری هەموو ژیرێك بەیەك بگەیەنێ بە ڕەنگێکی وا کە هەموو لەیەك بەهرەمەند ببن.

١٦– هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیە کە نەخۆشان و لەش بەباران و کەفتەکارانی کۆمەڵە ئاگادار بکاتەوە بە پەزیشکانی وریای پسپۆڕ «مخصص» وە ڕێنموونیان بکات بۆی.

١٧– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە بە چیرۆکی جوان و قسەی خۆشی بەرزی ڕەوان و، شیعری ڕەنگین و، وتەی بە تویکڵ «نکتە» شیرین، خوێندەوارانی خۆی بێنێتە پێکەنین، وە بە گاڵتەو گەپ دڵی بیمار و، مێشکی خەفەتباران سیبل بکات، وە چرایەکی ڕووناك هەڵگیرسێنێ لە گۆشەی تەنگوتاریکی دڵیانا.

١٨– هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیە کە دۆست و دوژمنی گەل لە یەك جیا بکاتەوە، وە کاڵای فڕوفێڵ دادڕێ و داڕنێ لە بەریان.

١٩– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە خوێندەوارانی دانیشتووی نیشتەجێی خۆی بە گەشت و گوزاری جیهان خۆشنوود و دڵ گوشاد بکات.

٢٠– هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیە کە هەمیشە لە جوست و جۆی دەنگ و باسی جیهان بێ، وە لەگەڵ لە لایەکی لابەلاوە سووسەی شتێکی کرد خێرا گەلەکەی ئاگادار، وەشارێی ڕاست و دروستیان بۆ ڕووناك بکاتەوە، وە بۆ ڕاکێشانی قازانج و سوودی پاڵنان بە زیان و شتی خراپەوە هەمیشە بۆیان تێ کۆشێ.

بەکورتی گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ خۆشی و خۆشبەختی کۆمەڵە، دووربینێکی جیهان نما، وە وردیلەبین «ذرە» ێکی دووریەیما، و ڕەهبەرێکی دڵ پاك، و هاودەمێکی ئازا و بێ باك، و پەزیشکێکی چاك، و ئامۆژگارێکی دڵ ڕووناك، و مامۆستایەکی میهرەبان و وە لەلەیەکی مەردوم پەروەران، ئێشکچییەکی بێدار، و چەرخەچییەکی هۆشیار، و بێدار کەرەیەکی نوستووان، و ئازاکەرەوەیەکی تەمەڵان لە کاتی تەنهاییدا چرا، لە دەمی ترس و بیما برا، بۆ زانایان سەرمایە، بۆ دانایان دەستمایە، بۆ بارزگانان ڕەهبەر، بۆ پیشە گەران ڕێ نیشاندەر، بۆ خوێندەواران بینایی دیدە، بۆ خاوەن سیاسەتان دەستووری پەسەندیدە، بۆ بەهێزان ڕووناکیی چاو، بۆ زەبوونان هێزو هەناو، بۆ شارستانی قەڵای مسین، بۆ ئازادی ڕێگای شیرین، بۆ سەرکەوتن پلەی ڕەنگین، بۆ جوانێتی کاڵای زێڕینە.
ئەگەر ڕاستت ئەوێ بەرزی و ڕەوانیی گۆڤار و ڕۆژنامە، وە جوانی و برەویان بەپێی سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی گەلە، تا کۆمەڵە ژیرتر و بەبیرتر بێ، گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆرتر و جوانتر ئەبێ، تا کۆمەڵە خوێندەوارتر و شارستانی تر بێ، ئەوان ڕێکوپێکتر و بەکەڵکتر ئەبن، وە تا کۆمەڵە بەسەر چڵەپۆپەی ژیانەوە و، وەك بولبولی هەزار داستان گۆیا بێ، گۆڤار و ڕۆژنامەی بە ئاسمانی خوێندەوارییەوە وەك (کۆ) و (گەلاوێژ) ورشە و پرشە و، بروسکە و، تریسکەیان دێ. کەوا بوو هیچ گەلێ بەبێ گۆڤار و ڕۆژنامەی باش بە ئامانج و مەبەستی خۆی ناگات، بەڵام وەك لەپێشەوە وتمان بەو مەرجەی کە خاوەنەکەیان مەرد بێ نەك نامەرد، وە بەندەی خوا و دەروونی پاکی خۆی بێ، نەك بەندەی پارە و پیشە «وظیفە»ی ئەم و ئەو، چونکە نامەرد زۆر زوو هەڵ ئەخەڵەتێ، وە گۆڤار و ڕۆژنامەکەی ئەکات بە فاقە و تەڵە بۆ گرتنی گەلەکەی خۆی، وە بۆ ئارەزوویەکی بێگانان هەمیشە چاك بە خراپ و خراپ بە چاك، ڕاست بە درۆ و درۆ بە ڕاست و دۆست بە دوژمن، پاك بە ناپاك و ناپاك بە پاك، جوان بە ناشیرین و ناشیرین بە جوان، قازانج بە زیان و زیان بە قازانج، دوور بەنزیك و نزیك بە دوور، هێزدار بە زەبوون و زەبوون بەهێزدار، بوون بە نەبوون و نەبوون بە بوون نیشان ئەدات، بێ گومان ئەم جۆرە ڕۆژنامانە، نەبوونیان صەد هەزار جار لە بوونیان باشترە.

# خۆشەویستی(١)

من وا ئەزانم ئەگەر شتێك ببوایە وەك گەرماپێو «محرار» خۆشەویستی نیشان بدایەت، ئەمان بینی کە ئەندازەی خۆشەویستی لەناومانا، بەڵکو لە هەموو جیهانا زۆر کەمە. مەبەست لەم قسەیە خۆشەویستی پیاو بۆ ژن و بۆ پیاوە خۆشەویستی باوك و دایك بۆ منداڵ و منداڵ بۆ دایك و باوك نییە؛ چونکە ئەمە شتێکی سروشتییە، لەناو جانەوەر و دڕندە و ئاژەڵیشا هەر هەیە، بەڵکو مەبەستم خۆشەویستی مەردومە بۆ مەردوم و خۆشەویستی ئادەمییە بۆ ئادەمی.

لەم رووەوە هێندێك گەل باشترن، وە هێندێ شوێن لە هێندێ شوێن خۆشەویستی لەناویانا زۆرترە، لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئەبینیت هەموو کەسێك لەگەڵ هەموو کەسێکا بەئەدەب و بەنەزاکەت و خۆشەویستییەوە تەماشای یەکتری، وە قسە لەگەڵ یەکتری ئەکەن، دووانیان کە بە یەك ئەگەن تا لە یەکتری تێ ئەپەڕن، بەدەست و بەسەر و بەچاو ڕێز و خۆشەویستی و گەرم گوڕی نیشانی یەکتری ئەدەن، ئیتر نەپلارە و نەقسەی ڕەقە و، نە مۆڕبوونەوەیە و، نە خێسەیە و، نە چاو زەق کردنەوەیە و، نە زبان دەر کێشان و لچ هەڵقورتاندنە و، نە ناو و نەتۆرەیە و، نە بوختان و دووزبانییە و، نە قسە گێڕانەوە و قسە هەڵبەستنە و، نە لاقرتێ و زەردەخەنە و پێکەنینی بێ مەعنایە، خۆ شەڕەجنێو و یەخە گرتن هەر نازانن چییە، هەموو کەس لەگەڵ هەموو کەسێکا بەهەموو هێزو تەوانایی خۆیەوە، ئەیەوێت دڵی بەرانبەرەکەی ڕابگرێت، وەتا بتوانێت شتێکی وا نەکا کە دڵی گەرد بگرێت. خۆشەویستیی وەك ئاوی زیندەگانی وایە، لەهەرلایەك کە بوو ئەو شوێنە ئەبێ بە گوڵ و گوڵزار و، لالەزار و، چەم و، چیمەن و، چڵ و چنوور، کە خۆشەویستیشی تیا نەبوو نیشانەی خۆشی و ژیانی نامێنێت.

هەر ژن و مێردێك کە یەکترییان خۆش ویست، ئیتر چاو لە هەموو هەڵە و نەنگ و کەم و کووڕییەکی یەکتری ئەپۆشن، وە بەدێژایی ژیانیان بەخۆشی ڕائەبوێرن وە هەرگیز دەنگیان دەرناچێت، کە خۆشەویستیش نەبوو لەناویانا، هەر ساتەی بەهانەیەك بە یەکتری ئەگرن، وە هەر دەمەی پەڵپ و بیانوویەك ئەهێننە پێشەوە، وە هەمیشە چەقەو قرەیان دێ.

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٤)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.

هەر ناوماڵ و خێزانێك كە خۆشەویستی تیا بوو، ئەبێت بە بەهەشت، وە ئەو خێزانە زۆر بە خۆشی ڕائەبوێرن، وە ئیش و كاریان ناوەستێت وە دەنگیان لێ دەرناچێ، كە خۆشەویستیشی تیا نەبوو ماڵەكەیان لێ ئەبێ بە دۆزەخ، وە لەسەر هەموو قسەیەك ئەبێ بە چەقە و قرە و دەنگ دەرچوون.

هەر دوو كەسێك كە خۆشەویستی لەناویانا بوو، زوو بەزوو هەوری زویری و دڵگیری لەسەریان ئەڕەوێتەوە ئاشتیان ئەبێتەوە، كە خۆشەویستیش نەبوو لەناویانا، ئەو زویرییە درێژە ئەسێنێت تا مردن. هەر كەسێك خۆشەویستی لە دڵا بوو دەربارەی مەردوم، هەموو كەسێك بە دۆست و برادەری خۆی ئەبینێت، وە زۆر كەم دڵگیر ئەبێت لە مەردوم؛ بەڵام كە خۆشەویستی لەدڵیا نەبوو، ئەو حەلە بە چاوپێكەوتنی گەلێ كەس دڵی تەنگ وە چاوی تاریك ئەبێت.

هەر كارگەیەك كە خۆشەویستی تیابوو، كرێكارەكانی بێ قرە و برە هەڵ ئەسووڕێن و ئیش ئەكەن، كە خۆشەویستیشی تیا نەبوو، ئەبێت بە قرە و ئاژاوە و مانگرتن و ئیش نەكردن. هەروا كە خۆشەویستی بوو لەناو گەلێكا، بە تێكڕایی ئاژاوەو زویری نامێنێت لە ناویانا، ئەو حەلە دەوڵەمەند هەژاری خۆش ئەوێت و یارمەتی ئەدات، وە هەژار دەوڵەمەندی خۆش ئەوێت و حورمەتی ئەگرێت؛ خاوەن زەوی و زار جوتیار و سەپان و وەرزێر و كشتیاری خۆش ئەوێت و؛ دەستیان ئەگرێت، ئەمانیش ئەوانیان خۆش ئەوێت و ناپاكییان لەگەڵا ناكەن. كەوابوو دەركەوت كە لە هەرلایەك تۆزێ خۆشەویستی بوو، گەلێك خۆشی بەدوادا دێت، وە لە هەرلایەكیش كە خۆشەویستی نەبوو؛ ئاژاوە و زویری و ناخۆشی تیا پەیدا ئەبێت. ئەگەر خۆشەویستی زۆر بێت لە وڵاتێكا خەستەخانە و، قوتابخانە، باخچەی تێكڕایی و، یانەی زۆر و، شەقام و شاڕێ ، پاك ، تەمیز و ڕێكوپێك و، خوێندەواری و، تەندروستی و، ئاوەدانی زۆر ئەبێت لەو وڵاتەدا، ئەگەر خۆشەویستی زۆر بێت لە وڵاتێكا، هەموو بیروباوەڕێك بەڕێز و بەنرخ ئەبێت، وەهیچ خاوەن بیرێك بە چاوی سووك تەماشای هیچ خاوەن بیرێك ناكات. ئەگەر ڕاستت ئەوێت خۆشەویستی دەرمانی هەموو دەردێكە و، تیماری هەموو برینێكە. خۆشەویستی ئاوی زیندەگانییە، خۆشەویستی دەوڵەمەندیی بەڕاستییە. خۆشەویستی خۆراكی گیانە. خۆشەویستی ڕووناكی دڵ و دەروونە. خۆشەویستی گەورەترین دەستمایەیە بۆ ئادەمی. خۆشەویستی گیانی مەردوم و گەلە. بەبێ خۆشەویستی نە مەردوم ئەژێ و نەخێزان و نە گەل. خۆشەویستی ڕێی ڕاست و ناخۆشەویستی گومڕاییە. خوا كە پێغەمبەرانی ناردووە

هەمووی بۆ یەك شتە ئەویش چاندنی تۆوی خۆشەویستییە لە دڵی مەردوما دەربارەی یەکتری بەڵکو دەربارەی هەموو گیانلەبەرێك، لەبەر ئەوە قورئان، لە هەشتا و چوار لاوە باسی مەحەبەت و خۆشەویستی ئەکات، وە هانەهانەی مەردومی لەسەر ئەدات. وەختی خۆی هەر خۆشەویستی بووە کە بووە بە مایەی پەیدا بوونی جیهان و هاتنەدی ئەرز و ئاسمان، بەم رەنگە ئەگەر خوا جیهان و گیانلەبەرانی خۆش نەویستایە، دروستی نەئەکردن، وە نەی ئەهێنانە دی، وە هەر خۆشەویستی و هێزی کیشندەیە کە جیهانی ڕاگرتووە، بەرۆژ و مانگ و ئەستێرە و زەوییەوە، هەر ناخۆشەویستی ئادەمییشە کە لە پاشەڕۆژا ئەبێت بە مایەی جەنگی تێکڕایی و وێرانبوونی جیهان و قڕ بوونی گیانلەبەران. داخی بەجەرگم ڕۆژبەڕۆژ خۆشەویستی کەم ئەبێتەوە لەناو ئادەمیدا بە یەکەیەکە و بە گەلانییەوە. هەریەکە لەئاستی خۆی دان جیڕ ئەکاتەوە لەویکەی تر، هەزار ڕەحمەت لە شاعیری بەناوبانگ (بێدڵ) کە چوارسەد ساڵ لەمەوپێش فەرموویەتی:

درخر من کائنات کردیم نگاه
یك حبه مجت است و دیگر همه کاه

واتە:

ئەم خەرمەنی دنیایە هەمووم دیی تەنیا
یەك دەنکی مەحەبەت بوو ئیتر گشتی کا

***

## چلەی کۆچی معروف جیاووک

هەموو ئەزانین کە هێندێ مرۆڤ لە فریشتە چاکتر و هێندێکیشیان لە جانەوەر دڕندەتر و خراپترن. فریشتەکەیان ئەو کەسانەن کە بۆ گەل و نیشتمانیان ئەژین، وە هەمیشە قازانج و سوودی خۆیان ئەکەن بەقوربانی قازانج و سوودی گەل و نیشتمانیان.

جانەوەر و دڕندەکەشیان ئەوانەی کە هەر بۆخۆیان ئەژین، وە گەل و نیشتمانیان ئەکەن بەباڵاگەردانی ئارەزووی هیچ و پووچی خۆیان.

هیچ گومانی تیا نییە کە خوالێخۆشبوو معروف جیاووک لە بەشی یەکەم بوو، چونکە بۆ خۆی هیچ ئاواتێکی نەبوو، بەڵکو هەرچێکی بوو هەر بۆ نیشتمان و هاونیشتمانە کەساسەکەی بوو، وە هەمیشە خۆی ئەکرد بەقوربانی گەل و نیشتمانی.

هەزار جار دروودی خوا لە معروف جیاووک بێ، ئەگەر بەشی زۆری مەردوم وەك چەند نوسخەی کتێبێکی چاپکراوی هیچ و پووچی بێ نرخ وابن، معروف جیاووك وەك نوسخەی کتێبێکی بەنرخی نایابی دەستنووس وابوو کە بە دەستخەتی نووسەر «مؤلف» نووسرابی، وە وێنەی لە جیهانا نەبێ. جارێ پێشەکی موسڵمانێکی بەڕاستی، وە بڕوادارێکی پاك و تەمیز بوو بە خوای خۆی و ئایینی خۆی، بەڕەنگێکی وا کە لە هیچ کارێکیا لە چوار چێوەی بیروباوەڕ دەرنەئەچوو، وە لە هیچ رووپەڕەیەکی ژیانیا دەستبەرداری بیروباوەڕ نەئەبوو وە لە هەموو کارێکیا بەشی خوای تیا ئەهێشتەوە، لەبەرئەوە زۆر دادپرس، وە حەزی لە دادپەروەری بوو، هەرچەند شتێکی ببیستایە کە دادی تیا نییە، هەرچی پەی «أعصاب» هەبوو لە ئەندامیا، وەك گوڵۆڵە دەزوو تێك ئەئالا، وە هەر دوو چاوی سوور هەڵ ئەگەڕا و ئەکەوتە جووڵە جووڵ وەك جیوە، زۆر جار دەستی لە پیشە و کورسی خۆی هەڵگرتووە لە ڕێی قسەیەکی خۆیا. ئەم نیشتمان پەروەرە، ماوەیەکی زۆر نوێنەر «نائب» و دادپرس «حاکم» و داواکەری گشتی «مدعی عام» و سەرۆکی دادگە «رئیس محكمە» و پارێزگار «محافظ» بووە لە هەموو ڕووپەڕەیەك لەم ڕووپەڕانەدا، لەڕێی داد لای نەئەدا، وە مافی نیشتمانی و هاونیشتمانی ژێر پێ نەئەخست. لەپاشا خوا جۆرە بیروباوەڕێکی تایبەتی دابوویە، زۆر جار بە چاوی سووك تەماشای هێندێ کەسی وای ئەکرد کە خەڵقی بە چاوی گەورەیی تەماشایان ئەکرد، هەروەك زۆر جاریش بەچاوی سەنگین و گران تەماشای هێندێ کەسی وای ئەکرد کە

مەردوم بەچاوی سووك تەماشایانی ئەکرد، چونکە ئەندازەی گەورەیی لای ئەو جۆرێکی تر بووە، لە ئەندازەکانی ئەما، نە پارە بوو، نە دارایی بوو، نە پیشە بوو نە خوێندەواری بوو، نە پایە و ناوونیشان بوو، نە باو و باپیر بوو، نە دیمەن بوو. چوونە لای پیاوێکی هەژاری دراوسێی خۆی کە بیناسیایە، گەلێ گەلێکی پێ خۆشتر بوو، لە چوونە لای پیاوێکی پایە بەرزی گەورەی بەڕێز. لە ئیش و کارێکا کە هی خۆی، یا سەر بە خۆی بوایە، هێندێ جار تووڕە ئەبوو، سارد ئەبۆوە، گرژ ئەبوو، خاو ئەبۆوە، هەڕەشەی ئەکرد، لەپاشا بەڵێنیشی ئەدا، ناوچەوانی گرژ ئەکرد، لەپاشا پێش ئەکەنی، گلەیی ئەکرد، خۆش ئەبوو، بەڵام لە ئیش و کارێکا سەر بە نیشتمان بوایە ئەگەر بیوتایە نەء هەر نەء بوو تا مردن، کە بیشی وتایە ئا هەر ئەو ئایە بوو تا دوایی. دەرمانی هەموو جۆرە دەردێکی ئەکرد، بەڵام هەندێ جار بە زەهری مار و هێندێ جاریش بە تریاق.

مردن دەستوورێکی خوایی و باوێکی تێکڕاییە لە جیهانا، هەموو کەسێك ئەبێ بمرێ، بەڵام مردن تا مردن جیاوازی هەیە، هی وا هەیە ئەمرێ کە لەگەڵ کرا بە ژێر خاکەوە، خۆشی و ناویشی ئەچێتەوە پەردەی نەبوون. هی واش هەیە کە ئەمرێ هەر تاپۆکەی ئەکرێ بە ژێر خاکەوە، بەڵام ناوی لەسەر هەموو دەم و زمانێك و، وێنەی لەناو هەموو دڵ و دەروونێکا ئەمێنێتەوە، ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەمانە مردوویان پێ ناوترێ، بەڵکو زیندوون وە لە جاران زیاتر ناو ئەبرێن لەسەر زمان و ڕووپەڕەی مێژوو. مردن ڕێیەکی ناچارییە بۆ هەموو کەسێك، وە لە هەموو ساتێکا گۆڕی تەنگ و تاریك هەزاران مەردوم قووت ئەدات و ئەیشارێتەوە، چ لە پیاوانی گەورەو ناودار، چ لە نیشتمانی وخوێندەوار،چ لە دادپرس و زانا، ئەمانە لەناو هەموو گەلێکا– گەورە یا پچووك– کەلەبەرێك ئەخەنەوە ، زووبەزوو شوێنیان پڕئەبێتەوە، لەناو گەلی هەژاری بێ کەسا هەرگیز برینیان چاك و شوێنیان پڕنابێتەوە، سا خوا بە گەورەیی و میهرەبانی خۆی، جێگەی ئەم زانا نیشتمانییەمان بۆ پڕ بکاتەوە وە برینی ئەم دانا خوێندەوارەمان بۆ سارێژ بکات.

***

# پەندی پێشینیان

پەندی پێشینیان فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی بەسەرهاتی جیهان و بەری ڕەوانبێژیی ڕەوانبێژانە. پەندی پێشینیان بیرێکی جوان و پوڕتەوێکی دەروونە، هێندێ جار هەڵ ئەقوڵێ لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سەر دەم و زبانێکی ڕەوان، لە کاتی قسە و گفتوگۆ و دوان، یا دوای ڕووداوێکی دەوران، لەپاشا زۆر بەخێرایی بڵاو ئەبێتەوە و دەماودەم ئەکەوێت، وە پشتاوپشت ئەگێڕڕێتەوە، بەم ڕەنگە هەر حەلێ نموونەی ئەو شتەی کە پەندەکەی تیا وتراوە. ڕووی دایەوە، ئەو حەلە خاوەن مەبەست پەندەکە ئەخوێنێتەوە، بۆ بەهێز کردنەوەی قسەکەی، یا ڕووناك کردنەوەی باسەکەی.

پەندی پێشینیان، زادەی سروشتی ئادەمییە، لەبەرئەوە لەناو هەموو گەلێکا هەیە، وە بەهەموو زبانێك وتراوە، وە زۆریان لە یەك ئەچن. هیچ شتێك بەقەد پەند زوو بڵاونابێتەوە، لەپاش ئەوەی کە بڵاویش بووەوە، هیچ شتێك بەقەد ئەو باسێك ڕووناك ناکاتەوە، لەبەرئەوە قورئان زۆر بەکاری ئەهێنێ، وە ئەفەرموێ: «وتلك الامثال نضربها للناس، وما يعقلها الا العالمون» واتە ئەم جۆرە پەند و نموونانە بەکاردێنین بۆ مەردوم، وە تێی ناگەن زانا و خوێندەواران نەبێ. پەندی پێشینیان دوو بەشە، یەکەم ڕووداوی «واقعی». دووهەم گیرەمی «فرضي»[1] ڕووداوی، ئەو پەندانەن کە لە ڕووی ژیان وەرگیرابن، وەك پەندی «بۆز بە لەڕیی» کە چیرۆکەکەی لە شوێنی خۆی نووسراوە. گیرەمی پەندێکە کە هەڵبەسترابێ لە زبان دارێك یا بەردێك یا گیاندارێکی بێ زبانەوە، بۆ ئامۆژگاریی زۆردارێکی ستەمکار، یا بێدارکردنەوەی یاخییەکی سەرکێشی زۆردار، کە کەس نەتوانی ڕووبەڕوو ئامۆژگاریی بکات، ئنجا ئەم جۆرە پەندانە، لە زبان دارێك یا بەردێك یا گیاندارێکەوە ئەدرێ بە گوێچکەیانا بۆ ئەوەی کە تێ بگەن و بێداربنەوە، وە لە کەللەی شەیتان بێنە خوارەوە، وە ئامۆژگارییەکەی لێ وەرگرن.

وەك ئەگێڕنەوە کە ساڵێك چاوە قوولە ئەکەوێتە پایتەختێکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شا ئەیەوێ بڕوا و شارەکە بەجێ بێڵێ، کە ئەگەر وای بکردایە، مەردوم بەجارێك ورەی بەرئەدا و زراوی ئەچوو، ئەو حەلە بە بێ نەخۆشیش ئەمردن، مەردوم کە

---

(١) گیرەمی: لە گیرەم وەرگیراوە، کە بەمانا (فرضنا)یە. ئەبێژرێ: گیرەم وابێ، یا گیرەم وا بووایە.

ئـەمـە ئـەبـیـەن خـەمـیـان لـێ دێ، کـەسیش نـاوێرێ بـە شا بـڵـێ: کـە مـەڕۆ، تـا ڕۆژێك پێشەوایەکی ئایینی ئەچێتە لای شا، وە پێی ئەڵێ: پاشام جارێکیان ڕێوییەك ئەبێ بە دۆستـی شێرێك، وە پـەیمانـی لـەگـەڵا ئـەبـەستـێ، کـە ئـاگـاداری بکـات، وە بیپـارێزێ لـە جانەوەران، لەبەر ئەوە ڕێوییەکە هەرگیز لە شێرەکە دوور نەئەکەوتەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان هـەڵۆیـەك لە ئـاسمـانـەوە پـەیدا ئـەبـێ، مـام ڕێوی کە چاوی پێ ئەکەوێ ئەتۆقێ، وە لەترسانا ئەچێتە کۆڵی شێرەکە، هەڵۆ کە ڕێوی ئەبینێ بۆی دادێتە خوارەوە ئەیفڕێنێ، ڕێوی هـاوار ئەکاتە شێرەکە ئەڵێ: گەورەم پەیمانەکەمان، گەورەم پەیمانەکەمان! شێرەکە ئەڵێ: من بەڵێنم داوە بە تۆ کە بت پارێزم لە شتێك کە لە سەر زەوییەوە بۆت بێ، بەڵام ئەوەی کە لە ئاسمانەوە بێ، من دەسەڵاتم بەسەریا نییە و دەرەقەتی نایەم.

پاشا، کە ئەم پەندە ئەبیەت ئەڵێ: بەخوا ئامۆژگارییەکی جوانت کردم، بڕیاربێ، لە شار نەچمە دەرەوە، وە منیش وەك ئەم خەڵقە سەر بۆ سەرنقشت «قضاء و قدر»ی ئاسمان دابنەوێنم.

پەندی رەمزی یەکەم جار لە ڕۆژهەلات پەیدابووە، چونکە هەمیشە جێی زۆر ستەم و دەستدرێژی بووە، وە کەس نەیتوانیوە بێ پەردە ئامۆژگاری زۆرداران و ستەمکاران بکات، وەك لە سەرەتای (کەلیلە و دەمنە)وە باس کراوە.

پەندی ڕەمزی یەکەم جار لە هیندستان پەیدابووە، لەپاشا بڵاوبۆتەوە بە چینا، ئینجا بە ئێران و کوردستانا، لەپاشا چووە بۆ عەرەبستان.

***

ئەم پەندانە هێندێ جار لە ناوەندی دوو شتی بێ گیانا ئەبێ، وەك ئەڵێن: جارێکیان دار بە بزماری وت: بەڕاستی تۆ قەڵەشت پێ بردم، بزماریش ئەڵێ: ئەگەر گوێت لەو چەکوشکارییە ئەبوو کە بەسەر سەرمەوە بوو، لۆمەت نەئەکردم.

هێندێ جار لە ناوەندی دوو گیاندارا ئەبێ، وەك ئەڵێن: کابرایەك داوێك ئەنێتەوە لە دەشت، چۆلەکەیەك ئەچێتە سەری لێی وردئەبێتەوە، لەپاشا بە داوەکە ئەڵێ: تۆ بۆ وا خواربوویتەوە؟ داوەکە ئەڵێ: لەبەر نوێژ و خواپەرستی، وا خوار بوومەتەوە. چۆلەکەکە ئەڵێ: ئەی بۆ وا لەڕو لاوازیت؟

داوەکە ئەڵێ: لەبەر ڕۆژوو گرتن و شت نەخواردن لە ترسی خوا. چۆلەکەکە ئەڵێ: ئەی ئـەم دەنـکـە گـەنمە چـییـە بـەدەستـەوە؟ داوەکە ئـەڵـێ: بـۆ خێرە، ئـەگـەر هـەژارێك تێپـەڕی

ئەیدەمێ بیخوا. چۆلەکەکە ئەڵێ: دە بە خوا من هەژارم. چۆلەکەکە ئەڵێ: دە باشە هەڵیگرە. چۆلەکەکە، کە ئەچێتە پێشەوە هەڵی ئەگرێ، داوەکە ئەیگرێ، چۆلەکەکە ئەکەوێتە فرتەفرت، وە ئەڵێ جارێکی تر مەرج بێ هیچ ڕیاکارێك ئیخفالم نەکات.

هێندێ جار لە نێوان ئادەمییەك و گیاندارێکا ئەبێ، وەك ئەڵێن: پیاوێك مەلێکی پچکۆلە ئەکرێ کە پێی ئەڵێن: کلاو کورە، مەلەکە پێی ئەڵێ: ئەتەوێ چیم لێ بکەیت؟ ئەڵێ سەرت ئەبڕم و ئەتخۆم، ئەڵێ ئینجا کوا من گۆشتکی وام هەیە کە بەکاری تۆ بێ، ئەگەر بەرم بدەیت سێ ئامۆژگاریی زۆر گرنگت ئەکەم کە گەلێ لە گۆشتەکەم خۆشتر و باشتر بێ، یەکەمیان ئێستا پێت ئەڵێم، دووهەمیان کە بەرت دام و چوومە سەر ئەو درەختە پێت ئەڵێم، سێهەمیان کە چوومە سەر ئەو شاخە پێت ئەڵێم، کابرا ئەڵێ زۆر باشە، وە ئامۆژگاریی یەکەمت بڵێ. پێی ئەڵێ: هەرچیت لەدەست چوو خەفەتی بۆ مەخۆ، کابرا ئنجا مەلەکە بەرئەدا، وە هەر ئەفڕێتە سەر درەختە کە، وە داوای پەندی دووهەمی لێ ئەکات، مەلەکە پێی ئەڵێ: بە شتێك باوەڕ مەکە کە لەبوونا نەبێ. ئینجا مەلەکە ئەفڕێتە سەر شاخەکە وە بە کابرا ئەڵێ: هەی بەدبەخت ئەگەر سەرت ببڕیمایە ئەڵماسێکی بیست مسقاڵی لە سیقەتۆرەکەما بوو دەستت ئەکەوت ، کابرا لێوی خۆی ئەبا بە دەما، وە زۆر خەفەت ئەخوا، ئینجا کابرا پێی ئەڵێ: ئامۆژگاریی سێهەمت بڵێ: مەلەکە ئەڵێ تۆ ئامۆژگاریی یەکەم و دووهەمت فەرامۆش کرد، ئیتر سێهەمی چیت بۆ بڵێم، پێم نەوتیت، خەفەت مەخۆ لەسەر چووە، کەچی تۆ زۆر خەفەتبار بوویت لەسەر ئەوەی کە من لە دەستت چووم، وە پێم نەوتیت بە شتێك باوەڕ مەکە لە بوون نەبێ، کەچی باوەڕت کرد کە ئەڵماسێکی بیست مسقاڵی لە سیقەتۆرەمایە، لەکاتێکا کە من خۆم بە گۆشت و ئێسقان و پەڕ و باڵەوە دە مسقاڵ نابم. چۆن ئەڵماسێکی بیست مسقاڵی لەناو سکمایە؟!

***

خولاسە پەندی پێشینیان، پەندی هەزاران ساڵ لەمە پێشە، کە لەکاتی تایبەتیدا هەڵقولاوە لە دڵی هنێدێ هەڵکەوتووی بلیمەتەوە، بۆ سەر دەم و زبان و قەڵەمی، وە لەوێوە بڵاوبۆتەوە بە جیهانی ئەو گەلەدا، بەجۆرێك کە هەموو پەندێکی ڕۆژی هەزاران جار لە هەزاران لاوە ئەخوێنرێتەوە.

وا دەرئەکەوێ کە گەلی کورد، لە هەموو گەلێك زیاتر پەندی پێشینیانی ببێ، بە نیشانەی ئەوەی کە لەساڵی ١٩٥٩ دا توانیمان هەر لە شاری سلێمانیدا «١٣١١» پەند

کۆبکەینەوە و لەچاپی بدەین لە ١٩١ لاپەڕەدا، وا ئەمساڵ کە ساڵی ١٩٦٩ یە– خوا ڕەوای بێنێ– پەندی پێشینانمان لەچاپ دایەوە لە ٥٠٦ لاپەڕەدا، وە بە ژمارەیەکی گەلێ زۆرتر کە ٣٨٩٠ پەندە، هەموو بە ڕاڤەو چیرۆك و داستانییەوە، بێ ئەوەی کە بۆی بچینە دەرەوە، وە دێ بە دێ بەشوێنیا بگەڕێین، وە ئەگەر لە پەند و ڕاڤەی پێشوودا هەڵەیەکمان کردبێ، ئەم جارە هەمووی ڕاست کراونەوە.

سێ بارە خوا ڕەوای بێنێ لەم چەند ساڵی دواییەدا پەندەکانمان سەرکەوت بۆ نزیك ٥٠٠٠ پەند، خوا یار بێ لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە چاپ ئەدرێتەوە.

پەندی پێشینانی ئەم جارە، بەهۆی ڕاڤە و چیرۆکەکانییەوە ڕێی کەوتۆتە زۆر شتەوە، وە لە گەلێ بابەتەوە ئەدوێ، وە لە گەلێ باسەوە قسە ئەکا، وە گەورەترین کەلەپوورێکی وێژەییە کە شایستەی لەبەرکردن و دەورکردنەوەیە لەلایەن هەموو خوێندەوارانەوە بە ژن و پیاو و کوڕ و کچ و گەورە و بچووکێکەوە، ئیتر پشت بە خوا بۆ چاپی چوارەم.

# جەژنی دار و درەخت

تاقە درەختێك لەناو گەلێكی شارستانیدا بەقەد مرۆڤێك لەناو ئێمەدا خۆشەویست و بەنرخە، چونكە درەخت لەناو گەلی شارستانیدا مرۆڤێكی وێستاوە و قاچەكانی تا ئەژنۆی لە گڵ گیراوە، هەروەك مرۆڤ درەختێكی هاتوچۆكەرەو ئەسوورێتەوە.

لەبەر ئەمە لەناو هەموو گەلێكی شارستانیدا ساڵی ڕۆژێكیان هەیە كە پێی ئەڵێن (ڕۆژی دارو درەخت) لەو ڕۆژەدا بەملیۆن دارو درەختی تیا ئەنێژن.

ئەمڕۆ ئاوا كردنەوەی سەر زەوی بە دارو درەخت، ئەندازەی شارستانێتییە لە هەموو وڵاتێك، وە لەناو هەموو گەلێكا، گەل تا شارستانێتیتر بێ دارو درەخت زۆرتر مەبەسە، وەتا كێوییتر بێ نرخی دار و درەخت كەمتر ئەزانێ، ئینجا بەم بۆنەیەوە فەرموودەیەكی پێغەمبەرتان بۆ ئەخوێنمەوە تا بزانن كە ئیسلامەتی تا چەند ئەندازەیەك لە شارستانیدا بەشدارە؟ وە تا چە ماوەیەك چاودێری دار و درەختی كردووە، ئەفەرمووێ: (ان قامت الساعة وفي يد احدكم فسيلة فان استطاع ان يغرسها فليغرسها) واتە ئەگەر ڕۆژی قیامەت هات، وە زەوی لە شوێنی خۆی ترازا و دەرچوو، لەو حەلەدا ئەگەر یەكێك لە ئێوە نەمامێكی بەدەستەوە بوو، وە توانی بینێژێ، خێرا با بینێژێ، وە نەڵێ وا دنیا دوایی هات ئیتر من ئەم نەمامە بۆچی بنێژم؟

چ شارستانێتییەك ئەگاتە ئەم شارستانێتییە؟ چە ئایینێك ئەگاتە ئەم ئایینە؟ لەكاتێكا كە زەوی لە شوێنی خۆی بترازێ، وە لە دەریای ئاسمانی بێ بڕانەوەدا نوقوم ببێ، وە ڕووپەڕەی ژیان و جیهان بپێچرێتەوە، لەو حەلەدا موسڵمانێك ئەگەر نەمامێكی بەدەستەوە بێ و بتوانێ بینێژێ و نەی نێژێ گوناهبار ببێ، وە لە بەردەمی خوادا پرسیاری لێ بكرێ و تۆڵەی لێ بسێنرێ.

ئەمە لەبەرچی وایە؟ لەبەرئەوەیە كە خوا ئەم زەوی و زار و ئەرز و ئاوەی بۆیە داوینێ كە بەكاری بێنین و بەهرەی لێ وەرگرین، بەم ڕەنگە بە دار و درەخت ئاوای بكەینەوە، تا خۆمان و موسڵمانان و پەلەوەر و جانەوەر و هەموو گیانلەبەرێك لێی بەهرەمەند بن، ئەگەر وا نەكەین خوا لە ئێمەی ئەسێنێتەوە ئەیدا بە گەلێكی ئازای ئیشكەری وریا كە وڵات ئاوا بكەنەوە، وە زەوی و زار ئەم دیو و ئەودیو بكەن، وە هەموو ساڵێ بە ملیۆن دار

و درەختی تیا بنێژن، هەروەك خوا لە قورئانا ئەفەرمووێ: (ان الارض یرثها عبادي الصالحون) واتە چ گەلێك ئازا و ئیشكەر بێ، وە نرخی زەوی و زار و كشتوكاڵ بزانێ، وەشایستە بێ بۆ ئاواكردنەوەی زەوی ئەو گەلە ئەبێ بە خاوەن ئەرز و ئاو . ئینجا بۆ ئەوەی نیشان بدەین كە ئێمە ئازا و ئیشكەرین، وە شایستەی ئەم ئەرز و ئاوەین پێویستە ئێستا هەر یەكێكمان بەدەستی خۆمان درەختێك بنێژین، وە ئەم حەفتەیەش بكەین بە حەفتەی دارو درەخت، بەم ڕەنگە مەلا لە مزگەوتەكان و مامۆستا لە قوتابخانەكان و دواندەر «خطیب» لە دواندن «خطبە»ی هەینیدا و هەموو كەسێك لە ماڵی خۆی ئامۆژگاری ماڵ و قوتابی و ئەهلی گەڕەك بكەن بۆ ناشتنی دارو درەخت، وە بۆ چاودێری و ئاگاداری كردنیان لە شكاندنەوە. هیوادارم لە خوا ئەم كۆبوونەوەیە سەرەتای پەیمانێكی تازە بێ بۆمان، وە بیرێكی بەرزی وامان بداتێ كە لەپاش چەند ساڵێكی تر ئەم وڵاتە جوان ئاوا ببێتەوە بە دارو دەخت، ئیتر پشت بەخوا.

***

## دادی کۆمەڵایەتی «عەدالەتی اجتماعی»

جاران مەردوم وای ئەزانی کە داد هەر ئەوەیە کە لەناو دوو کەس، یا سێ کەسا بێت، وەئەیان وت داد ئەوەیە کە مافی هەموو کەسێك بەتەواوی بدرێ، وە مافی کەس لە گەردنی کەسا نەمێنێت، لەبەر ئەوە ئەیان وت: دز زۆردار و ستەمکارە چونکە ماڵی مەردوم بە ناڕەوا ئەدزێت، وە ترازووباز ستەمکارە، چونکە مافی مەردوم بەتەواویی نادات، لەبەرئەوە دەوڵەتان هاتن دادگە «محکمە» یان دانا، وە دەستورو یاسایان هەڵبەست، بۆ هەڵگرتنی زۆر و ستەم لەناوا، لەپاشا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن «سلطة تنفيذي» یان دانا بۆ بەجێهێنانی حوکمی دادگە، وە فەرمان درا بە دادپرسان «حاکم» کە لایەنگیریی کەس نەکەن، بە بێ جیاوازی لە ناوەندی دەوڵەمەند و هەژار و، ئاغا و خزمەتکار و، وەزیر و گزیر و، ئاشنا و ڕۆشناو، خزم و خۆیشا، لەبەرئەوە ڕۆمانەکان تەمسیلی خوای دادیان ئەکرد بە ئافرەتێکی چاو بەستراوە کە ترازوویەك بە دەستێکی و شیرێك بە دەستەکەی تریەوە بێت، چاو بەستنەوەکەی، ئەوە ئەگەیەنێت کە دادپرس «حاکم» ئەبێ وەك کوێر وابێ، چاوی ئەو شتانە نەبینێت کە لای بدات لە دادپەرستی، وەك دەوڵەمەندی و پایە و ناو و نیشان و خزمایەتی. ترازووەکەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەبێت دادخوا مافی هەموو کەسێك بدات بە بێ زیاد و کەم. شیرەکەش ئەوە ئەگەیەنێت کە پێویستە داد بەجێ بهێنرێت بە هێز ئەگەر پێویست بە هێز بوو.

ئەمە جاران وابوو، بەڵام لەپاشا کە ئادەمیی پێشکەوت لە شارستانێتی و کۆمەڵایەتیدا، مەبەستێکی تریان لە داد زیاتر کرد پێی دەڵێن دادی کۆمەڵایەتی، مەبەستیان بەمە پێویستانی دەوڵەتە بەرامبەر بە یەکە یەکەی کۆمەڵە و گەل، ئینجا هەروەك مرۆڤی وا هەیە دادخوا و مرۆڤی وا هەیە ستەمکارە، دەوڵەتی واش هەیە دادخوا و دەوڵەتی واش زۆردار و ستەمکارە، ئینجا بابزانین دەوڵەتی ستەمکار و دەوڵەتی دادخوا کامەیە. دەوڵەتی دادخوا، دەوڵەتێکە، کە دەستوورێکی ڕێکوپێکی وای ببێت، دەرگا بکاتەوە بۆ هەموو یەکە یەکەی گەل، کە لە بازنە «دائرە»ی خۆیدا بتوانێت بەتەواویی هەڵسووڕێت، وە بەپێی ژیری و بیر و بەهرە و ئامادەیی «استعداد» خۆی سەرکەوێت تا ئەگات بە بەرزترین پایە و پلە لە ژیانا.

بۆ نموونە لە هەموو گەلێکا بازرگانی زۆر گەورە هەیە، ئەم بازرگانە پێویستی بۆ

جێبەجێکردنی کڕین و فرۆتنەکەیان، بە تەلەفۆن و بروسکە و ڕێگای ئاسن و قیرتاو و سەربەستی لە کڕین و فرۆتن و گەلێ شتی تری وا هەیە، ئینجا ئەگەر دەوڵەت ئەمانەیان بۆ جێبەجێ نەکات کڕین و فرۆتنەکەیان پەکی ئەکەوێت و دەستیان ئەبەسترێ، هەروا لە هەموو گەلێکا کشتیار هەن بەزۆری ناتوانن لە پیشەکەیانا پێش کەون و سەرکەون تا پێویستی ژیانیان بەتەواویی بۆ جێبەجێ نەکرێ.

هەروەها هەموو دەستە و کۆمەڵەیەك لە گەل پێویستن بە گەلێ شت لە پێویستانی ژیان، نەخوازەلا پێویستانی تەندروستی وەك ئاوی پاك و خواردنی چاك و خانووبەرەی ڕووناك خەڵکیش کە نەخۆش کەوتن خەستەخانە لە تەنیشت خۆیانەوە بێت، وە لە خەستەخانە دەرمان بکرێت، ئینجا ئەگەر دەوڵەتێك وابوو، ئەوا دادخوایە ئەگینا ستەمکارە. هەروا لەبابەت خوێندنەوە، بەم ڕەنگە هەموو کەسێك لە کۆمەڵە و گەل، بەنێر و مێیەوە، مافی هەیە کە بخوێنێت بەپێی ئامادەیی و تێگەیشتنی خۆی، چونکە ئەگەر یەکێك نەخوێنێت ناتوانێ پێشکەوێ لە ژیانا، وە ناتوانێ خۆی بپارێزێ لە فڕوفێڵی فێڵبازان و زۆر و ستەمی ستەمکاران، وە نازانێ داوای مافی خۆی بکات، کەوابوو هەر دەوڵەتێك کە خوێندن بەخۆڕایی بڵاو بکاتەوە لەناو گەلا، بەڕەنگێك کە هەموو کەسێك بەپێی ئارەزووی خۆی بتوانێ بخوێنێت، ئەو دەوڵەتە دادخوایە، ئەگینا ستەمکارە، ئەگەر یەکێك ویستی بخوێنێت، وە بەم ڕەنگە خوێندنی دەست نەکەوت یا کشتیارێك ئاوی پاکی خواردنەوە، یا خواردنی تەواو، یا جێگای باشی دەست نەکەوت، ئەوە ستەمێکی کۆمەڵایەتییە، وە ئەگەر دەستی بکەوێت دادێکی کۆمەڵایەتییە، کاتێ کە ئادەمیی لە ژێری و بیرا پێشکەوت، وە تێگەیشت کە دادی کۆمەڵایەتی پێویستێکی ناچارییە، تەماشای کرد گەورەترین قۆرت کە لەم ڕێگایەدا، دابەشبوونی داراییە لەناو کۆمەڵەدا بەجۆرێکی نارێك و ناپەسەند، چونکە بەڕاستی ئەم دابەشبوونە زۆر سەیرە تەماشا ئەکەیت یەکێك بە هەزاران هەزار دارایی هەیە، کەچی یەکێکی تر شێوی شەوی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەمەندەکە، ڕەنجێکی وا نادات ، وە هەژارەکە بەخۆی و ژنەکەی و کوڕەکەی و کچەکەی و بووکەکەیەوە هەوڵ ئەدەن و ئەچەوسێنەوە، هەر کۆمەڵەیەك کە ئاوابێ، داراییش ئاوا دابەش بووبێ لە ناویانا، وەك یەکێك وایە کە هەزار کولێرەی پێ بێ، وە بێ ئەوەێ دابەشی بکا بەسەر هەژارانا، ئنجا (٩٩٩)ی بدا بە پیاوێکی ملهوڕی سەڵتی بێ خاو و خێزان. وە تاقە کولێرەیەکەیش بدا بە بێوەژنێکی هەتیوباری دە پانزە سەر خێزان.

زۆر کەس ئیمڕۆ وەك ئەم دوو خێزانە وانە، یەکێك سەد هەزار دۆنم زەوی و زاری هەیە،

یەکێکیش جێگای تاقە گۆڕێکی نییە، یا ژنێك دووسەد پارچە جل و بەرگی جوانی بەنرخی ڕەنگاوڕەنگی هەیە، وە بە حۆقە خشڵی زێڕی داناوە، بۆ هەر ماڵەی دەستە بەرگێك لەبەرئەکات، وە دەستە خشڵێك لە خۆی ئەدات، کەچی ژنێکی تر بە کەواکەی و کراسەکەی و ژێر کراسەکەی گیانی بۆ داناپۆشرێ. جارانی زۆر کۆن وایان زانیوە کە دەوڵەمەندیی و هەژاریی بە خواستی خوایە، وەکەس ناتوانێ دەستی بۆ بەرێت و تێکی بدات هەروەك ڕۆژی زۆر سارد گەرم ناکرێ و ڕۆژی زۆر گەرم سارد ناکرێ، وایان زانیوە کە دەوڵەمەندی و هەژاریش وایە، وە دەوڵەمەند ئەبێ هەر دەوڵەمەند بێت، وە هەژاریش هەر هەژار بێت تامردن، بەڵام ئایینی ئیسلام کە هات ئەم دەستووره بۆگەنەی ڕووخاند، وە دەستی کرد بە نزیك خستنەوەی دەوڵەمەند و هەژار لەیەکەوە، بەم ڕەنگە قاسە و عەماری دەوڵەمەندی شکاند، وەبە ناوی زەکاتەوە خەرج و باجی دانا لەسەر پارە و ئاژەڵ و خواردەمەنی و دانەوێڵە کە دەوڵەت بییانستێنی و خەرجی بکات لەڕێی بەرزکردنەوەی کۆمەڵە و گەل لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە، چ لەبابەت خانوو بەرەیانەوە چ لەبابەت خوێندن و خوێندەوارییانەوە، چ لەبابەت تیمار و تەندروستیانەوە، جگە لەوە کە دەرگای سوودیشی لێ داخستن، وە ڕێی خوێن مژینی لێ گرتن، وە هەژاری کرد بە هاوبەشی دەوڵەمەند لە دارایییەکەیا، وە فەرمووی: (وفی أموالهم حق معلوم للسائل والمحروم) واتە لە ماڵی دەوڵەمەندا مافی هەژار هەیە، بەم ڕەنگە چەند پلەیەك دەوڵەمەندی هێنایە خوارەوە، وە هەژاریشی بردە سەرەوە بۆ ئەوەی نزیکیان بخاتەوە لە یەك.

لەپاشا ئینجا گەلانی پێگەیشتوو، تێگەیشتن کە دارایی لەژێر دەستی دەوڵەت و کۆمەڵەدایە، وە لە هەموو کاتێکا دەوڵەت ئەتوانێ دەستوور و یاسایەکی وا دابنێ کە بەو پێیە لە دارایی دەوڵەمەند وەربگرێ و بیدا بە هەژار، وە ئەندازەیەك دابنێ بۆ دەوڵەمەند کە لەوە دەوڵەمەندتر نەبێت، وە ئەندازەیەکیش دابنێ بۆ هەژار کە لەوە هەژارتر نەبێت.

بەڕاستی هەژار ناژی بە ژیانێکی تۆزێ ڕێکوپێك، تا دەستمایەیەکی باشی بەدەستەوە نەبێت، کە بەشی دەرمان و پەزیشکیان بکات، کاتێك کە نەخۆش کەوتن، وە بەشی خوێندنیان بکات ئەگەر ویستیان بخوێنن.

هەزاران دەوڵەمەندی وا هەن زیاد لە خۆیان و ماڵ و منداڵیان بە هەزاران دیناری داناوە بێ ئەوەی کە پێویستی بێت، ئینجا ئەمە گەورەترین گرێ کوێرەیە کە لە جیهاندا، پێویستە لەسەر دەوڵەتان لەم جۆرە دارایییانە، دادی کۆمەڵایەتی ببەنە پێشەوە، هەروەك هێندێکیان دەرمانی ئەم دەردەیان کردووە، بەم ڕەنگە دەست ئەگرن بەسەر دارایی

کۆمەڵەو گەلا، وە دابەشی ئەکەن بەسەر یەکەیەکەیانا، هەریەکەی کۆمەڵەو ئیش کردن و هەڵسووڕانی لە خزمەتی کۆمەڵەدا، وە بەپێی بەهرەو ئەو کارەی کە پێی سپێرراوە، یا خەرج و باجی سەرکەوتنی (زەریبەی تصاعدی) دائەنێت لەسەر دەوڵەمەندان بەجۆرێکی وا کە دەوڵەمەند نەتوانێ لە ئەندازەیەك زیاتر دەوڵەمەند بێت و قازانج و سوود وەرگرێت، وە ئەوەی کە لێشیان ئەسێنێت، خەرجی ئەکات لە خوێندنی خۆڕایی و دروستکردنی خانوو بۆ هەژاران و کرێکاران و شکاندنی نرخی پێویستانی ژیان و دروستکردنی خەستەخانەو تیمار کردنی خۆڕایی و گەلێ شتی تر، ئنجا بەم ڕەنگە دادی کۆمەڵایەتی بلاوئەکەنەوە، وە چینەکانی گەل لە یەکتریی نزیك ئەخەنەوە.

***

## پێغەمبەر و ئایینی ئیسلام

یەکێك ئەگەر بە دڵێکی پاك و ڕووناکەوە وردببێتەوە لە مێژووی ئادەمی بەتێکڕایی، وە لە دەوڵەتی فارس و روم لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بەتایبەتی لە پێش ئیسلاما ئەبینێ کە کۆمەڵی ئادەمی بەجارێ پڕوپووچ پەرست و چاوبرسی و دەست و دڵ و داوێن پیس بوو، جیهان بووبوو بە بازاڕی ئاشوفتەو پەشێو، وە بە سەیران گاهێکی خوێناوی، لەلایەکەوە بت یا ئاگریان ئەپەرست، لە لایەکی ترەوە سجدەیان ئەبردە بەر ڕۆژ یا ئەستێرە، خۆشەویستی لە دڵانا نەمابوو، هەر خوێنی مەردوم بوو بە ناڕەوا ئەڕێژرا، هەر ماڵی ئەم و ئەو بوو بە خۆڕایی تاڵان ئەکرا، پیاوە گەورەکان و کاربەدەستەکان، هەمیشە خەریکی دنیا دارایی و پارە کۆکردنەوە و دروستکردنی کۆشك و تەلاری بەرز بوون، بە مووچە و مانگانە و دەسکەوتەکەی خۆیان دانەئەکەوتن، بەڵکو دەستی زۆر و ستەمیان درێژ ئەکرد بۆ ماڵی مەردوم، هەر ڕۆژە بەهانەیەکیان پێ ئەگرتن، وە هەر ساتە گوومرگ و خەرج و باجێکیان لەسەر زیاد ئەکردن، دەوڵەمەندی زۆردار هەمیشە لە بیری داگیرکردنی زەوی و زار و ئەرز و ئاو و دارایی مسکێنی هەژارا بوو، خەریکی داوێن پیسی، وە لە بیری دەستدرێژیدا بوو، بۆ سەر و ماڵ و ناموسیان، پیاوە زۆردار و گەورەکان بەجۆرێکی وا مسکێن و هەژارەکانیان هەڵ ئەسووڕان لە ئیش و کار و بێگاری خۆیانا هەر ئەت وت وێنەی سینەمان و لەودیو پەردەوە هەڵ ئەسووڕێنرێن، مسکێن و هەژار وا تێ گەیەنرابوون کە خوا ئەمانی وەك ئاژەڵ بۆ ئەو گەورە زۆردارانە دروست کردووە.

زانا و پێشەوایانی ئایینیش لەترسی ئەوەی نەوەك کۆمەڵە و گەل لە خەوی بێ هۆشی بێدار ببێتەوە، وە لەژێر پەردەوە تروسکەی ڕووناکی و ڕێگای ڕاست ببینن، ئەهاتن هەمیشە پەند و ئامۆژگاریی پڕوپووچیان ئەکردن، وە پەردەی هیچ و پووچیان بەسەر چاو و دڵیانا ئەهێنا. وە پێیان ئەوتن کە ئایین دوژمنی ژیریی و بیرە، بەکورتی ئەمڕۆ کە ڕۆژی زانین و زانیاری و سەدەی بیستەمە ببینە کە جیهان چۆنە ئەو حەلە تێ ئەگەیت کە هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوپێش ئادەمی چە جانەوەر و دڕندەیەك بووە!!

هۆزی عەرەبیش لە هەمووان خراپتر، هەر دەمە خێڵێك ئەیدا بەسەر خێڵێکی ترا و تاڵانی ئەکردن و خانووی ئەسووتاندن و پیاوی ئەکوشتن و ژنی هەڵ ئەگرتن، لەبەر نەنگ و بەدناویی کچیان زیندەبەچاڵ ئەکرد، وە لە ترسی هەژاری کوڕی خۆیان

ئەکوشت، بتیان لە خورما دروست ئەکرد تا ئەیان توانی ئەیان پەرست، کە لەگەڵ برسییان ئەبوو ئەیان خوارد.

لەم کاتی تەنگ و چەڵەمەیەدا، وە لەم ڕۆژگاری ڕەش و ناهەموارییەدا، وە لەم شەوی تاریك و ئەموستەچاوەدا، خوا ویستی ڕووناکییەك لە کۆمەڵی ئادەمیی بکاتەوە، وە لەم گێژاوە ڕزگاریان بکات، وە پێشەوایەکیان بۆ بنێرێ کە بە زبانی شیرین و گوفتاری ڕەنگین شەوی تاریکیان بۆ ڕووناك، وە ڕێگای چەوتیان بۆ ڕاست، وە چاك و خراپیان لە یەك بۆ جیابکاتەوە، بەم ڕەنگە لە شاری مەکە کە ناوەڕاستی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایە، دواترین پێغەمبەری هێنایە ڕووی کار، بەلام بەچرایەکی ڕووناکی خواییەوە کە هەموو جیهانی ڕووناك کردەوە، کام پێغەمبەر؟ پێغەمبەرێکی سەنگین و گرانی دڵ فراوانی، گیان پاکی، دەروون ڕووناکی، زبان شیرینی، ناوچەوان ڕوونی، ئازای بەجەرگی، مەردی، نەبەردی، ڕاست گۆی، بێ دەماری، گۆیای، بیربەرزی، خۆشخووی، ڕەوشت جوانی، بەهێزی، نەترسی، چاوقایم.

ئەم پێغەمبەرە پێشەکی خوای بە مەردوم ناسی، وە ڕیشەی دەرهێنا لە بن، وە پێی فەرموون: «فاعلم انە لا الە الا اللە» واتە بزانە کە هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نییە تەنیا خوا نەبێ. وە چرای تاك و تەنیایی خوای بە جۆرێك هەڵگیرساند کە بت پەرستەکانی هەموو جیهانی ئەمڕۆ، ڕۆژبەڕۆژ ڕووەو تاك و تەنیایی ئەڕۆن، وە لە هاوبەش پەیداکردن دوور ئەکەونەوە.

دووهەم ئیعلانی مافی ئادەمی کرد، وە بانگی کۆمەڵی ئادەمی کرد بەهەموو تیرە و بنەچە و نەتەوەیەکییەوە، وە پێی وتن «یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند اللە اتقاکم» واتە ئەی کۆمەڵی ئادەمی! ئێمە ئێوەمان دروست کردووە لە نێر و مێیەك، وە کردوومانن بە تیرە تیرە و هۆبە هۆبەی زۆر بۆ ئەوەی کە یەکتری بناسن و یارمەتی یەك بدەن، نەك دوژمنایەتی بکەن و شانازی بەسەریەکا بکەن، وە خۆشەویستترینتان لای خوا ئەوەتانە کە زۆر لە خوا بترسێ وە لە دەستوورو باوی دەرنەچێ. بەم ئایەتە گەورە سەر کۆمارەکانی هێنایە خوارەوە لە ئاسمانی گەورەیی فیزەوە بۆ سەر زەویی یەکسانی و بێ دەماری، وە کردنی بە هاودەم و هابەشانی هەژاران، نەخوازەلا کە لە ڕیزی جمعە و جەماعەتا شان بەشانی یەك ڕاگرتن، وەشانازیی بەناو و باپیر و دەوڵەت و دارایی هەڵگرت لەناوا، وە نرخ و بڵندیی هەموو کەسێکی بەستەوە بە جوانی و بەرزی کردەوەی خۆیەوە. لەپاشا واسطەی هەڵگرت

لە بەینی خوا و بەندەگانا، وە مەردومی تێگەیاند کە هەموو کەسێك ئەتوانێ بە بێ واسطە هاوار لە خۆی بکات، وەك قورئان ئەفەرمووێ: «واذا سألك عبادي عني فاني قريب، اجيب دعوة الداع اذا دعانى» واتە هەردەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت لە من (ئەی پێغەمبەر) بێ گومان من لێیانەوە نزیکم، گیرا ئەکەم نزای نزاکاران کاتێك کە بانگم بکەن.

بەم ڕەنگە نانی ئەو کەسانەی بڕی کە دەلاّلییان ئەکرد لە ناوەندی خوا و بەندەگانا، وە تکایان بۆ ئەکردن لای خوا، وە بە گەز بەهەشتیان پێ ئەفرۆشتن، وە بەم ڕەنگە ئایینی ئیسلام دەرگای لە ژیری و بیری ئادەمی کردەوە، وە دەری هێنا لە زیندان، وە پاکی کردەوە لە هەموو جۆرە ژەنگێك، وە ئادەمیی گەیاند بە پلەیەك کە ئیتر سەر دانەنەوێنێ لەم جیهانەدا بۆ هیچ کەسێك تەنیا بۆ خوا نەبێ، وە هیچ شتێك بە کاریگەر نەزانێ تەنیا خوا نەبێ. ئەو دارەی کە پێغەمبەر لەژێریا پەیمانی بەست لەگەڵ هاوڕێکانی کە پێی ئەڵێن «بیعة الرضوان»، وە خوا باسی ئەکات لە سوورەتی «فتح»دا، کە ئەفەرمووێ: «لقد رضي الله عن المؤمنين اذ يبايعونك تحت الشجرة» واتە بەڕاستی خوا خۆشنوود بوو لە موسڵمانەکان لە کاتێکا کە لەژێر درەختەکەدا پەیمانیان لەگەڵ بەستیت– دوای کۆچی پێغەمبەر هاوڕێکانی پێغەمبەر لەژێر ئەو درەختەدا دائەنیشتن بۆ پیرۆزی، حەزرەتی عومەر کە پێی زانی ناردی دارەکەیان بڕی تا جارێکی تر کەس لەژێریا دانەنیشێ بەو ناوەوە، وەیادی بت پەستی و دار پەرستی تازە نەکاتەوە، وە لە خوا بەو لاوە هیچ شتێکی تر بە خاوەن دەسەڵات نەزانرێ.

بەم ڕەنگە ئایینی ئیسلام ئادەمی ڕزگار کرد، لە پەرستنی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و دار و بەرد و گۆڕو پیر و جێ نزارگە، وە لە بەندەگیی ئەم و ئەو پچڕییەوە.

بانگی ژیری و بیری کرد، وە لە خەوی بێهۆشی بێداری کردەوە، وە هەر کۆت و زنجیرێك کە لە دەست و پێیا بوو هەمووی شکاند، وە لە چل و هەشت شوێن لە قورئانا ناوی ژیری و بیر ئەبات وە ڕووبەڕووی خۆی دای ئەنێ پێی ئەڵێ «افلا تعقلون. لعلكم تعقلون. ان كنتم تعقلون، افلم تكونوا تعقلون. وما يعقلها الا العالمون» .

هەروەها شرینقەی گەورەیی و پایەبەرزی دا لە ئادەمی، وە تێی گەیاند کە لە هەموو دروستکراوێکی خوا بەرزتر و تێ گەیشتووترە، وە جێنشینی خوایە لەسەر زەوی، وە ئەم جیهانەی بە ئاسمان و زەوییەوە بۆ ئەو دروست کردووە، تا بە زانایی و دانایی خۆی

رامی ژێردەستی خۆی بکات، وە بەهرەی لێ وەرگرێ، وە پێی  وت: «وسخر لکم الفلك لتجري في البحر بأمره، وسخر لكم الانهار، رسخر لكم الشمس والقمر دائبين، وسخر لكم الليل والنهار» .

واتە کەشتی بۆ ڕام کردوون تا لە دەریادا بێت و بچێ بە فەرمانی خوا، وە ڕامی کردووە بۆتان چەم و ڕووبارەها، وە ڕامی کردووە بۆتان ڕۆژ و مانگ لەکاتێکا هەمیشە بەرودوای یەك دێن، وە ڕامی کردووە بۆتان شەو و ڕۆژ.

بەم ڕەنگە ئادەمی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، جاران کە ئەستێرە و ڕۆژ و مانگی بە خوا ئەزانی و ئەی پەرستن، ئێستا لە سایەی قورئانەوە هەمووی بە خزمەتکاری خۆی ئەزانێ.

داوای کرد لە هەموو کەسێك کە بەپێی تەوانا ئیش بکا و هەڵسووڕێ، وە هەوڵ و تەقەلاّ بدات، بۆ دین و دونیای خۆی، وەپێی فەرموون: « وان ليس للانسان الا ما سعى » واتە هەرچی ئادەمی بە ڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان پەیدای نەکات دەستی ناکەوێ، کەواتە خۆشی و ناخۆشی و بەرزی و نزمی و، سوودو زیانی هەردوو جیهان بەستراوەتەوە بە هەوڵ و تەقەلاّی ئادەمییەوە، وەهەرچی ئادەمی خۆی پەیدای نەکات دەستی ناکەوێ. بەم ڕەنگە ئایینی ئیسلام هیوا و ئومێدی خستە بەر ئادەمی، وە ڕێگای بەربەرەکانێ و هەوڵ و تەقەلاّی نیشان دا، وە پەیژەی هیوا و ئاواتی بۆ دانا، تا بە پلەی خۆشی و خۆشبەختیدا سەرکەوێ بۆسەر چلەپۆپەی ژیانی هەردوو جیهان.

ئایینی ئیسلام پەردەی لەسەر ژیری و بیر لابرد، وە تێی گەیاند کە هەرچی ڕووبدات لەم جیهانەدا، هیچی بەگۆترە و ڕێکەوت نییە، بەڵکو هەمووی بەپێی دەستوور و بارێکی تایبەتییە کە خوا دایناوە، وەکو ئەفەرمووێ: «سنة الله التي قد خلت من قبل  ولن تجد لسنة الله تبديلا» واتە ئەمە باوی خوایە لە هەموو ڕۆژێکا، وە لەناو هەموو گەلێکا پایەدار بووە، وە (بزانە) کە باوی خوا هەرگیز تێك ناچێ. واتە خۆشی، ناخۆشی، ساغی، نەخۆشی، هەژاری، دەوڵەمەندی، سەرکەوتن، دواکەوتن هەمووی لەڕووی ئەسبابی خۆیەوەیەتی، لەبەرئەوە هەرگیز نەبووەو نابێ یەکێك یا گەلێك کە مردبێ و دواکەوتبێ، هەر لەخۆیەوە زیندوو بێتەوە و پێش کەوێ، هەروەك نەبووە یەکێك یا گەلێك کە زیندوو بێ و لە پێشەوە بێ، هەر لەخۆیەوە ڕووخا بێ و مردبێ، وەکو ئەفەرمووێ: «ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بانفسهم».

واته بەڕاستی خوا حاڵی هیچ گەلێك ناگۆڕێ (لە باشی یا لە خراپی) تا خۆیان نەیگۆڕن. کەوابوو ئەی موسڵمانینە تێ بگەن و بێداربنەوە. قورئان لە هەزار لاوە ئامۆژگاریمان ئەکات ترسمان ئەنێتەبەر، لە هەمووان گرنگتر ئەم ئایەتەیە کە ئەفەرمووێ ( واعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم وآخرين من دونهم لا تعلمونهم الله يعلمهم ) واتە ئێوە–ئەی بڕواداران –تا ئەتوانن خۆتان ئامادەبکەن بۆ ڕۆژی جەنگ لەگەڵ دوژمنانی خوا و خۆتان وە ترساندنی ئەو دوژمنانەی تر ئێستا ئێوە نایانناسن و خوا ئەیان ناسێ.

# فەلسەفەی یەکێتیی کۆمەڵ و زمان[١]

ئادەمی ئەگەر باش وردبێتەوە، تێ ئەگات کە تاقە مرۆڤێکی تایبەتی، دروست کراوە لە چەن سروشتێکی جویێ جویێ، کە تین و تەوژمی هەر یەکێکیان، پێچەوانەی تین و تەوژمی ئەوانیکەی ترە، وە ڕێك خراوە لە چەن ئەندام و پارچە و پەلوپۆیەك، کە ئەندازە و تەحری هەریەکێکیان جویێیە لەویکەی تر، بەڵام گیانی ڕەوان لە ئادەمیدا ئەم هەموو سروشت و پارچانەی بەیەکەوە بەستۆتەوە، بە ڕەنگێکی وا کە گشتیانی خستووەتە یەك وێنەوە– کە وێنەی ئادەمییە– وە هەر پارچەیەکی بۆ خزمەتێك، وە هەر ئەندامێکی بۆ کارێکی تایبەتی تەرخان کردووە، وە هەریەکەی جۆرە جووڵانەوە و پیشەیەکی داوە بەسەرا، وە هەریەکێکی لەو پارچانە کردووە بە خزمەتکاری هەموو جەستەکە، وە ئەندامەکانی دەر و ناوی ئامادە و خەبەردار کردووە بۆ ڕاکێشانی قازانج و سوود، وە بۆ فڕێدان و دوورخستنەوەی هەر شتێك کە زیان بگەیەنێ بەجەستە، وە لە یەکی هەڵ وەشێنێ، ئەمانەشی کە کردووە بۆ ئەوەیە کە ئەم تاقە ئادەمییە، چەن ڕۆژێك بژی و پایەدار بێ.

تا ئەم گیانە لە ئادەمیدا بەهێزتر بێ، ئەندامەکان باشتر ئیش ئەکەن، وە سروشتە جویێ جویێکان، چاکتر یەك ئەکەون و هەڵ ئەسووڕێن، بەڵکو گیان بەهۆی هێزی کشندە «قوەی جاذبە»یەوە، شتی بێ گیانی وەك خواردەمەنی لە هەموو لایەکەوە ئەهێنێ و ئەینووسێنێ بەجەستەکەیەوە، وە لەگەڵ ئەندام و پارچەکانیا ئەیخاتە کارو یارمەتی ئەوانی پێ ئەدات. هەردەمێ ئەم گیانی ڕەوانە، ڕوو لە کزی و کوژانەوە بوو، بەرە بەرە ئەم یەکێتی و یەککەوتنی سروشتە و پارچانە نامێنێ، وە دۆستایەتی و ئاشنایەتییان ئەبێ بە دوژمنایەتی و ناکۆکی، بە ڕەنگێکی وا لەپاش چەن ڕۆژێکی کەم هەمووی لە یەك هەڵ ئەوەشێن، وە هەر یەکەی ئەچێتەوە سەر بنیاتەکەی خۆی، وە ئەو ئادەمییەی کە تا دوێنێ بوو شتی لە هەموو لایەکەوە ئەهێنا و ئەی نووساند بە جەستەی خۆیەوە، ئەمڕۆ خۆی ئەبێ بە خۆراکی مشك و مار و ئەنووسێ بە ئەندامی گیانداری زیندووی، ترەوە، وەخزمەتی گیانلەبەرێکی تر ئەکات، وە جەستەی قەڵەو و پتەو ئەکات.

---

(١) بەشی زۆری ئەم وتارە لە وتارێکی فارسی سید جمال‌الدینی افغانی وەرگیراوە، وە لە ژمارەی (٩)و (١٠)ی ساڵی (٨)ی گۆڤاری گەلاوێژا بڵاو کراوەتەوە.

لە پاش ئەم یەکێتی خۆیی«وحدتی شخصی»یە ئینجا یەکێتی خێزانی «وحدتی عائلە» دێتە پێشەوە، کە لە تاقە خانوویەکدا باوك و دایك و کوڕو کچ کۆبنەوە، گیانی ڕەوان مایەی ژیانی ئەم یەکێتییە کە بەیەکیانەوە ئەبەستێ و ئەیانخاتە گەڕ– خزمایەتی و خوێشایەتی نزیکە، ئەندامی ئەم کۆمەڵە بچکۆڵەیە، هەر چەند بەدیمەن، هەر یەکەی لە ئـاوازێك ئـەخـوێنـێ، وە هـەریـەکـەی جـۆرە ئـامـانـج و ئـارەزوویـەکـی هـەیـە، وە هـەریـەکـە بەلایەکا هەڵ ئەسووڕێ و ئیش ئەکات، بەڵام بەڕاستیی هەموو لایەکیان عەوداڵی یەك شتن، وەك ڕاکێشانی قازانج و سوودی خێزانەکە و دوورخستنەوەی زیان و ناخۆشی بێ لە یەکتری، وە هەریەکێکیان خزمەتکاری ئەوانی ترن ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەم تاقە خێزانە چەند ساڵێك بەخۆشی و بەیەکێتی پێکەوە بژین.

هەردەمێ ئەم خزمایەتییە دوور کەوتەوە، یەکێتیی خێزانی نامێنێ لە ئارادا، ئەوحەلە ئینجا یەکێتیی تیرەیی «وحدتی عشیرت» دێتەڕوو، کە لە ناوچە و قەڵەمڕەوێکا، چەند خێزان و ماڵێك، بە ناوی تیرە یا هۆزێکەوە، کۆئەبنەوە، گیانی ڕەوان و مایەی ژینی ئەم یەکێتییە خزمایەتییە، چە دوور، چە نزیك، وە بەبۆنەی ئەم خزمایەتییەوە، هەموو لایەکیان خۆشەویستیی یەکتریان ئەبێ، وە دەست ئەدەنە دەستی یەك، وە بە کۆمەڵی، هەوڵ ئەدەن، بۆ قازانج و سوودی خۆیان وە بۆ دوورخستنەوە و دەست نان بە هەموو جۆرە ئاشووبێکی ڕۆژگار و چەپۆڵەیەکی چەرخی کەچ ڕەفتار، کە ڕوویان تێ بکات، بەڵکو هێندێ جار لەگەڵ هۆز و تیرەی دراوسێشا یەك ئەکەون و قسە ئەکەن بەیەك، وە هەمیشە هەوڵ ئەدەن بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی خۆیان، وە بۆ دەوڵەمەندی و دەستداراییان، ئەگەر تیرەیەکی تر یەکێکیان لێ بکوژێ، یا زیانێکیان پێ بگەیەنێ، هەموو بەجارێ ئەبن بە دوژمنی ئەو تیرەیە، وە هەوڵ ئەدەن، بۆ تۆڵە لێ سەندنی.

ئەم دەستوورەش بۆ ئەوەیە، کە ئەم تیرەیە بتوانێ لەناو تیرەکانی دراوسێیا، چەن ساڵێ، بەئاسایش و سەربەرزی بژیی، وە لەناویانا دەمڕاست و سەربەرز و قسەڕەوا بێ.

لەپاش ئەم یەکێتی تیرەیە، ئینجا یەکێتی گەلی «وەحدتی قومی» دێتە پێشەوە، وە ئەم یەکێتییە، گیانێکی وای نییە کە مایەی ژیانی بێ، یەکێتی زبان نەبێ، بەڕاستی ئەم یەکێتیی زبانە، ریشتە و شیرازەیەکی زۆر قایم، وە پەیوەندی و خۆشەویستییەکی زۆر بەهێزە، وەمایەی خۆشەویستی و یەککەوتنێکی زۆر بەتینە، وە هەر زمانە کە چەند تیرە و هۆز و ئێلێك لەم پەڕو لەوپەڕی وڵاتەوە بەیەکەوە ئەیان بەستێتەوە، وە هەرچی تیرە و

هۆز و خێڵ و نەتەوە و بنەچەیەك هەیە- كە هەریەكەی لە وڵاتێكە، و هەریەكەی لە ئاوازێك ئەخوێنێ، وە هەرلایەی جۆرە ئامانج و مەبەستێكی هەیە- لەژێر یەك ئاڵادا- كە یەكێتی گەلییە- گردیان ئەكاتەوە، وە بۆ یەك مەبەست ڕایان ئەكێشێ و ئەیان بات، وە هێزی پچڕپچڕی پەراگەندەیان كۆئەكاتەوە، وە هەموو بەجارێ بۆ ڕاكێشانی قازانج و سوودی تێكڕایی كۆمەڵەكەیان، وە بۆ دەست نان بەهەموو جۆرە ژیانێكییەوە، تێ ئەكۆشن و قسە ئەكەن بەیەك، تا لە پاشا كاڵای سەربەستی و سەربەخۆیی ئەپۆشن، وە تاجی شاهەنشاهی ئەكەنە سەر.

لەناو ئادەمیدا ریشتەیەك كە بازنە «دائرە»كەی گەورەو بەرین «واسع» بێ، وە مەردومی زۆر بنووسێنێ بەیەكەوە دوو شتە، یەكەم یەكێتی زمان كە باسمان كرد، دووهەم یەكێتی ئاین هەمیشەیی «دائمی»ترە، چونكە ئەگەر وردبینەوە ئەبینین هەموو گەلێك ئەوەتی هەیە تائێستا چەند جار ئایینی خۆی گۆڕیوە، بەڵام زمانی خۆی نەگۆڕیوە مەگەر بەدەگمەن.

زۆر لە زانایانی فەلسەفە بەلایانەوە وایە كە ریشتەی زمان لە ریشتەی ئایین بەهێزترە، چونكە دوو كەس ئەگەر لە ئایینا یەك و لە زمان جوێ بن هەرگیز لەیەك ناگەن، وە بەتەواوی بەیەكتری دڵیان ناكرێتەوە، باساڵەهای ساڵیش پێكەوە بن، بەرامبەری یەكتری خواپەرستی بكەن، بەڵام ئەگەر لە زمانا یەك بن با لە ئایینیشا جیابن هەر كە دەمیان گەیشتە یەك، وە بە زمانی یەك قسەیان كرد، ئیتر ئەبن بە برا، جا لەبەر ئەمانەی كە وتمان، شایستەیە بۆ یۆنانییەكی گاور، بەبۆنەی یەكێتی زمانەوە، شانازی بكات بە (افلاطون)و (ارسطو)و (سقراط)ی بت پەرستەوە، بەڵام بۆ گاورێكی هیندستانی نابێ، كە بەهۆی یەكێتی ئایینەوە شانازیی بكات بە (نیوتن)و (گلیلو)ی گاورەوە.

ئەم یەكێتی كۆمەڵایەتییە، كە لە یەكێتی زمانەوە پەیدا ئەبێ كە بەهێز بوو، ڕۆژ بەڕۆژ، وە كەم كەم، خواە ناخوا، بێگانانی ناتەوانان ئەهێنێ و ئەیان نووسێنێ بەخۆیەوە، وە لە زبان و دەستوور و باوی خۆیان دووریان ئەخاتەوە، وە بە زبان و باوی خۆی ئارایشیان ئەدات، وە لە قازانج و سوودی خۆیا هەڵیان ئەسوورێنێ، بەڵام كە ئەم یەكێتییە بەهێز نەبوو، ئەوحەلە ئینجا ئەم ئەنووسێ بە ئەندامی گەلێكی بەهێزتری وریاترەوە، وە لە كوورەی ئەوا ئەتوێتەوە، وە لەڕێی ئەوا سەری خۆی دائەنێ.

ئەم هەموو قازانج و سوودەی كە لە یەكێتی گەل و زبانەوە پەیدا ئەبێ، وە لەپێشەوە

باسمان کرد، کاتێ ئەبێ کە زبانی گەل لەوانەبێ کە بتوانێ چاودێریی گەلەکە بکات، کاتێکیش زبان ئەم چاودێرییە ئەکات کە هەموو زاراوەیەکی فەنی و زانیاری و وێژەیی ببێ، وە هەموو جۆرە وتەیەك کە چینەکانی ئەو کۆمەڵە لە نووسین و قسەو گفتوگۆو شیعردا پێویستی بن تیابێ، کام چین؟ ئەوانەی کە مایەی ئاوەدانی و پایەداری و بناغەی شارستانێتین، وەك دەستەی ئەو زانایانەی کە زانینی بە کەڵك بڵاوئەکەنەوە، وە ئەو پیشەگەرانەی کە پیشەکەیان لەسەر بناغەی زانین دائەمەزرێنن، وە ئەو خاوەن کشتوکاڵانەی کە بە پێی زانین بە کشتوکاڵەوە خەریکن، وە ئەو بزانانەی کە بۆ دانانی دەستوور و یاسای جوان هەوڵ و تەقەلا ئەدەن، وە ئەو دانایانی سیاسییەی کە هەمیشە چاودێری و ئاگاداری گەل و نیشتمان ئەکەن، وە تێکەڵی هەموو جۆرە پەیمان«معاهدە»ێك ئەبن لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانەدا، وە ئەو شاعیر و وێژەرانەی کە بە شیعری ڕەنگین و نووسینی شیرین ڕەوشت و خووی جوان ئەڕوێنن لە دڵ و دەروونی کۆمەڵەدا، وە بەچرای خوێندەواری شەوی تاریکیان بۆ ڕووناك ئەکەنەوە، وە ئەو زانایانەی کە لە زانین پەروەریی فێرکردن «تربیە وتعلیم» پسپۆڕو سەرکەوتوون، وە ئەو بازرگانانەی کە بناغەی بازرگانییەکەیان دائەنێن لەسەر بنیاتی پاشەکەوتی وڵاتەکەیان، وە ئەو بلیمەتانەی کە شتی بەکەڵك دائەهێنن و دروستی ئەکەن بۆ گەلەکەیان.

هەرگەلێك ئەم دەستە و خێزانانەیان تیا نەبێ، پێویستانی زیندەگانییان نابووت و ناتەواو، وە بناغەی کۆمەڵایەتییان لەسەر با ئەبێ، وە یەکەیەکەی ئەو گەلە بەناچاری بەگەلێکی ترەوە ئەنووسێ، وە کالای ئەو بە بەرخۆیا ئەکێشێ، بێ گومان بوون و مانەوەی ئەم چینانە کاتێ ئەبێ کە زبانی ئەو گەلە هەموو زاراوەیەکی پێویستی ببێ، وە هەموو جۆرە وتەیەکی تیابێ، چونکە ئەم دەستانە بە بێ کەڵك گەیاندن و کەڵك وەرگرتن «افادە واستفادە» نابن، کەڵك گەیاندن و کەڵك وەرگرتنیش بە بێ زبانێك کە وتمان نابێ.

کەوابوو پێویستە لەسەر زانایان و دانایانی هەموو گەلێك لەپێش هەموو شتێکا هەوڵدان بۆ پەرە پێدانی زبانەکەیان، وە بەپێی پێویستی پیشە، وتە لە مەبەستی زۆرا بەکاربێنن، بەڵام لەگەڵ ئاشنایەتی مەبەستی راستی «مناسبە معنای حقیقی» یا لە زبانێکی نزیك کە مناسبەی لەگەڵ زبانەکەی خۆیانا ببێ وتەی لێ وەرگرن، وە لە جێگای خۆیا بەکاری بێنن، وە ئەگەر هەر چارە نەبوو لە زبانی بێگانان بەپێی پێویست وشە وەرگرن، بەڵام بەو مەرجەی کالای خۆیانی پێ بپۆشن، وە بیخەنە شێوەو ئاهەنگی

زبانەکەی خۆیانەوە، تەماشاکەن گەلی عەرەب لەگەڵ ئەو زبانە فراوانەی کە هەیەتی، کەچی گەلێ وتەی کوردی و فارسی و قبطی و کلدانی وەرگرتووە، وەکاڵای خۆی پێ پۆشیوە، وەك وتەی [جناح، جوز، سروال، ساذج، جوالق، بابونج، باشق، بوتقە، نموذج، جوارب، أرجوان، طازج، بنفسج، خندق، قیروان] کە وەرگیراون لە وتەی [گوناح، گەوز= گوێز، شەرواڵ، سادە، جەواڵ، بابوونە، واشە، بۆتە، نموونە، گۆرەویی، ئەرخەوان، تازە، بنەوشە، کەندن، کاروان].

لەمەوە دەرکەوت کە خوێندن و نووسین و زانینی هەموو جۆرە زانیارییەك پێویستە بۆ هەموو گەلێك بە زبانی خۆی بێ، چونکە تا وابێ بناغەی ئەو زانین و زانستییە لەناو ئەو گەلەدا بەهێزترو پایەدارتر، وە وەرگرتنی ئاسانترو تێکڕایی تر ئەبێ، وە لە مێشك و بیرا باشتر و زۆرتر ئەمێنێتەوە، وە زانایان و خوێندەوارانی دانایان و بەرزی زۆرتر ئەبن، وە دەرگای خۆشبەختی لە هەموو لایەکەوە باشتر ئەکرێتەوە و ئەکەوێتە سەر پشت، وە بە ساڵەهای ساڵ ئەو خوێندەوارییەی کە هەیە هەڵ ناگیرێتەوە، ئەو گەلە ئەگەر زەبوونیش بێ و سەربەخۆیش نەمێنێ، نەوەو وەچەکانی لەپاش هەزار ساڵیش بێ، ئەتوانن لە کتێب و نووسراوی باو و باپیر و پێشینانیان بەهرە وەرگرن، وە دووبارە گەلە مردووەکەی خۆیان زیندوو بکەنەوە، وە بەرەبەرە خۆشی و خۆشبەختی و بەرزی و سەربەرزی و، دەستدارایی خۆیان بهێننەوە ژێر دەستی خۆیان. بەڵام ئەگەر زانین و زانستی لەناو گەلێکا بە زبانی خۆی نەبوو، ئەوحەلە بەگۆڕان و تێکچوونێکی گەلەکە، وە چەند ڕۆژێکی کەما ئەو زانین و زانستییە هەمووی ون ئەبێ و ئەبێ بە هیچ، وە گەلەکە بە نادانی و نەخوێندەواری ئەمێنێتەوە، وە لە کتێبخانەکانی باو و باپیریان – کەبە زبانی بێگانان نووسراون– بەهرەیەك وەرناگرن.

نابینن یۆنانییەکان چونکە کتێب و نووسین و زانستییان هەموو بە زبانی خۆیانە ئێستاش، واتە لەپاش هەزاران ساڵ، وە لەدوای کزیی و زەبوونی و مردن و نەمانی فەلاسفە و حکماکانیان لە تەماشاکردنی کتێبەکانیان ئەتوانن بەهرەمەند و پەند پەزێر ببن، بەڵام ئێرانییەکان هەرچەن لە کاتی ئەشکانییەکانا سێ سەد ساڵ هەرچی کتێب و نووسین و زانستییان بووە هەمووی بە زبانی یۆنانی بووە، تەنانەت فەرمانی پادشاهی و سکەی زێڕ و زیویشیان هەر بەو زبانە بوو، بەڵام چونکە زبانی خۆیان نەبووە، بە نەمانی یۆنانییەکان زبانەکە نەما، وە میرات و کەلەپوورەکەیان بێ کەڵك و بێ بەهرە مایەوە.

کەوابوو ئاشکرا و نمایان بوو، کە خۆشبەختی نابێ بە بێ سەربەخۆیی، سەربەخۆیش نابێ بە بێ زبان، زبانیش پێی نالێن زبان تا هەرچی وتە هەیە- کە پێویستی هەموو جۆرە خاوەن پیشەیەك بێ- بەتەواوی تیا نەبێ.

هەرگەلێك بە دووربینی بیر کردنەوە ورد ببێتەوە لە ڕۆژگاری ئایندە و ڕەوندە، وە بە وردیلەبین «ذرەبین»ی قووڵ کردنەوە تەماشای چۆنیەتی و بەسەرهاتی گەلانی ئێستا و ڕابووردوو بکات تێ ئەگات کە لە هەموو شت پێویستتر بۆ مانەوە و بەرزبوونەوەی گەل خوێندنە لە قوتابخانە و زانستگادا و زانستییە بە زبانی ئەو گەلە وە وەرگێڕانی هەموو جۆرە زانینێکی تازەیە بە زبانی خۆیان.

مەبەس کە گەیشت بەم پایەیە ئینجا ئەتوانم بڵێم ئەی گەلی کورد! کوا فەرهەنگتان؟ کوا دەستووری زبانتان؟ کوا نامەخانەتان؟، کوا گۆڤار و ڕۆژنامەتان؟ ئایا نەنگ و بەدناوی نییە ئەمڕۆ چەند سیپارە و نامیلکەیەك نەبێ هیچی ترمان نییە بە زبانی خۆمان، لە کاتێکا کە هەموو گەلێکی تر بە سەد هەزاران کتێبی چاپکراویان هەیە بە زبانی خۆیان؟ ئایا جێی سەر سووڕمان نییە کە زانینی تازە هەموو جیهانی داگیر کردووە، کەچی هێشتا هیچی بە زبانی کوردی وەرنەگیراوە؟ ئایا جێی داخ و خەفەت نییە کە خوێندەوارانی کورد نە کۆنەکانیان کەلەپوورێکی نووسینیان بۆ بەجێ هێشتین، وە نە تازەکانیان شتێکیان بۆ پێکەوەناین؟

ئایا نازانن ئەگەر خوێندەواری لەناو گەلێکا بە زبانی خۆی نەبێ، تێکڕایی نابێ، کە تیکڕاییش نەبوو پایەدار نابێ، زانینێ کە بە زبانی بێگانە بێ چۆن پایەدار ئەبێ؟ چەند شانازییەك هەیە بۆ یەکێك کە هەزاران کتێب بە زبانی بێگانان لە نامەخانەکەیا ببێ بە بێ ئەوەی کە کتێبێکی تیا بێ بە زبانی خۆی؟ ئایا پیاوی ژیر شانازی بە بێگانەوە ئەکات؟ یا بە گەلی نادانی خۆیەوە خۆی هەڵ ئەکێشێ، کەوابوو شانازی بە گەلە بە مەرجی بەرزی، بەرزیش نییە بە بێ زانین و زانستی، زانین و زانستیش کاتێك ئەبێ بە مایەی بەرزی گەل کە تێکڕایی بێ، کاتێکیش تێکڕایی ئەبێ کە بە زبانی ئەو گەلە بێ.

# شێخ عبداللەی خەرپانی[١]

شێخ عـبـداللـە کـوڕی (اسمـاعـیـل)ی کـوڕی (شێخ مـحـمـد کـۆسـتـە)ی[٢] کـوڕی شێخ (جامی)[٣]یە، وە لە ساداتی (تکیە)ی قەرەداغە.

شێخ عبداللە– وەك شێخ علی قەرەداغی پۆست کەندەی کردووە– لە ساڵی (١١٥٩هـ) لەدایك بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندن، وەخوێندنی زۆری لای زانای بەناوبانگ (سید عبدالکریم)ی بەرزنجی بووە[٤]، شێخ عبداللە لە ساڵی (١٢٥٤هـ) لە دێی خەرپانی کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی (٩٥) ساڵیدا، وە لە (خەرپانیی) نێژراوە.

لە تەمەنی بیست ساڵییەوە تدریسی کردووە تا مردنی، واتە حەفتا و پێنج ساڵ لەسەر یەك زانایانی پێ گەیاندووە، وە لە مدرسەی خۆی گەلێ خوێندەواری وەك (مەولانا خالد)ی نەقشبەندی و مەلا عبدالرحمانی نۆدشەیی و (ملا احمد)ی نۆدشەیی و (مفتی زەهاویی) پێ گەیاندووە.

شێخ عبداللە لە ساڵی (١٢٣٥هـ) لە سلێمانی لە خانەقای (مەولانا خالد)–پاش کۆچی دووهەمی مەولانا بۆ بەغدا– مدرس بووە، لەپاش دوو سێ ساڵ چووەتەوە بۆ هەڵەبجە، بە زستانان لە هەڵەبجە لە مزگەوتی گەورە و بە هاوینان لە دێی خەرپانی تدریسی کردووە.

شێخ عبداللە لەلایەن حاکمی (بەبە)وە دێی خەرپانی و بەشێ لە هەڵەبجەی دراوەتێ، وە خۆی و فەقێکانی بە بەروبوومی ئەو زەوی و زارە گوزەرانیان کردووە و بەڕێوەچوون.

نموونەیەك لە پێگەیشتووانی بەردەستی شێخ عبداللە (مەولانا خالد)ی نەقشبەندیی[٥]

---

(١) ئەم وتارە لە (٢)ی ساڵی (٦) لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) ئەم پیرە گۆڕی لە دێی (احمد ئاوا)یە لە نزیك خورماڵەوە.

(٣) ئەم پیرە گۆڕی لە دێی (تکیە)ی قەرەداغە.

(٤) ئەم زانایە لە ساڵی (١٢١٣هـ) کۆچی دوایی کردووە، وە لە سلێمانی لە (گردی ناوەڕاست) نێژراوە، وە مەولانا خالد لە شین و مێژووی مردنیا چامەیەکی بەرزی بە فارسی هەیە لە دیوانەکەیا.

(٥) ئەم پیرە لە ساڵی (١١٩٣هـ) لە قەرەداغ لە دایك بووە، وە لە ساڵی (١٢٤٢هـ) لە شام کۆچی دوایی کردووە.

و، (مفتی زەهـاوی) و (مەلا صـادق)ی تـەوێڵەیی و (مەلا عبدالرحمـانی نۆدشەیی) و (مەلا احمد)ی کوڕی کە مەشهورە بە مەلای نۆدشە- و (شێخ علی) قەرەداغی و (ملاخضر)ی (نالی)یە(٦).

شێخ عبدالله لەبەر ئەوەی کە تەمەنی زۆر درێژبووە، وە حەفتاو پێنج ساڵ تدریسی کردووە، وە دەرسی (مطول)ی بەمەلا عبدالرحمـانی نۆدشەیی و بە مەلا احمدی کوڕی وتووە، وابزانم لە کوردەواریدا کەم کەس ئەوەندەی ئەم تدریسی کردووە، مفتی زەهـاوی نەبێ.

شێخ عبدالله حـاشیەی زۆری بەسەر کتێبەکانەوە نووسیوە، بەڵام ئەوی کە زۆر نـایاب و بەنرخ بێ حـاشیەی سەر (ابن حجر)ێتی لە فقهی شافعیدا و حـاشیەی سەر (جمع الجوامع)ێتی لە علمی اصولا و حـاشیەی سەر (کمـال)ێتی لە علمی صرفا.

شێخ عبدالله لە علمی کلاما زۆر بـاڵا بووە، تەنانەت (شێخ قـادری سنەیی) شرحی (تهذیب الکلام) ئەنووسێ و پوختەی ئەکات ئەی نێرێ بۆ لای شێخ عبدالله کە تەماشای بکات، وە هەرشوێنێکی پێ بـاش نەبێ خاڵی سووری بۆ لەسەر دابنێ، شێخ عبداللەش لە سەرەوە تـا خوارەوە تەماشای ئەکات، وە لە گەلێ شوێن خـاڵی سووری لەسەر دائەنێ، وە کـتێبـەکـەی بـۆ ئـەنـێرێتـەوە، بـەو ڕەنـگـە شێخ قـادر شەرحـەکـەی چـاك ئـەکـات، وە ئـەو شوێنـانـەی ڕاست ئـەکاتـەوە، لەپـاشا دووبـارە ئـەی نێرێتـەوە بـۆ شێخ عبداللـە، ئـەمیش تەماشایەکی تری ئەکاتەوە، وە ئەم جارە بە بێ ئەمە کە خـاڵی سووری لەسەر دابنێ بۆی ئەنێرێتەوە.

شێخ عبدالله چاوی زۆر تیژ بووە، ئەگێڕنەوە ئەڵێن: لە دێی خەرپـانی لەسەر بـانی خـانـووی خـۆی- کـە دوونـهـۆم بـووە- ڕاوەسـتـاوە، وە بـارەهـا فـەقـێکـانـی کـتـێبـی دەستنووسیـان بۆ ڕاگرتووە، وە ئەو لە سەربـانەوە خوێندوویەتییەوە و مەعنـای بۆ لێ داونەتەوە.

---

(٦) تەنانەت ئەگێڕنەوە ئەڵێن هەر حەلێ ملا خضری نالی دەرسی وتبێتەوە، وە لەو دەمەدا ملا احمدی نۆدشەیی بەسەرا هاتبێ، نالی نەیتوانیوە لە بەردەمی ئەوا دەرسەکەی تەواوبکات، تا ئەو ڕۆیوە، هەروەها مەلا احمدی نۆدشەییش لەکاتی دەرس وتنەوەیا کە مەلا صادقی تەوێڵەیی بەسەرا هاتبێ نەیتوانیوە دەرسەکەی تەواو بکا تا ڕۆییوە. جا لەمەوە ئەندازەی زانایی و خوێندەواریی مەلا صادق دەرئەکەوێ کە چەندە بەرز و باڵا بووە.

مەولانا خالد لەپاش ئەوەی کە طریقتی نەقشبەندی وەرگرت و لە هندستان گەڕایەوە، لەو سەرەوە بە ئێرانا دێتەوە، وە لە سنە ئەبیٚ بە میوانی (شێخ قسیم)ی مامۆستای، لەپاش چەند ڕۆژیٚ شێخ ئەبیٚ بە مریدی و طریقتی لیٚ وەرئەگریٚ، مەولانا لە سنەوە دیٚ بۆ هەڵەبجە بۆلای شێخ عبداللەی مامۆستای، گەلیٚ لەگەڵیا خەریك ئەبیٚ طریقتی لیٚ وەربگریٚ، شێخ عبدالله لێی وەرناگریٚ.

شێخ عبدالله پێنج کوڕی بووە، شێخ محمد و شێخ محمود و شێخ مارف و شێخ عبدالرحمان و شێخ عبدالکریم، وە ئەم کوڕانە هەموو خوێندەوار و زانا بوون، نەخوازەڵا شێخ محمودیان کە باوکی شێخ مصطفی ی مفتی هەڵەبجە بووە،

شێخ عبداللە لەگەڵ ئەم هەموو زانایی و مەلایەتیەیدا زۆر گرفتاری موتاڵا و خوێندنەوەی کتێب بووە، تەنانەت ئەگێڕنەوە ئەڵێن: لە نەخۆشیی مردنیا هەمیشە تەماشای کتێبی کردووە تا کۆچی دوایی کردووە، خوا بە میهرەبانیی خۆی لێی خۆش بیٚ، وە وەجاخی کوێر نەکاتەوە.

## چلەی ڕەفیق حلمی

دروودی خوا لە ڕەفیق حلمی بێت، بە ڕاستی قەڵایەکی سەختی کوردایەتی بوو، وە چرایەکی ڕووناکی کوردەواری بوو، ژیری و بیر و مێشك و دەست و پێنووسی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی گەلەکەی، هەرچی ئەنووسی هەر باسی کورد و کوردستان بوو، هەرچی ئەوت هەر جەنگ بوو لە سەر هاوخوێن و هاوزبانی، هەرچی بەمێشك و دڵیا ئەهات هەر تەعریفی کورد و کوردزبانی بوو، بەو بوایە ئەبوو هەرچی ڕەوشت و خووی جوان هەیە لە ناو گەلەکەیا بێت، وە هەرچی زانین و زانیاریی هەیە لە وڵاتەکەیا بێت، ئارەزووی ئەکرد کە خوێندەواریی کورد لە خوێندەواریی هەموو گەلێك زۆرتر و بەرزتر، وە پیشەسازی لە پیشەسازیی گشت وڵاتێك جوانتر و باشتر بێت، زانای لە زانای گەلانی تر ئاگادارتر و، وێژەری لە هەموو وێژەرێك بەناوبانگتر بێت، دەوڵەمەندی لە هەموو دەوڵەمەندێك پیاوتر و دڵفراوانتر و، دەست ڕەنگینی لەگشت لایەك زۆرتر بێت.

بەڵکو ئاواتەخواز بوو کە هەموو زنج و قۆختەیەکی نیشتمانەکەی کۆشکێکی حەوت نهۆم، وە هەموو دڕکێکی گوڵێك، وە هەموو دڵێکی شابازێك، وە هەموو قەلەڕەشێکی هومایەك، وە هەموو کوندەبەبوویەکی کۆترێکی نەخشین، وە هەموو زەردەواڵەیەکی هەنگێك بێت، بەڕاستی مرۆڤ هەرئەوەندە خێرخواە ئەبێت.

سیی ساڵ لە سەریەك نووسی لەسەر ڕووپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان، وە بە هۆنراوە و پەخشان لاپەڕەی (پێشکەوتن) و (بانگی کوردستان)و (ڕۆژی کوردستان)و (ئومێدی استقلال)و ژین (ژیان)و (ژیانەوە)و (هیوا)و (گەلاوێژ)و– شەفەق–ی ئەڕازانەوە، وە لەسەر هەموو ستوونێك وتارێك، وە لە سەر هەموو ڕووپەڕەیەك چامەیەك یا چەکامەیەك، وە هەموو لە کۆڕێکا گوفتارێکی شیرینی بوو.

لەگەڵ ئەمیشە بیست و پێنج ساڵ لە سەریەك لە معارفا دەرسی وتەوە و، ڕۆڵەی جگەر گۆشەی بۆ کورد و کوردستان پێ گەیاند.

هەموو شەو و ڕۆژێك چەند دەمێك لە نامەخانەکەیا دائەنیشت، جا یا وتارێکی تیا ئەنووسی، وەیا چامەیەك یاچەکامەیەکی تیادا ئەڕشت، وە یا وەرامی یەکێکی تیا ئەدایەوە و گرێی دڵی یەکێکی ئەکردەوە. ڕەفیق حلمی وێژەرێکی بەڕاستی چەرخی خۆی بوو لە زبانی کوردی و فارسی و ترکی و عەرەبیدا، وە لە هۆنراوە و پەخشانا، ئەگەر

شیعرەکانی کۆبکرێتەوە دیوانێکی گەورەی لێ دەرئەچێت.

لە پاشا هەروەك پێنووسی ڕەوان بوو، زمانیشی کەمتر نەبوو لە پێنووسی، هەرچەند لە کۆڕێکا کوترپڕ هەڵبستایە و قسەی بکردایە، ئەیتوانی ماوەیەکی زۆر قسەی جوان جوان بکات وە کار بکاتە سەر هەستی گوێگران بەبێ ئەمەی قسەیەك بجوێتەوە یا تۆزێ بوێستێت یا بیرێك بکاتەوە، یا ئەوەی کە وتوویەتی بیلێتەوە.

خوالێخۆشبوو مەردومی زۆر لەلا بەنرخ بوو، هەر وەك نرخی خۆشی زۆر لەلابوو، تەنانەت هەرچێکی بنووسیایە وە هەرباسێکی بگێڕایەتەوە هەرخۆی تیا پاڵەوان بوو. خوالێخۆشبوو زۆر ڕێکوپێك بوو، لەئەنداما، لەبەرگ و کاڵادا، لە ڕۆینا، لە هەستانا، لە دانیشتنا، لە قسەکردنا، لە نووسینا، لە خواردنا، لە خواردنەوەدا، تەنانەت لە چاپکردنی کتێبەکانیا، تا بلێیت ڕۆح سووك، و دڵپاك، و سینەچاك، و گیان ڕووناك بوو، زبانی شیرین و ناوچەوانی ڕوون بوو، ئەوەندەی دیوی دەرەوەی جوان بوو، ئەوەندەش دیوی ناوەوەی جوان بوو، لە هەمووی جوانتر ئەوەبوو کە نووسینی مەردومی لە نووسینی خۆی بەلاوە پەسەندتر بوو.

خوالێخۆشبوو مرۆڤێکی دەست و دەم پاك بوو، ناوی کەسی بەخراپە نەئەهێنا، زۆر بەغیرەت بوو لەسەر نیشتمان و هاونیشتمانەکەی، ئەگەر قسە بەخۆی بووترایە ئەگونجا گوێی نەداتێ و چاوی لێ بقونجێنێت بەڵام کە لەگەڵ ناوی گەلەکەی بەخراپە ببرایە، ئیتر پەنا بەخوا ئاگری تێ بەرئەبوو، سوور ئەبۆوە، زەرد ئەبوو، شین هەڵئەگەڕا ڕەش دائەگیرسا، ئەهاتە لەرزە، تا بە ئارەزووی خۆی وەڵامی ئەدایەوە، وە بە تەواوی دڵی ساڕێژ ئەبوو.

مردن ڕەفیق حلمی فڕاند لە ناومانا، لە کاتێکا کە ئێمە زۆر پێویست بووین بەو، وە ئەویش بەتەواوی پێ گەیشتبوو، وە هەموو ڕووپەڕەیەکی ڕۆژگاری ئەم دیو ئەو دیو کردبوو، وە لە هەموو بەندێك دەرسێك، وە لە هەموو بەسەرهاتێك ئامۆژگارییەکی وەرگرتبوو وەختی ئەوەی بوو کە ماوەیەکی دوورودرێژ لەماڵەوە دانیشێت، وە بەری شیرین و خۆش بدات، وە چوار وەرزە بەهرەی لێ وەربگیرێت.

ئەگەر مردن پیاوەتی بزانیایە چەند ساڵێکی تر وازی لێ ئەهێنا، تا هەموو پرۆژەکانی تەواو ئەکرد، بەڵام– داخەکەم– مردن ئەمانە نازانێت، وە کە هات ناگەڕێتەوە.

باوی خوایە لە جیهانا لەسەر کۆتەرەی هەموو درەختێك چەند خەڵفێك هەڵئەداتەوە،

لەسەر کۆتەرەی مێوخەڵفی مێو، وە لەسەر کۆتەرەی بی خەڵفی بی، هەرچەندە رەفیق حلمی- خوا لێی خۆش بێت- خۆی کۆچی دوایی کرد، بەڵام زۆر سوپاس بۆ خوا کە چەند خەڵفێك لە شوێنەکەی سەوز بووە، هیوام وایە کە هەموو وەك باوکیان ببن بە درەختی گەورە و بەردار، تا گەلی کورد لە بەریشی و لە سێبەریشیان بەهرەمەند ببن، ئیتر خوا لە رەفیق حلمی خۆش بێ، و لەباتی گەل و نیشتمانەکەی پاداشی بداتەوە.

## ڕۆژی نوێ(١)

ئەی گۆڤارە خۆشەویستەکەی ساڵی (١٩٦٠) دیمانەت بەخێر، درەنگ گەیشتیت. بەڵام لە ڕێگایەکی ئێجگار دوورەوە هاتیت. ئەگەر ڕێگاکەت تائێستا هەردوور و درێژ بووبێت، لەمەولا بزانە کە ڕێگاکەت زۆر سەخت و کووڕیشە، کەم گۆڤار توانیویەتی بگاتە قۆناغ، سا یا لە نیوەی ڕێگادا ناو کەرێژ بووە، وە یا لە پێ کەوتووە، هیوادارم بە خوا و بە خوێندەوارانی کوردی مەرد کە دەست بدەنە باڵت. وە لە هەموو پلەیەکی سەختا سەرت خەن، وە لە هەموو گێژاو و وەیشوومەیەکا ڕزگارت کەن. ئەی ڕۆژی نوێ! پێویستە بزانیت کە پێویستی گۆڤار و ڕۆژنامە زۆر گەورە و بەرز و خاوێن و پاکە، وە لە هیچ پێویستێکی تر کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت.

بەڕاستی گۆڤارو ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی خواپێداوا زۆر بەجوانی پەردەی خۆیان دیوە و ئەی بینن لەسەر شانۆی ژیان، وە پێ بەپێ لەگەڵ کاروانی خوێندەواری و وێژە و زانیاری و رامیاریدا پێشکەوتووە، تا سەر لووتکەی هەرە بەرزی خۆی، وە بووە بە خۆراکی گیان و مایەی ژیانیان، بەڵکو بووە بە پایەی هەرە قایم و پشتیوانی هەرە بەهێز بۆ گەلان و دەوڵەتان، بەڵکو لەمانەش زیاتر، بووە بە هێزێکی چوارەم لەداوای دەسەڵاتی ڕچەیی «سلطەی تشریعی»و دادوەریی «قضائی»و ڕاپەڕاندن «تنفیذی» نەء نەء پەشیمان بوومەوە دەسەڵاتی چوارەم نییە بەڵکو دەسەڵاتی یەکەمە، چونکە ئەم ئەگەر یاسا و ڕێگای جوان نیشانی دەوڵەت نەدات، ئەویش دای ناهێنێت، کە داش نەهات، نە حاکم حوکمی پێ ئەدا و نە ڕاشی ئەپەڕێنێ. کەوابوو ڕەوا «حق»یە کە پێی بڵێن خوداوەندی هەموو دەسەڵاتەکان.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ گۆڤار و ڕۆژنامە زمانی کۆمەڵە و گەلە. باسی ناتەواوی و زمان گوورییان ئەکات، داوای نان و ئاو و دەرمان و تیماریان بۆ ئەکات. دەمێ وەك مامۆستا دەرس ئەڵێتەوە، دەمێ وەك پەزیشك دەرمان ئەدا و تیمار ئەکات، دەمێ وەك باوکێکی دڵسۆز ئامۆژگاری ئەکات، دەمێ وەك لەلەیەکی حیکایەت خوان حکایەتی خۆشت بۆ ئەکات و سەرگوزەشتی بەکەڵکت بۆ ئەگێڕێتەوە، دەمێ ئەتهێنێتە پێکەنین کە بزانێت خەمبارو خەفەتباریت، دەمێکیش ئەتهێنێتە گریان کە بزانێت یاخی بوویت.

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (١) ساڵی (١) گۆڤاری »ڕۆژی نوێ« دا بلاوکراوەتەوە.

ئەگەر قوتابخانە و زانستگاکان دە پانزە بیست ساڵێك دەرس بڵێنەوە بە هێندێك ڕۆڵەی نیشتمان، وە پێیان بگەیەنن و پەروەردەیان بکەن، گۆڤار و ڕۆژنامە زۆرتر و باشتر ئەم پێویستە بەجێ دێنێت، چونکە مامۆستای هەموو گەلە بەژن و پیاو و کوڕ و کچ و گەورە و پچووکەوە، لە یەکەم ڕۆژی بوونیەوە تا مردنی، خزمەتی ئەکات وە دەرسی پێ ئەڵێت وە ڕێگای تاریك و شەوی ئەموستەچاوی بۆ ڕووناك ئەکاتەوە، دەمێ وەك کوێر پەلی ئەگرێ و ئەیبا بەڕێوە، دەمێ خۆی بۆ ئەکات بە پرد و لە گێژاوی ڕۆژگار ئەی پەڕێنێتەوە، دەمێ خۆی بۆ ئەکات بە پەیژە و پلە پلە سەری ئەخات بۆ سەر لووتکەی هەرە بەرزی شادمانی.

گۆڤار و ڕۆژنامە پەیوەستی هەیە لەگەڵ هەموو کەسێکا، بەم ڕەنگە لەگەڵ دوکاندار لە دوکانیا و، کرێکار لە کارگەیا و، قوتابی لە قوتابخانەیا و، فەقێ و مەلا لە مزگەوتیانا و، مامۆستا و پێشەوایان لە نامەخانەیانا و، پیشەساز لە شوێن و پیشەیانا. تەنانەت پەیوەستی هەیە لەگەڵ نەخۆش لەناو دووتوێی لێفەکەیا و، بەندیی لە بەندیخانەکەیا، لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەگەر کە قسە لە هەموو باسێك بکات، وە ڕووپەرەی خۆی وەك خوانێکی رەنگاو ڕەنگ برازێنێتەوە، وە بەشی هەموو کەسێکی لەسەر بێت، وە هەموو چینێك بەهرەی لێ وەرگرێت، بەڵکو ئەبێ وەك چاوساغ دەستی گەل بکێشێت بۆ سەر ڕێی خۆشبەختی و کامەرانی، وە بۆ سەر چاوەی ئاوی ژیان و زیندەگانی.

هیوام وایە ئەی ڕۆژی نوێ! کە ژیانی گەلەکەت ببووژێنیتەوە، وە ڕۆژی بۆ تازە و ڕووناك بکەیتەوە، زنجیری دیلی بڕەوێنیتەوە، بەیداخی هیوای بلەرێنیتەوە.

# ویژە(١)

ویژە «أدب»ی هەموو گەلێك وەك كالآیەك وایە بۆ ئەو گەلە. ئینجا یا وەك كالآیەكی فراوانی، پان و پۆڕی، بالآپۆشی، ئاودامان وایە، كە بەقەد بالآی گەلەكەی بێت لە درێژیی و پانیدا، وە بەتەواوی دای پۆشی، یا وەك كالآیەكی كەم و كووڕی، كورت و كوێر وایە كە لەشی دانەپۆشێ. ئینجا بەم پێیە كە تەماشا ئەكەین، ویژەی وا هەیە بەقەد قەبارەی گەلەكەیەتی بە بێ زیاد و كەم، وەك ویژەی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی و گەلێ ویژەی تر، كە بەڕاستی لەگەڵ گەورەیی گەلەكەیانا جووتن، وە بەموو كەم و كووڕییان نییە.

یاخۆ بڵێین: ویژەی هەموو گەلێك كاتێك پێی ئەڵێن باش كە وەك ئاوێنەی بالآنما وابێ بۆ گەلەكەی، وە لە هیچ ڕووپەڕەیەك لە ڕووپەڕەكانی ژیانا كەم و كووڕیی نەبێت، نە لە بەشی منالآنا، نە لە بەشی پیاوان و ژنانا، نە لە بەشی خۆشیدا، نە لە ناخۆشیدا، نە لە بەشی كۆمەلآیەتیدا، نە لە بەشی بازرگانیدا، نە لە بەشی كشتوكالآ، نە لە بەشی پاشەكەوتی و ئابووریدا، نە لە بەشی پیشەسازیدا، نە لە بەشی ئایینیدا، نە لە ناومالآ، نە لە مزگەوتا، نە لە قوتابخانە و زانستگادا، نە لە سینەما و سەرشانۆدا، نە لە تەمسیل و لاسایگەدا.

ویژەی هەموو گەلێك كە ئەمانەی پڕ كردەوەو بۆشایی تیا نەهێشتەوە، ئەو ویژەیە ویژەیەكی باش و تەواو، وە كالآیەكی ئاودامانی وایە بۆ گەلەكەی كە بیپارێزێ لە هەموو سەرما و گەرمایەكی ڕۆژگار، وە ئاوێنەیەكی بالآنمای وایە كە گەورەیی گەلەكەی بەتەواوی نیشان بدات.

ئینجا با ئێمە بەم چاوە تەماشایەكی ویژەی كوردی بكەین، وە بەم دەستوورە لە سەنگی محەكی بدەین، تا لە ترازوودا بیكێشین، وە بزانین كە لە كام جۆرە لەم جۆرانەی پێشووە. ئەمە ئاشكرا و نمایانە كە ویژەی كوردی– وەك زۆرترینی ویژەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست– بەشی خۆراك و پێ بژێوی ئەمرۆ ناكات، وە پێویستانی ژیان پڕناكاتەوە، نابینیت، ئەگەر بتەوێ ناملیكەیەكی كوردی لە چیرۆكا، یا لە داستان و سەرگوزەشتا، یا لە ئاگادارییەكی تێكڕایی «معلوماتێكی عامە»دا بدەیتە دەست منالّەكانت، هەریە كە

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٧و ٨)ی سالّی (١) لە گۆڤاری (هیوا) دا بلآوكراوەتەوە.

بەپێی ئەندازەی تەمەن و پلەی خوێندەواریی خۆی، زۆر سەرسام و سەراسیمە ئەمێنێت، چونکە نییە و نەنووسراوە، وە ئەوەی کە هەشە کەم و کوورِو کورت و کوێر و چڵکن و ناشیرینە، لە هەموو ڕوویەکەوە.

وە ئەگەر بتەویٚ نامیلکەیەکی گۆرانی بکڕیت، لە نامیلکەی پێشوو سەرسامتر ئەبیت، نازانی چی بکەیت، وە چۆنی پەیدا بکەیت، چونکە هەژاریمان لەم ڕووەوە گەلیٚ گەلیٚ زیاترە لە هەژاریی پێشوومان.

وەئەگەر بتەویٚ نووسراوێك پەیدا بکەیت، کە بۆ کۆمەڵ و گەل دەست بدات بە تێکڕایی، وە ببیٚ بە خۆراکی ژیری و بیریان، ئەوە هەر هیچ نابیٚ قسەی لیٚ بکەیت.

بەڵام لە وڵاتی بێگانانا، ئەگەر بتەویٚ شتێکی وا بکڕیت لەبەر زۆری نازانیت کامیان هەڵبژێریت، چونکە یەك یەك جوانتر و ڕێکوپێکترە، بەم ڕەنگە بەرگ جوان، کاغەز جوان، چاپ جوان، سەری باسەکان جوان، وتار جوان، مەبەس جوان، وێنە جوان، نرخ هەرزان، واتە ئەوەندەی ئێمە سەرسام ئەبین لەبەر نەبوونی ئەم نامیلکانە، ئەوەندە ئەوان سەرسام ئەبن لە هەڵبژاردنی لەبەر زۆرییان.

ئەگەر ڕاستت ئەویٚ ڕۆژێك چاومان ڕوون ئەبێتەوە، کە ببینین بەشی منداڵ و بەشی ژنان و بەشی خوێندەوارانی لاکۆڵان و بەشی قوتابی مەکتەبەکان و بەشی فەقیٚ و بەشی مەلا و بەشی خوێندەوارە بەرزەکان، نامیلکە و سیپارەی چاپکراو ئەبێت، وە هەریەکە خۆراك و پیٚ بژیوی خۆی بەئاسانی دەست بکەوێت، وە ئەگەر یەکێك ویستی لۆرەلۆرێك، یا گۆرانییەك بڵێت، بەشی ئەویش بەزیادەوە بێت. جا کەوابوو وێژەی کوردی بۆ ئەمڕۆی ئێمە، وەك کاڵایەکی تەسك و تروسك وایە بۆ پیاوێکی گەورەی باڵا بەرز.

چاکترین دەرمان بۆ ئەم دەردە کوشندەیە ئەوەیە، هەرچی ئەزانیٚ بنووسیٚ، دەست بکات بە نووسینی، وە هەر کەسە لە چیدا بەهرەی هەیە بیخاتە سەر کاغەز، تا لە ماوەیەکی کەما تفاق و کەرەسە و کەلەپوورێکی زۆر بەجیٚ بێڵین بۆ دوای خۆمان، ئینجا لە پاشەڕۆژا ئەم نووسراوانە هەموو لە بێژنگ ئەدرێن، هەرچی باش و بەکەڵك بیٚ ئەمێنێتەوە، وە هەرچیش خراپ بیٚ ئەڕوا و ئەچێتەوە پەردەی نەبوون، وەك قورئان ئەفەرمووێ: «فأما الزبد فيذهب جفاء، واما ما ينفع الناس فيمكث في الارض»(٢).

(٢) واتە کەف و کوڵی باراناو ئەڕواو با ئەیبات، وە ئەوەی کەڵکیشی ئەدات بە مەردوم (کە بارانەکەیە) لە زەویدا ئەمێنێتەوە.

ئاشكرا و نمايانە لە هەموو كەسێكەوە كە وێژەی هەموو گەلێك ئەگۆڕێ بەپێی گۆڕانی وێژەرەكانیان، وە بەپێی خوێندەوارییان و پەیوەندییان لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەی كە هەیانە، هەروەك ئەگۆڕێ بەپێی ناوچەیان، ئینجا ئەم ناوچەیە ناوچەی كۆمەڵایەتی بێت لە سیاسەت و ئایین و باری ناوخۆ، یا ناوچەی سروشتی بێت لە سەرما و گەرما و شاخ و داخ و دەشت و دەر و چەشمەندازا.

هەموو وێژەیەك ئەگۆڕێ بە گۆڕانی گەل، لەگەڵ ئەوا ئاوێتە ئەبێت وە هەر دوولا كار لە یەكتری ئەكەن، بێ گومان لە هەردەمێكا وردبیتەوە لە وێژەی هەر گەلێك لە هەر سەد ساڵێكا لە ساڵەهای ژیانی، پۆست كەندەی بكەوێت و بچێتە بنج و بناوانی، ئەتوانیت تێ بگەیت لە چۆنێتی ئەو گەلە لەو ماوەدا لە بابەت كۆمەڵایەتی و ئایین و سیاسەت و دەستوور و باو و هەموو شتێكی تریانا.

كەوابوو هەموو گەلێك ئەبێ وێژەكەی لەگەڵ خۆیا هەنگاو بە هەنگاو پێش كەوێ، وە بەو پلەیەی كە ئەو گەلە پێیا سەركەوتووە وێژەكەشی پێیا سەربكەوێ. هیچ گەلێك ناتوانێ بژیی لەسەر خوانی وێژەی كۆنی خۆی، وە شانازی هەر بەوەوە بكات، وە ئەمڕۆ خۆی هیچی نەبێت لە وێژەی تازە، هەر گەلێك وای لێ هات، ئەوە وەك بازرگانێك وایە كە هیچی بەدەستەوە نەمابێت، وە بچێ بگەڕێت بەشوێن دەفتەری كۆنیا. ئەم وێژەیەی كە ئەمڕۆ هەمانە، خۆراكی تەواو نییە، وە ناتوانین پێی بژین، چونكە گەلێ جۆرە-فیتامین-ی كەمە.

پێویستە لەسەر وێژەرەكان چاوێك بخشێنن بەسەر وێژەكەیانا، وە بزانن لە چ ڕوویەكەوە كەم و كوڕیی و ناتەواوی هەیە، تەواوی بكەن، وە هەرچییەكی نییە بۆی دروست بكەن، ئەمەش هەروا بە كێزری ناكرێ، خوێندن و خوێندەواری ئەوێ، موتاڵا و ورد بوونەوەی ئەوێ، زانینی چەند زبانێكی بێگانەی ئەوێ، بەدەستووری واژە گۆڕیی «صرف» و واژەزانی «نحو» و ڕەوان بێژی «بلاغە» یەوە.

زۆر پێویستین بە نووسینی ژیانی پیاوی گەورە و هەڵكەوتوو، وە بەلێكۆڵینەوە و هەڵوەشاندن- تحلیل-ی خۆیەتی «شخصیت» یەكەی، تابێن بەمایەی ئەوەی كە لەمەولا پیاوی گەورە و بلیمەتمان تیا هەڵبكەوێ.

زۆر پێویستین بە نووسینی جوان جوان، لە ناملكەی شیرین و سیپارەی ڕەنگین و شتی تری وا كە ببن بە خۆراكی گیان و پێ بژێوی مێشكی تازە پێگەیشتووەكانمان.

زۆر پێویستین بە نووسین بە هۆنراوە– شیعر–ی ڕەوان لەبابەت ڕەوشت و خووی بەرز و ئاییني ڕاست و چەشمەندازی سروشیی نەخوازەڵا ئەوانەی کە لە وڵاتی خۆمانا هەن.

زۆر پیویستین بە نووسینیی چیرۆك و سەرگوزەشتە و داستانی ڕابردوو، بە ڕەنگێکی وا کە هەرچی نەنگی کۆمەڵایەتییە بیخەنە پێش چاو، وە دەرمانی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام بە ڕەنگێکی دڵ چەسپی وا کە بە بێ ئاگاداریی خۆمان بچێتە مێشك و دڵمانەوە. کەوابوو ئەمڕۆ ڕۆژی هەوڵ و تەقەلایە، ڕۆژی کۆشش و ئیشکردنە، ڕۆژی خۆکوتان و ماندووبوونە، هەزار درووود لە پێشینانمان کە وتوویانە (شوان تا دانیشێ مێگەلەکەی دوور ئەکەوێتەوە).

# هیچێکی تازە[١] لەژێر تیشکی ڕۆژا نییە

لە زۆر کۆنەوە برا عەرەبەکانمان وتوویانە «لا جدید تحت الشمس» واتە هیچی تازە لە ژێر تیشکی ڕۆژا نییە، بەڕاستی وایە هەروەك وتراوە، لە سەد هەزار شیعرا یەکێکی نەبێ هەمووی هەر وتنەوەی قسەی ئەم و ئەوە، وە لە هەزاران کتێبا قسەیەك نییە کە نەکرابێ، ماوەیەکی زۆر لە پێش لیژنەیەك دروست کرا لە سەد پیاوانی زانای دانای زمان زانی ڕۆشنبیری بەهرەمەند، بۆ پشکنینی دیوانی شیعر و نووسراوانی ناوەڕاست، کە تەماشایان کرد لە هەموو دیوانی متنبیدا– کە پێغەمبەری شاعیرانە– تاقە پێنج شیعری تیایە کە زادەی بیری خۆی بێ و لەپێش ئەوا نەوترابێ. لە هەموو نووسراوەکانی جاحظیشا– کە سەد نووسراوی گرنگی هەیە– یەك قسەی دۆزرایەوە کە بە زادەی بیری ئەو زانرابێ، ئەویش ئەمە بوو کە ئەڵێ: مێرووڵە کە زەخیرەی زستانی ئەخات و گەنم کۆ ئەکاتەوە، بۆیە دەنکەکانی دوو لەت ئەکات تا بۆگەن نەبێ، چونکە ئەگەر وای لێ نەکات دەنکە گەنمەکان شین ئەبنەوە و بۆگەن ئەکەن، وە بە کاری خواردن نایەن، لەپاش ماوەیەك کە ئەچنە یۆنان وە نامەخانەکانی یۆنان ئەپشکنن، تەماشا ئەکەن ئەم قسەی جاحظەش لەپێش ئەوا کراوە لە کتێبێکی یۆناندا نووسراوە. شێخ عبداللە بێتوشی کوردی کە لە زبانی عەرەبیدا شاعیرێکە وەك متنبی، وە هەزار جاریش لەو زیاتر و داناترە لە علومی عەرەبی و ئیسلامیدا، وە چوار پێنج هەزار شیعری بەجێ هێشتووە، وە چوار پێنج هەزار شیعریشی ون بووە و نەماوە، لە تاقە شەش شیعریا ئەڵێ ئەم شیعرانە زادەی بیری خۆمن، وە کەس پێشم نەکەوتووە، وە بە بیری کەسا نەهاتووە.

هەروەها مفتی زەهاوی تاقە چوار شیعری هەیە کە زادەی بیری خۆی بێ، وە کەس لێی پێش نەکەوتبێ.

بەڵام بەڕاستی مەلا عبدالرحیمی مەولەوی جێی سەرسوڕمانە کەوا شیعری زۆری هەیە کە زادەی بیری خۆیەتی، وە بە بیری کەسی ترا نەهاتووە.

---

(١) ئەم سەرباسە لە سەرباسەکەی برا عەرەبەکانمان ڕاستترە، چونکە «لا جدید تحت الشمس» سالبەی کلیەیە، واتە هیچی تازە لە دنیادا نییە، کە واش نییە، چونکە دانە هەر هەیە، بەڵام سەرباسەکەی ئێمە کە دەڵێین : «هیچێکی تازە لە ژێر تیشکی ڕۆژا نییە» واتە هیچێکی وا کە شایانی باس بێ لە دونیادا نییە، بەڵام کەم کەم هەیە.

لەم شیعرە تاقانە و نازدارانەیەتی، ئەم شیعرەی کە ئەوەندە ورد و باریك و قووڵە مەردوم هەرچەند ئەکات ناتوانێ بەرەوانی مەبەستی لێ بداتەوە ئەڵێ:

روخسارش فەسڵی مەسقەڵ مەردۆ لێش
وە شنۆی پاریز خەیاڵ مەبۆ رێش

مەبەست لە وتەکانی:

فەسڵی: کاتی. مەسقەڵ: پەرداخ کردن و لووس کردنی شتێك. شنۆ : شنەی با، پارێز: پارێزگە: ئەبێژرێ فیسار کەس لە پارێزی مەرە کێوییەکەدایە، خەیاڵ: وەهمێکە کە بە دڵا بڕوا. واتە روخساری دڵدار کاتێك کە پەرداخی ئەکات و هەڵی ئەکات و ئارایشی ئەدات، ئەوەندە ناسك و نازدار و ئاودارە، سەد هەزار جار لە پەڕەی گوڵەباخ ناسك و نازدارتر و تەڕ و پاراوترە، بەڕەنگێك خەیاڵ کە یادی ئەکا و بۆی ئەچێتە پارێزەوە، ئەو ڕوخسارە ناسك و نازدارە لە دوورەوە ئەڕووشێ، بۆچی؟ چونکە هەموو ئادەمییەك کە بچێتە پارێزی مەڕە کێوییەکەوە ئەبێ بە دزەدزە، وە بە بێ هەست لەم بەرد بۆ ئەو بەرد، لەم دار بۆ ئەو دار بڕوا تا هەلی خۆی بۆ هەڵ ئەکەوێ، لەم جووڵانی ڕاوکەرەدا هەرچەند بە بێ هەستیش بێ جووڵانەوەیەکی هەوا هەر پەیدا ئەبێ، چونکە با لە جووڵانەوەی قەبارەیەك لە بۆشاییدا پەیدا ئەبێ.

ئینجا ئەمە لە جێگایەکا وایە کە ئادەمییەك بچێتە پارێزی مەڕە کێوییەکەوە، بەڵام خەیاڵ کە بیرێکە بە دڵا ئەڕوا، هەزار جار یادی شتێك بکات و بچێتە پارێزییەوە، جووڵانەوەی بای لێ پەیدا نابێ، چونکە خەیاڵ قەبارەی نییە، بەڵام هەر ئەوەندە هەیە کە بەناو ئەڵێت: خەیاڵ لە پارێزی دڵدارایە، وە چوونە پارێزیش هێندێ جار جووڵانەوەیەکی هەوای تیایە، خولاسە ڕوخساری یار ئەوەندە ناسکە بە چرپەی خەیاڵ ئەڕووشێ، لەکاتێکا لە پارێزی دڵدارا بێ، وە بێ هەست بەدەوریا بسووڕێتەوە.

هەرلە زادەی بیری مەولەوییە ئەم چوارینەیەی کە ئەڵێ:

باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆن
بانەناو وە خاك ئاسانەکەی تۆن
تکەش عاجز کەرد خەیاڵەت تێشدا
ئازیز بۆ جارێ پا بنێ پێشدا

واتە: چاوەکانم کە بەسەرمەوەیە، سەریشم وەك باڵەخانە وایە بۆ جەستەم– ئینجا ئەم باڵەخانەی چاوانەم دیواخانی تۆیە ئەی دڵدار واتە کە تەماشات ئەکەم وێنەکەت لەناو

بیلبیلەی چاوما نەقش ئەبەستێ، وە چاوم ئەبێ بە دیواخانی وێنەکەی تۆ، ئەوەش ئاشکرایە کە گڵەبانی ئەو دیواخانە لە خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە، بەڵام بەداخەوە دیواخانەکەت بەهۆی فرمێسکی زۆرمەوە هەمیشە دڵۆپە ئەکات، وە ئەو دڵۆپەیە خەیاڵەکەی ئێوەی وەڕس کردووە، کەواتە چی ئەبێ– ئەی نازداری خۆشەویست ئەگەر جارێك پێ بنێیت بەو جێگا دڵۆپەیەدا کە بانی چاومە، تا بوەستێتەوە وە چاوەکانم ئەوەندە تکە نەکات، وە دڵۆپەی فرمێسکی پیا نەیەتە خوارەوە، چونکە بەو پێ پیانانە، جۆرە وەسڵێکمان ئەبێ، وە تۆزێ دەردی دووریم ساڕێژ ئەبێ وەگریانەکەم نەختێ کەم ئەبێتەوە.

فەرهاد میرزای مامی ناصرالدین شا کە شاعیر و وێژەرێکی زۆر بەرز بووە، بە ئیشی دەوڵەتیی ئەچێتە هەورامانی ئەودیو، وە ئەچێتە دێیەکەی مەولەوی، مەولەویش کە ئەزانێ ئەچێ بۆ لای، کە لەگەڵ لەدوورەوە دەرئەکەوێ، بە فەرهاد میرزا ئەڵێن مەولەویی تەشریفی هات، فەرهاد میرزاش ئەڵێ:

«این ست صاحبی باڵەخانەی چەم؟» واتە ئەمەیە خاوەنی «باڵەخانەی چەم» ئەڵێن: بەڵێ، ئەویش خێرا ئەچێ بە‌"پیریەوە، وە بە ڕێزەوە ئەیباتە سەرەوە و دای ئەنێ و دەست ئەکات بە قسە کردن لەگەڵیا.

فەرهاد میرزا بەو هەموو شاعیریی و وێژەرییەوە کە بووە، بەو تاقە چوارینەیە مەولەوی ناسیوە، وە گەورەیی مەولەوی بۆ دەرکەوتووە، وە تێ گەیشتووە کە ئەم مەعنایە لە زادەی بیری خۆیەتی، خۆزگە لە هەموو شوێنێك، وە لە هەموو کات و دەمێکا پیاوی وا قسەناس ببوونایە، کە پیاوانیان بە قسەدا بناسیایەتەوە، نەك بەپێچەوانەوە. هەر لە زادەی بیری مەولەوییە کاتێك کە تەمەنی لە پەنجا ساڵی تێپەڕ ئەبێ، وە پشتی کەمێ کۆم ئەبێتەوە، ئەم شیعرە ئەڵێ کە بە بیری کەسا نەهاتووە ئەفەرمووێ:

خەم بیم یا نی های پێم مەدۆ خەبەر
جە دەرگای هستی تەشریف بەرەوبەر

واتە کۆم بوومەتەوە، وە ئەم کۆم بوونەوەیەم بە زبانی حاڵ پێم ئەڵێ: فەرموو مەولەوی لە دەرگای ژیان و جیهان بچۆرە دەرەوە بۆ ئەوە دنیا کە قیامەتە، چونکە دەرگای جیهان پەست و نزمە، پێویست بە سەردانەواندن و خۆکۆم کردنەوەیە، بەڵام دەرگای قیامەت واڵ و بەرز و بڵند و کراوەیە.

هەزار ئافەرین بۆ مەولەوی کە ئەم مەعنا جوانەی بە بیرا هاتووە، وە ئەم کالاّ جوانەی بەبەرا کردووە.

دوای ئەوەی کە تەمەنی لە شەست تێ پەڕی، وە گوێی سەنگین و چاوی کز بوو، ئەم شیعرەی وت کە ئەڵێ:

بۆسی تەپڵی گۆش نم کێشان کەم کەم
ئەم سەر ئەو سەرەن دووربینەکەی چەم

پێستی دەف کە شێی کێشاو نمدار بوو ئیتر تەپەی دێ و دەنگی دەرناچێ دووربینیش کە پاش و پێش گیرا و تەماشای پێ کرا شتی نزیك دوورئەخاتەوە.

مەولەوی لەم شیعرەدا ئەڵێ: پێستی تەپڵی گوێم لەبەر پیریی کەم کەم شێی کێشاوە و دەنگی نەماوە، وە گوێم گران بووە، چاویشم کزبووە شتی نزیك بە گران ئەبینێ وەك دووربینەکەی چاوم هەڵگەڕابێتەوە و پاش و پێش تەماشای پێ بکەم وایە.

مەولەوی لەم شیعرەدا تەشبیهی پێستی تەپڵی گوێی خۆی کردووە بە پێستی دەف، چۆن ئەو کە تەڕ بوو دەنگی نامێنێ ئەمیش کە لەبەر پیریی شێی کێشا، کپ ئەبێ و دەنگی نامێنێ هەروەك تەشبیهی چاوی کردووە بە دووربین، تا گەنج بوو شتی دووری نزیك ئەخستەوە، ئێستا کە پیر بووە، دووربینەکەی هەڵگەڕاوەتەوە پاش و پێش کەوتووە، وە شتی نزیك دوور ئەخاتەوە.

جێی سەر سوڕمانە ئێستا دکتۆرەکانی گوێ کە یەکێك گوێ گران بێ پێی دەڵێن: ئاو، وە هەموو شتێکی شل کەم بخۆرەوە، وەك بڵێ گوێی لەو ئاو و شلییە نم وەربگرێ وایە، کە مەولەوی سەدو پەنجا ساڵ لەمەپێش ئاگای لەم مەسەلەیە نەبووە، کەواتە مەعناکەی لەدوولاوە زادەی بیری خۆیەتی، هەم تەشبیهەکەی، هەم نم کێشانەکەی.

دوای ئەوەی کە تەمەنی لە حەفتا تێپەڕی، وە قەدی نوشتایەوە وەك دال، وە لە ڕۆینا لووتی لە ئەژنۆی نزیك کەوتەوە، شیعرێکی تری وت کە گەلێ لە شیعرەکانی پێشووی و پێشووتری جوانترە ئەڵێ:

پێشانی مەیلەش بە ژانوو بەردەن
تعظیمی جەناب پیریمیش کەردەن

واتە ناوچەوانم ڕووی کردۆتەوە ئەژنۆم، وە لە ڕۆینا وەختە لە یەك بدەن، چونکە چووە بەپیر پیریمەوە، وە ئەیەوێ تعظیمی جەنابی پیریم بکات، وەك یەکێك کە بە پیر پیاوێکی

زۆر گەورەوە بچێ چۆن سەری بۆ دائەنەوێنێ و کورنووی بۆ ئەبات ئەمیش وایە.

دوای ئەوەی کە تەمەنی بوو بە هەشتا و لە پێ کەوت، وە لە دانیشتنیشا لووتی نزیک قاچی ئەکەوتەوە، وە بوو بە حەڵقەیەك کە هەردوو سەری لەیەك بدات، کە ئەمە دوا قۆناغی ژیانە لە جیهانا، فەرمووی:

پیری حەلقەسان خەم پەنەم وەردەن
پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن

واتە پیری لە دوا قۆناغی ژیانما بەجۆرێك کۆمی کردوومەتەوە، وەك حەڵقەی دەرگای لێ کردووم، وادیارە ئەیەوێ بمکا بە حەڵقە و دامکوتێ بەدەروازەی عەدەمدا کە مردنە، وەك ئەو حەڵقانەی کە بە تای لای چەپی دەروازەدا دائەکوترێن، واتە بمرم و بمنێنە ناو گۆڕی تەنگ و تاریکەوە، بەڵێ لەو ساڵەدا کە ئەم شیعرەی تیا وت کۆچی دوایی کرد، وە داکوترا بە تای دەروازەی نەبوونی و نەمانا، وە نێژرا لە ناوچەی «سەرشاتە» کە بەسەر سیروانا ئەڕوانێ.

ئەم چوار شیعرانەی دوایی بۆنی تصوفیان لێ دێ، وە لە دڵێکەوە هاتوونەتە دەرەوە کە بە چرای تصوف ڕووناك بووبێتەوە.

یەکێك ئەگەر بەوردی دیوانی مەولەوی بخوێنێتەوە، وە تۆزێ شارەزا بێ، کە مەولەوی شیعری وای زۆرە، کەواتە بائێمەش ئەم باسە هەڵگرین بۆ جارێکی تر خوا یار بێ.

# هەستی ناتەواوی

زانایانی نەفس نەخۆشییەکیان دۆزیوەتەوە پێی ئەڵێن هەستی ناتەواوی «مرکب النقص» کە جاران نەئەزانرا. کەم کەس هەیە لەم نەخۆشییەی تیا نەبێت، ئنجا کەم و زۆر کەوتووە، هی وا هەیە نەخۆشییەکەی زۆر قورس و گرانە، وە لە هەموو گوفتار و کردارێکیا دەرئەکەوێت، هی واش هەیە نەخۆشییەکەی سووکە درەنگ پێی ئەزانرێت، زانایانی نەفس ئەتوانن زۆر کردەوەی ناقۆڵای ئەم نەخۆشانە ببەنەوە سەر ئەم نەخۆشییەیان، وە مایەکەی بدۆزنەوە. ئەم نەخۆشییە هەستێکی زۆر پەنهان و نهێنییە لەناو دووتوێی دڵ و قووڵایی دەروونی مەردوما، وا ئەزانێت کە نەنگێك، یا کەم و کووی و ناتەواوییەکی هەیە، لە شێوە و ئەندام، یا لە ڕەوشت و خوو، یا لە ژیری و بیر یا لە زانین و زانیاری، یا لە کارو پیشە، یا لە خێزان و باو و باپیر، یا لە گەلێ شتی ترەوە ئنجا بە هێندێ کردەوەی ناقۆڵای نالەبار ئەیەوێت ئەو کەم و کووڕییەی، یا ئەو شتەی کە خۆی بەنەنگی ئەزانێت دای پۆشێت، وە خۆی بە مرۆڤێکی بێ نەنگ نیشان بدات.

ئەم نەخۆشییە زۆر پەنهان و نهێنییە، زۆر لەم نەخۆشانە بەدیمەن خۆیان نازانن کە ئەم نەخۆشییەیان هەیە، وە ئەگەر لێیان بپرسیت حاشای لێ ئەکەن، بەڵام بە بێ ئاگاداریی خۆیان ژیریی ناوەوە «عقلی باطن»یان هەستی پێ ئەکات، وە هەمیشە ئەیەوێت بە هێندێ کردەوەی ناشیرینی نالەبار، ئەو ناتەواوییەیان داپۆشن و ونی کەن، یا ئەو کەم و کووڕیەیان پڕ بکەنەوە.

ئەگەر وردبیتەوە لە یەکێك لەم جۆرە نەخۆشانە، ئەبینیت لەبەر ئەم هەستەی کە لەگەڵ سروشتیا تێکەڵە، هەزاران کردەوەی وای لێ ئەوەشێتەوە، کە ئەگەر ئەو نەخۆشییەی نەبوایە، ئەو کردەوانەی نەئەبوو.

تەماشا ئەکەیت ژن یا پیاوی کورتەبنە، قۆندەرەی پاژنەبەرز بەرز لە پێ ئەکات. بۆ ئەوەی کە قەیتانێك باڵای بەرز بکاتەوە یا ژنێك خۆی زۆر ئارایش ئەدات کە باوەڕی بەجوانیی خۆی نەبێت، یا پیاوێك زۆر پارە خەرج ئەکات کە نەنگێك لەخۆیا شك ببات.

ژنی گەنم ڕەنگ پڕ بەدڵ ڕقی لە ئافرەتی سپی پێستە، وە تا بتوانێت نایەڵێ کارەکەری سپی لەماڵیا بێت، نەوەك مێردەکەی تێ بگات کە ژنەکەی گەنم ڕەنگە وە لەو سپیتر هەیە.

یا ژنێك كه هەر كچی بێت پیی ناخۆشه ژنێك ببینێت كه هەر كوڕی ببێت، بەو بێ هەر لەگەڵ ئەو ژنانەدا هەڵ ئەستێت و دائەنیشێت كه هەر كچیان هەیه.

یا كچێك كه له شووەكەیا لەسەرەوە نەبێت، پێی ناخۆشه ببینێت كه دراوسێكەی، یا هاوڕێكەی شوویەكی باشی كردووە.

هەر بەم ڕەنگه خوێندەوار حەزناكات له خوێندەوارێك كه له خۆی بەرزتر بێت، بێ حورمەت حەزناكات له حورمەتدار و هەژار حەزناكات له دەوڵەمەند و بێ دەست حەزناكات له دەستدار و خراپ حەزناكات له چاك.

زۆر كوڕ لەپاش ئەوەی كه دەستی له كارێك گیرئەبێت، ئیتر پێی ناخۆشه لەگەڵ باوكیا دانیشێت، چونكه لەلایەكەوە هەست به سەربەستی و سەربەخۆیی خۆی ئەكات، له لایەكی تریشەوە تا باوكی دیار بێت ئەو بەقەد ئەم نانوێنێت لەبەر ئەوە حەز به جیابوونەوە ئەكات، ئنجا ئەگەر جیابوونەوەی بۆ هەڵ نەسووڕا، ئەو ماڵەی لێ ئەبێت به چەرمی چۆلەكه، وە به هەموو گوفتار و كردارێك قارس و تووكەسەر ئەبێت، وا ئەزانێت كه ئەمانه بۆ ئەوە ئەكرێن كه له سەربەستی ئەو كەم بكرێتەوە، وە تەنگ به ئازادیی ئەو هەڵ ئەچنرێت، ئنجا كوڕی وا هەیه نەخۆشییەكەی زۆر گرانه، وە هەمیشه ئەناڵێنێ به دەستییەوە، هی واش هەیه نەخۆشییەكەی سووكه، كەم كەم دەرئەكەوێت.

هەر بەم ڕەنگه ژن و پیاو له ماڵا دەمقاڵێیان ئەبێت كه پرسیار كەیت بەدیمەن لەسەر شتێكی هیچ و پووچه، بەڵام كه وردی ئەكەیتەوە تێ ئەگەیت كه مایەكەی هەستی ناتەواوییه لەلایەن پیاوەكه، یا ژنەكه، یا هەردووكیانەوە.

زۆر جار ئەم نەخۆشییه له هێندێ كەسا ئاشكرا و نمایانه وەك پۆلیس جاران له لادێكان كه به شەق قسەیان لەگەڵ مەردوما ئەكرد، ئەمه بۆچی وابوو؟ چونكه ئەو پۆلیسانه خۆیان زۆر به زەبوون ئەبینی له بەردەمی معاونەكانیانا، ئنجا بۆ ئەوەی كه ئەو زەبوونییەیان داپۆشن، وە خۆیان ئیخفال بكەن كه ئەمانیش شتن و بەدەسەڵاتن، ئەهاتن مەردومی هەژار و بەسزمانیان ئەدایه بەر شەق، زۆر جاریش ئەم نەخۆشییه زۆر نهێنی و پەنهانه، وە زۆر به گران ئەدۆزرێتەوە، نابینیت زۆر كەسی وا هەیه لەماڵا بەسزمان و له دەرەوە هارو دەست وەشێنه، یا له دەرەوە هێمن و لەسەرخۆ و لەناو ماڵ و منداڵا هارو هاج و تووڕە و تڕۆیه، ئەمانه هەموو نەخۆشین ئەبێ مایەكەیان بدۆزرێتەوە.

هەردەمێك یەكێكت دیی زۆر باسی هێز و تەوانایی، یا دارایی، یا زیرەكی و بلیمەتی،

یا ڕاستگۆیی، یا حورمەتی، یا خوێندەواری، یا جوانیی خۆی ئەکرد، ئەوە بزانە کە لە دەروونا هەستی بە کەم و کووڕییەك کردووە لەخۆیا، وە ئەیەوێت بەو قسانە دای پۆشێت. زۆر کەسی وا هەن نەنگەکەی خۆیان بەقسە زۆر کردن یا بە فیز و دەعیە و دەمار، یا بە تووڕەبوون و ڕق هەستان، یا بە جنێودان بە مەردوم، یا بە گریان و تۆران، یا بە خۆ زویر کردن دائەپۆشن، ئەگەر ئەمانەشی لە دەست نەهات ئنجا هاتوچۆی کەس ناکات وە خۆی ئەشارێتەوە، وە گلە لە دەست جیهان تاسەر بۆ کەس نییە، وە دوایی هەموو کەسێك هەر مردنە.

هەست بەم نەخۆشییە کار ئەکاتە سەر ڕەگ و دەمار و پەی (عصب) لە ئەندامی مەردومدا و تێکیان ئەدات بە جۆرێکی وا کە شتێکی پێچەوانەی لێ پەیدا ئەبێت، وەك ئەمانە کە وتمان، نابینیت فتبۆلێك کە بەتوندی درا بە زەویدا تێك ئەقۆپێ، لەپاشا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو تێ قوپانەی، خۆی لە خۆیەوە بەرز ئەبێتەوە و ئەچێ بە ئاسمانا، کەوابوو ئەم هەستە بەپێی سروشتە لە هەموو دڵ و دەروونێکا بە نهێنی هەیە، وە هەموو کەس لە دڵی خۆیا هەست بە کەموکووڕیی خۆی ئەکات، وە ئەم هەستە شتێکی زۆر بەکەڵکە، وە بۆ ئەوەیە کە چارەی ئەو کەم و کووڕییە بکرێت و لابرێت، نەك داپۆشرێ و شتێکی چڵکنی پیسی دڕاوی ناشیرینی بەسەرا بدرێت وەك ئەمانەی کە باسمان کرد.

خۆشیی بۆ ئەو کەسانەی کە چارەی نەنگ و ناتەواویی خۆیان ئەکەن، وە دەرمانی بۆ ئەدۆزنەوە، نەنگ و ڕیسوایش بۆ ئەو کەسانەی کە بە سەرپۆشێکی چڵکن دای ئەپۆشن، وە بەکردەوەی ناقۆڵا پڕی ئەکەنەوە.

## بەهار(١)

بەهار! دیسان هاتیتەوە، لە دەست مۆتەکەی زستان و شەوەی بەفرو باران ڕزگارت کردین ، بای خۆشت دڕی دا هەوری تاریك و نووتەك، تیشکی زێڕینی ڕۆژ و تریفەی زیوینی مانگ و جریوەی ئەستێرە و شینایی ئاسمان و زەرد و سووریی کەناری ئاسۆی بۆ دەرخستین، لەلایەکەوە (حەوتەوانە)و لەلایەکەوە (کۆ) و (گەلاوێژ)و لەلایەکی ترەوە (کاروا نکوژە)و (ترازوو)ت بە گومەزی ئاسمانا وەك (ئاوێزە) بۆ ئاوێزان کردین!.

لەلایەکی ترەوە بە کژەی خۆشی خۆت قەلای بەفری دوژمن زستانت ڕووخاند، وە شوێنەکەیت بە لەشکری گوڵ و گیای خۆت گرت، وە خەیمەو بارەگای گوڵاڵە سوورەت لە جێ هەڵدان.

قەڵاتی زیوی ڕووخاوە هەرەس بە تۆپی نەسیم
سوپاهی لالە و گوڵ چادری لە جێ هەڵدا

لە خۆشی ئەم زاڵبوون و سەرکەوتنە بەسەر دوژمنێکی وەك زستانا، جیهان حاڵی لێ هاتووە، شاخ و داخ و کەژ و کێو و دار و درەخت و گژوگیا و مەل و باڵندە کۆڕی ذیکریان بەستووە، وەك حەڵقەی دەروێش بە دەف و گۆیندەوە بە زبانی حاڵ تەسبیحاتی خوا ئەکەن، هەر لقە گیایەك تەزبیحێکی دانەدانەی لە ئاوی شەونم لە مل کردووە، بەدەم حاڵەوە هەر سەر ئەلەقێنن مەل و باڵندەش گۆرانییان بۆ ئەڵێن و سۆزیان بۆ ئەکەن، دارو درەختیش بە گەڵاکانی خۆیان دەفیان بۆ لێ ئەدەن، شاخەکانیش وەك پیرێکی دەستگیری دڵپاك لە حەلقەی ذیکری ئەم دەروێشانەدا وێستاون سیواکێکی ڕیواسین و چەفتە و عەگالێکی گەلایینەوە.

چیایە شێخ و کەوا سەوز و مێزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە ڕێواسە تەیلەسانی گەپ
چنار و عەرعەرە دەفزەن هوزارە نەغمە سورای
گیاشی زاکرە تەزبیحی شەونمی لە ملا

تەنانەت گیانداری بێ زبانیش لە خۆشی ئەوەی کەوا پشتی گەرم بۆتەوەو سکی تێر

(١) ئەم وتارە لە ژمارە (٣)ی ساڵی (٢) لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.

بووه، ئارەزووی گۆرانی هاتووە ئیتر هەر پشیلەیە ئەمیاوێنێ و مریشکە ئەگارێنێ و، گورگە ئەلوورێنێ، ئەسپە ئەحیلێنێ و، گایە ئەقورێنێ و، مانگایە ئەبۆڕێنێ و مەڕە ئەباڕێنێ و، بزنە ئەباقێنێ و، کارو بەرخە ئەباعێنێ، وە هەموو گیانلەبەرێك ئارەزووی هاوتەحرێکی خۆیەتی کە بە خۆشی لەگەڵیا ڕابوێرێ.

لە کێو و کەژ کە سەر لە ئێوارە دێتەوە مالآت
لە دەوری چادری ساحیبی، مەوجی دا، وێستا
لە حیلە حیلی کەحێل و، لە باڕەباڕی مەڕان
لە دەنگی قوڕەیی گاجووت و، بۆڕەیی مانگا
لە گورگە لوور و حەپەی سەگ، لە قاڕەقاڕی بزن
لە عەکسی دەنگی دووبارە، کە دێتەوە لە چیا
لە ئۆحە ئۆحەی گاوان و، قیڕە قیڕی شوان
لە بگرە بەردەیی کابان، دەبێتە حەشرو حەلا
مەلائکەی سەری تاق و ڕەواقی مینایی
دێنە جونبوش و لەرزین، دەکەونە ڕەقس و سەما

لە لایەکی ترەوە کەو ئەقاسپێنی و، چۆلەکە ئەجریوێنێ و، بلبل و ڕیشۆڵە ئەخوێنێ و قازو قوڵنگ ئەچریکێنی و گاکێویی ئەپڕمێنێ و سمکوڵ ئەکات بە ڕەنگێکی وا لە گرمەی سمکۆڵەکەی، گای ژێر زەوی– کە لە پڕوپووچی کۆنا ئەڵێن: گوایە زەوی لەسەر پشتی وێستاوە– ئەلەرزێ، وە لە پڕمەی دەم و لووتی گای ئاسمان– کە پرچی ثورە– ئەترسێت.

خرنگ و هووڕی قوڵنگ و، قەتاری سپی لەسەران
کە دێت و کەو دەفرێت و شەهێن چریکە ئەکا
لە پڕمەپڕم و لە سمکۆڵی پیرەگا کێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و، دەترسێ گاوی سەما

لە هەمووی جوانتر لە بەهارانا، خێوەت و دەواری کۆچەرییەکانە کە لە دەشت هەڵی ئەدەن، وە بەپانی و درێژی کوردستان، ئێواران و شەوان، ئاگر ئەکەنەوە، وە بەقەد ئەستێرەی ئاسمان گڕی ئاگر ئەچێ بەحەوادا، ئنجا هەروەك ئێمە سەیری ئەستێرەکانی ئاسمان ئەکەین، فریشتەی ئاسمانیش بە شەوانی بەهار سەیری گڕی ئاگری ناو ڕەشماڵەکانی کوردستان ئەکەن.

که هەڵ کرا شەوێ ئاگر لە کوللی ڕەشماڵێك
خـەجـیـل دەبـن لـە زەوایـای خـەیمەی والا
(عەتارد)و (زوحەل)و (آفتاب)و (ماه)ی تەمام
خولاسە (ثـابت)و (سیـارە) تـا دەگـاتـە (سوهـا)[١]

لەمەش جوانتر، وردە هەوری ڕووی ئاسمانێتی، کە هەر دەمەی لە وێنەیەدا خۆی ئەنوێنێت، دەمێ وەها برنجۆکی سەرپۆشی بووك، دەمێ گوڵگوڵی وەك گوڵووك، دەمێ پەڵە پەڵەی پچکۆڵە وەك مێگەلی مەڕ.

لە ژووری مێگەلی هەور و لە ژێری مێگەلی مەڕ
شەبیهی گوڵشەنی خضرایە، توودەیی غەبرا[٢]

ناوبەناویش پەڵە هەورەکان لەیەك ئەدەن، وەك عاشقێکی شێت و شەیدا دەست ئەکا بە گرمە گرم و ناڵەناڵ و چەخماخە و بروسکەدان، تا تاوێك باران ئەبارێت و چەند دڵۆپێك فرمێسکی سارد هەڵ ئەڕێژێت، ئنجا جیهان تازە ئەبێتەوە، وە لە هەموو لایەکەوە هاڕەهاڕی ئاو دێت، وە بەقەد لاشەی گا هەڵ ئەڕژێتە خوارەوە لە دڵی دڵپاکان ڕووناکتر و لە بەفراوی سەر نزاران ساردتر، وە بەهەموو گەلاو گوڵ و گیا و گۆپکە و چرۆیەکەوە، دڵۆپێك ئاوی سپی بریقەداری پیا دێتە خوارەوە، کە هەتاو لێی دا وەك گوارەی ئەڵماس ئەدرەوشێتەوە.

لـە گرمـەگرمـی سەحـاب و لـە هـاژەیی بـاران
چـیـایـە پـڕ لـە هـەراو و نـووایـە پـڕ لـە سەدا[١]
پڕە لە سەیل و لە گولاوی کانی ڕووی زەمین
پڕە لە بەرق و بریقەی بروسکە جەووی سەما
شنەی نەسیمە، سەدای ئاوی سافی سەر قەڵبەز
بـە ورشە ورشە، گیـا و شیـنـکـەی بـووە شەیـدا

---

(١) (عەتارد) و (زوحەل) ناوی دوو ئەستێرەی گەڕۆکن لەو ئەستێرانە کە پاشکۆی ڕۆژن. (ئافتاب) ڕۆژە. (ثابت) ئەو ئەستێرانەن کە گەڕۆك نین. وە بەدرێژایی ساڵ لە بەرچاوی ئێمە ناجووڵێن (سیارە) ئەو ئەستێرانەن کە بە گردی ڕۆژا ئەسووڕێنەوە. (سوها) ناوی ئەستێرەیەکی زۆر پچووکە بەتەنشت ئەستێرەی حەوتەمەوە لە (حەوتەوانە) کە بە چاوی تیژ نەبێ نابینرێت.

(٢) (گولشەن خضرا): بریتییە لە ئاسمان. (توودەیی غەبرا) بریتییە لە زەوی.

(١)نووا: ئەشکەوت.

خۆ كە پەلكەزێڕینە پەیدا ئەبێت لەسەر ڕووی هەور بە ڕەنگی زەرد و سوور و سەوز و بنەوشەیی و لاجیوەردی و شین و پرتەقاڵییەوە، وا ئەزانیت كە تاقی موزەفەرە و دروست كراوە لەلایەن پەروەردگارەوە بەبۆنەی هاتنی بەهار و شایی بەهارەوە.

لەمانە لە هەمووی جوانتر ڕۆژە، كە وەك جۆلا هەر خەریكی چنینی قاڵیچەی باخچەی گوڵانە، یەكێك بە ئاڵ و یەكێك بە مۆر و یەكێك بەشینی و یەكێك ژەنگار و یەكێك بە فێست ڕەنگی، یا وەك بەر بووك خەریكی سووراو و سپیاوی گوڵەباخ و نێرگس و چاو ڕشتنی گوڵاڵەو داهێنانی پرچی بنەوشە و شانە كردنی پەرچەمی بەڕەزایە، خولاسە كە تەماشا ئەكەیت، جیهان وەك بووكێكی شەنگ و شۆخی ڕازاوە وایە، لە تەپڵی سەریەوە تا كە ڵەموستی پێی ڕەنگاو ڕەنگ و جوان و بۆنخۆشە، وە لە هەرچی ورد ئەبیتەوە مەست و سەرخۆش، وە پڕبەدەم پێ ئەكەنێت، یاوەك بلبلی سەرچڵ ئەچریكێنێ.

شكۆفە درهەمی شاباشی بایی وەعدە دەكا
لە شەوقی مەقدەمی خەمڵیوە دار و بەردی چیا
پیاڵەی زەڕی نێرگس لەسەر كەفی سیمین
پڕە لە شەونمی وەك دوڕی لۆلۆ و لالا
گوڵیش بە پەنجەی پیرۆزی جامی یاقووتی
لە بۆ نیثاری موهەیایە پڕ لە زەڕی تەلا
لە شادیی وەك سەفی شایی لە كێو و كەژ ئەزهار
هوژا بە خەلقەتی گولگون، دەكەونە رەقس و سەما[1]
چەمەن لە لالە میسالی خەتی روخی دلبەر
سیاە چادری لێ بۆتە خاڵی سەرگۆنا
لەكن بنەوشەو و، خار و، هەلاڵ و، بەیبوونی
هەلاڵی پێستەی خاوە عەبیرو موشكی خۆتا
چیا لە تەوقە سەری دارژاوە تا كەمەری
چ زولفی سونبولی دەرهەم چە پەرچەمی بەرەزا[2]
بەجۆشی ئاگری گوڵناری، كانی هەڵدەقوڵێ
میسالی دیدەیی وامیق لە حەسرەتی عەزرا[3]

(١) هوژا: جوولا.

(٢) دەرهەم: بەیەكاچوو.

(٣) وامیق: عاشقی چاوەڕوان.

بەڵام ئەگەر ڕاستت ئەوێ لە بەهار جوانتر، ئەو خوایەیە کە بەهاری دروست کردووە، وەك خۆی لە قورئانا ئەفەرمووێ: (فسبحان الله حين تمسون وحين تصبحون، وله الحمد في السماوات والارض عشياً وحين تظهرون) واتە پاك و تەمیزیی بۆ خوایە لە کاتی ئێواران و بەیانیانا، وە هەر بۆ ئەوە ستایش لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا، وە شەوان و نیوەڕوانانا.

## ساڵی تازە

خوایە! بە ناوی تۆوە ئەچین بەپیر ئەم ساڵی تازەیەوە، وە لە تۆ ئەپاڕێینەوە کە ئیمساڵمان لە پار باشتر بێت بۆ هەمووان، وە بە فەڕ و پیت و خۆشی بێت، نەك هەر بۆ کورد و عەرەب، یا هەر بۆ موسڵمانان، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵی ئادەمی بەتێکڕایی.

خوایە! لەتۆ داوا ئەکەین کە ئەم ساڵی تازەیەمان بۆ بکەیت بە سەرەتا بۆ خۆمان و هەموو گەلێکی زەبوونی خواردەستی ستەم لێکراو، تا لە زەبوونی خۆمان ورد ببینەوە، وە بەرەبەرە دەرمانی دەرد و چارەی ناکۆکی و دووبەرەکی بدۆزینەوە، تا بەخۆشی بژیین، وە بێینە ڕیزی گەلانی خواپێداو.

خوایە ئەمساڵی تازەیە بکەیت بە سەرەتای بیرکردنەوە بۆ گەلە بەدەسەلاتەکانی جیهان، تا بەچاوێکی داد و مرۆڤایەتی تەماشای هەموو گەلێکی زەبوونی ستەم لێکراو بکەن، وە مافی خۆیانیان پێ بدەن.

خوایە! نازانم تا کەی ئەم ئادەمییە دوژمنایەتی لەگەڵ خۆیا ئەکات، وە فرِوفێڵی لێ ئەکات، وە لەژێرەوە ڕیشەی ژیانی ئەبڕێتەوە، وە درەختی هیوا و ئاواتی ساڵەهای ساڵی لە بنا وشك ئەکات.

خوایە! تا کەی ئەم برایانە لەگەڵ یەکتریدا ناپاکی ئەکەن، بەم ڕەنگە لە ڕوودا بەجۆرێك و لەپاش ملەش بە جۆرێکی تر ئەبن، وە هەمیشە بە خوێنی سەری یەکتری تینووبن.

خوایە! تا کەی ئەم برایانە لەگەڵ یەکتریدا نامەرد بن، بەم ڕەنگە ئەم هەر بچووکی و کار گوزاریی خۆی بنوێنێ، وە هەمیشە دەستێکی فەرمانبەری بە سنگی خۆیەوە و دەستێکی پاسەوانێتی بە پشتی ئەوەوە بێ، کەچی ئەو لەگەڵ ئەما هەر دوژمن، وە هەمیشە بەخوێنی سەری تینوو بێ، وە بیەوێ ئاژاوەو ناکۆکی بۆ دروست بکات، وە دووبەرەکی بخاتە ناویانەوە، وە بیانکات بەگژ یەکا.

خوایە! ئەم برایانە لەجیاتی ئەوەی کە یەکتری زەبوون بکەن، ئەگەر یارمەتی یەکتری بدەن باشتر نییە؟

خوایە! تا کەی گەورەکان هەر خود پەرست ئەبن، وە هەر چاویان لە قازانج و سوودی خۆیان و کەس و کار و خزم و خوێشیانەوە ئەبێت، وە هەرگیز چاویان پڕ نابێتەوە، وە

هەر پاسی کورسییەکەی خۆیان ئەکەن لەکاتێکا کە گەل لە گیانەڵاو و چەناگە کوتانایە.

خوایە! تا کەی گەل هەڵخەڵەتاندن بە بەڵێنی درۆ و دەلەسە و، وتەی بۆش و پف هەڵدراو؟ وە تاکەی باسی دەوڵەمەند کردنی گەل و قازانج و سوودیان بدرێ بە گوێچکەیانا، وە هەر بوترێ و بوترێتەوە؟ هەر دەستەیەك تا نەهاتۆتە سەر کار، هەزاران بەڵێنی زل زل ئەدات، وە جیهان ئەکات بە بەهەشت بۆ گەلەکەی، کەچی کە لەگەڵ هاتە سەر کار لە دەستەکانی پێش خۆیان خراپتر دەرئەچن، وە لە وشەی بۆشی پف هەڵدراو زیاتر– کە وەك دەهۆڵ دەنگ بداتەوە– هیچی تر نازانن.

خوایە! شۆڕش هەڵگیرساندن وەك ئاگر هەڵگیرساندن ئاسانە، بەڵام هەڵسووڕاندنی لە قازانجی گشتی و سوودی کۆمەڵەدا گرانە، نابینیت، هەزاران ساڵە ئادەمی ئاگری دۆزیوەتەوە و هەڵی گیرساندووە، کەچی تازە توانیوێتی بەکاری بێنێت لە کاری گرنگا، وەك خستنە کاری مەکینە و کارگەی گەورە.

ئیمڕۆ چاو کراوەتەوە، وە هەموو گەلێك لە جیهان گەیشتووە و ئەزانێ چی تیا ئەکرێ، وە هەریەکە چرایەکی گرتووە بە دەستەوە، سا یا شوێنەکەی خۆی پێ ڕووناك ئەکاتەوە، ئەگەر بزانێ بەکاری بێنێت، وە یا جێگاکەی خۆی پێ ئەسووتێنێ، وە هەموو گەلێك هەستاوەتە سەر پێیان بۆ ئەوەی گوناحی خۆیشی و باو و باپیریشی بسڕێتەوە، وە بچێتە ژێر باری بەرپرسیاری «مسئولیة»ەوە، بەڕاستی کارەکە قورس و گرانە، وە کاتەکە کاتی تەنگانە و چەڵەمەیە، وە مەیدانەکە مەیدانی هەوڵدان و سەردانان و کۆڵ نەدان و نەترسانە، پێویستە لەسەر هەموو گەلێك هەروەك خۆی ئامادە و پڕچەك ئەکات، خۆشی ئارایش بدات بە خوێندن و خوێندەواری، وە بە دادی کۆمەڵایەتی، وە هەموو منێتی «انانیە» یەك بخەنە ژێرپێوە، وە هەموو دووبەرەکییەك بدەن بەدەم باوە، یا بیکەن بەژێر خاکەوە، لەم کاتە تەنگانەتر نەبووە و نابێت، کەوابوو ئەبێ هەل لە دەست نەدەن، وە هەموو دەستە و تاقمێك پشت بدەن بە پشتی یەکەوە، وە دەست بخەنە ناو دەستی یەکەوە، وەك پێغەمبەر(د.خ) جارێکیان لە غەزایەك گەڕایەوە، بە موسڵمانەکانی فەرموو «رجعنا من الجهاد الاصغر الی الجهاد الاکبر» واتە لە جەنگی بچووکەوە گەڕاینەوە بۆ جەنگی گەورە، وە لە جەنگی بێگانانەوە هاتینەوە بۆ ڕێکخستنی خۆمان و ناو خۆمان.

ئەی ساڵی تازە! ئەمە ئاوات و هیوامان، ئەمە ئارەزووی خۆمان و باو و باپیرانمانە، هیوامان وایە بە خوای گەورە و مەزن کە ناهومێدمان نەکات، وە ئەم ساڵمان لە پار باشتر بێ، وە ئیتر خۆزگە بە پار نەخوازین.

# خۆراکی جەستە و گیان

ئادەمی دروست بووە لە دوو شت، یەکەم جەستە، دووهەم گیان، جەستە هێلانە و قەفەسی گیانە، هەروەك گیان بلبلی ناو ئەو قەفەسەیە، کە وابوو بەشی گرنگ لە ئادەمیدا گیانەکەیەتی، نەك جەستەکەی، چونکە بلبلی بە بێ قەفەس نرخێکی هەیە، بەڵام قەفەسی بە بێ بلبل هەرچی نرخ بێ نییەتی.

ئنجا هەروەك جەستە خواردن و خواردنەوەی تایبەتی و هەوای پاکی ئەوێت تا بژیی، گیانیش خۆراکی پوختە و خاوێنی تایبەتی ئەوێت، تا چرای بیروباوەڕ و هۆش و گۆش و هەستی نەکوژێتەوە، وە ژیری و بیروباوەڕی بێ خۆراك نەمێنێتەوە.

هەموو کەسێك ئەزانێت خۆراکی جەستە چییە، بەڵام خۆراکی گیان ناسینی خوایە لەگەڵ پەرستنیا، وە تێگەیشتنە لە دین بە تەواوی، کەسێك ئەگەر هەر خەریکی خۆراکی جەستە بێت بە بێ خۆراکی گیان، یا خەریکی خۆراکی گیان بێت بە بێ خۆراکی جەستە، ترازووی ئادەمێتییەکەی لاسەنگ ئەبێت، وەك یەکێك کە هەر بە چاوێکی ببینێت، وە چاوەکەی تری هەمیشە بنووقێنێت، یا وەك مەلێك کە باڵێکی ببەسترێت و باڵێکی بجووڵێت، لەمەوە دەرکەوت کە هەروەك لەش بەبێ خۆراك ناژیی، گیانیش بەبێ خۆراکی تایبەتی خۆی ناژیی.هەموو کەسێك ئەزانێت هەوا کە پیس بوو بە تەپوتۆز و دووکەڵ و بۆنی ناخۆش، وە ماوەیەکی زۆر مەردمی ئەو ناوچەیە لەناو ئەو هەوا پیسەدا مایەوە، هەموو نەخۆش ئەکەون، وە زەردی و زەبوونی و لەڕی و لاوازی و چرچی و سیسی تووشیان ئەبێت، تا لەپڕ ئەمرن و بەلادا دێن.

هەروا ئاشکرا و نمایانە کە خواردن و خواردنەوەی خراپ لە هەوای خراپ خراپترە، زۆر کەس بەهۆی خراپیی یا کەم وکووڕیی خواردنەوە نەخۆش ئەکەوێت، یا لەشی برین دەرئەکات، یا ئێسقانی نەرم ئەبێت و ئەشکێت، ئەو حەلە چرای جەستەیان ڕۆژبەڕۆژ کزئەبێت تا لەپڕ ئەکوژێتەوە.

ئەم نەخۆشانە چاك نابنەوە تا ئەو هەوایە کە هەناسەی تیا ئەدەن پاك نەبێتەوە، وە ئەو خواردن و خواردنەوەیەش کە ئەیخۆنەوە باش نەبێت، بەم ڕەنگە هەرچی لەش بیەوێت تیا بێت، وە هەرچی تەندروستی پێویستی بێت بەزۆری بیبێت، وە ئەمە ئەمڕۆ

شتێکی ئاشکرا و نمایانە لەلای هەموو کەسێك، بە خوێندەوار و نەخوێندەوار و، لادێیی و شارییەوە، وە کەس ناتوانێت بڵێت ئەمە وانییە.

ئنجا لەلایەك ئەمە وابێت بۆ خۆراکی جەستە و ژیانی ئەندام، بێ گومان هەر واشە بۆ خۆراکی گیان و ژیانی گیان، چونکە ژیریی و بیروباوەڕیش جۆرە خۆراکێکی تایبەتی ئەوێت، ئنجا ئەگەر بوو، ئەوا ئەوانیش ئەژین، وە ئەگەر نەبوو، ئەوا معنویاتی ئەو کەسە یا ئەو گەلە نەخۆش ئەکەوێت، کە ئەم نەخۆشییەش درێژەی سەند، ئەوا لەڕی و لاوازییەکی وا دێت بەسەر بیروباوەڕیانا، کە گەلێ لە لەڕی و لاوازیی سیلدار خراپتر، وە زەبوونییەك ڕوو ئەکاتە گیانیان کە گەلێ کوشندەترە لە زەبوونی نەخۆشێك کە شەپڵە لیێ دابێت.

کەواتە ئەوەندەی جەستە خۆراکی چاك و هەوای پاکی ئەوێت، گیانیش ئەوەندە خۆراکی پاك و ئامۆژگاریی ڕێکوپێکی ئەوێت کە ژیری و بیری ئەو بڕواداره ڕابگرێت وە نەیەڵێ نەخۆش بکەوێت، ئەو قسانەی لەگەڵ منالا ئەوترێت لەگەڵ گەورەیەکا ناکرێت، ئەو ئامۆژگارییەی بۆ نەخوێندەوارێك ئەکرێت، بۆ خوێندەوارێك ناکرێت، هەروا ئەوەی بۆ خوێندەوارێکی مام ناوەندی ئەوترێت، بۆ خوێندەوارێکی بەرزو باڵا ناوترێت هەروەك پێچەوانەکەشی نابێت.

بەم پێیە ئەگەر ئێمە ورد ببینەوە ئەبینین زۆر لە دوانی سەر دوانگە «منبر»ەکانی ڕۆژانی هەینی؛ وە ئامۆژگاریی مزگەوتەکان، خۆراکێکی پاك و تەمیزو بە کەڵك نین بۆ موسڵمانانی ئەمڕۆ، وە ئەوی ژیریی و بیروباوەڕی ئەمڕۆ ئەیەوێت تێیانا نییە، بەڵکو بەشی زۆریشیان وەك خواردەمەنییەکی پیس و بۆگەن وان، کە هەرکەسێك بیانخوات وەك ژەهری مار بخوا وایە، لەبەرئەوە ڕەوا نییە بۆ هەموو کەسێك مەبەست لە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر لێ بداتەوە، وە لە ڕۆژی هەینیانا دوانی سەر دوانگە بخوێنێتەوە، وە بە قسەی پڕو پووچ مێشکی موسڵمانان پڕبکات، هیچ دینێك نییە لە جیهانا بەقەد دینی ئیسلام دەوڵەمەند بێت لە زانین و زانیاری و فەرموودەی بەرز و باڵا و ڕاست و دروست لە هەموو ڕوویەکەوە بەڵام– بەداخەوە– کەسمان نییە ئاگای لێیان بێت، وە بە ڕێکوپێکی و ڕەوان و قەشەنگی بتوانێت بیاندا بە گوێچکەی موسڵمانانا، لەبەرئەوە ئەم هەموو زانین و زانیاری و فەرمووده و فەرمایشانە، شاراونەتەوە لێیان، وە ئەوی ئەدرێ بە گوێچکەیانا بەشی زۆری پڕوپووچ و درۆ و دەلەسەن، کە وەك ژەهری مار وایە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان، هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵە و جگەر گۆشەی

موسڵمانان بیروباوەڕیان تێك ئەچێت، وە لە دین دوور ئەکەونەوە.

سەیر لەوەدایە ئەگەر دڵسۆزێك لەم ڕووەوە قسەیەك بکات، یا داخێکی دڵی خۆی دەرببڕێت، لە هەموو لایەکەوە ئەبێت بە بۆڵە و خوتە و دەست بەدەستا دان و ئەڵێن: (لا حول ولا قوة الا با الله) وەك ویستبێتت بناغەی دین دەربێنی لە بن، ئەم جۆرە کەسانە لە منداڵ نەفامترن، جارێ جگە لەوە کە خۆیان ناناسن لە قسەش ناگەن، وە دەرمان بە دەرد دائەنێن. ئەگەر ئەو سزایەی کە دانراوە بۆ غەشکردن لە کولێرەیەکی پێنج فلسیدا، دابنرایە بۆ ئەو کۆلکە خوێندەوارانەی کە غەش ئەکەن لە ئامۆژگاریی موسڵمانانا، ئێستا بە هەزاران کەس لە بەندیخانەدا ئەبوو!! بەڵام بەداخەوە غەشکردن لە کولێرەیەکی پێنج فلسی گەلێ بەگرینگتر دانراوە لە غەشکردن لە پێویستێکی ئایینی وەك دوانی سەر دوانگە و ئامۆژگاریی موسڵمانان.

زۆر کەس لە موسڵمانانی ئەمڕۆ ئەبینم هەر بەناو موسڵمانن، وە ئەوی ئەوان لەسەرین زۆر دوورە لە ئایینی ئیسلام و فەرموودەی قورئان، بەجۆرێك کە گوفتارو کردارمان بووە بە لەکە بۆ داوێنی ئیسلامەتی، هەر لەبەر ئەوەیە کە خواش دەستبەردارمان بووە، وە پەیوەستی لەگەڵمانا نەماوە، هەروەك ئێمەش پەیوەستیمان لەگەڵ ئەوا نەماوە.

ئەگەر ڕاستت ئەویێ پێویستە دواندەری سەر دوانگەکان و ئامۆژگار «واعظ»ی مزگەوتەکان هەموو خوێندنی زانستگایەکی بەرزی وەك ئەزهەریان ببێت، وە بڕوانامە «شهادە»یەکی بڵندیان بە دەستەوە بێت لە ئامۆژگاری و دواندندا، ئەوجەلە هەموو کەسێك خۆراکی گیان وەرئەگرێت، ڕۆژبەڕۆژ بیروباوەڕی زیادی ئەکرد و بەهێزتر ئەبوو.

# کورتەیەك لە فەلسەفەی أدیان

## دین چییە؟

### ١

مەردوم با تۆزێ خۆی دووربخاتەوە- با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ- لە تین و تەوژمی ئەو خێزانەی کە تیا لەدایك بووە، وە ئەو ناوچەی کە تیا گەورە بووە، وە ئەو وڵاتەی کە تیا هەڵسووڕاوە، وە ئەو بیروباوەڕەی کە بە کەلەپوور بۆی بەجێ ماوە، وە هەرچی ئەزانێ لە جیهانا لەبیر خۆی بباتەوە بۆ چەند کاتێك، وە وا بزانێ کە تازە هاتۆتە جیهانەوە، ئنجا بە چاوێکی وردبوونەوە با تەماشایەکی ئەم گومەزە شینە بکات، کە بەژوور سەریەوە هەڵدراوە، وە بەدەوری هەموو جیهانا هاتۆتەوە لە هەموو لایەکەوە وە تەماشایەکی ئەم بۆشاییە بکات لە هەموو گۆشە و کەنارێکەوە کە بڕانەوەی نییە، وە بیر ناگاتە ئەم پەڕ و ئەوپەڕی، وە کۆمەڵەی ڕۆژیی «منظومەی شمسی» لەناویا وەك دەنکە زیبزانەیەك وایە کە لەم جیهانە کاکی بەکاکییەدا فڕێ بدرێ، بەڵکو لەمەش گەلێ گەلێ هیچ و پووچتر و بێ نرخترە.

ئادەمێتی ئەم بێ بڕانەوەیە ئەبینێ لە ژوور سەریەوە، وە چاوی تا ماوەیەك هەنا ئەکات، ئیتر لەوە بەولاوە بڕناکات و ئەوێستێ، لە کوێ چاوی وێستا ژیری و بیریشی ئەوێستێ، وە لەشکری هەردووکیان بە شکاوی ئەگەڕێتەوە و نقوم ئەبێ لە دەریای نادانیدا، کە لە هەموو لایەکەوە پەردەی داداوەتەوە بەسەر چاو و گوێ و بەسەر ژیری و بەسەر بیریا، وە خۆی سەد هەزاران هەزار جار بێ نرختر و نادانتر و بچووکتر دێتە پێش چاو لە مێروولەیەك بەڵکو لە هەموو وردیلەیەك کە بە چاو نابینرێ لەناو نەبڕانەو «لانهایە» یەدا، لەوانەیە کە بتۆقێ لەم بێ دەنگیی بوونەوەرە.

بەچاو تەماشای سەر و خوار و ڕاست و چەپی خۆی ئەکات، ئەبینێ بۆشاییەکی وا بێ بڕانەوە دەوری داوە کە مورغی ژیری و بیر نای بڕێ و پەیی پێ نابات، وە لەوانەیە کە لە داخی نادانی و بێ نرخی و هیچ و پووچی خۆی سەر بەرز نەکاتەوە تامردن.

لەپاش ئەم وردبوونەوەیە، ئنجا مەردوم لە خۆی وردببێتەوە بزانێ چی بە دڵا دێ؟ بێ گومان لەم گەشتە ئەگەڕێتەوە بە دڵێکی پڕ لە سام و ترس و سەرسوڕمانەوە، وە تێ ئەگات

کە بوونەوەر «کون» شتێکی زۆر زۆر گەورەو فراوان و بێ بڕانەوەیە، وە خۆی لەناویا گەلێ لە هیچ، هیچ و پووچترە، جا بەهۆی ئەم تێگەیشتنەیەوە ترس و بیمی پەروەردگاری لێ ئەنیشێ، وە بەڕاستی دەرگایەك لە دڵی ئەکرێتەوە بۆ ناسینی خوا، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (انما یخشی الله من عباده العلماء) واتە ئەوی بەڕاستی لە خوا بترسێ ئەو زانایانەن کە لە نهێنی بوونەوەرو ئەسراری سروشت «طبیعە» تێ گەیشتوون.

شەوی کە بەسەراهات، و گومەزی ئاسمان تاریك داهات، وە ئەستێرە لە هەموو لایەکەوە دەستی کرد بە جریوەجریو و تریسك و هوور، یەکێك گەورە و یەکێك بچووك و یەکێك دوور و یەکێك نزیك وە ئەم ئەستێرانە یەکێك لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و یەکێك لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات ئەڕۆن و چەرخە ئەخۆن، وە ئەم بۆشاییە بێ بڕانەوەیە لە بەرچاوی پڕ بوو لە هەزاران هەزار ئەستێرەی وا کە بە هەزارەها جار لە ڕۆژی ئێمە گەورەترن، وە هەموو لە ئاستی خۆی دەستی کرد بە ورشەورش و جووڵەجووڵ، وە چین چین وەك دەریایەکی بێ پایان شەپۆلی ڕووناکی و بریق و هووڕی دایەوە، تا گەیشتە چنی کاکەشان، کە لەوێدا ئەستێرە بە دانە نابینرێ، بەڵکو لەبەر زۆری و دوورییان، وەك هەورێکی سپی دێتە پێش چاو، کە بە هەزاران هەزار ڕۆژی وای تیایە کە بە ملیۆن جار لە ڕۆژی ئێمە گەورەترن، وە بە هەزاران ملیۆن ساڵی ڕووناکی لە ئێمەوە دوورن، وە ئەم ڕۆژەش دیارە کە هەموو ئەستێرەی گەڕۆکیان بەدەورا هەیە، وە هەموو مانگ و زەوییان هەیە، وە لە زەوییەکانیانا بێ گومان مرۆڤ و گیانلەبەرانی تیایە، وە بە هەزاران هەزار زەوییان تیایە، کە گەلێ لە زەوی ئێمە گەورەترن، ئنجا ئەم هەموو ڕۆژ و مانگ و ئەستێرانە بەجارێك ئەسووڕێنەوە، هەریەکە بەلایەکا، وە هەریەکە لەسەر کێڕێکی تایبەتی، بە بێ ئەوەی کە یەکێکیان لە هەزار ملیۆن ساڵا بەقەد موویەك پاش و پێش بکەوێ یا ڕێی لێ تێك بچێ، یا بە یەکێکی ترا هەڵتەقێ، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (فارجع البصر هل تری من فطور، ثم ارجع البصر کرتین ینقلب الیك خاسئا وهو حسیر) واتە چاو بگێڕە بە ئاسماناو بزانە هیچ شەق و شڕیی و ناڕێکییەك ئەبینیت، دیسانەوە ئەگەر چاو بگێڕیت، وە جار لەدوای جار ورد ببیتەوە، چاوت وەرئەگەڕێتەوە بۆلای خۆت بە ماندوویێتی، بە بێ ئەوەی توانیبێتی نەنگێك بدۆزێتەوە، یا ناتەواوییەك بەدی بکات.

ئنجا ئادەمی کە سەر بەرز ئەکاتەوە، وە ئەم گومەزە بێ پایانە ئەبینێ، بەم هەموو ڕۆژ و مانگ و ئەستێرانەوە، کە هەریەکە بەجۆرێك ئەسووڕێتەوە، وە هەریەکە بەلایەکا ئەخولێتەوە، وە هیچیان لە هیچیان ناکەون، وە هەموو فەرمانبەری ئەو کەسەن کە

دروستی کردوون و خستونیه گەڕ، ئنجا کە لەمانە ورد بووەوە، خۆی ئەبینێ لە دەریایەکی بێ پایانی، بێ بڕانەوەی، نادیارا، وە خۆی لێ ئەبێ بە شتێکی زۆر هیچ و پووچ، وە تێ ئەگات لە زەبوونی و پچووکی و نادانی و بێ نرخی خۆی، وە بە دڵ سەر دائەنەوێنێ بۆ ئەو ئەندازیار «مهندس»ە گەورەیەی کە نەقشەی ئەم بوونەوەرەی کێشاوەو دروستی کردووە، بەم هەموو جوانی و ڕێکوپێکییە، وە ملکەچی ئەکات بۆ ئەو کەشتیوانەی کە ئەم کەشتییە گەورەیە ئەبات بەڕێوە، وە شەو و ڕۆژ بێ وچان فەرامۆشی ناکات و ئاگاداری ئەکات کە بزمارێکی دەرنەچێ و چەرخێکی خاو نەبێتەوە، وەك قورئان ئەفەرمووێ: ( الله لا اله الا هو الحي القيوم، لا تأخذه سنة ولا نوم، له ما في السماوات وما في الارض، من ذا الذي يشفع عنده الا باذنه، يعلم ما بين ايديهم وما خلفهم، ولا يحيطون بشئ من علمه الا بما شاء، وسع كرسيه السماوات والارض، ولا يؤده حفظهما، وهو العلي العظيم) واتە هیچ خوایەکی بەڕاستی نییە تەنیا ئەو نەبێ، کە زیندەو پایندەیە، نە وەنەوز ئەیگرێ و نە خەو ئەیباتەوە، چی لە ئەرز و ئاسمانایە هی ئەوە، هەرچی بکات ئەیکات و کەس کاری ئەو تێك نادات، هەرچی هەیە ئەیزانێ و ئاگای لێیەتی، کەس نهێنی ئەو نازانێ مەگەر بە یارمەتی خۆی نەبێ، دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەرچی ئاسمانەکانا هەیە، وە ئاگادارییان ماندووی ناکات، وە هەر ئەوە پایەبەرز و گەورەی بەدەسەڵات.

ئنجا کە ئادەمی لەم گەورەیی و دەسەڵاتە گەیشت، وە لە زەبوونی و نادانی خۆی حاڵی بوو، ئیتر تێ ئەگات کە زۆر زۆر پێویستە بە یەکێك کە دەست بگرێ بەباڵییەوە، وە لە هەموو تەنگانەیەکا بێ بەدەنگییەوە، وە باڵی میهرەبانی بێنێ بەسەریا، وە بڕوا ئەهێنێ بە گەورەیی و دەسەڵات و ئاگاداری و دانایی ئەو کەسەی کە ئەم بوونەوەرەی دروست کردووە، کە ئەویش خوایە.

ئەمە سەرچاوەی دینە، وە مایەی دۆزینەوەی خوایە وە هۆی ئەوەیە کە ئادەمی لە یەکەم ڕۆژی بیرکردنەوەیەوە خواناس و خواپەرست بووە، وە خوای بە سروشت دۆزیوەتەوە، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (فاقم وجهك للدين حنيفا، فطرة الله التي فطر الناس عليها، لا تبديل لخلق الله، ذلك الدين القيم ولكن اكثر الناس لا يعلمون) واتە بەڕاستی و پاکی ڕووبکەرە دین، وە لابدە لە هەموو بیروباوەڕێکی خراپ، ئەمە ئەو سروشتە پاکەیە کە خوا ئادەمی لەسەر دروست کردووە، گۆڕین لە دروستکردنی خوادا نییە واتە لە هەموو کات و شوێنێکا ئەمە سروشتی ئادەمییە، مەگەر ناوچە و ڕابەری

خراپ و باوی پیسیی کۆمەڵایەتی سەری لێ تێك بدات، ئەم دینە سروشتییەیە دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆر کەس نازانێ و سەری لێ تێکچووە.

کەوابوو هەموو کەسێك بە سروشت خوا ئەناسێ، وە ئەزانێ کە هێزێکی نادیاری زانای، دانای، ئاگاداری، بەدەسەڵاتی، خاوەن حکمە و تەدبیر هەیە، زاڵە بەسەر بوونەوەرا، کە ئەو هێزە سەرچاوەی دروستکردن و هێنانەڕوو، یارمەتیدەر و ڕێ نموونی «توقیف و هدایة » کارە.

شایستەیە بۆ هەموو کەسێك کە ئاگاداریی ئەم سروشتە پاکەی خۆی بکات، بەجۆرێك کە هەمیشە لە دڵیا بێ و فەرامۆشی نەکات، بەڵام هەوا و هەوەس و ئارەزووی بەرەڵلایی لە ئادەمیدا، زۆرتر ئەم هەستەی لەبیر ئەباتەوە، وە نایەڵێ بیری بکەیتەوە، مەگەر لەکاتێکا کە تووشی چورتمێك ببێ لەو حەلەدا هەموو یاخی بوونێکی لەبیر ئەچێتەوە، وە ئەچێتەوە سەر سروشتە پاکەکەی خۆی کە ناسینی خوایە، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (واذا مس الانسان الضر دعانا لجبنه او قاعدا او قائما، فلما کشفنا عنه ضره مر کان لم یدعنا الی ضر مسه) واتە کاتێك کە ئادەمیی تووشی زیانێك بوو هاوارمان بۆ دێنێ، لە پاڵەوە بێ، یا بەدانیشتنەوە یا بەپێیانەوە، کاتێك کە زیانەکەمان لەسەر لابرد، بە ڕێگا خراپەکەی جارانیا ئەڕواتەوە، هەروەك ئێمەی بانگ نەکردبێ بۆ لابردنی زیانێك کە تووشی بووبێ.

ئەمەیە ئەو دینە سروشتییەی کە هەموو پێغەمبەرێك فەرمانی پێ داوە، وە هەموویان چۆن یەکن تیایا، وە هیچ جیاوازییەك نییە لەناویانا، مەگەر لە لق و پۆپێکا نەبێ کە بەپێی ڕۆژ ئەگۆڕێ، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (شرع لکم من الدین ما وصی بة نوحا والذي اوحینا الیك وما وصینا به ابراهیم وموسي وعیسي ان اقیموا الدین ولا تتفرقوا فیه) واتە خوا بۆی داناون لە ئایین- ئەی ئادەمی - ئەوەی فەرمانی پێ داوە بە نوح پێغەمبەر، وە ئەوەی کە بە سروشت بۆ تۆم ناردووە، وە ئەوەی کە فەرمانمان پێ داوە بە ابراهیم و موسی و عیسی، کە دین ڕاگرن، وە دووبەرەکی تیا مەکەن.

٢

ئەگونجێ یەکێك بڵێ ئەمە جاران وابوو، نەك ئێستا، کە مانگی دەستکردی تیا هەڵ ئەدرێ و هاژەك «صاروخ»ی تیا ئەنێرێ بۆ زهرە، بەڵام ئەوی کە وا ئەڵێ ئەبێ بزانێ ئەو زەوییەی کە ئەو لەسەر پشتیەتی پشتێنەکەی ٢٤ هەزار میلە، واتە هەموو شەو و

ڕۆژێك زەوی ٢٤ هەزار میل ئەبڕێ بە سووڕانەوەش بەدەوری ڕۆژا ساڵێ ٦٠٠ ملیۆن میل ئەبڕێ، واتە لە هەموو سەعاتێکا ٦٠ هەزار میل ئەڕوا، هەروەك لە ڕۆینی ڕووبەڕوو «حرکەی اتجاهی»دا سەعاتی ٢٠ هەزار میل ئەبڕێ لەگەڵ ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکانی ترا، بەڵکو لەگەڵ هەرچی کۆمەڵەی ڕۆژی تر هەیە، واتە هەموو بەجارێك جۆرە ڕۆینێکیان هەیە ڕووەو تاریکی، وەك هەموو کۆمەڵە ڕۆژییەکان بیانەوێ لە یەك دووربکەنەوە، وە قەبارەی بوونەوەر گەورەتر بکەن وایە، زانای ئاسمانی بەناوبانگ (سێرجنیز) ئەڵێ قەبارەی بۆشایی بوونەوەر، لە یەکەم ڕۆژیا چەندە بووە، ئێستا دە ئەوەندەیە، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (والسماء بنيناها بأيد وانا لموسعون) واتە ئاسمانمان دروست کردووە بە دەستی گەورەیی و دەسەڵات، وە ئێمە بەرەبەرە فراوانتری ئەکەین.

کەوابوو ئەم زەوییەی کە تۆ بە وێستاوی ئەزانیت کە ناجووڵێ، بە سێ لادا ئەسووڕێتەوە و ئەڕوا، وە بە هەرسێکیان سەعاتی ٨١ هەزار میل ئەبڕێ لەم ئاسمانەدا وەك قورئان ئەفەرمووێ: (وترى الجبال تحسبها جامدة وهي تمر مر السحاب، صنع الله الذي اتقن كل شئ) واتە تۆ کە ئەم شاخ و داخانە ئەبینیت لە زەویدا، وە وا ئەزانیت کە وشك وەستاون ناجووڵێن کەچی بەم حەوایەدا وەك هەور ئەڕۆن، ئەمە دەستکردی ئەو خوایەیە کە هەموو شتێکی ڕێکوپێك و بێ نەنگ دروست کردووە[1].

ئەو ڕۆژەی کە ڕووناکی و گەرمی ژیانمان بۆ ئەنێرێ ١ر٤٠٠ر٠٠٠ جار لەزەوی زلترە، وە (٩٣) ملیون میل لێمانەوە دوورە، وە تیشکی بە ٨ دەقیقەو ١٨ ثانیە ئەمان گاتێ، لەبەر ئەوەی کە بۆشایی ئاسمان لە بڕانەوەدا نییە، وە گەورەترین ئەندازەی ئێمە کە میلە دەرەقەتی پێوانی ئاسمانی ناوەندی ئەستێرەکان نایەت، لەبەرئەوە زانایانی ئاسمانی هاتوون ئەندازەیەکیان داناوە بۆ پێوانی ئاسمان ئەویش ڕۆینی تیشکە کە لە چرکە (ثانیە) یەکدا (١٨٦٠٠٠) میل ئەبڕێ، ئەگەر ئەمە لە (٦٠)ی لێکبدرێ (زەرب) کە ئەکاتە دەقیقەیەك لەپاشا لە (٦٠)ی تر لێکبدەین کە ئەکاتە سەعاتێك، لەپاشا لە (٢٤)ی لێکبدەین کە ئەکاتە شەو و ڕۆژێك، لەپاشا لە (٣٦٠)ی لێکبدەین کە ئەکاتە ساڵێك دەرئەکەوێ ئەو ماوەیەی کە تیشك ئەیبڕێ لە ساڵێك شەش ملیۆن ملیۆن میلە، ئنجا ئەم ماوەیە کراوە بە ئەندازە بۆ پێوانی ناوەندی ئەستێرەکان.

(١) قورئان بەم ئایەتە ١٢٠٠ ساڵ پێش (کۆبریك) خەبەری داوە کە زەوی وەك هەور بەحەوادا ئەسووڕێتەوە، وە ئەم ئایەتە یەکێکە لە معجزەی قورئان.

نزیكترین ئەستێرە لە ئێمەوە لە ڕۆژ بەولاوە تیشكەكەی بەچوار ساڵ و نیوی ڕووناكی ئەمانگاتیێ، واتە ٢٥ ملیۆن میل لێمانەوە دوورە، تیشكی ئەستێرەی (نسری طائر) بە١٤ ساڵ و نیو ئەمانگاتیێ، واتە ٨٧ ملیۆن ملیۆن میل دوورە، تیشكی ئەستێرەی گەلاوێژ بە ٢٢ ساڵ ڕووناكی ئەمانگاتیێ، واتە ١٢٣ ملیۆن ملیۆن میل لێمانەوە دوورە. تیشكی ئەستێرەی (سماكی رامح) بە ٥٠ ساڵ ئەمانگاتیێ، واتە ٣٠٠ ملیۆن ملیۆن میل دوورە.

ئەستێرەی وا هەیە گەلێ گەلێ لەمانە دوورترن، وە بەهۆی ڕوانگە «مرصد»ە وە تائێستا ٥٠٠ ملیون ئەستێرە دۆزراوەتەوە، بەڵام كاكەشانی یەكەم – كە لەشەوی تاریكا وەك هەورێكی سپی بەر چاو ئەكەوێ قطرەكەی ٠٠٠ر١٠٠ساڵی ڕووناكییە.

زانای ئاسمانی بەناوبانگ (هیل) بەڕێوبەرەی ڕوانگەی (مونت ولسن) ئەێ ١٠٠ ملیون كاكەشان هەیە لەودیو كاكەشانی ئێمەوە، كە هەموو كاكەشانێك ٣٠٠ ملیۆن ئەستێرەی تیایە، وە لە ناوەندی هەموو دوو ئەستێرەیەكا (١٠) ملیۆن ملیۆن میل ماوە هەیە، وە نزیكترین كاكەشان لەودیو كاكەشانی ئێمەوە دوورە، وە ئەوی تا ئێستا بە ڕوانگە كەوتبێ بگرە (٧٥٠) ملیۆن ساڵی ڕووناكی لە ئێمەوە دوورە، كە ئەمە هێشتا هیچ نییە لە چاو گەورەیی بوونەوەردا.

ئەگەر پێت بڵێن ئەستێرەی وا هەیە ئەوەتی خوا دروستی كردووە هێشتا ڕووناكییەكەی نەگەیشتۆتە زەوی. یاخۆ ئەستێرەی وا هەیە لەپێش دروستكردنی زەویدا ئەو لەشوێنی خۆی ترازاوە و بۆتەوە بە تۆز كەچی هێشتا ڕووناكییەكەی هەر بەڕێگاوەیە و لە ئێمەوە نەكوژاوەتەوە، وە ئێمە بە ئەستێرەی ئەبینین، سەرسام نابیت و سەرەخولێت پێ ناكەوێ؟

ئنجا مەردوم كە ئەمانەی زانی تێ ئەگات كە مانگی دەستكرد و هاژەكی زهرە وەك گومەزە حەمامۆكێی منداڵان وایە، لەچاو گومەزی ئاسمان كە لە خۆڵ دروستی ئەكەن ئاوی لێ ئەپرژێنن و چیلكە ژێرەكەی نەختێك هەڵۆڵ ئەكەن، بەڵكو لەمەش گەلێ گەلێ هیچ و پووچترە.

وە وابوو بیركردنەوە لە شەو و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و زەوی، گەورەترین سەرچاوەی ئیمان و باوەڕە بەخوا، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (ان في خلق السماوات والارض واختلاف الليل والنهار لآيات لاولي الالباب، الذين يذكرون الله قياما وقعودا وعلى جنوبهم ويتفكرون في خلق السموات والارض، ربنا ما خلقت هذا باطلا سبحانك فقنا عذاب النار) واتە بەڕاستی لە دروستكردنی ئاسمانەكان و زەوی و هاتن و چوونی شەو

و ڕۆژ بەرودوا نیشانەی زۆر هەیە لەسەر بوونی خوا بۆ مەردومی ژیر، ئەوانە کە یادی خوا ئەکەن بەپێوە و بە دانیشتن و بە پاڵکەوتنەوە، وە بیر ئەکەنەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، تا بە بەتەواوی خوا ئەناسن و ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری هەمووان، تۆ ئەم جیهانەت بەخۆڕایی وە بە بێ هوودە دروست نەکردووە، پاکی بۆ تۆیە لەمەی کە شتی بێ کەڵك و بێ هوودە دروست بکەیت، بمانپارێزە لە بێ باوەڕی کە مایەی سزای دۆزەخە.

٣

ئەمە تائێستا قسە لە ئاسمان و ئەستێرەکان بوو، بەڵام ئەگەر تەماشایەکی بەردەمی خۆشت بکەیت لە بێ گیان و لە گیاندار، گیاندارەکانیش لە گیا و لە زیندەوەر و لە ئادەمی، تێ ئەگەیت کە ئەمیش لەو کەمتر نییە، چونکە ئەگەر تەماشای دەنکە تۆوێکی پچکۆلانە بکەیت کە ئەیکەیت بە ژێرخاکەوە، وە لەپاش چەند ساڵێك ئەبێ بە درەختێکی گەورەی باڵابەرزی بنك ئەستووری لق و پۆپاوی، و لقەکانی لە هەموو لایەکەوە گەڵا دەرئەکەن و بەر ئەگرن، وە بەرەکانیشیان هەموو ڕەنگاوڕەنگ، وە هەریەکە بە ڕەنگێك و تەحرێك و بە جۆرێك بە تامێك و بۆنێك.

لە پاش ئەمانە ئنجا ئەگەر بگەڕێیت بەسەر هێلانە و لانی گیانلەبەرانا، وە ماوەیەك ووردبییتەوە لە ڕەنگیان و لە قەبارەیان و لە سروشتیان و لە ڕەوشت و خوویان و لە دەستوور و باویان کە هەزاران جلد کتێب بەش ناکات لە ڕاڤەیانا.

خۆ ئەگەر وردبییتەوە لەو ماوەیەی کە ئەم هەموو شتانەی لێ دروست کراوە کە هەرگیز نەزانراوە چییە، ئەگەر لەمانە وردبیتەوە سەرسام ئەبیت و سەرت سووڕئەمێنێ، وە بە دڵ سەر دائەنەوێنیت بۆ ئەم هێزە بێ پایانە، وە بۆ ئەم ئەندازیارە بێ هاوتایە، وە بۆ ئەم وەستا دەست ڕەنگینە، وە ئەکەویت بەڕوودا بۆ بارەگای ئەو خوای گەورە و مەزنە، کە تا لە نهێنی بوونەوەر بگەیت باشتر نادانی خۆتت بۆ دەرئەکەوێ وە چاکتر تێ ئەگەیت کە پێویستیت بە پشتیوانێکە کە دەست بگرێ بە پشتتەوە، وە دەست بداتە باڵت.

خۆ ئەگەر نەختێك لێکی بدەیتەوە و بڵێیت لەپاش ئەوەی کە زەوی لە ڕۆژ پچڕاوەو جیابۆتەوە، وە هەزاران هەزار ساڵ سووتاوە و گڕاوە و هەڵگیرساوە، لەپاشا ئنجا وەك پشکو ئاگرێك خۆڵی لێ نیشتووە و ساردبۆتەوە، وە ئەم هەموو گژوگیا و گوڵ و گوڵزار و مەل و باڵندە و جانەوەر و دڕندە و گیانلەبەرانەی چۆن لەسەر پەیدابوو، وە ژیان لە کوێوە

هات و چۆن هات چۆن چووەتە ناو بۆشەك «حجير»ەوە، لەپاشا چی لێ دێ و بۆ کوێ ئەچێ، ئەگەر بەوردی لەمانە بیربکەیتەوە، تێ ئەگەیت کە تا چەند ئەندازەیەك نادان و هیچ نەزانین، وە لە زۆر شوێنا ئەبێ بوەستیت وە ناچاری بیدەیتە دەست ئەو کەسەی کە دروستی – کردووە، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (أفي الله شك فاطر السماوات والارض) واتە ئایا هیچ گومانێکت هەیە لەو خوایەدا کە دروستکەری هەموو ئاسمان و زەوییە.

لەبابەت پەیدابوونی ژیان «حياة»ەوە لەسەر زەوی بۆ یەکەم جار چەند بیروباوەڕێك هەیە لەلایەن زانا مادییەکانەوە کە هیچیان ناچێتە دڵەوە:

١– هێندێکیان ئەڵێن بە ڕێکەوتێکی کوتوپڕیی بۆشەکێکی زیندوو پەیدا بووەو پەرەی سەندووە، بەڵام ڕێکەوت «صدفة» چییە؟ زانایانی ئەمڕۆ هیچیان دان بە ڕێکەوتا نانێن، وە ئەڵێن جیهان بەپێی یاسای سببی، جیهانی أسباب و مسبباتە، ئەوی کە بەدیمەن بەڕێکەوت ئەبینرێ وەکی تر هۆیەکی تایبەتی بووە بۆ بوونی.

٢– هێندێکی تر ئەڵێن ژیان بە پارچە ئەستێرەیەکی کشاوەوە هاتووە بۆ سەرزەوی، ئەگەر ئەمە وایە ئەی ژیان لەناو ئەو ئەستێرەیەدا چۆن پەیدا بووە؟ چونکە ئەویش هەروەك زەوی وابوو. ئەوانەی کە ئەڵێن بوونەوەر هەمووی هەر مایەیە، ژیری «عقل» لێیان وەرناگرێ، چونکە وابێ أفکارو عواطف و ارادە– کە مایە نین– چۆن پەیدا ئەبن لە ماوەیەکی وشك و برنگ و کولۆفت «كثيف»ەوە، وە چۆن بیرێکی ئەوتۆ کە هەستی بەخۆی هەیە، وە هەستی خۆی ئەکات، پەیدا ئەبێ لە مایەیەکەوە کە هەست بەخۆی ناکات، وە چۆن مایە لەگەڵ ژیریی و بیرا یەك شتن کە صفاتەکانیان زۆر زۆر لەیەك جیان، بەڵکو چۆن مایەیەك کە مادییە ئەبێ بەهۆی ژیری و بیر کە مادی نین، ئەوانەی کە ئەڵێن مایە هەموو شتێکە لە بوونەوەرا، ناتوانن هەموو شتێك ببەنەوە سەریەك وە ڕاڤە «تفسير»ی هەموو شتێك بکەن، ئەگینا جووڵە «حركة» چۆن پەیدا بووە لە مایەوە، وە چۆن هەست پەیدا بووە لەجووڵەوە، لەپاشا پەیوەستی لە ناوەندی دوو شتا وەك پەیوەستی ناوەندی مێشك و بیرکردنەوە نابێ بە دەلیل بۆ ئەمە کە بوترێ مێشك بیرکردنەوەی دروست کردبێ، چونکە مێشك جێگای بیرکردنەوەیە، نەك هۆی دروست بوونیەتی، کەوابوو ئەبێ شتێکی تر بێ غەیری مایە و جسم کە ئەوەش گیانە.

لەپاشا تۆ هەرچەند وردببیتەوە لە وردیلەها «ذرات»ی ئەم جیهانە، دەبینیت کە

هەمیشە لە کۆن بوون و تازەبوونەوە و بڵاوبوونەوە و کۆبوونەوەدایە، ناچار بەدڵتا دێ کە ئەبێ بەشی تۆ لەم جیهانەدا چی بێ؟ وە لەدوای مردن چیت لێ دێ، ئنجا ئەگەر ئەو خۆشەویستی ژیانەی کە لە سروشتا هەیە سیخورمەیەکی لێ دایت و بردتی بۆ وردبوونەوەی بەڕاستی و قووڵکردنەوەی هەموو شتێك، هەر ئەوەندە ئەزانیت پەردە لەسەر گیانت هەڵ ئەگیرێ، وە هەست بە مەبەستی گیانت ئەکەیت، وە ئەژیت بە ژیانێکی پڕ لە حەسانەوە و کامەرانی، یا هەست ناکەیت بە مەبەستی گیانت ئەوحەلە هەموو تەمەنت بەسەر ئەبەیت لە ژیانێکی پڕ لە دوودڵی و ناڕەحەتی و جووڵەجووڵ و بێ دڵنیایی و ڕووکردنە پاشەڕۆژێکی تاریك و نووتەك و نەبوونییەکی هەمیشەیی وا کە هەرگیز ناتوانیت قسەی لێ بکەیت، تا مردن کە زمان لاڵ و قەڵەم کۆڵە لە باسیا.

لەمانەوە دەرکەوت کە ئادەمیی خوێندەوار و نەخوێندەوار و دانا و نادانی ئەگەر بەڕاستی وردببینەوە وەك وتمان بێ پەروا باوەڕ ئەکات بەبوونی خوایەکی زانای دانای ئاگاداری بەدەسەڵات، وە ئەکەوێ بە سجدەدا لەبەر بارەگای ئەو خوا گەورەیەدا، وە لەگەڵ لەشکری شەو و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و زەوی و دارو درەخت و شاخ و داخ و دۆڵ و دەرەو چەم و ڕووبار و دەریا و وشکانیدا سجدەیەکی بەڕاستی ئەبات بۆ خوای پەروەردگاری خۆی، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (الم تر ان الله یسجد له من في السماوات ومن في الارض والشمس والقمر والنجوم والجبال والشجر والدواب وکثیر من الناس) واتە ئایا ئەزانیت کە سجدە ئەبات بۆ خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەوی دان بە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و شاخ و درەخت و چوارپێ و گەلێ لە ئادەمییەوە.

ئەمە ئەو دینەیە کە تێکەڵی سروشتی ئادەمییە، ناگونجێ لێی جیابنێتەوە بە هیچ ڕەنگێك، چونکە ئامانجی هەموو گیانێکە. گەورەترین فەیلەسووف و زانای ڕۆژئاوا (رینان) لە (مێژووی ئەدیان) یا ئەڵێ: «ئەگونجێ هەرچی ئێمە خۆشمان ئەوێ و حەزی لێ ئەکەین نەمێنی و بچێتەوە پەردەی نەبوون، بەڵام نەمانی دینداریی هەرگیز نەبووە و نابێ، بەڵکو ئەمێنێ هەتا هەتایە بە بەڵگە و نیشانە لەسەر هیچ و پووچی مەذهەبی مادیی، کە ئەیەوێ بیری ئادەمی دیل و پابەند بکات لە قەفەسی تەنگ و تەسکی ژیانێکی هیچ و پووچی سەرزەمینی دا».

فەیلەسووفی بەناوبانگ (ئەجوست سباتییە) لە کتێبی (فەلسەفەی أدیان) یا ئەڵێ: «بۆچی من دیندارم؟ هەرچەند ئەم پرسیارەم کردبێ وەڵامم هەر ئەمە بووە: کە من دیندارم چونکە ناتوانم دیندار نەبم، لەبەر ئەمەی کە دین تێکەڵی سروشتمە، لێم جیا

نابێتەوە، پێم ئەڵێن ئەم دین داریی تۆیە تینی ناوچە و پەروەرشتە، منیش ئەڵێم: خۆشم ئەمەم زۆر جار وتووە، بەڵام کە وردبوومەتەوە بینیومە کە شتێکی ناچارییە، وە گەلێ گەلێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیم بەهێزترە، کەوابوو دین هەتاییە، وە نابێ نەبێ، دین جگە لەوە کە سەرچاوەکەی هەرگیز وشك نابێ، ڕۆژ بەڕۆژیش بەهێزترو بەتینتر ئەبێ، وە ماوەی پانتر و بنکی قووڵتر ئەبێ، بەهۆی بیری فەلسەفی و تاقیکردنەوەی ژیانی پڕ لە ئێش و ئازارەوە».

## وێژەی پاك

وێژە وەك ئاوی سەرچاوە وایە، تا دوور کەوێتەوە لە سەرچاوەکەی، ئاوەکە لێڵ ئەبێ، هەر کارێزێك تابیرو گومانەکانی دوورتربن لە ئاوەدانییەوە، ئەو ئاوە پاك و تەمیز و شیرین و خۆش و سپی و بریقەدار ئەبێ، کە بیرەکانی کەوتنە ناو ئاوەدانییەوە، لە هەموو لایەکەوە زێراب و ئاودەستخانەی لێ نزیك کەوتەوە، وە شیو و چڵکاوی بەلادا تێپەڕیی بێ گومان ئەو ئاوە پیس ئەبێ، ئەو حەلە لەجیاتی ئەوەی کە ساغی و تەندروستی بڵاو بکاتەوە، نەخۆشی و دەرد بڵاو ئەکاتەوە.

وێژەش وایە، تا لە شارستان و شارستانیەتییەوە دوور بێ، پاك و تەمیزو ڕەوان و جوانە، بەڵام کە شارستانێتی گەمارۆی دا، وتەی بێگانە تێکەڵی ئەبێ، وە شێوە و ئاهەنگی تێك ئەچێ، وە تا ئەو شارە گەورەتر بێ، وە سەرەڕێی بێگانان زۆرتر بێ، وتەی ئەم و ئەوی زیاتر تێ ئەوەرێ، تەماشای فەرهەنگی فارسی بکە، نەخوازەڵا «برهان قاطع» ئەبینیت لە سەدا (٣٠) عەرەبی و (١٠)ی یۆنانی و (١٠) تورکییە، ئیتر واز لە زبانەکانی تر بێنە.

لەبەرئەوە هەرچی زانایانی عەرەبی و ئیسلام هەیە، هۆی ڕەوانبێژیی «بلاغة» پێغەمبەر ئەبەنەوە سەر ئەوەی بەمناڵی لە شاری مەکەدا زبانی نەپژاوە، بەڵکو دراوە بەدایەن بە حليمة السعدية، لە هۆزی «بنی سعد»، وە پێنج ساڵ لەناو ئەو هۆزەدا ماوەتەوە، وە وێژەیەکی عەرەبی پاکی، بێ خەوش و خاڵی وەرگرتووە، کە ئەوەتە پێغەمبەر خۆی بە خۆی ئەفەرمووێ «انا افصح من نطق بالضاد» واتە من ڕەوانبێژترینی عەرەبم.

هەر لەبەر ئەمەیە کە وێژەر و نووسەرە بەرزەکانی عەرەب وەك احمد امين و مصطفى صادقی رافعی و منفلوطی... کە هاتبنە سەر نووسینی باسێکی گرنگ، هاتوون لەپێشەوە نووسراوێکی جاحظیان خوێندۆتەوە، وە ماوەیەك نوقوم بوون لە وێژەی ئەوا، تا لە وێژەی خۆیان تۆزێ دووربکەونەوە، وە بچنە ناو وێژەیەکی پاکی هەزار ساڵ لەمەپێشەوە، ئنجا دەستیان داوەتە قەڵەم و باسەکەیان نووسیوە.

بچۆرە دێهاتەکان، ئەبینیت بەدرێژایی ساڵ، ئەو لادێییانە، قسە ئەکەن و مەبەستی

دڵی خۆیان بەجێ دێنن، وە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەدوێن، چ لە بابەت کشتوکاڵ و، چ لەبابەت دەغڵ و دان و، چ لەبابەت ئاژەڵ ولاخ و، چ لەبابەت کڕین و فرۆشتن و، چ لەبابەت گاڵتەو گەپ و، چ لەبابەت شایی و شین و، چ لەبابەت دڵداریی و، چ لەبابەت خواپەرستی و، چ لەبابەت هەر شتێکی ترەوە کە بەدڵیانا بێ، ئەدوێن و قسە ئەکەن، وە زبانی تیا ڕائەدەن بە کوردییەکی پەتی ڕەوانی بێ گرێ و قۆرت، بێ ئەوەی وتەیەکی بێگانە بەکاربێنن، یا لە ئاهەنگی کوردی بچنە دەرەوە.

ئەگێڕنەوە، ئەڵێن: جارێکیان هەڵۆیەك ڕێوییەك هەڵ ئەبڕێ، ڕێوییەکە سەری لێ تێك ئەچێ، بەلای شوانێکا تێ ئەپەڕێ، لەو حەلەدا شوانەکە گێتکەیەکی خڕی ڕەقی بەدەستەوە ئەبێ کە بیخوات، خێرا گێتکەکە ئەگرێتە ڕێوییەکە ئەیکوژێ، ئینجا بەم بۆنەیەوە کابرای شوان بەگێتکەکەی خۆی ئەڵێ: «ماڵی بابە گێتکە قوڵە، هەم تانجییە هەم تولە، هەم تیرە هەم کەوانە، هەم نانی دەشتەوانە».

ئەگێڕنەوە کە میرزا احمد ناوێکی قەڵەمچی، هەموو ساڵێ، پایزان ئەچوو بۆ شارەزوور، بۆ تووتن کڕین، لەبەرئەوەی کە هەموو ماڵێك ئاژەڵدار و ولاخدارە– بەیانیان و ئێواران ژنەکانیان ئەچن بۆ سەر کانی، وە بە کوندە، ئاو ئەهێنن، تا هەموو کوندەکانیان پڕئەکەن، وە لە کوندەلانا دایان ئەنێن، بۆ خواردنەوەی خۆیان و ئاژەڵیان، هەموو ژنێکیش کە بە خۆی و کوندەکەیەوە ئەچێ بۆ سەرکانی سەگەکەی لەگەڵیا ئەچێ و لەوسەرەوە لەگەڵیا ئەگەڕێتەوە.

میرزا احمد پیاوێکی پیر بووە، پێشی سەری هەمووی ڕووتاوەتەوە، وەك هەسان ساف و لووس بووە، وە مووی پێوە نەماوە تا ناوەڕاستی سەری، چاوەکانی تەراخومەیەکی زۆر کۆن و پیسی بووە، بەڕەنگێکی وا کە بژانگ بە چاوییەوە نەماوە، وە ناوی چاوی وەك گۆمی خوێن وابووە، وە پیلووی چاویشی هەمیشە سوور و ئەستوور بووە، وەك گورچیلە، دانەکانیشی هەمووی ڕەش و ڕزیو و هەڵ وەریو بووە، سا مەگەر یەکەیەکە، کۆتەرەیەکی تیا بێ، لەبەر بێ دەم و دانیش هەردوو ڕوومەتی تێ قوپاو بووە، وە چووە بەناوا.

میرزا احمد ئێوارێ ئەچێ بۆ سەرکانی بۆ دەست نوێژ شتن، لەوسەر کە ئەگەڕێتەوە، لەڕێگا بە ژنێکی شەنگ و شۆخی بالابەرزی، ناوقەد باریکی، چاو و برۆ مەست ئەگات، لەبەر تەماشاکردنی ژنەکە چاوی لە سەگەکەیەوە نابێ، تا لێی ئەکەوێ، کە ئەزانێ ئەوە سەگە، وا گلاوی کرد، شەقێکی تێ هەڵئەدات، سەگەکە ئەقووڕێنێ، ژنەکە کە ئاوڕ

ئەداتەوە، میرزا احمد ئەبینیٚ بەو ڕەنگە کە وتمان، خێرا لە مێشکی خۆیا وێنەیەکی ئـەگریٚ، وە کـوتـوپـڕ پـێی ئـەڵـیٚ: «کـوڕە هـەی بـاوك سەگـەی، هـەسان تـەوێڵـەی، گون و گورچییلە چاوەی، هەنار دەم داتەکیاگەی، ڕوومەت تەنەکە قوپیاگە، ئەوە بۆ لەو سەگە ئەدەیت؟ هەی بتکەم بە باڵاگەردانی».

کابرا لەبەر ناشیرینی خۆی و جوانیی ژنەکە و ئەو کەتنەی کە کردوویەتی، شەرمەزار ئەبیٚ و سەری خۆی دائەخات و ئەڕوات، بەڵام ئەبیٚ بەهۆی ئەم پارچە وێژە بەرز و ڕەوان و جوانە کە بۆ ئێمە بەجیٚ ماوە، کەوا ئەمڕۆ ئەم وتارەی لەسەر ئەنووسین.

ئنجا توخوا ئەم وێژە بەرزە لەکویٚ و پارچە وێژەکەی خوا لێخۆشبوو ابراهیم بەگی مـارف بـەگ لـەکویٚ، کـە ئـەچێتـە لای پـەزیشکێك، لێی ئـەپرسی ئـەڵـیٚ :«دکتـۆر! ئـەگـەر حصویێك واقع بوو لە مثانەی طفلێکا، بە عملیەی جراحیە اخراج کرا، عجبا ئەوە ئەبیٚ بەسببی قطعی رجلیی؟».

ئەگەر ڕاستت ئەویٚ پارچەی یەکەم نموونەی وێژەی لادیٚ و پارچەی دووهەم نموونەی وێژەی ناوشارە، کەواتە محمدی یعقوبی کوردی لوڕ، ناحەقی نەبووە، کە سیی ساڵ لـەسەر یـەك سووڕاوەتـەوە بـەنـاو هـۆیـە عـەرەبـا، بـۆ کـۆکـردنـەوەی وتـەی عـەرەبی، تـا فەرهـەنگێکی نووسی، کە ئێستاش لەناو نامەخانەی عەرەبیدا تاقانەیە.

## ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر

لەم ڕۆژەدا حەوت سەد ملیۆن موسڵمان جەژن ئەکەن بۆ لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام کە ١٤٤٣ ساڵی بەسەرا تێپەڕیوە، بەبێ ئەوەی موسڵمانێك ئەم پێغەمبەرەی لەبیر چووبێتەوە، یا لەبەر چاوی بچووك بووبێتەوە .

ئەگەر ١٣٩٠ ساڵ لەمەوپێش هەر تاقە مزگەوتێك بووبێ لە جیهانا – کە ئەویش مزگەوتی (مدینە)یە کە پێغەمبەر و یارانی نوێژیان تیا کردووە – ئێستا بە ملیۆن مزگەوت هەیە ، وە ئەگەر١٣٩٠ساڵ لەمەو پێش هەر بانگدەرێك بووبێ–کە بلالی حەبەشی بووە – ئێستا بە ملیۆن بانگدەر هەیە ، وە هەموو موسڵمانێکی دەنگ خۆش بلالێکی حەبەشییە بۆ خۆی، وە هەموو شەو و ڕۆژێك پێنج جار لە هەموو شارو دێهاتەکانی جیهانی ئیسلامییەوە بانگ ئەدرێ، و پێنج فەرزە لە مزگەوتەکانا نوێژ ئەکرێ بە تەنها و بە کۆمەڵی، وە هەموو ساڵێك نزیك بە دوو ملیۆن موسڵمانان لە مەککە کۆ ئەبنەوە، وە لە شەست حەفتا دەوڵەتانی سەر زەوییەوە ئەکەونە ڕێ بۆ ئەم پێویستییە ئایینییە، وە هەموو لەوسەرەوە ئەچن بۆ (مەدینە) بۆ سەردانی بارەگای پێغەمبەر(د.خ) و شوێنەوارەکانی ژیانی پیرۆزی، دەنگی قورئان خوێندنیش لە هەموو ئێزگەی جیهانەوە بەیانییان و ئێواران گوێی ئاسمان کەڕ ئەکات، وە ئەم ئاسمانی پانوپۆڕی فراوانە پڕ ئەکات، دینەکەشمان بە بێ ئەوەی کە یەکێك چاوڕاوی بۆ بکات، یا دەوڵەتێکی ئیسلامی پارەیەکی تیا خەرج بکات، بە بێ ئەمانە، خۆی لەخۆیا باڵا ئەکات و بەرز ئەبێتەوە وەك ڕۆژ، وە خۆی لە خۆیا تازە ئەبێتەوە وەك بەهار .

بەڵێ ئیسپانیا وەختی خۆی دەوڵەتێکی ئیسلام و گەلێکی موسڵمان بوو، بە زۆر و ستەم، کران بە گاور، بەڵام لە لایەکی ترەوە سەد و پەنجا ملیۆن هیندی لە بت پەرستییەوە بوون بە موسڵمان، وە بەشێکی زۆری بوو بە دەوڵەتێکی ئیسلامی، کە ئێستا پێی ئەڵێن: (پاکستان) و (بەنگلادیش).

هەر وا سەد ملیۆن جاوەیی بوون بە موسڵمان، وە بوون بە دەوڵەتێکی ئیسلامی کە ئێستا پێی ئەڵێن: (ئەندەنوسیا).

بەڵێ بە دیمەن ئەگونجێ چرای ئیسلامەتی لە شوێنێك کز بێ، یا بکوژێتەوە، بەڵام خێرا

لە شوێنێکی تر هەڵ ئەگیرسیٚ و بلێسە ئەسێنێتەوە، وەك ئاگرێکی گڕی گەورە وایە کە لە لایەکەوە بکوژێتەوە، خێرا لە لایەکی ترەوە کلٚپە بسێنیٚ و هەڵگیرسێتەوە ، چونکە دینی ئیسلام دینی سروشتییە، واتە لەگەڵ سروشتی ئادەمیدا تێکەڵە وە قورئان ئەفەرموویٚ (فطرة الله التي فطر الناس عليها) وە دینێکی هەتاییە، چونکە دەستوورەکانی دەستوورێکی ئادەمێتی تێکڕاییە، لە دانانیا تەماشای هەر گەلی عەرەب نەکراوە، یا تەماشای ئادەمی نەکراوە هەر بۆ کاتی خۆی، بەڵکو لە دانانیا تەماشای هەموو ئادەمی کراوە، لە هەموو کاتێکا، وە لە هەموو شوێنێکا جیاوازی نەکردووە لە ناوەندی عەرەب و نا عەرەب، وە هیچ چینێکی لە هیچ چینێك جیا نەکردۆتەوە نەڕەی ڕەگەز پەرستی و سنووری سیاسی تیا نییە، بەڵکو ئەمەی تیایە کە خوا تاك و تەنیایە، وە دەستوور و باوی خوا لە ئاسمان و زەویدا یەکە، وە بۆ کەس ناگۆڕیٚ وە ئادەمی برای ئادەمییە، پیاو برای ژنە، دەوڵەمەند برای هەژارە، خوێندەوار برای نەخوێندەوارە، پاشا و سەرۆك برای گەلە، لە هەموو قورئانا ئایەتێکی تیا نییە کە بە تایبەتی قسە بکات لەگەڵ عەرەبا، بەڵکو هەمووی قسە و گفتوگۆیە لەگەڵ ئادەمیدا، وە ئەفەرمووی: (یاایها الناس) یا ئەفەرموویٚ: (یاایها الذین آمنوا).

پێغەمبەرەکانی تر کە هاتوون، هەریەکە بە چرایەکەوە هاتووە بۆ سەر گەلی خۆی، بەلاٚم پێغەمبەری ئیسلام هاتووە بۆ سەر هەموو ئادەمی، وەك قورئان ئەفەرموویٚ :(وما أرسلناك الا كافة للناس بشيرا ونذيرا) واتە ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە بۆ سەر هەموو ئادەمی بە مژدەدەر و ترسێنەر .

پێغەمبەرەکانی تر کە هاتوون، هەریەکە بۆماوەیەك هاتووە، لە پاشا پێغەمبەری تریان بەدوادا هاتووە، بەلاٚم پێغەمبەری ئیسلام بۆ هەموو کات و دەمێکە، وە تا جیهان جیهان بیٚ پێغەمبەری تری بە دوادا نایەت، وەك قورئان ئەفەرموویٚ: (ولكن رسول الله وخاتم النبيين) واتە محمد (دروودی خوای لیٚ بیٚ ) ڕەوانەکراوی خوایە، دواترینی هەموو پێغەمبەرانە، وە پێغەمبەری بەدوادا نایەت تا ڕۆژی دوایی

دینی ئیسلام پوختە و پالاٚوتەی هەموو دینەکانی پێشووە، واتە هەرچی بەکاری مانەوە هاتبیٚ لە ئایینەکانی تردا لە دینی ئیسلاما هێڵراوەتەوە ، وە هەرچیش بەکار نەهاتبیٚ بایەخی نەماوە ، وەك قورئان ئەفەرموویٚ: (ان هذا لفي الصحف الاولي صحف ابراهيم و موسى) واتە قورئان پوختە و پالاٚوتەی نامەی پێغەمبەرەکانی پێشووە ، کە گەورەترینیان ابراهیم و موسایە .

ئینجا بەم ڕەنگە ئیسلامەتی تاك و تەنیایی خوای ڕاگەیاند بەجیهانا، وە هەموو ئایینەکانی تری کرد بە یەك ئایینی پوختە و هەمیشەیی، وە پێویستی کرد لەسەر هەموو موسڵمانێك کە باوەڕی ببێ بە هەموو نامەی ئاسمانی، وە هەموو پێغەمبەرانی پێشوو، وەك یەك ، وەك قورئان ئەفەرمووێ : (قولوا: آمنا بالله، وما انزل الینا، وما انزل الی ابراهیم، واسماعیل، واسحاق ، ویعقوب ، والاسباط، وما اوتی موسی، وعیسی، وما اوتی النبیون من ربهم لا نفرق بین احد منهم، ونحن له مسلمون ) واتە بڵێن : ئەی موسڵمانینە باوەڕمان هێنا بە خوا و بەوەی کە بۆ ئێمە نێرراوە (وەك قورئان بێ)، وە بەوەی کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی یەعقوب نێرراوە (وەك زەبوور بێ) بەوەی کە دراوە بە موسا و بە عیسا ( وەك تەورات و ئینجیل بێ )، وە بەوەی کە دراوە بە هەموو پێغەمبەرەکانی تر لە پەروەردگاریانەوە ، جوێیەتی ناکەین لە ناوەندی هیچ کامێکیانا وە نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا وەك یەك تەماشایان ئەکەین، ئێمە ملکەچین بۆ خوا .

تەنانەت موسڵمان ئەتوانێ باوەڕی ببێ بەو پێغەمبەرانەی کە لە قورئانیشا ناو نەبراون، وەك زەردەشت و بوذا، چونکە ئەفەرمووێ: ( منهم من قصصنا علیك ومنهم من لم نقصص علیك ) واتا پێغەمبەری وا هەیە باسمان بۆ کردوویت و پێغەمبەری واش هەیە باسمان بۆ نەکردوویت، وە لە ئایەتێکی تریشا ئەفەرمووێ: ( وان من أمة الا خلا فیها نذیر ) واتە هەموو گەلێك پێغەمبەرێکی ترسێنەری خۆی بووە، کەوابوو ئەگونجێ بۆ هەموو موسڵمانێك باوەڕی ببێ بەپێغەمبەری هەموو گەلێك.

لەپاش خوا ناسین بە مەردوم بەتاك و تەنها و یەکخستنی هەموو ئایینەکان، ئینجا ئادەمیی کرد بە یەك کۆمەڵ وە هەمووی کردن بە برای یەك ، وە کۆی کردنەوە لە ژێر یەك جامعە و کۆمەڵەی ئیسلامەتیدا.

ئەو کۆمەڵەیەی کە چواردە قەرنە، حەوت سەد ملیۆن ئادەمیی کۆکردۆتەوە لە یەك کۆشکا – کە کۆشکی ئیسلامەتییە – بە هەموو تیرە و خێڵ و نەتەوەو بەرە و ڕەگەزێکیەوە.

ئەو جامعەیەی کە دەستووری چین (طبقات)ی ڕووخاند، وە سوود و دەست بەسەراگرتن ربا و (احتکار )ی هەڵگرت چونکە لەسەر بناغەی چین و طبقاتایە لە ناوەندی دەوڵەمەند و هەژار، هەموو موسڵمانانی شان بە شانی یەك ڕاگرت لە نوێژی جمعە و جەماعەتدا، بە بێ جیاوازی لە ناوەندی دەوڵەمەند و هەژاردا، ئاغا و خزمەتکار، وەزیر و گزیر.

ئەو جامعەیەی کە چواردە قەرن لەمەو پێش بناغەی دیموکراسی و فەرمانرەوایی گەل و مافەکانی ئادەمیی اعلان کرد بە ئایەتی: (یاایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی، وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا، ان اکرمکم عند الله اتقاکم) واتە: ئەی ئادەمیی ئێمە دروستمان کردوون لە نێرو لە مێیەك، وە گێڕاومانن بەتیرە و کۆمەڵ کۆمەڵ، تا یەکتری بناسن، بەرێزترتان لای خوا پارێزگارترتانە .

ئەو جامعەیەی کە دین و دنیای بەیەکەوە بەستۆتەوە، وە ئەفەرمووێ: (وابتغ فیما أتاك الله الدار الآخرة ولا تنس نصیبك من الدنیا) واتە بەو سەرمایەیەی کە خوا داویەتی ماڵی دواییني پێ داوا بکە، وە بەشی ژیانی جیهانیشت بیر نەچێتەوە و ئاگات لێی بێت.

ئەو جامعەیەی کە سلطەی دین و دنیا، وە هێزی تەشریع و تنفیذی یەك خستووە.

ئەو جامعەیەی کە جیاوازی هەڵگرتووە لە ناوەندی هەموو تیرە و گەلیا، وە بە یەك چاو تەماشای امامی علی و سلمانی فارسی و بلالی حەبەشی و صهیبی رومی ئەکات ، کە چوار صحابەی پێغەمبەر بوون هەریەکەی لە گەلێك وە هەر یەکە لە تیرەیەك.

ئەمانە چەند بناغەیەکی هەمیشەیی (مبادئێکی خالد) و هەتایین، تا جیهان جیهان بێ ئەبێ بمێنن، لەبەر ئەوە زانایان و فەلاسفەی جیهان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە ئەکەن کە ئایینی ئیسلام ببێ بە ئایینێکی ڕەسمی بۆ هەموو ئادەمی، وەك قورئان ئەفەرمووێ: (سنریهم آیاتنا في الآفاق وفي انفسهم حتی یتبین لهم انه الحق) واتە نیشانەی تاك و تەنیای خۆمتان نیشان ئەدەم لە هەموو ئاسۆیەك وە لە خۆشتانا، تا بۆتان ئاشکرا ببێ کە خوا ڕاست و دروستە.

ئەگونجێ هێندێ کەس ئەمڕۆ لەو قسەیەم سەر بابدات، بەڵام وەك قورئان ئەفەرمووێ: (و لتعلمن نبأه بعد حین ) واتە لە پاش ماوەیەکی تر دەنگ و باسی ئەم دینەتان پێ ئەگات وە ئەبینن ئەگا بە چی.

# زمان و گرێکانی

ئادەمی ئەگەر باش وردبێتەوە، تێ ئەگات  کە دوو شت گەورەترین شۆڕشی بەرپا کردووە لەسەر زەوی، وە ئەو دوو شتە  دەستی ئادەمی گرت لە ناو هەموو گیانلەبەرانی ترا، وە لەوانی تر جیای کردەوە، وە لەسەر تەختی گەورەیی و خاوەنداری  ئەم جیهانە داینا، یەکەم دەست و دووهەم زمان.

کە دەستی بەرەڵڵا کرد بەم ڕەنگە بەرزی کردەوە لە زەوی، لە کانی ڕۆینا، سەد هەزاران هەزار شتی سەیر و گرنگ و بەکەڵکی پێ دروست کرد، وە گەورەترین کەلەپووری بەجێ هێشت  لەسەر زەوی.

کە زبانی بەرەڵڵا کرد، بەم ڕەنگە دەستی کرد بە وتە دانان و قسەکردن، توانی هەرچی بە دڵیا بێت، بڵێت، وە هەموو کەسێك لەگەڵ هەموو کەسێکا قسە بکات و لەیەك بگەن ، وە یارمەتی بیری یەکتری بدەن، تا ئادەمی گەیشت  بەم پایە بەرزە لە زانین و زانیاری و ژیری و بیرو وێژەدا، بەڕاستی هەرچی ئێمە ئەمرۆ ئەیبینین لە دیمەنی ئاوەدانی و شارستانی لە زانیاری و لە  کردارا، هەمووی بەری کردەوەی دەست و زمانی ئادەمییە.

بەڕاستی دۆزینەوەی پیت (حرف) و وتە، وە ناودانان بۆ هەموو شتێك و ناوبردنیان لە کاتی خۆیا، شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئادەمی، چونکە ئەگەر ئەمە نەبوایە، بزانە ئادەمی تووشی چ گرێ کوێرەیەك ئەبوو لە ژیانا، وە لە کاتی یەکتری تێگەیاندنا، چونکە هەر کەسێك بیویستایە، یەکێك لە شتێك تێبگەینێت ئەبوو ئەو شتەی بێنایەتە بەرچاو، و دەستی بنایەتە سەر، تا بەرامبەرەکەی تێبگەیاندایە، بەم ڕەنگە ئەگەر بیویستایە بڵێ فیل یا حوشتر یا شێر یا پڵنگ، ئەو حەلە ئەبوو  فیلێك یا حوشترێك یا شێرێك یا پڵنگێکیان بهێنایە و دەستیان بنایەتە سەر، یا ئەگەر بیویستایە بڵێت کێو ، ئەبوو بچوونایەتە بەردەمی کێوێك و پەنجەیان بۆ ڕاکێشایە، دیارە ئەمە هەرگیز نابێت، وە ژیان بەم ڕەنگە ناچێتە سەر ، لەبەر ئەوە خوای گەورە زبان و قسەکردنی دا بەئادەمیی، وە دەسەڵات و توانای دانێ کە بۆ هەموو شتێك ناوێك دابنێت، وە هەر وەخت  ناوی شتێکی برد، وەك ئەو شتە لەبەر چاوی بێت وا بێت .

بەڕاستی دۆزینەوەی پیت و وتە، شتێکی زۆر گرنگە بۆ پێشکەوتنی ئادەمی، وە گەلێ

گەلێ لە دۆزینەوەی ئەتۆم وردترو قووڵتر و هونەرتررو، بە کەڵکترە، بەلام چونکە لە منالییەوە فێری بووین پێش ئەوەی سەرسامیی ڕوومان تێ بکات، بۆیە ئێستا لێی سەرسام نابین.

جا لەبەر ئەوەی کە وتمان ئادەمی لە زۆر کۆنەوە ئاوڕێکی تایبەتی داوەتەوە بەلای زمان دانان و وتە دۆزینەوەدا، وە هەموو گەلێك بە پێی خۆی لەم ڕێیەدا هەوڵی داوە، بەڵام زانین و زانیاریش وەك ڕۆژ وایە، وە هەمیشە لە هەڵاتن و ئاوابوونایە، واتە لە شوێنێك هەڵدێ و لە شوێنێك ئاوا ئەبێت .

بەڵام ئەوەندە هەیە هەرچی وەکو ڕۆژە (٢٤) سەعات چەرخەیەك تەواو ئەکات لەبەر چاومان، بەڵام زانین و شارستانێتی، بە هەزاران ساڵ چەرخەیەك تەواو ئەکەن، وە بە گردی ئادەمیدا ئەسووڕێتەوە.

با زۆر دوور نەڕۆین ١٤٠٠ ساڵ لەمەو پێش کە چرای ئیسلامییەت هەڵگرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، وە باڵی کێشا بەسەر بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، وە جووڵانەوەیەکی زانینی و زانیاری خستە ناوەوە، ئەوەبوو کە هەزاران فەرهەنگ نووسرا لە هەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، هەروەك بە هەزاران هەزار نامەی گرنگ دانرا لە هەموو جۆرە زانینێکا وە هەمووی بە دەست نووسرانەوە، تەنانەت نامەخانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەمڕۆ پڕن لەو دەستنووسانە، بە عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی و گەلێ زمانی ترەوە، وە زانستگا (جامعە) کرانەوە لە بەغدا و قاهیرە و مەراغە و قیرەوان و ئیسپانیا، وە زانستگای قورتوبە هەزاران قوتابی تیابوو، کە نیوەیان مەسیحی بوون، وە لە هەموو ئەوروپاوە بۆی ئەهات، وە پاپای ڕوما بڕوانامە ( شهادە)ی ئەو زانستگایەی بەدەستەوە نەبوایە نەئەبوو بە پاپا.

لە جەنگی سەلیب بە دواوە، ئەورووپاییەکان کەم کەم لەگەڵ موسڵمانانا تێکەڵ بوون، وە چاویان بە زانستگا و خوێندنگا و زانایان و دانایانی موسڵمانان کەوت، وە زۆر شتیان لێوەو فێربوون، وە بەرە بەرە تیشکی هەموو جۆرە زانین و زانیارییەك لەمانەوە هەڵ ئەهات و گرنگی ئەکەوتە سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، وە لەو حەلەوە ئەوان لە سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرز بوونەوەدان، وە ئێمەش بە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە دواکەوتن و پاشکەوتن و نزم بوونەوەداین، تا ئەوان گەیشتنە مانگ ، وە لەو کەشتییەی کە ناردیان بۆ سەر مانگ، سێ ملیۆن پارچە و هۆکار (ئالەت )ی تیابوو، کە ئەم پارچانە ئەگەر هەمووشیان ناویان بۆ دانەنرابێ، لە سەدا یەك لەم هۆکارانە

ناوی بۆ دانراوە، کە ئەکاتە هەزار وتە ، کەواتە ئەم کەشتییە کە چۆتە سەر پشتی مانگ بە خۆی و فەرهەنگێکی سی هەزار وتەییەوە هەڵفڕیوە، لە کاتێکا کە ئێمە لە گفتوگۆی ڕۆژانەمانا، ناتوانین بە بێ وتەی بێگانان مەرامی خۆمان بەجێ بێنین، چ جای نووسینی باسێکی زانیاری.

کەواتە ئەمڕۆ گەلی کورد ڕووبەڕووی چەند پلەیەکی زۆر گەورە و سەخت هەڵوێستاوە، وە بە سەرسامی و واق وڕمانەوە تەماشایان ئەکات و لێیان ورد ئەبێتەوە، وە ئاوات ئەخوازێت کە ئەم پلانە بە هەر نرخێك بێت هەڵگیرێن و تەخت کرێن :

یەکەم :– ئەم هەموو وتە بێگانانەن کە لە کاتی نووسینا دێنە سەر ڕێمان، وە ڕێگامان لێ ئەبەستن، وە نایەڵن، پێ بەر پێ بنێین، تا بەناچاری یا ئەبێت ئەو وتانە بەکار بێنین لە نووسینمانا، وەیا ئەبێت دەست لە نووسینی ئەم باسە هەڵگرین.

دووەم:– ئەم وتانەن کە شارستانێتی تازە دایناون بۆ ئەم هەموو هۆکار(آلة) و ئامێر (أدوات) و داو و دەرمانانەی کە بازاڕی جیهانیان پڕ کردووە، جگە لە هەزاران وتەی تر، لە زاراوەی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، هتد... کە ئەبێ زمانەکەی ئێمەش پێ بە پێی ئەم زمانە زیندووانە بڕوا و پێشکەوێ، چونکە زمان وەك کاڵا وایە، ئەبێ ساڵ بە ساڵ بە پێی درێژ بوون و گەورەبوونی جەستە، ئەویش گەورە ببێ، ئەگینا بە بەرتەوە ناچێت.

ئەم گرێ کوێرەیە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر ئەبێت، وە تا ئێستا هیچ چارەیەك نەکراوە، لەم ساڵانی دواییەدا چەند ئەنجومەنێکی بۆ گیرا. وە چەند زاراوەیەك دانرا لەو وتانەی کە دێنە سەرەڕێمان، ئەویش بێ ئەوەی ئەم ئەنجومەنانە ئاگایان لە یەکتری بێت، یا ڕژێمێك دابنێن کە بەرهەمەکانیان یەك بخات.

بێ گومان ئەم جۆرە ئەنجومەنانەش زۆر جار لە جۆرە کەسێك پێك دێن کە هێندێکیان کۆنەپەرست (محافظ)ن، ناتوانن لە دەستووری کۆن لابدەن، وە هێندێکیان ئازاد و سەربەستن، وە لایان وایە کە ئەبێ ئەوپەڕی سەربەستی بەکار بێنن چونکە زمانماڵی ئێمەیە، نەك ئێمە ماڵی ئەوین.

بەڵێ لێرەدا هەر ئەوەندە پێویستە کە زۆر لە هێڵ دەرنەچین ، وە ئاگامان لە کورتی و سووکی و خۆشیی ئاوازی وتەکە بێ ، بەم ڕەنگە دەنگی لە گوێدا خۆش بێت ، ئینجا ئەم وتە دانانە ، بە داتاشین (نحت) بێ، وەك (زانکۆ ) و (کۆزمان) کە یەکەمیان دانراوە بۆ مجمعی علمی، وە دروست کراوە کە لە زانین و کۆبوونەوە لە بابەت زانینەوە، وە

دووهەمیان دانراوە بۆ مجمعی لغوی، وە دروست کراوە لە زمان و کۆبوونەوە لە بابەت زمانەوە.

یا بەدەستکاری کردنی وتەیەکی بێگانەو رەنگ کردنی بێت، بە ڕەنگ و بۆی کوردی، وەك وتەی (تەواو) و (خزمەت) کە وەرگیراون لە (تمام ) و (خدمە) ی عەرەبی.

یا بە دانانی وتەیەك بێ بۆ شتێك کە لەوە پێش نەبووبێت، وەك وتەی (هۆکار) کە دابنرێ بۆ ئالەت ، وە «ڕاستێر» بۆ محقق و (راستێریی) بۆ تحقیق.

بەڵێ ئەمانە چارەی دەرمانن و دەرمان و مەڵحەمی برینمانن، بەلام ئەمانە بۆ هەموو کەسێك نابێت، بەڵکو بۆ یەکێك ئەبێت کە زۆر خوێندەوار و بەهرەمەند بێت، وە ئاگادارییەکی تێکڕایی ببێت، وە زمانێك یا دوو زمانی بێگانەی زیندوو بزانێت بەخۆی و واژەزانی (نەحو)و واژە گۆڕیی (سەرف) و ڕەوانبێژی (بلاغە)یەوە.

هیوامان وایە لە کۆڕی زانیاری کورد، کە لەمەولا خوێندەوارانی بەهرەمەندی خاوەن بیر، بدۆزێتەوە، بیانکات بە ئەندامی یارمەتیدەری خۆی، وە بەرنامەیەکیان بۆ دابنێ، تا هەریەکە لە بەشی خۆیا بە پێی ئەو بەرنامەیە هەڵسووڕێ.

زۆر کەس وا ئەزانێت ، کە دانانی هەرچی وتە و زاراوە هەیە، پێویستی سەرشانی کۆڕی زانیاری کوردە ، بەلام ئەمە وا نییە، وە بۆ ئەوە دانەنراوە، وە ئەم بارە بەو هەڵناگیرێت، ئەگەر ڕاستت ئەوێت، ڕێگای ڕاست و دروست و قەدبڕ، ئەوەیە کە لێژنەیەك لە زانایانی کیمیا وتە و زاراوەی کیمیا دابنێن، هەر بەو ڕەنگە زانایانی سروشت و ئاژەڵ و گژ و گیا و ئەندازە و جیۆلۆجی، لە پاشا ئەوی کە ئەوان دای ئەنێن بیدەن بە کۆڕی زانیاری کورد، تا بڕیاری لەسەر بدەن، یا دەستی تێ بەرن و ڕێکی بخەن، وە کەمێ لە بڕبەنگ و هەسانی بدەن، بە پێی ئاهەنگی ویژەیی زمانی کوردی، ئینجا کاتێك کە ئەمانە تەواو بوو ، ئەو حەلە بڕیاری کۆڕی زانیاری ئەبێت بەیاسا پاش بلاو کردنەوەی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا، وە ئەو لیستەی وتانەی کە پێشکەشی کۆڕی زانیاری کراوە، بە ناوی خاوەنی خۆیەوە بلاو بکرێتەوە لە گۆڤاری کۆڕا ئینجا بەم ڕەنگە ئیشکردن بە ئاسانی و خێرایی ئەڕوا و پێش ئەکەوێت، وە بەدەست پسپۆڕی خۆیەوە ئەبێت، وە لە دەست ئەوان دەرناچێت، بەلام ئەگەر بێت بە وێژەرێك بڵێن: زاراوەی کیمیا و سروشت و ئەندازە و ئاژەڵ و گژوگیا و جیۆلۆجی دابنێت، ئەوە نابێ و ناچێتە سەر، بەڵێ کۆڕی زانیاری کورد مافی چاودێری هەیە نەك دانانی یەکەیەکە ( مفردات )ی وتان.

# یادێکی پیرەمێرد

باخوا پیرەمێرد هەر شەوە لە کۆشکێکی بەهەشتا بیت، وە هەر دەمە لەگەڵ ڕووناکی و پورتەو (نوور )ی خوادا چاو هەڵبێنیت.

هەرچی نووسینت هەیە، بەهۆنراوە و پەخشانەوە، وەك ئاوی زوڵاڵ وایە، مەردوم تێری لێ ناخواتەوە، هەر وتەیەکت جۆرە دەنگێکی هەیە، وە هەر وتارێکت جۆرە زڕە و ئاوازێکی هەیە، هەموو شیعرێکت، یا هەموو دێڕێکت پێویستە زانایەکی تێگەیشتوو ڕاڤە (شرح )ی بکات و مەبەستی لێ بداتەوە، وە هەموو وردە کارییەکت دانایەکی پێشکەوتوو ڕوونی بکاتەوە.

ساڵی ١٩٣٥م: تەفسیری جزمی (عم)ەم لە چاپ ئەدا لە چاپخانەی ژین، وە پێشەکی (٢٠) دینارم دابوو بە پیرەمێرد پیتی تازەی پێ بکڕێ، وە بڕیارمان دابوو کە بە مانگ و نیوێك بۆم چاپ بکات، بەڵام ئەم مانگ و نیوە بوو بە پێنج شەش مانگ، منیش هەر ڕۆژە نارۆژێك کاغەزێکم ئەکردە سەر، ئەویش هەر جارە بە جۆرێك وەڵامی ئەدامەوە، وە هەر ساتەی بیانوویەکی بۆ ئەهێنامەوە.

لەو ڕۆژانەدا هادی صائب –خوا لێی خۆش بێ– بەو هەموو بەهرە و جەوهەرەوە کە بووی لە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزیدا – بێ ئیش مابوو، وە هەرچەندی ئەکرد دەستی لە ئیشێك گیر نەئەبوو کە مانگی هەشت نۆ دینارێکی لێ دەست بکەوێ، ڕۆژێ هاتە لام، وە سکاڵایەکی خۆی بۆ کردم، وە داوای لێ کردم کە کاغەزێکی بۆ بنووسم بۆ خوا لێخۆشبوو احمد بەگی تۆفیق بەگ – کە لەو ڕۆژەدا پارێزگاری سلێمانی بوو، وە زۆر خوایشی منیشی ئەویست – وە تکای لێ بکەم کە هادی صائب بەئیشێك دابمەزرێنێ، وە پێی وتم کاغەزەکە خۆت بۆی بنێرە، وە وەڵامەکەش چی بوو بینێرە بۆ پیرەمێردی خاڵم، ئەو جوابم لێ ئەگێڕێتەوە، منیش کاغەزێکم بۆ ئەحمەد بەگ نووسی، وە ئەویش لە وەڵاما بەڵێنی دابوو کە بەم زووانە خوا یار بێ دای بمەزرێنێ، منیش کاغەزەکەی ئەحمەد بەگم نارد بۆ پیرەمێرد لەگەڵ کاغەزەکەی خۆما، لە پێشەوە لە بابەت تەفسیرەکەوە دوابووم کە زۆر دوا کەوت، لە پاشا باسی ئیشەکەی هادیم بۆ کردبوو کەوا ئەحمەد بەگ بەڵێنی داوە بە دامەزراندنی، وە ئێوەش مزگێنی بدەن بە هادی ئەفەندی.

پیرەمێردیش لە وەڵامی ئەم کاغەزەدا وەڵامی هەر دوو قسەکانم ئەداتەوە ئەڵێ:

«مەولانا هەرچیتان فەرمووە ناچارم بڵێم وایە، من ئێستا لە ژێر بارانم، تۆ تەنها مەگەر دەستی نەقیزەت ماندوو ببێت».

مەسەلەی هادی ڕەنگە بەهۆی ئێوەوە ڕەنگ بگرێ، یا ڕەنگ کرابێ، بەڵام لە پێش ئەو ڕەنگەدا ڕنەکی بێ ئەوێ ئاڵۆشی هۆشی هێواش بێتەوە، تۆ کە لەسەر ئەو رەنگی ڕنەکی بفەرموو منیش قاشاوی نەوەی خاڵ لە خاڵ پێشترە هەرچەند بۆ من بە ئێشترە ئەگەر بە ئارەزووی خۆی ئیشی بێ ئێشی نابێ خوا تۆفیقت بدات، تۆ پیر و من پیر بێظرفم.

ئینجا وەرە ورد بەرەوە لە (بار) و لە (نەقیزە) کە هونەری (طباق)ی تیایە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند وتەیە کە پەیوەندییان ببێ لە مەبەستدا. هەروەك (طباق) هەیە لە ناوەندی (رنەك) و (قاشاو)دا.

لە ناوەندی (ئەو رەنگ)ەدا (ئەو رەنگ)ی، جناسی تەواو هەیە، هەروەك لە ناوەندی (هۆش) و (هێواش) دا جناسی ناقص هەیە، بەڵام لە ناوەندی ( رەنگە) و (رەنگ بکری) و (رەنگ کرابی)دا، وە لە ناوەندی (ئاڵۆش ) و (هۆش)دا لەگەڵ(هێواش )دا جۆرە جوانییەك هەیە کە ڕەوانبێژی (بلاغە )ی عەرەبی لێی بێ دەنگە. هەروەها لە نێوان (ئیش) و (ئێش)دا.

لەمانە لە هەمووی سەیرتر حازر بە دەستێکەی بوو، هەرچێکت داوا لێ ئەکرد، لە وەخت و ناوەختا، خێرا ئەیدایە دەستت، لە ساڵی ١٩٤٦دا زنجیرە وتارێکم ئەنووسی، بۆ گۆڤاری گەلاوێژ، لە ژێر سەر باسی «کۆشی دایك» دا، لەباسی دایکا دوو شیعری فارسی زۆر جوان بوو ئەمویست بیکەم بە کوردی، بەڵام جیناسێکی تیابوو بۆم نەئەکرا بە کوردی، ئێواری پیرەمێرد هات بۆ لام، منیش دوو شیعرەکەم دایە کە بۆم بکات بە دوو شیعری کوردی، پاکەتی جگەرەیەکی لە تەنیشتەوە بوو هەڵیگرت، وە لە گیرفانی خۆشیا بنکە قەڵەمێکی دەرهێنا، پێم باوەڕ بکە لە ئینجێك زیاتر نەبوو، وە ئێستاش نازانم چۆنی بۆ گیرا، وە چۆنی پێ نووسی، لەپاشا لەوە نەئەچوو کە تەرجومە بکات، بەڵکو لەوە ئەچوو کە دوو شیعری لەبەر بێ و بۆم بنووسێتەوە ، لەدوای نەفەسێك شیعرەکانی دایە دەستم، کە تەماشا ئەکەم لە فارسییەکە جوانترە، پیرەمێرد جناسە فارسییەکەی بۆ نەکرابوو بە کوردی، بەڵام جناسێکی تری تێ خستبوو گەلێ لە جناسە فارسییەکە جوانتر بوو، ئەمە شیعرە فارسییەکەیە کە ئەڵێ:

ز اسبـــاب نجاة  اندر قـيامت
نخستينش رضـاى مـادرانست
بلى اين قصەرا ازخود نەگويم
خـدا گفتـە رضـاى مـادرانست

ئـەمـەش وەرگێڕاوەکەی پیرەمێردە کە ئـەڵـێ:

ئەوی ڕزگار ئەبین پێی ڕۆژی دوایی
یـەکـەمـیـان دڵ بـەجـێ هـێـنـانـی دایکە
خودا فـەرمووی بە دەربـانـی بەهـەشتی
ئــەوی زانـیت عــەزیـزی دایـکـە دایـکـە

## عبدالرحمان بەگی بابان

عبدالرحمان بەگ، کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی خالد بەگی کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ابراهیم پاشای بابانە، لە ساڵی ١٢٩٦هـ=١٨٧٨م لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، دوای چل ڕۆژ باوکی مردووە ، وە ئەم شاعیرە بەهرەمەندە بە بێ باوك گەورە بووە، وە لە کۆشی دایکێکی بێوەژنی، هەناسە ساردی، بێ کەسی، نەدارای، بێ لانەو بانەی، هەتیوبارا بەخێو کراوە لەگەڵ خوشکێکی چارە ڕەشا کە ئەم لەو بەدبەختتر، وە دایکیان لە هەردووکیان کوڵۆڵتر و کەساستر بووە ، خۆی و دایکی و ڕەحمەی خوشکی لە ژوورێکی ژێرماڵەی کرێدا ژیاون، کەس نەبووە یارمەتییەکیان بدات، چنگەکرێی دایکی و میهرەبانی ئەو خوایە نەبێ کە خۆراکی مەل و باڵندە لە حەوا و ماسی لەناو دەریادا ئەنێرێ.

ئەم دایکە بەدبەختەی بە شیری خەم و خەفەت ئەم کوڕەی گەورە کرد، وە لە حەوت ساڵیدا ناردوویەتی بۆ قوتابخانەی حاجی مەلا سەعیدی زلزلەیی، دوای خوێندنی قورئان و اسماعیل نامە، گولستان و بۆستانی شێخی سەعدی و دیوانی خواجە حافظی شیرازیی و گەلێ کتێبی تر ئەخوێنێ تا ئەبێ بە دەستمایەدارێکی بەهرەمەند لە وێژە (ئەدەب)ی فارسیدا .

لە ساڵی ١٣١١هـ=١٨٩٣م لە سلێمانی قوتابخانەی رشدیەی عسکرییە ئەکرێتەوە، وە عبدالرحمان بەگ ئەچێتە ئەو قوتابخانەیە، لە پاشا کە کتێبی پۆلی یەکەمیان بۆ دێ لە ئەستەنبوڵەوە، ئەم پارەی نابێ ئەو کتێبانە بکڕێ، ناچار ئەچێتەوە قوتابخانەکەی حاجی مەلاسعید.

***

عبدالرحمان بەگ چەند خێری لە باوکی دی، هەر ئەوەندەش خێری لە خۆی دی، لەم تەمەنە دوورو درێژەدا، وە لەو کاتەدا کە خوێندەوار کەم، وە مەیدان زۆر فراوان بووە بۆ دامەزران و پێشکەوتن لە پیشەی دەوڵەتیدا، وە بەو دەست و قەڵەمە جوانەوە کە بوویەتی لە تورکی و فارسی کوردیدا، چەند هەلێکی بۆ هەڵ ئەکەوێ لە ژیانا، بەڵام هەمووی لە دەست ئەدات لە پاشا ئەبێ بە نووسەری ناوچەی شارباژێڕ لە ساڵی ١٣٢١هـ=١٩٠٣م دا، بەڵام لەبەر سەر ڕەقیی خۆی لەگەڵ قائمقامەکەدا – کە محمد بەگی قادر پاشا، وە

پیاوێکی خانەدانی شاری سلێمانی بووە- هەڵی نەکردووە، وە لەدوای چەند مانگێك بەئێجگاری پیشەکەی بەجێ دێڵێ، وە ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

لەساڵی ١٣٢٤هـ = ١٩٠٦م لە هەڵەبجە دائەمەزرێ بە ڕۆژانە (مستخدم) لە ئەرازی سنیە تا ساڵی ١٣٣٣هـ= ١٩١٢م، ئینجا ئەبێ بە نووسەری دائرەی نفوس لە سلێمانی تا ساڵی ١٣٣٦هـ=١٩١٨م، کە ئەم دائرەیە لەو ساڵەدا بەئێجگاری هەڵ ئەگیرێ .

عبدالرحمان بەگ مرۆڤێکی بەوەفا بوو، لەبەر ئەوەی کە لەکاتی تورکەکانا پێگەیشتبوو تورکی زۆر خۆش ئەویست ، تەنانەت لەو ڕێیەدا تووشی کەشمەکەش و تووشی چەرمەسەرێ، وە لە ساڵی ١٩٢٥م=١٣٤٤هـ کە چەند کەسێك لە (عصبة الامم)ەوە هاتن بۆ سلێمانی، زۆر کەس لە دانیشتووی شار گیران کە یەکێکیان عبالرحمان بەگ بووە، وە نێرران بۆ موسڵ، لە پاش پانزە مانگ بەربوون و هاتنەوە.

عبدالرحمان بەگ بە بێ ئیش مایەوە تا ساڵی ١٩٣١=١٣٥٠هـ کە خوالێخۆشبوو جمال بابان بوو بە وەزیری عدل عبدالرحمان بەگ ئەچێ بۆ لای کە بە ئیشێك دایمەزرێنێ، لەو سەردەمەدا خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ متصرفی سلێمانی بوو، وە عبدالرحمان بەگی دانا بە مأموری نفوسی سلێمانی بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێ کە ئەمە وا ئەگەینێ لەسەر تکای جمال بابان بووە، ئەگینا ئەحمەد بەگ سەرو ساختێکی وای نەبوو لەگەڵ عبدالرحمان بەگا کەوا بیکا بە سەرۆکی دائرەیەك بەبێ ئەوەی کە عبدالرحمان بەگ خۆی بچێتە لای و تکای لێ بکات.

لە ساڵی ١٩٤٢م=١٣٦١هـ عبدالرحمان بەگ تقاعد کرا بە بەبێ هۆیەکی ئاشکرا، وە چوو لە ماڵەوە دانیشت، وە بە معاشی تقاعدیەکەی کە نۆ دینار و نیو بوو، لەگەڵ بەروبوومی ئەو چەند پارچە زەمینەی کە لە قلیاسان بوون گوزەرانی پێ کرد، ئیتر نە سەری بۆ کەس دا ئەنواند، وە نە کلکەلەقێی بۆ کەس کرد، تاڕۆژی ١١-٥-١٩٦٧م کە بە نیمچە تایەك کۆچی دوایی کرد لە تەمەنێکی ٨٨ ساڵی دا، وە لە گردی مامەیارە لە تەنیشت پیرەمێردەوە نێژرا، وەبەخاکی پاکی نیشتمان سپێررا.

***

عبدالرحمان بەگ لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە شیعری وتووە، دەمێ بە تورکی و دەمێ بە فارسی تا ساڵی ١٩١٨م=١٣٣٦هـ کە ئینگلیزەکان هاتنە سلێمانی، وە ڕۆژنامەی کوردییان دەرکرد، وە بە کوردی دەست کرا بە نووسین و شیعر وتن، ئینجا عبدالرحمان

بەگیش کەم کەم دەستی کرد بە شیعر وتنی کوردی، بەڵام شیعرە تورکییەکانی لە شیعرە فارسییەکانی جوانترو ڕەوانتر، وە شیعرە فارسییەکانی لە شیعرە کوردییەکانی بەهێزتر، واتە شیعرە تورکییەکانی وەك ڕۆژ و شیعرە فارسییەکانی وەك مانگی چواردە و شیعرە کوردییەکان وەك ئەستێرەی گەلاوێژ ئەدرەوشێنەوە.

لە ساڵی ١٨٩٦م=١٣١٤هـ وە نیشان ناو (لقب)ی عبدالرحمان بەگ (حزمی) بووە تا ساڵی ١٩١٨م=١٣٣٦هـ ئیتر دەستی هەڵگرت لەم نیشان ناوە، وە لە هۆنراوەکانیا نیشان ناوی (بابە)ی بەکارهێنا تا دوایی.

ئەم شاعیرە ڕەوانە لە زۆر ڕووەوە دواوە و شیعری وتووە، بەڵام بەشی زۆری شیعرەکانی دەستە بە دەستە (ترکیب بەند)ن.

زۆر لە شیعرەکانی وەك شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی کەف و کوڵی دەریای خەیاڵاتی نیشتمانی و ئاوات و ئارەزووی ئازادی و سەربەستی و سکاڵایەتی لەدەست ڕۆژگاری ناهەموار و زۆر و ستەمی چەرخی کەچ ڕەفتار.

وا بۆ نموونە ئەم بەهارارایەی بڵاو ئەکەینەوە، تا خوێندەوارانی بەڕێز لە ئەندازەی شاعیری و ڕەوانیی شیعرەکانی و بەرزی سروشتی بگەن، و یادێکی خۆی و شیعرەکانی بکەن.

عبدالرحمان بەگ لە بەهارێکی تەڕوبڕی وەك بەهاری ئیمساڵا ئەڵێ:

هەواو شنەی بەیانی، بۆنی بەهاری هێنا
ئەم بۆنە عەتربێزە، نەشئە و خوماری هێنا
کۆتر بە یاهوو یاهوو، قومری بە بانگی کووکوو
بازی تەوار بە قووقوو، کۆچ و هەواری هێنا
پۆڕ هاتە دەر لە پەردە، ڕەنگین و شین و زەردە
پۆل پۆل لە دەشت و هەردە، راووشکاری هێنا
ئاوازی زاری بلبل، لەسەر لق و لەسەر چڵ
خەندە و تبسمی گوڵ، خەیاڵی باری هێنا
شەونم لەسەر گوڵاڵە، جامی شەڕابی ئاڵا
دار ئەرغەوان و ژاڵە، نەقش و نیگاری هێنا
سەبزە وا لە دەماغا، چین چین لە دەشت و شاخا
نەسرین و گوڵ لە باخا، نفحەی عطاری هێنا

هــەر جـۆو جـۆیـبـارە، هــەر سەروە هــەر چـنـارە
بــەهــەشتــە یــا بــەهــارە، خـۆشیـی دیـاری هـێنـا
ئەو دڵبەری قەشەنگە، ئەو یارە شۆخ و شەنگە
بــە پـێکـەنین و خـەنـدە، بـۆسە و کـەنـاری هـێنـا
ئــەو نــاسك و نــازەنـیـنــە، مـەلائـکـەی زەمـیـنـە
بـەو تـۆزە پـێکـەنـیـنـە، دووسەد بـەهــاری هـێنـا
ئــەو دلــبــەرە نــگــارە، (بــابــە) ئــەوا دیــارە
وەخـتـی بـۆسە و کـەنـارە، تـالـع بـەکـاری هـێنـا

# پیاو کامەیە و منااڵ کامە[١]

یەکێك ئەگەر تەماشای منااڵ بکات و لێی وردبێتەوە، بیربکاتەوە لە مایەی هەموو هەستان و دانیشتن و هاتن و چوونێکی، تێ ئەگات کە منااڵ خۆ پەرستە، وە هەر خۆی مەبەستە، وا ئەزانێ کە هەر ئەو هەیە لە جیهانا، وە هەموو شتێکی خۆش ئەبێ هەر ئەو بیخوا، وە هەموو شتێکی جوان هەر بۆ ئەو ئەبێ، وە هەرچی ببینێت و حەزی لێ بکات ئەبێ بدرێ بەو، هیچ کەسێکی لە جیهانا مەبەست نییە تەنیا خۆی نەبێ، تەنانەت دایکی کە ئەوێ هەر بۆ ئەوەی ئەوێ کە مەمکەکەی بمژێ، کە هیچ نەبوو بیخوات و خۆی پێوە خەریك بکات ئینجا ئەگری و ئەبارێنێ، منااڵ ئەگەر زۆری لێ بکرێ کە نەقشەی جیهان بکێشێت –وە بشتوانێ بکێشێ هەر نەخشەی خۆی ئەکێشێ بە تەنها، چونکە هەر خۆی ئەبینێ لە جیهانا، و پێی وایە کە هەرچی هەیە لە جیهانا هەمووی بۆ خزمەتی ئەوە، ئینجا ئەمە پێی ئەڵێن منێتی (انانیة).

لەپاشا بەرەبەرە ئەم منااڵە گەورە ئەبێ و چاو و گوێی ئەکرێتەوە، وە لەگەڵ خۆیا باوك و دایك و خوشك و برا و خێزانەکەی ماڵی خۆشیان ئەبینێ، وە تێ ئەگات کە ئەمانیش هەن لە جیهانا، لە پاشترا ئینجا لە قوتابخانە هاوپۆلەکانی خۆی وە لە بازاڕا هامکار و هاودوکانەکانی خۆی ئەبینێ، وە فێری شت دان شت وەرگرتن ئەبێ – کە جاران هەر وەرگرتنی ئەزانی – لە پاشترێکا بەرە بەرە فێر ئەبێت کە ئیش بکات بۆخۆشی و بۆ خەڵکی تریش، وە هەڵسووڕێت بە پێی دەستوور و باوی کۆمەڵایەتی، وە بە پێی پێویستانی ماڵ و منااڵ دراوسێ و ئاشنا و ڕۆشنا و ناسیاو و هاوخوێن هاوزبان و هاودین و هاوتەحری خۆی ، ئینجا خۆی ئەمەی بۆی یا نەیەوێ، وە پێی خۆش بێ یا پێی ناخۆش بێ ئەمەش پێی ئەڵێن: ئێمەیەتی .

ئینجا هەر وەك هەموو شتێك بە جۆرێك ئەندازە ئەگیرێ، بەم ڕەنگە شتێك بە ژمارە و، شتێك بە کێشانە و، شتێك بە پێوانە و، شتێك بە گەز و، شتێك بە گۆترە ، ئەندازەی ئادەمیش بە یەکێك لەم دوو خووە – کە منێتی و ئێمەیەتییە – ئەگیرێ، ئینجا هەر کە سێك هەر چاوی لە قازانج و سوودی بوو، وە حورمەت و گەورەیی و ناونیشانی هەر بۆ خۆی

(١) ئەم وتارە بڵاوکراوەتەوە لە ژمارە (٥)ی ساڵی (١) لە گۆڤاری بڵێسەدا.

ویست، وە هیچ کەسێکی مەبەست نەبوو بە بۆنەی خۆیەوە نەبێ، ئەوانە وەك منالّی ساوا وانە، با بە دیمەنیش زەلام، وە ڕیش و سمێڵدار بن.

هی وا هەیە هەرچی بۆ دەست بدات ئەیکات با مەردومیش تووشی زیان ببن ، لە فڕو فێڵی خۆی دەست هەڵناگرێ مەگەر لە ترسی بەندی و بەندیخانە نەبێ، ئەگەر لەمە نەترسا هێلکەی بێ زەردێنە ئەفرۆشێ ، و کڵاوی ئەم ئەکات بەسەر ئەوا ، لە ژیانیا هەر دەرسی وەرگرتن ئەخوێنێ نەك شت دان ، ئەگەر جارێکیش شتێك بدات، ئەوە وەك لە یاری (دامە)و (تاوڵە)دا، شتێك ئەدا بە دوو داش ، ژیانی بۆ ئەوە ئەوێ کە بیکات بە پەیژە بۆ گەیشتن بە ئارەزووی هیچ و پووچی خۆی، ئەمانەش هەر منالێکی سەرو ڕیشدار و، شیرە خۆرەیەکی گەورەی چوارپەل قەوین. هی وا هەیە لە جیهانا مەبەستی هەر ڕابواردن و خۆشی خۆیەتی، هەمیشە یا بیر لە خواردنێکی خۆش، یا خواردنەوەیەکی خۆش، یا ڕابواردنێکی خۆش، یا کاڵا و ئەندامێکی ڕەنگین ، یا لەنجەو لارو خۆبادانێکی شیرین ئەکاتەوە ، ئەمانەش منالّی سەر و ڕیشدار و شیرەخۆرەیەکی قەد و باڵا بەرزن .

هی وا هەیە هەر بە شوێنی شتی ئاسانی سووکی بێ گیروگرفتا ئەسووڕێتەوە، هەرگیز لە ژیانیاخۆی فڕێ ناداتە مەیدانەوە، وە توخنی شتی قورس و گران ناکەوێت، نەوەکو یەکێك ناوێکی بەرێت، یا خوویەکی لێ بکات و هەر کەسێك هەر جۆرە قسەیەکی بۆ بکات ئەو هەر پەسندی ئەکات، بەبێ ئەوەی کە خۆی بیرو باوەڕێکی ببێ، یا بوێرێ دەری ببڕێ، ئەمانەش هەر منالێکی سمێڵ بابڕ و، شیرەخۆرەیەکی ملهوڕن.

لەمانە لە هەمووی پیستر و بۆگەنتر، ئەو کەسانەن کە بەلایانەوە وایە لە هەموو کەس گەورەترن، وە ئەم جیهانە بۆ ئەوان دروست کراوە، مەردوم ئەبێ چاوی هەر لەوانەوە بێ، وە دەستی هەر بە ئەوان بە سنگەوە بێ، گوێی هەر لە قسە و فەرمانی ئەوانەوە بێ، هەموو کەس هەر ئەوی مەبەست بێ، با ئەویش کەسی مەبەست نەبێ، ئەمانەش هەر منالێکی سمێڵدار و، شیرەخۆرەیەکی بە ساڵاچوون.

ئەگەر حەز ئەکەیت خۆت بناسیت، وە بەم ترازووە خۆت بکێشیت وەرە کێڕێکی ڕاستی سەربەرەو ژووری کۆڵەکەی بکێشە، لە بنکی کۆڵەکەکە بنووسە (من) لە تەپڵە سەرەکەشی بنووسە (ئێمە) ئینجا وەرە وردبەرەوە لە خۆت و کردەوەی خۆت، بزانە لە کامیانەوە نزیکیت، ئایا هەر چاوت لە قازانج و سوودی خۆتە، یا چاوت لە مەردومی تریشە، وە هەر چی ئەکەیت هەر بۆ خۆتی ئەکەیت، یا بەشی خەڵقیشی تیایە، وە ئایا زەکاتی پارە و دارایی و زانین و زانیاری و حورمەت و دەست و دارایی و هەرچی کە تۆ هەتە و یەکێکی

تر نییەتی ئەیدەیت، یا لە هەموویان توند و قوچانووتە و بەشی کەسی لێ نادەیت مەگەر بۆ قازانجێکی گەورەتر نەبێ، یا بۆ ئەمە نەبێ کە ڕاوێکی پێ بکەیت.

دووبارە وەرە ورد بەرەوە لە دڵ و دەروونی خۆت، بزانە ئایا کزی و زەبوونی نیشتمان و هاونیشتمان دات ئەچڵەکێنێت و خەوت لێ ئەزڕێنێ، وە جیهانی ڕووناکت لێ تاریك و خۆشیت لێ ناخۆش ئەکات، بە ڕەنگێك کە بتهێنێتەوە سەر هەوڵدان بۆ ڕزگار کردنیان، یا ئەگەر هەر خۆت لە خۆشیدا بیت ئیتر نیشتمان و هاونیشتمان کەیفی خۆیەتی ، بەمانە خۆت لە کێڕەکە نیشانە بکە ، ئینجا ئەگەر لە بنکی کۆڵەکەکەوە – کە لێت نووسیوە من– نزیك بوویت ئەوا بزانە کە تۆ منداڵێکی بێ ژیریت، وە ئەگەر لەسەری کۆڵەگەکەوە – کە لێت نووسیوە ئێمە – نزیك بوویت ئەوا بزانە کە پیاوێکی تەواویت.

داخی گرانم کە ئێستاش مەردوم هەر بە پارە و دارایی، وە بە پایە و ناونیشان ئەکێشرێ، کەس نییە نرخی خۆی بداتێ، ئەگەر هەموو کەسێك بەو ترازووەی کە وتمان بکێشرێ زۆر کرێکار بە نرختر دەردەچن لەو خاوەن کارگە (معمل)ەی کە ئەم ئیشی تیا ئەکات، وە زۆر نووسەری هەشت و نۆ دیناری لە سەرۆکەکەی – کە مانگێ دووسەد یان سێ سەد وەرئەگرێ– بەنرختر، وە زۆر برین پێچ لە سەد پزیشك بە نرخترە، وە زۆر مامۆستای قوتابخانەیەکی لادێ لە بەڕێوەبەرێکی پەروەردە بە نرختر، وە زۆر گەسکدەری کۆڵانان لە شارەوانییەکی هیچ و پووچی خۆپەرست بەنرختر، وە زۆر سەربازی بێ ناوونیشان لە سەرکردە (قائد)یەکی بەناوبانگ بەنرختر دەرئەچن، بەڵام داخی بەجەرگم بۆ ئەم ترازووە کەس لێی ناپرسێتەو، سا مەگەر لەمەو لا.

# ئادەمی گیاندارێكی خوێنڕێژە

مەردوم ئەگەر زۆر چاك وردبێتەوە تێ ئەگا كە ئادەمی گیاندارێكی خوێن ڕێژە، وە ئەزانێ كە (ئەرەستوو) بەهەڵەدا چووە كە پێناسی ئەكا بە (گیاندارێكی شارستانی بە سروشت ) (حيوان مدني بالطبع).

وە زانایانی (منطق) بە هەڵەداچوون كە پێناسی بە گیاندارێكی قسەكەر (حيوان ناطق) چونكە ئەویان بەمە دەستخەڕۆ بووە كە ئەبینێ ئادەمی حەزی لە كۆمەڵایەتییە، وە ئەمیان بەمە دەستخەڕۆ بووە كە ئەبینێ ئادەمی خاوەنی ژیری و بیرە، ئەگەر هەردوولا زۆر جوان ورد ببوونایەتەوە پێناسیان ئەكرد بە: (گیاندارێكی خوێن ڕێژ )چونكە لە ڕۆژێكەوە كە پێی ناوەتەوە سەر زەوی تائێستا مێژووی ئادەمیی هەمووی هەر جەنگ و ئاژاوە و كوشتن و خوێن ڕژتنە. جارێ پێشەكی كە خوا ئادەمی دروست كرد لەسەر زەوی –وەك قورئان ئەفەرمووێ– فریشتە هەموو بە جارێ نارەزاییيان نیشان دا وەك لە بارەگای خودا وتیان: (اتجعل فيها من يفسد فيها يسفك الدماء، ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك) واتا ئایا ئادەمییەك دروست ئەكەیت لەسەر زەوی گۆبەنگ و ئاژاوەی تیا بنێتەوە خوێنی تیا بڕێژێ، ئێمە –كە فریشتەین –بە پاك و تەمیزی ناوت ئەبەین ستایشت ئەكەین.

لەپاشا كە ئادەمی دروست كرد ئەوە بوو كە ئادەم دوو كوڕی بوو یەكێكیان چاك و یەكێكیان خراپ، وە لەسەر ژن خراپەكەیان چاكەكەی كوشت، بەم ڕەنگە ئاشتیخواز نەما و خوێن ڕێژ مایەوە لەسەر زەوی بە خۆی و نەتەوەیەوە.

تەماشا كەن زانایانی شوێنەوار ئەم هەموو هەڵكۆڵینە ئەكەن لە زەویدا بە چەرخی (عصری حجری)ەوە تا ئیمڕۆ لە دەشت و شاخ و لە گرد و لە ئەشكەوتا كەچی تا ئێستا نە تەختێكی نووستن نە كورسییەكی دانیشتن و نە شتێكی وا مایەی حەسانەوەی مەردوم بێ لەپاشیان بەجێ نەماوە، بەڵكو ئەوی كە ئەدۆزرێتەوە یا كێردە لە بەرد دروست كراوە بۆ سك هەڵدڕین، یا تیرە كە بدرێ لەسەر دڵی مەردوم، یا تەور، كە سەری مرۆڤی پێ لەت كرێ.

ئەم ئادەمییە هەرچەند شتێكی دۆزیبێتەوە لە مایەی ژیان، یا دەستوورێكی دۆزیبێتەوە لە باوی جیهان، خێرا بەكاری هێناوە لە پانكردنەوەی سەری براكەیا، یەكەم جار بەردی

چاو پێکەوت تیر و کێرد و تەوری لێ دروست کرد، لە پاشا ئاسنی دۆزییەوە شیر و خەنجەر و تۆپ و تفەنگی لێ دروست کرد.

دەستووری ئاوی دۆزییەوە پاپۆڕ و کەشتی زرێدار و ژێر دەریایی (غواصە)ی بۆ دروست کرد.

دەستووری بای دۆزییەوە فڕۆکەی زرێداری جەنگی لەسەر دروست کرد.

نەوتی دۆزییەوە ئاگری پێ کردەوە لەسەر سنگی براکانی. مێژووی جیهان بخوێنەرەوە هەمووی هەر باسی جەنگە، لە کاتی جەنگا، لە کاتی ئاشتیشا خۆ ئامادە کردن بۆ جەنگێکی تر، یا خەریك بوون بە نووسینی مێژووی جەنگ و باسی ژمارەی کوژراو و خانووی وێران و ژن و پیاو و منداڵی قاچ و دەست پەڕیو و دەرپۆقیوە ئەمەش وەنەبێ هەربۆ چەرخێك بێ نەك چەرخێکی تر، یا بۆ گەلێك بێ نەك گەلێکی تر، بەڵکو لە هەموو چەرخێکا وە لەناو هەموو گەلێکا هەر وا بووە و چ لە ڕۆژهەڵات چ لە ڕۆژئاوا، چ لە شار چ لە لادێ، چ لە دەشت و چ لە شاخ، چ لە زەوی چ لە ئاسمان، چ لەسەر دەریا چ لەژێر دەریا، تەماشاکەن مێژووی یۆنان هەر جەنگ و مێژووی ژاپۆن هەر جەنگ و مێژووی جیهان هەمووی هەر جەنگە، ئەگەر گەلێکت دیی جەنگی نەکرد ئەوە بزانە کە لە جەنگێك یا لە چەند جەنگێکا شکاوە و چەکی لێ سەنراوە، یا بەهۆی زۆر بەزینیەوە یان لە جەنگا وەرس بووە و کۆڵی داوە.

لەپاشا تەماشای وێژەی کۆن بکەن هەمووی هەر خوێنی لێ ئەبارێ، ئیلیازە- کە گۆرانیی گەلی یۆنانە -هەمووی هەر باسی کوشتن و خوێن ڕشتنە، شیعری عەرەبی کۆن هەمووی باسی تالان و بڕۆ و پیاو کوشتن و ژن هەڵگرتنە، گەلی زیندووی ئەمڕۆش وێژەی بەهێز و مۆسیقەی بەتین و فەلسەفەی بەتەوژمی گەرم و گوڕی ئەوێ، وە هەمیشە گـۆرانـی کـوشتن و خـوێن ڕشتن ئـەڵـێ، وە خـوای جـەنگ ئـەپـەرستن، وە بـە نـەشیـدی نیشتمانی هەمیشە گوێچکە و دڵی قوتابیان و تازە پێگەیشتووان پڕ ئەکەن، وە ڕێی کـوشتن و خـوێن ڕشتـنـیـان نـیشان ئـەدەن، وە گـیـانـی زۆرو ستـەم و دەستـدرێژی و داگیرکردنیان بە شرینقە مەبەستە خوێناوییە بەکار دێنن.

ئەم ئادەمییە وەنەبێ هەر لە مەیدانی جەنگا خوێن ڕێژ و جەنگاوەر بێ، بەڵکو لە شیعری دڵداریش- کە خۆشترین و جوانترین و ناسکترین باسە، وە لە هەموو شت دوورترە لە جەنگ و خوێن ڕشتن - هەرچی چەکی جەنگی هەیە لە شیر و تیر و خەنجەر

و ڕم و کۆت و زنجیر و بالەهەنگ و کوشتن و بڕین و بریندارکردن زیندان و دیلی و بەندیخانە هەیە ئەیخوازن و بەکاری ئەهێنن لەو مەبەستە ناسك و جوانانەی بە دڵیانا دێ، بەم ڕەنگە تەماشاکردنی خۆشەویست تیرە بۆ دڵی، خەنەی دەست و پەنجەکانی سووراوی سەر گۆنای لە خوێنی عاشقە، تای زوڵفی کەمەندە، ڕاوی دڵی پێ ئەکا، برۆ و برژانگی خەنجەرە بۆ سەر سنگی مەردوم وەك ئەڵێ:

قوربانی برۆت بم کە ئەڵێیت عەینی کەوانە

تیری موژەکەت بوو کە دڵی کردە نیشانە

لێی داوە لە دوو لاوە کەوا هێندە بە ژانە

خوێنی بەدەن و دەست و سەرو پەنجەی جوانە

بۆ چیتە خەنە تەڵخە بەسە مەگرە بەهانە

هەروا بەم ڕەنگە دیوانی شیعر و غەزەلیان پڕ کردووە لە هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی لە شوێنێکا کە هەرچی جەنگ بێ تیا نییە، بەڵام ئادەمی جەنگاوەری خوێن ڕێژە کە هەرگیز بەبێ جەنگ دانانیشێ.

ئەم ئادەمییە لە وەختی یاری و گەمە و ڕابواردن و خۆخلافاندنیشا جەنگ و پیاوکوشتنی لە بیر ناچێتەوە، تەماشاکەن خانەکانی سەر تەختەی شەترەنجی پڕکردۆتەوە لە (شا)و (وەزیر)و لە (ئەسپ)و لە (فیل) و لە (پیادە) وە لەهەموو کایەیەکا یەکێکیان بەیەکێکیان بڵێ (کش) واتە بمرە.

هەروا یاری فت بۆ لێدانەوە لە شێوەی جەنگێکی دوودەستەیی و دووبەرەکیدا، بەم ڕەنگە ئەیانکا بە دوو لەشکر و دوو لەشکرگا، وە مەیدانیان بۆ دائەنێ کە تیا بێن و بچن و یەکتری تیا زەبوون و کەڵەمە بکەن، هەر بەم ڕەنگە هەموو جۆرە یارییەکی تر.

لە سەرەتای جیهانەوە تا ئیمڕۆ دینە گەورەکان کە هاتوون هەموو بانگی ئادەمی ئەکەن بۆ یەکێتی و برایەتی، جارێ دینی ئیسلام ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، وە ناوەکەی خۆی لە (سلام)– کە بەمانای ئاشتییە –وەرگرتووە، وە سەلامی گێڕاوە بە پایەیەك لە نوێژ، وە سەلامکردنی بە دروشمی موسوڵمانان کەچی مێژووی موسوڵمانان هەمووی جەنگ و ئاژاوەیە لەگەڵ یەکتری.

دینی مەسیح ئەڵێ : (ئەگەر یەکێك زللەیەکی ماڵی بە ڕوومەتی ڕاستتا، ڕوومەتی چەپیشتی بۆ ڕابگرە ) کەچی مێژوو نییە لە جیهانا بەقەد مێژووی مەسیحی پڕ بێ لە

جەنگ و ئاژاوە و کوشتن و خوێن ڕشتن چەند لەگەڵ خۆ و چەند لەگەڵ بێگانە، وە لە پێش هەموو گەلێکەوەن بۆ دروستکردنی چەکی جەنگی تا گەیشتنە بۆمبای ئەتۆم.

ئەم ئادەمییە ئیش و کاری هەمیشە هەر جەنگە، لە زەویدا جەنگ، لە ئاسمان جەنگ ، لەسەر ئاو جەنگ لە ژێر ئاو جەنگ، ئەگەر لەمانە بووەوە هاتەوە ناوماڵی خۆی ئینجا دەست دەکا بەو جۆرە جەنگە ساردانەی کە وتمان، ئەمەش کە نەما ئینجا دەست ئەکا بە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگێکی تر، بەم ڕەنگە خوێندن لە قوتابخانەکانا لەسەر دەستوورێکی جەنگی دائەنێ، و نیشتمانپەرستی و گەل پەرستی ئەخاتە مێشکی هەموو قوتابیەکەوە، وە وایان حاڵی ئەکات کە گەلەکەی خۆی لەژوور هەموو گەلێکەوەیە بەژیری و زیرەکی و ئازایی و وریایی وە لە هەموو گەلێك مەردتر و جەنگاوەرترە، وە ئەبێ لە ژوور گەلێکەوە بێ، بەم جۆرە شرینقەی مەردی ونەبەردی و جەنگاوەری لێ ئەدا، تا ئەیکا بە پارچەیەك ئاگری هەڵگیرساوە.

دەستووری تاقیکردنەوە دەستپێشکەری (مسابقة)و جەنگە، دەستووری بازرگانی (تجارة) دەستپێشکەری و جەنگە، دەستووری ئەحزابی سیاسی جەنگ و بەربەرەکانێیە، دەستووری کۆمەڵایەتی لە ناوەندی چینەکانی جەنگ و خوێن مژینە، چونکە دەوڵەمەند و خاوەن کارگەکان ئەیانەوێ خوێنی هەژارەکان بمژن و بیانچەوسێننەوە لە ئیش و کار و قازانج و سوودی خۆیانا، کرێکارەکانیش خواخوای هەلێکیانە کە دەست بوەشێنن لە سەر و ماڵی دەوڵەمەندەکان.

کەوابوو ئەم ئادەمییە لە کاتی جەنگا جەنگ و لەکاتی ئاشتییا خۆئامادەکردنە بۆ جەنگ و لە قوتابخانەدا جەنگ لە بازاڕیا جەنگ و لە کارگەیا جەنگە، هەر وا بووە و وا ئەبێ تا جیهان جیهان بێ و ئادەمی لەسەر کار بێ.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ گیانەوەر و درندەی شاخەکان گەلێ گەلێ ئاشتیخوازترن لە ئادەمی، کەس دی هەرچی شێر و پڵنگی جیهان هەیە ببن بە دوو دەستە و بچن بە گژ یەکا، وە خوێناوی یەکتری بخۆنەوە، یا کەس بیستی هەرچی گورگ و چەقەڵ یا مار و دووپشکی جیهان هەیە ببن بە دوو دەستەوە بچن بە گژ یەکا.

بەڕاستی ئەو کەسانەی کە جەنگاوەرن، وە هەمیشە ئەیانەوێ جەنگێکی تێکڕایی سێهەم هەڵگیرسێنن، وە ئادەمی بکەن بە دەستە چیلەی ئەو جەنگە لە جانەوەر جانەوەرترن، وە لە درندە کەمتر و بێ نرخترن.

## کۆچی مصطفی مظهر[1]

وەك زانایان وتوویانە: ژیانی جیهانی چەند کردەوەیەکی حسابی تێکەڵ و پێکەڵە، بەڵام کە بەجێ ئەمێنێ لەسەر ڕووپەڕەی مێژووی ئادەمی.

یەکێك ئەمرێ بەڵام لە ماوەی ژیانیا زبان درێژی کردووە، ناوی مەردومی بە خراپ بردووە، دڵی شکاندوون، پاڵی ناوە بە قازانج و سوودیانەوە، خوێنی مژیون، زیانی پێ گەیاندوون، ئەم جۆرە کەسانە لە دوای مردنیان خاڵێکی ڕەش بەجێ دێڵن لەسەر ڕووپەڕەی مێژوویان، کە تا جیهان جیهان بێ ئەو خاڵە ڕەشە هەڵ نەگیرێتەوە، وە بە ئاوی هەموو دەریا نەشوورێتەوە، تا ئەو خاڵە ڕەشە ئەبێ بە بەیداغێکی ڕەش لەسەر گۆڕەکەی تاڕۆژی دوایی.

یەکێکی تر ئەمرێ، بەڵام لە ژیانیا ناوی کەسی نەبردووە بە خراپە، دڵی کەسی نەیەشاندووە، زیانی پێ نەگەیاندوون، ماڵی نەخواردوون، خوێنی نەمژیون، وە بە پێی دەسەڵاتیش سوودی پێ گەیاندوون و قازانجی بۆیان بووە، ئەم جۆرە کەسانەش دوای مردنیان خاڵێکی سپی بەجێ دێڵن لەسەر ڕووپەڕەی مێژوویان، کە بە درێژایی شەو و ڕۆژ و ساڵ و مانگ وەك ئەستێرەی بەری بەیان بدرەوشێنەوە، وەك خوا لێخۆشبوو مصطفی مظهر، کە بەڕاستی فریشتەیەك بوو بۆ خۆی.

خوالێخۆشبوو لە سلێمانی لە ساڵی **١٨٨٨**م لە دایك بووە. لە پاشا لە دار المعلمینی ترکیا پێ گەیشتووە، لە ساڵی **١٣٢٩**ی ڕۆمیدا بووە بە مامۆستای قوتابخانەی (نجف)، لە دواییدا بۆ قوتابخانەی خانەقین و قەرەداغ گوێزراوەتەوە، لە **١٩١٨**م دا بووە بە نووسەری دارایی (کاتبی مالیە)، سلێمانی، لە ساڵی **١٩٢١**م دا بووە بە نووسەر و سکرتێری حاکمی سیاسی سلێمانی، لە ساڵی **١٩٢٢**م دا بووە بە نووسەری داخلی، لە ساڵی **١٩٢٣**م دا بۆتەوە بە مامۆستای قوتابخانەی (ناصریە). لە ساڵی **١٩٢٤**دا گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (بعقوبە). لەساڵی **١٩٢٥**م دا گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (قەرە حەسەن ). لە مارتی **١٩٢٥**م دا بووە بە ژمێژیار (محاسب)ی پەروەردەی کەرکوك.

(١) ئەم وتارە لە ژمارەی (٦)ی ساڵی (٧)ی گۆڤاری گەلاوێژا بڵاوکراوەتەوە، وە لە ڕۆژی ٣١-٥-١٩٤٦ دا خوێنرایەوە لەکۆڕی یادەوەری خوالێخۆشبوودا بە بۆنەی ڕابوردنی حەفتەیەك بەسەر مردنیا.

لە ئەیلولی ١٩٢٥م دا بووە بە موفەتیشی پەروەردەی کەرکووك. لە ساڵی ١٩٢٩ وە تا ساڵی ١٩٣٣م لە لیوای هەولێر و مووسڵ موفەتیشی پەروەردە بووە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٤م دا بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی. لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٥م دا بۆتەوە موفەتیشی پەروەردەی کەرکووك . لە تشرینی دووهەمی ١٩٣٥م دا بووە بە معاونی مدیری معارفی کەرکووك. لە شوباتی١٩٣٧م دا بە هەمان وەظیفە جێگای لە هەولێر بووە لە ئابی ١٩٣٧م دا بووە بە معاونی مدیری معارفی سلێمانی، لە ئەیلوولی ١٩٣٧م دا بوو بە مدیری معارفی سلێمانی، وە هەتا کۆچی دوایی لەم پایەیەدا مایەوە.

ئەم خوالێخۆشبووە، هەموو ژیانی خۆی بەخت کرد لە خزمەتی زانین و زانیازی دا بێ ئەوەی دڵی یەکێك ئازار بدات، یا ڕووپەڕەی مێژووی خۆی چڵکن و ناشرین بکات.

ئافەرین بۆ تۆ مصطفی ئەفەندی٣٢ ساڵ لە وەظیفەی حکومەتا بمێنییەوە وە تا ئێستا خانوویەکت نەبێ کە منداڵەکانت تیا دابنیشن. وە پارەیەکت نەبێ کە ئەمڕۆ کونجێکی پێ بکڕن بەڵام خەفەت مەخۆ دڵت تەنگ نەبێ، چونکە گەلەکەت ئەم دەست پاکییەتیان پەسەند کردووی ، ئەگەر تۆ لە ژیانی خۆتا خانوویەکت نەبوو، ئەمڕۆ هاوڵاتییەکانت بە بۆنەی ڕابواردنی هەفتەیەك بەسەر کۆچتانا وا کۆڕت بۆ ئەگرن، ئیتر خوا بەمیهرەبانی خۆی لێت خۆش بێ. وە بتکا بە سەرمەشق بۆ دوای خۆت.

# سەید جمالەددینی ئەفغانی

سەید جەمالەددین  کوڕی سەفدەر و لە خێزانێکی گەورە و بەرێز و ناوداره لە وڵاتی ئەفغان. ئەم خانەدانە، لەبەر ڕێزو گەورەیییان بوون بە خاوەنی قەڵەمڕەوێکی گەورە لە خاکی ئەفغان و خۆیان ئەمیری ئەو خاکی خۆیانە بوون، تا ساڵی ١٢٥٤ك=١٨٣٩ز کە سەید جەمالەددین هاتە جیهان لە دێی (ئەسعەد ئاباد ) ئەوسا (دۆست محەمەد خانی )ی ئەمیری ئەفغان، ئەمارەتی ئەو قەمڕەوەی لێ سەندنەوە بە قەڵەمڕەوەکەوە، وە سەید جەمالەددین و باوکی هێنان بۆ کابول و لەوێ داینان[١].

(جۆرج گوتشی) ئەڵێت: سەید هەر لە منداڵییەوە جڵەوکێشی تەماشا بووە، بە زیرەکی و بلیمەتی و بێ هاوتایی خۆی[٢].

سەید لە تەمەنی  هەشت ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندن لای باوکی، لە پاش ساڵێك دەست ئەکات بە خوێندنی کتێبە سەرەتاییەکان و هەموو جۆرە زانینێك لەو ڕۆژەدا ئەخوێنێت لای مامۆستا بەرز و باڵاکان، نەخوازەڵا حیساب و ئەندازە (هندسە )و جەبر و ئەفلاك و مەنتیق و حیکمەت و کەلام و تەسەوف و فیقهـ و ئوسوولی فیقهـ و تەفسیر و حەدیس لەگەڵ بەشی زۆری  زانیارییەکانی ترا. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لە خوێندن ئەبێتەوە، ئینجا ئەچێت بۆ هندستان و ساڵ و نیوێك لەوێ ماوەتەوە تا هەرچی زانیاری تازەی ئەوروپا بووە هەمووی خوێندووە.  سەید جەمالەددین زۆر حەزی لە موتاڵا و خوێندنەوەی کتێب بووە ، هەر لە منداڵییەوە ناوی بەشی زۆری ئەو کتێبانەی زانیوە کە بە عەرەبی و فارسی نووسراون، کتێبی تازەش نەبووە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نووسرابێت و وەرگێڕرابێتە سەر زمانی ڕۆژهەڵاتی نەیخوێندبێتەوە[٣].

سەید هەر لە منداڵییەوە حەزی لە دونیا و ڕابواردن نەبووە، زۆر کەم خۆر بووە، شەو و ڕۆژ ژەمێك نانی خواردووە، بەڵام حەزی لە چا و جگەرە بووە، جادووی ژن کاری تێ نەکردووە، ئاوڕی بە  لادا نەداوەتەوە، بۆیە تا کۆچی دوایی کردووە ژنی نەهێناوە.

سەید دوای گەڕانەوی لە هندستان ئەچێت بۆ حەج ساڵێکی پێ ئەچێت و لەو ساڵەدا

(١) خاتیراتی سەید جەمالەددین، بە قەڵەمی محەمەد پاشای مەخزومی.

(٢) ژیانی سەید جەمالەددین بە قەڵەمی شێخ مستەفا عەبدوڕەزاق.

(٣) شێخ مستەفا عەبدوڕەزاق.

زۆر ئـــەگـــەڕێت بـــە شار و وولاتــەکــانــی ڕۆژهـــەلاتــی نــاوەڕاستــا لــەو سەرەوە لــە ساڵی ١٢٧٣ك=١٨٥٧ز ئەگەڕێتەوە بۆ مەککە و دوای حەج دێتەوە بۆ ئەفغان، بەم گەڕانە زۆر شارەزا و بەڵەد ئەبێت لە چۆنیەتی موسڵمانان و ولاتیان و دەستوور و ڕژێمیان. بە گەڕانەوەی بۆ ئەفغان ئەمیر – کە دۆست محەمەد خان بووە – کردوویەتی بە یەکێك لە ئاوەڵان و هاودەمانی خۆی. کە دۆست محەمەد خان مرد شێر عەلی خانی کوڕی – کە نامزەد بوو بە یارمەتی ئینگلیز لە جێگەکەی دانرا لە ساڵی ١٢٨٠ك=١٨٦٤ز، چونکە سەر بە ئینگلیز بووە، بەڵام براکانی کە ئەفزەل خان و ئەعزەم خان بوون چوون بە گژ کاکیانا، و ئەفزەل خان بە دیل گیرا، و عەبدوڕەحمانی کوڕی لەگەڵ ئەعزەم خانی مامیا مانەوە لەسەر جەنگ تا کابوڵیان گرت، و ئەفزەل خانیان لە بەندیخانە دەرهێنا و کردیان بە ئەمیر، شێر عەلی خانیان لە بەندیخانە توند کرد.

سەید لەم ماوەیەدا، واتە لە دوای گەڕانەوەی لە حەج تا ئەو ڕۆژە، بە دڵ هەر لەگەڵ ئەعزەم خان بووە، هەمیشە ئامۆژگاری ئەکرد و یارمەتی ئەدا. کە ئەعزەم خان بوو بە ئەمیر، خێرا سەید جەمالەددینی کرد بە سەرەك وەزیری خۆی، کە سەید تەمەنی ٢٧ساڵ بووە. سەید دەستی کرد بە ڕێکخستنی دەوڵەت لەسەر بیرو ڕای سەربەخۆی تەواو و ئیدارەی ولات لەسەر ئازادی و سەربەخۆیی و ڕاوێژ (استقلال و شوری )[٤] ئینگلیز لە هندستان ترسی لێ نیشت چونکە دەستی نەئەدا بۆی کە حکومەتێکی دەستووری بە سەرۆکایەتی سەید جەمالەددین لە تەنیشتیەوە بێت، خێرا پارەو جاسووسی زۆری بۆ ئەفغان و شۆڕشی تیا هەڵگیرساند و لێوەو ئاژاوەی تیا نایەوە و ئەمیر محەمەد ئەعزەم دەرکرا و سەید جەمالەددینیش ویستی لە ئەفغان دەرچێت[٥] لە ساڵی ١٢٨٥=١٨٦٧ز سەید جەمالەددین ویستی بچێت بۆ هندستان و کاغەزێکی نووسی بۆ بازرگانێکی ئەفغانی لەوێ، کە من ئەمەوێت بە پەنهانی بێم بۆ هندستان لای ئێوە میوان بم بە ڕەنگێکی زۆر سووك و سادە و بێ ئەرك، بێ ئەوەی کەس پێم بزانێت، یا ناوم بلاو ببێتەوە، بەڵام بێداری ئینگلیز و ئاگاداری لە بەسەرهاتی ئەفغان نەیانهێشت ئاواتەکەی بێتە دی، ماوەیەك لە هیندستان بمێنێتەوە، وە تێکەڵ بێت بە پیاوانی گەورە و ڕۆشنبیری هیند، چ لە موسڵمان و چ لە هیندۆك، بەڵکو کاتێك کە گەیشتە سنووری هیندستان بینی کەوا حکومەتی هیند هاتووە بە پیریەوە، بە شێوەیەکی زۆر گرنگ.

---

(٤) خاطرات جمال الدین.

(٥) وحي الرسالة ، جلدی سێهەم ، چاپی سێهەم

سەید جەمالەددین کە چاوی بەم قەڵەباڵغە ئەکەوێت، نەخوازەڵا کە یەکێك لە ئاشناکانی خۆی تیا نابینێ و ئەو بازرگانەی کە ئەم کاغەزەی بۆ نووسیوە و ئەبوو بە میوانی، ئەویشی تیا نییە، تێیئەگات کە مەبەست لەم پێشوازییە چییە، بە ناچاری سوپاسیان ئەکات. لە پاشان ئەیەوێت بچێت بۆ ماڵی بازرگانەکەی ئاشنای، بەڵام پێی ئەڵێن میری جێگا و ڕێگای بۆ ئامادە کردوون، نابێت لە هیچ شوێنێکی تر دابەزن، سەید بەناچاری دوایان ئەکەوێت، چونکە ئەزانێت هەر هەواڵێك بدات بێ کەڵکە.

یەکەم پرسیار کە میری لێی ئەکات ئەڵێت: (چەند ئەمێننەوە لە هیندستان؟) ئەمیش ئەڵێت : (لە دوو مانگ زیاتر نامێنمەوە)، ئینجا چەند کەسێکی بە دیاریەوە دائەنێن ، بۆ ئەوەی هەرچی هات بۆ لای، پرسیاری لێ بکەن کە بۆچی هاتوویت؟ وە چ پرسیارێك لە سەید ئەکەیت؟ لە ڕۆژی یەکەمدا سی چل کەسێك دێن بۆ لای سەید، کاربەدەستەکان توانییان گوێیان لە پرسیاری خەڵق و وەڵامی سەید بێت، لە ڕۆژی دووەما، لە دووسەد کەس زیاتر دێت بۆ لای، لە ڕۆژی سێهەم و چوارەما پۆل پۆل ئەهالی ئەهاتن بۆ لای، حەفتەی نەخایاند هندستان خرۆشا، زانایان و دانایان و گەورەکانی هیند لەگەڵ ڕاجە و ڕۆشنبیرەکانیان لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ کرد، وە ئەو شوێنە گەورەیەی کە بۆی تەرخان کرابوو ، جێی خەڵکی تیا نەئەبووەوە، پیاوی گەورەی وای تیا بوو کە میری نەی ئەتوانی جڵەو گیری لێ بکات لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەید و ، نەش ئەبوو دووسەد کەس دابنێت بەسەرسەیدەوە، بەڕەنگێك کە هەرچی بوترێت ئەوان بینووسن، ئینجا کە حکومەتی هیند تەنگەتاو بوو، کاربەدەستێکی گەورەی نارد بۆ لای سەید– کە لەو حەلەدا زۆر ڕاجەو زانایانی بەرزی لە لا ئەبێت – پێی ئەڵێن میری زۆر ئاسانیی لەگەڵ ئێوەدا نواند، کە دوو مانگ بمێننەوە، بەڵام ئێستا لای وایە ئەحواڵی ئەم وڵاتە، ڕێ نادات کە لەمە زیاتر بمێننەوە .

دانیشتووەکان تووڕە ئەبن، ئەیانەوێت کە بچنەوە بە گژ دەمی کاربەدەستەکەی میریدا، بەڵام سەید بەدەست بێ دەنگیان ئەکات، خۆی بە کابرا ئەڵێت: من نەهاتووم بۆ ترساندن و تۆقاندنی دەوڵەتی بەریتانیا، من ئەمڕۆ ئامادە نیم بۆ ئەوەی چاوڕاوی لێ بکەم یا سەرکۆنەی بکەم لەڕووی هێندێك کردەوەیەوە، بەڵام ترسی بەریتانیا لە میوانێکی بێ چەکی بێ دەسەڵاتی وەك من، جڵەو گیری کردنی لەو میوانانەی کە لەمن بێ دەسەڵاتترن، نیشان ئەدات کە بەریتانیا بڕوای بە دادی خۆی نییە و، گەلێك لە گەلی هند زەبوونتر و شڕۆڵترە.

لە پاشان ڕوو ئەکاتە میوانە کانی و پێیان ئەڵێت: ئەی ئەهلی هیند ئێوە کە لە دووسەد ملیۆن زیاترن – ئەگەر مێش یا مێشوولە بوونایە، ئەبوو بە گیزەگیزی خۆتان گوێی بەریتانیاتان کەڕ و گوێی سەرەك وەزیرەکەی (میستەر غەلادەستۆن) تان قورس و گران بکردایە و ئێوە – کە لە دووسەد ملیۆن زیاترن، ئەگەر خوا بیکردنایە بە کیسەڵ و لە دەریاوە بچوونایەتە سەر دوورگە (جزیرە)ی بەریتانیا و هەریەکێکیان قەپاڵێکی بگرتایە لە دوورگەکەیان، ڕاتان ئەکێشا بۆ بنکی دەریا و لەو سەرەوە بە ئازادی و سەربەستی ئەگەڕانەو بۆ وڵاتەکەی خۆتان.

سەید قسەکانی تەواو ناکات، دانیشتوان دەست ئەکەن بە گریان، ئینجا سەید پێیان ئەڵێ گریان پیشەی ژنە، سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بە گریان نەهاتە سەر هیند، بەڵکو بە چەکەوە هاتە سەری و گرتی، هەر گەلێك بە پیر مردنەوە نەچێت ، بۆ دەستخستنی سەربەخۆیی، بە ژیان ناگات، ئینجا سەید جەمالەددین هەڵ ئەستێت و ئەڵێت: (فەرموون بۆ کوێ ئەڵێن بچم)، کاربەدەستەکەش ئەڵێت: ئەمڕۆ نا سبەینێ، بەیانی سواری پاپۆڕێکی ئەکەن و ئەیبەن بۆ سوێس و لەوێ دای ئەنێن، بەڵام سەیدیش لە سوێسەوە ئەچێت بۆ میسر، و چل ڕۆژ ئەمێنێتەوە ، لە پاشا ئەچێت بۆ ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٢٨٧ك=١٨٧٠ز، وە لەکاتی سوڵتان عەبدولعەزیزا –بە جل و بەرگێکی ئەفغانیانەوە: کەوایەکی شۆڕ و خەرقەیەك و مێزەرێکی ناڕێك(٦).

دوای چەند ڕۆێك زیارەتی سەدری ئەعزەم ماڵی پاشا ئەکات، وە سەیدی زۆر بەر دڵ ئەکەوێت و بە زانایەکی سەربەستی، چاو قایمی، بلیمەتی، زبان زانی، دواندەری دێتە پێش چاو، وە بە دڵ ئەیەوێت بیکات بە شێخ الاسلام، وە لە شوێنی حەسەن فەهمی ئەفەندی دای بنێت –کە لەو ڕۆژەدا شێخ الاسلام بووە – سەید لە ماوەیەکی زۆر کەما ناوبانگی بڵاو ئەبێتەوە بە ئەستەمبووڵا، لە دوای شەش مانگ ئەبێت بە ئەندامی ئەنجومەنی زانیاری (معارف) بە سەرۆکایەتی عالی پاشا، بێ گومانم پێشەوایەکی زانای دانای ئازادی، سەربەستی، خێر خواهی وەك سەید هەر ئەبێ بۆ بەرژەوەندی تێکڕایی و ڕێکخستنی زۆر شتی گرنگ و هەڵگرتنی زۆر شتی پڕو پووچ و پاککردنەوەی ناوچەی بۆگەن و پیسی ئەستەمبووڵی مەبەست بووبی، کە ئەمانە نانی زۆر کەس ئەبڕن لە کۆنە پەرستان و لەوانەی کە هەوڵ ئەدەن بۆ وشك هەڵاتنی ژیری و بیری کۆمەڵ و

(٦) خاتیراتی جەمالەددین و قەدری قەلعەچی.

گەل، کە شێخ الاسلام سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بووە، و دەبیٚ زۆر کەس لەم ڕووەوە تەنگەتاو بووبێت بە نیشانەی ئەوەی کە سەید لە چەند کۆبوونەوەیەکدا ئەیەویٚ بەرنامەی پیٚ خوێندن (تعلیم) بگۆڕێت بە باشتر و بڵاوی بکاتەوە لە جاران چاکتر، بەجۆرێك داوای ئەکات – وەك شێخ مستەفا عەبدوڕەزاق ئەڵێت – کە شێخ الاسلام لە دڵا پێی ناخۆش ئەبیٚ، چونکە هێندێك دەستکەوتی لیٚ کەم ئەبووەوە شێخ الاسلام ئەمەی لیٚ ئەگرێت بە دڵەوە بە ڕەنگێك لە هەر کۆڕێکا باسی قسەیەکی سەید بکرایە شێخ الاسلام ڕەخنەیەکی لیٚ ئەگرت، بۆ ئەوەی ئەو ناوبانگەی هەیەتی بیشکێنێت.

لە مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا بەڕێوەبەری (دار الفنون) تەحسین ئەفەندی داوا لە سەید ئەکات کە دوان (محاضرە )ێك بدات لە دار الفنون لە بابەت هاندانی مەردومەوە لەسەر هەموو پیشەسازییەك، هاندانی چوونە بەشی لقەکانی قوتابخانەکەیدا. سەیدیش دوانێکی زۆر بەرز ئەنووسێت، وە پێشەکی ئەینێرێت بۆ وەزیری پەروەردە صەفوەت پاشا و موشیر شێروانی زادە، و ئەندامی ئەنجومەنی زانیاری منیف پاشا و هەموو زۆر پەسەندی ئەکەن، ئینجا لە ڕۆژی خۆیا زۆر لە وەزیرەکان لەگەڵ زانایان و دانایان و وێژەران و ڕۆژنامەنووسەکان ئەچن بۆ گویٚ گرتن، وە سەید ئەچێتە دوانگە، دوانەکەی زۆر بە جوانی ئەخوێنێتەوە، وە لە هەموو لایەکەوە پەسەند ئەکرێت، یەکێك لە قسەکانی سەید ئەمە ئەبێت کە تەشبیهی ژیانی ئادەمی ئەکات بە جەستەیەکی زیندوو، وە هەر پیشەیەك لە پیشەکان بە ئەندامێکی ئەو جەستەیە، واتە ئەندام چ خزمەتێکی جەستە ئەکات، ئەو پیشانەش ئەو خزمەتە ئەکەن بۆ ژیانی ئادەمی، مەسەلا تەشبیهی خاکی نیشتمان ئەکات بە مێشك کە جێی تەدبیرو ئیرادەیە، وە ئاسنگەری بە قۆڵ و کشتوکاڵ بە جگەر و هاتوچوون بە دەریادا بە هەردوو قاچ، هەروا ناوی هەموو پیشەکانی تر و ئەندامەکانی تری ئەبات، و باسی گرنگی هەموو یەکێکیان ئەکات ، لە پاشا ئەڵێت : (ئەمە ئەوەیە کە جەستەی خۆشی و خۆشبەختی ئادەمێتی لیٚ دروست بووە)، هیچ جەستەیەکیش ژیانی نابێت بە بیٚ گیان، گیانی ئەم جەستەیەش یا پێغەمبەریەتییە (بۆ ئەو گەلانەی کە دێن و پێغەمبەریان ببێت) یا حیکمەتە (بۆ ئەوانەی کە دینیان نەبێت).

بەڵام شێخ الاسلام بڵاوی ئەکاتەوە بەهۆی پیاوانی سەر بەخۆیەوە کە گوایە سەید جەمالەددین لە دوانەکەیا باسی پێغەمبەرایەتی کردووە لە باسی پیشە و پیشەسازیدا و ئەمە وا ئەگەیەنێت کە پێغەمبەرایەتی وەك پیشە کەسبی بێت لە کاتێکا کە پێغەمبەرایەتی کەسبی نییە، بەڵکو خەڵاتێکی خواییە، بە هەر کەسێکی بدات ئەیدات، کە سەید ئەمەی

ئەوتووە، شێخ الاسلام فەرمان ئەدات بە پێشەوای مزگەوتەکان و دواندەری جومعە کە ئەم قسەیە بڵاو بکەنەوە و نیشان بدەن کە سەید جەمالەددین بیرو باوەڕی باش نییە. ڕۆژنامەکانی ئەستەمووڵ زۆریان لەگەڵ سەیدا ئەبن و پشتیوانی ئەو ئەکەن، هێندێکیشیان – کە سەر بە شێخ الاسلام ئەبن– هێرش ئەبەنە سەر سەید، سەید زۆر دڵگیر و تووڕە ئەبێت و داوای موحاکەمەی شێخ الاسلام ئەکات، خولاسە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم ئاگرە بڵێسە ئەسێنێت، بە ڕەنگێك کە عالی پاشا لە ژیانی خۆشی و سەید جەمالەددینیش ئەترسێت ، لەبەر ئەوە ناچار فەرمان دەرئەکات بە دەرچوونی سەید لە ئەستەمبووڵ بۆ چەند مانگێك، تا ئەم ئاژاوەیە ئەکوژێتەوە، لەگەڵ ئەوەشا سەدری ئەعزەم ئەزانێت کە سەید زانایەکی زۆر بەرز و باڵایە و دوانەکەی هەرچی نەنگ بێت تیا نییە و ئەوەی کە شێخ الاسلام کردی لەگەڵ سەیدا لە ڕقی عالی پاشا بوو، بە تەمای دانانی سەید بوو لە شوێنەکەی ئەو، وە عالی پاشا زۆر خەفەتبار بوو ، بۆ ئەو شێوەیەی کە شێخ الاسلام بەکاری هێنا لەگەڵ سەید جەمالەددینا، وە بازاڕی و نەخوێندەوار و خەڵکی ناو کۆڵانەکانی تێ بەردا و وای لێ کردن کە هێرش ببەنە سەر بیرو باوەڕی پێشەوایەکی وا گەورە.

سەید بە ناچاری هاتە سەر بەجێهێشتنی ئەستەمووڵ، و چوون بۆ میسر، لە سەرەتای مانگی موحەڕڕەمی ١٢٨٨ تا ساڵی ١٢٩١ك=٢٢ی ئازاری ١٨٧١ تا ئابی ١٨٧٩ز لە میسر ئەمێنێتەوە، ئەم هەشت ساڵە بۆ میسر زۆر بە پیت و بەرەکەت ئەبێت، هەر تۆوێکی ئەچێنێت هەمووی سەوز ئەبێت، ئەویش بە هیمەتی مەردانەی ڕیاز پاشای سەرەك وەزیری خدێوی ئیسماعیلەوە بوو، کە یەکەم جار سەید ئەبینێت بە زانایەکی زۆر زیرەکی ڕامیار (سیاسی)ی خاوەن قەڵەمی، زمان زانی، دواندەری تێ ئەگات، مانگێ دە لیرەی بۆ ئەبڕێتەوە بە بێ هیچ پیشەیەك و زۆر هانەهانەی ئەدات لەسەر مانەوەی لە میسر(٧) بڕینەوەی ئەم مانگانەیە لە حکومەتی میسرەوە بۆ بێگانەیەکی وەك جەمالەددین، تاقانەیە لە مێژووی میسردا، بەڵام ئەگەر وردبینەوە تێ ئەگەین، کە دوو هۆی گرنگی بووە، یەکەم حکومەتی میسر زانیویەتی کە بوونی سەید لە میسردا تین و تەوژمێکی زۆری ئەبێت بۆ سەر سیاسەتی خۆی، هەر وەك بوونی قازانجێکی زۆری ئەبێت بۆ گەل و نیشتمان. دووهەم حکومەتی میسر لەو ڕۆژانەدا خۆی بەپەیکی ئەستەمبووڵ نە ئەزانی،

---

(٧) خاتیراتی جەمالەددین.

بەڵكو خۆی بەسەربەخۆ زانیوە و ملەملەی لەگەڵ كردووە، ئینجا بۆ نیشاندانی ئەم ملەملەیە ئەم پێشوازیەی سەیدی كرد لە كاتێكا كە سەید لە ئەستەمووڵ ڕەهەندە كرابوو. جگە لەوە كە ئەمەشی تیایە كە خدێوی میسر خۆشەویستی زانین و پارێزگەر (محامی)ی زانایانی وەك سەید جەمالەددینە[٨].

***

سەید بڕیاری دا كە ماوەیەك لە میسر بمێنێتەوە، لە (خان خەلیلی) خانووی گرت، هێندێك لە قوتابییە بەرزەكانی جامعیە ئەزهەر و مامۆستاكانی ڕوویان تێ كرد و داوای دەرسیان لێ كرد، وەك شێخ محەمەد عەبدە و شێخ ئیبراهیم هەلباوی و شێخ عەبدولكەریم سەلمان و شێخ ئیبراهیم لقانی و سەعد زەغلوول و لوتفی سەیدو عەلی مەزهەر و گەلێكی تر. هەروەك چەند وێژەرێكی سووری – كە لەمیسر بوون –ئەوانیش هەمیشە ئەچوونە كۆڕی بۆ دەرس خوێندن و بەهرە وەرگرتن وەك ئەدیب ئیسحاق و سەلیم نەقاش و سەعید بوستانی و چەند كەسێكی تر، ئەمانە ئەیان نووسی و دوانیان ئەدا و ئەوی لە كۆڕی سەید وەریان ئەگرت بڵاویان ئەكردەوە.

دەرسەكانی سەید دوو جۆر بوون: یەكێكیان لە كتێبا بووە، كە ئەوەیان لە ماڵەوە ئەیوتەوە ، ئەوی تریان لەبەر و لەكاتی قسە و گفتوگۆدا بووە لەگەڵ خەڵقا، چ لە ماڵی خۆی، چ لە ماڵی پیاوە گەورەكان، كە ئەچووە لایان، چ لەو گازینۆیەی كە لێی دائەنیشت و پیاوە گەورەكان دەوریان ئەدا.

بەشی زۆری ئەو كتێبانەی كە ئەیوتەوە، كتێبی مەنتیق و فەلسەفەو تەسەووف و هەیئەت بووە، وەك (زوراء)ی جەلالەدینی دەووانی لە تەسەووفا و شەرح شەمستی و شەرح مەتالیع و سوللەمولعولوم لە مەنتیقا و عەقائیدی دەووانی لە تاك و تەنیایی خوادا و، تەوزیح و تەلویح لە ئووسولا و هیدایەت و ئیشارات و حیكمەتولعەین و حیكمەتولئیشراق لە فەلسەفە. ئەحمەد ئەمین لە (**زعماء الاصلاح في العصر الحديث**)دا ئەڵێت: لام وایە ئەم كتێبانە لە خۆیانا نرخێكی وایان نییە كە ئەم شۆڕشەی سەید جەمالەددین هەڵی گیرساندووە، لەو كتێبانەوە بوو بێت، بەڵكو نرخەكەی لە بیرو ڕای سەیدا بووەو لەمەدا بووە كە هەموو باسێكی، هەموو وتارێكی كردووە تەكیەگاهێكی خۆی وپاڵی پێوە داوە و دەستی پێوە گرتووە، بۆ باسی ئەوەی كە لە دڵیایەتی و ڕاڤەی

(٨) قەدری قەلعەچی.

ئەوەی کە بە بیری دێت، لەگەڵ بەراوردکردنی لەگەڵ ژیانی ئەو ڕۆژدا.

کەواتە ئەو کتێبانەی کە سەید وتوونیەتەوە نرخەکەیان لە دڵی سەیدا بووە ، وەك جیهان بە ڕەنگی چاویلکەی بینەر ڕەنگ ئەگرێت، ئەو کتێبانەش بە بیری بەرزی سەید بۆیە ئەکرێت.

جگە لەوە سەید دەستوری وا بووە لە دەرس وتنەوەدا هەر شتێکی بووتایەتەوە، بێ ئەوەی کتێبەکە بخوێنێتەوە، دوورو درێژ قسەی لێ ئەکرد و ڕاڤەی ئەکرد، لە هەموو ڕوویەکەوە وای ڕووناك ئەکردەوە، دوای دەرسەکە ئەگەر تەماشای کتێبەکەت بکردایە، وات ئەزانی کە خۆت نووسیوتە و داتناوە، تەنانەت ئەگەر هەڵەیەك لە کتێبەکەدا ببوایە، خۆی لەخۆیا دەرئەکەوت، بەڵام شێخ محەمەد عەبدە لەگەڵ ئەو هەموو زانایی و داناییيەدا کە بوویەتی، نەیتوانیوە بەو ڕەنگە دەرس بڵێتەوە، بەڵکو ئەبوو وتە بەوتەی کتێبەکە بخوێنێتەوە، ئینجا مەبەستی لێ بداتەوە و قسەی لەسەر بکا و وردە تەریبی لێ بدات[٩]. قوتابخانەی دووهەمی –کە لە قوتابخانەی یەکەمی گرنگتر و بەکەڵکتر بووە – ئەو شوێنە بووە کە لێی دائەنیشت و کۆڕی تیا ئەگرت و قسەی تیا ئەکرد، ئینجا لە ماڵەکەی خۆی بووایە، یا ئەو ماڵە گەورانەی کە چۆتەوە لایان، یا ئەو گازینۆیەی کە شەواو شەو تیا دائەنیشت.

لەم قوتابخانەیەدا ئەوانەی کە بە زۆری دەرسیان تیا وەرئەگرت و بەهرەیان لێ دەبینی: مەحمود سامی باروودی و سەعد زەغلوول و عەلی مەزهەر و سەلیم نەقاش و ئەدیب ئیسحاق و گەلێکی تر بوون.

سەید لەم قوتابخانەیەدا ڕێبازی وێژەی بە تێکڕایی گۆڕی، وە لە بارێکەوە بردی بۆ بارێکی تر، وێژە لەوەپێش بەندەیەکی زەڕخرِیدەی پیاوە گەورەکان و پاشا و کاربەدەستەکانی دەوڵەت بوو، لەگەڵ دەوڵەمەندەکان و قسە ڕەواکانا؛ هیچ ئامانجێکی نەبووە هەڵدان «مدح»ی پاشا و ئەمیرانی ڕۆژ و باسکردنیان و دەهۆڵ بۆ لێدانیان نەبێت، با زۆر خراپ و دەست درێژیش بووبن، هەموو حوکمڕانێك خواوەندی چەرخی خۆی بووە، هەرچی بکردایە پرسیاری لێ نەئەکرا، ئەگەر ماڵی مەردومی بخواردایە، نە ئەبوو کەس قسە بکات. بەڵام ئەگەر دینارێکی ببەخشیایە، ئەبوو باس بکرایە و هەوڵ بدرایە بڵاو بکرێتەوە. بەهرە و وێژە و هۆنراوە و پەخشان، هەموو مۆزیقە و تار و عوود

(٩) زعماء الاصلاح.

بوون، لیٚ ئەدران بۆ پێکەنین و کەیف خۆشی ئەو، وێژەری بچووك بە باڵای دەوڵەمەندی بچووکدا ئەیخوێند و وێژەری گەورەش بە باڵای ئەمیر و دەوڵەمەندی گەورەدا هەڵی ئەخوێند.

سەید جەمالەددین کە هات وێژەی ڕام کرد بۆ خزمەتی کۆمەڵ و گەل، داوای مافی بۆ ئەکردن و زۆر و ستەمی لیٚ دوور ئەخستنەوە و ئەچوو بەگژ دوژمنەکانیانا، هەر جۆرە کەسێك ببوونایە و باسی هەژاری و کەساسی ئەکردن و دەری ئەخستن، تا زۆرداران و ستەمکاران بیانناسن، و پێی ئەوتن: لە زۆرداران مەترسن، چونکە هێز و دەسەڵاتیان لە ئێوەوەیە و دەوڵەمەندییان لە ئێوەوەیە خۆشییان لە سایەی ئێوەوەیە. ئینجا بەم جۆرە وێژەیەکی تازەی بۆ هێنانە پێشەوە، کە هەر تەماشای کۆمەڵ و گەلی ئەکرد، نە گەورە و کاربەدەستەکان و زۆردار و ستەمکارەکان، وە وێژەرەکانی کرد بەچاودێر بەسەر گەورە و زۆردارەکانەوە، نەك بە سواڵکەر کە دەستیان لیٚ پان بکەنەوە، کە ئەمە لەو ڕۆژەدا مۆدەیەکی تازە بووە و کۆمەڵ و گەل هەرگیز نەیانبیستبوو لە ڕۆژێکەوە کە زۆر و ستەم و خودسەری بڵاو بووبۆوە لەناویانا.(١٠)

کە جەمالەددین چوو بۆ میسر ئەم چۆنیەتییەی سەربەرو خوار کرد و بەم ڕەنگە ڕێی قسەکردنی بۆ کردنەوە:

١- کۆمەڵێکی لە گەنج و لە پیر پێگەیاند و فێری نووسینی وتار و (مقالە)ی کردن و مەبەستی تازەی خستە دڵیانەوە کە بیاننووسن و هانی ئەدان لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە و نووسینی وتار. بەم ڕەنگە بە ئەدیب ئیسحاقی وت کە ڕۆژنامەیەك دەرکات لە (قاهیرە) بەناوی (میسر)ەوە خۆی ئیمتیازی بۆ وەرگرت و خەتی بۆ کێشا، ناو بەناو خۆی وتاری بۆ ئەنووسین بە ناوی خوازەرەوە وەك: (مظهرین و جناح).

لە پاشا سەید وای بەباش زانی کە ئیدارەی ئەو ڕۆژنامەیە ببرێت بۆ ئەسکەندەریە، چونکە مینایە و دەنگ و باس لەویٚ زۆرترە، سەلیم نەقاشی کرد بە هاوڕێی ئەدیب و ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی تری بۆ وەرگرتن بەناوی (التجارة)وە و ناردنی بۆ ئەسکەندەریە، تا هەردوو ڕۆژنامەکە لەویٚ دەرچێت و بە شێخ محەمەد عەبدە و ئیبراهیم لەقانی وت کە وتار بنووسن بۆ ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە، هەروەك خۆشی وتاری بۆ ئەنووسین، نەخوازەڵڵا دوو وتاری دوایی کە یەکێکیان لە باسی حکوماتی

---

(١٠) زعماء الاصلاح.

ڕۆژهەڵاتی و جۆرەکانیدا و دووهەمیان بەناوی (وحي البيان في الانجليز والافغان) کە دەنگێکی زۆر گەورەیان دایەوە بەهۆی ئەو دوو وتارەوە ئەو دوو ڕۆژنامەیە برەوێکی ئێجگار زۆریان سەند و زۆرکەس چاوی تێ بڕین، تا ڕیاز پاشا دای خستن.

هەر بەو ڕەنگە نووسەرانی تری لە هەموو لایەکەوە فێری نووسین ئەکرد لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی میسردا سەرباسی جوانی ئەدانێ کە وتاری لەسەر بنووسن. ئەمانە هەمووی یەکەمین تۆوێك بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، کە سەید جەمالەددین چاندنی، بۆ سەوزبوونی چینێك لە ڕۆژنامەچی و نووسەری بەرز، تا چارەی نیشتمان و کۆمەڵ و گەل بکەن.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ وەك مەکینەیەکی کارەبای زۆر گەورە و بەهێز وا بوو، هەرکەسێك لێی بکەوتایە، پڕ ئەبوو لە هێزی کارەبا، با بۆ ماوەیەکیش بوایە. خۆلاسە وڵاتی میسر بوو بوو بەیەك بەنزینخانەی زۆر گەورە، سەید جەمالەددین دەنکە شقارتەکەی بوو، لە هەر کاتێکدا دای بگیرساندایە، هەموو بەجارێك کڵپەی ئەکرد و گڕی ئەگرت[١١].

٢- ڕێبازێکی تایبەتی تری بووە، لە دەرس وتنەوەکەی گەلێك گرنگتر و بەتین و تەوژمتر بووە، ئەویش ئەوە بووە قسەی زۆر ڕەوان و بە پێز بووە، وە ئارەزووی قسەکردنی زۆر بووە و چاوی لەوە نەبووە، ئەو کەسەی قسەی بۆ ئەکات تێ بگات بەڵکو ئەو کەسە لە قسەکانیشی نەگەیشتایە ئەم قسەی خۆی هەر بۆ ئەکرد، ئەگەر ڕاستت ئەوێ سەید وەك هەوری بەهار وا بوو، بەسەر هەموو جۆرە زەویەکیا باراندووە، با شۆرەکاتیش بووبێت لەگەڵ ئەمانەشا سەید بەهرەیەکی تریشی بووە، لە کەم کەسا بووە، ئەویش ئەوە بوو ڕووی دەمی بکردایەتە هەر کەسێك، ئەگەر نووستووش بووبێت، بێداری کردۆتەوە و ئەگەر مردوو بووبێ زیندووی کردۆتەوە، هەرگیز نەبووە کارێك بە یەکێك بسپێرێت، با مایەی سەریشی بووبێت، ئەو کەسە، ئەو کارەی نەکردبێت، وەك لەمەولا بۆت دەرئەکەوێت.

سەید لە هەر جێگایەك دابنیشتایە، ئەیکرد بە زانستگا (جامعە)یەکی زۆر بەرز، ئینجا ئەو جێگایە گازینۆ بووبێت، یا کۆڕ، یا دیواخان، یا هەر شوێنێکی تر، لەسەر هەموو جۆرە قسەیەك بە نرخ توانیویەتی قسەی زۆر گرنگ هەڵسێنێت و باسی زۆر گرنگی سیاسی لەسەر بەرپا بکات.

---

(١١) زعماء الاصلاح.

شێخ محەمەد عەبدە ئەفەرمووێت: هەر سەید جەمالەددینم دیوە قسە لەگەڵ هەر کەسێك بکات بیهێنێتە سەر بیرو باوەڕی خۆی، با ئەو کەسەش پەیوەستی لەگەڵ ئەو باسەدا نەبووبێت(١٢).

سەلیم بەگی عەنحووریش لە ژیانی سەیدا ئەڵێت: سەید بە ڕۆژ لە جێی خۆی دەرنەئەچوو تا دوای نوێژی خەوتنان، ئەوحەلە کە جیهان تاریك ئەبوو، باستۆنەکەی ئەگرت بە دەستەوە و ڕووی ئەکردە قاوەخانەیەك لە نزیك (ئەزبەکییە)وە و لەسەرەوە دائەنیشت، کۆمەڵێك لە وێژەر و پزیشك و مێژوو شوناس و ئەندازیار و کیمیایی تەبیعی و مەنتیقی و لوغەوی دەوریان ئەدا، لە وێنەی نیوە بازنەیەکدا و هەریەکە چ گرێیەکی ببوایە، پرسیاری لێ ئەکرد، ئەویش یەك بەیەك وەڵامی ئەدانەوە و گرێی دڵی ئەکردنەوە، بە زمانێکی عەرەبی ڕەوانی دروست، بێ وەستان و بیرکردنەوە، بە جۆرێك کە دانیشتوان سەرسام ئەبوون، بەو ڕەنگە ئەمایەوە تا بەشی دووهەمی شەو، ئەو حەلە لە چایچییەکەی ئەپرسی چی خوراوەتەوە؟ پارەی هەمووی ئەدا، ئینجا هەڵ ئەستا و ئەچووەوە بۆ ماڵەوە تا سبەی شەو.

شێخ محەمەد عەبدە ئەفەرمووێت: لە پێش هاتنی سەید جەمالەددیندا بۆ میسر، نووسینی عەرەبی زۆر زەبوون و لاواز بوو، لە نووسەرانی عەرەبی کەس نەبوو، عەبدوڵڵا پاشا فکری و خەیری پاشا و چەند کەسێکی تر نەبێت، ئەویش لە هێندێك شتی تایبەتیدا نەك لە هەموو باسێکدا، ئیتر ئەوانی تر هەرچیەکیان بنووسیایە لە دوو سێ دێڕ زیاتر نەبوون، ئەویش زۆر بە کەمو کوڕی و کاڵ و کرچی و بە سەجع و قافیەیەکی زۆر هیچ و پووچ و ساردوسڕ، کەواتە سەید جەمالەددین دوو شۆڕشی هەڵگیرساند لە میسردا، یەکەم شۆڕشێکی وێژەیی و دووهەم شۆڕشێکی سیاسی.

لەو ڕۆژانەدا میسر بە تەنگانەیەکی دارایی زۆر قورسا ئەڕۆیی و خدێوی ئیسماعیل چەند پرۆژەیەکی ئاوەدانی زۆر فراوانی بە دەستەوە بوو، وە لە دەوڵەتەکانی ئەورووپا، نەخوازەڵڵا ئینگلیز (٩٥) ملیۆن پاوەندی قەرز کردبوو لە ساڵی ١٨٦٤وە تا ساڵی ١٧٧٥ز. بەرانبەر بەمە حکومەتی میسر دەستی لە زۆر مافی خۆی هەڵگرتبوو لە وڵاتی میسردا بۆ ئەو بێگانانە، بە ڕەنگێك کە ڕێگایان دابوو بۆ دەستبردن بۆ زۆر لە کاروباری میسر هەروەك بووبوو بەهۆی ئەوەی کە خەرج و باجێکی ئێجگار زۆریش دابنرێت لەسەر

---

(١٢) زعماء الاصلاح.

گەلی میسر و باری شانیان زۆرتر قورس بکرێت. لەم کاتەدا سەید بەناچاری ئەیویست بەخۆی و قوتابیەکانیەوە ئاوڕێکی بەڕاستی بداتەوە بەلای سیاسەتی ئەو ڕۆژەی میسرەوە و کۆمەڵ و گەل تێبگەینێت لە زەرەر و زیانی دەستبردنی بێگانان بۆ کاروباری میسر، لەبەر ئەوە هات تێکەڵی گەل بوو بە تێکڕایی و دەستی کرد بە قسەکردن و وتاردان لە ناویانا و پێی دەوتن: (ئێوە –ئەی گەلی میسر– لە پاشاکانی خۆتانەوە تا ئەمڕۆ هەر لەناو بەندەیی و کۆیلەییدا چاوتان کراوەتەوە، هەر لە باوەشی زۆر و ستەم و خودسەی (استبداد)دا پەروەردە بوون. ئەمە سەدەها ساڵە ئێوە لەژێر باری زۆرداران و ستەمکارانا ئەناڵێنن؛ دەمێك لە خۆتان و دەمێك لە یۆنان و دەمێك لە ڕۆمان و دەمێك لە فورس و دەمێك لە کۆیلە، ئەمانە لە هەموو لایەکیان هەر خوێنی مژیون و ڕەگ و دەماریان قرتاندوون بە دار، بە کوتەك، قامچی، ئێوەش وەك بەردی بن گۆم نە دەنگێك و نە جووڵەیەکتان نەبووە، ئەگەر لە دەمارتانا خوێن و لە سەرتانا پەی (عصب) ببوایە، ڕازی نەئەبوون بەم زۆر و ستەمە و جارێك بۆڵە و حوتەیەکتان ئەکرد و ناڕەزاییەکتان دەرئەبڕی. تەماشای ئەهرامەکانی میسر و پەیکەرەکانی (منفیس) و قەڵا و قوللەکانی (دمیاط) و ئاثارەکانی (طیبة) و (سێوە) بکەن کە هەموو شاهیدن لەسەر مەردی و نەبەردی باو و باپیرانتان. بێدار بنەوە لە خەو و ڕاپەڕن وەك گەلانی تر، تا ئێوەش بە ئازادی و سەربەستی و خۆشبەختی بژین).

بەم جۆرە سەید لە مامۆستای حوجرەوە بوو بە مامۆستای گەل و هەمیشە وتاری ئەدا بۆ گەورە و بچووك و بۆرەپیاو و گەورەکانی سەر کورسییە بەرزەکان وەك یەك[١٣].

سەید جەمالەددین لای وا بوو کە گەل ڕاناپەڕێت بە ڕاپەڕینێکی بەڕاستی، بە ئەحزابی سیاسی نەبێ، چونکە هەر ئەوە کە هەرچی ڕۆڵە و جگەر گۆشەی نیشتمان بێت کۆیان بکاتەوە و بیانکات بە برای یەك و بێداریان بکاتەوە بە جۆرێك تێ بگەن کە نیشتمان هی ئەوانە و ئەوان هی نیشتمانن، وە قازانج و سوودی هەر دوولا بەستراوە بەهەردوو لایەکانەوە، جا لەبەر ئەوە کە تا ئەو ڕۆژە حیزبێکی سیاسی لە میسردا نەبوو، ناچار سەید ئەچێتە ناو کۆمەڵی ماسۆنییەوە، چونکە زۆر لە پیاوانی گەورەی میسر و بێگانانی تیابوو، سا بەڵکو بەم هۆیەوە، بیرو ڕای خۆی بدات بە گوێچکەیانا وە ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە گەورەیە لەگەڵ ئەما تۆزێك زۆر و ستەم لە میسر کەم بکەنەوە، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند ئەندامەکانی ماسۆنی بە سەیدیان ڕاگەیاند کە ماسۆنی لە ترسی میری دەخلی

(١٣) زعماء الاصلاح.

بەسەر سیاسەتەوە نییە. سەیدیش پێیان ئەڵێت : یەکەمین شتێك کە منی ڕاکێشا بۆ ناو ئێوە ئەم سەرباس (عنوان)ەتان بوو کە ئەڵێن ئازادی (حریە)، یەکسانی (مساواة)، برایەتی (أخاء). من وا تێگەیشتم کە ئامانجتان خزمەتی ئادەمی و ڕووخاندنی قەڵای زۆر و ستەم و بەرزکردنەوەی پایەی دادە، بەڵام بەداخەوە ئەوی من ئەیبینم لەناو ئێوەدا منێتی (انانیة) وخود پەرستی و ئارەزووی گەورەییە، ئینجا ئەگەر ماسۆنی ئەو پاچ و پێ مەڕەیەی کە بە دەستیەوەیەتی، بەکاری نەهێنێت بۆ ڕووخاندنی قەڵای زۆر و ستەم و کۆشکی کۆن و ڕزیو و بەرزکردنەوەی پایەی ئازادی و یەکسانی و برایەتی، من ناتوانم لەگەڵتانا ئیش بکەم، چونکە کۆمەڵێکی ڕاڕا و ترسنۆکن. ناچار سەید کۆمەڵێکی نیشتمانی ڕێکخست لە چەند کەسێك لە ڕۆشنبیرانی میسر، وە لە ماوەیەکی زۆر کەما ئەندامیان گەیشت بە سێ سەد کەس لە خوێندەواران و تێگەیشتووان، لە پاشا ئەم ئەندامانە لەگەڵ چەند کەسێکی تر، لە پیاوانی سیاسی و وێژەران، بڕیاریان دا کە حزبێکی نیشتمانی ڕێك بخەن، وە لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٩ز. وە، حزبەکەیان ڕێکخست بەناوی حزبی نیشتمانی(١٤). ئەمە بوو بە سەرەتای ژیانی حزبایەتی لە میسردا.

بۆ یەکەم جار چەند نوێنەرێك لە ئەنجومەنی نوێنەرانا وەستان و داوای مافی گەلیان کرد، وە وتیان: چاودێری کردەوەکانی دەوڵەت و بەراوردی ژیانێکی دەستووری بکەین لە وڵاتا، ئەوەندەی نەخایاند ئەم مەجلیسە هەڵتەقی بە سەرەك وەزیر ، نەوبار پاشادا وە نەوبار پاشا ناچار بوو بە دەرچوون لە وەزارەت لە ١٩ی شوباتی ١٨٧٩ز. دا، وە وڵات بیست ڕۆژ بەبێ وەزارەت مایەوە، لە پاشا تۆفیق پاشا وەزارەتی ڕێکخست، وە ریاز پاشا بوو بە وەزیری ناوخۆ، دوای چەند ڕۆژێك فەرمان دەرچوو بە هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس، بەڵام ئەندامەکانی مەجلیس سەریان دانەنواند بۆ ئەم فەرمانە، وە دوو نوێنەریان – کە عەبدولسەلامی مویلحی و محەمەد ڕازی بوون، کە زۆر سەر بە سەید بوون– هەستانە سەر پێ وتیان: ئەمەی کە میری ئەیڵێت–کە گوایە ماوەی مەجلیس تەواو بووە – وانییە، مەجلیس ماوەی ماوە و لەسەر ئیش و کاری خۆی ئەمێنێتەوە تا هەموو پێویستانی خۆی بەجێ دێنێت بەرامبەر بە گەل.

ئەم هەڵوێستەی کە ئەنجومەنی نوێنەران تیا هەڵویستان، هیواو ئاواتی ساڵەهای ساڵی گەلی میسری هێنایە دی، وە کۆنە برینی دڵی کولاندنەوە. بەڕاستی لەو ڕۆژانەدا

(١٤) مستەفا کامیل لە ساڵی ١٩٠٨ز. دا حزبێکی ڕێکخست بەم ناوەوە بە جێگری ئەم حیزبەی دانا کە قسەمان لێ کرد.

ڕەش و ڕووتی و برسێتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری گەیشتبوونە پلەی هەرە دوایی. (میستەر بلنت) لە کتێبی (التاريخ السرى) دا ئەڵێت: لەو ڕۆژانەدا هیچ لادێییەك پارچە پەڕۆیەکی نەبوو بیبەستێت بەسەریەوە، یا لە کراسێکی ئاودامانی زیاتر لەبەرا بێت، وە هیچ پیاو ماقووڵێك نەبوو عەبایەکی بە شانەوە بێت، تەنانەت دانیشتوانی گەڕەکەکانی دەوروبەری قاهیرەش هەر وا بوون، و هەرچی ژنانی دێهاتەکان و شارە دوورەکان بوو، هەرچییەکیان بوو لە پڵپڵە و خشڵی زیوین و متومۆروو هەموویان هینابوو بۆ فرۆتن، بۆ ئەو خەرج و باجەی کە لەسەریان کەڵەکە بووبوو. سەیدیش کە ئەمەی دی ئاگری تێ بەرئەبوو، لەناو لادێکانا ئەوێستا و بە دڵێکی خوێناوییەوە ئەیوت (ئەی کشتیارە هەژارەکان ، ئێوە بەڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان ورگی زەوی هەڵ ئەدڕن بە نووکی بێڵ و گاسن، بۆ ئەوەی شتێك سەوز بکەن بۆ منداڵەکانتان، بۆ ناچن سکی ستەمکارانتان هەڵدڕن، وە دڵی ئەو کەسانە بێننە دەرەوە کە بەری کردەوەکانتان ئەخۆن).

لەم حەلەدا ئیسماعیل پاشا لە هەڵوێستێکی زۆر سەخت و گرانا خۆی دی، چونکە ئەبوو یا بەرامبەر بە گەل بوەستێت، یا بەرامبەر بە حکوماتی بێگانە، لە پاشا دووهەمیانی هەڵبژارد، وە ڕێی دا بە سەید و قوتابییەکانی کە ڕەخنە بگرن لە دەستدرێژی کردنی بێگانان لە کاروباری میسردا، وە لەم کاتەدا ئیسماعیل پاشا توانی وەزارەتێکی نیشتمانی ڕێك بخات تا بە هۆیەوە گەورەیی و دەسەڵاتی جارانی بگێڕێتە دواوە . بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، ئەم وەزارەتەش سەری دانەواند بۆ بێگانەکان، وە بە ئارەزووی ئەوان ئیشی ئەکرد، ئینجا نوێنەرانی گەل لەگەڵ سەید جەمالەددین و قوتابییەکانیا، داوای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتیان کرد، وە خدێوی بە گوێی کردن و وەزارەتی هەڵوەشاندەوە، کە ئەمە گەورەترین سەرکەوتنێك بوو بۆ سەید، وە گەورەترین شکستێك بوو بۆ بێگانەکان ، کە لەمەوە پڕ بە دڵ ترسیان لێ نیشت لە پێشکەوتنی وڵات بە خێرایی، وە لە تین و تەوژمی دوان و ئامۆژگاری سەید لە دڵی گەلا، وە خێرا ترسە (انذار) یەکیان دا خدێوی بە دەست هەڵگرتن لە کورسی خدێوی ، لەو ڕۆژانەدا کە خدێوی سێ و دووی لەو ترسەیە ئەکرد ئایا دابەزێت یا دانەبەزێت ؟! لە پڕ لە تەمووزی ١٨٧٩ز. دا فەرمان دەرچوو لە ئەستەموول، بە لابردنی خدێوی ئیسماعیل و دانانی تۆفیق پاشای کوڕی لە جێگاکەی.[١٥]

(١٥) دەرچوونی ئەم فەرمانە لەو حاڵەدا بۆ ئەوە بووئەستەمبووڵ خۆی بە خاوەن دەسەڵات نیشان بدات لە میسردا ، ئەگینا دەمێك بوو میسر لە ئەستەمبووڵ جیا بووبۆوە.

ئەم تۆفیق پاشایە لە دۆستەکانی سەید وە لەسەر بیر و باوەڕی ئەو بوو، وە هەرچەند لەوە پێش سەیدی بدیایە لە ئەنجومەنی ماسۆنیدا پێی ئەوت: (ئەی سەید تۆ جێی هەموو هیوایەکی منیت لە میسردا )، لەبەر ئەوە سەیدیش هیوای بەو بوو ، هەروەك گەلیش بەتەمای چاکەیەکی ئەو بوون، بەڵام هەر لەگەڵ لە جێی باوکی دانیشت و بوو بە خاوەنی وڵات، دایە پاڵ بێگانەکان و پشتی گەلی بەردا، وە ویستی ئەم پەشیمان بوونەوەی خۆی داپۆشێت لای سەید و گەل، وە ناردی بە شوێن سەیدا بۆ (قصری عابدین) و پێی وت: (من هەموو خێر و چاکەیەکم بۆ میسرییەکان ئەوێت، وە چاوم ڕۆن ئەبێتەوە کە گەلەکەم و وڵاتەکەم ببینم لە خۆشی و بەرزیدا، بەڵام من وا ئەزانم –بەداخەوە –کە بەشی زۆری گەل گێژ و نادانن، شایستەی ئەو دەرس و وتارە ئاگرینانە نین کە ئێوە ئەیاندەن بە گوێچکەیانا، نەوەك خۆیان و وڵاتەکەیان دووچاری بەڵایەك بکەن).

سەیدیش ئەڵێت: (با گەورە ئەمیری وڵات چاوپۆشیم لێ بکات، تا بە هەموو سەربەستییەکەوە بڵێم: گەلی میسر وەك هەموو گەلێکی تر بێ مەردومی گێژ و نادان نییە، بەڵام لە هەمان کاتا بێ بەشیش نییە لە زانا و دانا و ژیر و خاوەن بیری بەرز، لەبەر ئەوە بە چ چاوێك تەماشای گەلی میسر بکەن، ئەوانیش هەر بەو چاوەوە تەماشای ئێوە ئەکەن، ئەگەر ئامۆژگاری ئەم دڵسۆزی خۆتانە وەرگرن، زووبەزوو گەلی میسر ئەکەن بە هاوبەش لە حوکمی وڵاتا لە ڕێی ڕاوێژ (شوری)ەوە، وە فەرمان ئەدەن بە جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل، تا خۆیان هەموو جۆرە دەستوورێك دابنێن و ڕای پەڕێنن بە ناوی ئێوەوە، ئینجا ئەگەر وا بکەن ئەوا خۆشەویستتر و گەورەتر ئەبن لای گەل و تاج و تەختتان پایەدارتر ئەبێت)(١٦).

لە دوای ئەم قسانە سەید هەڵ ئەستێت، وە لەناو گەلا دەست ئەکا بەدوان وە هانی قوتابییەکانی ئەدات لەسەر نووسین لە ڕۆژنامەکاندا، وە دوان لەناو گەلا، وە بێدارکردنەوەی مەردوم بە تێکڕایی.

خدێوی هەرچەند بە دیمەن هیچ قسەیەکی تری نەکرد، بەڵام بە دڵ بڕیاری دا کە دەستێکی قورس بوەشێنێت لە سەید، ئینجا لە جیاتی ئەوەی کە ئامۆژگارییەکەی سەید بکات، هات بەربەرەکانێی کرد لەگەڵ وەزارەتی شەریف پاشادا – کە بۆ خزمەتی گەل هاتبوو – وە ئەوەندەی تر ناوچەی سیاسی پەشێوا و، دەنگی گشتی ئاڵۆز بوو وە بەیەکا

(١٦) خاطراتی جمال الدین.

هات، وه لەم کاتەدا سەید خۆی سەرکردەیی پێشڕەوی ئەو شۆڕشەی ئەکرد، تا لە دواییدا خدێوی تۆفیق پاشا، بە پەنجەی بێگانان و یارمەتی ریاز پاشای سەرەك وەزیر، فەرمانی دا بە گرتنی زۆر لە قوتابییەکانی سەید بۆ کوژاندنەوەی ئەوشۆڕشە.

میستەر براون لە کتێبی (الثورة الفارسية) دا ئەڵێت: (لە پاشا بەریتانیا خدێوی تۆفیق پاشای ناچار کرد بە ڕەهەندە کردنی سەید لە میسر).

سەید خۆی و عارفی پیاوی نیوە شەو گیران، لە ٢٤ی ئابی ١٨٧٩ز=٦ی ڕەمەزانی ١٢٩٦ك، وە لە عەرەبانەیەکی سەر داپۆشراو بران بۆ سوێس، وە دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە. لەو ماوەیەدا چەند ئاشنایەکی سەید دوا بەدوای ئەو ئەچن بۆ سوێس، وە گەلێ پارەی بۆ ئەبەن بەڵام هیچیان لێ گل ناداتەوە، وە پێیان ئەڵێت : ئێوە بەم پارەیە پێویستترن، شێر لەسەر نێچیر پەکی ناکەوێت، لە پاشا ئەخرێنە پاپۆڕێکەوە و ئەنێررێن بۆ بۆمبای لە هیندستان، ڕۆژی ٢٦-٨-١٨٧٩میری هێندێك درۆ و دەلەسە و بوختانی بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەکانا وەکردنی بەهۆی ڕەهەندە کردنی سەید کە گوایە سەرۆکی حیزبێکی سیاسی نهێنییە و کاری هەر تێکدانی دین و دنیایە!

هەموو ڕۆژنامەکان ئەمەیان بڵاوکردەوە، تاقە یەکێکیان نەبێت کە ئەویش خاوەنەکەی سەر بە سەید بوو، لەسەر ئەوە ئەو ڕۆژنامەیە داخرا(١٧).

بەڵێ سەید خۆی لە میسر ڕەهەندە (نفی) کرا، بەڵام رێباز و قوتابی و وتارەکانی مانەوە، بەڵکو شۆڕشێکی بەجێ هێشت وەك مەنجەڵی سەر ئاگر ئەکوڵا و جۆشی ئەخوارد لە دڵ و دەروونی کۆمەڵ و گەلا.

ئا بەم ڕەنگە سەید هەشت ساڵ لە میسردا مایەوە، لە هەر جێگایەك دابنیشتایە دەیکرد بە زانستگا، دەرسی تیا ئەوتەوە و دوانی تیا ئەدا و گەلی تیا بێدار ئەکردەوە.

هەرچی مێژوو نووسی سەید هەن، هەموو لەسەر ئەوەن کە سەید یەکەم کەسێکە گەلی میسری بێدار کردۆتەوە و دەنگی ئەو یەکەمین دەنگێکە چووە گوێچکە و دڵیانا.

***

سەید لە حەیدەر ئاباد مایەوە بە ڕەهەندی، دوور لە هەموو کەسێك و دەنگ و باسێك و لەم ماوەیەدا یاداشتی نووسی بە فارسی(١٨)، هەروەك کتێبی (نەیچەریە)شی نووسی بە

(١٧) زعماء الاصلاح.

(١٨) شێخ مصطفى عبدالرزاق.

فارسی لەسەر داواکردنی مامۆستای بەرز (محەمەد واصل) مودەڕیسی فنونی ڕیازی لە مەدرەسەی (أعزه) لە حەیدەر ئاباد و شێخ محەمەد عەبدە، بە یارمەتی عارفی پیاوی سەیدەوە، وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی و ناوی ناوە ( الرد علی الدهريين ). لەم کتێبەدا ڕێباز ( مذهب)ی داروێن ئەباتە دواوە، هەر وەك نیشان ئەدات کە دین شتێکی زۆر پێویستە بۆ ئادەمی و مایەی بەرزبوونەوەیەتی، هەروەها بێ دینی مایەی نزم بوونەوەیەتی. ئەمە[١٩] ئیش و کاری سەید بوو لە حەیدەر ئاباد.

لە پاشا کە شۆڕشی عرابی دەستی پێ کرد لە میسر و دەنگ و باسی ئەم شۆڕشە گەیشتە هیند، وە لە وێش ورتە ورتی شۆڕشێکی وەك شۆڕشێکی میسر پەیدا بوو، خێرا ئینگلیز لە ترسانا سەیدی لە حەیدەر ئابادەوە نارد بۆ کەلکەتە، چونکە لای وا بوو پەنجەی سەید لەو شۆڕشەدا هەیە، ناچار کرا بە دانیشتن و دەرنەچوون لە شوێنی خۆی، وە بە دەستبەسەری مایەوە تا شۆڕشی عرابی لە میسر کوژایەوە، ئینگلیز چووە میسر و داگیری کرد، وە هیچ ترس و بیمێکی نەما، ئینجا سەیدیان بەرەڵا کرد وە پێیان گوت بۆ کوێ ئەچی بچۆ.

لێرەدا نووسەری ئەمریکی س. د. ولسن لە کتێبی (الحركات الحديثة)دا ئەڵێت: هەروەك (غولدسیهر) لە دائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا ئەگێڕێتەوە لە مستەر (براون) کە ئەمیش لە میستەر (بلانت) ئەگێڕێتەوە: کە سەید لێرەوە چووە بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرێت، وە ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە، لە پاشا پەشیمان بۆتەوە، بەڵام ئەحمەد ئەمین لە (زعماء الاصلاح)دا ئەڵێت: من ئەمە بە ڕاست نازانم، چونکە سەید کە بەر بووە و لە هیند دەرچووە، بە دەریادا هاتۆتە پۆرت سەعید، وە کاغەزێکی نووسیوە بۆ شێخ محەمەد عەبدە -کە ئێستاش وێنەی فۆتۆغرافییەکەی ماوە -ئەڵێت: (من ئیستا لە پۆرت سەعیدم دەچم بۆ لەندەن، حەوت مانگە دەنگوباسی جیهانم پێ نەگەیشتووە، لەبەر ئەوەی نازانم عارف -کە پیاوی سەید بووە -لە کوێیە؟، ئەم سەفەری منەی پێ بڵێ). ئینجا ئەحمەد ئەمین وەك مستەفا عەبدولرەزاق ئەڵێت: (پاشان سەید لە ساڵی ١٨٨٣ی ز. دا لە لەندەن سەری هەڵداوە ).

منیش ئەڵێم: لە قسەکانی پێشووەوە دەرکەوت کە لە نیوەشەوی ٢٤ی ئابی ١٨٧٩ز. دا سەید گیرا و بەیانی نێررا بۆ سوێس و لەویوە بۆ حەیدەر ئاباد لە هیند، وە دوای حەوت مانگ بەرەڵا کرا، واتا لە سەرەتای نیسانی ساڵی ١٨٨٠ز. وە بەربووە، بە دەریادا هاتووە

---

(١٩) زعماء الاصلاح.

بۆ پۆرت سەعید تا لەوێوە بچێت بۆ لەندەن، وە ئەبوو هەر لەو مانگە، یا لە مانگی دواییدا بگەیشتایەتە لەندەن، کەچی ئەحمەد ئەمین و مستەفا عەبدولڕەزاق دەڵێن لە ساڵی ١٨٨٣ز. دا لە لەندەن سەری هەڵداوە، ئەی ئەم ماوەیە ، واتا لە نیسانی ١٨٨٠ وە تا سەرەتای ساڵی ١٨٨٣ز .کە ئەکاتە ٣٣ مانگ، سەید لەکوێ بووە ؟! وە بۆ نەگەیشتۆتە لەندەن؟ دیارە لە ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا نەبووە ، ئەگینا ئەزانرا، کەواتە زۆر نزیکە چووبێت بۆ ئەمریکا، وە ماوەی دوو ساڵێك لەوێ مابێتەوە بەڵام نەك بۆ وەرگرتنی ڕەگەز نامە، لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٨٨٢ ز. دا گەڕابێتەوە بۆ لەندەن، من لام وایە هەر لەبەر ئەم ون بوونەیەتی زۆرلە زانایانی ڕۆژئاوا، لە نووسینی ژیانیا بۆ ئەم قسەیە چوون.

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەمە وایە ئەی سەید خۆی، یا عارفی پیاوی بۆ باسی ئەم سەفەرەیان نەکردووە؟ یا شێخ محەمەد عەبدە لە پاریس بۆ لێی نەپرسیوە کە ئێوە ئەم سی و سێ مانگە لە کوێ بوون، یا مریدێکی جانانەی وەك محەمەد پاشای مەخزوومی- کە چوار ساڵ لە ئەستەمبووڵ لەگەڵیا بووە، وە بە ئاگاداری سەید خاطراتی نووسیوە لە ٤٧٣ لاپەڕەدا - بۆ باسی نەکردووە، یا بۆ لە سەیدی نەبیستووە؟! بەڕاستی ئەمە جێی سەر سوڕمانە.

***

سەید جەمالەددین لە هیندستان بەر بوو، رووی کردە لەندەن و چەند هەفتەیەك لەوێ مایەوە، لەو ماوەیەدا چاوی کەوت بە زۆر لە زانایان و ڕۆشنبیرانی ئینگلیز، کە یەکێکیان فەیلەسووفی بەناوبانگ (هربرت سەبەنسەر)ە، تەنانەت ئەگێڕنەوە جارێك لەگەڵ سەیددا ئەکەوێتە قسەکردن لە بابەت زۆر و ستەمی داگیرکەران (مستعمرین)ەوە، دەربارەی حکوماتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داوا لە سەید ئەکات کە تەعریفی داد و عەدالەتی بۆ بکات، ئەمیش ئەڵێت : داد کاتێك ئەبێت کە هێزی هەردوولا هاوتا بن.

دوای چەند هەفتەیەك سەید لەندەن بەجێ دێڵێت و ئەچێت بۆ پاریس لە کاتێکا کە سەید زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و سەنسکریتی و ئوردیی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی ئەزانێ لەگەڵ زمانی ئەفغانی، وە جیهانێکی زۆری دیبوو، وە پیاگەڕا بوو، لە هیند و ئێران و حیجاز و میسر و تورکیا و ئینگلیز و فەرەنسا، وە بەم زمانانەوە زۆر ئاگاداری پەیدا کردبوو بەسەر دەستووورو ڕژێم و گەلانی سەر زەویدا، بەڕەنگێك ئەوەندەی پێ نەچوو تا لە پایتەختی فەرەنسەدا شوێنێکی بەرزو جێگایەکی بڵندی گرت، وە لە ڕۆژنامە بەرزەکانیا وتاری زۆر بە تین و تەوژم و ئاگرینی تیا ئەنووسین، دەربارەی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داگیرکەران بەرەنگێك کە حکوماتە داگیرکەرەکانی ئەهێنایە لەرزە، وە جڵەوکێشی تەماشای نووسەران و خاوەن قەڵەمان ئەبوو.

سەید (جمال الدین) وەك (جۆرج کۆتشی) ئەڵێت لە نامیلکەیەکی خۆیدا کە ناوی (الشیخ جمال الدین الافغاني ودخائل صاحب الجلالة الامبراطورية السلطان عبالحميد الثاني)یە: لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٣ز. وە، لە پاریس بووە تا ساڵی ١٨٨٦ز، وە لەگەڵ فەیلەسووفی بەناوبانگ (رینان) کۆبۆتەوە، و دانشتنێکیان بووە، هەردوو لا بەبینینی یەکتری کەیف خۆش بوون، لە پاش دوو مانگ هەردوو لا کەوتوونەتە جەنگێکی قەڵەمییەوە، لەسەر ڕووپەڕەی ڕۆژنامەی (دێبا)ی فەرەنسی، لەسەر ئەوەی کە رینان لە زانستگای (سۆربۆن) دوانێکی دوورو درێژ ئەدات لەسەر ئەوەی کە گوایا ئایینی ئیسلام جڵەو گیری ئەکات لە زانین و زانیاری. ئەو وتارە لە ڕۆژنامەی دێبادا بڵاو ئەکرێتەوە.

سەیدیش وەرامێکی زانایانەی ئەداتەوە، رینانیش وەرامی ئەم وەرامەی سەیدە ئەداتەوە بە وتارێك کە تیا پەشیمان ئەبێتەوە لە نیوەی قسەکانی پێشووی، وە دان ئەنێت بە مەدا کە ئیسلام لە نیوەی یەکەمی بوونییەوە، هیچ جڵەو گیرییەکی لە زانین و زانیاری نەکردووە، وە لە ساڵی ٧٧٥ز.وە تا١٣٠٠ز. زانا و دانا و بزان و پێشەوا و خاوەن بیری بەرزی ئێجگار زۆر بووە، وە جیهانی ئیسلام لەو پێنج سەدو بیست و پێنج ساڵەدا گەلێ بەرزتر و باڵاتر بووە لە جیهانی مەسیحی، بەڵام لە نیوەی دواییدا جوولانەوەی زانین و زانیاری بەرە بەرە کز بوو. لە پاشا ئەڵێت: (سەید جەمالەددین وا ئەزانێت کە من بێ ئینصافم، وە ئەوی بە ئیسلامی ئەڵێم، بە مەسیحی ناڵێم، لە کاتێکا کە جووڵانەوەی زانین و زانیاری لە مەسیحیشا ڕۆژ بە ڕۆژ لە کزیدا بووە، وە زانایان و دانایان ڕۆژ بەڕۆژ بێ نرختر و دەربەدەر و ڕسواتر بوون، بەڵێ ئەمە ڕاستە، وە (غالیلو) لەناو کاثۆلیکا باشتر نەبووە لە (ابن رشد) لەناو موسڵمانانا ، ئەگەر لەم ڕووەوە قسەم نەکردبێت، لەبەر ئەوە نییە کە دان بەمانەدا نانێم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە تا ئێستا زۆر جارم باس کردووە. وە هەموو لایەك ئەزانن، وە زۆر جار لێیان بیستووم، وە لەبەر ئەوە پێویست بەوتنەوە نەبوو، من داوا لە مەسیحی ناکەم دەست لە بیرو باوەڕی خۆی هەڵگرێت ، یا داوا لە موسڵمانان ناکەم کە دەست لە بیرو باوەڕی خوی هەڵگرێت، بەڵام داوا لە هەردوو لایان دەکەم کە زۆر نرخ بە زانین و زانیاری بدەن، بە جۆرێك کە بیرو باوەڕیان نەبێت بە بەر هەڵست لەبەردەمی زانینەکەیانا، بە ڕاستی ئەم ئاواتەم لە نیوەی وڵاتی مەسیحیدا هاتۆتە دی، ئاواتە خوازم کە لە وڵاتی ئیسلامیشدا بێتە دی). بە پێی ئەم پەشیمان

بوونەوەیەی رینان و دان پیانان ( اعتراف )ەیدا دەرکەوت کە لە ٧٧٥ز تا ناوەڕاستی سەدەی سیانزەهەم، ولاٌتی ئیسلام لە چەرخی زێڕینی زانین و زانیاریدا بووە، وە ئاینی ئیسلام هیچ جۆرە پالٌێکی نەناوە بە زانین و زانیارییەوە، چونکە ئەگەر وا بووایە زانین و زانیاری بەم ڕەنگەی کە ڕینان ئەلٌێت پەرەی نەئەسەند لە نیوەی یەکەمیا(٢٠).

سەید لەگەلٌ زۆر لە نووسەرانی فەرەنسە پەیوەندی بوو، وە هەرکەسێك پەیوەندی پەیدا کردبێت لەگەلٌ سەیدا هۆگری خۆی و زانین و زانیاری و ژیری و بیر و زیرەکی و سیاسەتی بووە.

ئەمە یەکێ لەو قسانەیە کە رینان دەربارەی سەیدی کردووە کە وتوویەتی: (سەید جەمالەددینم ناسی و چووە دلٌمەوە بە ڕەنگێك کە کەم کەسم بەو ڕەنگەوە چۆتە دلٌەوە، وە بینین و چاوپێکەوتنی، کاری تێ کردووم، وە هەرچەند قسەم لەگەلٌ ئەکرد، وام ئەزانی کە لەگەلٌ یەکێك لە ناسیارە هەرە کۆنەکانی خۆما قسەم ئەکەم، لە ( ابن سینا) و (ابن رشد) یا لەگەلٌ یەکێك لەو فەیلەسووفە گەورە کۆنانەی کە پێنج سەد سالٌ هەولٌیان دا بۆ

(٢٠) بە پێی قسەکەی ڕینان، لە سەرەتای ئیسلامییەتەوە تا چەرخی حەوتەمی کۆچی- کە دەوری تین و تەوژمی دین بووە -هیچ جۆرە بەرهەلٌستییەکی نەکردووە لە هیچ جۆرە زانین و زانیارییەك، بەلٌکو بە پێچەوانەی ئەم هانەهانەی داوە لەسەر زانین و زانیاری، تا جیهانی ئیسلامی کرد بە چراخان، وە لێرەوە سەر ڕێژی کرد بۆ ئەوروپا و هەموو جیهان. لە نیوەی دووهەمیشیا کە وای لێهات، لەبەر ئەوە بوو کە هەرچی ئەوروپا بوو بە خۆیان و لەشکر و چەکیانەوە عێلٌجارییان کرد و هێرشیان بردە سەر جیهانی ئیسلام، وە دووسەد سالٌ ئەم جەنگە درێژەی سەند.

لە سەدەی حەوتەمی کۆچیشدا ئینجا مەغۆل هات بەسەر جیهانی ئیسلامدا، بە سەرۆکایەتی جەنگیز خان. دوای ئەو ئینجا هۆلاکۆ، وە ئەمانە هیچ ئامانجێکیان نەبووە تەنیا کوشتن و بڕین و وێرانکردن و سووتاندن و لەناو بردنی هەزاران نامەخانەی دەستنووس نەبێت.

لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا ئینجا تەیمووری لەنگ ئەوەی کرد بە جیهانی ئیسلام وە لەم ماوەیەدا ڕۆژئاوا چاویان کەوت بە جیهانی ئیسلام، بە مزگەوت و زانستگا و قوتابخانە و پێشەوا و زانایانیەوە، وە بەملیۆن دەستنووسی ئیسلامیان بردەوە بۆ ولاٌتی خۆیان. کەوا ئێستا ئەیانبینین لە نامەخانە گشتییەکانی ئەوانا بە هەزاران جەلٌد هەلٌچنراون وە ئەم چونێتییەی جیهانی ئیسلامییان کرد بە سەرمەشقی خۆیان، وە ئاینی ئیسلام بوو بە ڕەحمەت بۆ هەموو ئەوروپا و جیهان.

لە هێرشی صەلیبەوە تا ئەمڕۆ زانین و زانیاری لەناو موسلٌماناندا دەستی کرد بە کزی، هەروەك لە جیهانی مەسیحیدا دەستی کرد بە جوولانەوە وە ئەمە گەورەترین بەلٌگەیە کە ئاینی ئیسلام لە تافی تین و تەوژمیا هانەهانەی زانین و زانیازی داوە بە ئەندازەیەك هەرچی نەقشەی پێشکەوتنی ئەمڕۆی ئەوروپا هەیە قورئان ١٤٠٠ سالٌ لەمەوپێش بۆ موسلٌمانانی کێشاوە.

ڕزگار کردنی ئادەمی لە پێوەندی دیلی).

سەید جەمالەددین باشترین بەڵگەیە کە بتوانین بیهێنینەوە لەسەر ئەو ڕایە گەورەیەی کە زۆر جار باسمان کردووە: (کە نرخی هەموو دینێك بە نرخی ئەو کەسەوەیە کە لەسەریەتی).

***

ساڵێك سەید لە پاریس مایەوە، دوای ئەو ساڵە، واتا لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٨٨٣ز دا ناردی بەشوێن شێخ محەمەد عەبدە دا کە بچێت بۆ لای. کە لەو حەلەدا شێخ ڕەهندە (نفی)ی دەستی ئینگلیز بوو لە میسرەوە بۆ بێروت، دوای چەند ڕۆژێك ئەچێت بۆ پاریس، وەك خۆی لە ژیانی سەیدا نووسیوێتی لە سەرەتای وەرگێڕانی کتێبی (نەیچەرییە) لە فارسییەوە بۆ عەرەبی، دوای کۆبوونەوەیان ڕاوێژێکی دوورو درێژ سەید بڕیار ئەدا کە کۆمەڵێکی پەنهانی ڕێك خەن لە موسڵمانانی هەڵبژاردەی خوێندەواری گەرم و گوڕ لە دین و نیشتمانا، لەناو هەموو موسڵمانانی جیهانا. بەتایبەتی لە هیند و میسردا بەناوی کۆمەڵی (العروة الوثقي)وە، گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسیش دەرکەن هەر بەو ناوەوە، وە ئامانجی کۆمەڵەکە و گۆڤارەکە، بێدار کردنەوەی حکوماتی ڕۆژهەڵات و هاندانیان بێت لەسەر ڕاپەڕین و خۆ ڕزگارکردن لە دەست حکوماتی داگیرکەر و دامەزراندنی حکوماتی دەستووری لەناویانا و هێنانەوەی هەموو جۆرە ڕێك و پێکی (اصلاحات)یەك بێت لە وڵاتی ئیسلاما بە پێی ڕۆژ و هەوڵدان بێت بۆ کێشانەوەی سێبەری ئینگلیز لەسەر سەری موسڵمانان.

کۆمەڵەکەیان خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی و ڕژێمێکی ناوخۆیی زۆر بەهێز بوو، وە هەرکەسێك بچوایەتە ناوێوە، ئەبوو– سوێندێکی زۆر قورسیان بوو– بیخواردایە لەسەر پاکی و دڵسۆزی و خۆ بەختکردن لەو ڕێیەدا.

ئەم کۆمەڵە پەنهانییە لق و پۆپی لە هەموو شارێك و وڵاتێکا بوو، وە هەموو لقێك صندوقێکی داخراوی بوو، وە تاقە درزێکی باریکی تیا بوو، وە کۆبوونەوەی ناو بەناو دەبوو ببوایە، وە لە دوای هەموو کۆبوونەوەیەك، ئەندامەکان چییان بتوانیایە پارەیان تێ ئەخست، زۆر یا کەم، ئینجا لەم پارەیە خەرج ئەکرا بۆ دەرکردنی گۆڤارەکەو بەخێو کردنی ئەوانەی لەو گۆڤارە ئیشیان ئەکرد. ئەبێ ئەمەش بزانین کە بەشی زۆری ئەم گۆڤارە بە خۆڕایی دابەش ئەکرا بەسەر ئەندامەکانی کۆمەڵەکەیانا و بەسەر پیاوانی ناوداری هەموو جیهانی ئیسلامدا.

گۆڤارەکەش نیشانکردەکانی ڕزگار کردنی وڵاتی ئیسلام بوو لە ڕۆژهەڵاتدا، لە دەست زۆرداران و ستەمکارانی ڕۆژئاوا، چونکە هەموو وڵاتەکانیان ئەگەر ئەمڕۆش نەکەوتبێتە ژێر دەستی حکومەتێکی بێگانەوە، لە هەموو لایەکەوە داو و تەڵەیان بۆ دانراوە کە ئەمڕۆ یا سبەی ببن بە داوەوەو بکەونە ژێر دەستی حکوماتی زۆرداری ستەمکارەوە، ئینجا ئەگەر بێدار نەبنەوە و خۆیان کۆ نەکەنەوە و قسە نەکەن بە یەك و ئاگاداری خاکەکەیان نەکەن، خۆشیان و خاکیشیانی تیا ئەچێت.

ئەم گۆڤارە بەعەرەبی بوو، سەید جەمالەددین بەڕێوەبەری بەرپرسیاری و شێخ محەمەد عەبدە سەرەك نووسەری بوو، سەید سەرباس (موضوع)ەکانی بە دوورو درێژی ئەدا و شێخ محەمەد عەبدەش بە عەرەبییەکەی خۆی دای ئەڕشت، وە میرزا محەمەد باقر ناویش چی ببوایە لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا، لە بابەت ڕۆژهەڵات و حکوماتی ئیسلامییەوە، وەری ئەگێڕایە سەر عەرەبی، بۆ بڵاو کردنەوەی لە گۆڤارەکەدا.

ئەم گۆڤارە هەژدە ژمارەی لێ دەرچووە، لە ماوەی هەشت مانگا ، ژمارەی یەکەمی لە ١٥(جمادی الاولی )ی ساڵی ١٣٠١ك=١٣-٣-١٨٨٤ز. دا و دواترین ژمارەی لە ٢٦ی (ذي الحجة)ی ساڵی ١٣٠١ك = ١٧-١٠-١٨٨٤ز. دا.

بەڵێ! گۆڤاری (العروة الوثقی) دەرچوو ، بەڵام دەنگێکی زۆر گەورەی دایەوە، هەموو وتارێکی دەرسێکی بە نرخ بوو بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵات چونکە باسی مافی ئەکردن و زۆر و ستەمی زۆردارانی یەك بە یەك باس ئەکردن و فرو فێڵی حکوماتی داگیرکەرانی ئاشکرا ئەکرد و ژیانی ژێر دەستی و خواردەستی لەبەر چاو ئەخستن و گەلانی ڕۆژهەڵاتی بە هەموو زمانێك بانگ ئەکرد بۆ یەکێتی و یەك کەوتن و برایەتی و دەست گرتن.

لەگەڵ ئەم گۆڤارەدا کە بەم ڕەنگە جیهانێکی خەبەر ئەکردەوە، زۆر شتی وا نهێنی و گرنگیش ڕووی ئەدا کە نە ئەبوو لە گۆڤارەکەیاندا بنووسرێت، ناچار سەید پیاوی هەڵبژاردەی ئەنارد بۆ وڵاتانی دوور بە خۆیان و ئەو دەستوورانەی کە بۆی دائەنان. بەم ڕەنگە یەکێك بۆ مۆسکۆ و یەکێك بۆ حیجاز یەکێك بۆ تونس و یەکێك بۆ سوودان. تەنانەت جارێکیان شێخ محەمەد عەبدە – کە لە میسر حوکم درابوو، وە ڕەهەندە کرابوو– ناردی بۆ میسر و سوودان(٢١).

---

(٢١) زعماء الاصلاح ومصطفی عبدالرزاق.

لەمانەوە دەرکەوت بۆ حکوماتی داگیرکەر، کە بڵاو بوونەوەی ئەم گۆڤارە زۆر زەرەری هەیە بۆیان، وە ئینگلیز فەرمانی دا لە میسر و لە هیندستانا بە قەدەغەکردنی زۆر بە سەختی هەروەك دەوڵەتی عوسمانیشی هێنایە سەر ئەوەی کە قەدەغەی بخاتە سەر، بەم بۆنەیەوە، وەزارەتی نوبار پاشا، لە ڕۆژنامەی میسردا بڵاوی کردەوە، کە هەر کەسێك یەك دانەی لە (العروة الوثقى) لە لا دەرکەوێت، لە پێنج جونەیهی میسرییەوە تا بیست و پێنج جونەیه جەریمە ئەکرێت[٢٢] بەڵام مەردانی خودا ئەوەندە تینوو بوون بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو گۆڤارە، تا ماوەیەك بە دەستی ئەیانبرد و بڵاویان ئەکردەوە بە جیهانا، وە خوێندەوارانی ڕۆژهەڵات یەك بەیەك بە دیاری بۆ یەکترییان ئەنارد، بە جۆرێك کە ئەو گۆڤارەیان کردبوو بە سەرمەشقی خۆیان، لەبەر ڕووناکییەکەی دائەنیشت و بەپێی فەرموودە و فەرمانەکانی ئەجووڵانەوە تا لە ماوەیەکی کەما بیرو باوەڕی زۆر لە خوێندەواران و زانایان و دانایانی گۆڕی، وە زۆر نووستووی بێدار و مردووی زیندوو کردەوە، کە یەکێکیان زانای بەناوبانگ سەید ڕەشید ڕەزای خاوەنی تەفسیرو گۆڤاری (المنار)ە، کە خۆی لە لاپەرە ٨٤ی جلدی یەکەم لە کتێبی (تاريخ الاستاذ الامام الشيخ محمد عبده )دا باسی ئەکات، وە یەکێکی تریان خۆمم، کە ئەم ژیانی سەید جەمالەددینەم نووسیوە، کە لە ساڵی ١٩٣٢ز. دانەیەکم لە ژمارەکانی ( العروة الوثقى) دەست کەوت، کە وەك کتێب لە چاپ دراون لە ٥٢٨ لاپەڕەدا، وە بە خوێندنەوەی پەردە لەسەر چاو و دڵم لاچوو، وە لە بارێکەوە کەوتمە بارێکی تر.

لە پاشا کە زانرا گۆڤارەکە بەم توندو تیژییە ڕێی لێ گیرا سەیدیش بە ناچاری دەستی لێ هەڵگرت، وە شێخ محەمەد و میرزا باقر گەڕانەوە بۆ بێروت، بەڵام سەید لە ئەوروپا مایەوە ئەهات و ئەچوو لە ناوەندی پاریس و لەندەنا، وە هاتوچۆی زانایان و نووسەران و پیاوانی گەورە و سیاسی ئەکرد ، وە وتاری بەرز و باڵای لە ڕۆژنامەکانی لەندەن و پاریس ئەنووسی.

لەو حەلەدا کە سەید لە پاریس بوو، شۆڕشێك لە سوودان هەڵگیرسا بەناوی شۆڕشی محەمەدی مەهدییەوە. میسر دوو جار لەشکری ناردە سەریان، بۆی نەکوژایەوە، لە پاشا ئینگلیز بە پارە و لەشکری میسر کوژاندییەوە، وە خۆی لەوێ مایەوە و قنگی داگرت ، هەروەك سەید لە زۆر شوێن لە (العروة الوثقى)دا باسی ئەکات، وە هێرش ئەباتە سەر

(٢٢) مصطفى عبدالرزاق.

ئینگلیز، تا بیلەقێنێت و بیجوولێنێت، وە دوای (العروة الوثقی)ش لە ڕۆژنامەکانی لەندەن و پاریسا هەر ئەینووسی و باسی زۆرو ستەمی ئینگلیزی ئەکرد لە میسر و سودانا.

لە ساڵی ١٨٨٥ ز .دا میستەر (بلانت) سەید جەمالەددین و (لۆرد سالسبوری)و (لۆرد چەرچل) کۆ ئەکاتەوە لە لەندەن بۆ ڕێکخستنیان لەسەر سوودان، (لۆرد سالسبوری) بە سەید ئەڵێت:

(بەریتانیا زۆر چاك ئەزانێت کە ئێوە پیاوێکی گەورە و سیاسییەکی زۆر بە دەسەڵاتن، وە ئێمەش – کە بەرپرسیارێکی بەریتانین – بیرو ڕاتان پەسەند ئەکەین. وە زۆر حەز ئەکەین لەگەڵ حکوماتی ئیسلامیدا بڕۆین بە ڕێدا بە خۆشی و خۆشەویستی، بە پێی ڕۆژ و تەوانا، لەبەر ئەوە ئێمە ئەمانەوێت ئێوە بکەین بە پاشای سوودان، تا ئەو ئاژاوەیە بکوژێننەوە، وە ڕێ بەرەڵلا بکەن بۆ ئیشکردنی بەریتانیا و ڕێکوپێك خستنی سوودان) سەیدیش ئەڵێت: داواکردنێکی زۆر سەیرە، وە نەفامییەکە لەمە نەفامی تر نییە! لێم ببوورە جەنابی لۆرد پرسیارێکت لێ بکەم، ئایا ئێوە خاوەنی سوودانن تا پاشای بۆ بنێرن؟! وە ئەم ڕێکخستنەی کە ئێوە ئەوەندە عاشقینی لە سوودانا بیکەن، بۆ لە ئێرلەندەدا نایکەن، لە کاتێکا کە گەلی ئێرلەندە خەو ئەبینن بە ڕێکوپێك خستنی ناوخۆیان و سەربەخۆیی خۆیانەوە ، بۆچی وەرامی ئەوان نادەنەوە کە لە ڕەگی بناگوێ لێتانەوە نزیکترن، وە لە ناوەندی ئێوە و ئەوانا زۆر پەیوەندی و پەیوەستی وا هەیە، کە لە ناوەندی ئێوە و میسر و سوودان نییە.

بەم وەرامە (لۆرد سالسبوری) ئەحەپەسێت و دەمی ئەبێ بە تەڵەی تەقیو، وەك لە بانێك بەربێتەوە. ئیتر هەڵ ئەستن، وە زۆر بە ساردی بڵاوەی لێ ئەکەن. بەیانی هەموو ڕۆژنامەکانی لەندەن قسەکانیان نووسی، وە ڕۆژنامەکانی (أحرار) پشتگیری قسەکانی سەیدیان کرد(٢٣).

بەم ڕەنگە سەید لە نووسین و هاتوچۆدا بوو، تا شای ئێران (ناصرەددین شاهـ) برووسکەیەکی دایەو بانگی کرد بۆ تاران، بە گەیشتنی برووسکەکە، سەید چوو بۆ تاران لە شوباتی ١٨٨٦ز. –جمادی الاولی ١٣٠٣ك و هەرچی زانایان و وێژەران و پێشەوایان و مامۆستایان و پیاوانی گەورە بوون، هەموو چوون بۆ پێشوازییەوە و کۆڕەکەی بوو بە

(٢٣) قدری قلعچي.

ئەنجومەنێکی زانین و زانیاری وێژە و دین و نیشتمانی، لە هەموو لایەکەوە، مەردوم وەك پەروانە خۆیان ئەکوتا بۆ دەوروبەری. ناصرەددین شا لە پێشەوە ویستی بەهرەی لێ وەرگرێت و سەید بکات بە پارسەنگی خۆی و حکومەتەکەی، لەبەر ئەوە کردی بە وەزیری جەنگ و ڕێی دا چی ئەکات بیکات، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو ناصرەددین شا تەماشای کرد سەید لەبەر چاوی گەل خۆشەویستتر و گەورە تر ئەبێت، وە بینی کە سەید پیاوێکی زۆر چاو قایم و ئیشکەر و سەربەستە و ئەیەوێت هەرچی دەستووری کۆن هەیە لە حکومەتەکەیا بیڕووخێنێت و گەل بەرز بکاتەوە تا ئەیانکات بە هاوبەشی حکومەت لە حوکمدا ، لەبەر ئەوە ترسی لێ نیشت و دڵی گۆڕی لەگەڵ سەیدا، جەمالەددین زۆر زوو تێ گەیشت و داوای لە شا کرد کە ڕێی بدات بچێت بۆ ڕووسیا، (شا)ش ڕێی دا و زۆریشی پێ خۆش بوو کە ڕزگاری بوو لە دەستی[٢٤]، وە سەید چوو بۆ مۆسکۆ و لەوێوە چوو بۆ (بطرس بورغ) کە پایتەختی قەیسەرەکان بوو، چوار ساڵ لەوێ مایەوە، واتا لە ساڵی ١٨٨٦ تا ساڵی ١٨٨٩ز، گەلی ڕووسی زۆر بەڕێزەوە پێشوازییان کرد، هەروەك زانستگاکان بەڕێزەوە وەریان ئەگرت بۆ دواندن[٢٥].

سەید دەستی کرد بە وتاردان لە هەموو کۆڕ و ئەنجومەنێکا و وتار و نووسین لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیادا.

مێژوونووسەکانی سەید هەموو ئەڵێن:

نازانین بۆچی سەید لەناو هەموو وڵاتەکانا چۆتە ڕووسیا، بەڵام لە (العروة الوثقى) وە دەرئەکەوێت کە سەید زۆر ڕقی لە ئینگلیز بووە وە هەرچی هێرش هەیە لە (العروة الوثقى) بە زۆری بۆ سەر ئینگلیزە ، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەو چوونەی هەر بۆ ئەوە بووبێت، کە حکومەتی ڕووسی بجووڵێنێت لە دژی ئینگلیز و حکوماتی داگیرکەر و ڕووس بکات بە یارمەتیدەری حکوماتی ڕۆژهەڵات، نەخوازەڵا دەوڵەتی عوسمانی، چونکە تا ئێستا هەر قورسایی و ئەفشار (ضغط)ێکی خستبێتە سەر عوسمانی قانزاجەکەی هەر بۆ حکوماتی داگیرکەری ڕۆژئاوا بووە، نابینن ئەگەر ڕووس قورسایی نەخستایەتە سەر عوسمانی، عوسمانی دەستبەرداری تونس و جەزائر نەئەبوو بۆ فەرەنسە و دەستبەرداری تەرابلس نەئەبوو بۆ ئیتالیا و دەستبەرداری میسر نەئەبوو بۆ ئینگلیز.

---

(٢٤) شیخ مصطفى عبدالرزاق.

(٢٥) (تاریخ الاستاذ الامام) بە قەڵەمی سەید ڕەشید ڕەزا.

ئەبێت ئەمەشمان لە بیر نەچێت کە لەو ڕۆژەدا سی ملیۆن موسڵمان لە ڕووسیا بووە. ئەمەش یەکێکە لە هۆی چوونی سەید بۆ ئەوێ، تا لە بەسەرهاتی موسڵمانەکان بگات و هەوڵێکیان بۆ بدات لای حکومەتی ڕووس، بۆ باشکردنی ئەحواڵیان، هەروەك چەند جارێك چۆتە لای قەیسەر، هەرجارەی کەمو کوڕییەکی موسڵمانەکانی ئەوێی نیشان داوە، هــەمــوو جــارێك قــەیسەریش بــە بــاشی وەرامــی داوەتــەوە، و چــی ویستــبێت بــۆ مـوسڵـمـانـەکـانـی کـردووە نـەخـوازەڵا جـارێکـیـان داوای لـێ کردووە کـە ڕێی بدات بـە چاپکردنەوەی قورئان و هێندێك کتێبی دینی، ئەویش ڕێی داون. لە جاری دواییدا قەیسەر پرسیار ئەکات لە هۆی تێکچوونی لەگەڵ (شا)دا، ئەمیش ئەڵێت: من حکومەتێکی ڕاوێژیی (شوورەوی)م ئەوێت کە گەل هاوبەشی بێت لە حوکمی خۆیا، ئەویش ئەمەی ناوێت، قەیسەریش ئەڵێت: (من وا ئەزانم کە قسەکەی شا ڕاستە، چونکە هیچ شایەك ڕازی نییە بەمە کە جوتیار و کرێکار و کشتار ببن بە هاوبەشی لە حوکمدا)، سەیدیش ئەڵێت:

(منیش وا ئەزانم ئەی قەیسەری پایە بەرز کە بە ملیۆن گەل لەگەڵ پاشادا بن و دۆستی بن، چاکترە لەوەی دوژمنی بن و چاوە چاوی هەل بکەن بۆ ڕووخاندنی). قەیسەر لە وەرامەکەی سەید و پرکێشییەکەی زۆر دڵگیر ئەبێت خێرا هەڵ ئەستێتە پێیان وە بە زۆیرییەوە خواحافیزی لە سەید ئەکات و فەرمان ئەدات کە ئەمە زوو بڕەوێنن.

سەیـد لـە ڕووسیـا دێتـە دەرێ ، بـەرێکـەوت لـەو کـاتـەدا پێشانگـا (معرض)ی پـاریس کرابۆوە، ساڵی ١٨٨٩ز. سەید لەوێوە ڕووئەکاتە پاریس بۆ چاو پێکەوتنی ئەو پێشانگایە ، لە مۆنیخ بە شای عەجەم ناصرەددین شا ئەگات ، کە ئەگەڕێتەوە پاریس.

وا دەرئـەکـەوێت کـە نـاصرەددیـن شا هـەر لـەسەر بـیـری پـێشووی خـۆی مـابـێت کـە ئەیویست لەگەڵ سەیدا ئیش بکات و ئەم پارسەنگە قورسەی لە تەنیشتەوە بێت بۆ ڕێزی خۆشی و حکومەتەکەشی، نەخوازەڵا کە جاری پێشووش بە لای خۆیەوە دەرسێکی دابوو بە سەید کە فەرمانبەریی (شا) بکات و سەری بۆ دابنەوێنێت، ئینجا کە لە مۆنیخ بەیەك گەیشتن ، شا زۆری لێ کرد کە لە گەڵیان بگەڕێتەوە بۆ تاران، بەڵام سەید لە پێشەوە ملی نـەدا و ویستـی هــەر بـچێت بـۆ پـاریس، بـەڵام (شا) هــەر زۆری لـێ ئـەکرد کە لـەگـەڵـیـا بگەڕێتەوە و بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی سەید (جەمالەددین) گوێی لێ بێت بە یاوەرەکەی خۆی وت :(جەمالەددین پیاوێکی جیهانی سیاسی و جەنگی ئەمرۆیە، شایستەی سەرەك وەزیرییە، تا ئیدارەی گەل و وڵات بکات ، سەید وا تێگەیشت کە (شا) لە هەڵەکەی پێشووی خۆی پەشیمان بۆتەوە و ئەمجارە ڕێ بۆ سەید بەرەڵلا ئەکات، تا بە ئارەزووی خۆی

ئیسلاحات بکات لە ولاتدا، لەبەر ئەوە لە بیرەکەی خۆی پەشیمان بووەوە و لەگەڵ شادا گەڕایەوە بۆ تاران ).

بە گەیشتنی سەید بۆ تاران، دووبارە زانایان و پێشەوایان و پیاوانی سیاسی ولات هاتنەوە و دەوریان دایەوە، وە هەموو بەتەمای ئەوە بوون کە لەسەر دەستی سەیدا ولات رێك بخرێت و پرۆژەی زۆ دابنرێت و ترازووی داد هەڵبواسرێت و حوکمی نوێنەرایەتی بکەوێتە ئیش، شا لە پێشەوە وای نیشان دا کە ئەمەی زۆر پێ خۆشە ، هەروا گەل بە کۆمەڵی و پیاوانی خێر خواهیش هەموو، لایان باش و پێیان خۆش بوو، بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو، ناوچەی تاران لێڵ بووەوە ، و کۆنەپەرست (رجعی) و دەرەبەگ لە هەموو لایەکەوە دەستیان کردەوە بە چرپە چرپ و سرپە سرپ و هاتوچۆی شا و پێیان وت: کە گەلی ئێران هێشتا ئامادەی ئەم جۆرە شتانە نەبووە کە سەید جەمالەددین ئەیەوێت بیکات ، ئەم رژێمەی کە سەید دای ئەنێت ، دەستی شا ئەبەستێتەوە تاج و تەختی ئەپێچێتەوە ، وە ئەمەش هەموو بە فیتی سەرەك وەزیر میرزا عەلی ئەصغەر خان بوو ، کە ناوبانگی دەرکردبوو بە (أمين السلطان).

خێرا شا ناردی بەشوێن سەیدا و لێی پرسی ئەم دەستووری تۆیە چییە؟ ئەویش دەستوورەکەی نیشان ئەدات، (شا) ش ئەڵێت (منێك کە شاهەنشام ، تۆ چۆن رەوا ئەبینیت ببم بە هاوتای جوتیارو کشتیار ؟!!!) سەیدیش ئەڵێت:

(ئەی شاهەنشا بزانە کە تاج و تەخت و گەورەیی و پایەی بەرزیت بە هۆی حوکمی دەستووریەوە گەلێك قایمتر و جێگیرتر ئەبێت لەمەی کە ئێستا هەتە، ئەوەش بزانە کە جوتیار و کشتیار و کرێکارەکان گەلێك بە کەڵکترن لە گەورەییەکەی ئێوە و کاربەدەستەکانت، رێی ئەم دڵسۆزی خۆتە بدە کە دڵسۆزییەکەم بەجێ بێنم، تا هەل لە دەست نەچووە، ئەی شاهەنشاهـ، گومانی تیا نییە کە ئێوە دیوتانە یا خوێندووتانەوە کە گەلی وا بووە و ژیاوە بێ ئەوەی شای ببێت، بەلام ئایا هەرگیز بیستووتانە شایەك بووبێت بە بێ گەل؟!.

شا دووبارە تووڕە بووەوە و، نەخوازەلا کە تێگەیشت سەید نایەوێت دەسەلاتی بێگانە بمێنێت لە خاکی ئێرانا بەهۆی پرۆژەی ئابووری داگیرکەری (**مشاريع اقتصادي استعماري**)یەوە، و شا ویستی ئەمجارە دەستێکی خراپ لە سەید بوەشێنێت کە ئێران پاك بکاتەوە لێی.

سەیدیش دووبارە تێگەیشت لە نیازی پیسی شا، و خێرا چوو بۆ بارەگای (عبدالعظیم) کە بیست کیلۆمەتر لە تارانەوە دوورە و خوابکاهی یەکێکە لە نەوەی ئیمامەکان، وە ئەو بارەگایە لە لای ئێرانییەکان بەستەو هەرکەسێك چووە ناوی، با دە کەسیشی کوشتبێت، دەستی بۆ نابرێت، لەوێ حەوت مانگ ئەمێنێتەوە و هەموو ڕۆژێك بە هەزاران مەردوم لە تارانەوە ئەچوون بۆ لای بەناوی زیارەتی (عبدالعظیم)ەوە، و سەید لەناویانا وەك (میرابۆ) ئەوێستا پێی ئەوتن: شا لەگەڵ بەشگەکان (شرکات)ی بێگانەکانا ڕێکەوتووە و لەسەر تالآن کردنی ئێران، و هەرچی خێرو بێری ئێران هەیە هەمووی فرۆت بۆ ئارەزووی خۆی، شای وا ئەبێت هەڵگیرێت و نەمێنێت، گوێدەران لەم وتارانە گریان ئەگرت، هەرچی ئەگەڕایەوە بە تین و تەوژم و گەرم و گوڕی و جۆش و خرۆشەوە ئەگەڕایەوە، هەموو ڕۆژێك نەشرە و ئاگاهییەك دەرئەچوو، وە بە هەزاران کاغەزی بێ ئیمزا ئەچوو بۆ شا، ئێران وەك مەنجەڵی سەر ئاگر ئەکولا و جۆشی ئەخوارد، شا و دەست و پێوەندی، ڕۆژ بەڕۆژ ترس و بیمیان زۆرتر ئەبوو، شا زۆر تەنگەتاو بوو، نەشی ئەوێرا دەستی بۆ سەید ببات لە ترسی دەنگی گشتی، ئەو حەوت مانگە هەر چاوە چاوی هەلێکی بوو، تا سەید نەخۆش کەوت، بە نەخۆشی ڕەشە گرانەتێ، وتاردانی نەما و مەردوم لەبەر نەخۆشییەکەی نە ئەچوون بۆ لای، شا ئەمەی بە هەل زانی، ڕۆژێك لە پڕ پێنج سەد سەربازی نارده سەر سەید، نە گوێیان دایە بارەگای عەبدولعەظیم و نە نەخۆشی سەید، وەك سەید جەمالەددین خۆی ئەڵێت:

(هاتنە سەرم پەلیان گرتم و ڕایان کێشام بەسەر بەفر و سەهۆلا تا بردمیانە سەرای حکومەت و لەوێ سواری ئێستریان کردم بە دەست و پێ بەستراوی و پەنجا سەربازیان لەگەلا ناردم، لە زستانێکی زۆر سارد و بەفرێکی زۆری بەسەر یەکا کەوتوو، و بایەکی ساردی جگەر بڕ، بردمیانە خانەقین لە سنووری عێراق لەوێ فڕێیان دام). لەوێوە بەو نەخۆشییەوە ئەچێتە بەسرە تا ئارەق ئەکات.

لەو کاتەدا ئەگەر سەیدت بدیایە، ئەتبینی کەوا تای غیرەت و تای گرانەتێ، لەگەڵ یەکا جەنگ ئەکەن و هەرچی خوێنی جەستەی هەیە هەمووی لەسەریا کۆبۆتەوە و ئەکولێت و لە ڕوخساریا ئەگڕێ و لە چاویا پڕشنگ ئەهاوێت. چۆن پیاوێکی وا گەورەی خانەدانی پایە بەرز لە دین و لە زانین و لە ژیری و لە بیر و لە سیاسەتا و خێرخوا هەموو حکوماتی ئیسلامی، و شا خۆی بەتکا لەگەڵ خۆیا بیباتەوە بۆ تاران و بەڵێنی پێ بدات کە هەرچی ڕێکوپێکییەکی بوێت بۆی بکات، کەچی لە پاشا ئەو کردەوە نامەردانەی لەگەڵ بکات.

بەڵێ سەید لە دڵی خۆیا بڕیاری دا کە تۆڵەی خۆی لە شا بسێنێت و دەستی لێ هەڵنەگرێت تا ئەیکوژێت هەر وەك کوشتی.

دوای ئەوەی کە شا لە سەید جەمالەددین ڕزگاری بوو هات هەرچی خێر و بێری وڵاتەکەی بوو هەمووی فرۆت بە بێگانان، لە ساڵی ١٨٩٠دا حکومەتی ئێران مافی دەستگرتن بەسەر توتنیان دا بە بەشگە (شرکە)یەکی ئینگلیز، و سەید ئەمەی بە هەلێکی باش زانی، دەستی بە هێرش بردن بۆ سەر سیاسەتی ناصرەددین شاھ بەدوان لەناو کۆڕ و ئەنجومەنی بەسرەدا و بە نووسین لە ڕۆژنامەدا، هەروەك کاغەزێکی دوورو درێژیشی نووسی بە عەرەبی و بەدەستی خۆی بۆ سەرەك پێشەوای ئایینی (مجتهد) لە تاران حاجی حەسەنی شیرازی لە دژی ناصرەددین شا و کردەوە بێ شەرعییەکانی کە ئەم کاغەزە بڵاوکراوەتەوە لە جلْدی یەکەمی (تاریخ الاستاذ الامام الشیخ محمد عبده) بەقەڵەمی سەید ڕەشید ڕەزا، پێشەوای گەورەی ناوبراویش فتوای دا بە قەدەغەکردنی تووتن کێشان تا ئەم مامەڵەیە هەڵ ئەوەشێتەوە، بەم فتوایە هەرچی جگەرە و سەبیل و قلیان بوو هەمووی فڕێدرا، بەیانی شا چاوەڕوانی نێرگەلە بوو، بۆی نەچوو کە داوای کردپێش خزمەتەکەی پێی وت: پێشەوای گەورە حاجی حەسەنی شیرازی قەدەغە (حرام)ی کردووە و کەس نابێ بیخوات (شا)ش بە تووڕەییەوە وتی: لە پێش فتواکەدا بۆ پرسی بەمن نەکردووە، پێش خزمەتەکەش لەبەر خۆیەوە ئەڵێت : کە شەرع فەرمانێکی دا ئیتر پرس بە شای ناوێت. ئینجا بە ناچاری شا ڕێکەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە و نیو ملیۆن لیرەی دا بە بەشگەکە بەرانبەر بەو پەشیمانبوونەوەیە ، بەمە نرخی ئینگلیز شکا لە ئێرانا، هەروەك سەیدیش یەکەم دەستی وەشاند لە تۆڵە سەندنی خۆی لە شا.

لە پاشا کە بەتەواوی چاك بووەوە، ئینجا چوو بۆ لەندەن لە ساڵی ١٨٩٢ز و هەشت مانگ لەوێ مایەوە، گۆڤارێکی مانگانەی دەرکرد لە دژی شا بە ناوی (ضیاء الخافقین)ەوە بە عەرەبی و ئینگلیزی و هەمووی هێرش بوو بۆ سەر شا، هەموو سەر وتارێکی کە سەید ئەینووسی وەك ژەهری مار وابوو بۆ شا و حکومەتەکەی کە ئەو وتارانە زۆریان سەید ڕەشید رەزا بڵاوی کردوونەتەوە لە (تاریخ الاستاذ الامام )دا.

ژمارەی یەکەمی (ضیاء الخافقین) لە شوبات و ژمارەی دووەمی لە ئازاری ١٨٩٢دا دەرچوون. شا بەم دوو ژمارەیە خۆی و تاج و تەختی هاتە لەرزە ، لە ترسانا شا نوێنەری خۆی لە لەندەن ناردە لای سەید جەمالەددین بە پارەیەکی ئێجگار زۆرەوە تکای لێ کرد کە ئیتر لە دژی شا نەنووسێتەوە، بەڵام سەید پارەکەی وەرنەگرت و وتی : بەخودا دەستی

لێ هەڵناگرم تا نەینێمە ناو گۆڕەوە، بەمە ناصرەددین بێ هیوا ما لە سەید و زۆر پەشیمان بووەوە کە وەختی خۆی بۆ سەیدی بەرەڵا کرد بە دەست خۆی؟ ئینجا لە ناچاری شاڵاوی برد بۆ سوڵتان عەبدولحەمید کە ڕزگاری بکات لە دەست سەید جەمالەددین و چاکیش وایە کە بانگی بکات بۆ ئەستەمبووڵ نەیەڵێت لەوێ بچێتە دەرەوە(٢٦).

ئەم تکای ناصرەددین شایە جێی خۆی گرت لە دڵی سوڵتانا و زۆری پێ خۆش بوو، چونکە بیستبووی کە سەید لە پاریس یەك جار کۆبۆتەوە لەگەڵ سەربەستان (احرار)ی تورکیادا، کە چەند ساڵ بوو تورکیایان بەجێ هێشتبوو و لە پاریس چاوەڕوانیان ئەکرد بۆ حوکمێکی دەستووری بۆ تورکیا، و سەید زۆری پەسەند کردبوون، جا بۆ ئەوەی کە سەربەستانی تورکیا لەگەڵ سەید جەمالەددین یەك نەگرن لە دژی عەبدولحەمید و ئەم

(٢٦) ئەحمەد ئەمین ئەڵێت: ئەم گۆڤارە کە سەید دەری کرد لە لەندەن بەعەرەبی و ئینگلیزی لەدژی شا دائەنرێت بەهەڵەیەکی زۆر گەورە بۆ سەید، چونکە چۆن ئەبێت پیاوێکی وا گەورە و سیاسی لە وڵاتێکی بێگانەدا، بەو ڕەنگە هێرش بەرێتە سەر حکومەتێکی ئیسلامی وەك ئێران، ئایا نەئەترسا لەوەی کە ئینگلیز ئەوە بکات بە بەڵگەی دەستدرێژی بۆی، لەکاتێکا کە سەید خۆی بارەها لە (عروة الوثقی)دا لەدژی ئەم جۆرە شتانە دواوە.

لەپاشا ئەڵێت: «مەدحەت پاشا» لەکاتی خۆیدا لە هەڵوێستێکی وادا بووە لەگەڵ عبدولحەمیدا، بەڵام ئەم گەلێك باشتر بووە، چونکە عەبدولحەمید مەدحەتی لەسەر کورسی وەزارەت هێنایە خوارەوە بۆ ناو پاپۆڕی ڕەهەندەیی (نفی) بەبێ ماڵ و منداڵ و پارە و خەرجی و بەرگ و کاڵا، لەگەڵ ئەوەیشا کە گەیشتە ئەوروپا هەمیشە هەوڵی ئەدا بۆ بەرزکردنەوەی تورکیا و دوورخستنەوەی خراپە لێی، جارێك ناوێکی سوڵتان عەبدولحەمیدی بەخراپە نەبرد، ئەو عەبدولحەمیدەی کە ناصرەددین شا چی کرد لەگەڵ سەیدا، ئەویش ئەوەی کرد لەگەڵ مەدحەت پاشادا، بەڕاستی ئەوەی کە سەید کردی هەڵەیەکی زۆر گەورە بووە.

منیش ئەڵێم ئەگەر مەردوم باش ورد بێتەوە، تێ ئەگات کە ئەمە قیاسی کەشکە لە مشك، چونکە زۆر جیاوازی هەیە لە ناوەندی سەید جەمالەددین و مەدحەت پاشادا هەروەك جیاوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە لە ناوەندی سوڵتان عەبدولحەمید و ناصرەددین شادا، سەید جەمالەددین– وەك ئەمیر شەکیب ئەرسەلان ئەڵێت لە پەراوێزی کتێبی (حاضر العالم الاسلامی)دا: لەناو جەستە و قەفەزی سنگیا، نەفسێکی ئەوەندە گەورەی تیا بووە، ئەگەر بڵێین هەرچی نەفسی پادشاهان هەیە لەچاو ئەوا وەك نەفسی بۆرە پیاوێکی بازاڕی هیچ و پووچ بووە– زۆر نییە. ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە سوڵتان عەبدولحەمید بەناو خەلیفەی ئیسلامە و لە شوێنی پێغەمبەرە، با زۆر کردەوەشی لە کردەوەی پێغەمبەر نەچووبێت، تەماشاکە سەید جەمالەددین کە عەبدولحەمید گلی دایەوە لە ئەستەمبووڵ، دوای ئەوەی کە ناصرەددین شا کوژرا بەپەنجەی سەید، وەك لەمەولا باسی ئەکەین– =

ڕێگایەیان لێ بگرێت، سوڵتان عەبدولحەمید کاغەزێکی پڕ لە میهرەبانی نارد بۆ سەید بەهۆی ڕۆستەم پاشا نوێنەری (سفیر)ی تورکیا لە پاریس و تکای لێ کرد کە سەرێکی ئەستەمبووڵ بدات، بەڵام سەید نەچوو بیانووی هێنایەوە بە خەریك بوونی بە ڕزگار کردنی وڵاتەکەی خۆیەوە، بەڵام کاغەز لەسەر کاغەز بۆی ئەچوو لە سوڵتانەوە و هەر کاغەزەی بەرەنگێك دڵخۆشی سەیدی ئەدایەوە، دەمێك ئەیوت هەر وەخت ئارەزووت کرد ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پاریس، تا سەید بەڵێنی دا بە چوون و برووسکەی دا کە وا هاتم

---

=عەبدولحەمید ترسی کوشتنی خۆی لێ نیشت و قەدەغەی هاتوچۆی کرد بۆلای سەید، هەر کەسێك بیویستایە بچێت بۆ لای، ئەبوو خەبەر بدرایە بە عەبدولحەمید، و ئەویش لە دە کەسا ڕێی یەکێکی نەئەدا کە بچێتە لای، هەروەك هاتوچۆی سەیدیش نەما بۆ لای عەبدولحەمید، مەگەر بە دەگمەن، ئینجا کە ئەفشار (ضغط)ی سەید گەیشتە ئەم پلەیە، ڕۆژێك کاغەزێك ئەنووسێت بۆ (فیس مۆریس) ڕاوێژکاری باڵیوزخانەی ئینگلیز و داوای لێ ئەکات کە بیگەیەنێتە پاپۆرێك تا پێی ڕزگار بێت لە ئەستەمبووڵ، بە گەیشتنی کاغەزەکە فیس مۆریس دەچێتە لای سەید و بەڵێنی پێ ئەدات بەجێبەجێکردنی خواستەکەی، بەڵام خێرا عەبدولحەمید خەبەر وەرئەگرێت، ئەوەندەی لەسەید ئەترسا لە تورکیادا، دە ئەوەندە لێی ئەترسا لەدەرەوەی تورکیا، لەبەرئەوە پیاوێکی قەسر ئەنێرێت بۆ لای سەید و بەناوی ئیسلامەوە داوای لێ ئەکات کە بەم ڕەنگە خەلیفە نەشکێنێت و داوای چاودێری (حمایە) بێگانە نەکات؛ سەیدیش غیرەتی دینی ئەیگرێت و پەشیمان ئەبێتەوە، هەرچەندیش خۆی پێچا بووەوە بۆ ڕۆین، و فیس مۆریس کە ئەچێت بەشوێنیا، پێی ئەڵێت: ناڕۆم و هەرچی ئەبێت با ببێت. ئەم وتەی سەید (جەمالەددین)ە مەعنای وایە کە سەید لە کوشتنی خۆی ترساوە بەدەستی عەبدولحەمید، کەچی بەو قسەیە مایەوە و دەستی لەژیانی خۆی شت، هەر بۆ ئەوەی بەدیمەن نەنگییەك ڕوونەکاتە خەلیفەی ئیسلام.

ئینجا هەروەك ئەم جیاوازییانە بووە لە ناوەندی سەید جەمالەددین و مەدحەت پاشا و سوڵتان عەبدولحەمید و ناصرەددین شادا، جیاوازیش هەیە لە ناوەندی کردەوەکانی شا و عەبدولحەمید لەگەڵ سەید و مەدحەتا، مەدحەت هیچ کردەوەیەکی ناشیرینی لەگەڵا نەکرا، بەڵام سەید بەنەخۆشی ڕاکێشرا بەسەر بەفر و بەناو قوڕا تا براوەتە سەرا و لەوێشەوە بە کەلەپچەکراوی سواری ئێسترێك کراوە تا براوەتە خانەقین لە عیراق، ئەم دوو کردوەوەیە زۆر لە یەکەوە دوورن، بێ گومانم ئەوەندەی سەید بەکردەوەکەی شا دڵگیر بووە، ئەوەندە بەکوشتنەکەی خۆی لەلایەن عەبدولحەمیدەوە دڵگیر نەبووە، چونکە پیاوی گەورە ژیانی بەقەد ڕێزی خۆی مەبەست نییە، لەپاشا ناصرەددین شا خۆی بە تکا سەیدی لەگەڵ خۆیا بردەوە بۆ سەرۆك وەزیری، نە ئەبوو بەم جۆرەی لەگەڵ بکات. بێ گومانم ئەگەر سەید دەربچوایە لە ئەستەمبووڵ، باسی عەبدولحەمیدی بە خراپە نەئەکرد و دەستی لێ نە ئەوەشاند، بەڵام ڕەنگ بوو هەوڵی بدایە بۆ گۆڕینی بەیەکێکی باشتر.

بەو مەرجەی کە لەپاشا بگەڕێمەوە بۆ ئەوروپا.

ئەمیر شەکیب ئەرسەلان لە پەراوێزی (حاضر العالم الاسلامی)دا ئەڵێت: لەو ڕۆژانەی کە سەید چووبوو بۆ ئەستەمبووڵ من چووم بۆ ئەوروپا و یەکەمین کەس کە پرسیارم لێ کرد سەید جەمالەددین بوو، نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (هەنری ڕۆشنوو)- کە ڕەهەندە کرابوو بۆ لەندەن- پێی وتم کە سەید لەسەر کاغەزی عەبدولحەمید چووە بۆ ئەستەمبووڵ و زۆر ئەترسا لە پاشە ڕۆژی سەید، چونکە یەکێك بوو لە عاشقانی سەید جەمالەددین، باسی ئەکات لە کتێبی (ماجریات حیاتی)دا زۆر بەجوانی ئەڵێت: «سەید جەمالەددین ئەفغانی لە نەوەی پێغەمبەرەو خۆشی لە پێغەمبەرێك ئەچێت.

سەید لە ساڵی ١٨٩٢ز- کە تەمەنی پەنجاوچوار ساڵ بوو- لە لەندەنەوە چوو بۆ ئەستەمبووڵ و پێشوازییەکی زۆر جوان کرا بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید تا سەید گەیشتە پێشەوە، کۆشکێکی زۆر گەورە و جوانی بۆ ئامادە کرا بەسەر گردی (نیشان گاش) لە نزیك قەسری یلدزەوە، و ڕێکخرا بەهەموو جۆرە تەخت و کورسی و قەنەفە و چرپایی و قاڵی و لاکێش و پیاو و نۆکەر و پێش خزمەت و چێشتکەر و باخەوان و عەرەبەیەکی شاهانە لەگەڵ عەرەبەچییەکەی و مانگێ ٧٥ لیرەش مانگانە بۆی بڕایەوە. لەو قسە خۆشانەی کە سەید خۆی گێڕاویەتیەوە، کاتێك کە سەید ئەگاتە ئەستەمبووڵ، تەماشا ئەکات وا یاوەری سوڵتان چاوەڕوانی ئەکات، لە سەید ئەپرسێت «کوانی باوەڵەکانت ئەی سەیدی پایە بەرز؟».

سەیدیش ئەڵێت: «هیچم پێ نییە چەند سندووقێکی بەرگ و کتێب نەبێت». یاوەریش ئەڵێت: «زۆر باشە بفەرموون لەکوێن؟» سەیدیش دەست ئەخاتە سەر سینگی ئەڵێت:

«ئەمە سندووقی کتێبەکانە» و دەست ئەخاتە سەر جبەکەی ئەڵێت: «ئەمەش سندووقی بەرگ و کاڵاکانمە».

سەید لە سەرەتای ژیانیدا دوو جبە و دوو دەست کاڵای بووە بەڵام لەدوای ئەوە کە گیرا و ڕەهەند کرا، جار لەدوای جا ئیتر یەك جبە و یەك دەستە کاڵای هێشتەوە، کە ئەوان ئەدران دەستێکی تری دروست ئەکرد.

سەید لە قەسری یلدز زیارەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی کرد و عەبدولحەمید چاوی بە سەید کەوت و بینی پیاوێکی پڕ بەچاو و گوێ و دڵە، و زبان زانێکی سیاسی قاڵی دنیادیدەی ژیری زیرەکی زانای دانای وێژەر و بەجەرگی پڕکێشی کار (جسور) لە گوفتار

و کردارا کە لە هەموو ژیانی خۆیا مرۆڤی وای نەدیبوو.

سەید لەپێشەوە وا تێگەیشت کە بەیارمەتی سوڵتانەوە ئەتوانێت هەموو جۆرە ئیسلاحاتێك بکات لە دەوڵەتی عوسمانیدا، نەخوازەلا لە وەزارەتی پەروەردەدا و بیری ئەکردەوە لە جامیعەیەکی ئیسلامی لە ناوەندی ئەفغان و ئێران و تورکیا و هەموو ویلایەتەکانیا، بەیەکخستنیان بەهەر ناوێکەوە بێ تا بتوانن بەرهەڵستی ئەوروپا بوێستن و تێنەگەیشتبوو کە ناوچەی ئەستەمبووڵ لەکاتی عەبدولحەمیدا وا بۆگەن بووبوو کە هیچ جۆرە تۆوێکی تیا سەوز نابێت، بەنیشانەی ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی کە مەدحەت پاشا لەپێش ئەودا دابووی و هیچ دەرنەچوو. سوڵتان عەبدولحەمید لەپێشەوە زۆر ڕێزی سەیدی ئەگرت و هەرچەند سەید بیویستایە ئەچوو بۆلای و لەگەڵیا نوێژی جومعەی ئەکرد و هەمیشە ئەیویست دڵی سەید ببەستێتەوە بە ماڵ و منداڵەوە و خەریکی بکات بەجوانی دنیاوە، بەلام سەید یەخەی لێ هەڵ ئەتەکاند و ئەیوت: تا ئێستا ژیانم وەك مەل بردۆتە سەر، هەر دەمەی بەسەر چڵێکەوە و هەر ساتەی بەسەر لقێکەوە، ئێستا نامەوێ خۆم پابەندی ماڵ و منداڵ بکەم، ئینجا هاتە سەر ئەوەی کە پایەیەکی زانینی بداتێ وەك پایەی قازی عەسکەری بەلام ئەمیشی نەویست بەخۆی و بەرگ و کالای تایبەتییەوە، جارێکی تر ویستی نیشانێکی بەرزی بداتێ، ئەویشی نەویست، سوڵتان لێی پرسی بۆ ناتەوێت؟

وتی: نامەوێت خۆم بکەم بەئێستر و بەرە بگرم بە بەر سنگما(٢٧).

سەید ئەوەندە دڵی بریندار بووبوو لە ناصرەددین شا لە ئەستەمبووڵیش ئەگەر بیری بکەوتایەتەوە، هەر ناوی ئەبرد بە خراپە و چاوڕاوی لێ ئەکرد.

ڕۆژێك عەبدولحەمید ئەنێرێت بەشوێنیا و پێی ئەڵێت:

«لەم ڕۆژانەدا نوێنەری ئێران هاتە لام و زۆر تکای لێ کردم کە داواتان لێ بکەم ئەوەندە ناوی شا نەبەی، منیش- چونکە ئێوە جێی هەموو هیوایەکمن- بەڵێنم پێ دا کە جارێکی تر ناوی نابات». سەیدیش ئەڵێت:

«لەدڵما نەبوو دەست لە شا هەڵگرم تا نە ینێمە ناو گۆڕەوە، بەلام لەبەر ئێوە لێی خۆش ئەبم».

ئینجا سوڵتان ئەڵێت: «بەڕاستی شا زۆرت لێ ئەترسێت» لەم کاتەدا کە سەید قسەی

---

(٢٧) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە.

لەگەڵ سوڵتان ئەکرد تەزبیحەکەی بەدەستەوە بوو، یاری بەدەنکەکانی ئەکرد، عەبدولحەمید لە وەرامەکەی سەید و پرکێشییەکەی و تەزبیحەکەی دەستی زۆر سڵەمییەوە، چونکە ئەو وەرامە بەو شێوەیە و بەو هەموو سەربەستییەوە لە ڕووی سوڵتان عەبدولحەمیدا تا ئەو ساتە لە کەسی تری نەدیبوو، سەید کە هەستا و هاتە دەرێ سەرەکی (مابین) پێی ئەڵێت: ئەی گەورەی بەڕێز! سوڵتان ئەم هەموو ڕێزەی هەیە بۆ ئێوە، ئێوە چۆن لە بەردەمی ئەوا تەزبیح ئەگرن بەدەستەوە؟ سەید تووڕە ئەبێت و بەدەنگێکی بەرز ئەڵێت: «سوڵتان یاری ئەکات بە ملیۆنەها گەل قەیناکات، بەڵام جەمالەددین نابێت تەزبیحەکەی خۆی بگرێت بە دەستەوە». سەرۆکی (مابین) زۆر ئەترسێت و هەرا ئەکاتە دەرەوە تا وا نیشان بدات کە گوێی لە قسەکە نەبووە، چونکە هەر بیستنی بەس بوو بۆ کوشتنی.

سەید زۆر لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید دانیشتووە، جارێکیان پرسیاری لێ ئەکەن لە بابەت سوڵتانەوە، ئەمیش ئەڵێت: ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمید بکێشرێت لەگەڵ چوارکەس لە هەڵکەوتووانی چەرخی خۆی لە هەموویان قورسترو سەنگینتر دەرئەچێت لە زیرەکی و زرنگی و زۆرزانی و سیاسەتدا نەخوازەڵا لە رامکردن و گیرۆدەکردنی میوان و دانیشتوانی لای خۆی، و هیچ دوور نییە ئەگەر بڵێن: هەرچی فرۆفێڵێکی ئەورووپا هەیە کە لێی ئەکەن، هەمووی بەهیچ دەرئەکات، بەڵام داخەکەم نەنگی پیاوی گەورە گەورەیە و ترسنۆکی لە هەموو نەنگییەکی گەورەترە.

لە کۆبوونەوەیەکی تر عەبدولحەمید پایەی (شێخ الاسلام)ێتی ئەدا بە سەید، بەڵام سەید نایەوێت و داوا لە سوڵتان ئەکات، کارێکی پێ بسپێرێت بتوانێت ڕژێمی کۆن بڕووخێنێت و حوکمێکی دەستووری دابمەزرێنێت تا بتوانێت جامیعەیەکی ئیسلامی دروست بکات بەجۆرێك کە هەرچی حکوماتی ئیسلامی هەیە لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا بن و بەرامبەر حکوماتی داگیرکەری ڕۆژئاوا بوێستن. عەبدولحەمید لای وابوو کە ئەو ڕۆژە بۆ ئەو کارە گەورەیە لەبار نییە و بەسەید ئەڵێت:

«من عوزری تۆم وەرگرت بۆ نەکردنی ئەو شتانەی کە داوام لێ کردن، ئێوەش عوزری من وەرگرن ئەگەر ئەمرۆ نەتوانم ئەم کارەی ئێوە بهێنمە دی».

سەیدیش پێی ئەڵێت: «ئەی سوڵتان! وەك سوڵتان مەحموودی باپیرتان ئیشکەر بن، ئەم ناپاکانەی کە دەورویشتیان گرتوون، دووریان بخەرەوە و ئەو هەموو پەردانەی کە

داتانداوەتەوە لە ناوەندی خۆتان و گەلەکەتاندا، تۆزێك کەمیان بکەرەوە و ناو بەناو خۆتان دەرخەن لەناو گەلا، وە بڕوات ببێت کە باشترین پاسەوان بۆ مەردوم ئەجەلە (فاذا جاء أجلهم لا يستأخرون ساعه ولا يستقدمون).

لەم ڕۆژانەدا خدێوی میسر (عباس حیلمی دووهەم) ئەچێت بۆ ئەستەمبووڵ بۆ زیارەتی سوڵتان، لەگەڵ دەستەیەکی گەورە لە وەزیران و پیاوماقووڵانی میسر، ڕۆژێك سوڵتان دەعوەتیان ئەکات بۆ قەسری یڵدز و سەید جەمالەددینیشیان لەگەڵا دەعوەت ئەکات، سەیدیش ئەمە بە هەلێکی باش ئەزانێت کە دوانێکیان بۆ بدات و ئەوەندەی پەیوەندییان هەیە بەخەلیفەوە، ئەوەندەی تر پەیوەندییەکەیان زیاتر و بەهێزتر بکاتەوە و هەڵئەستێتە پێیان و بەم دوو سێ ڕستەیە دوانەکەی دائەمەزرێنێت و ئەڵێت: «احسنتم صنعاً اذ أتيتم لزياره خليفتكم، جامع شتات الممالك الاسلاميه، ومنقذ تراث الشرقيين، من اغتيال المغتالين، وشره الطامعين... الخ».

وە بەم ڕەنگە دوانێکی زۆر گرنگ ئەدات لە بابەت فڕوفێڵی حکومەتی داگیرکەر و تەمەع و دەم داچەقاندنیان بۆ قووتدانی وڵاتی عوسمانی و حکومەتە ئیسلامییەکانی تر و ئەڵێت: پێویستە لەسەر هەموو حکومەتێکی ئیسلام کە دەوری خەلیفەی خۆیان بدەن و پشتگیری بکەن، مایەی ناکۆکی و دووبەرەکی هەڵگرن لەناوا تا قووت نەدراون، بە دوورودرێژی لەم ڕووەوە ئەدوێت.

بەم دوانە خدێوی ئەوەندەی لەوەپێش خۆشەویستی جەمالەددین بوو، ئەوەندەی تر گیرۆدەی دوانەکەی ئەبێت و ئەیەوێت زیارەتی بکات بەتایبەتی بچێت بۆ لای، لەو حەلەشدا هەر کەسێ بچوایەتە لای سەید ئەبوو پرس بکرایە بەسوڵتان و ڕێی بدایە، بەڵام کە پرس کرا ڕێی نەدرا، بەڵکو بەتایبەتیش سوڵتان جوابی نارد بۆ سەید کە خدێوی عەباس نەبینێت، سەیدیش لە هۆدەی سەرۆکی مابین بە ئاشکرا بە پیاوەکەی خدێوی ئەڵێت: «من وەك میوانێك دیلی خانەخوێکەمم کە سوڵتان عەبدولحەمیدە، لەماڵەکەی خۆیا، بەڵام هەموو ئێواران ئەچم بۆ (کاغەزخانە) بۆ دانیشتن، ئینجا ئەگەر خدێوی حەز دەکات تەشریف بێنێت بۆ ئەوێ، ئێوارێ کە خدێوی ئەچێت، تەماشا ئەکات وا سەید لەسەر گردێك بەتەنها دانیشتووە. ئەمیش ئەچێتە لای و زۆر خۆشەویستی خۆی پێشکەش ئەکات بە سەید و بانگی ئەکات بۆ میسر و پێی ئەڵێت:

شوێنێکی زۆر بەرزت هەیە لە دڵی هەموو میسرییەکا، جاسووسیش لەو دوورەوە وەك پەپوولە ئەسووڕێنەوە بە دەوریانا و لە هەموو لایەکەوە دەست ئەکرێت بە نووسین بۆ

سوڵتان عەبدولحەمید کە سەید جەمالەددین بەڵێنی داوە بەخدێوی میسری کە دەوڵەتێکی عەباسی بۆ دروست بکات و سوریەشی بۆ بخاتە سەر میسر، چونکە سوریە دەرگای عیراقە، هەروەك بەڵێنیشی لە خدێوی وەرگرتووە کە سەرەنجامی ئەمیش وەك سەرەنجامی ئەبی موسلیمی خوراسانی نەبێت کە لە پاشا کوژرا، وە ئەم دەنگوباسە بڵاوبووەوە بە شاری ئەستەمبووڵا و بەڵکو بەهەموو تورکیادا و هەموو کەسێك ئەیوت کاری سەید تەواو بوو و لەم ڕۆژانەدا لەناو ئەبرێت، ئەم قسانە بۆ سەید ئەگێڕڕایەوە بەڵام سەید پێکەنینی پێ ئەهات، سوڵتان لەو ڕۆژانەدا سەید بانگ ئەکات و لێی ئەپرسێت. سەیدیش ئەڵێت: من و خدێوی دوو بەدوو بووین، سێهەمێکمان لا نەبوو، ئینجا ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، ئەبێت یا من یا خدێوی گێڕابێتمانەوە. ئایا شتی وا ئەبێت؟ لە پاشا سەید سوێندی بۆ ئەخوات کە شتی وا نەبووە، ئینجا سوڵتان ئەڵێت بەخوا ڕاست ئەکەیت، ئەمانە هەمووی چاووڕاوی (ابو الهدا)یە.

هەروا (ابو الهدا) جارێکی تر بە عەبدولحەمید ئەڵێت: خەبەرم وەرگرتووە کە لە ماڵی سەید جەمالەددین دا بۆمبا و دینامیتی زۆر هەیە، سوڵتان عەبدولحەمیدیش ئەوەندە لەم دوو شتە ئەترسا، هەر بەبیستنی ناویان شێت ئەبوو، خێرا ئەنێرێت بۆ ماڵی سەید کە بیپشکنن، دوایی هیچ نادۆزنەوە، خێرا عەبدولحەمید ئەنێرێ بەشوێن سەیدا و ئەچێت بەپیرییەوە و ئەم لاو ئەولای ماچ ئەکات و عوزری بۆ ئەهێنێتەوە و زۆر تەعریفی سەید ئەکات، لەپاش چەند ڕۆژێك سەید بانگ ئەکات بۆ گەشتێك لە دەریای یلدزدا لەگەڵ سوڵتان خۆیا و بەو پاپۆڕەی کە هەر بۆ سوڵتان تەرخان کرابوو، و لەو گەشتەدا بە سەید ئەڵێت: «حەزئەکەم ئەستەمبووڵ بکەم بە نیشتمانت، هەر وەك حەز ئەکەم یەکێك لە کەنیزەکانی خۆمت لێ مارە بکەم».

بەڵام سەید نایەوێن.

ئینجا بەم بۆنانەوە، سەید هەرچی هیوا بێ نایمێنێت بە سوڵتان عەبدولحەمید و زۆر جار لای ئەوانەی کە زۆر دڵسۆزی بوون وتوویەتی: «ئەم سوڵتانە سیلەلەسیی دەوڵەتا». ئەو سەیدەی ئەیویست حکومەتی ئیسلامی رزگار بکات لە داگیرکەران و ڕێکیان بخات و دەستووریان بۆ دابنێت، ئێستا هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە دابنیشێت و میوان بێت و بچێت و بەڕێیان بکات، ناوبەناویش (ئەبولهدای صەیادی) درۆ و دەلەسەی بۆ هەڵبەستێت و ڕۆژگار بەدرۆی بخاتەوە، ئەوی بەکەلەپوور مابێتەوە لەم ماوەی دواییدا قسەیەکی بەرزە کە لەگەڵ میوانێکا کردبێتی، یا وەرامێکی جوانە کە دابێتیەوە.

شەکیب ئەرسەلان لە ئەستەمبووڵ ئەچێتە لای و باسی ئەوەی بۆ ئەکات کە عەرەب لە وەختی خۆیا لە دەریای ئەتڵەسی پەڕیونەتەوە، سەیدیش ئەڵێت:

«موسڵمانانی ئەمڕۆ وایان بەسەرهاتووە، هەرچەند یەکێك پێیان بڵێت: ببن بە ئادەمی، ئەڵێن: باو و باپیرانمان وابوون و وابوون و ئەژین بە ورێنەی ئەوەی کە باو و باپیرانیان کردوویانە، وردنابنەوە لەوە، ئەم بەرزییەی کە ئەوان بوویانە، نەنگیی و پەستی و تەمەڵی ئەمان ناسرێتەوە، ئەم ڕۆژهەڵاتییانە هەرچەند بیانەوێت عوزرێك بێننەوە بۆ تەمەڵی و تەوەزەلی خۆیان ئەڵێن: نابینن باو و باپیرانمان چۆن بوون؟ بەڵێ باو و باپیرانتان وەختی خۆی پیاو بوون، بەڵام ئێوە ئەمەن کە هەن، شایستە نییە بۆ ئێوە شانازی بکەن بە باو و باپیرانتانەوە تا ئێوەش وەك ئەوان نەکەن.

لە کۆڕێکی تردا سەید باسی زیانی ئەو حکومەتە بێگانانە ئەکات کە لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتا هەوڵ ئەدەن بۆ زەبوونکردنی زمانیان و کوشتنی پێخوێندنی گەلی (التعليم القومي)یان و لەبیربردنەوەی ئادابیان بۆ ئەوەی زمان و ئادابی خۆیان دابنێن لە جێی زمان و ئادابی ئەوان لەگەڵ ئەمیشە کە پەیوەستی و پەیوەندی لەناو گەلێکا نییە کە زمانی نەبێت و زمانیشی نییە کە ئادابی نەبێت، هەروەك گەورەیی نییە بۆ گەلێك کە مێژووی نەبێت و مێژووشی نییە کە پیاوانی مێژووی خۆیان زیندوو نەکەنەوە.

جارێکی تر لە کۆڕی سەیدا یەکێك باسی بەربەرەکانێی مان (تنازع البقاء)ئەکات، سەیدیش چونکە لەدڵا زۆر ئاشتیخواز بووە، بەتەوسەوە ئەڵێت:

بەربەرەکانێی مان؟ یا بەربەرەکانێی نەمان؟ (تنازع الفناء) چونکە ئەوەی کە پێویستە داوا بکرێت و هەوڵی بۆ بدرێت و بەربەرەکانێی لەسەر بکرێت، هیچ جەنگ و کێشەیەکی لەسەر نییە، جەنگ و کێشەکە ببێت هەمیشە لەسەر شتی وایە کە نامێنێت و لەناو ئەچێت، داگیرکەر و داگیر لێکراو هەموو لایەکیان یەکسان ئەچنەوە پەردەی نەبوون، کەوابوو چاك وایە بووترایە: بەربەرەکانێی نەمان. لێرە چەند کەسێك پێی ئەڵێن: ئەبێت هەموو شارستانی (مدنية) جیهان بەهەڵەدا چووبن و هەموو لایەکیان یەك کەوتبن لەسەر ئەم هەڵەیە؟ ئەمیش ئەڵێت:

شارستانی چی؟! ئایا دیومانە لەم شارستانییانەی کە ئێوە ئەیڵێن؟ غەیری شاری گەورە و خانووی قووچ و کۆشکی زل و کارخانەی گەورە نەبێت کە لۆکە و ئاوریشمی تیا ڕەنگ ئەکرێت و کان و کارخانە و دەستگرتن نەبێت بەسەر بازرگانیدا بۆ قازانج و

سوودی خۆیان، غەیری دروست کردنی تۆپی گەورە و پاپۆڕی جەنگی گەلێ شتی تر نەبێت بۆ کوشتنی ئادەمی، کە ئەو دەوڵەتە شارستانییانە تێکڕا دەستپێشکەریی ئەکەن تێیاندا.

ئەگەر هەرچی ئەم دروست کراوانی زانینی (علمی) هەیە لەگەڵ هەموو جۆرە چاکەیەك کە لە شارستانێتی ئەو دەوڵەتە بەرزانەدا هەیە و لەگەڵ سەد چەندانەی خۆیا بیخەینە تای تەرازوویەکەوە، و ئەم هەموو جەنگە تێکڕاییانەی کە هەڵی ئەگیرسێنن لەناو خۆیانا لەگەڵ ئەو هەموو خوێنەی کە ئەیرێژن و ئەو منداڵانەی کە ئەیانکەن بە هەتیو و ئەو ژنانەی کە بێ مێردیان ئەکەن و ئەو شارانەی کە وێرانیان ئەکەن بیخەنە تاکەی تریەوە، تای زانین و شارستانێتی ئەچێتە ئاسمان و تاکەی تری ئەنیشێتە سەر زەوی، کەوابوو هەرچی شارستانێتی و زانین و بەرز بوونەوەیان هەیە هەمووی نادانی و جانەوەری و بێ ژیرییە، لەم ڕووەوە ئادەمی گەلێك لە گیانلەبەری تر نزمتر و پەستترە. کەس بیستوویەتی ملیۆنێك ئەژدەها بەرامبەر بەیەك بوەستن و یەکتری شەق و پەق بکەن؟ و یا ملیۆنێك شێر تێك بەربن و خوێنی یەکتری هەڵلووشن، کەوابوو لەناو شارستانییەکانا نە زانین هەیە و نە شارستانێتی، بەڵکو ئەوەی بەباڵایان بڕابێت دڕندەیی و جانەوەرییە، هەر وەخت جەنگ و ئاژاوە نەما، ئەو حەلە ئەتوانین بڵێین، ئادەمی ژیر بووە و پێی ناوەتە سەر پلەی یەکەمی زانین و زانیاری.

سەید جەمالەددین چوار ساڵ و چەند مانگێك لە ئەستەمبووڵ ماوەتەوە، لە ساڵی چوارەما ڕۆژێك پیاوێکی ئێرانی کە ناوی (ڕەزا ئاقا خانی کرمانی) ئەبێت و لە کاتی خۆی لەگەڵ سەییدا ڕەهەندەی دەستی ناصرەددین شا ئەبن لە بارەگای عەبدولعەظیم، و ماوەیەك بەیەکەوە بوون لەوێدا و بەو بۆنەیەوە بوون بەئاشنا و ناسیاوی یەك، لەپاشا سەید لە بارەگای عەبدولعەظیم دەرئەهێنرێت و ڕەهەندەی عیراق ئەکرێت، ئینجا کە ڕەزا کرمانی کە ئەبیت سەید لە ئەوروپاوە چووە بۆ ئەستەمبووڵ ئەمیش ئەچێت بۆ لای سەید، کە چاوی پێ ئەکەوێت زۆری پێ خۆش ئەبێت و پێکەوە باسی ئێران و بەدبەختی گەلی ئێران ئەکەن، کە چۆن بوون بەتووشی ئەو شا زۆردارە ستەمکارەوە، ڕۆژێك ڕەزا کرمانی ئەڵێت: «من ئامادەم کە خۆم بکەم بە قوربانی گەلی ئێران و شا بکوژم» سەیدیش ئەڵێت: «ئەگەر وایە دە بچۆ بیکوژە» ڕەزا کرمانیش ئەڕوات لەدوای دوو مانگ ڕۆژێك ناصرەددین شا لە مزگەوتی عەبدولعەظیم ئەبێت، ڕەزا کرمانی ئەچێت ئەیکوژێت و پێی ئەڵێت: «بگرە لە سەید جەمالودینەوە!».

ئـەم دەنـگـوبـاسـە گـەیشتـەوە ئـەستـەمـبـووڵ و سـەید زۆری پـێ خـۆش ئـەبـێت و ئـەڵـێت: «دەرکەوت کە گەلی فارس نەمردووە، گەلێکی وا زیندووە کە هەرگیز لێی بێ هیوا نەبین، چـونـکـە گـەلـێك ڕۆڵـە و جـگـەرگـۆشەی وا بـبـێت کـە تـۆڵـەی خـۆی بسێنێت و سەرۆکی ستەمکاری لە خاکا بنێژێت، گەوهەری گیانی لەدەست نەداوە»، بەم جۆرە قسانە ئەدوا لەگەڵ ئەوانەی ئەهاتنە لای. لە پاشا کە گۆڤاری (لالیستراسیون)ی فەرەنسی بۆ دێت، وێنەی رەزا ئاقا خانی کرمانی ئەبینێت بە هەڵواسراوی و مەردوم لەهەموو لایەکەوە تەماشا ئەکەن سەید بەدەنگی بەرز ئەم شیعرە ئەخوێنێتەوە و ئەڵێت:

علـو فـي الحيـاة وفـي الممات
لعمرك تلك احدى المعجزات

بە دانیشتوان ئەڵێت «تەماشای کەن چەند بەرزە و ئەمانەی تەماشای ئەکەن چەند لە خوار ئەوەوەن». ئەو جاسووسانەی کە وەك پەپوولە بڵاو بووبوونەوە بەدەوروبەری سەیدا، هەموو وتەیەکی سەیدیان ئەگەیاندەوە بە سوڵتان عەبدولحەمید، سوڵتانیش هیچ گومانێکی نەما کە ئەم کوشتنە بە پەنجەی سەید بووە و زۆر ڕقی لە سەید هەڵ ئەستێت و پڕ بەدڵ ئەتۆقێت و ترسی لێ ئەنیشێت، لەبەرئەوە فەرمان ئەدات کە چاودێرییەکی زۆر قورس بخەنە سەر سەید و نەیەڵن کەس بچێتە لای بەبێ ئاگاداری سوڵتان[٢٨].

لێرەدا ئەگێڕنەوە کە سەید هەموو ئێوارانێك چووە بۆ کاغەزخانە و یەك دوو سەعاتێك بـەتـەنـیـا دانیشتووە، ئـینـجـا گـەڕاوەتـەوە، لـەو ڕۆژانـەدا ئـەبـینێت کـە ئـێواران یـەکێك لـە جاسووسەکان بە پێ بەدوای ئەکەوێت، لە (مابین) بە فەرمانبەرانی مابین ئەڵێت: «ئێوە عارەبانەیەکتان داوە بە من و جاسووسێکتان دواخستووم کە من بەغار بڕۆم ئەویش بە هەڕاکردن دوام ئەکەوێت و هەناسەبڕکێی پێ ئەکەوێت و نامگاتێ بۆ بەزەییتان پیا نایێتەوە و عارەبانەیەکی نادەنێ تا بۆ هەر لایەك بچم بمگاتێ؟»[٢٩].

خولاسە سەید جەمالەددین وەك بەندێکی لێ هات، لە کۆشکەکەیا زۆر دڵ تەنگ بوو، تا ناچار کاغەزێکی نووسی بۆ (فیس مۆریس) ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەی ئینگلیز لە ئەستەمبووڵ کە بیگەیەنێتە پاپۆڕێك تا خۆی پێ ڕزگار بکات لە ئەستەمبووڵ، بەڵام خێرا عەبدولحەمید هەستی پێ ئەکات، بەناوی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامییەوە تکای لێ

(٢٨) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە.
(٢٩) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە.

ئەکات کە بەم جۆرە خەلیفە نەشکێنێت، و ئەمیش کە گەورەترین زانا و وێژەر و مەزنترین فەیلەسووف و سیاسی و بەرزترین دواندەر و ڕۆژنامەچی بووە لە جیهانا، لیرەی زێڕ و تەپاڵەی لا وەك یەك بووە و ژیان و مردنی بەلاوە چوون یەك بووە، ژیانی ئەگەر ویستبێت هەر بۆ خزمەتی حکومەتی  ئیسلامی بووە، نەخوازەڵا خەلافەتی ئیسلامی کە ڕزگاریان بکات لە دەست داگیرکەران و ئەوانەی کە لە ژێر دەستی داگیرکەرانیشان نەبوون ئاگاداریان بکات لەوەی کە نەکەونە داو و تەڵەی داگیرکەرانەوە– پەشیمان بووەوە و جوابی فیس مۆریسی دا وتی: ناڕۆم هەرچی ئەبێت با ببێت و مایەوە تا چەند مانگێك و مرد.

لەم ماوەیەدا لە قسە و گفتوگۆیەوە دەرئەکەوێت کە زۆر خەمبار بووە، چونکە بیری لە ژیانی ڕابوردووی خۆی ئەکردەوە، کە ساڵەهای ساڵە لە هەوڵ و تەقەلایەکی ئێجگار زۆر دایە بۆ ئەوەی کە حکومەتی ئیسلامی خەبەر بکاتەوە و هەنگاو بەهەنگاو پێشیان بخات، کەچی خوا نەکات دەمارێکیان لیّ بدات و هیوای بە کۆمەڵێك بوو لەو قوتابیانەی کە پێی گەیاندن بۆ پاشەڕۆژ، کەچی هیچیان نەکرد و چاوی لە شایەکەوە بوو کە بەپێی ئارەزووی ئەم ئیش بکات، کەچی ناپاکی لەگەڵ کرد و بەتەمای گۆڤارێك بوو کە جیهانی پێ بێدار بکاتەوە، کەچی داخرا و پڕ بەدڵ هیوای بەسوڵتانێك بوو کە یارمەتی بدات کە هیچ هیوایەکی پێ نەما، چی بە دەستەوە ماوە دوای تەمەنێکی زۆر کە بەسەری برد بە تاڵی و دەردی سەری و دەربەدەری و ڕەهەندەیی و بەندی و دەرکردن و بیرکردنەوە لە ئازادی و بێدارکردنەوەی نوستووان، هیچی بەدەستەوە نەماوە ئەوە نەبێت کە خۆی شێرێکە لە باخچەی گیانلەبەران (حديقة الحيوانات)دا گۆرانی بڵێت بۆ ئازادی و سەربەستی خۆی دەستی نەکەوێت، داوای ئەوەی کە دوای ئازادی هەموو جیهانی ئیسلامی ئەکرد و هیوای دەستکەوتنیشی بوو.

بەم ڕەنگە مایەوە تا ساڵی ١٨٩٧ز=١٣١٤ك ولە دوای چەند مانگێکی کەم لە کوشتنی ناصرەددین شا ئازارێك لە یەکێك لە دانەکانیدا پەیدا ئەبێت، لەسەر قسەی دکتۆر دانەکەی ئەکێشن، دوای ئەوە شوێنەکەی کیف ئەکات و هەڵ ئەئاوسێت، لە پاشا سەرەتان لەو شوێنە پەیدائەبێت و ئازارەکەی ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر ئەبێت، سوڵتان فەرمان ئەدات بەگەورەترین نەشتەرکار (جراح)ی خۆی و بە نزیکترین بارەگای قەنبورزادە ئەسکەندەر پاشا، کە نەشتەرکاری بکات، بەڵام نەشتەرکارییەکەی سەرناکەوێت و ئازارەکەی بڵاوئەبێتەوە بە هەموو جەستەیا، لە ڕۆژی سێ شەممە نۆی ئازاری

ساڵی١٨٩٧ز. سەعات (١٢ر٣٠) دەقیقە = ٧ی شەواڵی ساڵی ١٣١٤کۆچی دوایی ئەکات.

لێرەدا مەردوم- بەبۆنەی نزیکی ئەم نەخۆشی سەیدە لە کوشتنی ناصرەددین شا و ترس لێ نیشتنی سوڵتان عەبدولحەمید لە کوشتنی خۆی- زۆر قسە ئەکەن، هێندێك ئەڵێن شرینقەیەك دراوە لە پووکی بەجۆرە زەهرێك کە بوو بەهۆی دەردێکی وەك سەرەتان. هێندێك ئەڵێن نەشتەرکارییەکەی باش نەکراوە. هێندێك ئەڵێن برینەکەی پاك و تەمیز ڕانەگیراوە تا بەتەواوی تەشەنەی کردووە خولاسە- وەك لە هەموو سەرچاوەکانەوە دەرئەکەوێت- دەستێکی پیس بووە لە مردنیا هەروەك لەمیسردا بڵاوە کە ئەو دەستەش بووە لە مردنی (شێخ محمد عبده) و (عبدالرحمن الکواکبي)[٣٠]

شەکیب ئەرسەلان ئەڵێت: لە مانگی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٢٣ ز.دا لە لۆزان چاوم کەوت بە (کۆنت لاون استرورۆغ) خاوەرشناس (مستشرق)ی زانای بەناوبانگ و وەرگێڕی کتێبی (الاحکام السلطانیەی ماوەردی) بۆی گێڕامەوە وتی:

سەید جەمالەددین زۆر ئاشنام بوو، ڕۆژێك لە ئەستەمبووڵ دوای نەشتەرکارییەکەی ناردی بەشوێنما وتی: سوڵتان زۆری کرد کە ئەم نەشتەرکارییە ئەبێت هەر نەشتەرکاری ئەو بیکات، ئێستا ئەوەتی ئەم نەشتەرکارییە کراوم ئازارم زۆرتر بووە تکای کرد نەشتەرکارێکی فەرەنسی ئازادی پاکی بۆ بنێرم تەماشای برینەکەی بکات، منیش دکتۆر لاردیم بۆ نارد- کە ئێستاش ماوە و لە جنێف دائەنیشێت لە سوێسرە- دکتۆر کە تەماشای برینەکەی ئەکات ئەبینێت، یەکەم نەشتەرکارییەکەی باش نەکراوە. دووهەم پاك و تەمیز ڕانەگیراوە، دکتۆر لاردی هاتەوە لام و ئەم خەبەرە دڵگیرەی، دامێ دوای چەند ڕۆژێك سەید کۆچی دوایی کرد.

هەروا شەکیب ئەرسەڵان ئەڵێت: ئەم قسەیەم گێڕایەوە بۆ یەکێك لە پیاوانی قەسری سوڵتان عەبدولحەمید، ئەویش وتی: قەنبورزادە دکتۆرێکی پاکی شەریفی وا بوو کە هەرگیز ناپاکی وا ناکات، بەڵام دانسازێکی عیراقی -کە ناوی جارح بوو- زۆر هاتوچۆی سەیدی ئەکرد بۆ تەماشاکردنی دانەکانی، و ئەم دانسازە لەلایەن وەزارەتی ئەمن و ئیستخباراتەوە کرابوو بە سیخوڕ (جاسووس) بەسەریەوە و بەپارە کردبوویان بە دوژمنی سەید، کابرای قەسر وتی: جارێکیان ویستم جارح دەرکەم و نەیەڵم بچێت بۆ لای سەید بەڵام بەڕێوەبەری ئەمن ئیشارەتێکی زۆر پەنهانی کردم کە وازی لێ بێنم،

(٣٠) تاریخ الاستاذ الامام.

بەمە تێگەیشتم کە ئەم دانسازە بەفەرمانی بەڕێوەبەرێتی ئەمن ئەم هاتوچۆیە ئەکات و سەید ئاگای لەمە نییە، دوای کۆچی سەید هەرچەند جارحمان ئەدی زۆر بەکزی و ماتی و خەمباری و تەریقی و ڕەنگ داهێزراوی ئەماندی، وەك هەمیشە سووزن ئاژن بکرێت وابوو، بەو بۆنەیەوە هەرچەند جارحمان ئەدی بیرمان ئەچوو بۆ ئەوە کە ئەو دەستکاری برینەکەی کردبێت و پیسی کردبێ یا هەر پێشەکی نەخۆشییەکەی دروست کردبێت.

سەید دوای شتن و کفن کردن لە مزگەوتی (تشویقیە) لە (نیسان طاش) نوێژی لەسەر کرا و لە گۆڕستانێك لە نزیك کۆشکەکەی خۆیەوە نێژرا و لەبەر زۆری پۆلیس و سیخوڕ کەس نەیوێرا لەگەڵ دار تەرمەکەیا بڕوات سێ کەس نەبێت لە دۆستانی، ئەوانیش سەهل پاشای کوڕی فەضل پاشا و عەلی قبودانی میسری و جۆرجییە ئەفەندی کونجە کە لە کاتی گیانەڵادا بەدیاریەوە بووە، و لە ماوەی ئەو چەند مانگ نەخۆشییەدا دوو سەد لیرەی لە پارەی خۆی بۆ خەرج کردووە.

دوای هاتنەوە لە گۆڕستان خێرا سوڵتان چەند پیاوێکی قەسری خۆی ئەنێرێت بۆماڵی سەید و هەرچییەکی لە پاش بەجێ ئەمێنێت لە نووسین و یاداشت هەمووی ئەبەن و فەرمان دەرئەچێت بۆ هەموو ڕۆژنامەچییەکان کە هیچ نەنووسن دەربارەی سەیدو هەرچیش لە دەرەوە بێتە ژوورەوە والییەکانی تورك دەستی بەسەرا بگرن[٣١].

ئەم هەڵکەوتووە تا بڵێیت زیرەك بووە، بەڕەنگێك کە بە دوو ڕۆژ پیتەکانی زمانی فەرەنسی وەرگرتووە لە یەکێك، هێندێك وتەی زمانەکەشی لەبەرکردووە و لە ماوەی سێ مانگدا خۆی لە خۆیا فێری زمانی فەرەنسی بووە، بەجۆرێك کە بتوانێت وەری بگێڕێتە سەر زمانی تر[٣٢] هەروەها یەکە دواندەر بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا. دکتۆر شبلی شمێل ئەڵێت:

سەید جەمالەددین زۆر دواندەر (خطیب)ێکی کوتوپڕی بووە، ئەنانەت جارێکیان کە تازە هاتبوو بۆ میسر. خۆم بەدیارەوە بووم لە ئەسکەندەرییە دوانێکی کوتوپڕی دوو سەعاتی دا بە عەرەبییەکی ڕەوان و شێوەیەکی زۆر جوان، ڕستە لە ڕستە جوانتر و بەکەڵکتر، بەجۆرێك کە دانیشتوان هەموو سەرسام بوون لە دوانەکەی[٣٣] سەید کۆمەڵە وتارێکی فارسی لە چاپدراوی هەیە لە نامەخانەکەی منا کە لە ئەفغان و ئێران داوێتی

(٣١) پەراوێزی شەکیب ئەرسەلان بەسەر (حاضر العالم الاسلامی)یەوە.

(٣٢) تاریخ الاستاذ الامام.

(٣٣) تاریخ الاستاذ الامام.

لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆر گەورەدا لەبەر و لەپڕ بەبێ نووسین لەسەر کاغەز، هەرچەند یەکێك لەو وتارانە ئەخوێنمەوە، بڕوا ئەهێنم بەو قسەیەی کە ئێرانییەکان ئەیکەن و ئەڵێن: هەرچەند سەید وتاری دابێت، دوای لێبوونەوەی زۆر لە گوێگران، بەتین و تەوژمی ئەو وتارەی بێ هۆش کەوتوون و دوای ماوەیەك هۆشیان بەخۆیانا هاتۆتەوە.

شتێکی سەیرتر لە هەر کوێیەك ببوایە هەمیشە ئاگای بووە لە بزووتنەوەی زانین و زانیاری ئەورووپا و ئەو شتە تازانەی کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەدۆزرانەوە و دروست ئەکران بە ڕەنگێك وەك بەدەرس خوێندبێتی وابوو(٣٤).

لەمانە سەیرتر دڵێکی پێوە بووە وەك پۆڵا، بەڕەنگێك لە ڕۆژی زۆر ئاڵۆز و پڕ لە ترس و بیما گیراوە و براوە و بەبێ سەرو شوێن، کە کەس لە ماڵی خۆیا ئۆقرەی نەبووە، کەچی ئەو وەك بۆ سەیران بچێت وا بووە(٣٥) لەمەش سەیرتر، وەختی وا بووە گیراوە و ڕەهەندە کراوە بێ ئەوەی یەك پوولی بێت و لەو کاتەدا مریدەکانی پارەیان بۆ بردووە، کەچی لێی گل نەداونەتەوە و پێی وتوون: شێر لەسەر نێچیر پەکی ناکەوێت(٣٦).

لەمەش سەیرتر، هەرچەند چووبێت بۆ لای سوڵتان عبدالحمید، کە هەستابێت دوادوای چوونە دەرەوەی کیسەیەك لیرەی بۆ ناردووە کە سەد دانەی تیا بووە، زیاد لە مانگانەکەی کە ٧٥ لیرە بووە. جارێکیان کیسەیەکی مەخزوومی کە ئەیژمێرێت کە دێتە ماڵەوە ئەیداتە دەست موحەمەد پاشای مەخزوومی کە ئەیژمێرێت پێنج سەد لیرە ئەبێت. بەموحەمەد پاشا ئەڵێت: دوو جبەم بۆ لێ بکە و ئەوی کەی هەڵگرە بۆ سیغار، واتە چی لێ ئەکەیت بیکە(٣٧).

لەمانە لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، مەردوم تا هەژارتر و بێ نەواتر بووایە، سەید میهرەبانتر ئەبوو لەگەڵیا و زۆرتر ڕێزی ئەگرت و تا گەورەتر بوایە سەید لەگەڵیا بەدەعیە و دەمارتر ئەبوو، یەکێك ئەگەر تێکەڵیی سەید لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدا بخوێنێتەوە تێ ئەگات کە سەید لەگەڵیا وەك مرۆڤێکی عادەتی چۆتە لای و گفتو گۆی لەگەڵا کردووە(٣٨).

---

(٣٤) تاريخ الاستاذ الامام.

(٣٥) تاريخ الاستاذ الامام.

(٣٦) تاريخ الاستاذ الامام.

(٣٧) خاطراتی جەمالەددین

(٣٨) تأريخ الاستاذ الامام.

گۆڕی سەید جەمالەددین سی ساڵ مایەوە بە وێرانی و بەبێ کێلێکی نووسراو، تا لە ساڵی ١٩٢٦ز.دا دۆستێکی کۆنی خۆی میستەر (گراین)ی خاوەرشناسی ئەمریکی، هاتە ئەستەمبووڵ، لە پاش گەڕان و پرسیارێکی زۆر گۆڕەکەی دۆزییەوە کە لەگەڵ خاکا تەخت بووبوو، هات لە هەموو ڕوویەکەوە لە مەڕمەڕی گرت، لە ڕوویەکی کێلەکەیەوە ناوی سەید و مێژووی بوون و مردنی لێ نووسیوە، لە ڕووەکەی تریشی نووسی «ئەم زیارەتگایەی دروست کرد، دۆستی بەڕاستی موسڵمانان لە هەموو گۆشەیەکی جیهانا و خێرخواهی ئەمریکی میستەر (شارلس گراین) لە ساڵی ١٩٢٦ن»دا. لەپاشا قەفەزێکی لە شیشی ئاسن بۆ دروست کرد و لە گۆڕەکەی دای مەزراند.

***

لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٤٤ز= ١٣٦٣ك و لەپاش پەنجا ساڵ لە مردنی سەید جەمالەددین، ئێسك و پرووسکەکانی برایەوە بۆ ئەفغان، بەجۆرێکی زۆر گرنگ بەعیراقا تێپەڕی، بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ٢٤ ذی الحجەی ١٣٦٣ك= ١٠-١٢-١٩٤٤ز. گەیشتە مووسڵ، لە دوای پێشوازی و مەراسیمێکی زۆر گەورە، بە شەمەندەفەر کەوتەڕێ و سەعات شەش و نیو گەیشتە بەغدا و پێشوازییەکی زۆر گەورە کرا و برا بۆ بارەگای شێخ (عبدالقادر الگیلانی)، بەیانی سەعات دوو نیو شاری بەغدا داباری بەسەر تەکیەی قادریدا، هەرچی لەوێدا بوو بە پێوە وەستان، و دواندەران بە ریزە دەستیان کرد بە خوێندنەوەی دوانی خۆیان، لە (طە الراوي)یەوە تا (محمد مهدی الجواهري)، نوێنەری ئەفغان وەرامی دایەوە و سوپاسی کردن، ئینجا دارتەرم هەڵگیرا بۆ فڕۆکەخانە، و ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ١٧-١-١٩٤٤ز = ١-١-١٣٦٤ك گەیشتە بەسرە و پیاوماقووڵانی شار هەموو بردیانە جامع المقام لە عەشار، بەیانی دوای مەراسیمێکی زۆر جوان بە فڕۆکە برا هیند و لەوێوە بۆ ئەفغان(٣٩).

## ئامۆژگارییەکانی سەید و ئامانجەکانی چین؟

وەك «لۆثرۆپ ستۆدارد»ی ئەمریکی ئەڵێت:

(پوختەی ئامۆژگارییەکانی سەید جەمالەددین ئەوەیە کە ڕۆژئاوا ڕێگر و بەرهەڵستی ڕۆژهەڵاتە، گیانێکی سەلیبی لە هەموو دڵێکیانا بووسەی خواردووە، بە کالایەکی ڕەگەزپەرستییەوە، ئەم گیانە هەوڵ ئەدات بە هەموو جۆرێك بۆ خاوکردنەوەی هەموو جم

(٣٩) ذکرای ئەفغانی لە عیراقدا.

و جووڵێك كە موسڵمانان بیانەوێ بیكەن بۆ ڕێكخستن و ڕاپەڕینی خۆیان).

«لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر موسڵمانان بەتێكڕایی كە یەك بگرن و ببن بە یەك بەرهەڵستی هەموو جۆرە هێرشێكی ڕۆژئاوا بۆ بەرگری لە خۆیان، ئەمەش ناكرێت تا مایەی پێشكەوتنی ڕۆژئاوا نەدۆزنەوە و نەچنە جەنگیانەوە».

(غۆڵد سیهر) خاوەرشناسی مەجەری لە (دائرة المعارف الاسلامي)دا كە بە فەرەنسی نووسیوێتی ـ ئەڵێت:

سەید جەمالەددین لە پیاوە هەرە گەورەكانی ئیسلامە لە سەدەی نۆزدەهەما و بەپێی بیروباوەڕی (براون) فەیلەسووفێكی زۆر گەورە و نووسەرێكی زۆر بە بەهرە و دواندەرێكی زۆر رەوان و ڕۆژنامەچییەكی زۆر بە دەسەڵاتە، هەروەك سیاسییەكی زۆر گەورەی پایەبەرزە، دۆستەكانی بە سیاسییەكی زۆر گەورەی ئەزانن، هەروەك دوژمنەكانی بە شۆڕش هەڵگیرسێنەرێكی خەتەرناكی ئەبینن، سەید ئەیویست هەرچی وڵاتی ئیسلام هەیە لە ژێردەستی بێگانان ڕزگاری بكات و خۆیان لەناو خۆیان ئیدارەیەكی پڕ لە ئازادی و ڕێكوپێكیان ببێت، هەروەك ئەیویست پەیوەندی و پەیوەستییەكی وا لەناویاندا دروست بكات، كە بێگانە نەتوانێت دەست بخاتە كاروباریانەوە.

**سەید ئەڵێت:**

«هەرچی بیرێكم بوو هەمووم كۆكردەوە تەماشایەكی ڕۆژهەڵات و دانیشتووەكانیم كرد، ئیستێكی پێ كردم ئەفغان كە نیشتمانمە و لە خاك و ئاوی ئەوم، ئنجا هیند كە لەوێ ژیری و بیر و خوێندنم وەرگرتووە، ئنجا ئێران كە دراوسێی نیشتمانمە، ئینجا دوورگەی (جزیرة) عەرەب لە حجاز كە جێی هاتنەخوارەوەی ئاینمە و لە یەمەن و نەجد و عیراق و بەغدا و شام و ئەندەنووسیا، هەر بەو ڕەنگە هەموو وڵاتێك و دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی ئیسلام، ئینجا هەموو ڕۆژهەڵات، منیش ئامێر (جهاز)ی مێشكم تەرخان كرد بۆ دەست نانە سەر دەردیان و دۆزینەوەی دەرمانیان. بینیم كوشندەترینی دەردیان دەردی دووبەرەكی ناوخۆیان و پەرەوازەیی بیر و رایانە و دووبەرەكییانە لەسەر یەك كەوتن و یەك كەوتنیانە لەسەر دووبەرەكی، منیش دەستم كرد بە یەكخستنیان و بێداركردنەوەیان بەمەترسی «خەتەر» ڕۆژئاوا كەوا دەمی لێ داچەقاندوون بۆ قووتدانیان».

لەبەر ئەمە هەرچی مێژوونووسی سەید هەیە هەموو لەسەر ئەوەن، کە ئامانجی سەید لە ژیانا دوو شت بووە:

١- بڵاوکردنەوەی گیانێکی نەبەز لە هەموو ڕۆژهەڵاتا، تا ڕاپەڕن لە زانین و زانیاری و پاککردنەوەی بیروباوەڕ لە هەموو پڕوپووچێك و تەکاندنی ڕەوشت و خوو لەو شتە خراپانەی کە لێی نیشتووە لەگەڵ هێنانەوەی پایە و پلەی جارانی و گەورەیی و نرخی پێشووی.

٢- پاڵنان بە داگیرکردنی داگیرکەرانەوە، تا هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات سەربەخۆیی خۆیان دەست ئەکەوێتەوە و هەموو لایەکیان بەجۆرێکی وا نزیك ئەکەونەوە لە یەك کە مەترسی ڕۆژئاوایان نەمێنێت.

بەکورتی سەید لەژیانی خۆیدا هەمیشە ئەم دوو بەیداخەی هەڵگرتووە، یەکێکیان زانینی و ئەوی تریان سیاسی.

کە کۆچی دوایی کرد، ئەم دوو بەیداخە لە یەك جیابوونەوە و هەر دەستەیەك لە پێگەیشتووانی بەردەستی یەکێکیان هەڵگرت لەم دوو بەیداخە، یەکێك نەبوو بتوانێت هەردووکی هەڵگرێت. بەم ڕەنگە (شێخ محمد عبده)- کە گەورەترین قوتابی و بە دەسەڵاترینیانە- بوو بە جێنشینی لە هەڵگرتنی بەیداخی زانیاریدا، عەبدوڵڵا نەدیم و مستەفا کامل و سەعد زەغلوول بوون بە جێنشینی لە هەڵگرتنی بەیداخی سیاسیدا.

ئەمە لە میسردا هەر بەو ڕەنگە لە هەموو وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی تردا، پێگەیشتووەکانی بەردەستی هێندێکیان بەیداخی بەرژەوەندی و ڕۆشنبیریی و هێندێکیان بەیداخی سیاسی هەڵگرتووە.

سەید شێت و شەیدای ئازادی و سەربەخۆیی حکومەتی ڕۆژهەڵات بووە، لەهەر لایەك بووبێ شۆڕشی تیا هەڵگیرساندووە و زۆر گەڕاوە بە ئەوروپادا، نەخوازەڵا پاریس و لەندەن و مۆسکۆ و هەمیشە لە ڕۆژنامەکانیانا نووسیوێتی و هێرشی بردۆتە سەر سیاسەتی حکوماتی ڕۆژئاوا و لە زانستگاکانیا دواوە و وتاری سیاسی زۆر گرنگی تیا داون و لەگەڵ پیاوانی زانستی و سیاسی و وێژەییدا تێکەڵی کردووە، و ئینگلیز لە هیند و لە میسر دەربەدەری کردووە و گۆڤاری (عروة الوثقى)ی داخستووە و لە هەر لایەك بووبێت قۆرت و گرێ و کۆسپی بۆ پەیدا کردووە، لەبەر ئەوە زۆر دوژمنی ئینگلیز بووە و گۆڤاری (عروة الوثقى) ی پڕ کردۆتەوە لە دژی ئینگلیز و هەمووی هێرشە بۆ سەر ئەو.

سەید هەرچەند چاوی بە بەرزی ئەوروپا و پەستی رۆژهەڵات ئەکەوت، ئاگری تێ بەرئەبوو نەخوازەڵا کە بشیبینیایە حوکمەتێکی بێگانە پەنجەی تێ بردووە و لیسی تێ کوتاوە، یا حوکمێکی خودسەری و قەرەقووشی ئیشی تیا ئەکات، ئەوحەلە بە هێز و توانای خۆیەوە، ئەیویست ئەو بێگانەیە دەربکات، یا ئەو حوکمە بڕووخێنێ. بەسە بۆ گەورەیی سەید لە مێژووی رۆژهەڵاتی تازەدا یەکەمین کەسێکە کە داوای ئازادی کردبێت و یەکەمین شەهیدێکە لەڕێی ئازادیدا.

سەید زۆر خەریك نەبووە بە دانان (تألیف) ی کتێبەوە بەڵکو هەمیشە خەریك بووە بە تألیفی گەلان و تەسنیفی حکوماتی دەستوورییەوە، لەگەڵ ئەمیشە سەید ئەگەر هیچ تەئلیفێکی بەجێ نەهێشتبێت تەنیا (شێخ محمد عبده) نەبێت بەسێتی.

سەید ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمید نرخی نەدابێت بە گۆڕەکەی و سی ساڵ مابێتەوە بەوێرانی، بەڵام رێبازەکانی دوای خۆی و دوای یاخییەکانی ئەستەمبووڵ و تاران و قاهیرە – سەوز بوون و باڵایان کرد و پەل و پۆیان هاوێشت لە هەر سێ دەوڵەتەکەدا، وە بێداربوونەوەیەك ئەگەر ببێت لە حکوماتی رۆژهەڵاتا، هەمووی لەوەوەیە.

سەید زۆر قسەی بەرز و پڕ لە فەلسەفەی وای هەیە کە شایستەن بە ئاوی تەڵا بنووسرێتەوە، وا بۆ پەند و ئامۆژگاری هێندێکیان ئەنووسین:

* گەل بەبێ ڕەوشت و خووی بەرز نابێت، ڕەوشت و خووش بەبێ بیروباوەڕ نابێت، بیروباوەڕیش بەبێ تێگەیشتن نابێت.
* هەر کەسێك بیەوێ بژێت، با بمرێ لەڕێی ژیانی گەلیا.
* ناخۆشترین ڕۆژگار کاتێکە کە نادان گەزارە بکێشێت و داناش بێ دەنگ دانیشێت.
* بێ فەڕترینی مەردوم کەسێکە کە بیەوێت مەردوم بمرێت بۆ ئەوەی خۆی بژی و گەورەترینیان کەسێکە کە سەری خۆی دابنێت لە ڕێی ژینی مەردوما.
* سەربەخۆیی ئەسێنرێت و نادرێت.
* خاوەن حەق بەهێزە با زەبوونیش بێت، بێ حەق زەبوونە با بەهێزیش بێت.
* هەزار قسە لە تەرازوودا، ناگاتە کردەوەیەك.
* کەسێك دەرگای سەرفرازی لێ بکرێتەوە و نەچێتە ژوورەوە، شایستەی دەرکردنە.
* مەردوم ئەگەر لە تەماشاکردنی ئەستێرەکانی ژوور سەری پەند وەرنەگرێت، با لە تەماشاکردنی خاکی نازدارانی ژێر پێی وەری گرێت.

* گەلێك كە بەنهێنی پەلار بگرێتە گەورەی و بەئاشكراش بیپەرستێت، شایستەی ژیان نییە.
* زیادەڕەوی (اسراف) مەردوم لە تەندروستیدا گەلێك بە زیانترە لە زیادەڕەوی لە داراییدا.
* كەسێك نەتوانێت خۆی باش بكات، چۆن مەردومی پیّ باش ئەكرێت.
* گۆمەزی بۆش هەر دەنگ ئەداتەوە.
* چاكترین ڕەنگ بۆ ئالاّی سەربەخۆیی، خوێنی سەربازانی پاڵەوانانە.
* نەخوێندەواری زیندوو مردووە، خوێندەواری مردوو زیندووە.
* سەربەخۆیی هەر بەقسە دەست ناكەوێت.
* كەساسی و خوێندەواری پێچەوانەی یەكن و هەرگیز كۆنابنەوە.
* ئەو كەسەی خۆی بەكوشت بدات لەڕێی ژیانی نیشتمانیا، یا ئەمرێت بە پاڵەوانی و شەهیدی وەیا ئەژی بەگەورەیی و خۆش بەختی.
* جیهان ئەگەر جارێك پێویست بێت بە پیاو دووجار پێویستە بە ژن.
* هێندیّ كەس ڕازین بە مردن لە ترسی مردن، و لە ترسی كەساسی، بەرگی كەساسی ئەپۆشن.
* ژیرترینی باوك ئەوەیە كە لەپاش ژن هێنانی كوڕەكەی لەگەڵیا دانەنیشێت و لەجیاتی دراوسێتی هاتوچۆی یەك بكەن.
* دەست هەڵگرتن لە بەرزبوونەوە مایەی دواكەوتن و نزم بوونەوەیە.
* نەبووە یەكێك لە پێناوی گەلیا مردبێت، گەلەكەی زیندووی نەكردبێتەوە.
* مەردوم بەترس دەوڵەمەند نابێت و بەئازایی هەژار ناكەوێت.
* بەزۆر گوشین ئەندامی پەراگەندە ئەنووسێن بەیەكەوە.
* باشترین شت بۆ ڕۆژهەلاّت، پاشای دادپرسی بەهێزە، كەلك نییە لە پاشای دادپرسی زەبوون، هەروەك كەلك نییە لە پاشای بەهێزی ستەمكار.
* زانای هەژار دەوڵەمەندە بە زانینەكەی، دەوڵەمەندی نادان هەژارە بە نادانییەكەی.
* خراپترین نەخۆشی ڕۆژهەلاّت، دووبەرەكییانە لەسەر یەك كەوتن و یەك كەوتنیانە لەسەر دوو بەرەكی.

* ئەگەر سروشت چون یەکی (مساواة) نەخاتە نێوان ژن و پیاوەوە لە دروست کردنا، بێ کەلکە هەوڵدان بۆ چوونیەکییان بە قسە.
* زیندانی ستەمکاران بۆ چاکانی ڕێکخەران (مصلحين) ریازەیە، دەربەدەرکردنیان گەشت و سیاحەتە وە کوشتنیان شەهادەتە و ئەمەیان بەرزترین پایەیە.
* وێژەر لە ڕۆژهەڵاتا بەزیندوویی ئەمرێت و بە مردوویی ئەژی.
* گەنجی پردێکە لە شێتی، هەموو ژیرێك بەناچاری بەسەریا ئەڕوات.
* ڕۆژئاوا ڕاپەڕی بە زانین و کردار. ڕۆژهەڵاتیش دواکەوت بە نادانی و تەمەڵی .
* تاقە کارێك کە هەر ژن بیکات و تەرخان بێت بۆی، هەرچی پیاوی جیهان هەیە کۆڵن لێی.

**تێبینی**

١– *لەلاپەڕە (٣٣) لە ناڵەی دەروونی بەرگی یەکەم وتارێك نووسراوە لە ژێر سەرباسی «دایك»دا، وەختی خۆی بەپەخشان نووسیبووم، لە پاشا دام بە معاونی شرطە عارف محمودی مەشهوور بە عارف قاپ ڕەش کە چەند ڕستەیەکی بخاتە شێوەی شیعرەوە. لە پاش نووسینی ئەبوو بە پەراوێز بم نووسییایە کە ئەم شیعرانە هی فلان کەسن، بەڵام لە بیر چوو؛ وا ئێستا بۆ ئاگاداریی نووسیمان..*

٢– *هەروا لە لاپەڕە (٦٦)دا لە وتاری «خۆشەویستی نیشتمان»دا سێ شیعری شێخ سەلام نووسراوە بێ ئەوەی بە پەراوێز ئاماژەی بۆ کرابێ؛ وا ئەمەیشمان پێش چاو خست، بۆ هەردوولا داوای لێ بوردن ئەکەین.*

# جزمی سێیەم

# پێشەکی

شێخ محمدی خاڵ نووسەر و خاوەن بیرێکی ناسراوە، جێ پەنجەی لە بواری کوردایەتیدا لە مێژە بەدی ئەکرێ لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا. ئەو کوردایەتییەی کە بەئەنجامدانی کاری گەورە خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتیمانی پێ کردووە و، هەموو کوردێك بەجیاوازی بیروڕا کەلکی لە نووسینەکانی وەرگرتووە و وەردەگرێ و هەست ئەکات کە بەرهەمی ئەو کارە مەزنانە بەردی بناغەیە لە هەموو کۆششێکی دڵسۆزانە بۆ هێنانەدی ڕۆژێکی باشتر بۆ میللەتی کورد کە بتوانێ وەك هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین بەسەربەخۆیی بژی لە خاکی خۆیدا.

شێخی خاڵ و هەموو ئەو نووسەر و شاعیرە کوردپەروەرە گەورانەی کە لە کۆتایی سەدەی پێشوو و سەرەتای سەدەی بیستدا هاتوونەتە دنیاوە، وەك ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حیلمی و عەلائەدین سەجادی و مەلا عەبدولکەریمی مدرس و گیوی موکریانی و پیرەمێرد و گۆران و کەسانی تریش، کوردایەتیی ئەمانە ڕێز گرتن بووە لە کۆشش و تەقەلای بەردەوام بەدرێژایی ژیانیان، کە ناتوانرێ بێ ئەو کۆششە شتێکی بەکەڵك بەدەست بهێنرێ، ئەم گەورە پیاوانە بۆ خۆیان نە ئەژیان، بەڵکو ئەژیان بۆ خزمەتی میللەتەکەیان بەڕادەیەك کە دەوڵەمەندیی و گرنگیی بەرهەمەکانیان نەك هەر سوودبەخش بوو بۆ کورد، بەڵکو گەلانی تریش سوودیان لێ وەردەگرت.

ئەم کەڵە نووسەرانە لە زووەوە بەبیر و قەڵەم و کۆششی بێ وچان دەستپێشکەرییان کردووە و، هەر یەکەیان زیاتر لەو بوارە کە شارەزایی تیادا هەیە بەرهەمی بەنرخی پێشکەش گەلەکەی کردووە و کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردۆتەوە و ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بووژاندنەوەی کەلەپوور و سامانی نەتەوایەتیمان و ناسینی کورد بەجیهان.

شێخ محمدی خاڵ لە ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی و خوا پەرستییا گیانی بەخت کردو، بەقەڵەمەکەی خزمەتی نەتەوەکەی بەگرنگترین پێویستیی سەرشانی خۆی ئەزانی و، لە زۆر بواری جیاوازی ڕۆشنبیریدا توانی وەك نووسەرێکی خاوەن بەهرەی بەدەسەڵات زۆر بەرهەمی نۆبەرەی بەکەڵك ئەنجام بدات، کە لەپێش ئەووەوە کەس نەبوو لەو بوارانەدا شتێك بنووسێ. شێخی خاڵ توانی بەکۆششی (٤١) ساڵ لە بواری زمانەوانیدا

(فەرهەنگی خاڵ) پێشکەش گەلی کورد بکات و، لە بواری کەلەپووری نەتەوایەتیمان (پەندی پێشینان) بخاتە بەردەم خوێنەرانی کوردەوە و، لە بواری ئەدەبی و ژیاننامەی شاعیران و نووسەرە کۆنەکانمان کە پێش ئەو باس نەکراون، توانی ئەم بەرهەمانە ئەنجام بدات: (مفتی زەهاوی، شێخ مەعروفی نۆدێ، بێتوشی، مەلا محمدی خاکی، بابە تاهیری هەمەدانی و شێخ ئەحمەدی فائزی بەرزنجی و کەسانی تریش، هەروەها لە بواری ئایینیدا (تەفسیری خاڵ) لە چاپ بدات بەشێوەی تەفسیرێکی عەسری کە بگونجێ لەگەڵ ئەمڕۆدا، لەگەڵ زۆر چالاکی ئەدەبی و زانیاری تر.

ئەم نووسەرە گەورانەی کە باسمان کردن، سامانێکی وایان بۆ بەجێ هێشتووین کە تا کورد مابێ سوودی لێ وەردەگرێ و، میللەتی کورد تا ماوە قەرزاریانە و، بەرهەمەکانیان سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیرییە بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەیانەوێ لەو بوارانەدا لێکۆڵینەوەی زانستی پێشکەش خوێنەران بکەن. ئەم کۆمەڵە وتارە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا تەواوکەری کتێبی (ناڵەی دەروون)ە کە یەکێکە لە دەسنووسەکانی خوالێخۆشبووی باوکم، کە لە ماوەی ژیانیدا نەیتوانی بڵاوی کاتەوە، چونکە ڕێی پێ نەدەدرا. وا ئێستا بەهیممەتی دڵسۆزانی کورد و لەژێر سایەی ئازادیی بیروڕا لە کوردستاندا و بەیارمەتی دەزگای ڕۆشنبیریی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چاپ درا. نووسینی ئەم کۆمەڵە وتارە ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ تا سەرەتای هەشتاکان. ئەو شۆڕشە مەزنەی کە قارەمانی ڕزگاریی کوردستان مستەفا بارزانی سەرۆکایەتی کرد، کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی عیراقدا ڕژێمێکی عەسکەریی بۆ سەرکوتکردنی ئەو مافە نەتەوایەتییە ڕەوایانەی گەلی کورد داوای ئەکرد، جەنگێکی فراوان بەرپا بکات بەتۆپ و تەیارە و هەموو چەکێکی قورسەوە دژ بەگەلەکەی خۆی و، ئامانجی نەك هەر زاڵبوون بوون بەسەر شۆڕشگێڕاندا، بەڵکو کاولکردنی کوردستان بوو. لە کاتێکدا ئەتوانرا بەدانوستان- مفاوضات- ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، بەتایبەتی کە سەرۆکی شۆڕشی ئەیلول شەڕی نەدەویست و ئامادە بوو بە وتوویژ چارەسەرێك بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. بەم جۆرە عەبدولکەریم قاسم یەکەم کاربەدەستی عیراق بوو کە ئاوێکی خراپی ڕشت و ڕێبازێکی خوێناوی گرتەبەر و سوپای کرد بە دوژمنی میللەت و ڕێی خۆش کرد بۆ کاربەدەستانی دوای خۆی کە بەهەمان ڕێگای سامناکدا بڕۆن، تا عیراقیان بەکورد و عەرەبەوە گەیاندە ئەم بارە ئاڵۆزە ناهەموارەی کە هەموو بەدەستییەوە ئەناڵێنین.

ناوەرۆکی ئەم کتێبە دەربڕینی هەستی دڵسۆزێکی ئەم خاکە و نیشتمانەیە کە بەچاوی خۆی ئەیبینی ئەم کاربەدەستە جانەوەرە ڕەگەز پەرستانە چی بەگەل و وڵاتەکەی ئەکەن و، هەردەستەیەك دێنە سەر حوکم زۆر خراپترن لەوانەی پێش خۆیان، هەروەك پێشبڕکێ بێ بۆ خراپەکردن و کاولکردنی وڵات و فەوتانی میللەتی کورد. بەداخەوە کەم کەس هەن کە دەرس لە مێژوو وەربگرن، بۆیە، کاربەدەستانی عیراق کە هیچ فێر نابن مەحکومن بەوەی کە هەڵەکانیان دووبارەکەنەوە.

بەشێك لە گرنگی ناوەرۆکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە نووسەر کەمێك لە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بەسەر شاری سلێمانی و دەوروبەریدا هات بەئەمانەت ئەیگێڕێتەوە، کە لەوێچێکە لە خەرمانێك لەو کارەساتانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە کە بەداخەوە کەم خاوەن قەڵەم هەن لە نووسەران و شاعیران و چیرۆکنووسان کە لەم بوارەدا بایەخیان دابێ بۆ تۆمارکردنی بارودۆخی کوردستان، چ جای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو بەسەرهاتانە کە بوو بە بەشێك لە مێژووی پڕ شانازیی خەباتی ئەم میللەتە بەرامبەر دڕندەیی لە وزە بەدەری دوژمنانی.

ئەوەی گومانی تیا نییە لە تەمووزی (١٩٥٨)ەوە تا ئەمڕۆ چوار تاقمی سیاسی جیاواز حوکمڕانیی عیراقیان کردووە لە چەپڕەوەکان و قەومییە عەرەبەکان و ناسرییەکان و بەعسییەکان. ئەمانە سەرەڕای جیاوازییان لە بیروڕا و بۆچوونیان، هەموویان لە دوژمنایەتیی کورد و مافە ڕەواکانی یەك بوون و، کورد قڕکردن بەناڕەوا یەکێك بووە لە دروشمە سەرەکییەکانیان، ئینجا هەر تاقمە و بڕوبیانووی خۆی هەبووە بۆ لێدانی کورد. هەروەها گومانیش نییە لەوەی سەرکردە سیاسییەکانی کورد بەدرێژایی خەباتی چەکدارییان، هێندێ جار بەمافی کەمتر لەوەی کە جەماوەر داوای ئەکرد ڕازی ئەبوون لەژێر دروشمی برایەتی کورد و عەرەب، چونکە نەیان ئەویست لەوە زیاتر خوێن بڕێژرێ، جگە لەوەی لەو سەردەمەدا هەر ئەوەندە لە توانادا بووە بۆ سەندنی مافە نەتەوایەتییەکان لە قورگی کاربەدەستانی عەرەب، میللەتی کورد هەرگیز برایەتی عەرەب و کوردی نەدی بەچاوی خۆی، چونکە لە مەرجەکانی ئەم برایەتییە ئەبێ کورد نەك عەرەب هەر بەبرای خۆی دانێ، بەڵکو بەبرای گەورەشی، عەرەبیش خۆتان باشی ئەزانن ڕەفتاری چۆن بووە لەگەڵ برا بچووکەکەیدا.

ئێستاش دوای ئەم هەموو پەتپەتێنییەی کە پێمان کرا، دوای ئەو هەموو خوێنەی ڕژا و ئەو هەموو شەهیدانەی دامان لە ڕێی ئازادیی کوردستاندا کە ژمارەیان لە

زیندووەکانمان زیاترە، کاتی ئەوە هاتووە کە هێزە سیاسییە ناکۆکەکانمان بە هەستکردن بە بەرپرسیاری و بیرکردنەوەیەکی لەسەرخۆ لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە بەرەو ئاشتبوونەوەیەکی گشتی کە بەرژەوەندیی کورد لەسەر هەموو مەسەلەیەکی ترەوە بێ و، ئەبێ لەمەودوا ڕێ نەدرێ بەعەقڵیەتی عەسکەرتاریا کە بالا دەست بێ لە کاروباری کوردستاندا. چونکە لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووخوازی جیهاندا عەسکەرییەکان فەرمان لە سەرکردە سیاسییەکانەوە وەردەگرن نەك بەپێچەوانە.

لە کۆتاییدا وتە بەنرخەکەی فەیلەسووف و شۆڕشگێڕی گەورەی فەرەنسی (ڤۆڵتێر)م بیر ئەکەوێتەوە کە ئەڵێ: (من نازانم کەسانی تر چی ئەڵێن، بەڵام من دووپاتی ئەکەمەوە بۆتان، یا ئەبێ بڕۆن بۆ پێشەوە یا نەمێنن).

خالد محمد خاڵ

سلێمانی ١٩٩٨

## نرخاندنێکی ئەم بەرهەمە

چاکترین شایەتی مێژوو، ئەوانەن کە ڕاستگۆیانە لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژانی ژیانی خۆیان ئەنووسن. نووسەری گەورە و پایەبەرزی کورد شێخ محەمەدی خاڵ، لەم کۆمەڵە وتارەیدا کە بایەخێکی مێژوویی تایبەتی هەیە و بڕێك لە جانەوەرێتی داگیرکەرانی کوردستان ڕیسوا ئەکات، ژمارەیەك پەند و سەرەتای هەندێك بابەتی فەلسەفیش ئەورووژێنێ کە دەشێ وانەیەك بێ بۆ نەوەکانی دوای شێخی خوالێخۆشبوو.

لەژێر سەرناوی (بیگۆڕن تا خواش بیگۆڕێ) دا لە شۆڕشی ئەیلوول ئەدوێ بەشێوازێك کە جەخت لەسەر فەرمایشتەکەی یەزدان (إن الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم) ئەکات و دوایی ئەم ڕاستییە لەگەڵ گرنگیی شۆڕشی ئەیلوولدا گرێ ئەدات کە چۆن لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەوە لە سایەی پێشمەرگەدا، ئەوی جاران کۆمەڵ و گەل نەیان ئەوێرا بیڵێن ئەمڕۆ ئەیکەن.

نووسەر لە دەرگای ئەو ڕاستییەش ئەدات کە میللەتێکی ناهوشیار لە ڕووی نەتەوەیییەوە، لە خەوی نەگبەتی بێدار نابێتەوە تا زۆر و ستەمی داگیرکەران بێداری نەکاتەوە، بەمەش وەك بیەوێ بڵێ نەتەوەی کورد نە ستراتیژی هەیە، نە بەرنامە و نەخشەیەکی پێشەکیشی هەیە بۆ شۆڕشەکانی یا بۆ ئایندەی خۆی، بەپێچەوانەی ئەو گەلانەوە کە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و نەخشە و پلان و بەرنامەوە، خەباتی نەتەوەییانەی خۆیان ئەنجام ئەدەن. ئەوەش ئاشکرایە نەبوونی نەخشە و بەرنامەیەکی لەو جۆرە، یا دیاری نەکردنی ستراتیژی نەتەوەیەك، جگە لەوەی پاشاگەردانی و بگرە دووبەرەکی و ئاژاوە و شەڕی ناوخۆشی لێ ئەکەوێتەوە، چەندین هەلیش لە دەست ئەدات بۆ ڕزگاری ئەو نەتەوەیە، یان ئەبێتە هۆی گەشەنەکردنی.

لە وتاری (چ ڕۆژێکی ڕەش بوو)دا دێتە سەر مەرگەساتەکانی نەتەوەی کورد لە ئەنجامی هەردوو وەرگەڕان (انقلاب)ی چواردەی ڕەمەزانەوە و بەراوردێکی پەند ئامێز لە نێوان ژمارەی چواردە و سیانزەدا ئەکات و ئەڵێ: (مەردوم بەهەڵەدا چوون کە ژمارەی سیانزەیان بە نەحس زانیوە. چونکە لە چواردەی تەمووز و ڕەمەزانەوە دەرکەوت کە هەر نەحسی چواردەیە یەخە گیری سیانزەش بووە). لێرەدا پەندەکە لەوەدایە کە هەر وەرگەڕان و شۆڕشێك لە پایتەختی داگیرکەرانی کوردستاندا، ئەگەرچی لایەنێکی چاکیشی هەبێ

بۆ نەتەوەی باڵا دەستی ئەو پایتەختە، مەرج نییە بۆ نەتەوەی کوردیش ئەو لایەنە چاکییە دروست بکات، بەڵکو ئەگونجێ ئەنجامەکەی بەخراپیش بشکێتەوە بۆ ئێمەی ژێردەستە. تا ئێستاش بەکردەوە ئەوەی دیومانە هەر وابووە.

ئەوە بوو لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، کوردەکانی یەکێتی سۆڤێت پەرش و بڵاوکرانەوە. بزووتنەوەکەی مستەفا کەمالیش لە تورکیا، دوای ئەوەی خۆی گرت، ئەنجامەکەی بە نەهێشتنی پەیمانی سیڤەر و قەلاچۆکردنی کورد شکایەوە. لە ئەنجامی وەرگەڕانەکانی بەغدا و دمشق و تارانیش دا لە نیوەی دووەمی ئەم چەرخی بیستەدا، زەرەرمەند هەر نەتەوەی کورد بووە. لە ئەنجامی ئەم ڕاستییانەشەوە ئەگەینە ئەوەی بەند و باوی دیموکراتێتی بۆ ئەو پایتەختانە و ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی بۆ کوردستان، هەمان چارەنووسی ئەبێت بۆ کورد. ڕاستییەکەی چارەسەری کێشەی کورد تەنیا لە سەربەخۆیی دایە. بۆیە پێویستە ستراتیژی هەموو تاك و کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی سیاسی کورد، سەربەخۆیی و یەکێتی خاکی کوردستان بێت، ئەمەش نابێ دروشم و ئامانجێکی شاردراوە بێت، بەڵکو پێویستە ئاشکرا کرێت و هەمیشە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی پێ گۆش کرێت. دیارە ئەگەر بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە کات و جێگەیەکی نالەباردا لە تواناداا نەبوو، ئەوا دەسکەوتێکی لەوە کەمتری وەك فیدراڵی یا ئۆتۆنۆمی یا هەر جۆرە نیوە قەوارەیەکی لەو بابەتانە ڕەت ناکرێتەوە و ڕاست بوترێ یا هیچی. بەڵکو کە هەمووی نەبوو هەمووش ڕەت ناکرێتەوە (مالایدرك کلە لایترك کلە). بەڵام لێرەدا مەرجەکە ئەوەیە کە ئامانجە ستراتیجییەکە لە یاد نەکرێ و نەشاردرێتەوە، وە ئەگەر سیاسەتمەدارێکی کورد یەخەگیری پرسیارێکی وابوو کە ئایا ئێوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ کار ئەکەن؟ ئەو وەکو منداڵێکی بەچە ترسێنکراو نەڵێ نەخێر ئێمە کفری وا ناکەین و ئامانجی ئێمە تەنیا یەکێتیی خاکی ئەم دەوڵەت یا ئەو دەوڵەتی ئێستایە.

لەم دید و بۆچوونانەوە، نووسەری بەڕێزمان لەم بەرهەمەیدا گرنگییەکی تایبەتی ئەدات بەخەباتی نەتەوەییمان و بەدەوری پێشمەرگەی کوردستان و ئەڵێ (ژیانی ئێجگارییان سەندەوە و نرخ و ڕێزی هەزارانساڵەیان کڕییەوە).

ئاشکرایە خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ کەسێتییەکی گەورە و دیار بوو لە ناو زانایانی ئایینیشدا. بەڵام زانایەکی ئایینیی بیر فراوان و هەڵکەوتبین (واقعی) بوو. بۆیە لەم بەرهەمەیدا بەراوردێکی بیر فراوانانە لە نێوان کرداری موسڵمانە عەرەبەکان و دیانە ڕووسەکان و جووەکان ئەکات. نووسەر دوای ئەوەی لەکارە دڕندانەکانی

هاوئاییینان ئەدوێت کە چ کوشتار و وێرانکاری و تالآن و بڕۆیەکیان ئەنجام داوە لە کوردستانی هاوئایینانیاندا، بەڕادەیەك کە مزگەوتەکانی خانەی خواش لە تاوانەکانیان ڕزگار نەبووە، ئینجا ئەڵێ: (ڕووس بەڕووسێتی خۆیەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هاتنە پێنجوێن دەستیان لە یەکێك نەدا و دەستیان بۆ پەڕە جگەرەیەك درێژ نەکرد)، دیسان ئەڵێ: (دەك خوا بتان کا بەقوربانی جوولەکەکان، کاتێك کوردستانیان بەجێهێشت فەرش و بەرماڵی کەنیشتەکانیان نەبرد لەگەڵ خۆیاندا و لە شوێنی خۆی بەجێیان هێشت، چونکە بە ماڵی خانەی خوایان ئەزانی کە بۆ کەس دروست نییە دەستی بۆ بەرێ). دوای ئەمە نووسەر زیاتر پێ لەسەر بۆچوونەکانی دائەگرێ و ئەڵێ: (ئەگەر دین و شارستانێتی و زانین و دەستووریش ئەڵێیت، ئەوە کیفێکی ئالْتوونە بەسەر کەڵبەوە و بۆیەیەکی ئاڵە بەنینۆك و چنگەوە).

ئەشێ ئەم دیدو بۆچوونەی زانای ئایینیی پایە بەرزمان، وانەیەك بێ بۆ سەرجەم ئایینپەروەرانی کوردستان کە مرۆڤ بەر لەوەی سەر بەئایینێك بێ، سەر بە نەتەوە و نیشتمانێکە. هەروەها دەشێ پەندێك بێ بۆ ئەو بەناو سیاسەتمەدارانەی کورد کە بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابوردوو لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیاندا هێرشیان ئەبردە سەر جوولەکە و سەر ڕۆژئاوا و گۆرانییان بۆ برایەتی کورد و داگیرکەرانیان ئەچڕاند، ئەوەش کارێکی شاردراوە نەبوو لای جوولەکە و لای ڕۆژئاوا، ئەوە بوو لە ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەی پاریس لە بارەی چەکی کیمیاییەوە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ لە بارەگای (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری– یۆنسکۆ) کە تایبەت بوو بۆ دەوڵەتانی خاوەن سەروەری و دەسەڵاتدارانی فەرەنسا نەیانهێشت کوردە خۆپیشاندەرەکان بپەڕنەوە بۆ هۆڵی کۆنگرەکە... لەو ڕۆژەدا باڵیۆزی ئیسرائیلی لە پاریس لەگەڵ کوردێکدا بەقسە دێت و ئەڵێ: (ئەوە بۆچی لەکاتێکدا کاربەدەستانی جوولەکە و ڕۆژئاواش لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە یارمەتی کورد ئەدەن و کاربەدەستانی عەرەبیش کیمیاییتان پیا ئەکەن، کەچی پارتە سیاسییەکانی کورد هەمیشە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە هێرش ئەبەنە سەر ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و بەرگری لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی فەلەستینییەکان ئەکەن!؟.

تاکە خاڵێك لەم بەرهەمەدا کە جێی سەرنج و پیاچوونەوە بێ، ئەوەیە کە نووسەر ئەڵێ: (هیچ حەلێك قانون یەکێکی نەپاراستووە لە یەکێك و هیچ دەمێك پەیمان گەلێکی نەپاراستووە لە گەلێك). ئەمە یەجگار بەو ڕەهاییە نییە و یاسا و پەیمان تا ڕادەیەك

دەوری پاراستنیان هەیە. هەر چەند بوچوونەکەی شێخ لایەنی ڕاستیی تیا زاڵترە وەك لەلایەنی هەڵە، چونکە یاسا زیاتر بۆ سزایە و پەیمان بۆ ڕێکخستنێکی کاتییە. لە مەودای دووریشدا ئەم بوچوونەی نووسەر ئەو پەندەمان ئەداتێ کە تەنیا یاسا و پەیمان و گفتی دۆستان بەس نییە بۆ پاراستنمان، بەڵکو لە پاڵ ئەوانەدا پێویستە پشت ئەستوور بین بەخۆمان و هێزی بەرگریمان کاریگەرتر کەین بۆ کاتەکانی پەیمان و گفت شکاندن.

کامل ژیر

١٦/١٠/١٩٩٨

## شێخ محەمەدی خاڵ لە چەند دێڕێکدا

شێخ محەمەدی خاڵ کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمینی خاڵە. لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. هەر لە منداڵییەوە عاشقی کتێب و خوێندنەوە و نووسین بووە و، لەم بوارە پیرۆزەدا هەموو ژیانی بردەسەر تا چاوەکانی ڕووناکییان تیا نەما، ئیتر قەڵەمەکەی لە کارکەوت و لە ١٥ی تەمووزی ١٩٨٩ دا کۆچی دوایی کرد.

شێخی خاڵ لە ساڵی ١٩٣٩ دا بووە بە قازی و، (٢٨) ساڵ وەك قازییەکی شارەزای ناودار خزمەتی دادوەریی کرد لە عیراقدا. لەم ماوە درێژەدا قازی بووە لە سلێمانی و کەرکووك و مووسڵ و، لە سەرەتای شەستەکاندا بووە بە ئەندامی مەحکەمەی تەمیز لە بەغدا.

شێخ محەمەدی خاڵ یەکێکە لەو کوردە کەمانە کە لە ساڵی ١٩٥٣وە بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراق و لە سەرەتای حەفتاکانەوە بووە بەجێداری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد. مامۆستای ناوبراو جێ پەنجەی زۆر دیارە لە هەر دوو کۆڕەکەدا و، بەرهەمەکانی باشترین بەڵگەن لەم ڕووەوە. لە ئازاری ١٩٨٠ دا هەڵبژێرراوە لەناو ئەندامانی کۆڕی زانیاری عیراق و کراوە بە ئەندامی یاریدەدەر لە کۆڕی زمانی عەرەبی ئەردونی. شێخی خاڵ بەڕێی هەردوو کۆڕی زانیارییەوە توانیوێتی خزمەتی گەلەکەی بکات لە بواری ڕۆشنبیریدا و ناوی گەورە پیاوانی کورد بگەیەنێ بە جیهان.

## لە چالاكییە زانستی و ئەدەبییەكانی شێخ محەممەدی خاڵ

شێخی ناوبراو لە ماوەی (٥٥) ساڵ تێكۆشانی بێ وچان توانیوێتی ئەم بەرهەمانەی خوارەوە لە چاپ بدات و بیخاتە بەردەم خوێنەرانی كوردەوە.

**أ- بەرهەمەكانی بە زمانی كوردی.**

١- تەفسیری سوورەتی عمّ: لە ساڵی ١٩٣٣

٢- فەلسەفەی ئایینی ئیسلام: لە ساڵی ١٩٣٨

٣- مەولوود نامەی نەو ئەثەر (چاپی یەكەم): لە ساڵی ١٩٣٧، (چاپی دووەمی): لە ساڵی ١٩٧٢

٤- مفتی زەهاوی: لە ساڵی ١٩٥٣

٥- تەفسیری سورەتی فاتحە: لە ساڵی ١٩٥٥

٦- پەندی پێشینان (چاپی یەكەم) لە ساڵی ١٩٥٧ كە بریتییە لە (١٣١١) پەند.چاپی دووەمی لە ساڵی ١٩٧١ كە بریتییە لە ٣٨٩٣ پەند، چاپی سێیەمی لە ساڵی ٢٠٠٠ كە بریتییە لە ٤٥١٣ پەند.

٧- فەرهەنگی خاڵ (بەرگی یەكەم): لە ساڵی١٩٦٠

٨- فەرهەنگی خاڵ (بەرگی دووەم): لە ساڵی ١٩٦٤

٩- فەرهەنگی خاڵ (بەرگی سێیەم): لە ساڵی ١٩٧٦

١٠- ناڵەی دەروون (جزمی یەكەم): لە ساڵی ١٩٨٤

١١- ناڵەی دەروون (جزمی دووەم): لە ساڵی ١٩٨٥

١٢- سەید جەمالەددینی ئەفغانی: لە ساڵی ١٩٧٦

١٣- بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بە عوریان: لە ساڵی ١٩٧٧

١٤- مەلا محەمەدی خاكی: لە ساڵی ١٩٧٨

١٥- تەفسیری خاڵ (جزمی یەكەم): لە ساڵی ١٩٦٩

١٦- تەفسیری خاڵ (جزمی دووەم): لە ساڵی ١٩٧٢

١٧– تەفسیری خاڵ (جزمی سێیەم): لە ساڵی ١٩٧٩

١٨– تەفسیری خاڵ (جزمی بیست و هەشتەم): لە ساڵی ١٩٨١

١٩– تەفسیری خاڵ (جزمی سێیەم): لە ساڵی ١٩٨٤

٢٠– تەفسیری خاڵ (جزمی بیست و نۆهەم): لە ساڵی ١٩٨٦

٢١– تەفسیری خاڵ (جزمی بیست و حەوتەم): لە ساڵی ١٩٩٠

٢٢– سۆزی مینبەر : لە ساڵی ١٩٩٧

**ب– بەرهەمەکانی بە زبانی عەرەبی:**

٢٣– البیتوشی: لە ساڵی ١٩٥٦

٢٤– تأریخ الامارة الافراسیابیة أو حلقة مفقودة من تأریخ البصرة(١): لە ساڵی ١٩٦١

٢٥– الشیخ معروف النودهی: لە ساڵی ١٩٦٢

٢٦– مقدمة المؤنثات السماعیة: لە ساڵی ١٩٦٧

٢٧– کنز اللسن: لە ساڵی ١٩٨٠

٢٨– مخطوطات مکتبة الشیخ محمد الخال في السلیمانیة: وتقع في ثلاثة اجزاء، وقد استلت من مجلة المجمع العلمي الکردي التي صدرت في الاعوام ١٩٧٣و ١٩٧٤و ١٩٧٥ علی التوالي.

٢٩– چالاکی تر لە بواری وەرگێڕان بۆ سەر کوردی و دانانی ئەو کتێبانەی کە ئەخوێنرێن لە قوتابخانەکانی عیراقدا و کاتی خۆی لەلایەن وەزارەتی زانیاری (پەروەردە)وە لە چاپ دراون، کە شێخ محەمەدی خاڵ یەکێکە لە نووسەرە سەرەکییەکانی بۆ نموونە وەك :

١– ڕێزمانی کوردی: لە ساڵی ١٩٦٠ لە چاپ دراوە.

٢– پەروەردەی ئاینی: لە ساڵی ١٩٧٤ لە چاپ دراوە.

٣– ئایین و ڕەوشت جوان کردن: لە ساڵی ١٩٤٩ لە چاپ دراوە.

---

(١) لە سەر بڕیاری کۆمەڵەی گشتی یەکێتی مێژوونووسانی عەرەب، خەڵاتی مێژوونووس درا بە مامۆستا محەمەدی خاڵ لە بەرواری ٢/١٠/١٩٨٧، لەسەر لێکۆڵینەوە بەنرخەکەی بەناوی (تأریخ الامارة الافراسیابیة أو حلقة مفقودة من تأریخ البصرة).

**ج- ئەو بەرهەمانەی کە دەستنووسن و چاوەڕوانی چاپکردنن:**

٣٠- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی: لەژێر چاپدایە (تێبینی) ئەم کتێبەش لە دەزگای ئاراس لەچاپدایە.

٣١- ناڵەی دەروون (جزمی سێیەم).

٣٢- ناڵەی دەروون (جزمی چوارەم) کە کۆمەڵێك وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژووییە بەزمانی عەرەبی، کە لە پەنجاکانەوە تا هەشتاکان لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراقدا بڵاوکراوەتەوە.

٣٣- لە لاپەڕەکانی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ: کە تا ئێستا (١٣) ئەڵقەی بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ئیسلامیدا.

٣٤- دەستووری زبانی کوردی.

## چ ڕۆژێکی ڕەش بوو

ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ تا ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٣ ڕۆژێك بوو وەك مووچڕکی تادار، یا وەك چۆقەی لەرزدار، بەڵکو وەك تەکان و لەرزەی بوومەلەرزە وابوو، گەورە و بچووك و بەرز و نزمی وەك یەك هێنایە جونبوش و لەرزین. لە سەعات چواری بەیانییەوە لە هەموو شاری سلێمانی و کەرکووك و هەولێردا هاتنە دەرەوە و هاتوچۆ قەدەغە کرا و تەلەفۆن لە هەموو ماڵێك بڕا، کەس ئاگای لە کەس نەما و هەموو کەسێك دەرگای لە خۆی خاکڕێژ کرد وەك مەلێکی پەل و باڵ شکاو خۆی و ماڵ و منداڵی توروشکەیان کرد و ئەژنۆیان نا بەسنگیانەوە و چاوەڕوانیان ئەکرد بزانن چ بەڵایەك یەخەگیریان ئەبێ، یا چ خەم و خەفەتێکی تازە بەتازە ئەبێ بەمیوانیان.

شاری سلێمانی چل و یەك سەعات لەسەر یەك بوو بە شاری خامۆشان، جارێ واز لەوە بێنە کە لە سەد ماڵا حەفتا و پێنجی نە نان و نە ئارد و نە دانەوێڵە لە ماڵیدا نەبوو و، ئەوەی بەڕۆژ پەیدای نەکردایە و لە بازاڕا نەی کڕیایە نەیبوو بیخوات.

لە هەموو لایەکیشەوە تەقە دەستی پێ کرد، دەمێ گرمەی تۆپ و دەمێ تەقەی تفەنگ و دەمێ قرمەی شەستتیر و، لە پەنجا لاوە سەرباز و ئەفسەر بڵاوبوونەوە.

ماڵ بەماڵ دەستیان کرد بەپشکنین بۆ چەك و بۆ زەلام، لەبەر هەر ماڵێك سێ چوار لۆری سەرباز و ئەفسەر دائەبەزین بەشەستتیر و تۆمیگەنەوە دە پانزەیەکیان ئەچوونە ژوورەوە و ئەوانیکەی تر دەوری خانۆکەیان ئەدا لە کۆڵان و سەربانەوە. ئەوانەی کە ئەچوونە ژوورەوە ئەگەر زۆر زوو دەرگایان لێ نەکردنایەتەوە دەسترێژیان لێ ئەکردن و، بەم بۆنەیەوە بگرە تا پێنج سەد کەس کوژرا[١] لەپاشا دەستیان ئەکرد بەماڵ پشکنین و داریان بەسەر بەردەوە نەئەهێشت، تەنانەت جلوبەرگی ژنانیان هەڵئەتەکان و دەستیان ئەکرد بەکووپە و گۆزەدا و هەرچییەکیان بەردەست بکەوتایە لە پارە و زێڕو شتی بەنرخ بەدزی و بەئاشکرا ئەیان برد. هەموو سەربازێك دە پانزە ئەموستیلەی

---

(١) ئەمانە زۆریان هەر لە حەوشی خۆیاندا نێژران، لە پاشا گوێزرانەوە بۆ گۆڕستان. ئەوانەی کە لەبەر بێ کەسیش لە کۆڵانەکاندا مابوونەوە، شارەوانی سلێمانی لە ڕۆژی (١٤)دا لاشەکانی کۆکردەوە و ناشتنی.

ئاڵتوونی ژنانەی لە پەنجەدا بوو و، باخەڵی پڕ بوو لە بەستە دینار، ئەمانە هەمووی لەگەڵ جنێودان و تووڕە بوون و قسەی ناشیرین وتنا، ئینجا لەو پشکنینەدا هەر پیاوێکی گەورە یا خوێندەوارێکی کاربەدەست یا گەنجێکی زۆر بەهێز کە لەوانە بێ دەست بداتە چەك ئەیانگرت، خۆ ئەگەر چەکیان بدیایە ئەوە هەر باسی سەر بوو. گەڕەکەکانی قەراغ شاری سلێمانی درایە بەر تۆپ و دانیشتووانی دایانە دەشتەکە. خولاسە لە ڕۆژی یەکەم و دووەما سێ چوار هەزار کەس گیران بەهەموو حاکمەکان و دکتۆرەکانی و سەرۆکی دائیرەکان و مامۆستاکانەوە و، بە پێی پەتی و بێجامەوە ڕاپێچیان کردن و هەرچی تاوڵە و تەویلەی عەسکەری بوو پڕ کرا لەمانە. تاوڵەیەك کە جێی چل ئێستر بووبێ، شەش سەد کەسی تێ خزێنرابوو، پێنج شەش هەزار کەسیش لە ترسانا هەڵاتبوون. ڕۆژی سێیەم کە چەند سەعاتێك ڕێگا کرایەوە و خەڵق لەبرساندا هاتنە دەرەوە، لەسەر شەقامەکان هەرچییەکت ئەدی یا مناڵ یا پیرەمێرد یا پیرێژن بوو. لەمانە لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە سەرباز و ئەفسەر لەو دوو سێ ڕۆژەدا بازاڕیشیان تالآن کرد و هەرچی کۆگا و دوکانی زەڕەنگەر و پارەدار و کوتاڵ و زەخیرە بوو وەك لەوە پێش دەستنیشان کرابن هەموویان شکاندبوو و، بەلۆری عەسکەری گوێزرابوونەوە. لەمەش ناخۆشتر ئەم سێ چوار هەزار کەسە کە گیرابوون خواردنیان نەدانێ، ناچار دەنکە جۆی ناو تەرسی ئێسترەکانیان ئەخوارد کە دۆشەك و ژێرخەریان بووە. دوو سەد گەنجێکی مناڵکاریان لە ڕۆژی سێیەمدا لە برسانا بوورانەوە و، بەو ڕەنگە دە پانزە سەعات مانەوە.

ئەم سێ چوار هەزار کەسە لەسەر ئەرزێکی ڕەق و تەق لێی کەوتن، ئەوی ناو ئاخوڕێکی دەست بکەوتایە ئەوا لە هەموو لایەکەوە بەچاوەوە ئەکرا، تا هەموو میزیان بوو بەخوێن و تووشی زەحیریی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە گەلێکیشیان دان. بەڵام لەمانە لە هەمووی ناخۆشتر و ناڕەواتر ئەوە بوو کە لەپاش دوو مانگ بەردانیان دەرکەوت کە (٨٦) کەسیان لێ کوژرابوو، بەبێ ئەوەی کەسوکاریان بیان بینن یا بزانن چۆن کوژراون و چییان لێ کراوە، بەڵام ئەوەندە زانرابوو کە زەلامی کوژراوی زۆر فڕێ درابوونە ناو شیوەڵۆکەکانی لای حامییەوە و سەگ ئەیخواردن. تەنانەت سێ چوار لادێ لە خوار شاری سلێمانییەوە چاویان بە پەلی زەلامێك کەوتبوو بەدەم سەگێکەوە هێشتا سەعاتەکەی لەدەستا مابوو.

سەیر لەوەدا بوو کەس نەیدەوێرا قسە بکات، یا بڵێ ئەمەندە و ئەوەندەم براوە، یا دوکانەکەم تالآن کراوە، یا کوڕم یا برام کوژراوە، یا یەکێك سکالآ نامەیەك بۆ کەسێکی

گیراوی خۆی بدا، یا بوێرێ خواردەمەنییەکیان بۆ ببات. وەك ڕۆژی (قیامەت)ی لێ هاتبوو کەس سەر کەسی نەئەپرژا.

ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٤ سێ سەد کەسیان لێ بەردان. کە هاتنە دەرێ هەموو کەسوکار و خزم و خۆیشیان لەسەر ڕێیان وێستابوون، کەچی کەس کەسی خۆی نە ئەناسییەوە، چونکە هەموو ژاکاو و تێ قوپاو و چڵکن و کوڵکن و دەست و پێ کرێشاوی و سەر و ڕیش هاتوو. ئەوی بێجامەی سپی لەبەردابوو بێجامەکەی وەك دەواری لێ هاتبوو، سا مەگەر ئەوان کەسوکاریان بانگ بکردایە، لەپاش ئەوەی کە یەکترییان ناسییەوە بوو بەگریان و شین و شەپۆڕ بەرەنگێکی وا هەرچی چاوی پێیان ئەکەوت دەستی ئەکرد بەگریان. ئەو سلێمانییە خۆشە بوو بوو بەدۆزەخ. لەگەڵ دەرگا ئەدرا مووچڕکێك بەتەپڵی سەرتا ئەهات لە کەڵەموستی پێتەوە دەرئەچوو، دڵ ئەکەوتە تەپە تەپ و گورپە گورپ و، هەرچی لە ماڵا بوو خێرا هەموو ئەچوون بەدەنگ دەرگاکەوە، تا هەموو زوو بزانن کێ بوو هات. خۆ شاخە و شریخەی تۆپیش کە ناوبەناو بەسەر ماڵانا ئەتەقێنرا زۆر ژنی سکپڕی بەراویتە کرد و منداڵی نەخۆش خست لە ترسانا و زۆر کەس شێت و کەلەیی بوو و، هەرچی نەخۆشی دڵی بوو لەو چەند ڕۆژەدا هەمووی مردن و بەجێیان هێشتین.

نازانم قەت یادی بەهەشتت کردووە کە لە هەموو لایەکەوە باخ و باخات و دار و درەخت و سێبەر و ئاو و هەموو جۆرە میوە و خواردەمەنییەکی پاك و تەمیز، لەگەڵ کەیفخۆشی و پێکەنین و ئازادی و دڵنیایی و کامەرانی. لەپڕ پڕبێ لە زەبانییەی دۆزەخ و بەزۆر داگیری بکەن و سێبەرەکەی بکەن بەهەتاوی سوور و ئاوی بەگەڕاو و دڵنیاییەکەی بەترس و بیم و خۆشییەکەی بەناخۆشی و ڕابواردنەکەی بەتەنهایی و گۆشەگیریی و بێوەییەکەی بەجەنگ و ئاژاوە و ناز و نیعمەتەکەی بەگرانی و قاتوقڕ. شارەکەی سلێمانی کە جاران چوار وەرزە پڕ بوو لە میوە وای لێ هاتبوو دەم تەڕکەرەی تیا نەمابوو. یەك دەنك بامێ یا تەماتە یا سێو یا هەڵووژە یا ترۆزی یا خەیار یا هەر میوەیەکی تر بەهیچ جۆرێك دەست نەئەکەوت. ناچار لەجیاتی هەموو جۆرە میوەیەك هەر کەوەر و کەرەوز ئەخورا، تا تەندروستی بەتەواوی نەڕووخێ.

جاران کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرز بوونەوە و سەرکەوتن و پێشکەوتندا بوو، ساڵ بەساڵ خوێندەواریی زۆر ئەبوو و، هەژاریی کەم ئەبوو، بەرەبەرە مەردوم ئەبووژایەوە و ساڵ بەساڵ دەغڵودان و لۆکە و توتن و مەڕوماڵاتی زۆرتر ئەبوو، ڕەزە وێرانەکانی ئاوا ئەکرانەوە و باخ و باخاتی لێ زیاد ئەکرا دار و دارستانی کەمتر ئەبڕرا. زۆر کەس لە

شارەکانی کوردستان خانووی ڕێکوپێکی لێ دروست کرد و، هەموو کەسێك ئەیویست بەپێی خۆی ماڵ و حاڵێك ڕێك بخات و بەخۆشی ژیان بەرێتە سەر. بەڵام کوتوپڕ لە تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)ەوە بەرە بەرە دێوەڵووکەی بیابان ڕێگای پێ گرتن و مۆتەکەی زۆر و ستەم لە جێگا و ڕێگای باو باپیرماندا سوارمان بوو و، شەوەی تەماع و خوودسەریی (استبداد) لە کۆشی دایکی نیشتمانمان دەستی نایە بینە قاقامان بۆ خنکاندن و تاساندنمان. بەڵام لە چواردەی ڕەمەزانی ١٩٦٣ وە زۆر بەنامەردانە دەستیان دایە یەخەمان. هیچ کوردێك کە لە ماڵ چۆتە دەرەوە بەتەمای خۆی نەبووە تا هاتۆتە ماڵەوە، چونکە حەرەسێکی قەومی زۆر بەئاسانی ئەیتوانی بیکوژێ و بڵێ تفەنگەکەم لە دەست دەرچوو، هەر وەك بەم ڕەنگە زۆر کەسیان کوشت بەبێ تاوان. هەموو کوردستان پڕ بوو بوو لە دز بەناوی سەربازەوە، لە گورگی هار بەناوی ئەفسەرەوە. قەت بووە وەرتەی کاشان و کرمانی سێ هەزار دیناری بکرن کەچی دە دینار بدەن بەخاوەنەکەی، خۆ ئەگەر قسەشی بکردایە ئەیانگرت و لە بەندیخانە توندیان ئەکرد و دەستیان ئەکرد بەلێدان و ئازاردانی تا دوو سەد دیناری تریشیان لێ ئەسەند ئینجا بەریان ئەدا، هەروەك هەزاران فەردە کووتاڵ و شەکر و سندوقە چایان داگیرکرد. دووسێ هەزار دێ لە کوردستاندا وێران و تاڵان کرا. تەنانەت مریشك و کەڵەشێر و قەلەکانیشیان بەلۆری ئەهێنایەوە و بەشەو لە نادی مووسڵ و هەولێر و کەرکووك و سلێمانیدا ئەکرا بە مەزە و ئەخورا. دانیشتووانەکەشیان ئەوی کوژرا کوژرا و ئەوی لە برساندا مرد ئەوا مرد و ئەوی دەریش چوو بڵاوبوونەوە بەهەموو وڵاتا بەسواڵکەری، لە زستاندا بە ڕووتی و بە سکی برسی، شەو لە کۆڵاناندا خۆیان حەشار ئەدا.

ڕووس بەڕووسی خۆیەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هاتنە پێنجوێن دەستیان لە یەکێك نەدا و دەستیان بۆ پەڕە جگەرەیەك درێژ نەکرد، بەڵام ئەمانە شاری پێنجوینیان بەتۆپ و بۆمبا سووتاند و تەختیان کرد کە هەزار و دووسەد ماڵ بوو و، دوانزە مزگەوت و هەزار و دووسەد و پەنجا قورئانی تیابوو، لە پێشەوە هەرچی لە شارەکەدا بوو لە کووتاڵ و شەکر و چا و دەغڵ و ناو ماڵ، لەگەڵ قاڵیی و لاکێشی مزگەوتەکان تاڵانیان کرد، و بەلۆری عەسکەریی ناردیانەوە بۆ بەرەوخوار، ئینجا تەختیان کرد. دەك خوا بتانکا بەقوربانی جوولەکەکان، کاتێك کە کوردستانیان بەجێهێشت، فەرش و بەرماڵی کەنشتەکانیان نەبرد لەگەڵ خۆیاندا و، لە شوێنی خۆی بەجێیان هێشت چونکە بەماڵی خانەی خوایان ئەزانی، کە بۆ کەس دروست نییە دەستی بۆ بەرێ.

پێم باوەڕ بکە- بەگەورەیی خوا- کە وتەی چواردە ئەبیەم مووچڕکم پیادێ، من وا ئەزانم ئەمە هەزاران ساڵە مەردوم بەهەڵەدا چوون کە ژمارەی سیانزەیان بە نەحس زانیوە، چونکە لە چواردەی تەمووز و ڕەمەزانەوە دەرکەوت کە هەر نەحسی چواردەیە یەخەگیری سانزەش بووە. دەك هەرچی چواردە هەیە لە جیهاندا خوا بیکات بەقوربانی تاقە سیانزەیەك.

ئەم هەموو زۆر و ستەمەی کە کران لە کوردستاندا نەبۆ خوا بوو نە بۆ نیشتیمان بوو، بەڵکو زۆر و ستەمی ئادەمیی بوو لە برای هاو خوێن و هاودینی خۆی. بەڕاستی ئادەمی ئێستاش هەر ئادەمیی دەوری ئەشکەوت و جەنگەڵستانی هەزار ساڵ لەمەو پێشە، کە دزییان ئەکرد تا بیخۆن و پیاویان ئەکوشت تا بژین و مەردومیان ئەفڕاند بۆ ئەوەی بیانکەن بە بەندە تا زاڵ ببن و خودسەرییان ئەکرد تا فەرماندار بن. هیچ حەلێك یاسا یەکێکی نەپاراستووە لە یەکێك و هیچ دەمێك پەیمان گەلێکی نەپاراستووە لە گەلێك. ئەگەر دین و شارستانێتی و زانین و دەستووریش ئەڵێیت ئەوە کیفێکی ئاڵتوونە بەسەر کەڵبەوە و بۆیەیەکی ئاڵە بەسەر نینۆك و چنگەوە.

بەڕاستی زۆر دەمێکە گەلی کورد کەمتەرخەم و گوناهبارە، بەڵام پێشمەرگەکان بەسەرۆکایەتی کاك مەلا مستەفای بارزانی ئەم گوناهە گەورەیە و ئەم تاوانە زۆرەیان شتەوە بەئارەقی خۆیان و، قەباڵەی کوردستانیان نووسی لە بن تاشە بەردەکان و لەناو ئەشکەوتەکانی سەر شاخەکانا بەخوێنی گەشی خۆیان. سا خوا ئیتر ڕەحمێك، ئەوەندەمان ئازار و سزا چەشت تا ئازار ترسی لێ نیشت و ئەمەندەمان دان بەخۆدا گرت و خۆ ڕاگرت تا خۆڕاگرتن دەستی کرد بەهاوار و گریان و، ئەوەندەمان قوربانی دا تا هەموو بووین بەقوربانی.

## داد

خوایە! داد و دادوەریی هەر بۆتۆیە...

خوایە! وەك دادی تۆ بیەوێ هەمیشە لە ناوەندی چاکە و خراپەدا زۆرانبازیی پایەدار و بەردەوام بێ وایە، کەوا ئادەم دووچار ئەکەی بەشەیتان و موسا بە (سامری) و عیسا بە (یهوذا) و محەمەد بە (أبو لهب).

خوایە! وەك وات بڕیار دابێ کە هەمیشە جیهان پڕبێ لە ئۆمەتی ئەمانیش و ئەوانیش و، ناوبەناو لە جەهەنەمەوە پێشەوای جەنگ و ئاژاوە بنێرن وەك جەنگیزخان و هتلەر و عەبدولسەلام عارف . هەر وەك لە بەهەشتەوە پێشەوای چاکە و ئاشتی ئەنێرن وەك موسا و عیسا و محەمەد.

خوایە! ئەگەر وانییە عەبدولکەریم قاسم بۆ بەر ئەبێتە کوردستانی موسڵمان کە لە زەمانی حەزرەتی عومەرەوە خزمەتی ئیسلام ئەکەن بەشیر و تیر و قەڵغان و قەڵەم. ئەگەر تاقە شیر بەدەستێکمان– کە سەلاحەدین ئەیووبی– یە نەبوایە ئێستا نە ئیسلام ئەما و نە کەعبە، خۆ قەڵەم بەدەستمان لە ژمارەدا نییە، کە بەقەد ئەستێرەی ئاسمان پێشەوا و زانای بەرز و بڵندمان بووە، کە بە ئاسمانی مێژووی ئیسلامەوە تا ڕۆژی دوایی وەك ئەستێرەی گەلاوێژ ئەدرەوشێنەوە و، هەرچی نامەخانەی عالەمی ئیسلامی هەیە بەنووسراوی ئەوانەوە شانازیی ئەکەن.

خوایە! ئەگەر وا نییە عەبدولسەلام عارف بۆ دێتە پێشەوە و پشتێن ئەبەستێت بۆ دوژمنایەتی کورد و کوردەواری، بەڕەنگێك کە هەرچی کاربەدەستی هەیە دەرکرێ و هەرچی قوتابی هەیە لە زانکۆکانی بەغدا بگیرێ و هەرچیش دەستی داربگرێ لە پانزە ساڵییەوە تا شەست ساڵی بگیرێ و لە بەندیخانە توند بکرێ و، هەرچی دێهاتی کوردستان هەیە بۆمباران بکرێ، یا بەتۆپ تەخت بکرێ و هەرچی باخ و باخات و دارودرەخت و ڕەز و خەرمان و دەغڵودانی هەیە بسووتێنرێ و هەرچی کشتوکاڵ و لۆکە و توووتنی هەیە وشك بکرێ و هەرچی بازاڕ و دوکان و کۆگای هەیە هەمووی تاڵان بکرێ، و لەشاری سلێمانی دا بە سێ ڕۆژ پێنج سەد تا شەش سەد کەس لەماڵی خۆیا بکوژرێ و، ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام بدرێ لەبەر چاوی باوك و دایك و کوڕ و خوشك و

برا و ژن و مێردا و، هەموو ماڵێك ببێ بەگۆڕستان و هەموو کوژراوێك وەك شەهیدی (بدر و حنین) بەبێ نوێژ و بەبێ کفن لەماڵی خۆیدا بنێژرێ و لە هەموو شیوەلۆکەیەکا هەشت نۆ لاشەی زەلامی تیا بکەوێ سەگ بیانخوا. کەسیش نەوێرێ بچێ بیانخاتە چاڵە قووتەیەکەوە و، لە خانەقینەوە تا بەرزان ڕێگای لێ ببەستێت و نەیەڵێ دەنکێك شتی بۆ بێ. لەشاری سلێمانیدا بەشی چایەك شەکر، یا دەنکە نوقڵێك دەست نەکەوێ و بەدرێژایی هاوین و پایز چاوت بەمیوەیەك یا سەوزەیەك نەکەوێ. لە هیچ ماڵێکا بڕێ دار یا دەنکێك خەڵووز یا دڵۆپێك نەوت نەبێ. بازاڕی سلێمانی لەم پەڕی تا ئەوپەڕی دابخرێ لەبەر ئەوەی خاوەنەکانیان یا گیرابن یا کوژرابن یا هەڵاتبن. کەس دڵی خۆش نەبێ بەپارە و ناوماڵ. ئەگەر بەم ڕەنگە خواردن لە ئیسرائیل ببەسترایە، تا ئێستا دەمێك بوو دەوڵەتی ئیسرائیل نەمابوو. لەگەڵ ئەمەشدا لە سەعات حەوتی ئێوارێوە تا پێنجی بەیانی بەدرێژایی شەش مانگ هاتوچۆ قەدەغەیە و هەموو کەس دەرگا لەخۆی خاکرێژ بکات. سەرەڕای ئەمەش هەر شەوە ناشەوێك لە ئێوارێوە تا بەیانی ماڵ پشکنینە و هەر شەوەی گەڕەکێك هەراسان بکرێ، ئەم پشکنینە جارێك نەبێ و دووان نەبێ دە نەبێ. هەر ساتە نەساتێکیش ئەوەندە بزانیت دەوری ماڵت گیرا و عەسکەر و پۆلیس و جاسووسی ژن و پیاو دابارین بەسەرتا و، ماڵ و منداڵ بکەونە زاقو زووق. بەڵام با وابێ قەیناکا چونکە نەئێمە لە پێغەمبەر و ئەهلولبەیتی زیاترین، نە ئەوانەی کە ئەمەیان لەگەڵ ئێمەشا کرد لە أبو جهل و أبو لهب کەمترن.

## ویژەمان
## وە ئەم جەنگە لەگەڵمان

لە جەنگی جیهانی دووەما، ئێمە وەك هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ دەخلێکمان بەسەر جەنگەوە نەبوو، چونکە جەنگەکە نە لەگەڵ ئێمە وە نەبۆ ئێمە بوو، بەڵکو ئێمە وەك سەیرکەرێك وابووین لە قەراغ جەنگەڵستان و دارستانێکی چڕوپڕ بوەستێ و سەیری جەنگێکی جانەوەر و دڕندەی ناو ئەو جەنگەڵستانە بکات. ئینجا بەم بۆنەیەوە ناو بەناو پارچە کەڵبەیەکی شکاو، یا لەتە چنگێکی هەڵدراوی بەرکەوێ، یا چەند دڵۆپێك خوێنی لێ بپڕژێ، ئەمیش توورە ببێ و دەست بکات بەبۆڵە بۆڵ و جنێودان بەهەردوو لا و تف بکات لە ستەمکار و ستەم لێکراو بەجارێك.

بەڵام ئەمجارە لە کوردستانی عیراقدا جەنگ لەگەڵ ئێمە و بۆ ئێمە بوو، عەبدولکەریم قاسم ئەم جەنگەی هەڵگیرساند، دوای ئەو هەرچی هات نەوت و بەنزینی پیاکرد تا هەموو کوردستانی عیراقی گرتەوە. لەلایەکەوە بەناڕەوا هاتن بەسەرمانا، گەنجمان کوژرا و پیرمان گیرا و کاربەدەستمان دەرکرا و نرخمان ژێر پێ خرا، هەر وەك ماڵمان وێران و دارایمان تاڵان و وڵاتمان سەرگەردان و دێهاتمان تەخت و یەکسان کرا.

لەلایەکی تریشەوە پێشمەرگەمان وەك شێر کە لە بێشە بێتە دەر، فەرقی نییە چ نێر چی مێ، هەموو دەرپەڕین بەرەنگێکی وا کە ژیانی ئێجگارییان سەندەوە و نرخ و ڕێزی هەزاران ساڵەیان کڕییەوە، بەڵکو گوناهی لەوەپێشی سەدەها ساڵی کوردیان شتەوە بەخوێنی خۆیان و دریغ و کۆتایی ساڵەهای ساڵی کوردەوارییان سڕییەوە بەئارەقی ناوچەوانیان. کەوابوو ئەم جەنگە لەگەڵ ئێمە وە بۆ ئێمە بوو. لەمەولا ئەبێ ویژەرەکان و خاوەن قەڵەمەکانمان شتی جوانی تیا بنووسن و، هەریەکە لە لایەکەوە قەڵەمی خۆی تیا ڕابدات، یەکێك بەهۆنراوە و یەکێك بەپەخشان و، هەریەکە لەو گۆشەیەوە بدوێ و بنووسێ کە دیویەتی و لێی ورد بۆتەوە. باسی جەنگی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا ئەگەر بەشیعرێکی ڕەوان و هەستێکی کوردانەی قووڵەوە بنووسرێ وەك شانامە جوانترین مەلحەمە دەرئەچێ و هەرگیز بەراورد ناکرێ لەگەڵ مەلحەمەی (خورشید و خاوەر و شیرین و فەرهاد و ڕۆستەم و زۆراب و بارام و گوڵ ئەندام و مەنیجە و بێژان و

ناصر و ماڵماڵ) دا كە شاعیرە كۆنەكانمان- هەزار ڕەحمەتیان لێ بێت- هەزاران شیعریان تیا وتووە. بەڵكو ئەتوانم بڵێم: ئەگەر ئەمە بە ڕاستی چۆن بووە وا بنووسرێ، گەلێ لەداستانی شانامەی فردەوسی بەرزتر دەردەچێ، چونكە (ڕۆستەم) بەشیر و قەڵغانەوە چۆتە جەنگی شیر و قەڵغان، یا بە گورز و گۆپاڵەوە چۆتە جەنگی گورز و گۆپاڵ . بەڵام كێ دیویەتی تفەنگی ژەنگاوی بچێتە جەنگی دەبابە و تۆپ و فڕۆكەی مێكەوە؟ چوار پێنج هەزار تفەنگ بەدەستی ڕەشوڕووتی برسی بچێتە جەنگی لەشكرێكی پەنجا هەزارییەوە بەهەموو چەك و جبەخانەیەكی سەدەی بیستەمەوە. ئەمە هەر نەبووە و نابێتەوە.

## بەهاری چی؟!!(١)

جاران هەرچەندە بەهار بهاتایە بەخۆشی خۆشی ئەچووم بەپیریەوە، بەدڵێکی خۆش و دەروونێکی پڕ لە جۆش و چاوێکی ڕووناك و هەستێکی پاك و دەمێکی بەگۆرانی و گیانێکی پڕ لە شادمانییەوە.

بەهاری جاران لە دڵما خۆشی منالٚ و لەسەرما گەرمیی دڵدار و لە مێشکما بیری شاعیر و لەسەر زمانم خوێندنی بلبل بوو. جاران لە بەهارانا کە لەگەڵ سروشتا تێکەڵ ئەبووم تەڕ و پاراو بووم وەك چرۆی درەختی کوێستانان، دەم بەپێکەنین بووم وەك گوڵەباخی دەمی بەیانییان، سەربەست بووم وەك شنەی بەهاران، لەش سووك بووم وەك مەل و باڵندەی سەر شاخەکان. هەمیشە لەم چڵ بۆ ئەوچڵ لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ هاتوچۆم ئەکرد، ڕێکوپێکی و ڕازاوە بووم وەك باخچەی ڕەنگاو ڕەنگی تەڕ و پاراو، دەمێ ڕووەو کێوی گوێزە و دەمێ ڕووەو سەرچنار بەپیاسە ئەڕۆیشتم. شەوانەش لە گوێ حەوز و ئاوی سەرچاوە و ماسی زەرد و سوور دائەنیشتم، دەمێ سەیری ئاو و ماسی و دەمێ سەیری ئەستێرەی گەشی ئاسمانم ئەکرد، کە هەر ساتەی تیپێك هەڵدەهات و تیپێك ئاوا ئەبوو. لە هەموو شتێکدا جوانی و لە هەموو کردەوەیەکدا خۆشی و لە هەموو چەشمەندازێکدا دەستێکی خواییم ئەدی کە ئارایشی جیهانی ئەدا. بەم ڕەنگە دەمێ چاوی گوڵاڵەی ئەڕشت و کاتێك دەم و چاوی نێرگسی بەئاوی شەونم ئەشت و دەمێ پرچی وەنەوشەی بەشانە ئەکرد و دەمێ سووراو و سپیاوی هێندێ گوڵی ئەکرد و دەمێ ئاوڕشێنی ئەکرد و دەمێ قاڵیچەی سەوزی ڕەنگاو ڕەنگی ڕائەخست و گوڵاوی لەهەموو لایەکەوە پیا ئەپڕژان.

بەڵام ئێستا کە بەهار دێ ناچم بەپیریەوە، وەئەگەر بشچم بەهیچ ناگەم و، ئەگەر پێشی بگەم نایبینم، چونکە تاریکی دڵ ئەبێ بەپەردەیەکی ڕەش لەناوەندی چاوم و بریق و هووڕی بەهارا و، هەموو تەمی دەروون ئەبێ بەدیوارێك لە ناوەندی دڵم و خۆشییەکەیدا.

بەڵێ ئێستا ئەزانم کە بەهار لە دەوروپشتم شەپۆڵ ئەدا بەخۆشی و هەڵدەقوڵێ

(١) ئەم وتارە لە ڕۆژی ٢١/٣/ ١٩٦٤ دا نووسراوە.

بەجوانی و سەر ڕێژ ئەکات بەرێکوپێکی، بەڵام من بەسەر گێژاوەکەیەوە وەك تەختەیەك وام دێم و ئەچم بێ هۆش و گۆش و سادر و سڕ و وشك و برنگم، وەك لاشەی کوژراوێك ئاو- کەمایەی ژیانە- لای دابێ و سەری خستبێ و بەژێریا بڕوا و، بەدەوروپشتیشیا جوانیی لە هەموو لایەکەوە دایگرتبێ، ئەویش بەسەر ئاوەکەوە شەپۆڵ بیبا و ڕایفڕێنێ بۆ قۆناغی نادیاری کەس نەزان، نەهەست بە بوون بکات و نەپەیوەندیی لەگەڵ بوونەوەردا ببێ.

ئەگەر بەرێکەوت ڕێم بکەوێتە هێندێ کۆڕی گەورەوە، ئەبینم هەر ڕوخسارە پێ ئەکەنێ و ئەخنێتەوەو هەر دەم و لێوە بزە ئەیگرێ و ئەگەشێتەوە و هەر چاوە قسە ئەکا و دڵە گوێ ئەگرێ، منیش وەك ئەو مێزە وامە کەلەبەر دەمما دانراوە ڕەقوتەق نە گەرمیی تیایە ، نە جووڵە. ئەگەر ڕاستت ئەوێ من خۆم وەك کەرێك ئەبینم کە لە سەماخانەیەکی پڕ و چرا بێ، ئەبینێ دەستەیەك بەدەم شمشاڵ لێ ئەدەن و دەستەیەك بەدار لە دومبەڵەك ئەدەن و دەستەیەك دانس و سەما ئەکەن و بزەو زەردەخەنە ئەیانگرێ، بێ ئەوەی کە ئەو کەرە گوێی لە دەنگی عوود و کەمانچەیەکی بێ تا بگەشێتەوە، یا گوێی لە دەنگی گۆرانی بێژێك بێ تا بشنێتەوە.

بەڕاستی ئاگری دڵ دامردۆتەوە و پشکۆکانی بووە بەخۆڵەمێش. ئاخۆ ئەمە لەبەر چی بێ؟ لەبەر پیری بێ یا لە بەر نەخۆشی؟ نەء، نەء، لەبەر هیچی نییە، چونکە نە پیریی بەهار دوا ئەخات و نە نەخۆشیی پایزیش ئەخات، بەڵکو لەبەر ئەم ژیانە بۆگەنە پیسەیە کە ئێمەی کوردی بەدبەختی کلۆڵی هەناسە ساردی تێ کەوتووین کە ئەڵێی گۆمێکی ڕەشی خەستی پیسی بۆگەنە، کە بەهەزاران هەزار کرم و مار و سەرە مێکوتە و بۆق و قرژاڵ و قوڕناویلکەی هەڵهێنابێ، ڕەنگی ڕەش و شین هەڵگەڕابێ و بۆگەنی ڕۆژە ڕێیەك بڕوا، و پۆل پۆل مێش و مەگەسی لێ هەستێ. ئینجا ئەبێ لەم گۆمە پیسەدا و لەناو ئەم جڕوجانەوەرانەدا چۆن هەڵتکردبێ؟! ساخوایە چارە و دەردەتانێك.

# بیگۆڕن تا خواش بیگۆڕێ

ماوەیەکە کوردستان ئەیەوێ چۆنێتی خۆی بگۆڕێت بە باشی تا خواش بە باشی بۆیان بگۆڕێت.

بەڵێ ئەمە سێ ساڵە سەرەك مستەفا بارزانی چەك بەخۆی و چەك بەدەستەکانی بارزانەوە دایانەوە شاخەکانی کوردستان، و بەرەبەرە پێشمەرگەی کورد لە هەموو لایەکەوە پێیانەوە نیشتن، ئینجا خوێندەواران و سەربازان و دکتۆران ڕوویان تێ کردن. لە پاشا لە هەموو دێهاتەکان و شارەکانەوە دڵ و دەروون بۆیان بزووت و لە هەموو لایەکەوە بەهەموو جۆرێك دەست کرا بەیارمەتیدانیان. بەڕاستی ئەوی ئەمجارە پێشمەرگە کردی لە مەردیی و نەبەردیی و ئازایی و سەردانان بۆ بەرگریی زۆر و ستەمی زۆرداران و ستەمکاران، هەر مەگەر حەمزەی مامی پێغەمبەر و خالدی کوڕی وەلید کردبێتییان لەخزمەت پێغەمبەردا. یا (صلاح الدین)ی ئەیوبی کردبێتی بەرامبەر بەهێرشی ڕۆژئاواییەکان. ئەمەش وەنەبێ بۆ تەماع و کورسی یا بۆ پایە و ناوونیشان بێت، بەڵکو مەردایەتیی مەردە کە بەنامەردانە لەگەڵیا بجووڵێیتەوە، و دەماری بەدەمارە کە بەناڕەوا زۆر و ستەمی لێ بکرێت. بەڵێ هەموو ڕانێك لە ئاژەڵ کاتێك پێی ئەڵێن ڕان کە هیچ نەزانێ لەوەڕین نەبێ، و هیچ نەبینێ لەوەڕەکەی نەبێت کە بیخوات و ئاوەکەی نەبێت کە بیخواتەوە و شوانەکەی نەبێ کە فیکەی بۆ بکێشێ و دوای کەوێ. بەڵام کە لەگەڵ تێگەیشت کەوا شوانەکەی تەماعی تێ کرد و دەستی کردووە بەخواردنی گۆشتەکەی، و ئەم شوانە هیچ چاکەیەکی بەسەریەوە نییە، بەڵکو فێڵێکیشی لە دڵایە کە ئەو فێڵە لەچاو هێز و توانای ئەما هیچ نییە، و گۆچانێکی بەدەستەوەیە کە لە چاو شاخەکانی ئەما هیچ نرخێکی نییە، ئیتر لە ڕانێتی ئەچێتە دەرەوە و ئەبێ بەکۆمەڵ و گەل.

کەوابوو زۆر سوپاس بۆ عەبدولکەریم کە سەرۆك مستەفا بارزانی کردەوە شاخەکانی کوردستان. دووبارە سوپاس بۆ ئەو کە بەتۆپ و فڕۆکە و ساروخ و دەبابە و لەشکری پەنجا هەزار کەسییەوە هێرشی بردە سەر کوردستان و هەرچیدێهات بوو بۆمبابارانی کرد، و هەرچی باخ و باخات و دارو درەخت و خەرمان بوو هەمووی سووتان و ئاگری تێ بەردا. وادیارە ئەگەر وانەبووایە ئەم گەلی کوردە بێدار نەئەبووەوە، چونکە سەدەها

ساڵه خەوی لێ کەوتووە و پەردەی ڕەش دراوە بەسەرچاویا.

بەڵێ دەستوور و باوی خوایە لە جیهاندا کە خەم و تەم و خەفەت و دەردی سەریی و ترس و بیم و زۆر و ستەم و هەژاریی و کوشتار و ماڵ سووتان و وڵات وێران بوون باشترین سیخورمەن بۆ بێدارکردنەوەی گەلی نوستوو، هەر وەك دەستوور و باوی جیهانە کە شتێك بکڕیت ئەبێ نرخەکەی پێشەکی بدەیت، دیارە ئازادی و سەربەخۆییش لە هەموو شت بەنرخترە و نرخەکەشی خوێنی پێشمەرگەیە. پێشمەرگەش پێشەکی ئەبێ خوێنی خۆیان بڕێژن تا نرخەکەی بەتەواویی ئەدەن.

بەڵێ لەسایەی پێشمەرگەوە ئەوی جاران کۆمەڵ و گەل نەیان ئەوێرا بیڵێن ئەمڕۆ ئەیکەن، وە ئەوی جاران بەدزییەوە ئەیان وت و ئەیان کرد، ئێستا بەئاشکرا ئەیڵێن و ئەیکەن.

بەڵێ لە سایەی سەرۆك مستەفا بارزانی یەوە–کە یەکەم پێشمەرگەیە– گەل ئەمڕۆ حاڵی بووە کە هەر خۆیەتی خاوەنی وڵات و دەسەڵات. هەرچی لە خەزینەی دەوڵەت هەیە هەمووی هی ئەوە، وە هەرچی کاربەدەستانی دەوڵەت هەیە هەموو هاوڵاتی ئەون. وە سەرە گەورەکان کە هەر خەرج ئەکەن و هیچ پەیداناکەن و هەر وەردەگرن و هیچ نادەن، وە هەر ئەڵێن و هیچ ناکەن لەخراپە نەبێ هەر ئەوان گوناهبارن و هەر ئەوانن مایەی خراپی و دواکەوتن و وێرانی وڵات. وەك قورئان ئەفەرمووێ : ( إذا أردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا فيها فحق عليها القول فدمرناها تدميرا). واتە کاتێك کە ویستمان ناوچەیەك لەناو بەرین، فەرمان ئەدەین بەخاوەن ناز و نیعمەتەکانی ئەو ناوچەیە بەداد و فەرمانبەریی، ئەوانیش سەرپێچی ئەکەن و کردەوەی ناڕەوا ئەکەن تا ئەبن بەشایستەی سزا و وێرانی و دەربەدەریی.

کەوابوو وەك لە پێشەوە وتمان، کوردستان دەستی کرد بەگۆڕینی چۆنێتیی خۆی بەباشی وەك خوا ئەفەرمووێ: (أن الله لايغيّر مابقومٍ حتى يغيّروا ما بأنفسهم). واتە خوا چۆنێتی هیچ گەلێك – لەچاکی و لە خراپی– ناگۆڕێ تا خۆیان نەیگۆڕن و دەست نەکەن بەتێکدانی، و لەمەولا بەهەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی ئەم گەلە کوردستان ئەبرێ بەڕێوە وەك نیشتمانی هەموو کوردێك نەك وڵاتی دەرەبەگ و خۆ فرۆشان، و ئەبرێن بەڕێوە وەك گەل نەك وەك ڕانی ئاژەڵ.

# یانزەی ئازار

ساڵەهای ساڵە گەلی کورد چاوەڕوانی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆی ئەکرد، وە ئاهـ و هەناسەی ساردی بۆ هەڵئەکێشا. بەڵام دەستوور و باوی خوایە لە جیهاندا کە هەموو شێتك بەستراوە بەکاتی خۆی و هۆی خۆیەوە، و هەموو کارێك وەختی تایبەتیی خۆی هەیە.

هەر دەمێك خوا بیەوێ شۆڕشێکی ئایینی یا شۆڕشێکی نیشتمانی هەڵگیرسێنێ هۆی بۆ ڕێك ئەخات و هەلی بۆ ئەڕەخسێنێ و پیاوی خۆی بۆ دروست ئەکات. خاوەنی شۆڕشی دینی وەك پێغەمبەران و ڕابەرانی بیر و باوەڕ، شۆڕشی نیشتمانیی کوردایەتی وەك مەلا مستەفای بارزان.

هەموو پێغەمبەرێتییەك شۆڕشێك بووە بۆ خۆی. شۆڕشی پێغەمبەران هەمیشە بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی ئاشتی و خێرخواهی کۆمەڵی ئادەمی بووە.

پێغەمبەرێك نەبووە لە جیهاندا مەبەستی پارە کۆکردنەوە و دارایی پێکەوەنان یا گەورەیی و سەرۆکایەتی و ناوونیشان بووبێ، بەڵکو پێغەمبەران هەموو لەشکری خوا بوون بەپێی سرووشی خوا جووڵاونەتەوە و بەڕێنمایی خوا بەڕێدا ڕۆییون. بیر و باوەڕیان ڕاست و بانگگردنیان هەر بۆ ڕێی ڕاست بووە. چەکیان دان بەخۆدا گرتن و مەبەستیان چاکە و بەرژەوەندیی گەل بووە، ڕێگایان خۆ بەختکردن بووە لە ڕێی قازانج و سوودی گشتی و ڕزگارکردنی ستەملێکراوان. لە دوای پێغەمبەری ئیسلام کە دەرگای پێغەمبەرێتی داخرا، خوا کردی بە باو کە ناوبەناو خێرخواهی کار ڕێکخەر (مصلح) و بیروباوەڕ بەرزی خزمەتگوزار بنێرێ بۆ مەردوم بە بیر و باوەڕی پێغەمبەرانەوە لەسەر ڕێی ئەوان بڕۆن و پەیرەویی بکەن، تا ڕێگای کوێرەوە بوویان بۆ تازە و پەیمانی ئادەمییان بۆ دەمەزەرد بکەنەوە.

باوی خوا لە دروستکردنی ئەم خێرخواهانەدا وەك باوی خوا وایە لە دروستکردنی پێغەمبەراندا. خوا خۆی وە بەچاودێریی خۆی هەڵیان ئەخات لەناو خێزانانی پاك و تەمیزی بەڕەوشت و خوو و لە ناوچەی هەژاری خزمەتگوزاری بێ تەمەعی بێ فرۆفێڵی وادا کە ئارەزووی گەورەیی و دەوڵەمەندیی زاڵ نەبووبێ بەسەریانا و چرای دڵ و دەروونیان نەکوژابێتەوە و گیانی خۆدانان و سەربەخت کردنیان لە ڕێی قازانج و سوودی گشتیدا نەمردبێ، و نەخۆشیی منێتی (انانية) کاری تێ نەکردبن، تا بەخۆی و

دەست و پێوەندییەوە ببن بەپێشڕەوی گەل و ژیان بکڕن بەمردن، تا زۆر و ستەمی زۆرداران و ستەمکاران هەڵگرن، و ناڕەوایی دووربخەنەوە لە بەندەکانی خوا و ئاسایش و حەسانەوە بخەنە ناویانەوە و دڵنیایی دوور لە ترس و بییم بڵاو بکەنەوە لەناویانا بە ڕەنگێکی وا کە هەموو کەسێك لە سەر و ماڵ و ناموسی خۆی دڵنیابێ و بەهەموو ئازادی و سەربەستییەکەوە بژی و هەڵسووڕێت، وەدین و دنیای دەست لێ نەدراو بێ، و بەم ڕەنگە گوناهی ساڵەهای ساڵیان بسڕنەوە بەخوێنی خۆیان و نەنگی تازە و کۆنیان بشۆنەوە بە ئارەقی ناوچەوانیان.

لە زۆر کۆنەوە پیاوانی گەورەی کورد و هەڵکەوتووانی کوردەواری خەریك بوون کە خزمەتێکی تێکڕایی بکەن بەگەلەکەیان، و لەم ڕێیەدا زۆریان هەوڵ دا و گیانی خۆیانیان بەخت کرد و سەری خۆیان دانا، بێ ئەوەی کە بەئاواتێك بگەن، چونکە هەریەکەیان لەلایەکەوە یا لە چەند لایەکەوە کەموکوڕییان بووە. وا ئەم جارە خوا بەمیهرەبانیی خۆی و لە قوتابخانەی خۆیەوە مەلا مستەفای بارزانی نارد، لە خێزانێکی ئاینیی خوێندەواری پاکی بێ فڕوفێڵی هەژاری خانەدانی خاوەن دڵ و دەروونی بێ تەمەعی بێ دەماری بێ منێتی لە چینی ئەو کشتیارانەی کە هەر بەڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوانی خۆیان ژیاون و هیچ کاتێك بەخۆیان و دەستوپێوەندیان چاویان لە سەرو ماڵ و ناموسی کەسەوە نەبووە.

ئەم سەرۆکە مەزنە دەمێ ساڵە بەتەواویی تێگەیشتووە کە هەژاریی و کەساسی و نەخۆشی و نەخوێندەواریی و نائومێدیی گەلەکەی لە ئەندازە بەدەرە و بۆی دەرکەوت کە سەرکێشیی و یاخیگەرێتی یاخیگەرانیش گەیشتۆتە پلەی هەرە دوایی. وە بەچاوی خۆی ئەیدی کە کوردستانی عیراق کەوتۆتە ژێر پێوە و گەلی کورد بەهەژاریی و نەخۆشیی و نەخوێندەواریی ماوەتەوە بەجۆرێك کە هەموو کوردێك لە ترسانا و لەبرسانا خزاوەتە قوژبنێکەوە، دارایی و سامانەکەشی وا دەست بێگانەوە پاشایەتی پێوە لێ ئەدەن.

سەرۆك بارزانی پەنجا ساڵە لەدڵا ئاگری تی بەربووە، بەڕەنگێکی وا هەرچی لێی نزیك ئەکەوێتەوە ئەویش گڕی ئەگرت و ئاگری تێ بەردەبوو، تا هەموو کوردستانی عیراق گڕی گرت، بەڵام گڕێکی هێواشی ئاهیستەی لەسەرخۆ، بەجۆرێك کە میکرۆبی نەخۆشییەکە بسووتێنێت و نەخۆشەکە خۆی نەسووتێ، و هەموو کوردستانی عیراق ڕاپەڕی وەك ڕاپەڕینی پڵنگ لە بێشە و شێر لە لانە، بەڕەنگێکی وا کە کەشتیی نیشتمانی

بەرێدا بەرن و نوقومی نەکەن، تا لە گێژاو و فەرتەنەی دەریای رۆژگار رزگاری ئەکەن و ئەیگەیەننە کەناری وشکانی. لە پاشا وەك پێغەمبەر و یارانی تا شەڕیان پێ نەفرۆشت و بەتۆپ و دەبابە و فڕۆکەی جەنگیی و لەشکری سەد هەزار کەسییەوە هێرشیان نەبردە سەر دەستی نەکردەوە. لەگەڵ ئەمیشە کە ئەم گەلی کوردە هیچ گوناهێکیان نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە کوردن و مەردن، و موسڵمان و خوا پەرستن. لەم حەلەدا بەرگریی پێویستێکی پیرۆزی ئایینیی و نیشتمانییە وەك قورئان یەکەم جار فەرمان ئەدات بەپێغەمبەر و یارانی بەبەرگریی کردن لە خۆیان چونکە ستەملێکراو بوون ، ئەفەرموویێت: (أذنَ للذين يقاتلُون بأنِهُم ظلموا وأنَ الله علَى نَصرهِم لقَدير، الذين أخرجُوا من ديارهم بُغِير حق إلا أن يقِولُوا ربنُا الله، ولِولا دفع الله الناس بعضهم ببعض لهدمت جوامع و بيع وصلوات و مساجد يذكر فيها اسم الله كثيرا، ولينصرن الله من ينصره، إن الله لقوي عزيز. الذين إن مكناهم في الارض أقاموا الصلاة وآتوا الزكاة وأمروا بالمعروف ونهوا عن المنكر ولله عاقبة الامور). واتە ئەو موسڵمانانەی کە جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ، ڕێ دران بەبەرگریی کردن لەخۆیان چونکە ستەمیان لێ کرا، و خوا لەسەر یارمەتیدانیان توانایە، ئەوانەی کە بەناڕەوا دەرکران لە وڵاتی خۆیان بەبێ گوناه مەگەر ئەوە نەبێ کە بڕوادار بوون و ئەیانگوت: (خوا پەروەردگارمانە ئەگەر خوا ڕێی بەرگری نەدات و هێندێك بەهێندێك لەناو نەبات زۆر لە خەڵوەتخانەی ڕاهیبان و کڵیسە و کەنەشتە و مزگەوت وێران ئەکران کە ناوی خوایان تیا ئەبرێ بەزۆریی، بەڕاستی خوا یارمەتی ئەو کەسانە ئەدات کە یارمەتی دینی خوا و بەندەکانی خوا ئەدەن، بێگومان خوا توانا و زاڵە، ئەو موسڵمانانەی ئەگەر جێگیریان بکەین لەسەر زەویی نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن و فەرمان ئەدەن بە چاکەو جڵەوگیری ئەکەن لە خراپە، و ئەزانن کە سەرەنجامی هەموو کارێك بەدەست خوایە.

جا لەبەر ئەوەی کە بەرگریی پێویستێکی پیرۆزی دینییە لەسەر هەموو موسڵمانێك نۆ ساڵ مەلا مستەفای بارزانی بەخۆی و هەموو پێشمەرگەی کوردستانەوە بەرگرییان کرد بەشاخەوە، بێ ئەوەی کە زۆر و ستەمێك بکەن، یا بەناڕەوا ئازاری یەکێك بدەن. تا توانرا لەگەڵ حکومەتدا ڕێ بکەون و چەند جارێك خۆ بەخۆی خۆیان دانیشتن و وتیان: ئەم برا کوشتنە بۆچ؟ وە تاکەی؟ ئەم وێرانکردنی وڵاتە بۆچ؟ وە تاکەی؟ ئەم پارە خەرج کردنە بەملیۆنەها بۆ وێرانکردنی وڵات بۆچ؟ وە تاکەی؟ ئایا ئەم چەك و پارە و هێز و دەسەڵاتە بەرامبەر بەدوژمنی ڕاستەقینە بەکاربهێنرێت باشتر نییە؟ ئینجا هاتن سەرۆکی

شۆڕشیان دی و دەستی برایەتییان نایەوە ناو دەستی یەك و لاپەڕەی ڕەشیان هەڵگێرایەوە بەلاپەڕەی سپی.

سێ ساڵ لەمەو پێش لەم ڕۆژەدا، واتە لە یانزەی ئازاری ۱۹۷۰ دا دەوڵەتی عێراق دانی نا بەمافە ڕەواکانی کوردی عیراقدا کە بریتی بوو لە حوکمی زاتی ئەم گەلە کۆنە خاوەن مێژووە ستەملێکراوە. بەهاتنی ئەو ڕۆژە جەنگ و دوژمنایەتی بوو بەئاشتی و برایەتی و، ترس و بیم بوو بە دڵنیایی و ئاسایش، وێرانی بوو بەئاوەدانی و دیلی بوو بەئازادی و نەخۆشی بوو بەساغی و ناخۆشی بوو بەخۆشی و گریان و هەنسك بوو بەپێکەنین و بزەو زەردەخەنە و خۆشاردنەوە بوو بەهەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا و ماتی و بێ دەنگی بوو بەگۆرانی و شیعر خوێندنەوە.

بەم ڕەنگە خوا دەرووی لێ کردینەوە و شەوی تاریکی بۆ کردین بەڕۆژی ڕووناك. ئینجا سەرۆکی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەبەرە کەوتنە چارەی دەردی کۆمەڵ و گەل بەو چارانەی کە پێغەمبەر کردی، بەم ڕەنگە هەر بتێك بوو رووخاندیان و هەر زۆردارێك بوو نینۆکیان قرتاند و، هەژاریان کرد بەهاوبەشی دەوڵەمەند. لە پاشا خۆیان وەك یەکە یەکەی کۆمەڵ ئەژین بەبێ جیاوازی، بەرێدا ئەڕۆن بەبێ خزمەتکار و دەستوپێوەند، تێکەڵی ناو مەردوم ئەبن بەبێ ترس و بیم، ئەچنە ناو هەموو کۆڕێکەوە بەبێ فیز و دەمار.

ئەمڕۆ کوردستان هەموو پارتی دیموکراتن، ئەوەی پارتی دیموکراتیش نەبێ یا لایەنگیرێتی یا خۆی بەدۆستی ئەزانێ. چونکە لە دوای ئەم هەموو فیداکارییەی کە کردیان و ئەم هەموو قوربانییەی کە دایان و ئەم هەموو خوێنی لاوانەی کە لەم ڕێگایەدا ڕشتیان، ئیتر وەختی دووبەرەکییان نەماوە. ئەمڕۆ دانیشتووانی کوردستان هەموو ڕۆڵە و جگەرگۆشەی یەك نیشتمانن، بەخواردن و خواردنەوەی یەك نیشتمان گۆش کراون، بەزبانی یەك نیشتمان زبانیان پژاوە و قسەو گفتوگۆ فێربوون، بەپیت و بەرەکەتی یەك نیشتمان ئەژین و ئەبووژێنەوە، لەسایەی یەك نیشتمانا ئەحەسێنەوە، لەپاشا هەر لەیەك نیشتمانا ئەمرن و ئەبنەوە بە خاکی نیشتمان. کەوابوو هەر خزمەتی نیشتمان و هاو نیشتمانی خۆیان ئەکەن و هەر بۆ نیشتمان و هاونیشتمانیی خۆیان هەوڵ ئەدەن و چاوڕا و ئەکەن، و هەرگیز نۆکەری بێگانان ناکەن.

لەخوا ئەپاڕێمەوە تا ماوەیەکی دوور و درێژ مەلا مستەفا بارزانیمان بۆ بهێڵێت تا

گەلەکەی ئەبووژێتەوە، وە لە هەموو دێیەك ئاوی خواردنەوە و کارەبا و قوتابخانە و خەستەخانە و مزگەوت و باخچەی گشتییان بۆ ئەکرێتەوە و بەچاوی خۆی گەلەکەی ئەبینێت بەساغی و تەندروستی و خوێندەواری و پۆشتە و پەرداخی و پاك و تەمیزیی، وە هەموو ئەبن بەخاوەنی دین و دنیای خۆیان. (ربنا آتنا من لدنك رحمة وهيء لنا من أمرنا رشدا).

# ئادەمیی نالەبار

لەناو هەموو گیانلەبەری جیهانا هەر ئادەمییە کە شتێك ئەبینێ بەهەردوو چاوی خۆی دەمێ بە ڕەش و دەمێ بە سپی، یادەمێ بە جوانی و دەمێ بە ناشیرین، یا دەمێ بە باش و دەمێ بە خراپ، یا دەمێك بە کەڵك و دەمێ بە زیان. ئەمەش وەنەبێ بەپێی ڕاستی شتەکە بێ، بەڵکو بەپێی هەوەس و ئارەزوو بەرژەوەندیی ئادەمییەکەیە، کە هەردەمەی لەسەر بارێك و هەر ساتەی لەسەر هەوەس و ئارەزوویەکە، وەهەرکاتەی جۆرە پێوانەیەك بەکاردێنێ و هەرحەلەی ڕووی لەلایەکە و ڕێگایەك ئەگرێ، و هەر ڕۆژەی لەسەر بیروباوەڕێکە و جۆرە بڕیارێك ئەدات.

تەماشا ئەکەیت لەتاقە یەك ئیزگەوە هاوار هاوارە بۆ (ئەنگۆلاو کاتانگاو جنوبی ئەفریقیا)– کە مەگەر بەدەگمەن عەرەب یا موسڵمانیان تیابێ– وە هەڵدانە لەسەریان کە سەربەستی و سەربەخۆییان نییە و داگیرکەر زۆر و ستەمیان لێ ئەکات. کەچی هەر لەو ئیزگەیەوە و لەدوای ئەوە جنێو دانە بەکورد و باسی هێرش بردنە بۆ سەر کوردستان بەتۆپ و تەیارە و دەبابە، و بەپەنجا هەزار سەربازەوە. زۆر بێ شەرمانە بەشانازییەوە باسی بۆردومان و دێهات وێرانکردن و پیاو کوشتن و خەرمان سووتاندن و ئاژەڵ قڕ کردن و تاڵانکردنی هاووڵاتیانی خۆی ئەکات. ئەوان واتە ئەنگۆلا و کاتانگاو جنوبی ئەفریقیا خاوەن نیشتمان و ئەمان– واتە کوردەکان– بێ نیشتمانن. ئەوان نیشتمانیین و ئەمان کلکی ئیستعمارن، ئەوان لە خۆیانن و ئەمان یا شیوعی یا ئیسرائیلی دووهەمن، ئەوان ئەبێ سەربەستییان بدرێتێ و ئەمان ئەبێ بتوێنرێنەوە و سەربەستییان نەمێنێ. یاخۆ تەماشا ئەکەیت لەوێچێ عەرەبی مەسیحی ئەگەر بکەونە جەژنەکەیانەوە هەرچی سەرۆك عەرەب هەیە هەموو جەژنە پیرۆزەیان لێ ئەکەن و لە هەموو لایەکەوە بروسکەیان بۆ لێ ئەدەن. کەچی کوردەکان– کە هەموو موسڵمانن و پانزە چەرخە خزمەت ئەکەن چ لە بواری زانین و زانیارییەوە، چ لە گۆشەی سیاسەت و ڕۆشنبرییەوە و خاوەنی خاك و نیشتمان و کەلەپوور و عەنعەناتی خۆیانن– ئەگەر نەورۆز بێتە پێشەوە– کە سەری ساڵیانە– نایەڵن جەژنەکەیان بکەن و هەرچیش بیکا بەئاگر پەرستی ئەدەنە قەڵەم. ئەوانە ئەگەر هەزاران کتێب و نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامە دەرکەن و هەزاران کفر و شتی بێ دینی بڵاوبکەنەوە و شاعیرەکانیان بڵێن:

(سلام علی کفر یوحد بیننا          وأهلا و سهلا بعده بجحیم)

قەیناکات، بەڵام کوردەکان نابێ گۆڤار و ڕۆژنامەیان ببێ بەزبانی خۆیان، وەنابێ لە دائرەیەکەوە بۆ دائرەیەکی تر کاغەزێك بەکوردی بنووسن، عەرەبەکان هەژدە حکومەتیان ببێ کە یەکێکیان کوێتە کە دانیشتووانی چواریەکی ملیۆنێکە، ئەوانە دەست لە بوونی خۆیان و دەوڵەتی خۆیان هەڵنەگرن، بەڵام کورد ئەبێ ببێ بە عەرەب و دەست لە خاك و نیشتمان و زبان و عەنعەناتی خۆی هەڵگرێ و لەناو عەرەبا بتوێتەوە.

تاقە منداڵێك لە دێیەك لە دێهاتی حکومەتی سعود هێندێ برینی پێ هەڵپەڕێ، خێرا بە تەیارەی تایبەتیی ئینگلیز ببرێ بۆ لەندەن بۆ تیمار کردنی و ئەو برینەش گوایە بەهۆی گازێکی کوشندەوە بووە کە لە تەیارەیەکی میسرییەوە بەر ئەو منداڵە کەوتووە، بەڵام بەسەدەها تەیارەی مێکی عێراقی و سووری هەرچی دێهاتی کوردستانی عیراق هەیە لە سنووری سوورییەوە تا سنووری قەسری شیرین دە ساڵ لەسەر یەك هەمووی بۆردومان بکرێ و بەهەزاران پیاو و ژن و کوڕ و کچ و پیر و لاو و ساغ و نەخۆشی شەق و پەق و پارچە پارچە بکرێ و هەرچی شاخ و داخ و گرد و تەپە و زەویوزاری کوردستان هەیە بەخوێنی ئەم گەلە موسڵمانە بێکەسە ستەملێکراوە سوور بکرێ، کەچی یەکێك لەسەری هەڵنەداتێ و بەزەیی پیا نەیەتەوە و دڵی بۆی دانەچڵەکێ و یارمەتییەکی بۆ نەنێرێ، برینی منداڵە سعوودییەکە بەزۆر و ستەم بزانێ کەچی ئەم کوشتار و قڕانەش لە کورد بەداد و عەدالەت بزانێ. ئەی خوای گەورە کوا داد و عەدالەتت؟

هەزار ڕەحمەت لەو شاعیرەی کە ئەڵێ:

قتل امرئ فی غابة جریمة لاتغتفر          وقتل شعب آمن مسألة فیها نظر

## پاك و پيس

ئادەمیش وەك دار و درەخت و گژوگیا وایە، هەر وەك لە زەوییەكدا سەوز ئەبن و لە ئاوێك ئاو ئەخۆنەوە و لە هەوایەكدا هەناسە ئەدەن و لە ڕۆژێك تیشك وەردەگرن، كەچی هەر یەك جۆرە ڕەنگێك و جۆرە تامێك و جۆرە تەحرێك و جۆرە كەڵكێكی هەیە. ئەبینین یەكێك ڕاست و یەكێك خوار و یەكێك بەردار و یەكێك بێ بەر و یەكێك خۆش و یەكێك ناخۆش یەكێك چاك و یەكێك خراپ و یەكێك بەكەڵك و یەكێك بێ كەڵك و یەكێك تاڵ و یەكێك شیرینە.

ئادەمیش وان. تەماشا ئەكەیت لە یەك خاك و نیشتمان، بەڵكو لە یەك خێزانا چەند كەسێك پەیدا ئەبێ هەر یەكە بەجۆرێك و هەریەك بەڕەنگ و بۆیەك و هەریەكە بەڕەوشت و خوویەك. ئێمە هەموو سروشتمان لە خاكی پاكی كوردستانە، خواردەمەنیمان لە پیت و بەرەكەتی وڵاتەكەمانە. كزە و شەماڵمان هی نیشتمانی خاوێنی خۆمانە، كەچی هی وامان هەیە ئێشی(١) هەیە و نۆشی نییە وەك زەردەواڵە، یا گەڵا ئەگرێ و بەرنادا وەك داری بی، یا قازانجی نییە و زیانی هەیە وەك كاڵەكە مارانە، یا بەرز ئەبێتەوە و شایستەی بەرزبوونەوە نییە وەك مێشلەزەرگون(٢) بەڵام مەردومی باش وەك میوە و گوڵی گوڵاو وایە زۆر كەمن. تەماشاكەن هەرچی جاسووسەكان هەن– كە بەسەرمانەوە جاسووسی ئەكەن– هەر لە خۆمانن. هەرچی جاشە نامەردەكان هەن بۆ هەشت نۆ دینار خۆیان بەكوشت ئەدەن و ئەچن بەگژ پێشمەرگەدا و، سەر و ماڵ و نامووسی گەلەكەیان ئەخەنە ژێر پێی دوژمنەوە هەر لە خۆمانن، هەرچی چاو و ڕاوكەرەكان هەن كە چاو و ڕاو ئەكەن بۆ دوژمن هەر لە خۆمانن. زۆر دەوڵەمەندی نامەردمان هەن كە پارە و معاشەكەیان بەخت ئەكەن هەر لە كەیف و ڕابواردنی خۆیاندا، بێ ئەوەی كە جارێك دڵیان داچڵەكێ بۆ پێشمەرگەكانمان كە بەبرسێتی و ڕووتێتی سنگی خۆیان ئەنێن بەگوللەوە بۆ ئێمە و بەخوێنی گەشی خۆیان گوناهی هەزاران ساڵەی گەلەكەیان ئەشۆنەوە و نەنگ و بەدناویی ساڵەهای ساڵیان لێ دوور ئەخەنەوە. یا ئەم

(١) ئازار

(٢) گیایەكی كوێستانییە هەمیشە بەقەد شتا هەڵ ئەگەڕێ و، بەهۆی ئەم و ئەوەوە بەرز ئەبێتەوە.

دەوڵـەمـەنـدانـە بـەزەیییـان بێتـەوە بـەم هـەزاران دێهـاتییـانـەدا کـە بـۆردومـان کراون و بەکورکوژراویـی و ماڵ تاڵانکراوی و دەغڵودان سووتـاوی ماونـەتـەوە بـەشاخ و داخـەوە، زەوی ڕادەخـەن و ئـاسمـان ئـەدەن بـەخۆیـاندا و، بـەکولـەمـەرگـی ئـەژیین، لـەگـەڵ ئـەمیشـە کـە هـەموو ئـەزانن کـە هـەر خـۆمـان سـەرکـەوتووین و بردوومـانـەتـەوە و، هـەردەمێك و لـە هـەر لایەك ئێمە و دوژمن بـەیـەك بگـەین وەك ئـازایـی و ترسنۆکیـی بـەیـەك بگـەن، یـا قـارەمـانیـی و زەبوونیـی بـەرامبـەر یـەك بوێستن وایـە. هـەموو جارێك بـەیـارمـەتیـی خـوا، هـەر دەستـەی کـەم– کـە ئێمـەین– بـەسـەر دەستـەی زۆرا– کـە دوژمنـە– زاڵ بووین و سـەرکـەوتووین. وەك قورئـان ئـەفـەرمـووێ:( كم مـن فئة قليلة غـلبت فئة كثيرة بـأذن اللـه) واتـە زۆر جـار بـەیـارمـەتـی خـوا دەستـەی کـەم زاڵ ئـەبـێ بـەسـەر دەستـەی زۆرا. سـا خـوایـە هـەمیشـە دەستـی تـۆمـان بـەپشتـەوە بـێ و یـارمـەتـی تـۆمـان لـەگـەڵ بـێ.

## کوردستانی
## جوانی زەرد و زەبوون

کوردستانی عیراق ئەڵێی بووکی ڕازاوەیە، کە دەمێ لە ژێر تارای سپی و دەمێ لە ژێر تارای سەوزەوە خۆی ئەنوێنێ و، بریسك و هووڕی پڵپڵە و زەردینەی سەروپۆتەڵاکی و ملوانکەی بۆنخۆشی گەردن و ملی، لەگەڵ پیت و بەرەکەتی خاکی و کانی زێڕ و زیو و ئاسن و نەوتی زۆری، زۆر دەوڵەتانی دەوروپشتی خۆی شێت و شەیدا کردووە و هەردەمەی لایەك تەماعی تێ ئەکەن و دەمی بۆ دائەچێنن. ئەتوانم بڵێم تا ئێستا هەزاران بەڵای گەورە گەورە و ڕۆژی ڕەشی سەختی بەسەرا هاتووە، بەڵام چونکە هیچیان تەماعیان نەکردۆتە کولێرەکەی دەستی، ئەمیش وەك کێوی پیرەمەگروون شانی داوەتە بەر و لەبەر باری ڕۆژگاردا وێستاوە تاخوا ڕووناکی لێ ئەکاتەوە.

بەڵام ئەمجارە لەکاتی عەبدولکەریم قاسمەوە تا ئەمڕۆ تەماع کرایە سەر ماڵ و ناموسیان، بەڵکو تەماع کرایە کولێرەکەی دەستیشیان. ئەمە چواردە ساڵە کورد و کوردستانیان گەمارۆداوە، لەلایەکەوە پەنجا هەزار سەرباز نێررایە سەریان بە هەشت نۆ هەزار جاشەوە بەچەکی سەدەی بیستەمەوە بۆ کوشتنی کورد و کوردەواری. لەلایەکی تریشەوە هەرچی کاربەدەستی کورد بوو هەموو دەرکران و هەرچی قوتابی بوو لە زانستگاکانی بەغداد یا گیران یا دەربەدەر کران. هەرچی داراییش بوو هەمووی برا سا یا بەداگیرکردن و تاڵان و بڕۆ یا بەبەرتیل یا بەدزین یا بەسووتاندن و لەناوبردن. هەر لە سنووری سووریەوە تا خانەقین خێڵانی ڕەشوڕووتی عەرەبی تێ بەردرا بەهێرشبردن بۆ سەر دێهاتی کوردەوای. ئیتر هەر کورد کوشتن و ماڵان تاڵان کردن و زەویوزار داگیرکردن بوو، تا تارایەکی سووری خوێناوی درا بەسەر هەموو کوردستانی عیراقدا. ئەم جارە کار لەکار ترازاوە، یا مردنە یا مانە، بۆیە ناچار هەرچی کورد هەیە بە ژن و پیاوەوە بوون بەپێشمەرگە لە شاخەکاندا و، هەموو بەجارێك سەر و ماڵی خۆی دائەنێ تا خۆی ئەگەیەنێتە کوێستانی ژیان لە ژێر فەرماندەی بارزانی دا.

خوایە سا تۆش یارمەتییەك.

## ناوەڕۆك


**جزمی یەکەم** ..... ٩
سەرەتا ..... ١١
بەهار ..... ١٢
کوێرێکی شاعری بەهرەمەند ..... ١٤
شعر و شاعر ..... ٢٣
هیوا ..... ٢٦
دایك ..... ٣٠
بووك و خەسوو ..... ٣١
درۆی نیسان ..... ٣٤
چلەی کۆچی ئەمین زەکی ..... ٣٦
خۆشیی بەڕاستیی ..... ٤٠
پێغەمبەر«د.خ» ..... ٤٤
شەوێکی بەئێش و ئازار ..... ٤٨
خۆشەویستیی نیشتمان ..... ٥٠
زانستگا ..... ٥٢
مانگ گیران ..... ٥٥
چلەی پیرە مێرد ..... ٥٩
زانیین ..... ٦٢
مەشکە ڕەش ..... ٦٧
وەفای سەگ و بێ وەفایی ئادەمیی ..... ٧٠
پاشایەتیی و کۆمارێتی ..... ٧٤
ماف و سنوور ..... ٧٦
دە ئاموژگارییەکە ..... ٧٩
خۆئیخفال کردن ..... ٨٢
قسەی بەرز لە وێژەی خۆو بێگانە ..... ٨٤
یەکێتی وێژەران ..... ٩٢
کۆشی دایك ..... ٩٤
نرخی دۆست ..... ١٠٣
چلەی بێخود ..... ١٠٦
ژن هێنان و تەڵاقدان ..... ١٠٩

بەهار ..... ١١٢
پێویستی وێژەر ..... ١١٤
عـــارف صائب ..... ١١٧
من و چەمچەماڵ ..... ١٢٢
بابا تاهیری هەمەدانی مەشهوور بە عوریان ..... ١٢٤
بابا تاهیری شاعیر ..... ١٣٣
ژیانی بابا تاهیر ..... ١٤٢
دیوانی بابا تاهیر ..... ١٤٣
بابا تاهیری سۆفیی ..... ١٤٤
خوابگاهی بابا تاهیر ..... ١٤٦
ژییری شێتان و، شێتی ژییران ..... ١٤٧
بانگ ..... ١٤٩
مەڕدو، نامەرد ..... ١٥٢
وێژەی دوێنێ و، ئەمڕۆ ..... ١٥٥
نوێژ ..... ١٥٨
سەید جەمالەددینی ئەفغانی ..... ١٦١
تەمەنی پان نەك تەمەنی درێژ ..... ١٦٤
ژییر ترینی مەردوم کەسێکە کە ماف بدا بەمەردوم ..... ١٦٦
یادی دەساڵەی پیرە مێرد ..... ١٦٨
**جزمی دووەم** ..... ١٧١
وەجاخزادە و ناوەجاخ ..... ١٧٣
کەڵکی گۆڤارو ڕۆژنامە ..... ١٧٥
خۆشەویستی ..... ١٧٩
چلەی کۆچی معروف جیاووك ..... ١٨٢
پەندی پێشینیان ..... ١٨٤
جەژنی دارودرەخت ..... ١٨٨
دادی کۆمەڵایەتی ..... ١٩٠
پێغەمبەر و ئاینی ئیسلام ..... ١٩٤
فەلسەفەی یەکێتی و کۆمەڵ و زمان ..... ١٩٩
شێخ عبداللەی خەرپانی ..... ٢٠٥
چلەی ڕەفیق حیلمی ..... ٢٠٨
ڕۆژی نوێ ..... ٢١١
وێژە ..... ٢١٣
هیچێکی تازە لە ژێر تیشکی ڕۆژا نییە ..... ٢١٧

هەستی ناتەواوی ........ ٢٢٢
بەهار ........ ٢٢٥
ساڵی تازە ........ ٢٣٠
خۆراکی جەستەو گیان ........ ٢٣٢
کورتەیەك لە فەلسەفەی أدیان ........ ٢٣٥
وێژەی پاك ........ ٢٤٥
ڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د.خ) ........ ٢٤٨
زمان و گرێکانی ........ ٢٥٢
یادێکی پیرەمێرد ........ ٢٥٦
عبدالرحمان بەگی بابان ........ ٢٥٩
پیاو کامەیەو منداڵ کامەیە؟ ........ ٢٦٣
ئادەمی گیاندارێکی خوێن ڕێژە ........ ٢٦٦
کۆچی مصطفی مظهر ........ ٢٧٠
سید جمالوددینی ئەفغانی ........ ٢٧٢
**جزمی سێیەم** ........ ٣٢١
پێشەکی ........ ٣٢٣
نرخاندنێکی ئەم بەرهەمە ........ ٣٢٧
شێخ محەمەدی خاڵ لە چەند دێڕێکدا ........ ٣٣١
لە چالاکییە زانستی و ئەدەبییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ ........ ٣٣٢
چ ڕۆژێکی ڕەش بوو ........ ٣٣٥
داد ........ ٣٤٠
وێژەمان وە ئەم جەنگە لەگەڵمان ........ ٣٤٢
بەهاری چی؟!! ........ ٣٤٤
بیگۆڕن تا خواش بیگۆڕێ ........ ٣٤٦
یانزەی ئازار ........ ٣٤٨
ئادەمیی نالەبار ........ ٣٥٣
پاك و پیس ........ ٣٥٥
کوردستانی جوانی زەرد و زەبوون ........ ٣٥٧